**حامید گەوهەری**

# قازی محەمەد
# پێشەوای کورد و
# سەرۆک کۆماری کوردستان

حامید گەوهەری

# قازی محەمەد
# پێشەوای کورد و
# سەرۆک کۆماری کوردستان

هەولێر: 2017

بیروڕاگەلێک کە لەم کتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەکادیمیای کوردی لێیان بەرپرس نییە


* ناوی کتێب: قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان.

* نووسەر: حامید گەوهەری.

* سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.

* بەرگ : نیعمەت شەهاب

* نەخشەسازی: عیسام موحسین.

* تایپ: حامید گەوهەری

* هەڵەبڕ: کەمال گروێسی

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٢٢).

* چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٢)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.



- هەموو مافێکی چاپکردن بۆ ئەکادیمیای کوردی پارێزراوە.

- ئەم کتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنەکەی دووبارە چاپ بکرێتەوە و وێنەی لەبەر بگیرێتەوە.

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 6 |
| سەرەتا | 10 |
| مێژووی سەرهەڵدانی بنەماڵەی قازی | 14 |
| هزری ڕۆشنبیریی، نەتەوەیی و نیشتمانیی لە بنەماڵەی قازی دا | 18 |
| پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزییەکان لە بنەماڵەی قازی دا | 36 |
| گرنگی دانی محەمەد قازی بە خوێندن و پەروەردە بوون | 41 |
| محەمەد قازی، کار و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریی | 46 |
| قازی محەمەد و هەنگاوەکانی بەرەو سیاسەت | 53 |
| گەشتی قازی محەمەد و سەرۆک خێڵ و پیاوماقوڵان بۆ باکۆ | 56 |
| سازمانی جەوانانی کورد | 63 |
| کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان | 65 |
| شورای شار و پڕچەک کردنی خەڵکی مەهاباد | 69 |
| دەرچوونی عەلی ئاغای دێبوکری لە مەهاباد | 74 |
| دیداری قازی محەمەد لەگەڵ شا و کاربەدەستانی باڵای ئێران | 80 |
| چەک کردنی شارەبانی مەهاباد | 83 |
| قازی محەمەد دەچێتە ڕیزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە | 88 |
| سازمانی جەوانانی کورد دەبێتە ئەندام لە ژێکاف دا | 91 |
| شانۆی دایکی نیشتمان | 93 |
| گۆڕانی دووبارەی سیاسەتی سۆڤیەت و بووژانەوەی ژێکاف | 97 |
| بە کۆتا هاتنی جەنگی دووەمی جیهان | 102 |
| دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات و بیرۆکەی خودموختاری کوردستان | 106 |
| پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان | 109 |
| بانگهێشتی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ باکۆ | 111 |
| حیزبی دیموکراتی کوردستان جێی ژێکاف دەگرێتەوە | 115 |
| تەورێز حکوومەت دادەمەزرێنێت و مەهاباد ئاڵای کوردستان هەڵدەکات | 131 |
| دانانی چاپخانە و خەباتی ڕۆشنبیریی | 144 |
| پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان | 150 |
| دانانی خوێندنگە بە زمانی کوردیی | 154 |
| هەوڵی قازی محەمەد بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان | 157 |
| ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان | 162 |
| بڕیارە پەسند کراوەکانی دووی ڕێبەندان | 193 |
| سوێند خواردنی قازی محەمەد و بەشدارانی میتینگی دووی ڕێبەندان | 196 |
| لە درێژەی پڕۆگرامەکانی دووی ڕێبەندان دا | 199 |
| دامەزراوەکانی کۆماری کوردستان | 205 |
| کۆمیتەی ژنانی کوردستان | 208 |

| | |
|---|---|
| یاسا و دادوەریی لە کۆماری کوردستان دا | 214 |
| شەریکەی تەرەقی | 218 |
| پێکهاتنی سوپای نەتەوەیی لە ئازەربایجان | 221 |
| هێمای حکومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان | 224 |
| خەباتی مەدەنی و فەرهەنگیی لە کۆماری کوردستان دا | 225 |
| پەیوەستبوونی بارزانییەکان بە کۆماری کوردستانەوە | 229 |
| چوونی ئەحمەد قەوامولسەڵتەنە بۆ سۆڤیەت و بڕیاری... | 237 |
| ناردنی خوێندکار بۆ زانکۆی ئەفسەریی باکۆ | 243 |
| کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە ئێران و ئازەربایجان و کوردستان | 246 |
| سوپای ئێران پەلاماری هێزەکانی فیدایی ئازەربایجان دەدات | 261 |
| پەیمانی هاوکاریی لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان دا | 263 |
| دانانی ڕادیۆ لە تەورێز و ڕادیۆ و سینەما لە مەهاباد | 267 |
| وتووێژی نوێنەرانی کورد و ئازەربایجان لەگەڵ حکومەتی ئێران | 275 |
| سوپای ئێران ئەم جارە خۆی لە ناوچەی سەردەشت تاقی دەکاتەوە | 286 |
| وتووێژی نوێنەرانی کورد و ئازەریی لەگەڵ فەرماندەکانی سوپای ئێران لە سەقز | 288 |
| نوێنەرانی کوردستان و تاران لە سەقز | 288 |
| فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ئێران | 292 |
| سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە بەرەی سەقز، گردی مامەشە و میرەدێ | 295 |
| پێشەوا قازی محەمەد لە دوو ڕێیانی شەڕ و سازان دا | 299 |
| وتووێژی پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ قەوامولسەڵتەنە | 304 |
| ئازەربایجان و کوردستان بەرەو مەترسی | 311 |
| شەهیدبوونی محەمەد نانەوازادە | 316 |
| گەشتی پێشەوا قازی محەمەد بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان | 319 |
| حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەو پاشەکشە | 323 |
| فەرمانداری مەهاباد یادی شۆڕشی مەشروتەی ئێران دەکاتەوە | 325 |
| نومایشی سەربازیی بە بێ دروشمی سەربەخۆیی کوردستان | 328 |
| ڕۆژە دژوارە چاوەڕوان نەکراوەکان هاتن | 330 |
| مۆسکۆ قەیرانی ئازەربایجان بە کێشەیەکی ناوخۆیی دادەنێت | 333 |
| چرای حکوومەتی ئازەربایجان کوژایەوە | 341 |
| دڵی کۆماری کوردستان لە لێدان دەکەوێت | 346 |
| دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی | 356 |
| لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵانی و کاردانەوەی خەڵکی مەهاباد | 370 |
| چارەنوسی سەرکردەکان و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان | 384 |
| چارەنوسی بارزانییەکان | 387 |
| چارەنوسی بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەد بە دوای لە سێدارەدانی دا | 400 |
| پێشەوا قازی محەمەد ٧٠ ساڵ دوای لە سێدارەدانی | 423 |
| پاشبەند | 423 |
| وێنەکان | 479 |
| سەرچاوەکان | 498 |

# پێشەکی

لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهان دا مەحکەمەی قازی شوێنی دادوەریی و چارەسەر کردنی کێشەی دانیشتوانی ناوچەی مەهاباد بوو، و ماڵەکەی مەکۆی ئەو میسیۆنەر و میوانە بیانییانە بوو کە لە مەهاباد دەژیان کە نەکات دەستدرێژییان بکرێتەسەر و مافیان پێشێل بکرێت.

قازی محەمەد دەستی بۆ ڕوسەکان، ئێرانییەکان، دەرەبەگەکان، پیاوماقوڵان و لاوانی مەهاباد درێژ دەکرد کە شاری مەهاباد لە ئارامی و ئاساییشدا ڕابگرێت و دانیشتوانی زیان نەبینن. سەرۆکی شورای شار بوو، بەڵام خۆی شەوانە بە کۆڵانەکانی شاردا دەگەڕا کە مەهاباد لە دز و تاڵانچی بپارێزێت.

لە ١٦ هەزار دانیشتووی ئەو سەردەمەی مەهاباد، ٥%یان خوێندەوار بوون و پێشەوا هەوڵی دانانی خوێندنگەی زیاتری بۆ مەهاباد دەدا کە خەڵکێکی زیاتر خوێندەوار بن و زەوی دەبەخشی کە بنکەی تەندروستی بۆ خزمەتکردن بە خەڵکی مەهاباد دروست بکەن.

دە مانگ و بیست ڕۆژ، تەمەنی ئەو کۆمارە بوو کە پێشەوا سەرۆکایەتی کرد. تەمەنێکی کورت لە قۆناخێکی زۆر هەستیاری جیهان و ناوچەکەدا کە توێژەران پێویستە لێی بکۆڵنەوە و لە ڕووی ڕۆشنبیریی، سیاسیی و دیپلۆماسییەوە، ئەزموونەکانی شی بکەنەوە. چەندان خسڵەتی جوانی مرۆڤ دۆستانەی هەبوو کە هەرگیز کۆن نابن و سەرەڕای نەخشاندنی لاپەڕەکانی مێژووی کورد، سنگ بە سنگ بۆ نەوەکانمان دەگوێزرێنەوە. عاشقی کتێب، خوێندن و پەروەردە و دژی دز و تاڵانچی بوو. کاتێک دەڵێت:

**- (ئەی خۆشەویستەکانم، کاتێک میللەت بەختیار دەبێت کە ئێمە واز لە بەرژەوەندی شەخسی خۆمان بهێنین.... هەروەک کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین، با کاری میللەتیش هەروا جێبەجێ بکەین، کاری شەخسی خۆمان پێش کاری گشتی نەخەین. دروستکار ئەو کەسەیە کە چاوی لە پارە، پایە و سامان نەبێت، جا تکام وایە کە چیتر چاوتان لە بەرژەوەندی شەخسی نەبێت، قوتابخانە لە دێهاتەکاندا دروست بکەن.... نەخۆشخانە دروست بکەن، یارمەتی هەژاران بدەن و کارگە دروست بکەن.... ژیان کورتە، پارە ناوی مرۆڤ بڵند ناکات، بەڵکو خزمەت بە میللەت و نیشتمان، ئەستێرەی سەرشانی مرۆڤە.....)**

ئەمـانە چەنـد ئامۆژگـارییەکی پێشـەوان و لە دەقـی ئەم کتێـبەدا ڕووبەرووی دەیـان وتەی بە نرخـی تـری پێشـەوا دەبـنەوە کە بە بەردەوامـی لە گـوێی مرۆڤـی نیشتمانپەروەردا دەزرنگێنەوە.

دانـانی ڕێکخـراوی ئافرەتـان لە کۆمـاری کوردسـتاندا لەلایەن مینـا خـانمی هاوسـەری پێشـەوا و هەوڵدانی پێشـەوا بۆ ڕاکێشـانی ئافرەتـانی کوردسـتان بەرەو خوێندنی زۆرەملی و بەرگریی کردنیان لە مافەکانیان یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکـانی پێشـەوا بـوو لەو سـەردەمەدا کە چـوونی کچانیـان بـۆ خوێنـدنگە پـێ حەرام بـوو. پێشەوا دەیگوت: **(کورد لە ژیاندا سێ شـتی گەورەی پێویسـتە، یەکەمیـان خوێندن، دووەمیان پەروەردەی باش و سێیەمیان فیداکاری.)**

هەروەهـا ئەوە پێشـەوا بـوو کە لە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتاندا لە "وزەی ئەتۆمیی" بۆ هاونیشـتمانان دەدوا و مژدەیـان دەداتێ کە ڕۆژێـک دەگـا شـارەکان بە وزەی ئەتۆم ڕووناک دەبن!

بەهەر حـاڵ، نەتەوەی کـورد پیـاوی گەورە و خزمەتکـاری زۆر هەبـووە کە دوژمـنە داگیرکەرەکـان، ئەوانیـان بەتـاوانی خزمەتکردنـی بە کـورد، بە تـاک و بە کـۆمەڵ قەلاچـۆ کـردوە و دواتـریش هەوڵـی داوە، ئـازاری ئەو نیشـتمانپەروەرانە لە نەوەکانیان بشارێتەوە. لەو بارەیەوە بڕواننە کوردانی ئێزدیی کە کوردی ڕەسـەنن، بەڵام بە تاوانی بیری جیاوازی ئایینی کوژراون و لە نیشتمانی خۆیان دەرکراون. یان بڕواننە چارەنوسی: شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، شێخ عەبدولسـەلام بارزانی، شـێخ سـەعیدی پیـران، سـەیید ڕەزا، سـمایل ئاغـای شـکاک "سـمکۆ" ، شـێخ مەحمـوودی حەفید، شـێخ ئەحـمەدی بـارزان و مەلا مسـتەفا بـارزانی کە لە شۆڕشـی دووەمـی بـارزانەوە لە ١٩٤٣ تـا سـاڵی ١٩٧٩ یەک پشـوو بـۆ کـورد و ئـازادبوونی لەژێـر دەستەیی تێکۆشا.

لە کتێبەکـانی پێشـوومدا بە گـوێرەی توانـا هەوڵـی سـاخکردنەوەی بەشـێک لە مێـژووی بزوتنەوەکـانی گەلەکەم داوە و تەنـانەت تـا ئەو جێیەی دەرەتـانم هەبـووە، خزمەتی سەرکردەکانم بۆ خوێنەرانی کتێبەکانم ڕوون کردوەتەوە.

هەرچەندە تـا ئێسـتا چەند نـامیلکە و دەیـان وتـاری هەمە جـۆرە سـەبارەت بە ژیـان و تێکۆشـانی پێشـەوا قـازی مـحەمەد بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دیسـانیش کـارێکی زۆری دەوێت کە شـایانی ناساندنی خزمەتەکانی پێشـەوا بێت. بێگومـان منیش بەم کارەکــەم کە لە دەرەوەی وڵات ئامــادەی دەکەم و دەســتم بە بەڵگەنــامە نهێنیــیە شاردراوەکان ناگـات، نـاتوانم ئەوەی خـۆم دەمەوێ و شـایانی خزمەتەکانی پێشـەوا

به نەتەوەی کورد بێت، تۆمار بکەم. هیوادارم ڕۆژێک بگات، دەستی دوژمنان لە کوردستان کورت بکرێتەوە و خەڵک بتوانێت سنگی بکاتەوە و ئەرشیڤە ژێر خاکەکانیش ئاشکرا بن و نووسەرە بە ئەمەکەکانمان بتوانن بەڵگەی زیاتر بدەنە دەست.

لە کۆتاییدا سوپاس و ڕێزی خۆم ئاراستەی کاک قاسم قازی دەکەم کە کۆکراوەکانی خۆی سەبارەت بە پێشەوا قازی محەمەد و بنەماڵەی قازییەکانی دا بەمن کە بە گوێرەی پێویست لە کتێبەکەمدا کەڵکیان لێ وەربگرم. هەروەها سوپاسی ڕێزی خۆم ئاراستەی کاک کەمال گرویسی دەکەم کە وەک هەمیشە بە دڵی فرەوانەوە کتێبەکەمی بژار کردەوە.

هیوادارم خوێنەرانی کتێبی "قازی محەمەد- پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان" و خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان و عاشقانی ڕێگەی پڕلە شانازیی پێشەوا قازی محەمەد و ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان سوود لەم کتێبە وەربگرن.

حامید گەوهەری

# سەرەتا

بە کۆلـۆنی ڕاگرتنـی نەتەوەی کـورد لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی ئێـران، تورکیـا، عێراق و سـوریاوە، بە دوای شـەڕی چاڵدران لە هەمـوو لایەکەوە نەتەوەی کـوردی توشـی دواکەوتـوویی سیاسـیی، ئـابووریی و فەرهەنگیـی کـردوە. ئەو دواکەوتنە بە ڕادەیەک لەسـەر تـاکی کـورد و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی کوردسـتان کـاریگەریی هەبـووە کە نەتـوانن بە ئاسـانی بە مێـژووی ڕابـردووی نەتەوەکەیـان و هەرێمە جۆغرافییەکەیان بزانن و لەسەر داهـاتووی خۆیـان و گەلەکەیـان هـاوبیر بـن و بە هاودەنگی بڕیار بدەن.

شـەڕی چاڵـدران لـە نێـوان ئیمپراتۆرەکـانی سـەفەویی و عوسـمانییدا، یەکەم کارەسـاتی گەورەی مێژوویـی بـوو کە سـتروکتوری دابەشـکردنی خـاک و نەتەوەی کـوردی بە دوادا هـات. لـەو شـەڕەدا کـە ڕۆژی ٢٣ ی ئاوگۆسـتی ١٥١٤ بـە هێـرش کردنـی لەشـکری سـوڵتان "سـەلیمي عوسـماني" بۆسـەر لەشـکری شـا "ئیسـماعیل سـەفەوی" دەسـتیپێکرد، کوردسـتان بـوو بـە گۆڕەپـانی شـەڕ و پێکـدادانی نێـوان دەوڵەتـەکانی سـوننەی عوسـمانیی و شـیعەی ئێـران کـە دامەزرێنەرەکـەی شـا ئیسماعیل سەفەویی بوو. چونکە کوردەکان سوننە بوون و شـەڕەکەش لـە هەرێمـی ئەوانـدا ڕوویـدابوو، زۆربـەی سـەرۆک خێڵـە کوردەکـان لـەو شـەڕەدا پشـتی عوسـمانییەکانیان گـرت و لـە ئەنجامـدا سـوڵتان سـەلیم تـوانی لەشـکری سـەفەویی بشـکێنێت و بەشـێک لە خـاکی کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد بخـاتە ژێردەسـتی عوسمانییەکان و بەشەکەی تریش ئێران دەستی بەسەردا بگرێت.

شـکانی سـەفەوییەکان لـە شـەڕی چاڵدرانـدا، سـەرەتای دابەشـبوونی خـاک و نەتەوەی کوردستان بـوو بەسـەر دوو دەوڵـەتی سـەفەوی و عوسـمانییدا. هەرچەندە ئێران لە شەڕی چاڵدیراندا شکا، بەڵام بەئاسانیی ملـی نـەدا و بـە زوویـی کۆتـایی بـە شـەڕەکە نـەهێنا و هـەردوو دەوڵـەت بـۆ سـەقامگیرکردنی دەسـەڵاتی پتـری خۆیـان بەسەر کوردستاندا، دەیان ساڵ بەربەرەکانیی یەکتریان کرد، تا سەرئەنجام سـوڵتان "موراد"ی چوارەم توانی بەسەر شا "سەفیەدین"ی یەکەمدا زاڵ ببێت و سـاڵی ١٦٣٩ لە شارۆچکەی "زەهاو" پەیمانی دابەشکردنی کوردستانی پێ مۆر بکات. لە ڕاسـتییدا سوڵتان سەلیمی گـەورە ئـەم پەیمانـەی لـە سـاڵی ١٥٥٥ دا بەسـەر شـا "تەهماسب"ی یەکەمدا سـەپاندبوو. بـەپێی پـەیمانی زەهـاو، سێ لەسـەر چواری خـاکی کوردسـتان

کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی سوننەی عوسمانییەوە و یەک لەسەر چواریشی چووە ژێردەستی دەوڵەتی شیعەی ئێرانەوە[1].

هەولی دەوڵەتەکانی سەفەوی و عوسمانیی، دوای شەڕی چالدران بۆ دەستەمۆ کردنی سەرۆک خێڵە کوردەکان و سەپاندنی دەسەلات بەسەر کوردستاندا، بە ئاسایی نەکرا و کوردەکان ئامادەنەبوون بە ئاسانیی خۆیان بەدەستەوە بدەن و دەست لە ژیانی ئازاد و سەربەستی خۆیان هەڵبگرن. لەبەرئەوە هەردوو دەوڵەت بۆ بە چۆکداهێنانی خێڵەکان، توشی زۆر شەڕی دژواری ناوچەیی بوون. لە هەموو ئەو شەڕانە گرنگتر، ڕاپەڕینی "خانی لەپ زێڕینی برادۆست" بوو کە ساڵی ١٦٠٨ دژی دەسەلاتداریی شا "عەباسی سەفەویی" لە قەلای دمدم ڕوویدا. ڕاپەڕینی قەلای دمدم کە بەیتەکانی لە لایەن "ئۆسکارمان"ی ئەڵمانیی لە ناوچەی مەهاباد کۆکراوەتەوە، بەشێوەی بەربلاو و یەکنەگرتوو هەستی کوردایەتی تێدا دەبینرێت.

هەستی کوردایەتی لەناو خێڵە کوردەکاندا لە سەدەی حەڤدەی زایینییدا سەریهەڵداوە و بووە بە هۆی بزواندنی هەستی نەتەوایەتی ژمارەیەک نووسەری کورد، لەوانە: "فەقێ تەیران" و "مەلای جەزیری" بۆ نووسینەکانیان لە زمانی زگماکی کوردیی کەڵکیان وەرگرتووە و "ئەحمەدی خانی" ش داستانی مەسنەویی مەم و زینی نوسیوە. مەم و زینی ئەحمەدی خانی یەکەم نوسراوەی کوردە کە لەژێر پەردەی بەیتی مەموزیندا هەستی ناسیۆنالیستیی کورد زەق دەکاتەوە، بەلام بیری پاشکەتووی دەرەبەگایەتی لە قۆناخی ئەو سەردەمەی کوردستاندا و بەهێزبوونی بیری ئیسلامیی لە ناو کوردە دەسەلاتدارەکاندا، پێشی بە گەشەکردن و هەڵدانی تەندروست و بەجێی ئەو هەستە نەتەوایەتییە دارێژراوە گرت و نەیهێشت بە شێوەی سروشتیی گەشە بکات و پەرەبستێنێت و بگاتە ئاستی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد، لەو قۆناخدا.

کوردستان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بە دەست سەرۆک خێڵە کوردەکانەوە هەڵدەسوڕا. میرەکانی "هەکاری"، "بۆتان"، "بادینان"، "سۆران"، "بابان"، "ئەردەلان" و "موکری"، بەشی هەرە زۆری کوردستانیان بە دەستەوە بوو. هەرکام لەو میرە

[1]- کورد تورک عەرەب، نووسینی سیسیل ج ئیدمۆندس، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

کوردانــه، بــه داب و نــەریتی ئــەو ســەردەمە، خــاوەنی دامــەزراو و دەزگــای بەڕێوەبەریی حکومەتیی و هێزی چەکداری پارێزەر بوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لەسەر دەسەڵاتێکی گشتیی نەتەوەیی یەک بگرن و دەوڵەتی کورد دابمەزرێنن و بچنە ژێر فەرمانی چوارچێوەداری دەوڵەتییەوە. بە بەردەوامیی بۆ ڕاگرتن و بــەردەوامبوونی دەســەڵاتی ناوچــەیی خۆیــان، تێدەکۆشــان و ئەگــەر ژیــان و سەربەســتیی ناوچەکــەیان بکەوتبایەتــە مەترســییەوە، ماوەیــەک دژی نــەیاران بەربەرەکانییان کردوە، تا سەرئەنجام دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورک و ئێران بە کۆکردنەوەی دەســەڵات لــە ناوەنــدی حکومەتەکانیانــدا، کۆتاییــان بــە ژیــانی ئــەو میرنشینانە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیان لە کوردستاندا هێنان.

گرنگترین بزوتنەوەی کورد بۆ ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ "عوبەیدوڵڵای نەهریی" لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بوو. شێخ کە ڕێبەرێکی ئایینی و کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسی کورد بوو، ساڵی ١٨٨٠ بە هاوکاریی "بەحری بەگ بەدرخان" توانی سەرۆک خێڵەکانی زەرزا، گەورک، مامەش، پیران و مەنگوڕ لە یەکتر نزیک بکاتەوە و بە دروشمی ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، ناوچەکانی ماکۆ، خۆی، سەلماس، ورمێ، شنۆ، مەهاباد و مەراغە ڕزگار بکات. لەشکری شێخ گەیشتە تەورێز، بەڵام لەوێ دەوڵــەتی ئێــران شــکاندی و ناچــاری کــرد بــەرەو ســنوری تورکیــا بکشــێتەوە کە تورکەکان دەستبەسەریان کرد. شێخ عوبەیدوڵا سەرەتا لە ئەستەمبوڵ دەستبەسەر کــراوە و دواتــر دوور خرایــەوە بــۆ مەککــە و ســاڵی ١٨٨٢، لــەوێ کــۆچی دوایــی کردوە.[1]

دوای شەڕی چاڵدران، پەیمانی سایکس پیکۆ لە نێوان دوو دەوڵەتی ئینگلیز و فەڕەنسادا لە ساڵی ١٩١٦، ستروکتوری ئەو وڵاتانەی تێکدا کە کوردیان تێدا بوو و ئاکامەکەی لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهاندا دەرکەوت و کوردستانی دوو بەش کراوی کردە چوار بەش و بەوەش کێشەکانی کوردی قوڵتر و دژوارتر کرد.

هەرچەندە دواتر چەند بزوتنەوەی تر لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا سەریانهەڵدا، بەڵام هەموویان سەرکوت کران و تا ساڵی ١٩٤١ تەنیا بزوتنەوەیەک

[1]- کوردەکان، لاپەڕەی ٥٠، نووسینی حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.

که دەسکەوتی لەبیر نەکراوی بۆ کورد هەبووە، بزووتنەوەی سالانی ١٩٤١-١٩٤٦ی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو کە توانی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد، کۆماری کوردستان دامەزرێنێت. ئەو کۆمارە کە تەنیا ١٠ مانگ و ٢٠ ڕۆژی تەمەن بوو، گەورەترین شانازی لە مێژوودا بۆ گەلی کورد تۆمار کرد و دەیان بیرەوەری خۆش و ناخۆشی بە دوای خۆیدا هێنا و ناوی قازی محەمەد پێشەوا و سەرۆک کۆماری کوردستانی بە دڵ و مێشکی نەتەوەی کوردەوە چەسپاند و ڕێچکەیەکی نوێی لە خەباتی نەتەوەی کورد دامەزراند کە شێوازی مودێرن و حیزبایەتی جێگەی بزووتنەوەکانی عەشیرەتی و هۆزەکانی گرتەوە و دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، خەباتی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە هەمان ڕێچکەدا دەڕوات.

## مێژووی سەرهەڵدانی بنەماڵەی قازی

مێژووی سەرهەڵدانی بنەماڵەی قازی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "بداغ سوڵتان"[1] کوڕی شێرخان و نەوەی سارم بەگی موکری و دەسەڵاتداریەتی شا سلێمانی سەفەوی[2]. ژمارەیەک لەو باوەڕەدان کەسێک بەناوی محەمەد لە سەردەمی حکوومەتی سەفەوییەکاندا هاتوون بۆ ناوچەی موکریان و بەشێکی تر دەڵێن ئەو بنەماڵەیە لە گورجستانەوە هاتووە. هەندێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەو سەردەمەدا کە لەشکری ئێران لە شاری "قازان"ی وڵاتی گورجستان لەگەڵ

---

1- بداخ سوڵتان "بداغ سوڵتان" کوڕی شێرخان و نەوەی سارم بەگی موکری بووە. لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی شا سلێمانی سەفەوی دا، لە میراویێی سەردەشت بووە و دواتر ناوەندی حکوومەتەکەی گواستوەتەوە بۆ مەهاباد و لەنێوان ساڵانی ١٠٦٢- ١١١١ ه. ق دا حاکمی ناوچەی موکریان بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێک بووە لە حاکمە خۆشناو و خزمەتکارەکانی کورد. ناوبراو کتێبخانەیەکی گەورە و چەندان ئاسەواری بەنرخی وەک پردی سور (١٠٨٤)، مزگەوتی سور (١٠٨٩) و چەندان گەرماوی ئاسەواریی و دوو بەندای "لەجێ" و "دارەلەک" و "کوخی کورتەک"ی و مێژوویەکی زۆر باشی لە خزمەتەکانی بە دانیشتوانی ناوچەی مەهاباد لە دوای خۆی بەجێهێشتوە. مەزارگەی بداخ سوڵتان ئێستاش لە بەشی باشوری شاری مەهاباد جێگەی ڕاز و نیازی ئەویندارانییەتی. ئۆلف گنگ ڕۆدۆلف Wolfgang Rudwlf توێژەری ئەڵمانی دەڵێت: **(بە فەرمانی شا سلێمان سەفەوی، بداخ سوڵتان کراوە بە حاکمی ناوچەی موکریان و ئەو شاری مەهاباد ی دروستکردوە و بەرلە ناوبراو مەهاباد گوندێک بووە سەربە دریاز. ناوچەی فەرمانڕەوایی بداخ سوڵتان لە چیای قەندیلەوە تا ورمێ و مەراغەی گرتوەتەوە.)** بە گوێرەی مێژوو، بداخ سوڵتان بەشداریی شەڕەکانی دەرەوەی ئێرانی کردوە و ساڵی ١١١١ ه.ق- ١٦٩٩ز لە شەڕەکانی شا عەباسی سەفەوی لە "یەرەوان" شەهید کراوە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ مەهاباد. بداغ سوڵتان شەش کوڕی بەم ناوانە هەبووە: عەبدوڵا بەگ، زۆراب خان، موسا سوڵتان، ئەیوب بەگ، بارام بەگ و یەحیا بەگ.

2- شا سلێمان سەفەوی "سەفی میرزا شاە عەباس ئوقلو سەفەوی" کە بە شا سەفی دووەم دەناسرێت، ساڵی ١٠٢٦ه.ق- ١٦١٧ز چاوی بە ژین کردوەتەوە. کوڕی گەورەی شا عەباسی دووەمی سەفەری بووە. ناوبراو ڕۆژی شەممە ١٠٤٥/٧/١٠ لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا، تاجی پاشایەتی لەسەر کردوە و بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ حاکمی ئێران بووە. بە گوێرەی نووسراوە مێژووییەکان، لە سەرەتادا کەسێکی بێتوانا بووە، شەڕ و ئاژاوە، برسییەتی و ئاڵۆزیی دانیشتوانی بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەری داگرتووە، بەڵام لە نەورۆزی ١٠٤٩-١٦٣٩وە بە هاوکاریی شێخ عەلی خانی زەنگەنە سەدری ئەعزەمی ئێران توانیویەتی سەروسامان بە وڵاتەکەی ببەخشێت. شا سلێمان ڕۆژی پێنجشەممە ١٠٧٣/٥/٨ – لە ئیسفەهان کۆچی دوایی کردوە و لە شاری قوم بەخاک سپێردراوە.

تزارەکانی ڕووس لە شەڕدا بوو، مێرمندالێک پەنای بۆ لەشکری بداغ سولتان هێناوە و لە گەڕانەوەی سوارەی بداغ بۆ کوردستان، ئەو کوڕەش لەگەڵیان هاتووە بۆ مەهاباد و لەوێ ناویان ناوە محەمەد. محەمەد لە مەهاباد گیرساوەتەوە و لەوێ هاوسەرگیریی کردوە و تێکەڵاوی کاروباری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک بووە. ڕەوانشاد سەعید هومایون لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا "پیشوای بیداری- پێشەوای هوشیاریی"دا[1] دەڵێت:

**- (گەورە پیاوانی بنەماڵەی قازی دەڵێن دامەزرێنەری بنەماڵەی قازی، کەسێک بووە بەناوی محەمەد کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی سەفەویدا هاتووەتە ناوچەی موکریان[2]. هەندێک دەڵێن بنەماڵەی محەمەد کورد بوون و لە گورجستانەوە هاتوون بۆ کوردستان. یەکێک لە نەوەکانی محەمەد بەناوی میرزا مەحموود کە کەسێکی زانا و خۆشنووس بووە و چەند دانە قورئانی پیرۆز بە دەستخەتی ئەو ماوەتەوە، یەکەم جار تێکەڵاوی کاروباری شەرعی و دادوەریی بووە لە مەهاباد. دوای میرزا مەحموود کوڕەکانی بەناوی میرزا قاسم، میرزا عەبدوڵا و میرزا محەمەد لە ناوچەی موکریان کاروباری شەرع و دادوەریان بەڕێوە بردوە.) ڕەوانشاد هومایون لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت: (میرزا قاسمی قازی کوڕێکی هەبووە بە ناوی میرزا ئەحمەد کە ئەویش پێنج کوڕی بەم ناوانە هەبووە: قازی وەهاب، حاجی شێخ جەلال، قازی فەتاح، میرزا قاسم قازی و قازی لەتیف کە گەورە پیاوانی بنەماڵەی قازی بوون. میرزا قاسمی قازی باپیرە گەورەی پێشەوا قازی محەمەدیش چوار کوڕی بەم ناوانە هەبووە: قازی عەلی، ئەبولحەسەن سەیفولقوزات. میرزا عەبدوڵا قازی عەسکەر و میرزا عەبدولڕەحیم. قازی عەلی دوو کوڕی بەناوەکانی قازی محەمەد و ئەبولقاسم سەدری قازی هەبووە. لە سەیفولقوزاتیش کوڕێک بەناوی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی بەجێماوە.)**

---

[1]- ڕەوانشاد سەعید هومایون خوشکەزای پێشەوا قازی محەمەد بوو، ناوبراو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەرکی نووسینە ئیدارییەکانی پێشەوای لە ئەستۆ بووە کە بە هەوڵی کاک هاشم سەلیمی ئامادە و ساڵی ٢٠٠٦ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بە زمانی فارسی بڵاویکردوەتەوە.

[2]- ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و شارەکانی مەهاباد، سەردەشت، پیرانشار، نەغەدە، شنۆ، بۆکان، سەقز و بانە دەگرێتەوە.

هەرلەو بارەیەوە، ڕەوانشاد ئەحمەدی قازی سەبارەت بە باپیرە گەورەی بنەماڵەی قازییەکان و ناوی پێشووی محەمەد دەڵێت: **(لە زەمانی بداغ سوڵتانی موکری، ئەمیر و دەسەڵاتداری بنەماڵەی میرانی موکری کە هاوکات دەگەڵ پاشایەتی شا سولەیمانی سەفەوی- ١٠٧٧ه.ق- ١٦٦٧ز- دەسەڵاتداری هەرێمی موکریان بووە[1]. وردە وردە ناوی "قازی" لە بەڵگەنامە و گێڕانەوەکان و مێژووی زارەکی و نووسراوەی موکریاندا دێتە گۆڕێ و بەپێی ئەم باس و بابەتانە "تاتوێل" یا "تاتوێلی" ناوێک لە نەتەوەی گورجی لە گورجستانەوە کە ڕۆژانێک لە خزمەت بداغ سوڵتاندا لەگەڵ لەشکری شا سولەیمانی سەفەوی لە بەرامبەر سوپای ڕووسدا خەریکی شەڕ و پێکدادان بوون، دێتە سابڵاغ و دەبێتە موسوڵمان. بداغ سوڵتان ناوی "محەمەد" لەسەر تاتوێلی لاو دادەنێ و دەبەر خوێندنی دەنێ. محەمەدی نۆموسوڵمان زۆر زوو خوێندنی ئەو سەردەمە فێر دەبێ و دەبێتە مەلایەکی گەورە و زانا. ئەولادی ئەم مەلا محەمەدەش هەموویان خوێندەوار بوون و کوڕی گەورەی بە ناوی ئەحمەد دەبێتە "قازی" شار و شۆرەتی قازی لەو سەردەمەوە بۆ ئەم بنەماڵەیە ماوەتەوە.**

**میرزا ئەحمەد کوڕێکی بووە بەناوی عوسمان کە سەربردەکەی زۆر ڕوون نییە، بەڵام میرزا مەحموودی کوڕی حاجی عوسمان زانایەکی گەورەی خەتخۆش و هونەرمەند بووە و پێنج قورئانی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە کە دوانیان کەوتوونەتە مۆزەخانەی بریتانیا و ئەستەمبوڵ و دووانیشیان هەر ئێستا بەدەست بنەماڵەی قازییەکانەوە پارێزراون. لە میرزا مەحموود دوو کوڕ بە ناوی قاسم و عەبدوڵڵا بەجێ دەمێنن کە ئەوانیش خوێندەوار و مەلا بوون و بینای مزگەوتی قازی لە مەهاباد یادگاری ئەم دوو خوالێخۆشبووانەیە[2].)**

ئەمیر قازی لە وتووێژێکی تایبەتدا سەبارەت بە پێوەندیی خۆی و بنەماڵەکەی بە قازییەکانەوە پێیڕاگەیاندم: **(ئێمە لە ڕیشەدا لەیەک بنەماڵە و یەک بەرەبابین. من**

---

1- ڕەوانشاد خەلیل فەتاح قازی، لە کتێبەکەیدا "تارخچە خانوادە قاضی در ولایت موکری" ئەو شەڕە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی شا تەهماسبی سەفەوی. هەروەها ناوبراو لە لاپەڕەی ٧ی کتێبەکەیدا دەڵێت ناوی پشووی محەمەد، عیسا بووە کە کراوە بە محەمەد.

2- ڕەوانشاد ئەحمەد قازی لەسەر داوای کاک ئەیوب ئەیوب زادە، ئاماژەی بۆ بەشێک لە سەربردەی بنەماڵەی قازییەکان کردوە و ئەیوب زادەش دەقی وتەکانی ناوبراوی لە نامیلکەی "**ژیان و ڕوانگەی پێشەوا**"، لەسەر ئیتەرنێت بڵاوکردوەتەوە.

**بۆخۆم دەبمە بن ئامۆزای پێشەوا. یانی کوڕی ئامۆزای پێشەوا و سەدری قازی. ئەو خانەوادەیە لە ڕیشەدا سێ بران و سێ بەشبوون، بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ بنەماڵەی قازی فەتاح، بەشێکیان بۆ بنەماڵەی قازی عەلی و بەشەکەی تریان بۆ قازی مونعیم. ئەمن لە بنەماڵەی قازی فەتاحم کە باپیرە گەورەی من بە میرزا فەتاحی قازی ناسراوە لە رۆژهەلاتی کوردستان و لە کەسایەتییەکانی ناوچەکە و مامی پێشەوا بووە. جگە لەوانەش خێزانی من کچی پێشەوا بوو کە ساڵی ۱۹۹۰بە هۆی بۆمبێکی پاکەتی ڕەوانە کراو بۆ پۆستی ماڵەکەم، شەهید بوو[1].)**

بەهەر حاڵ بنەماڵەی قازی لە مەهاباد و ناوچەی موکریاندا بڵاوبوونەتەوە و بنەماڵەیەکی ناسراون. بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو سەبارەت بە ڕیزبەندی ئەو بنەماڵەی بڕواننە ئەم تۆرەمەنامەیەی کە کاک نادر قازی کۆی کردوەتەوە و لەلایەن کاک عەلی قازی "کوڕی ڕەش"ەوە بەمن گەیشتوە.(پاشبەندی ۱)

[1]- ساڵی ۱۹٦۳، ئەمیر قازی بە ڕێگەی پێوەندیی بنەماڵەییەوە، لەگەڵ عیفەت خانمی کچی پێشەوا ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. ئەوکاتە هەردوویان لە تاران خوێندکاری یاسا بوون. ئەمیر قازی یاسای سیاسی دەخوێند و عیفەت خانم یاسای دادوەری. کاک ئەمیر لە نەورۆزی ساڵی ۱۹٦٤دا خوێندنی تەواوکردوە و چووەتە ڕیزی شۆڕش و عیفەت خانم ساڵی ۱۹٦٥ دوای تەواوکردنی خوێندن لە ئەمیرئابادی تاران بووە بە مامۆستای خوێندنگە. ئەو دوو هاوژینە، ساڵی ۱۹۸٦ لە وڵاتی سوید یەکیان گرتووەتەوە و میوەی ژیانیان دوو کچن بەناوەکانی تارا و ئاڵا کە هەردوویان پزیشکن.

## هزری ڕۆشنبیریی، نەتەوەیی و نیشتمانیی لە بنەماڵەی قازی دا

تێکەڵاویی بنەماڵەی قازی لەگەڵ کاری نووسین و دادوەریی، گەشەی بە هەزری پەروەردە بوون و پەیداکردنی زانیاریی لەو بنەماڵەیەدا داوە. زانیاریی پەیداکردن لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، یارمەتی داون بە پلەی ڕۆشنبیریی بگەن و هەستی نیشتمانیی و نەتەوەیی تێیاندا گەشە بکات و بەشێک لە ژیانیان ئاوێتەی کاروباری کەلتووریی، کۆمەڵایەتی و خەباتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد بێت. هەروەکوو ڕەوانشاد سەعید هومایون و ڕەوانشاد ئەحمەد قازی ئاماژەیان بۆ کرد، یەکێک لە نەوەکانی مەلا محەمەد "تاتوێل" بە ناوی میرزا مەحمووود زانایەکی خەتخۆش بووە و دوای مردنی پێنج قورئانی دەست خەتی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە کە دووانیان لە موزەی بریتانیا و ئەستەمبوڵ و دووانیشیان لەلایەن بنەماڵەی قازییەکانەوە پارێزراون.

دوای مەحموود ژمارەیەک لە ئەندامانی بنەماڵەی قازی پشت بە پشت کاری خۆشنوسی و نیگارکێشیان کردوە و ژمارەیەکیان لە خوێندنگەکانی مەهابادا، مامۆستای ئەو بەشە بوون، بۆ نمونە کاتێک ڕۆژی ١٣٥٧/١٠/٢٨- ١٩٧٩/١/١٨ خەڵکی مەهاباد لە خۆپیشاندانێکی مەزنی جەماوەرییدا، خۆیان گەیاندە مەیدانی مەلاجامی، وێنەیەکی پێشەوا قازی محەمەدیان کە دەستکردی کاک ڕەحمان قازی نیگارکێشی دەستڕەنگین بوو، لە جێی پەیکەری ڕەزا شا دانا و بەو جۆرە یادی کۆماری کوردستان و پێشەوایان لە دڵی خەڵکی مەهاباد و کوردستاندا زیندووکردەوە.


لاپەڕەکانی مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕە لە دیکۆمێنتی خزمەتکردنی بنەماڵەی قازین بە کورد و کوردستان. ڕەوانشاد دکتۆر ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٤٩ ی کتێبی **"بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەمەد- ١٩٤١- ١٩٤٧"**[1] دا بە پشتبەستن بە ئەرشیڤی حیزبی کۆمونیستی

---

1- کتێبی "بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەمەد- ١٩٤١- ١٩٤٧" کە ڕەوانشاد ڕەحیمی قازی بەناوی تێزی دکتۆرا لەسەردەمی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو نوسیویەتی، سەبارەت بە کۆماری کوردستان "چونیەتی دامەزران، چالاکییەکانی، ڕۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانی پێشەوا قازی محەمەد، ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانیی و بارزانییەکان لە کۆمار و شەڕەکانیان لە سنوری سەقز، پێوەندیی کۆمار لەگەڵ کۆمونیزم، شەڕەکانی ناوچەی دەشتی شنۆی بارزانییەکان

ئازەربایجان- سەردەمی سۆڤیەت- ئاماژە بۆ ڕووداوێکی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان کوردان لە ساڵی ١٨٣٠- ١٨٣١ دەکات کە گوایا جاسوسێکی ئینگلیز بەناوی "بادکێلی" هەوڵی داوە ئاژاوە بخاتە نێو عەشایری کورد، بەڵام "سەدرەدین شێخولمەشایخ" باپیرە گەورەی پێشەوا قازی بە هەوڵێکی زۆر توانیویەتی زۆربەی عەشیرەتە کوردەکان لە ئاوایی "هۆبەتوو" لە ناوچەی سەقز کۆبکاتەوە و دوای ٢٣ ڕۆژ گفتوگۆ، ئاشتی لەنێوان عەشیرەتەکاندا پێکبێنێت و ئەوان ئاشت بکاتەوە.

ڕەوانشاد ئەحمەد قازی لە فەرهەنگی ژیانی ئەو بنەماڵە دێرینەی مەهاباد دەدوێت و دەڵێت: **(بنەماڵەی قازی یەکێک لە بنەماڵە کۆنەکانی کوردستان لە مەڵبەندی موکریان دا دێنە ئەژمار. ناوەندی سەرەکییان شاری مەهاباد "سابڵاغ" و گوندەکانی ئەو شارستانەیە. فەرهەنگی ژیانی ئەم تایفە کۆنە تێکەڵاوە لە فەرهەنگی شارستانی و عەشیرەتی. ئەهلی ئەدەب و شیعر و زانست و خوێندەواری بوون و لە هەمانکاتدا ڕاوچی و سوارچاک و چەکهەڵگر و بەدەست و تفەنگ و ئازا و نەبەرد بوون. بێجگە لە مەلا و زانای گەورە و ئەدیب و شاعیر و نووسەری ناوبەدەرەوە، زۆر جوامێری دلێر و نەترس و تفەنگچی و ڕاوچی بەناوبانگیشیان لێ هەڵکەوتووە. لە گوند و مەزرادا باغداری و کشتوکاڵیان پەرە پێداوە و فەرعانی و ئاوەدانییان خستووەتە وڵات، بەڵام هەرگیز تاجر یا بازاڕیەکی سەرکەوتوویان لێ هەڵنەکەوتووە. ئەگەر لە ساڵانی قەدیمدا زۆریان مەلا و مامۆستای ئایینی هەبووە، ئێستا تەنانەت یەک مەلاشیان نییە. لە**



---

دژی جاش و سوپای ئێران و سەرئەنجام پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی، ڕاستییەکانی نەپێکاوە. لە ڕاستیدا خوێنەری شارەزا بە مێژووی کوردستان، بە خوێندنەوەی کتێبەکە تێدەگات کە دکتۆر ڕەحیم ئەم کتێبەی بۆ حیزبی کۆمەنیستی ئازەربایجان نوسیوە.

دکتۆر جەمشید حەیدەری ڕۆژی ٢٠١٦/٧/٢١ لە ستۆکهۆڵم پێڕاگەیاندم: دکتۆر ڕەحیم دەستنوسی ئەم کتێبەی دامێ کە بیهێنم و بەرلە چاپ کردنی پێیدابچمەوە. من کتێبە دەستنوسەکەم هێنا و دام بە ڕەوانشاد سلێمان چیرە کەچی دوای چەند ساڵ زانیم ئەویش بەبێ دەستکاریی بە دکتۆر هاشم ئەحمەدزادەی سپاردوە و کتێبەکە بەبێ دەستکاریی لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە

**باری سیاسییەوە ئێستاش وەک بنەماڵەیەکی چالاک و هۆشیار دێنە ئەژمار[1].)**

یەکێکی تر لە زانایانی بنەماڵەی قازی میرزا قاسمی قازی برای میرزا عەبدوڵڵا قازی بووە کە زۆربەی ئەندامانی تایفەی قازی لەم بەرە بابەن و ئەوان لە ئاڵوگۆڕ و ڕووداوە مێژووییەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. لەو بارەیەوە ڕەوانشاد ئەحمەد قازی دەڵێت: **(میرزا قاسمی قازی زانایەکی گەورە و بەناوبانگ بووە. ماڵ و مەحکەمەی پڕ بووە لە میوان و ئاشنا و غەریبە. کاروباری کۆمەڵایەتی و دادوەری و کوژاندنەوەی شەڕ و ناخۆشی نێوان خەڵکی شار و عەشیرەتەکانی موکریان لەو مەحکەمەیەدا جێبەجێ دەکرا. میرزا قاسم وەک ناسراوێکی باوەڕ پێکراو بە بەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی چاوی لێدەکرا و لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتیشەوە وەک گەورە پیاوی مەڵبەندی موکریان دەهاتە ئەژمار. لە سەردەمی شۆڕشی هەمزاغای مەنگوڕدا لەلایەن ئەمیر نیزامی گەڕوسی حاکم و دەسەڵاتداری موکریانەوە ناردرایە لای هەمزاغا بۆ نێوبژی کردن لەنێوان دەوڵەت و بزاڤەکەی هەمزاغادا. وەک باب و باپیرانی ئێمە بە دەیان جار گێڕاویانەتەوە میرزا قاسم کە ناچار دەبێ ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ لە یەکەم دیداریدا بە هەمزاغا دەڵی: (من ناچار بووم بێمە لای ئێوە و ڕاسپاردەم. ئەمیر نیزام منی ناردوە تکات لێ بکەم دەست لە دژایەتی دەگەڵ دەوڵەت هەڵبگری و دەگەڵ من بگەڕێیەوە لای حکوومەت، بەڵام من لەلایەن خۆمەوە پێت دەڵێم کە بە قسەی من مەکە و بڕوات بەم بەڵێنانە نەبێت).**

**هەمزاغا بە قسەی میرزا قاسم دەکا و ناگەڕێتەوە، بەڵام جاری دووهەم دەگەڵ وەفدێکی دیکە کە قورئانی مۆرکراویان لە لایەن ئەمیر نیزامەوە بۆ بردبوو، دەگەڕێتەوە و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە "باغی شێخی" مەهاباد دەکوژرێ. بەداخەوە هێندێک کەسی نائاگا و گومان لێکراو ئەم مەبەستەیان بەپێچەوانە باس کردوە و میرزا قاسم بە هێنانەوە و بەکوشتدانی هەمزاغا تۆمەتبار دەکەن[2].**

---

[1]- دەقی وتەکانی ڕەوانشاد ئەحمەد قازی لە نامیلکەی "**ژیان و ڕوانگەی پێشەوا**"، نووسینی ئەیوب ئەیوب زادە، لەسەر ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.

[2]- هەمان سەرچاوە. هەمزەی باپیر ئاغای دووهەم سەرۆکی هۆزی مەنگور کەسایەتییەکی ئازا و خەباتکار و دژ بە دەسەڵاتدارییەتی عوسمانییەکان و پاشاکانی ئێران بووە. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بۆ ماوەی چەند ساڵ لە ئەستەمبووڵ زیندانی کراوە و لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانیش لە ژێر گوشار دا بووە. بە عەشیرەتەکەیەوە بەشداریی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کردوە و یەکێک بووە لە فەرماندەکانی شۆڕش لە ناوچەی موکریان. دوای پاشەکشەی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ سنورەکانی عوسمانی، حەسەن عەلی خان "ئەمیر نیزامی گەڕوسی" بە فێڵ و ئیمزاکردنی پشت بەرگی قورئان کە گیانی دەپارێزێت، هەمزاغای کێشایە سەربازگەی مەهاباد و ڕۆژی ١٨٨١/٧/٣٠ لەوێ شەهیدی کرد.

**ئەمەش لە کاتێک دایە کە بنەماڵەی قازی بە درێژایی مێژوو لایەنگری نەتەوەی خۆیان بوون و هەموو کات و ساتێک بۆ پاراستنی نەتەوەی خۆیان لە بەرامبەر دە سەڵاتی ناوەندی و دەرەکی ڕاوەستاون و سەریان لەسەر ئەم ئامانجە داناوە.**

**میرزا قاسم بە یارمەتی شەش برای ئازا و نەبەرد و خەڵکی سابڵاغ ماوەیەک بە قودرەت و تواناوە کاروباری مەڵبەندی بەڕێوەبردوە و شار و دێهاتی پاراستوە و لە مریدانی شێخ شەمسەدینی بورهانی "د.خ" بووە. ڕێکەوتی وەفاتی بەوردی دیار نییە و ڕەنگە لە دەیەی شەستی سەدەی سێزدەی کۆچی مانگی‌دا ڕووی دابێت. میرزا قاسم چوار کوری لەپاش بەجێماوە کە بریتی بوون لە: عەلی، ئەبولحەسەن سەیف، عەبدوڵا "قازی عەسکەر" و ڕەحیم[1].)**

ئەحمەدی قازی لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژە بۆ کوژرانی ڕەحیمی کوڕی میرزا قاسم دەکات کە لە سەردەمی لاوەتیدا لە شەڕێکدا کە لەسەر زەوی لە گوندی "پیروەلی باغی" کراوە، بەدەست مەجید بەگی بورهانی کوژراوە. بەو واتایە کە بنەماڵەی قازی بە دوای محەمەد و کوڕ و نەوەکانیدا بە ڕێگەی کاری قەزاوەت و دادوەریی دەستیان بە سامانێکی زۆر گەیشتوە و لە مەهاباد و ناوچەی موکریاندا خاوەن موڵک و زەویدار بوون کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم. ئەحمەد قازی هەروەها دەڵێت:

**– (میرزا قاسم کوڕێکی بە ناوی میرزا ئەحمەد لە پاش بەجێماوە کە بەپێی نووسینی محەمەد حەسەن خان "اعتمادالسطنه" خاوەن فەزل و کەماڵ بووە و لەنێو زانایان دا لە هەمووان سەرتر و خاوەن خەت و ئینشای بێ وێنە بووە. میرزا ئەحمەد هەشت کوڕی لە سێ دایکان لە پاش بەجێماوە کە بریتی بوون لە: قاسم، شێخ جەلال و میرزا فەتاح لە کچێکی بنەماڵەی بداغ سوڵتان بە ناوی فاتمە خانم. وەهاب و ڕەزاق لە کچێکی بەگلەر بەگی هەوشار و مەجید، لەتیف و ئەحمەد لە مایا خانمی ئاسوری.**

ناودارێکی تری بنەماڵەی قازی لە ناوچەی موکریان، میرزا فەتاحی قازی بووە، میرزا فەتاح کوڕی میرزا ئەحمەد و نەوەی میرزا قاسمی قازی هەموو کات لە بەرامبەر زوڵم و ستەمی کاربەدەستانی دەوڵەتدا، لایەنگری لە فەقیر و هەژاران کردوە. لەو بارەیەوە ئەحمەدی قازی دەڵێت:

**– (لەو ساڵانەی سەرەتای سەدەی بیستەم دا کاروباری شار بە دەست میرزا فەتاحی– براچووکەی میرزا قاسمی قازی و مامی قازی عەلی– بەڕێوە دەچوو.**

[1]– دەقی وتەکانی ڕەوانشاد ئەحمەد قازی، هەمان سەرچاوە.

میرزا فەتاح یا قازی فەتاح عالمێکی گەورەی ئایینی و لە هەمان کاتیش دا بەڕێوە بەرێکـــی گەورەی سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی بـــوو. لە بەرامـــبەر دەســـتدرێژی عەشیرەتەکانی دەوروبەری مەهابادا ڕاوەستا و ئیزنی پێنەدان بە ئەزمی تاڵان و کوشتار لە شار نیزیک ببنەوە. لەلایەکی دیکەشـەوە ڕێگەی نەدەدا کاربەدەستانی دەوڵەتی زوڵم لە خەڵکی شار و دەوروبەر بکەن. حاکم و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتـی زۆری لـێدەترسـان و هەمـوو کـات دەگەڵـی خەریکی دوژمنـایەتی بـوون و لەلای پادشا و وەزیر و والییەکانی تاران و تەورێز و ورمێ بۆیان تێدەچاند و پیلانیان بۆ لەناوبردن و دوورخستنەوەی دەگێڕا[1].)

قازی فەتاح بەو هۆیانەوە کە باس کرا، لە کۆتایی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی قاجـاڕدا بـۆ مـاوەی یـازدە سـاڵ لە مەهابـادەوە بـۆ تـاران دوور خـراوەتەوە و لەوێ لەژێـر چاودێریدا بووە. عەبدولڕەحمان "سالار"، کوڕی میرزا فەتـاح ئامـاژە بـۆ قـازی فەتـاح دەڵێت:

– (مەڕحومی میرزا فەتاحی قازی کە دە واقعدا بۆ هیمەت و مەردانەگی، میلله ت پەروەری، نیشتمانپەرستی لە بەرجەستەترین پیاوانی عەسری خۆی بووە، لە تـاریخی ١٢٥٠ ه– ق لە شـاری مەهابـاد لە دایک بـووە لە پـاش گەیشـتن بە حەدی تەکلیـف تەواوی حەواس و وەختـی خـوی بە فێربـوونی علـوومی، نەحـو، سـەرف، مەنتیق، حیکمەت، کەلام بەخت کردوە. زیاتر، لە خزمەتی مەرحومی مەلا گچکەی هە ولێردا خوێندویەتی. چونکە ئەو زاتە هەڵکەوتووە تەواوی ساڵ و مانگ و سـەعـاتی ژیانی خۆی بۆ ڕزگار کردنـی میللەت لەژێر چەنگاڵی بێگانە و خلاسیی نیشـتمان بـووە و لەســـەر پارێزگـــاری حەقـــی حەمـــاڵێکی خـــۆی تووشـــی هەمـــوو جـــورە فەرتەنەیەکـی کـردوە، ئـێمە نـاتوانین هەموویـان بنووسـین و بەوەنـدە بەس دەکە یـن: سـتەمی پادشـاکانی قاجـاری دەگەڵ کـوردان بە پـایەیەک گەیشـت بـوو هەر حکوومەتێکی بۆ مەهابادیان ناردبا وەکو ئەسیر و جاریە و عەبدی زەمانی فترەت، تەواوی کوردانیان بە پوڵێک پێ دەفرۆشتن و فەرمانی فەعـالی مابریـدیان دەدانـێ، بەڵام مەرحـومی میـرزا فەتـاح ڕەویەی مـیللەت دۆسـتی و نیشـتیمان پەرەسـتی لە دەست نەدەدا. بە عەزمـی ئاسـنینی خۆی دیفـاعی لێدەکردن تـا بەو پـایەی گەیاند ڕیشــەی ســتەم و پــوڵ ئەســتاندنی حکوومەتــانی لە خــاکی کوردســتانی بــڕی و وەزعییەتێکی نیزیک لە خودموختاری وەدەست کوردان کەوت. دە نەتیجەدا وەزعی حکوومەتەکان لە کوردستان خراپ بوو. ناچـار بـۆ لابردنـی ئەو، وەزعـی خەراپـی

---

1– ئەحمەد قازی، هەمان سەرچاوە.

خۆیـان بە درۆ و دەلەسـە میـرزا فەتاحیـان فریـودا و بردیـانە تەورێـز. لەوێ هەر مەڕامێکی بووی بە درۆ قبووڵیـان کرد و دڵنیایـان کرد. لە پـاش چەنـد ڕۆژێک لە خانووبەرەی ئەیالەتی دا بە دوو فەوج پێشمەرگەوە- چەکدار- دەوریاندا و گرتیان و بۆ تارانیان بەڕێ کرد. یازدە ساڵان بە ماڵ و منداڵەوە ڕایانگرت. لە ساڵی دوازدە یدا تورکان بۆ سنوری ئێرانی دەستدریژیان کرد. ئێرانی چارەیان پێنەدەکرا ناچار بۆ پێشگرتن لە ئەوان چاکەیەکی زۆریان دەگەڵ کرد بۆ مەهابادیان بەڕێ کردەوە و لە پاش هاتنەوەی دەستی لە ئەفکاری غیورانە خۆی نەکێشـاوە و لە ڕێی میللەت دۆستی و نیشتمانپەرستی دا مەینەتی دەکێشا و تا دوامین دەقیقەی ژیانی لە هیچ خۆدەپێناونانێک لە ڕێی میللەت دا کۆتـایی نەکرد، تـا لە تـاریخی ١٤ ڕەبیعـولئەوە ل ١٣٣٤ق بە شەڕافەتمەندی بە یەجگاری هاونیشتمانانی خۆی بەجێهێشت و چووە ژێر ڕەحمەتی خودا، ڕەحمەتی خودای لێ بێ[1].)

دوای گواسـتنەوەی بـۆ تـاران، قـازی فەتـاح بـۆ مـاوەی نزیـک بە سـاڵێک لە بەندیخانەدا ڕادەگیرێت و دواتر ئازادی دەکەن و لە تاران ڕایدەگرن. لەو بارەیەوە دکتۆر ڕەحیمی قازی بە پشتبەستن بە ئەرشیڤی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان دەڵێت: (پاشای قاجار لەبەر ڕێز و حورمەتێک کە قازی فەتاح لەنێو گەلی کورددا دەیبێ، ناوێرێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە گرتووخانەدا ڕایبگرێ و پاش ساڵێک ڕاگرتن بەرەڵای دەکەن، بەڵام بەمەرجێک کە لە تاران دەرنەکەوێت.)

کتێبی "فرهنگنامە علمای مجاهد" سەبارەت بە قازی فەتاح نوسیویەتی: (قازی سابڵاغی، عەبدولفەتاح پیاوێکی زانا و ئەدیب و لە بنەماڵەی بە نێوبانگی سابڵاغی موکری بوو لە نێوەڕاستی سێزدە و سەرەتای سەدەی چاردەی مانگیدا دەژیا. ئەو پۆستی ڕەئیسی ئیماڕاتی هەبوو و لە ڕەخنەگەری گەورە و نەترسی حکوومەت بوو و بەو هۆیەوە لە لایەن ڕژێمی قاجار گیرا و ماوەیەک لە تاران زیندانی کرا. ئەوکات کە لە زینداندا بوو ئەو شیعرەی بۆ ئەتابەکی ئەعزەم (امین السلطان) نووسی:

کمان ابرو گمان بردی کە من سام نریمانم
کشیدی زیر زنجیر و مکان دادی بە زندانم
نیم یوسف مرا جا دادەای در گوشە زندان
نیم یعقوب مرا جا دادەای در بیت احـزانم
حدیث اکرم الضیف از نظرا محوشد گویا

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٦، شەممو ٢١ بانەمەر ١٣٢٥- ١١ مارسی ١٩٤٦.

اگر من کافرم آخـر به هال شهر مهمـانم
منـم آن بلبل شیدا که گلشنها بود مـآوام
کنون چون جغد بی مآوا در این زندان ویرانم
زنوک خامەام میریخت هردم لوعل و مرجـان
کنون خون میچکد هر صبحدم از نوک مژگانم
اگر چندی بدوم سالک میان ناصیـان هالک
ستم ها دیده بودم بر کسان و ایل و اقرانم
اگر با حبس من سامان پذیرد کار این کشور
ندارم شکوەای، من جان فدای خاک ایرانم
نبود اندر سرم هرگز هوای سرکشی آخر
چرا ماندن به کنج حبس همچون سعد سلمانم
اگر خود اشتباهی کردەام از راه ناچاری
بفرما چارەای کن درد را، من خود پشیمانم

تێبینی: ئەو شیعرە بەکەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەیتر تەواو کراوە.
ڕەحمان قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ونبوودا ئاماژە بۆ شیعری ئەتابەگی گەورە دەکـات کە وەڵامـی قـازی فەتـاح بە شـیعر داوەتەوە و هەڵسـوکەوتی دوژمنـی سەبارەت بە کەسی کورد نیشان دەدا:

جبین پرچین گمان کردی که من سالار ترکانم
که ازاین ره توان بردن به این نیرنگ و افسانم
مـرا گفتی بافسون رام کردندنی، ندانستی
که مـن پـروردەی دولت، خدیو شـاه کیـوانم
حدیث اکرم الضیف ار بدانستی نمی رانـدی
که مـن در ملک لاتلکـو بایدیکـم نگەبـانـم
ز چـاه یوسف و یعقوب زبانت سـر بریده کن
تو جادوگر، منـم مـوسـی و زنجیر است ثعبانم
سخـن از رب بـرحقی فاعمل صالحـان راندی
جواب احسنـی بشنـو، بمـان در چـاه زنـدانم
نبـاید پای بگشـودن ز شیر شرزه اکنون بند
نشـاید از مـن این معنـی که پند آموز لقمـانم

له شەڕی یەکەمی جیهاندا[1]، ئەحمەد شای قاجار حوکمی ئێرانی دەکرد. هەرچەندە دەوڵەتی ئێران بێلایەنی خۆی لە جەنگ ڕاگەیاند، بەڵام بەهۆی بێدەسەڵاتی شا، لایەنگریی کردن لە دەوڵەتی ئەڵمانیا، لە ئێراندا بە ڕادەیەک پەرە ىسەند کە ڕوسیا لە باکور و ئینگلیز لە باشورەوە هێرشیان کردە سەر ئێران و هێزەکانی ڕوسیا تا دەروازەکانی تاران چوونە پێشەوە. لەو هەلومەرجەدا ئیمپڕاتۆریی عوسمانی ڕۆژی١٩١٤/١٢/٢٩ خزایە نێو خاکی ئێران و لە ماوەی دە ڕۆژدا شاری تەورێزی داگیر کرد. لە بەرامبەردا ڕۆژی ١٩١٤/١/٣٠ ڕوسەکان

---

1- شەڕی یەکەمی جیهان لە مانگی ئەگۆستی "ئاب" ١٩١٤دا دەستیپێکرد و ڕۆژی ١٩١٩/٦/٢٨، بە شکانی ئەڵمانیا بەکۆتا هات. وڵاتانی سەرەکی هاوپەیمان بریتی بوون لە: ئەڵمانیا، نەمسا و مەجارستان، بەڵام دواتر وڵاتانی بولغارستان و ئیمپڕاتۆریای عوسمانی بە لایەنگری لێ یان تێکەڵ بە شەڕ بوون. لە بەرامبەری هاوپیمانان دا، بەرەی وڵاتانی یەکگرتوو پێکهات کە بریتی بوون: لە بریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، بلژیک، ڕوسیا و سێربستان. دەوڵەتی ئەمریکا لە ئاپریلی ١٩١٧ بە پشتیوانی لە بەرەی یەکگرتوو تێکەڵ بە شەڕ بوو. لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا بە هۆی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕوسیا، دەوڵەتی ڕووسیا لە شەڕدا کشایەوە. دەوڵەتە سەرکەوتووەکان، خاکی ژێردەستەڵاتی وڵاتانی تێکشکاوی شەڕیان دابەشکرد و نەخشەی سیاسی نوێی دنیایان، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داڕشتەوە و بەسەر چەند وڵاتی وەک: ئەرمەنستان، سوریا، عەرەبستان، میسر، سودان، لیبی، مەغریب، عێراق و لوبنان دابەشیان کردن. لەو کاتە مستەفا کەمال جێی عوسمانییەکانی گرتەوە و توانی ڕۆڵی کاریگەر بۆ سڕینەوەی پەیمانی سێڤەر بگێڕێ و ڕێگا بۆ پەیماننامەی لۆزان خۆش بکات کە مافی کوردی دەخستە ناو مەیدانی سیاسی نێوخۆی تورکیا و سنوری دەستکردی عێراق و سوریاوە. هەرچەند بەشێکی زۆر لە مەیدانی شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر عەرزی کوردستان بوو و ئیمپڕاتۆری عوسمانی کە داگیرکەری سەرەکی بەشی زۆری کوردستان بوو پارچە پارچە کرا، بەڵام کورد کەڵکی لەو هەلومەرجە وەرنەگرت. دیپلۆماسی کورد سەرلێشێواو و ناکارامە بوو. ڕێبەرانی کورد نەیانتوانی لە ناتەبایی و کێشەکانی نێونەتەوەیی کەڵکوەرگرن. هەرچەنەد بە پێی مادەی سێهەمی پەیمانی "سێڤەر"بە مەرج دامەزراندنی دەوڵەتی کورد لە بەشێک لە ویلایەتی موسڵ لەژێر چاودێری هێزەکانی فەڕانسا و ئینگلیز دامەزرا، بەڵام کورد نەیتوانی لەو دەرفەتە زێڕینە کەڵکوەرگرێ. لە ئاکامدا بە پێی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی " لۆزان" لە ساڵی ١٩٢٣ کوردستان بە کردەوە بوو بە چوار پارچە و لێکدابڕا. دوکتور کەماڵ مەزهەر لە لاپەرەی ١٦٢ کتێبی "بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە" باس لە هەڵسوکەوتی شێخ مەحموود دەکات و دەڵێت: **(لە کاتیکدا دەوڵەتی ئینگلیز لەگەڵ هێندێک لە داخوازەکانی کورد موافق بوو، بەڵام شێخ لەگەڵ ئۆزدمیر پاشا، پیاوی ئاتاتورک پێوەندی و دۆستایەتی دامەزراندبوو. لەکاتێکدا حیزبی بولشویکی ڕوسیا بە ڕێبەرایەتی لێنین بە دوای ڕووخانی تیزارەکان دا هەموو بەرنامەکانی بۆ چارەسەری گیروگرفت و کێشەکانی نێوخۆیی تەرخان کرد بوو، شێخ مەحموود نامەی بۆ لێنین دەنارد و داوای سەربەخۆیی کوردستانی لەو دەکرد.)**

هێرشیان بۆ کرد و بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان پاشەکشەیان پێکردن. هێزەکانی ڕوسیا لە نزیک شاری "خۆی" کەوتنە بەر هێرشی چەکدارانی سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ" و "عومەرخانی شکاک"، بەڵام ئەوان نەیانتوانی لە بەرامبەر ڕوسەکاندا خۆیان بگرن و بەرەو کوێستانەکان کشانەوە. ئەحمەدی قازی سەبارەت بە جەنگی یەکەمی جیهان و ئاکامەکەی و چارەنوسی بنەماڵەی قازییەکان لە مەهاباد دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩١٤ی زایینی شەڕی یەکەمی عالەمی دەستی پێکردو دەڤەری موکریان و ئازەربایجان و باقی مەڵبەندەکانی ڕۆژئاوای ئێران بوون بە مەڵبەندی کارەساتی ڕووس و عوسمانی. ئەوەش لە کاتێک دا بوو کە ئێران بێلایەنی خۆی لەم شەڕەدا ڕاگەیاندبوو. لەم شەڕە گەورەیەدا کوردستان ژێر پێکرا و کارەساتی دڵتەزێن زۆر ناوچەی ئەم وڵاتەی گرتەوە. بێگومان سامناکترین کارەساتی ئەم شەڕە وەبەر دەڤەری موکریان بەتایبەتی مەهاباد و دەوروبەری کەوت. دوو لەشکری ئیمپراتۆرییەکانی ڕووس و عوسمانی وەک دوو شەپۆلی گەورە وێک دە کەوتن و خەڵکی ساویلکە و بێکەسیان دەگەڵ خۆیان دەهاڕی. لە گەڕیانی ئەو شەڕو پێکدادانەدا گا سوپای عوسمانی سەردەکەوت و پاشەکشەی بە سوپای ڕوس دەکرد و جارجاریش بە پێچەوانە ڕوسەکان سوپای عوسمانییان تێکدەشکاند و بەرەو باشوور و ڕۆژاوا ڕاویان دەنان. کوردەکان لەبەر دەمارگری ئایینی و پێوەندی مێژوویی زۆربەیان لایەنگری "سوپای ئیسلام!" بوون و هاوکاری عوسمانییەکانیان دەکرد و هەر ئەوەش بیانووی دایە دەست ڕوسەکان کە سووتمان بخاتە شار و شارۆچکە و گوندەکان و بێڕەحمانە کوشتاری ئەو خەڵکە بکەن. لە کۆتایی ئەم شەڕەدا عوسمانییەکان بەیەکجاری شکان و لە تەورێز و مەراغە و میاندواو و موکریان دا خۆیان بۆ ڕانەگیراو بەرەو هەرێمی خۆیان کشانەوە. کاتێک ڕوسەکان گەیشتنە سەر شاری مەهاباد، میرزا فەتاحی قازی بە مەبەستی ئەوەی ئیمکانی دەربازبون بۆ خەڵک و دانیشتوانی شار بخوڵقێنێ پێشی بە سوپای ڕوس گرت. بەڵام هەر لەم بەرەنگارییەدا شەهید کرا و ڕوسەکان بەسەر شاردا زاڵ بوون و کوشتارو ڕەشەکوژی و سووتمان و خاپوور کردنیان دەست پێکرد و بەپێی بەڵگە مێژووییەکان زۆرتر لە دە هەزار کەس لە مەهاباد و ئیندرقاش و قونقەڵا و گوندەکانی تر کوژران و شەق و پەقی شمشیران کران.**

پێش ئەوەی سوپای ڕوس بگاتە مەهاباد زۆر ماڵ شاریان بەجێهێشت و لەوانە ماڵ و منداڵ و کەسوکاری میرزا فەتاحی قازی بە سەرپەرەستیی کوڕە گەورەکەی میرزا فەتاح. عەبدوڵا "ثقت‌الاسلام" و ماڵ و منداڵی قازی عەلی و

هێندێک خزم و قەومی دیکە مەهاباد بەرەو گوندی یەکشـەوە لە مەڵبەندی بۆکان بەجێ دێڵن. بە نیزیک بوونەوەی سوپای ڕوس لەوێشڕا دەچنە سلێمان کەندی و دیسان دوور دەکەونەوەو ڕوو دە مەڵبەندی هەوشار دەکەن. لە ناوچەی هەوشـار لە دوو گوندی "یارقوڵی" و "پاشبلاغ" موڵکی ئاغایانی غەفاری دەگیرسێنەوە و زۆر بە گەرمی پەزیرایی دەکرێن. بنەماڵەی میرزا فەتـاح لە مەڵبەنـدی هەوشـار دەچنە "چۆپلی" و لەلایەن سەرداری هەوشارەوە سێ گوندیان دەدەنێ. مـاوەی مـانەوەی ئەو بنەماڵە لەو هەرێمە سێ ساڵی تێدەچێ. میرزا عەبدوڵای کوری قازی فەتاح لەو سەفەرەدا کۆچی دوایی کردوە و لەوێ ئەسپاردەی خاک کراوە[1].)

هەروەها ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ونبوو"دا کە هێشـتا نەکەوتووەتە ژێر چاپ، لە زاری عەبدولڕەحمان "سالار" میرزا فەتاحی قـازی دەگێڕێتەوە: (کاتێک شـەڕی یەکەمی گەورە دەستی پێکرد، دوو دەوڵەتـی ڕوس و عوسـمانی بـۆ گەورە کردنەوەی گۆڕەپانی شـەڕ سنورەکانی ئێرانیـان بەزانـد و سـوپاکەیان هـاتنە نـاو ئێران. دەوڵەتـی ئێـران کە بێلایەنـی خـۆی لەو شـەڕەدا ڕاگەیانـد بـوو، بە خەڵکـی ئەسپارد بوو کەس خۆیان تێنەگەیێنێ و لەو شەڕەدا بەشداری نەکەن. بەو هۆیەوە خەڵک خۆیان بێلایەن کرد و کاریان بە هیچ کام لە دوو لایەنی شـەڕ نەبوو، بەڵام بەهـۆی هاوسـنوری ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ کوردسـتان گۆڕەپـانی شـەڕ ڕاسـتەوخۆ کەوتبووە خاکی کوردستان. ڕۆژێک ڕدێن سپی و کەیخودای شار لە خزمەت قازی فەتاحی بابم دانیشتبوون کە ئەفسـەرێکی ڕوس لەگەڵ چەند قازاخ و پلەداری ڕوس هاتنە بەردەرگای مەحکەمە. بـابم بەرەو پیریـان چـوو، ئەوانـیش دابەزیـن و هـاتنە مەحکەمە. دوای سلاو ئەفسـەرە پلە بەرزەکە ڕووی لە بـابم کرد و گوتی: "میـرزا فەتاح ئەتۆ گەورەی شاری و خەڵک بە قسەت دەکەن. بە خەڵکی شار بڵـێ کاریـان بە ئێمە نەبێ و فریوی دەوڵەتی عوسمانی نەخۆن و لە دژی ئێمە شەڕ نەکەن. من هـاتووم و ئەوە بەتـۆ دەڵـێم بـۆ ئەوەی خەڵـک توشـی کوشـت و کوشـتار نەیەن و دەربەدەری و ماڵ وێرانی نەچێژن."

بابم لە وەڵام دا گوتی: "ئێمە کارمان بە ئێوە نییە بە مەرجێک کارتان بە خەڵک نەبێ و دەسـتدرێژی بـۆ مـاڵ و ناموسـی خەڵـک نەکەن ئەگینـا خەڵـک ناچـار دەبـن پارێزگـاری لە خۆیـان بکەن." چەنـد ڕۆژ دوای ئەو بـاس و خواسـە دو ئەفسـەری عوسمانی بە ناوەکانی "عومەر ناجی" و " ئەرکان بەگ" هاتنە مەحکەمە و ڕوویان لە بابم کرد و گوتیان: "میرزا فەتاح ئەتۆ دەزانی دەوڵەتی ڕوس کافرە و هاتووە خاکی

---

[1]- ئەحمەد قازی، هەمان سەرچاوە.

**موسڵمانانی داگیر کردوه و لەگەڵ موسڵمانان بە شەڕ دێ. خودا دە قورئانی پیرۆز دا دەفەرموێ ئەو کەسە موسڵمانە کە لە ماڵ و ناموس و وڵاتی پارێزگاری بکا. ئێستاش ئێمە چاوەڕوانیمان لە تۆ هەیە کە لەو شەڕە دا بەشداری بکەی و یارمەتی سوپای ئیسلام و موسڵمانان بدەی."**

**بابم لە وەڵام دا گوتی: "ئێمە خەڵکی ئێرانین و دەوڵەتی ئێران بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندوە و داوای لە خەڵک کردوە بێلایەنی خۆیان بپارێزن." کاتێک بابم ئاوای وەڵام دانەوە عومەر ناجی دەستی لە باخەڵی نا قورئانێک و ئاڵایەکی دەرهێنا. لە ئاڵاکەی نوسرابو "لا اله الا الله و محمد رسول الله" گوتی بە شاهیدی ئەو دووانە ڕۆژی قیامەت لە خزمەت خودا و پێغەمبەردا سکاڵات لێ دەکەم و دەڵێم میرزا فەتاح لە جیهاد دا یارمەتی موسڵمانانی نەدا و بە قسەی نەکردم بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە." ئەو قسەیەی عومەر ناجی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر بابم و ئەو کەسانەی لە مەحکەمە بوون دانا و زۆربەیان دەستیان کرد بە گریان. پاشان بابم گوتی: سور دەزانم کە دەکوژرێم و لە ناو دەچم بەڵام بە شاهیدی ئەو قورئان و ئاڵایە لە ڕێی ئیسلام دا جیهاد دەکەم هەتا دەکوژرێم.)**

ساڵی ١٩١٥ ڕوسەکان بۆ ماوەیەک لە شاری سابڵاغ مانەوە، بەڵام چونکە نەیانتوانی لە بەرامبەر هێرشی عوسمانییەکان خۆیان ڕابگرن، پاشەکشەیان کرد. لەو پاشەکشەیەدا عەشایری ساباڵغ هاوکاریی عوسمانیەکانیان کرد و کولۆنێل "یاس" کۆنسوڵی ڕوسیایان کوشت. دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکان، هەموو ئەو کەسانەی کە لەو شەڕەدا لایەنگری ڕوسان بوون، گیان و ماڵیان لە مەترسی کەوت. لە شاری بانە، حەمەخان، حاکمی شار بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ڕوسان، بەهۆی تورکان ئێعدام کرا. محەمەد حوسێن خانی سەردار"حاکمی ساباڵغ و "سەیفەدین خانی سەدار" حاکمی سەقز لە شاری مەراغە بە دەستی تورکان لە سێدارە دران. شێخ بابا سەعید، کەسایەتی گەورە کە دژی ڕاگەیاندنی جیهاد بە دژی ڕوسان بوو لە ئاوایی " کەرێزەی گڵی" لە سێدارە درا.

کوژرانی کۆنسوڵی ڕوس، لەشکری ڕوسیای هاندا بۆ تۆڵەسەندنەوە هێرش بکاتەوە سەر مەهاباد و خەڵکی ئەو شارە قەتڵیعام بکەن. لەو بارەیەوە ڕەوانشاد سەعید هومایون دەڵێت: **(زستانی ١٩١٦ لە کاتێکدا بەفرێکی قورس هەموو ناوچەکەی داپۆشیبوو، ڕوسەکان بۆ دەرکردنی عوسمانیەکان لە ساباڵخ و تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانەی هاوکاریی عوسمانیەکانیان کرد بوو، هێرشیان کردەوە سەر ساباڵخ و قازی فەتاح، مامی قازی محەمەد کە یەکێک بوو لە کەسایەتییە**



ناسراوەکانی موکریان بەرگری لە شارەکەی کرد و لە شەڕێکی نابەرامبەردا دەرەتانی بۆ ژمارەیەکی زۆر ڕەخساند کە شار بەجێهێڵن، بەڵام خۆی لەلایەن ڕوسەکانەوە شەهید کرا. مەزاری قازی فەتاح ئێستاش لە حەوشەی مزگەوتی "شادەروێش" لە نزیکماڵی قازی محەمەدە لە مەهاباد. دوای شەهید کرانی قازی فەتاح، ڕوسەکان سابڵاغیان داگیرکرد و لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا زیاتر لە حەوت هەزار کەسیان لە خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری کوشت و بەشێکی شاریان بە ماڵی قازی فەتاح و کتێبخانەکەیەوە سوتاند. هەروەها کوڕەکانی قازی فەتاحیان بە ناوەکانی عەبدولڕەحمان "سالار"، محەمەد "مەلا محەمەد قازی" و مەحموود "مەنسورولسوڵتان" دەستگیر و ڕەوانەی سیبری لە ڕوسیا کرد و تا کۆتایی شەڕ لەوێ ڕایانگرتن[1].)

هەرلەو بارەیەوە، ڕەحمانی قازی لە کتیبی ڕۆژگاری ونبوودا دەڵێت: (دوای شەهید بوونی قازی فەتاح سوپای ڕوس دێنە ناو شار. یەکەم کاریان ئاور تێبەردانی مەحکەمەی قازی فەتاح دەبێ. دوایی دەست دەکەن بە کوشت و کوشتاری خەڵکی شار. ئەو کارەساتە سێ شەو و ڕۆژ بەردەوام دەبێ. ئەو کەسانەی کە خۆیان لە ماڵە جولەکەکان یان لە شابەندەرخانە دا تاقەت کردبوو ڕزگاریان دەبێ و دوای ئەو سێ ڕۆژە دێنەدەر و دەست دەکەن بە بەخاک ئەسپاردنی کوژراوەکان. وەک دەڵێن لەو کوشتارە دا زیاتر لە هەشت هەزار کەس لە شاری سابڵاغ و نزیک بە پێنج سەد کەس لە گوندی ئێندرقاش کوژران.)

هەرلەو بارەیەوە خەلیل فەتاح قازی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا "سالهای اضطراب" دەڵێت: (ڕوسەکان لە گوندەکانی ئێندرقاش، دریاز، قومقەڵا، کارێزەی شێخان و بەتایبەتی شاری مەهاباد نزیکەی ١٠- ١٢ هەزار کەسیان کوشت. لەو شەڕانەدا بنەماڵەی قازی زیانی زۆریان بەرکەوت، جگە لە زیانی ئابووری گەورەی بنەماڵەکەیان ڕەوانشاد میرزا فەتاحی قازیان لەدەست دا لەگەڵ دوو کوڕی قازی قادر و میرزا محەمەد عەلی کوڕی حاجی ڕەحیم کە ڕوسەکان کوشتیانن.

[1]- ڕەوانشاد سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٥.

ڕوسەکان قازی لەتیف و برازاکانی قازی مونعیم و عەبدولڕەحمان "سالار" و محەمەدی حاجی ئاوا و میرزا مەحموود "مەنسور"یان برد و ئەو چوارانەی دواییان تا شۆڕشی ١٩١٧ ڕاگرت.)

گۆڤاری مەهاباد لە ژمارە ٧٧یدا ئاماژە بۆ ئەو بەربەرەکانییە دەکات کە قازی فەتاح کردویەتی و دەنوسێت: (ئەو بەربەرەکانیە ئازایانەی قازی فەتاح پێگەی بنەماڵەی قازی لەنێو بیروڕای خەڵک دا قایم کرد و ڕوسەکان و هاوکاری ئێرانی ئەوان "سەمسامی چادولی" لە کۆتایی شەڕدا ماڵە قازی فەتاح و بازاڕی شار و کتابخانە سیفولقوزاتی مەهابادیان ئاور تێبەر دا.... ئاکامی گرینگی شەڕی جیهانی لە کوردستانی موکری کۆتایی دەستەڵاتی بنەماڵەی موکری و بەهێز بوونی بنەماڵەی قازی بوو. دەسەڵاتی موکری کە یەکەم هێزی سیاسیی کوردیی موافقی دەوڵەتی ناوندیی لە ناوچەی موکریان لە سەردەمی قاجارەکان بوو و بە تەواوی خزمەتیان بە ئێران کرد. ئێعدامی "محەمەد حوسین خان" و کوڕەکەی "علیخان "بە دەستی عوسمانی و یارمەتی عوسمانییەکان بۆ بە دەستەوە گرتنی حکوومەتی سابڵاغ بە هۆی قازی فەتاح، بووە هۆی بە هێز بوونی بنەماڵەی قازی. ئەو بنەماڵەیە دوای چەند ساڵ لە ناوچەی موکریان ڕۆڵی گەورەیان گێڕا.)

هەروەها خەلیل فەتاحی قازی سەبارەت بە ڕادەی کوژراوەکانی مەهاباد و دەوروبەری، لە لاپەڕەی ٦٥ کتێبی تاریخچە خانوادە قازی دەڵێت: (ئاغای محەمەدی ئیقباڵی، کوڕی مەرحومی حاجی ڕەحیم کە بەرپرسی کۆکردنەوە و ناشتنی جنازە کان بوو، هەر لە شاری مەهاباد ڕادەی ٨٩٨٠ جەنازەی ناشت. دیارە خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری شار و لە باغ و کێوان کوژران کە لەگەڵ ئەو ئامارە نین.)

میرزا عەلی قازی باوکی پێشەوا قازی محەمەد یەکێکیتر بووە لە ناودارانی بنەماڵەی قازی. ناوبراو لە مانگی پوشپەری ١٩٤١ هە- مانگی ٦ی ١٨٦٢ز لە مەهاباد لەدایک بووە و لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا هەرلە مەهاباد کۆچی دوایی کردوە. بە نووسینی یوسفی قازی لە لاپەڕەی ٥١ کتێبی "روزنامەی تاریخ"، ڕژێمی ئێران بە گوێرەی ماددەی ٢ لە یاسای یەک لیباسی لە ئێران مۆڵەتی پۆشینی بەرگی مەلایەتی قازی عەلی داوە و بە نوسراوەی ژمارە ٢٦٦٩ مۆڵەتی مامۆستای زانستی مەنقول و مەعقولی لە سابڵاغ وەرگرتوە. ڕەوانشاد سەعید هومایون دەڵێت:

- (قازی عەلی کە بە میرزا عەلی قازی دەناسرا، خوێندنی سەرەتایی لە سابڵاغ خوێندوە و دواتر لەگەڵ خەلیل خانی کوڕی شێربەگی فەیزوڵابەگیی سەقز چووە بۆ سنە و لەوێ خوێندنی تەواو کردوە.... دوای کۆچی دوایی قازی قاسمی

**باوکی ئەرکی قەزاوەتی لە سابلاغ و ناوچەی موکریان لە ئەستۆ گرتووە. ناوبراو یەکێک بووە لە زانایانی سەردەمی خۆی و شارەزایی هەبووە لە ئەستێرە ناسیدا[1].)**

هەرلەو بارەیەوە ئەحمەد قازی دەڵێت: **(قازی عەلی پاش مەرگی باوکی بوو بە قازی شار و "مەحکەمە" لە زەمانی ئەویشدا هەموو کات مەحکەمە پڕ لە میوان و غەریبە و شکایەتکار شکایەت لێکراو بوو. بێجگە لەوانەش لە مەحکەمەی قازی عەلی دا چەند کەس لە لاوانی خزم و ئاشنا خەریکی خوێندن بوون و خەرجی هەموویان لەلایەن مەحکەمەوە دابین دەکرا. یەک لەوانە محەمەدی قازی وەرگێڕی بەناوبانگ و یەکێکی دیکەش عەبدوڵلا ناهید "افتخار" بوو کە هەردووکیان لە بیرەوەرییەکانیاندا باسی ئەو ڕۆژانەیان کردوە کە لە مەحکەمەدا خەریکی خوێندن بوون[2].)**

قازی عەلی دووجار هاوسەرگیریی کردوە. جاری یەکەم لەگەڵ "گەوەر تانج" خانمی خوشکی خەلیل خانی کوڕی شێربەگی فەیزوڵابەگیی سەقز[3] کە کچێک و دوو کوڕی بە ناوەکانی فاتم، محەمەد و ئەبولقاسم لێی هەبووە، بەڵام هەمویان لە سەردەمی منداڵیدا مردون. دواتر کچێکی تریان بووە بە ناوی "خەجیج"[4] لەگەڵ دوو کوڕیتر بەناوەکانی محەمەد و ئەبولقاسم و سەرئەنجام ئامین دوا منداڵی قازی عەلی و گەوهەرتاج خانم بووە.

بەهۆی پێوەندی بەهێزی خزمایەتیی لەنێوان دوو بنەماڵەی قازی و شێربەگدا، میرزا ئەبولحەسەنی سەیفی قازی برای چکۆلەی قازی عەلی کچێکیتری شێربەگ ئاغای بە ناوی زبێدخانم مارە کردوە. گەوەر تاج خانم ساڵی ١٢٨٩- ١٩١٠ کۆچی دوایی کردوە و قازی عەلی دوای چەند ساڵ زیبا خانمی کچی شێخولئیسلامی

---

1- سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٢.
پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بەرلە قازی قاسمی باوکی قازی عەلی، سابلاخ ئیدارەی دادی نەبووە، بەڵکوو هەروەکوو خەلیل فەتاح قازی لە لاپەڕەی ٦٣ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات، دەوڵەت کۆمیسیۆنێکی لە چەند ئەفسەر و ریش سپی ناوچەکە پێکهێنابوو و ئەوان کێشەکانی خەڵکیان چارەسەر کردوە.

2- ئەحمەد قازی هەمان سەرچاوە.

3- بە نووسینی سەعید هومایون، شێربەگ ئاغا یەکێک بووە لە کورانی خێڵی فەیزوڵابەگی و بنەچەی دەگەڕایەوە بۆ ئەمیر سەیفەدین، ئەمیر سارمەدین و بداغ سوڵتانی موکری کە بە ساڵان فەرمانڕەوای ناوچەی موکریان بوون.

4- خەجیج دایکی ڕەوانشاد سەعید هومایون بوو.

حـاجی کەنـدی بە هاوژیـانی خـۆی هەڵبـژاردوە و لەویـش کچێکـی بە نـاوی فـاتمە هەبووە. ئەحمەدی قازی سەبارەت بە زیبا خانم دەڵێت:

- (**محەمەد هێشتا منداڵ بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد، بەڵام پێڕاگەیشتنی دڵسۆزانەی زیباخانم هاوسەری دووهەمی قازی عەلی جێگەی دایکی ڕاستەقینەی بۆ ئەو و خوشک و براکانی پڕ کردەوە**[1].)

سـەیید مـحەمەد حەمیدی سەرنووسـەری ڕۆژنـامەی کوردسـتان لە وتارێکیدا لەژێر نـاوی "ڕابردو و ژیـانی مرحوم قـازی عەلـی"دا بە وردی بـاس لە ژیـان و بە سەرەاتی قازی عەلی دەکات و لە بەشێکیدا دەڵێت: (**حەفتا و یەک سـاڵ ژیـانی پڕلە شـانازی و دینـداری و پەرەپێدانی دیـن و زانسـت و خـو و ڕەوشـتی چـاکی زاتـی هەڵکەوتوی خانەوادەی قدیمی عیلمی و قضاوت مرحوم آغای میرزا عەلی کوڕی میزرا قاسم قازی و براگەورەی شاعیری بەناوبانگ مرحوم "سیف القضـات"ە، ئەم زاتە لە پوشـپەڕی "تیرمـاە"ی ١٢٤١ شەمسـی لە شـاری مەهابـاد لە دایـک بـووە. پیاوێکی ماقول و زانـا و نـاتق و بە دیـن و بوردبـار و میللەت پەروەر و نیشـتمان پەرەسـت و خەتخـۆش و نووسـەرێکی بە ناوبانـگ و ڕەئیسـولعولەمای سـەخی و قسـەخۆش بـوو. بـۆ زانسـت لە نێـو هاوسـاڵان و زانایـانی چەرخـی خۆیـدا، وەک گەوهەری ڕوون دەدرەوشایەوە.**

**لە ئەنجوومەنان و کۆنفرانسانی عیلمیدا و لە حزوری سلاتین و ئومەرادا نوتق و قسەکردن ڕاجعی ئەو بوو. لە ئاست لێ قەومـاوی و هەژاری مـیللەت مەسـائیبی نیشانیدا، پەناگا و جێگای هومێد و حەلالی گرێپوچکانی موشکیلات بوو. لە خەت خۆشـی و نووسـەریدا کەم وێـنە بـوو. ناوبـانگی بە هەمـوو نـوختەیەکـی ئێـران و مەڵبەندەکانی کوردستان دا ڕۆیشتبوو. ڕەئیسولعولەما و مەرجەعی ئەهلی زانسـت بوو.**

**مەرحومی قازی عەلی لە پێناو ئازادی کورد و نێهزەتی مەشروتەی ئێران دا، زۆری مەینەت کێشـا و بە یەکێ لە ئەندامە بەرزەکـانی ئەو نێهزەتە دەژمێردرا و لەبەر بیری ئازادیخوای چوار جار بە دیل گیرا. ..... مەرحومی قازی چەند جڵدێکی کتێب لە علوم دا نوسیوە بەڵام لە جەنگی بەین‌المللی هەوەڵدا کە مەهاباد سـوتا و کوشتاری تێدا کرا کتێبخانەکەی بڵاوبووەوە و نووسراوەکانی لەنیو چـوون تەنیـا شەرحێکی کە لەسەر قەسیدەی "پانت سعاد" کە بە فارسی نووسـیویەتی بە خەتـی خۆی ماوە. مەرحومی قازی عەلی حەفتا و یەک ساڵی تەواو تەمەنی بە شانازی و**

---

[1] - ئەحمەد قازی هەمان سەرچاوە.

دینداری رابورد تا ساڵی ١٣٥٠ هه‌- ٢٥ مه‌ری ١٣١٠ شمسی بۆ نیشتگای ابدی هیجرتی کرد. دوو کوڕ و چه‌ند کچی له‌پاش به‌جێما..... وه‌فاتی قازی عه‌لی له کوردستاندا زۆر تآثیربه‌خش بوو، شاعیران به شیعر و نووسین زۆریان شین بۆ کرد له‌وانه ئه‌م شیعره‌ی مه‌لا مارف کۆکه‌یی که له شینی مرحوم دا گوتویه‌تی:

چه میخواهی برادر زین جهان و علم فانی
بیا بنگر بعین معرفت گر اهل عرفانی
کجا رفتند یاران و عزیزانی که تو دیدی
ترا هم عاقبت رفتن بود گر شاه و سلطانی
غلام همت آنم که دراین که‌نه میخانه
نبندد دل بجام و ساقی و مهمان فانی
بجز دیوانگی یک معنی دیگر نمیدانم
تکبر با نعیم و نعمت و جاه و جهانبانی
بهای این حیاتت را سعادت گیرو رو جانا
مده جان عزیزت ای عزیز من به مجانی
رضای خلق آمد در رضای و خدمت مخلوق
مشو غافل زمکر نفس و تویلات شیطانی
جناب مستطاب فازل مولی علی قاضی
رئیس اهل علم و مرکز افراد روحانی
نبیند هیچ غواصی باقیانوس هند و روم
نبیند هیچ ملاحی بقعر بحر عمانی
چون او در یتیمی شاهواری قابل تحسین
چون او یک گوهر سافی تر از لعل بدخشانی
چو تاریخ وفاتش ڕا طلب کردند ندا آمد
بگو: (هب هو مغفور) ز فیض فضل رحمانی
ولیعه‌دش(محمد) با (ابولقاسم) کفی الواقع
سزد هر یک که گویم اولی هستند بی ثانی
خداوندا همین دو غنچه باغ قضاوت را
نگه‌دارش ز آسیب خزان و صدقت جانی(1)

1- ڕۆژنامه‌ی کوردستان ارگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژماره ٧٠، لاپه‌ڕه‌کانی ١ و ٢ و ٤.

هەروەکوو سەیید محەمەد حەمیدی ئاماژەی بۆ دەکات، ڕەوانشاد میرزا عەلی قازی یەکێک بووە لە ئەندامە بەرزەکانی بزوتنەوەی مەشروتەخوازانی ئێران و لە نزیکەوەش هاوکاریی بزوتنەوەی شێخ محەمەدی خیابانی کردوە[1].

بەهەر حاڵ، جگە لەو زانایانەی بنەماڵەی قازی کە ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، ئەو بنەماڵەیە بەرلە کۆماری کوردستان گەلێک زانای تری ئایینی و نەتەوەیی، شاعیر و نووسەری تێدا هەڵکەوتووە کە دەکرێت ئاماژە بۆ ناوی ڕەوانشاد ئەبولحەسەن سەیفولقوزات، شەهید ئەبولقاسم سەدری قازی و شەهید محەمەد حوسێنی خانی سەیفی قازی و...تد بکەین کە لەم کتێبەدا پتر لەگەڵیان ئاشنا دەبن. ئەبولحەسەن سەیف قازی "سەیفولقوزات" لە سەردەمی خۆیدا بە باوکی شیعری کوردی ناسراوە و شیعرەکانی لە ڕۆژنامەی کورد[2]، ڕۆژنامەی کوردستان و چەند کتێب و ڕۆژنامەی تردا بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی هەشتەمیدا، ڕۆژی دوو شەممە ٨ی ڕێبەندانی ١٣٢٤- ٢٨ی ژانویەی ١٩٤٦، بە بۆنەی یەکەمین ساڵی کۆچی دوایی سەیفولقوزات وتارێکی بڵاوکردوەتەوە و لە بەشێکیدا دەڵێت: **(شاعیری بەناوبانگ یا بە قەولی دیاری کۆمەڵەی ژ. ک: پیرە مێردی سابڵاغ ابولحسن سیف قاضی کوڕی میرزا ابولقاسم قازی لە هەشتمی مانگی بانەمەڕ "اردیبهشت" ١٢٥٥ شمسی مطابق چواری ربیع الثانی ١٢٩٣ قمری لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. ئەم زاتە لە بنەماڵەی قازییە و ئەوەندەی ئێمە دەزانین ئەم خانوادەیە لە سابڵاغدا چەند چەرخێکە نێو بەدەرە و جێگەی ڕێکخستن و پێک هێنانی اموری قضایی و عرفی و بەڵکو بە هێزی باسک و اسلحە ڕاگری حقوقی خەڵک و بەتایبەتی دانیشتوانی**

---

[1]- شێخ محەمەدی خیابانی تێکۆشەرێکی خەڵکی "خامنە"ی سەربە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بوو. لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهاندا دژی گوشاری ڕووسەکان ڕاوەستا و دوای جەنگ دژی حکوومەتی ناوەندیی ئێران ڕاپەڕی و کۆمەڵکی زۆر پشتیوانیان لێکرد و سەرئەنجام ڕۆژی ١٢٩٩/٦/٢٢- ١٩٢٠/٩/١٣ لە ماڵی یەکێک لە هاوخەباتانی لە تەورێز کوژرا، یان خۆی خۆی کوشت. جگەلەوە، لە مەهاباد ڕێکخراوێک بە پشتیوانی بزوتنەوەی شێخ محەمەد دامەزرا کە بە حیزبی محەمەدی، یان "حەمە هەتیو" دەناسرا و قازی عەلی، سەیفی قازی، مستەفا سوڵتانی و چەند کەسی تر ئەندامی بوون.

[2]- لە سەردەمی بزوتنەوەی سمایل ئاغای سمکۆدا لە ساڵی ١٩٢٢، هەفتەنامەی "ڕۆژی کورد- شەوی عەجەم" بڵاوکرایەوە. ئەو هەفتەنامەیە دواتر ناوی گۆڕا بۆ "ڕۆژی کورد" و سەرئەنجام بوو بە "کورد". کورد لە چاپخانەی "غیرەت" لە ورمێ بڵاودەکرایەوە و "مەلا محەمەدی تورجانی زادە" سەرنووسەری بوو. ساڵی ١٣٦١- ١٩٩٢، بە هەوڵی ڕەوانشاد ئەحمەد قازی، دیوانی شیعرەکانی سەیفولقوزات لە تاران چاپ و بڵاوکرایەوە.

**سابلاغ بوون و گەلێ جاری وابووە کە لەلایەن عشایری دەوروبەر یان حکوومەتی هەندەرانەوە سابلاغ هەڕەشەی لێکراوە، وەلی ئەم خانوادە هەنگاوی پیاوەتیان هەڵێناوە و سابلاغیان لە پەلاماری دوژمنەکان پەنا داوە. مرحوم سیف لە خزمەت مەلا شفیع و مەلا حەسەنی کوڕی قزلجی و مەلا سالحی سەردەراباتێ علومی مەعقول و منقولی خوێندوە و پاش تەواو بوونی خوێندن بە قضاوەتەوە خەریک بووە و....تد.)**

بەنووسینی ئیبراهیم ئەفخەمی لە لاپەڕەی ١٦١ی کتێبی "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان"، ئەبولحەسەن سیف قازی "سەیفولقوزات" ڕۆژی ١٢٥٥/٢/٨- ١٨٧٦/٤/٢٧ لەدایک بووە و ساڵی ١٣٢٣- ١٩٤٤ لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

# پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزییەکان لە بنەماڵەی قازی دا

بنەماڵەی قازییەکان بە ڕێگەی کاروباری مەلایەتی، دادوەریی و پێڕاگەیشتن بە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەروەت و سامانێکی زۆریان کۆکردوەتەوە. زەویی زۆر، موڵک، باخ و گوندیان لە ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، میاندواو و هەوشار و بەگشتی لە ناوچەی موکریاندا هەبووە و وەک هەموو دەرەبەگەکانی کوردستان ئاغایەتیان کردوە و موڵکدار بوون. ساڵی ١٩٢٠ میرزا عەبدوڵا "قازی عەسکەر"، قازی عەلی و ئەبولحەسەن "سەیفولقوزات" لە میرزا قاسمی قازی بابیان جیابوونەوە و هەرکامیان بەشە بابی خۆیان وەرگرت و بەرپرسایەتی بەڕێوەبردنی ئابووریی بنەماڵەکەی خۆیان لە ئەستۆ گرت. لەو بارەیەوە ڕەوانشاد ئەحمەد قازی دەڵێت:

**(میرزا قاسم پاش ساڵی شکاک ١٩٢٤- ١٩٢٠ دەگەڵ کچی خاڵی خۆی بەناوی شاسوڵتان خانمی ناهید کچی مستەفا بەگی "سلێمان کەندی" کە لەقەبی سالاری هەبووە زەماوەند دەکا. هەر لەو ساڵەدا قازی عەسکەر و قازی عەلی و سەیفولقوزات جوێ دەبنەوە و هەرکەسە ماڵی خۆی دەکا. سەیفولقوزات گوێگجەلی "گوندێک لەسەر ڕووباری جەخەتوو"ی وەبەر دەکەوێ و قازی عەسکەر پیروەلی باغی وەبەردەکەوێ و قازی عەلیش لە قارنجە و ئاغڵیان بەشی خۆی هەڵدەگرێ. میرزا قاسم لێرە بەدواوە ماڵی خۆی دەباتە قارنجە و میرزا محەمەد "قازی محەمەد" کە هێشتا ژنی نەهێناوە دەگەڕێتەوە شاری مەهاباد. بەمجۆرە بەرپرسی هەڵسوڕاندنی کاروباری ملک و ماڵ و ئاغایەتی لە مەڵبەندی چۆمی مەجیدخان دە کەوێتە سەر شانی میرزا قاسم "سەدری قازی". میرزا محەمەد کە گەڕاوەتەوە مەهاباد وەخت و مەجالێکی زۆر پەیدا دەکا بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی[1]، وردە وردە لە کۆڕ و کۆمەڵانی ناو شار و دەوروبەردا، وەک هەڵسووڕاوێکی لێهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەناسرێ و چالاکانی سیاسی کوردستان لە ئێران و عێراق و تورکیا پێوەندی پێوە دەگرن. .... لەو چەند ساڵانەدا کە کوڕەکانی قازی عەلی لە پیروەلی باغی بوون. جەماوەری ئەم مەڵبەندە "چۆمی مەجیدخان" بە وردە مالیک و ئاغاوەت و ڕەعیەتەوە بە ڕێز و**

---

[1]– ئەحمەد قازی، هەمان سەرچاوە.

**حورمەتێکی زۆرەوە بۆ ڕاپەراندنی هەموو ئەرک و چالاکییەک کە لە لایەن ئەم دوو لاوە پێشکەوتووە دڵسۆزانە پێیان ئەسپێردراوە ئامادە بوون و بەمجۆرە کاروباری ناوچە و پاراستنی هێمنایەتی ئەو مەحاڵە دەکەوێتە دەست بنەماڵەی قازی بە تایبەتی میرزا محەمەد و میرزا قاسم و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی.)**

ئەحمەد قازی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: **(جگە لە بنەماڵەی قازی عەلی، کوڕانی میرزا فەتاحی قازی یانی عەبدولڕەحمانی جەوانمەردی قازی "سالار موکری"، قازی محەمەدی حاجیاوا و کوڕانی سیقەت- عەبدوڵا کوڕی گەورەی میرزا فەتاح قازی- و میرزا مەحموود "مەنسور" و حەسەن ئاغای سریلاوا و چەندین خانەوادە و ئاغاوەتی تایفەی ئەمیری و بابامیری و ئاغایانی بادام و ئەمیرابات کە بەرەبابێکی دیکەی تایفەی قازی بوون لەو مەڵبەندەدا نیشتەجێ بوون.)**

بنەماڵەی قازی محەمەد گوندی پیروەلی باغی، سێ دانگی قارنجە و گوندی ئاغڵیانیان لە ناوچەی نێوان مەهاباد و بۆکان هەبووە لەگەڵ باخی گوڵان، گەرەکی گومرگ تا بەنداوی مەهاباد و زەوییەکانی بەری ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای مەهاباد و قۆپی و تەپەی قازی. گوندی باخچە بە هەموو زەوی و کێڵگە و باخەکانیەوە هی خەلیل فەتاح قازی و چوار لە براکانی بووە. قازی ئاوا هی قازی کەریم و میرزا وەهابی قازی و گوندەکانی "وزندەرێ" هی میرزا قادر و "کۆنەدێ" هی حاجی عەبدوڵای قازی لە بنەماڵەی قازی مونعیم بووە. بنەماڵەی قازییەکان جگە لەو موڵکەکانە، نۆکەر، شوان، کوێخا و باخەوان، چایچی، نانکەر، چێشلێنەر، کڵفەت و میرزایان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و نامە نووسین هەبووە. هەروەها مەلایان هەبووە بۆ وانە گوتنەوە بە منداڵەکانیان. ویلیام ئیگڵتن جۆنز لە کتێبەکەی "کوردستان ١٩٤٦"، دەڵێت:

**- (محەمەد حوسێن سەیفی قازی کوڕی سەیفولقوزات لە ناوچەی میاندواو شەش گوندی هەبووە.)** هەروەها دەڵێت: **(ساڵی ١٩٤٣ دەوڵەمەندی زۆر گەورە، یان دەرەبەگی وەک جێیەکانی تری ئێران لە مەهاباد نەبوو. هەرچەندە نفوز و دەسەڵات بنەمای لەسەر سەروەت بوو، بەڵام هەلومەرجی بنەماڵەکان بەبوونی خزمایەتی بەرفرەوان لەگەڵ خەڵک، لە ڕێگەی ژن و ژن خوازییەوە بەدی دەهات و هاوکات لەگەڵ خزمەتکردن بە خەڵک. لەو ڕوانگەیەوە کەس نەیدەتوانی جێی بنەماڵەی قازی بگرێتەوە[1].)**

---

1- کوردستان ١٩٤٦، ویلیام ئیگڵتن جۆنز، وەرگێڕانی سەیید محەمەد سەمەدی بۆسەر زمانی فارسی، لاپەڕەی ٨٤ .

بەگشتی بنەماڵەی قازی بەشێک بوون لە سیستەمی دەرەبەگایەتی کوردستان و بە پەیڕەوی ئەو سیستەمە، دە و دوو، یان باشتر بڵێم یەک و پێنجی خۆیان وەرگرتووە و تا ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی محەمەد ڕەزا شای ئێران لە سەردەمی سەرۆک وەزیریی عەلی ئەمینی دا یاسای دابەشکردنی زەوی بەسەر دەرەبەگەکاندا سەپاند، درێژەیان بە ئاغایەتی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا خاون موڵک بوون و سوودیان لە باخەکانیان وەرگرتووە.

بوونی ئەو سەروەت و سامانە، خۆی لەخۆیدا بنەماڵەی قازی توشی گەلێک شەڕ و شوڕ و کوشت و کوشتار و ڕاکردن و ئاوارە بوون کردوە. لەو بارەیەوە دەتوانین بڵێین جگە لە شەڕەکانیان دژی حکوومەتی ناوەندیی، لە سێ بواردا توشی شەڕ بوون، وەک شەڕ و ئاڵۆزیی لە نێو خۆیاندا، شەڕ و پێکدادانیان لەگەڵ بنەماڵەی دێبوکرییەکان و شەڕ کردنیان بە لایەنگریی کردن لە دەوڵەت دژی هێزەکانی سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ". خەلیل فەتاح قازی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا بە وردی ئاماژە بەو شەڕانە دەکات کە لە گوندەکانی "کۆنە مەلالەر"، "گرد یاعقوب" و "کۆنە دێ" لەنێوان بنەماڵەی قازی و دێبوکرییەکاندا ڕوویانداوە و دەڵێت:

**- (شەڕی گوندی قارنجە لەنێوان ڕەوانشاد میرزا مەحموود و میرزا ئەحمەدی قازی کوڕانی ڕەوانشاد قازی فەتاح لەگەڵ ڕەشیدی کوڕی باپیرئاغای دێبوکری. شەڕی کۆنە مەلالەر لەنێوان کوڕانی قازی فەتاح لەگەڵ مەجید بەگی کولیجە و شەڕی گرد یاعقوب و کۆنەدێ لەنێوان موڵکدارانی گوندی خورخورە "هەمزە خەلیل، فەتاح و تایفەی سلێمان دێبوکری لەگەڵ میرزا ئەحمەد و میرزا کەریمی قازی.)** لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت: **(بە کوژرانی قازی فەتاح بنەماڵەی قازی زیانی زۆریان بینی و لە بەرامبەریاندا دێبوکرییەکان بە سەرۆکایەتی ئەمیر ئەسعەد بە ئەوجی دەسەلات گەیشتن. ئەمیر ئەسعەد هەموو دێبوکرییەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و لە فیکری گەشەپێدانی نفوز و دەسەلاتی خۆی کەوت و وردە مالیکەکانی "باخچە"، "چوار دیوار"، "کۆکە"، "پاشبلاخ" و...تدی کۆکردەوە. ئەمیر ئەسعەد نۆکەرەکانی دەنارد و مەڕ و مالاتی ئەو گوندانەی دەبرد و گەنم، جۆ، گیا و یونجەی ئەوانی بە شەو دەسوتاندو بەشێکی زۆری لە دێ و زەوییەکانی بنەماڵەی قازییەکانی لە دەست دەهێنان. قازییەکان پەنایان بۆ شکات کردن لە لای وەلیعهەدی تەورێز برد، بەلام لەو ڕێگایەدا سەرنەکەوتن. سەرئەنجام بنەماڵەی دێبوکرییەکان و بایزئاغای ئێلخانی زادە، برای ئەمیر ئەسعەد گوندی باخچەی بە**

زۆر له بنەماڵەی قازییەکان کڕی و دوای پەنجا ساڵ بنەماڵەی قازی دەستیان لەو گوندە بووەوە. هەمزاغای دێبوکری گوندی "لەج"ی له حاجی عەبدوڵا وەرگرت و گوندی "چۆمەڵان" و "گۆل"یش هی ئەو بنەماڵەیە بوو[1].)

هەروەها له لاپەڕەی ٢٧دا دەڵێت: (میرزا ئەحمەد برای قازی لەتیف بەدەست هەمزاغا له هۆزی دێبوکری کوژرا و قازی لەتیف کە بینی دەوڵەتی ئێران لاوازە و ناتوانێ مافی بستێنێتەوە، لەدەست دێبوکرییەکان پەنای بۆ خاکی تورکانی عوسمانی برد، بەڵام دەوڵەتی ئێران سەرئەنجام هەمزە و فەتاحی خورخورە، واتا قاتڵەکانی میرزا ئەحمەدی دەستگیر کرد و بردنی بۆ تاران و دوای ماوەیەک زیندانی، ئەوان بەدانی کچێک و هەزار تمەن ئاشت بوونەوە و چاوپۆشیان له کوژرانی میرزا ئەحمەد کرد. ڕۆژنامەی ناسری سەربە زانکۆی ئەدبیات له تەورێز ڕۆژی ١٨ی ئوکتۆبەری ١٨٩٨ ئاماژەی بۆ ئەو کێشەیە کردوە و نوسیویەتی کچەکەیان ناردەوە.)

جگە لەوە بنەماڵەی قازی لەگەڵ ئیسماعیل ئاغای شکاک "سمکۆ" له شەڕدا بوون و ساڵی ١٣٣٩ک. م، قازی لەتیف بە دەست شکاکەکان کوژراوە. خەلیل فەتاح قازی له کتێبەکەیدا دەڵێت: (میرزا کەریم لەترسی شکاکەکان و خورشید هەرکی پەنای بۆ دەوڵەت بردبوو و له گوندی "قەرەوێران" له نزیک مەراغە چاوەڕوان بوو لەگەڵ هێزەکانی حکوومەت بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد.) ناوبراو له درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (هێرشی سمایل ئاغای شکاک بۆ مەهاباد، هێمنی ئەو شارەی تێکدا، هەندێک جار هێزی دەوڵەت و هەندێک جاریش هێزەکانی سمایل ئاغا دەستیان بەسەر مەهابادا دەگرت و بۆ ماوەی ٥- ٦ ساڵ مەهاباد و ناوچەکە لەنێوان دەوڵەت و سمایل ئاغادا دەستاودەستی دەکرد. له هێرشی ڕۆژی هەینی پێنجی مانگی سەفەری ١٣٤٠ ک. م، قازییەکان لایەنگرییان له حکوومەت کرد و بە تەقەی میرزا کەریم یەمینی قازی چەکدارێکی سەربە سمایل ئاغا کوژرا کە بە دوو ئەسپی بە نرخ و ٥٠٠ تمەن کێشەکەیان چارەسەر کرد.) سەبارەت بە دانی ئەو دوو ئەسپ و ٥٠٠ تمەنە، قاسم قازی له وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٦/٧/٣ پێیڕاگەیاندم: (بنەماڵەی قازی لەگەڵ سمکۆ شەڕی نەکردوە، بەڵکوو میرزا کەریمی قازی بە تۆڵەی قازی لەتیفی باوکی، دوو کەسی له عەشیرەتی شکاک کوشتوە. له بڕی ئەو کارەی، سمکۆ فەرمانیدا ٥٠ هەزار تمەن له بنەماڵەی قازی عەلی و قازی مونعیم بستێندرێت، بەڵام دواتر بە دەستپێشخەریی بنەماڵەی قازی و تکا و ڕجا، سمکۆ بە دوو ئەسپ و ٥٠٠ تمەن ڕەزایەتی بە میرزا کەریم دا.)

---

1- سالهای اضطراب – بیرەوەرییەکانی خەلیل فەتاح قازی لاپەڕەکانی لاپەڕەی ٣٦ و ٣٧ و ٤٥.

هەروەهـا خەلیـل فەتـاح قـازی لە درێـژەی وتەکانیـدا دەڵێـت (**سـمایل ئاغـا نـامەیەکی بـۆ میـرزا کەریـم نوسـی کە ئەگەر هێزەکـانی دەوڵەت بەجێهێڵێـت و بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد و لایەنگریی لەو بکات، لە تاوانەکەت خۆش دەبێ کە یەمین ئەلقوزات بەگوێی نەکرد و لە ئاکامدا شکاکەکان هاتن بۆ مەهاباد و ماڵ و سامانی قازی لەتیف و میرزا کەریمیان تالآن کرد و کتێبخانەی قازی لەتیفیان کە بە سەدان کتێبی بەنرخی تێدابوو لەگەڵ خۆیان برد**[1].)

جگە لەو شەڕ و کێشانەی کە بنەماڵەی قازی لەگەڵ جیرانەکانیان هەیانبووە، لەنێو خۆشیاندا گرفت و ناکۆکیان هەبووە. ئەمیر قازی ئەو کێشانە بۆ شوێنی ژیانیان لە شار و لە گوند و دوو جۆر بیرکردنەوەیان دەزانێت و خەلیل فەتاح قازی، قازی لەتیف بە پیاوێکی تورە وەسف دەکات و دەڵێت: (**لە بەرامبەر هەر قسەیەکدا کە بە دڵی نەبووایە، تورە دەبوو، هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە یەکێک لە کوڕەکانی خۆی بەناوی محەمەد کوشت.**)

---

1- ئەحمەد قازی، هەمان سەرچاوە.

## گرنگی دانی محەمەد قازی بە خوێندن و پەروەردە بوون

محەمەدی کوڕی میرزا عەلی قازی کە دواتر لە کۆماری کوردستاندا نازناوی پێشەوا قازی محەمەدی لێنرا، بەو پێگە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەوە کە بنەماڵەی قازی هەیانبووە، ڕۆژی ١٢٧٩/٢/١١– ١٩٠٠/٥/١ لە شاری مەهاباد لەدایک بووە[1]. لە تەمەنی ٧ساڵی دا لەلای باوکی دەستی بە خوێندن کردوە و لە ماوەیەکی کورتدا شارەزای زمانەکانی عەرەبی و فارسی بووە. لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا لە مزگەوتی سوور، ڕۆستەم بەگ، هەباس ئاغا و دواتریش مزگەوتی قازی بووەتە فەقێ و زانستی دینی خوێندوە و یەکەمین قوتابخانەی زانستی و سیاسی قازی محەمەد ژیانی فەقێیەتی بووە.

قازی محەمەد هەر لەو تەمەنەوە بەهۆی هۆشیاریی و زیرەک بوونی لەنێو فەقێ هاوتەمەنەکانیدا و ڕێز و خۆشەویستی تایبەت، فەقێکان کردویانە بەسەردەستە خۆیان. ئەو بە وردبینی خۆی توانیویەتی ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە ژیانی فەقێیەکان دا پێک بێنێت و بۆ کاتی خوێندن و پشوودان و تێکۆشانی ڕۆژانەیان بەرنامەی تایبەتی دابنێت. هەفتەی دووجار بۆ گەشت و سەیران لەگەڵیان بچێت بۆ باخەکانی قەراغ شاری مەهاباد و لە گەشتەکاندا لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک قسە بکەن. محەمەد قازی لە میرمندالییەوە بەیت و باو و حکایەتی کوردی کۆ کردوەتەوە و لە قسەکردن و وتار خوێندنەوەدا کەسێکی بە توانا بووە. لەو بارەیەوە "ویلیام ئیگڵتن جۆنز" دەڵێت: **قازی محەمەد" وتاربێژێکی زۆر بەهێز و بەبڕشت بوو، لە قسەکردندا ڕستەی قوڵەی بەکار دەهێنا و لەنێوان چەند وشەیەکدا چەند چرکەیەک دەوەستا و دەیتوانی کار لەسەر کەسی ڕووبەڕووی بکات**[2].)

قاسم قازی کوڕی حاجی عەبدوڵای قازی خەباتکاری دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕەشنوسەکەیدا پشت بە ڕەحیم قازی دەبەستێت و دەڵێت: **(ئەوکاتە لەنێو فەقێیان دا بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی شیعر شیعرێن زۆر باو بووە و کەمتر بایخ بە شیعری کوردی دراوە. محەمەد قازی کە بۆخۆی زۆربەی**

---

1- لە زۆربەی نوسراوەکان و سایتەکانی ئینتەرنێت دا، مێژووی لەدایک بوونی محەمەد قازی بە هەڵە نووسراوە.

2- کوردستان ١٩٤٦، ویلیام ئیگڵتن جۆنز، وەرگێڕانی سەیید محەمەد سەمەدی بۆسەر زمانی فارسی، لاپەڕەی ٦٢دا

شیعرەکانی وەفایی، نالی و حاجی قادری کۆیی لەبەر بووە، بە نووسینی ڕەحیمی قازی لە لاپەڕە ٥٦ی کتێبەیدا "بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی گەلی کورد و قازی محەمەد"دا، جارێک لە سەیران لەگەڵ فەقێیان، پێیان دەڵێ "ئەگەر پیاون وەرن بە تەنیا بە شیعری کوردی شیعرێن بکەین.")

جگە لە حوجرەی فەقێیان، محەمەد قازی بۆ ماوەیەکیش لەکن مەلا حوسێنی مەجدی گەورە زانای ئایینی ئەو سەردەمەی مەهاباد و موکریان خوێندویەتی و چونکە باوکی مریدی شێخی بورهان بووە، بۆ ماوەیەکیش لەگەڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای لە خانەقای شەرەفکەند خوێندویەتی. هەروەها ناوبراو زمانەکانی ڕوسی و فەڕەنسیشی خوێندوە و زمانی تورکیشی زانیوە و یەکێک بووە لە زانایانی ئایینی و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی. ڕۆژنامەی کوردستان لەژێر سەردێڕی "حضرتی محەمەد قازی پێشەوای کوردستان"دا سەبارەت بە خوێندنی محەمەد قازی نوسیویەتی: (حضرتی پێشوای کوردستان محەمەد قازی کوڕی آغا میرزا عەلی مەرحوم لە ١١ی بانەمەڕ "اردیبهشت" ساڵی ١٢٧٩ شمسی بەرانبەر بە ٢ی محرم ١٣١٨ هە.ق لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. ئەم زاتە زۆر بە چاکی لەژێردەستی باب و دایکی دا پەروەردە کرا، لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەستی بە خوێندن کرد و دوای خوێندنی چەند ساڵێکی کوردی و فارسی دەستی بە خوێندنی سەرەتای نحو و صرف کرد هەروا ادامەی بە خوێندن دا تا لە علومی معقول و منقول دا: نحو، منطق، بلاغە، اصول، فقە، کلام، فقە فارغ التحصیل بوو. بەوەندە خوێندنە دڵی آرام نەبو و بێوچان لە دووی خوێندن و زیادکردنی معلومات و فێر بوونی زمانی بێگانە دەگەڕا تا توانی بە وەسیلەی مامۆستای تایبەتی زمانی انگلیسی، روسی، فرانسە بخوێنی و بێجگە لەم سێ زمانە و زمانی زگماکی خۆی کە کوردیە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکیش زۆر باش دەزانێ[1].) (پاشبەندی ٢)

هەرلەو بارەیەوە ئەحمەد قازی سەبارەت بە خوێندنی محەمەد قازی دەڵێت: (لەو سەردەمەدا کە محەمەد ڕۆژانی سەرەتای لاوەتی دەست پێکردبوو میسیۆنی ئایینی ئەمریکایی لە مەهاباد جێگیر بوون. زۆربەی ئەندامانی ئەو میسیۆنە فێری کوردی ببوون و دەگەڵ قازی عەلی و بنەماڵە گەورەکانی‌تری سابلاغ "مەهاباد" هامشۆیان دەکرد. یەکێک لە ئەندامانی ئەم میسیۆنە بە ناوی "د. فاسۆم" ڕێزمانێکی لەسەر زمانی کوردی زاراوەی موکریانی نووسیوە. بێجگە لەوە دکتۆر فاسۆم زۆر

---

[1]– ڕۆژنامەی کوردستان، بلاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٥، ساڵی یەکەم یەک شەممو ٢٦ رەشەمە ١٣٢٤– ١٧ی مارسی ١٩٤٦.

**به وردی باسـی قەتـڵ و عـامی دانیشـتووانی شـاری مەهابـاد و گونـدەکـانی دەوروبەری کـردوەو لە وتارێکـدا بـۆ ڕزگـارکردنی ئەو گەلە بێـدەرەتـانە داوای یـارمەتی لە هـاوولاتیـانی ئەمریکـایی کـردوە قـازی مـحەمەد لەلای ئەنـدامانی ئەم میسیۆنە بە تـایبەتی لەلای دوکتـور شـاڵک و میسـتر میللێر و مـیس کوتـات فێری زمانی ئینگلیسی بووە[1].)**

بەرلە جەنگی یەکەمی جیهان، پەنجا بنەماڵەی جوو و دوو بنەماڵەی ئەرمەن لە مەهاباد بوون. ل. و. فاسۆمی کە میسیۆنێکی پرۆتستان بووە، لەگەڵ دکتۆر شـاڵک، میستر میللێر و میس کوتات هاتبوون بۆ مەهاباد کە بەڵکوو بتوانن لەنێو ئەو دوو گـروپە و ١٦ هەزار دانیشـتووی شـاری مەهابـاددا کەسـانێک بـۆلای ئـایینی خۆیـان ڕاکێشـن. هەروەهـا میسـیۆنێکی تـری ئەمریکـایی بەنـاوی میسـداڵ لە نـۆرویژەوە هـاتبوو کە لە مەهابـاد گیرسـابووەوە و مێـردی بە حوسـێن حەبیبـی خەڵکـی مەهابـاد کردبوو. هەموو ئەوانە پێوەندییان لەگەڵ قـازی عەلـی و قـازی مـحەمەد و بنەمـاڵەی قازییەکـانی مەهابـاد هەبـوو. کاتێـک سـاڵی ١٩٤٢ عەشـیرەتەکان پەلامـاری شـاری مەهابادیان دا، میسداڵ خانم بۆ ئەوەی کە گیانی کوڕەکەی بپارێزێت، ئەوی لە ماڵی قازی محەمەددا شاردەوە[2].

بەهەر حـاڵ ئەحمەد قـازی لە درێژەی وتەکـانیدا ئامـاژە بـۆ مـحەمەد قـازی و شێوازی فێربوونی زمانی ڕوسی دەکات و دەڵێت: **(لە مـاوەی چەند سـاڵێکدا کە لە گوندی پیروەلی بـاغی مـاونەوە، میـرزا مـحەمەد و میـرزا قاسـم لەلای چەنـد نەفەر کاربەدەستی ڕوسی کە لە میاندواو بـوون و هـاتووچۆی ئەو مەڵبەندەیان کـردوە فێـری زمـانی ڕوسـی بـوون. بەتـایبەتی میـرزا مـحەمەد زۆربەی کـاتی خـۆی بە خوێنـدنەوەی کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنـامە و دەرسـی ڕوسـییەوە تێپەڕ کـردوە و کاروباری موڵکداری و ئاغایەتی بۆ میرزا قاسم بەجێهێشتووە. ئەم ماوەیە کە چەند سـاڵی کێشـاوە بـۆ ئەم دوو لاوە وەک پلەیەکـی گرینگـی پێگەیشـتن دێتە ئەژمـار.)** ئەحمەد قـازی هەروەهـا دەڵێت: **(میـرزا عەبدوڵا "قـازی عەسـکەر"، میـرزا مـحەمەد "پێشەوا قازی محەمەد" و میرزا قاسم "سەدری قـازی" دەنێرێتە پیروەلـی بـاغی و ئاگاداری لە ملک و مـاڵ و حاسـڵات و کاروبـاری مەزرایـان پێدەسـپێرێ. ئەو دوو**

[1]– گۆڤاری مەهاباد ژمارە ٧١ ساڵی ١٣٨٥ گوزارشتی میسـیۆنی کوردسـتان. ل. و. فاسـۆم. وەرگێر ئەحمەد قازی لاپەڕە ٥، هەروەها ئیل، ئۆ، فاسۆم دۆستی کوردو نموونەی مرۆڤایەتی نووسـینی سەیید عەبدوڵا سەمەدی.

[2]– ویلیام ئیگڵتن جۆنز، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٥٧ و ٦٣.

لاوه كه ئەو كاتە نزيكەی پازدە يا شازدە ساڵيان تەمەن بوو، زۆر ئازايانە كاروباری گوند و مەزرا ڕادەپەڕێنن و سەركەوتووانە لەو هەرێمەدا كشت و كاڵ و ئاژەڵداری دەكەن. قازی عەسكەر گەنم و دەغڵ و دانێكی زۆری دەچاڵ و عەمباران دا ڕاگرتبوو كە لەو سەردەمەدا بەهۆی گرانی و قاتی و قڕی زۆر باش بە گران دەفرۆشرا. ميرزا محەمەد و ميرزا قاسم ئەو گەنم و دەغڵ و دانە دەفرۆشن و دامودەزگايەكی دەسەڵات و ئاغايەتی وەڕێ دەخەن. دە پازدە نۆكەری سواری چەك هەڵگر و كارلێهاتوو ڕادەگرن و بە يارمەتی پووری خۆيان، گەوەرتاج خانم كچی ميرزا فەتاحی قازی، خێزانی قازی عەسكەر كە شێرەژنێكی هەڵكەوتەی مەڵبەندی موكريان بوو، كاروباری خۆيان بەڕێوە دەبەن.)

مەناف كەريمی كە پلەی وەزيری فەرهەنگی هەبوو لە كۆماری كوردستاندا، سەبارەت بە زانياريی و كارامەيی محەمەد قازی "پێشەوا" دەڵێت: (قازی محەمەد لەسەردەمی كۆماری كوردستان دا، بەو كارامەيی و لێهاتوويە زاتيەی كە هەيبوو، سەرەڕای زمانی فارسی بە زمانەكانی ئينگليزيی، فەڕانسەيی، ڕوسی و هەروەها توركی ئاشنايەتی هەبوو. سەبارەت بە فێربوونی عيلم و زانست لە لايەن جەوانانی كورد، زۆر حەساس بوو.[1].) ڕەحمان قازی لە كتيبی "ڕۆژگاری ونبوو"دا دەڵێت:

- (قازی محەمەد لە لای مامۆستا عەبدولڕەحمان گيو و ميسداڵ خانم فێری زمانی ئينگليزی و لە لای كەسێكی تر بە ناوی ميرزا سمايل فێری زمانی ڕوسی بووە. هەركات زانيبای كەسێك وشەيەك ڕوسی يان ئينگليزی يان ئەڵمانی دەزانێ هيچ سڵی نەدەكرد و يەكسەر دەچوو بۆ لای و داوای دەكرد فێری بكا. كتێبی وشەناسی هەر سێ زمانی پەيدا كردبو و بەردەوام دەيخوێندنەوە. هەروەها ئەوكات كە ڕوسەكان لە ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٧ دەسەڵاتيان بەسەر مەهابادا هەبوو، قازی محەمەد هەوڵيدا تا زمانی ڕوسی فێر ببێ و بەم شێوەيە قازی لە تەمەنی ١٧ ساڵی دا توانی جيا لە زمانی زگماكی، فارسی، عەرەبی، ئينگليزی و ڕوسی و توركی فێر ببێت.)

هەروەها بە وتەی ڕەوانشاد سەعيد هومايون، محەمەد قازی ڕۆژنامەكانی ئيتلاعات، شەفەقی سور و گۆڤاری پەيمان كە "ئەحمەد كەسرەوی" دەريدەكرد و گۆڤاری گەلاوێژ كە مامۆستا عەلائەدين سجادی لە بەغدا بڵاويدەكردەوە و ڕۆژنامەی زاری كرمانجی كە سەييد حوسێن حوزنی موكريانی لە ڕەواندز چاپی دەكرد، دەيخوێندنەوە و يارمەتی ئابووريی ڕۆژنامە كورديیەكانی دەكرد.

[1]- ڕەوانشاد سەعيد هومايون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٧٢.

قـازی مـحەمەد هەرچەنـدە مەلایەکـی سـوننە بـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا کەسـێکی کراوە و خۆش ڕەفتار و دڵفرەوان بووە. بە وتەی ویلیام ئیگڵتن لە لاپەڕەکانی ٦٢ و ٦٣ی کتێبەکەیدا، هاتوچۆی کەسانی بێگانەی لە مەهاباد کردوە، ئامۆژگاریی کردون و زۆر دۆسـتی ئەمریکییەکـان بـووە و لەگەڵ ڕوسـەکانیش بە هێمنـی جـوڵاوەتەوە. هەروەهـا، مـحەمەد قـازی کەسـێکی وەرزیشـکار و وەرزیـش دۆسـت بـووە. سـەعید هومایون دەڵێت:

**- (قازی مـحەمەد خـوو خـدەی بەرز و سـەربەسـت و پێشـکەوتووی تـایبەتی هەبوو و زۆربەی کارەکانی بە نیسبەت سەردەمی خۆی، نوێ و سـوننەت شـکێن بـوو. ئەو عەلاقەیەکـی تـایبەتی بە وەرزش هەبـوو و لە مـاڵەکەی خۆیـدا میلبـازی دەکرد. بەیانی زوو دوای نوێژکردن لە مزگەوتی شـادەروێش کە لەلای مـاڵەکەی هەڵکەوت بوو، بۆ گەڕان و پیادەرەوی دەچووە دەرەوەی شار.**

**ئەوکات لە مەهاباد خانووی بڵندتر لە خانووی نەخۆشخانەی شیروخورشـید نەبـوو. قـازی مـحەمەد لەوێـوە تـا نزیـک پـردی سـور ڕایـدەکرد. لەگەڵ ئەوەشـدا مەلەوانێکی بە توانا بوو، هاوینان هەموو ڕۆژێ لەسەر چۆمی مەهاباد لە شوێنێک کە بە گۆمی قـازی- ئەو گۆمە بەنـاوێ مـحەمەد قـازی کرابـوو- دەناسـرا، مەلەی دەکرد. هەروەها ئەو لە ڕادەبەدەر عەلاقەی بە کتێب خوێندنەوە هەبـوو و لە کـاتی بێکاری دا دائیم کتیبی دەخوێندەوە و بە خوێندنەوەی کتیبی ئینگلیزی زانیاری خۆی دەبردە سـەر و لەسـەر وەزعییەتی وڵاتانی دەرەوە شارەزایی تەواوی هەبوو[1].)**

لە کۆتـایی ئەم بەشـەدا پێویسـتە ئەوە دووپـات بکەمەوە کە مـحەمەد قـازی لە تەمەنـی حەوت سـاڵیدا لەلای قـازی عەلـی بـاوکی و مەلا حوسـێن مجـدی زانسـتی ئیسلامی و زمانەکانی کوردی و فارسی خوێندوە. بۆ ماوەیەک لە مزگەوتـی سـوور و مزگەوتی قازی فەقێ بـووە و لە زانسـتی معقـول و منقـول دا: نـحو، منطـق، بلاغە، اصول، فقە، کلامـی تەواو کردوە و فێری زمـانی عەرەبی بـووە. لەلایەن مامۆسـتای تـایبەتەوە زمـانی ئینگلیـزی، ڕوسـی، فەڕانسـی خوێنـدوە و بەهـۆی پێوەنـدیی بە میسدال خـانمی ئەمریکی و میسیۆنەکانی ئـاینی پرۆتسـتان زانیـاریی باشـی لەسـەر ئەو زمانانە پەیدا کردوە.

---

1- سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٦٢.

## محەمەد قازی، کار و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریی

لە بەشەکانی پێشوودا زانیمان کە محەمەد قازی ڕۆژی ١٢٧٩/٢/١١- ١٩٠٠/٥/١ لە مەهاباد لەدایک بووە. لە تەمەنی حەوتساڵیدا دەستی بە خوێندن کردوە و لە تەمەنی دە ساڵیدا گەوهەر تاج خانمی دایکی کۆچی دوایی کردوە و قازی عەلی باوکی دوای چەند ساڵ لەگەڵ زیبا خانمی کچی شێخولئیسلامی حاجی کەندی ژیانی هاوبەشی پێکەوەناوە و ئەو زیبا خانمە جێگەی دایکی بۆ محەمەد و خوشک و براکانی پڕ کردوەتەوە. ناوبراو لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهاندا لەگەڵ بنەماڵەکەی مەهابادی بەجێهێشتوە و لە گوندی پیروەلی باغی نیشتەجێ بووە و لە تەمەنی ١٥- ١٦ ساڵیدا لەگەڵ میرزا قاسم "سەدری قازی" ئەرکی موڵکداریی کەوتوەتە سەر شان و بە یارمەتی گەوەرتاج خانمی پوری کە کچی میرزا فەتاحی قازیو خێزانی قازی عەسکەر بووە، کارەکانیان ڕاپەڕاندوە. بە ئارام بوونەوەی وڵات گەڕاوەتەوە بۆ مەهاباد و درێژەی بە خوێندن داوە.

ساڵی ١٣٠٧- ١٩٢٨، حکوومەت یەکەم خوێندنگەی لە مەهاباد داناوە کە ناوی سەعادەت بووە و تەنیا سێ پۆلی وانە گوتنەوەی هەبووە. شوێنی ئەو خوێندنگەیە لە نزیک مزگەوتی "ڕۆستەم بەگ" لە ماڵی حاجی ڕەحیمی محەمەد ئیقباڵ دا بووە. خەلیل فەتاح قازی لە لاپەڕەی ٢٦ و ٥٦ی کتێبەکەیدا دەڵێت: **(مەلاکان دژی دانانی ئەو خوێندنگەیە بوون لە مەهاباد و دەیانگوت چونکە لە کەنیسەی ئەرمەنەکاندا زەنگ لێدەدرێت، نابێ لە خوێندنگەی موسڵماناندا زەنگ لێ بدرێت، بەڵام قازی لەتیف لەگەڵ دانانی خوێندنگە بوو.)**

بەرلە دانانی ئەو خوێندنگەیە، مەهاباد ئیدارەی پەروەردەی هەبووە و ئەبولحەسەن سەیفی قازی "سەیفولقوزات" سەرۆکایەتی ئەو ئیدارەیەی کردوە. لەو بارەیەوە خەلیل فەتاح قازی لە لاپەڕەی ٥٥ی کتێبەکەیدا دەڵێت: **(ئەبولحەسەن سەیفی قازی "سەیفولقوزات" سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەی مەهاباد بوو. دوای دوو ساڵ دەستی لە کار کێشایەوە و قازی محەمەد جێی ئەوی گرتەوە.)**

ساڵی ١٩٢٦، محەمەد قازی لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا، ئەرکی سەرۆکی ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی شاری مەهابادی لە ئەستۆ گرتووە و ئەوەش پێشاندەدات کە ناوبراو بەرلە دانانی خوێندنگەی سێ پۆلەی سەعادەت کراوە بە سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەی مەهاباد و قازی ئەو خوێندنگەیەی لە سێ پۆلەوە کردوە بە پێنج پۆل. جگە لەوە، ناوبراو دوو خوێندنگەی تریشی لە مەهاباد داناوە کە یەکێک

لەوانە خوێندنگەی "پەهلەوی" کوڕان بووە و ئەویتریان خوێندنگەیەکی کچانە بوو بەناوی "پیرماس" permas کە دواتر ناوی گۆڕاوە بۆ "پەروانە" کە واتای پەپولە دەدات. قازی لە دانانی ئەو خوێندنگەیە بۆ کچان، زۆری ڕەخنە لێگیراوە و لە لایەن ئاغاکان و شێخ و مەلاکانەوە گۆشاری هاتوەتەسەر کە دەست لە بیرۆکەی دانانی خوێندنگەی کچانە هەڵبگرێت کە ئەو گوێی بەو ڕەخنە و گوشارانە نەدا و بۆ یەکەم جار لە ناوچەی موکریاندا خوێندنگەیەکی کچانەی لە مەهاباد دانا. ناوبراو کە کەسایەتییەکی شێلگیر بووە لە ئەرکەکەیدا، بۆ پەروەردە بوونی دروستی خوێندکاران، بە بەردەوامی سەردانی خوێندنگەکان و پۆلەکانی خوێندنی خوێندکارانی کردوە و لە نزیکەوە لە دۆخی مامۆستاکانو خوێندکارانی پرسیوە و کەموکورییەکانی بۆ چارەسەر کردون. لەو بارەیەوە مامۆستا هەژار موکریانی شاعیر سەبارەت بە یەکێک لەو سەردانانەی محەمەد قازی بۆ خوێندنگەکەیان، دەڵێت:

**– (ڕۆژێک لەپڕ مدیربەگ خۆی کرد بە ژوری پڕلە دوکەڵ و مێش دا. مامۆستا منی نیشاندا، گوتی "قوربان ئەم کوڕە تاقی کەوە." مودیر- مەبەست لە محەمەد قازی سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەیە. نووسەر- گوتی فەرمو "شتێک بخوێنەوە"، ملم لە ئەحمەدیە بۆر نا:**

**ڕەئس سەرە، عەین چاوە**
**بەدەن قەلب، ئیسم ناوە**
**جەبین و جبهەت ((توێلە))**
**مەکر و کەید و حیلە ((فێلە))**

مودیر گوتی: "**ئافەریم، بەڵام بۆ گوتت فێلە و توێلە؟ دەبو بە لامی قەڵەوی بڵێی**[1].

سەبارەی بە ڕادەی دڵسۆزیی قازی محەمەد بۆ خوێندنی منداڵانی مەهاباد و هەبوونی خوێندنگە لەو شارەدا، مەناف کەریم یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەڵێت: (**لە بیرمە دوای ڕوخانی حکوومەتی دیکتاتۆری ڕەزا شا و داخرانی خوێندنگەی شار، بۆ کردنەوەی سەرلەنوێی خوێندنگە، قازی محەمەد زۆری زەحمەت کێشا، لەگەڵ چەند مامۆستا سەبارەت بە کردنەوەی خوێندنگە قسەی کرد و فەرمووی: "ئێوە خوێندنگەکەتان بکەنەوە و بە منداڵانی ئەو نەتەوە**

[1]– هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، لاپەڕەی ١٧.

بێبەشە وانە بڵێن و ئەگەر بە فرۆشتنی ئەم بەرەیە- دەستی لەسەر بەرەکەی دانا کە لەسەری دانیشتبوو- بێت، ناهێڵم ئێوە بەبێ موچە بن"[1].)

هەر لەو بارەیەوە رەحمانی قازی لە کتێبی رۆژگاری ونبوودا، ئاماژە بۆ رووداوێکی تری خوێندنگە دەکات و دەڵێت: (رۆژێک ژمارەیەک لە قوتابیانی دەبیرستانی مەهاباد دەست مانیان گرتبوو. ئەو کات رێزدار محەمەدی مەجدی مامۆستای دەبیرستان بوو. بەرێز مەجدی کەسێک دەنێرێتە لای جەنابی پێشەوا و سکاڵا لە سەر قوتابییەکان تۆمار دەکا. جەنابی پێشەوا نوسراوەیەک دەنێرێ بۆ بەرێز سەیید پیرە کە ئەودەم سەرۆکی شارەوانی مەهاباد بوو و بۆی دەنووسێ قۆڵ سپی بنێرن ئەو قوتابیانە بهێنن بۆ شارەوانی تا بۆخۆم دێم. سەیید پیرە قوتابییەکان دەباتە شارەوانی و رایان دەگرێ ، دوای ماوەیەکی کورت جەنابی پێشەوا دەچێ. روو دەکاتە قوتابییەکان و لە یەکیان کە پێشتر دەیناسێ دەپرسێ: "کوڕی مام دەروێش بۆ قوتابخانەتان داخستووە و مانتان گرتووە، بە تەمان چ بکەن؟" قوتابییەکە دەڵێ: "جەنابی پێشەوا بەرێز مەجدی دەرسمان پێ ناڵێ و لێمان ناپرسێتەوە و کەمکاری دەکا بۆیە مانمان گرتووە."

جەنابی پێشەوا روو لە بەرێز مەجدی دەکا و دەفەرموێ: "کاک محەمەد ئێمە هەموو سوێندمان خواردوە کە خیانەت نەکەین و تا ماوین لە رێگەی نیشتماندا هەوڵ بدەین. ئەگەر قسەی ئەو قوتابیانە راست بێ تۆ لە کاری خۆت دا خیانەتت کردوە." بەرێز مەجدی هەر لەوێ بەڵێن دەدا کە بە باشترین شێوە دەرس بە قوتابیان بڵێ و ئەو کەمکارییە دووپات نەکاتەوە. لەو سەردەمیش دا دکتۆرێک بە ناوی دکتۆر نادر کە لە سوریاوە هاتبوو بۆ مەهاباد و لەوێ کاری دەکرد. لەو کاتەدا ئەویش لە شارەوانی بووە. دێتە پێش و دەڵێ: "جەنابی پێشەوا ئەرکی وانە گوتن لەو قوتابخانەیە بەمن بسپێرە، بەڵێن دەدەم هیچ کەس گلەیی نەبێت".)

هاوکات لەگەڵ سەرۆکایەتیی کردنی ئیدارەی پەروەردە، ساڵی ١٣٠٧- ١٩٢٨ بڕیاردراوە بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری تەندروستی و چارەسەر کردنی نەخۆش لە مەهاباد، نەخۆشخانەیەک دروست بکرێت. محەمەد قازی ئامادەیی دەربڕیوە لە زەوییەکانی خۆی جێیەک بۆ ئەو نەخۆشخانەیە دابین بکات کە ئەو کارەی کرد و ساڵی ١٣٢١- ١٩٤٢، نەخۆشخانەی شێرخورشیدی مەهاباد لەسەر زەوی قازی لە سەرووی گۆمی قازی دروستکرا و بۆشاییەکی زۆری لە ناوچەکەدا پڕ کردەوە. لە

---

[1]- ویلیام ئیگڵتن جۆنز، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٥٦ و ٢٥٧ وتوویژی سەیید محەمەد سەمەدی لەگەڵ رەوانشاد مەناف کەریمی.



وەلامی ئەو فیداکارییەدا، بەرپرسانی ئەوکاتەی شێروخورشید، محەمەد قازیان کردوە بە سەرۆکی فەخری نەخۆشخانەی شێروخورشیدی سوری مەهاباد. تا ساڵی ١٩٣٣، محەمەد قازی بۆ ماوەی نۆ ساڵ سەرۆکی ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی شاری مەهاباد بووە. لەو ساڵەدا کە قازی عەلی باوکی کۆچی دوایی کرد، دەوڵەتی ئێران حوکمی قەزاوەتی شاری بە محەمەد قازی سپارد و ناوبراو هاوکات لەگەڵ سەرۆکایەتی کردنی ئیدارەی پەروەردە و پیکهێنانی دەرەتانی باشتر بۆ مامۆستایان و خوێندکاران، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داوە ژیانی خەڵکی مەهاباد و ناوچەکەی بگۆڕێت.

قازی محەمەد لەگەڵ سەدری قازی برای کە ئەویش کەسایەتییەکی باڵای ئەو سەردەمەی مەهاباد بوو، کاروباری شاری مەهابادی بەڕێوەدەبرد. لەگەڵ ئەوەشدا، سەعیدی هومایون، ڕەحیم جەوانمەردی قازی و ڕەحیم لەشکری لە دەفتەرخانەی قازیدا کاریان کردوە و لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا هاوکاریی قازی محەمەدیان[1] کردوە. بەتایبەتی لە زوربەی سەفەرەکانیدا بۆ تەورێز، تاران، ورمێ، خۆی و سەلماس ڕەوانشاد سەعیدی هومایون لەگەڵ قازی محەمەد بووە و کاری نووسینی قازی لەلایەن سەعیدی هومایونەوە بەڕێوە چووە، تەنانەت لەسەردەمی کۆماری کوردستانیشدا هومایون ئەرکی پێوەندی و ئاڵوگۆری نامە هێنان و نامە بردنی قازی محەمەدی بۆ لای پیشەوەری و عەلی شەبستەری لە ئەستۆ بووە[2].

قازی محەمەد کە کەسایەتییەکی خۆشەویست و جێگەی ڕێزی خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە بووە، هەوڵیداوە کێشەکانی خەڵک بە ڕێگەی ئاشتی و دوور لە دەمار گرژی چارەسەر بکات و بە بەردەوامی لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتووە. ئەمیر قازی لە وتوویژێکی تایبەت و ڕاستەخۆدا ڕۆژی ٢٠١٦/٦/٢٨، ئاماژەی بە چۆنیەتی چارەسەر کردنی یەکێک لەو کێشانە کرد و گوتی: (**ڕۆژێک مام شەریفی مەتەری "شەریف گابەگا" کە لێفەدرو بوو لە مەهاباد، لێفەیەک بە کابرایەکی خەڵکی گوندێکی**

[1] – لەمەو بە دوا محەمەد قازی دەبێت بە قازی محەمەد و منیش بەو ناوە دەیناسێنم.
[2] – ڕەوانشاد سەعید هومایون هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤٢.

نزیکی شار دەفرۆشێ، کابرای کڕیار بۆ ئەوەی کە بزانێ لێفەکەی قوڵە نییە، ڕادەکشێ کە لێفەکەی تاقی بکاتەوە. مام شەریف کە دەزانێ لێفەکە قوڵەتر لە کابرایە، بۆ فریودانی، لێفەکەی سوچاوسوچ پێدادات و مامەڵەکەی لەگەڵ دەکات. لێفەکڕ، لێفەکەی دەباتەوە بۆ گوند و لەوێ تێدەگات کە فریو دراوە و دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد و دەڵێت ئەم لێفەیە قوڵەیە! شەریف گابەگا هەرلەوێ سەرلەنوێ کابرا ڕادەکێشێت و دیسانیش سوچاوسوچ لێفەکەی بەسەردادەدات و لە خەڵکی دەوروبەر دەپرسێ. داخوا ئەم لێفەیە قوڵەیە؟ خەڵکەکە بە گاڵتە دەڵێن نا و بە کابرا دەڵێت لێفەکەت تەواوە و تۆ دەتەوێ شڵتاخم پێ بکەی و ئامادە نابێ پارەکەی بداتەوە و لێفەیەکی درێژتریشی نەبووە کە بۆی بگۆڕێتەوە. کابرا شکاتی خۆی بۆ قازی محەمەد دەبات و قازی دەنێرێ، شەریف گابەگا دێنن. مام شەریف لەکن قازیش لێفەی کابرا تاقی دەکاتەوە کە پێشەوا تێدەگات و پێدەکەنێ و پێی دەڵێت: "بە لێفەیەکی درێژتری بۆ بگۆڕەوە، یان پارەکەی بدەوە." شەریف گابەگا فەرمانی قازی بەڕێوەدەبات و پارەی کابرا دەداتەوە و بەم جۆرە بەبێ ئەوەی دڵی هیچکامەیان برەنجێنێت، پێکیان دەهێنێتەوە.)

ساڵی ١٣١٥- ١٩٣٦ لە مەهاباد بە ساڵی سێڵاو دەناسرا، لە مانگی گەلاوێژ دا لافاوێکی گەورە بەشێک لە شاری مەهابادی گرتەوە. ئەو ڕۆژە هەینی بوو و خەڵک لە دەرەوەی شار، لە باغ و سەیران بوون. لافاو کەرەستەو پێداویستیەکانی خەڵکی لەگەڵ خۆی برد و زیانێکی زۆری بە بازاڕ گەیاند و زۆر خانووی وێران کرد و چەند کەسیشی کوشت. ئەوکات قازی محەمەد بە سواری ئەسپ بە هاواری خەڵکەوە چوو و چەند کەسێکی لە مەرگ ڕزگار کرد. لەو بارەیەوە دکتۆر شیرازی لە لاپەڕەی٢٩ بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕوداوە دەکات و دەڵێت: (**پێشەوا زۆر ئازایانە چەند جار خۆی لە مەترسی هاویشت و بە سواری ئەسپی چەند کەسی لە مەرگ ڕزگار کرد.)**

لە سەردەمی حوکمی ڕەزاشادا، قازی محەمەد هاوکات لەگەڵ ئەرکی قازی شار، قازیی سەربازگەش بووە، بەڵام ساڵی ١٩٣٦ بەهۆی قسەکردنی بە زمانی کوردی بۆ سەربازەکانی سەربازگەی مەهاباد و ڕەخنە گرتنی لە کردەی دزێوی مەئموورەکانی حکوومەت لە کوردستان، لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەتی ڕەزا شاوە، پلەی قازییەتی لێوەرگیرایەوە و دوای داگیرکردنی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن سوپای هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهان لە ٢٥ ی

ئاگۆستی ١٩٤١دا[1] و دوورخستنەوەی ڕەزاشا لە ئێران و ناردنی بۆ دورگەی موریس، سەرلەنوێ گەڕاندیانەوە سەر کارەکەی و پلەی پێشووی بەدەست هێنایەوە. ساڵی ١٣٠٩- ١٩٣٠ کە سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەی مەهاباد بوو، محەمەدی قازی ویستویەتی کچێک بەناوی مەرزیە لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بخوازێت، بەڵام بە وتەی عەلی قازی کە لە وتووێژێکی تەلەفۆنیدا، ڕۆژی ٢٠١٦/٧/٦ پێیڕاگەیاندم، ناوبراو چونکە عاشقی مینا خانمی کاکاغازادە بووە، چاوی لە خوازبێنی کردنی مەرزیە پۆشیوە و بەهۆی گوڵئەندام خانمی نەنکییەوە، پێوەندیی بە مینا خانمەوە گرتووە و لەگەڵ ئەو ژیانی هاوبەشی پێکەوەناوە.

لە لاپەڕەکانی دواییدا ئاماژە بۆ ژیان و چالاکییەکانی مینا خانم دەکەم. هەروەها پێشەوا قازی هەشت کچ و کوڕێکی بەم ناوانەی خوارەوە لە مینا خانم هەبووە: عیسمەت، عەلی "کوڕی ڕەش"، مریەم، عیفەت، مونیر، فەوزیە، کۆ "سوهەیل"، گەلاوێژ "پەروین" و مریەم. لەو هەشت کچانە، عیسمەت کە ئەندامێکی باڵای حیزبی دیموکرات بووە، دوای ئاشکرا بوونی لەلایەن حکوومەتەوە خۆی کوشتوە، مریەمی یەکەم ساوا بووە و لەسەر لانک خنکاوە. پەروین و سوهەیل دوانە بوون، پەروین هاوسەری دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشمی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوە و عیفەت کە هاوژینی ئەمیر قازی بوو، ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٦ بە بۆمبێکی پاکەتی، لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە شاری ڤێستەرۆسی سوید تیرۆر کرا. بەگشتی لەو هەشت کچانە چوار کچیان لەگەڵ کوڕی ڕەش ماون. هەرلە بارەیەوە، ئەحمەد قازی سەبارەت بە ژیانی هاوسەریی محەمەد قازی دەڵێت:

**- (میرزا محەمەد دەپێشدا قەرار دادەنێ کە کچێکی بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی بەناوی مەرزیە خانم بخوازێ، بەڵام ئەو مەرج دادەنێ کە پێش خوازبێنی کردن چاوی بە کچەکە بکەوێت. باوکی کچ گەنجاڵی بەگی قاتانقوڕ لەم پێشنیارە توڕە دەبێ و دەڵێ: "مەگەر من پەز دەفرۆشم کە کڕیار بێ و بزانێ پەزەکە کزە یا قەڵەو!" بەمجۆرە ئەم وەسڵەتە سەرناگرێ و پاشان قازی لە ساڵی ١٣٠٩ دەگەڵ مینا خانمی کاکاغازادە زەماوەند دەکا.**

**ئەوەی کە میرزا محەمەد لەو سەروبەندەدا ویستوویەتی پێش ژنخوازی شەریک و هاودەمی ژیانی خۆی بناسێ پێمان دەڵێ کە قازی محەمەد مرۆڤێکی**

---

[1]- لە شوێنی خۆیدا ئاماژە بۆ جەنگی دووەمی جیهان و دوورخستنەوەی ڕەزا شا لە ئێران دەکەم.

**ڕووناکبیر بووه و زۆر له داب و نەریتی کۆن و قورس و گرانی زەمانی خۆی پێشکەوتووتر بووه و ملی بۆ ئەم نەریته داسەپاوه نالەبارانه دانەنواندوه[1].**

به وتەی ویلیام ئیگلتن جۆنز، له لاپەڕەی ٦٢ی کتێبی "کوردستان ١٩٩٦"دا که سەیید محەمەد سەمەدی وەریگێڕاوەتەوه سەر زمانی فارسی: **(ماڵی قازی مەکۆی هەموو لێقەوماوێک بوو، زۆربەی ژن و کچەکان که توشی گرفت دەبوون، پەنایان بۆ ماڵی قازی دەبرد. پەنا بردنی ئافرەتان بۆ قازی، هەندێک جار دەنگۆی ئەوەی به دوادا دەهات که قازی یەکێکه له پیاوه خۆشگوزەرانەکانی دنیا. دیاره ئەو دەنگۆیانه تا ڕادەیەک زیانیان به کەسایەتی ئەو دەگەیاند، بەڵام کاتێک ئەو هاوسەرگیریی لەگەڵ بێوەژنێک کرد، کۆتایی به هەموو ئەو دەنگۆیانه هێنا.)**

بنەماڵەی قازی و بەتایبەتی قازی محەمەد، به دوور لەو ناوەی که وەک مەلا و ئاغا و قازی لەسەریان بووه، بەپێچەوانەی مەلا و ئاغاکانی ئەو سەردەمە، هیچ کاتێک لەنێو خۆیان و دەرەوەدا، کێشەی ئایینیان نەبووه. دۆستایەتی ئەو بنەماڵەیه لەگەڵ پەنجاو دوو بنەماڵەی جولەکه و ئەرمەن له مەهاباد و نزیکایەتی قازی عەلی و قازی محەمەد لەگەڵ میسیۆنەرەکانی ئاییني کریستیان شاهیدی زەقی ئەو ڕاستییەن. لەو بارەیەوه ئەمیر قازی ڕۆژی ٢٠١٦/٦/٢٨، پێی گوتم:

**– (من باوکم مەلا و قازی بوو، لەبیرم نایەت که به کەسی گوتبێ چۆن بیر بکاتەوه، یان بڵێ نوێژ بکەن و ڕۆژو بگرن. عەبدولڕەحمان قازی "سالار" که مامی گەورەی من بوو، هاوسەرەکەی ئافرەتێکی جولەکه بوو له ماڵی میرزا شەمتۆن و دواتریش کوڕێکی لەو خانمه هەبوو به ناوی عەبدولڕەحمان جەوانمەرد قازی.)**

---

[1] – ڕەوانشاد ئەحمەد قازی، هەمان سەرچاوه.

## قازی محەمەد و هەنگاوەکانی بەرەو سیاسەت

هەمـوو گەورە پیـاوانی بنەمـاڵەی قـازی کتێبخـانەی بەنـرخ و دەوڵەمەنـدیان هەبووە. لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا بینیمان لە شەڕ و ئاژاوەکاندا، چەند جـار کتێبخانەکانیـان سـوتێندراوە، یـان تـاڵان کـراوە. لەگەڵ ئەوەشـدا بەشـێکیان نووسـەر و شـاعیری نـاودار بـوون و کاریگەرییـان لەسـەر کـۆمەڵی کـوردەواریی سـەردەمی خۆیـان هەبـووە. قـازی محەمەدیـش بەچەشـنی میـرزا عەلـی بـاوکی و مامەکانی بە بەردەوامی کێشی بۆ خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە هەبووە و یارمەتی ڕۆژنامە کوردییەکانی کردوە کە لە خەباتدا بەردەوام بن.

بە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و زانیـاریی پەیدا کردن لە مـافی گەلـی کـورد و گەلانـی دنیـا و بە ئەزمـوون وەرگرتن لە زانایـانی بنەمـاڵەی قـازی، قـازی محەمەد لەگەڵ سیاسەت ئاشنا بووە، نەتەوە و نیشتمانی خۆی خۆش ویستوە، یارمەتی بە ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی کوردسـتان داوە کە گەشـە بکەن، بەڵام خـۆی بە شـێوەی ڕاستەوخۆ نەچووەتە ژێر فەرمان و دیسیپلینی حیزبێکی تایبەتەوە. یەکێک لە خـاڵە دیـار و بەرجەسـتەکانی ژیـانی قـازی محەمەد و تەنـانەت هەنـدێک لە ئەنـدامانی بنەماڵەکەی ئەوە بووە کە بە لایەنی بیرکردنەوەی ئاینییەوە، کەسـایەتییەکی کراوە بـوون و لەگەڵ شـێخ و مەلا و ئاغـا تونـدڕەوەکان هاودەنـگ نەبـوون و تەنـانەت لە بەرامبەر وشکەڕۆیی ئەواندا ڕاوەستاون و جیاوازیان لەنێوان مرۆڤەکاندا نەکردوە. بـۆ نمـونە لەو پەنجـا و دوو بنەمـاڵە جولەکە و ئەرمەنەی کە بەرلە جەنگی یەکەمـی جیهان دا لە مەهاباد بوون، بنەمـاڵەی قازی لەگەڵ هەموویـان پێوەندییان هەبووە و تەنـانەت هەروەکوو ئەمیـر قـازی ئامـاژەی بـۆ کـرد، عەبـدولڕەحمان قـازی "سـالار" لەگەڵ ئافرەتێکی جولەکە لە بنەماڵەی میرزا شـەمتۆن ژیانی هاوبەشـی پێکهێنـاوە و عەبدولڕەحمان جەوانمەرد قازی لەو خانمە بووە.

سـاڵی ١٩٣٨، قـازی محەمەد تەمەنـی ٣٨ سـاڵ بـوو کە ڕێکخراوێکـی سیاسـی لەژێر ناوی "کۆمەڵەی ڕزگارییخوازی کوردستان" لـە مـانگی حوزیران "جـونی"دا بە نهێنـی لـە مەهابـاد دامەزرا[1]. دامەزرێنەرانـی ئەو ڕێکخـراوەیە کە ناویـان لـە

---

[1]- بەرلـە دامەزرانـدنی کـۆمەڵەی ڕزگـارییخوازی کوردسـتان لـە مەهابـاد، لـە باشـوری کوردسـتان کۆمەڵەیەک دامەزرا کە ناوی "کۆمەڵەی لاوان" بـوو. ئەو کۆمەڵەیـە سـاڵی ١٩٣٤ گۆڤـاری "دیاریی لاوان"ی بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩٣٥ کۆمەڵەیەکی نهێنی تر لە سلێمانیی دامەزرا کە نـاوی "کۆمەڵەی

بەڵگەنامەکاندا هاتووە، بریتین بوون لە: عەزیز زەندیی، حوسێن فروهەر، حوسێن میکائیلی، کەریم یاهو، غەفور مەحمودیان. کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە هەلومەرجێکدا پێکهات کە دیکتاتۆریی ڕەزا شای پەهلەوی باڵی ڕەشی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشابوو. ڕەزا شا دەیویست بە هاوکاریی مستەفا کەمال "ئەتاتورک" سەرکۆماری تورکیا، نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بتوێنێتەوە. چونکە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی تەواو نهێنی بوو، دەزگای ڕاگەیاندنی چاپ و بڵاوکردنەی ڕۆژنامە و گۆڤاری نەبوو، و بەڵگەیەکیش لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشانی بەجێنەماوە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئەو کۆمەڵەیە دوای داگیرکردنی ئێران و کوردستان لە لایەن هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانەوە[1]، بەهۆی ناکۆکیی لە

---

پێشڕەوی نیشتمان" بوو. هەرچەندە ئەو دوو کۆمەڵەیە نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە ژیان بدەن، بەڵام توانییان کوردە ڕۆشنبیرەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هان بدەن کە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانیی هەنگاو بنێن. لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا، ساڵی ١٩٣٨ "کۆمەڵەی ئازادیخوازیی کوردستان" وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو.

[1]- بەرلە جەنگی دووەمی جیهان، هیتلێر چاوی بە ستالین کەوت و بۆ دڵنیا بوونی لە هێرش نەکردنی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ سەر وڵاتەکەی، پەیمانێکی لەگەڵ واژۆ کرد کە ناوی پەیمانی "پولادین" بوو. دوای بەستنی ئەو پەیمانە، کاتژمێر ٤:٤٥ ڕۆژی یەکی سپتێمبەری ١٩٣٩، سوپای ئاڵمانیا پەلاماری پۆلۆنیای‌دا. بەو هێرشەی ئاڵمان بۆ سەر پۆلۆنیا، جەنگی دووەمی جیهان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا سەریهەڵدا و حکومەتەکانی ئینگلیز، فەڕانسا و بەلژیک هەڕەشەیان لە ئاڵمانیا کرد کە لە پۆلۆنیا پاشەکشە بکات و لە ترسی هێرشی سوپای هیتلێر بۆ سەر وڵاتەکەیان، سنورەکانی خۆیان بەهێز کرد. ئاڵمانیا گوێی بە هەڕەشەی ئەو سێ وڵاتە نەدا و هێرشی کردە سەر بەلژیک، نۆروێژ و هۆڵاندا و بە وڵاتی بەلژیکدا ڕێیەکی نوێی بۆ پەلاماردانی فەڕانسا کردەوە و سەرئەنجام سوپای ئاڵمان ساڵی ١٩٤٠ توانی دوای ٢٨ ڕۆژ شەڕ، بە زیانێکی کەمەوە، وڵاتی فەرەنسا داگیر بکات. لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهاندا، هەر سێ وڵاتی ئاڵمانیا، ئیتالیا و ژاپۆن یەکیانگرت و پەلاماری بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپا، ئافریقا و ئاسیایاندا. لە بەرامبەر ئەو سێ دەوڵەتانەدا، سەرەتا ئینگلیز و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا و دواتریش یەکیەتی سۆڤیەت بەشداریی ئەو هاوپەیمانییەی کرد و ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٣-١٩٤١/٨/٢٥سوپاکانی ئینگلیز و سۆڤیەت، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داگیرکرد. ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٢٣- ١٩٤١/٩/١٤ باڵیۆزەکانی سۆڤیەت و ئینگلیز هەڕەشەیان لە ڕەزاشا کرد کە تا ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٢٦- ١٩٤١/٩/١٧ بە سودی محەمەد ڕەزای کوڕی، تاج و تەختەکەی بەجێهێڵێت. ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٣٠- /١٩٤١/٩ ڕەزا شا و بنەماڵەکەی جگەلە محەمەد ڕەزای کوڕی، ڕەوانەی بەندەر عەباس کران و بە پاپۆڕێکی بریتانیایی بۆ دورگەی مۆریس لە ئەفریکای باشور دوورخرانەوە.

نێوان ئەندامانیدا نەماوە و کۆمەڵەیەکیتر جێی گرتوەتەوە کە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" بووە.

حوسێن فروهەر "زێڕینگەران" لەگەڵ چەند هەڤاڵی و ژمارەیەک ڕوناکبیری هاوبیریی لە شاری مەهاباد یەکیان گرتووە و ڕۆژی ١٣٢١/٥/٢٥- ١٩٤٢/٨/١٦ ناوی کۆمەڵەی ئازادییخوازیان گۆڕیوە بۆ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و بە سەرۆکایەتی حوسێن فروهەر و بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە درێژەیان بە خەبات داوە[1].

داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جەنگی دووەمی جیهاندا باردۆخی مەهاباد و ئەو شار و گوندانەی گۆڕی کە ڕووسەکان تێیاندا دەسەڵات بوون. بە نەمانی حکوومەت لەو ناوچانەدا دەستی دەرەبەگەکان بۆ دزی و تالآن و پەلاماردانی شاری مەهاباد کرایەوە. ئەو ئالۆزییانە قازی محەمەدی وەک کەسایەتییەکی دیاری ئەو سەردەمەی مەهاباد، ناچار کرد بۆ پاراستن و ئاسایشی شار، پتر لە دەرەتانی خۆی کەڵک وەرگرێت کە هەم مەهاباد ئارام ڕابگرێت و هەمیش نەهێڵێت دەسدرێژی بۆ سەر گیانی خەڵک و مافی مەئمورەکانی حکوومەت بکەن ماڵ و سامانی خەڵک بە تالآن بەرن. لەو بارەیەوە خەلیل فەتاح قازی دەڵێت:

**- (لە شەڕی دووەمدا کە ڕوس و ئینگلیز پەلاماری ئێرانیان دا، بارودۆخی بنەماڵەی قازی گۆڕا. خەرمانانی ١٣٢٠- ١٩٤١ مەهاباد و ناوچەکە بۆمباران کرا و هەنگی ژاندارمەریی بەبێ شەڕ خۆیان بەدەستەوەدا و ڕوسەکان چەک و تەقەمەنی مەهابادیان برد و سەربازەکانیان ئازاد کرد کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. شارەبانی و ژاندارمەری کەوتە دەست ڕوسەکان و خەڵک پرچەک بوون و نائەمینی ڕووی لە مەهاباد کرد و کەسێک نەبوو بە شکاتی خەڵک ڕابگات، جگەلە مەئمورە کوردەکان، ئەوانی تر گەڕابوونەوە بۆ شارەکانیان و ئیدارەکانیان بە کوردەکان سپاردبوو. ماڵی قازی محەمەد مەکۆی ئەو مەئمورانە بوو کە هەندێک جار سەردانی مەهابادیان دەکرد[2].)**

---

1- بۆ زانیاری پەیداکردنی پتر لەسەر کۆمەڵەی ئازاییخوازی کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، بڕوانە کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" کە نووسەر ساڵی ٢٠٠٤ بڵاویکردوەتەوە.

2- خەلیل فەتاح قازی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٧٨- ٧٩.

## گەشتی قازی محەمەد و سەرۆک خێڵ و پیاوماقوڵان بۆ باکۆ

بە نزیک بوونەوەی لەشکری ٤٧ی سوپای سۆڤیەت لە مەهاباد، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی مەهاباد ڕایان کرد و پەنایان بۆ گوندەکان برد، بەڵام قازی محەمەد و ژمارەیەک لە پیاوماقوڵان، شاریان بەجێنەهێشت و ویستیان ئەگەر کێشەیەک سەر هەڵبدات بە ڕاوێژ کردن، چارەسەری بکەن و نەهێڵن زیان بە خەڵک و شاری مەهاباد بگات، بەڵام سوپای سۆڤیەت گەیشتە مەهاباد و هیچ کێشەیەک سەریهەڵنەدا، هاوکاریی خەڵکیان کرد کە ڕاکردوەکان بگەڕێنەوە سەر کار و ژیانی خۆیان و تەنانەت ئەگەر خۆیان ویستیان دژی ڕژێمی ئێران خۆیان ڕێکبخەن. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەکانی ٢٠ی ئاڵەکۆک دا دەڵێت: (**بە نزیکبوونەی سوپای ڕوس لە مەهاباد، خەڵکی ئەو شارە بە تێکڕا شاریان چۆلکرد و خۆیان گەیاندە گوندەکانی دەوروبەری. بە ساڵداچووەکانی شاری مەهاباد کە شاهیدی زیندووی کۆشتاری ساڵی ١٢٩٦- ١٩١٧ی سوپای ڕوسیای تەزاریی بوون لە مەهاباد، لە ترسی دووپات بوونەوەی ئەو کارەساتە، خەڵکیان هاندا کە خۆیان دەرباز بکەن، بەڵام کاتێک سەرکردەی سوپای سۆڤیەت گەیشتە مەهاباد، لە زارکی کۆلانی "مزگەوتی سور" بە خەڵکی ڕاگەیاند: "لەشکری سور بۆ یارمەتی کردن بە ئێوە هاتووە. بە ئازادی جلوبەرگی کوردی دەبەر بکەن و چەک هەڵگرن و ئێمە دەست لە کاروباری ئێوە وەرنادەین." بەمجۆرە ئەوانەی مەهابادیان بەجێهێشتبوو، گەڕانەوە و وڵات ئەهوەن بۆوە.**)

ئارام ڕاگرتنی مەهاباد و شار و گوندە داگیرکراوەکانی ئێران لەلایەن سوپاکانی ئینگلیز و سۆڤیەتەوە، یەکێک بوو لە پرۆگرامەکانی ئەو دوو زلهێزە. سوپای ئینگلیز کە لە سەقزەوە تا پارێزگای ئیلامی لەژێر دەستدا بوو، لە ناوچەکانی ژێردەستی دا ئیزنی جوڵەی بە سوپای ئێران دەدا، بەڵام سوپای سۆڤیەت ئەو جوڵەیەی لە دەسەڵاتدارانی ئێران بڕیبوو. بە مەرجی ئارام ڕاگرتنی ناوچەکانی ژێردەستیدا، دەستی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کردبووەوە کە ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی دامەزرێنن و بە کەلتور و داب و نەریتی خۆیان بژین. دوای تێپەڕبوونی نزیک بە هەشت مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا و لەکاتێکدا شاری ورمێ ئازاد و هێمن بوو، حکومەتی ئێران بە چاندنی تۆوی ئاژاوە، ناکۆکیی خستنە نێوان کورد و تورکەکانی دانیشتوی ورمێ و دەوروبەری و ناوچەکەی ئاڵۆز کرد و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناچارکرد ڕۆژی ١٣٢١/٢/٥-

١٩٤٢/٤/٢٥ پەنا بۆ توندوتیژیی بەرن و دەزگاکانی پۆلیس و ژاندارمەریی چەک بکەن و زۆر بێبەزەیانە گوندە ئازەریی نشینەکانی بەری ڕۆژئاوای گولی ورمێ تالان بکەن. لەم بارەیەوە سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ، لەژێر سەردێڕی "دەربارەی هەلومەرجی ڕەزائیە لە ساڵی ١٣٢١"دا دەنوسێت:

**- (لە ڕەزائیەش وەکو هەموو شوێنەکانی تری وڵات ئارامیی و ئاسایشی بیست ساڵە گوڕا بە نائەمنی و شێوان. هەندێ لە سەرانی ئاژاوەگێڕی کوردی دەوری ڕەزائیە وەکوو: عومەر شەریفیی شکاک لە ناوچەی سۆما و برادۆست، ڕەشید بەگی جهانگیریی لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەشت، زێرۆ بەگی بەهادوری لە ناوچەی بالانیش و خواروی ڕەزائیە، تەها هەرکی لە ناوچەی دۆڵی خوارووی بالانیش کەوتبوونە ژێر نفوز و هاندانی بێگانە و پروپاگەندەی ئەفسەرانی سۆڤیەت و دەستیان کرد بە بەدڕەفتاریی و شەڕارەت و پەلاماری ئاواییەکانی دەوری شاری ڕەزائیەیاندا و تالانیان کردن. چونکە لەناو ڕەزائیەدا هێزی سوپای لێنەبوو، بەبێ هیچ کۆسپێک درێژەیان بە تالان و جەردەیی دا. بە جۆرێک سنوری ڕاوڕوتیان فرەوان کردەوە تا گەیشتە سنوری شاری ڕەزائیە و شاریان گەمارۆدا. لەبەر ئەوەی ڕەزائیە لە لایەن سۆڤیەتەوە داگیرکرابوو، کوردەکان بە ئازادی هەموو تاوانێکیان دەکرد.**

**دانیشتوانی دیهات کە کەوتبوونە بەرپەلامار و تالان، پەنایان بۆ شار هێنا. مزگەوت و کۆلانەکان پڕبوون لە ژن و منالانی دیهاتیی ئاوارە. خەڵکی شاری ڕەزائیە سەرەڕای ترسیان لە پەیداکردنی دەسەلاتی کورد، لە مەترسی کەمی ئازوقە و خواردەمەنی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دابوون. کورد بە جۆرێک چاوی قایم ببوو کە شەوانە هێرشیان کردە سەر پاسگای ژاندارمەریی دەروازەی شاپوور و ژاندارمەکانیان کوشت و لەناو شاریشدا کەلانتەریی ٣ ی شەقامی داریوش لە لایەن کوردەکانەوە پەلامار درا[1].)**

لەو ڕوانگەیەوە، کاربەدەستانی سۆڤیەت سێ مانگ دوای جێگیرکردنی سوپاکەیان لەو ناوچانە، سی (٣٠) گەورە پیاوی بەدەسەلاتیان بانگهێشتی باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی باکور کرد کە ئەو مەبەستەیان پێڕابگەیەنن و قازی محەمەد یەکێک لەو سی کەسە بوو.

[1]- سەرلەشکر زەنگەنە ل ٣٦: دهقان، س ن، ل ٦٦٩، حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ل ٥١-٥٢.

کاربەدەستانی سۆڤیەت سێ مانگ دوای داگیرکردنی ناوچەکانی ماکۆ، خۆی، شاپور، ورمێ، نەغەدە، شنۆ، مەهاباد، میاندواو و بۆکان کە ناوچەی ژێردەسەڵاتی لەشکری ٤٧ی سۆڤیەت بوون، قازی محەمەدیان لەگەڵ گروپێک لە پیاوماقوڵان و سەرۆک خێڵەکان و کەسایەتییە خاوەن دەسەڵاتەکانی کوردی بانگهێشتی "باکۆ" پایتەختی ئازەربایجانی باکور کرد. مەبەست لەو بانگ کردنە، ئاشنایەتی و ئامۆژگاریی کردنی ئەو سەرۆکانە بوو لە پاراستنی هێمنایەتی و ئاسایشی ناوچەکانیان و داوا لێکردنیان بوو بۆ هاوکارییکردن لەگەڵ کارمەندە جێگیرکراوەکانی سۆڤیەت لە کوردستان و پارێزگاریی کردنی ناوچەکانیان.

ئاغا سەلیم ئاتاکیشیۆڤ بەرپرسی بەشی هەواڵدەریی لیژنەی عەزیز عەلییۆڤ[1] ئەرکی بانگ کردنی ئەو ژمارە کوردەی لە ئەستۆ بوو. ئەوان لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٣٢٠- مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٤١دا چوون بۆ تەورێز و لەوێوە ڕەوانەی باکۆ کران. بەشێک لەو کەسانەی لەگەڵ قازی محەمەد بەشداریی ئەو گەشتەیان کرد بریتی بوون لە:

عەلی ئاغای عەلیار "ئەمیر ئەسعەد" سەرۆکی خێڵی دێبوکری، عومەر کوڕی عەلی ئاغا، عەبدوڵڵا ئیلخانی زادەی بۆکان، حاجی قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایر سەرۆکی خێڵی مامەش، حاجی بابە شێخ سیادەت، مەجیدخانی میر موکری لە گوندی قەرەوێرانی میاندواو، عەلی خانی نەوزەری مەنگوڕ، بایز ئاغای عەزیزی گەورک، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، ڕەشید بەگی هەرکی، زێڕۆ بەگی بەهادوری هەرکی، سەرتیپ شکاک، موساخانی زەرزا، حەسەن تێلۆ شکاک، کاک هەمزەی قادری مامەش، سەید محەمەد سادق کوڕی سەید تەها نەوەی شێخ عوبەیدوڵا، ئەحمەد خانی فاروقی لە خێڵی فەیزوڵابەگی، حەسەن عومەری شکاک، محەمەد ئاغای وسوق قاسملوو، محەمەد ئەمین بەگی فەیزوڵابەگی، پوشوو کوڕی سەید تەهای شەمزینی، قۆیتاسی مامەدی شکاک، مەمدەوی شکاک، عەبدوڵڵای مەحمود ئاغای و تەها هەرکی[2].

---

[1]- عەزیز عەلییۆڤ کرابوو بە ئەندامی شورای جەنگیی لەشکری ٤٧ و لە تەورێز جێگیر کرابوو و بەرپرسی ناوچە داگیرکراوەکانی ژێردەستی سۆڤیەت بوو.

[2]- کتێبی "کوردەکان"ی حەسەن ئەرفەع. "کۆماری کوردستان، یان خودموختاریی؟" کەریم حیسامیی. "چاوخشاندنێک بە مێژووی مەهاباد" دا سەیید محەمەد سەمەدی و گۆڤاری دوو مانگەی "ڕوانگە"ی خوێندکارانی زانستە پزیشکییەکانی زانکۆی تەورێز، ئاماژەیان بۆ ناوی ئەو سی کەسایەتییە کراوە.

جگە لەو سی سەرۆکانە، قازی محەمەد، عەلی کوڕیشی لەگەڵ خۆی بردە باکۆ. لەو بارەیەوە عەلی قازی لە وتوویژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٦/٧/٦ بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێیڕاگەیاندم:

**– (لە سەفەری یەکەمی شێخ و مەلا و سەرۆک عەشیرەتەکاندا بۆ ئازەربایجان، بابم منیشی لەگەڵ خۆی برد، بەڵام لە دیداریدا لەگەڵ باقرۆڤ منی لە هۆتێل بەجێهێشت و ئەفسەرێک بەناوی سادق بەرپرسی چاودێریی و گەڕاندنی من بووە. لە سەردانەکەدا باقرۆڤ داوای دیتنی من لە بابم کردبوو کە منیان بردە لای. باقرۆڤ ناوی منی پرسی، گوتم ناوم کوڕی ڕەشە. باقرۆڤ گوتی: "دەمەوێ لەمەودوا پێت بڵێن کوڕی سوور کە وەک سوپای سوور بیت.")** عەلی قازی لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: **(باقرۆڤ بە حورمەتی بابم، هەندێک دیاریی وەک: زینی ئەسپ، قورئانێک، جلوبەرگێکی جوان کە پانتۆڵەکەی بۆمن قوڵە بوو، ئوتۆمبیلێکی منداڵان کە بە قورمیش کردن دەڕۆیشت لەگەڵ دەمانچەیەکی بچووکی بلژیکی دا بەمن.)**

بەشداران بۆ ماوەی دوو هەفتە لە باکۆ ڕاگیران و لەو ماوەیەدا چاویان بە میرجەعفەر باقرۆڤ سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیست و سەرکۆماری ئازەربایجان و چەند کاربەدەستی تر کەوت و چەند شوێنی گەشتیاریی و کارگە و کارخانەی پیشەسازیی و کشتوکاڵ و جوتیارییان بەسەر کردەوە و هەرکامەیان بە هەندێک دیاریی و هەندێک قەند و شەکرەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان و هەر کامەیان لە دیداری دۆست و ئاشنایانیاندا، بە جۆرێک لەو گەشتە و دەستکەوت و پێشکەوتنەکانی کۆماری ئازەربایجان دوان. بانگ کردنی سەرۆک هۆزە کوردەکان بۆ باکۆ، بە توندیی دەوڵەتی تورکیای ئازاردا. کاربەدەستانی تورکیا لەوە دەترسان کە یەکیەتی سۆڤیەت لەژێرەوە پێوەندیی لەگەڵ کوردەکان دامەزرێنێ و پشتیان بگرێت لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورددا کە ئەمە کێشەیەکی مەزنی بۆ تورکیا و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان پێکدەهێنا. لەم ڕوانگەیەوە "حەیدەر ئەکتای" کارگێڕی باڵیۆزی تورکیا، چەندان نامەی ڕەخنەگرانەی ئاراستەی "ئیدەن" وەزیری دەرەوەی ئینگلیز کرد. تورکیا ویستی سوپاکەی ڕاکێشێتە سنورە دەستکردەکانی لەگەڵ ئێران، تەنانەت پێوەندیی دیپلۆماتیی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت بپچڕێت. لەم بارەیەوە "ئیدەن" وەزیری دەرەوەی ئینگلیز لە نامەیەکدا بۆ مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت دەنوسێت:

- (ڕۆژی ١٩٤١/١٢/٢- ١٣٢٠/٩/١١ وەزیری دەرەوەی تورکیا لە نامەیەکی سکاڵاییدا کە بۆ باڵیۆزخانەی خاوەنشکۆی ناردووە، دەربارەی مەبەستی کوردان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، شکاتی کردوە و دەڵێت هێزە داگیرکەرەکان لە ئێران یارمەتی کورد دەدەن و ئەوانیش دەستدرێژیی دەکەنە سەر خاکی تورکیا.

ڕۆژی ١٩٤١/١٢/٥- ١٣٢٠/٩/١٤ سکرتێری گشتیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، سەبارەت بەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی زۆر توند ڕایگەیاند کە لەوانەیە دەوڵەتی تورکیا ناچار بێت سوپای خۆی بگوازێتەوە بۆ سەر سنور. بەڕێز "ڕ. بولارد"[1] گوتی قسەی لەگەڵ هاوتای سۆڤیەتیی[2] خۆی کردوە و پێشنیازی بۆ کردوە کە لەم بارەیەوە دڵنەوایی هاوتای تورکیی بکات. بە ڕای بەڕێز بولارد یەکێک لە هۆیەکانی دڕدۆنگیی دەتوانێت دیداری تەبلیغاتیی ڕێبەرانی کورد و سەرۆک هۆزەکانی تری کورد بێت لە باکۆ کە لە لایەن ئۆرگانەکانی سۆڤیەتەوە ڕێکخراوە، باڵیۆزی سۆڤیەت ڕایگەیاند ئەو چاوپێکەوتنانە تەنیا لایەنی فەرهەنگییان هەبووە، بەڵام گوتیشی لەو بارەیەوە پێشتر هیچ ئاگادارییەکی پێنەگەیشتووە.

ڕۆژی ١٩٤١/١٢/١٥- ١٣٢٠/٩/٢٤، دەوڵەتی تورکیا بە ناردنی دووەمین نامەی سکاڵای خۆی سەبارەت بە چالاکیی کوردەکان، ڕایگەیاند لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی سۆڤیەتەوە پشتیان دەگیرێت، پێوەندیی تورکیا و تاران تێکچووە و بارودۆخێکی نائارامی پڕ لە مەترسی پێکهاتووە.

هەرچەندە ڕاپۆرتەکانی دەوڵەتی تورکیا لەو بارەیەوە زۆری تێچاندنە، بەڵام مەترسییەکی واقیعییش بەرچاو دەکەوێت و ڕەنگە ئەو ڕووداوە ببێت بە هۆی تێکچوونی پێوەندیی تورکیا و ڕوسیا، هەروەها ئێمەش. لەبەرئەوە بە قازانج دەبێت ئەگەر دەوڵەتی سۆڤیەت کارێک بکات کە دەوڵەتی تورکیا لەو ڕووەوە ئارام بکاتەوە. بە بۆچوونی "ڕ. بەلارد" گرفتی مەزن لەو بارەیەوە ئەوەیە کە سیاسەتی سۆڤیەت لە ناوچەی داگیرکراودا لە لایەن چەند ئۆرگانێکەوە پیادە دەکرێت کە باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاران کاریگەرییەکی کەمی لەسەریان هەیە[3].)

---

[1]- مەبەست لە ڕیدەر بولارد باڵیۆزی ئینگلیزە لە ئێران.

[2]- مەبەستە لە سیمیرنۆڤ، باڵیۆزی سۆڤیەتە لە ئێران.

[3]- نامەی ئیدەن لە ١٩٤١/١٢/٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ، وەرگێڕانی ئەفراسیاو هەورامیی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نووسینی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٦١-٦٢.

مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لە وەڵامی ئەو نامەیەی ئیدەندا بۆ کریپس باڵیۆزی بریتانیا لە مۆسکۆ دەنوسێت: (سەبارەت بە نامەی نیگەرانیی تورکیا لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران " کە لە لایەن "ئیدەن"ەوە لە ٢٠ ی دیسێمبەری ١٩٤١ دا دراوە، دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە پێی ڕابگەیەنرێت: تەنیا لە نامەی باسکراودا کە نوسراوەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیای کردوە بە بەڵگە، لامان ڕوون بووەوە کە کوردەکان دەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی دابمەزرێنن، هەروەها سەبارەت بەوە کە کوردەکان دەستدرێژیی دەکەنە سەر خاکی تورکیا. لەو بارەیەوە پێویست بە بیرخستنەوەیە کە لەو بەشەی خاکی ئێران کە هێزەکانی سۆڤیەت لێی جێگیرن، پێشهاتی ئەوتۆ ڕاست نین و بە تێکڕایی لە مەبەست و ئاکاری یادکراوی کوردەکان، ئۆرگانەکانی سۆڤیەت هیچ پەیوەندییەکیان پێیانەوە نیە.

سەبارەت بە هاتوهاواری نێوان هۆزە کوردەکان کە گوایە لە لایەن لەشکری سورەوە لە ئێران ڕێکخراوە و لە نامەی ناوبراودا هاتووە، هیچ چەشنە ئاگادارییەکمان نییە. بەپێچەوانەی نامەکەی تری تورکیا کە پشتی پێدەبەسترێ، سوپای سۆڤیەت لە ئێران نە تەنیا بە ئەوان، بەڵکوو بە هیچ کوردێکی تر لە پێکهێنانی ناهێمنیی، یارمەتی نادات، بە پێچەوانەوە، ڕەچاوی ئەوە دەکات کە چەک لە کوردەکان وەربگیرێتەوە. دیارە چەکەکانیش لە ناوچەیەکەوە دێن کە هێزەکانی سۆڤیەتی لێ نین.

هێزەکانی سوپای سۆڤیەت کە ڕەوانەی باکوری ئێران کراون، هەر زۆر زوو بۆ پێشگیریی لە تێکهەڵچوونی نێوان کورد و ئێرانییەکان، زۆر هەنگاویان ناوە و تا ئێستا هیچ چەشنە کێشە و پێکدادانێک لەو شوێنانەی کە هێزەکانی سۆڤیەتی تێدان، لە نێوان کوردەکاندا نەبینراوە.

پێویستە بە بیرتان بهێنینەوە کە دەوڵەتی ئێران لە کرداری سوپای سۆڤیەت لە بەرامبەر کوردەکاندا، هیچ بیروبۆچوونێکی بە باڵیۆزی سۆڤیەت لە ئێران ڕانەگەیاندوە. لەم پێوەندییەدا، تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین کە بەگوێرەی ڕاپۆرتی باڵیۆزی ئێمە لە ئێران، ڕۆژی یازدەی دیسێمبەری ئەمساڵ، سەرۆکوەزیران بەڕێز "فروغی" لە لای باڵیۆزی سۆڤیەت، باڵیۆزی بریتانیای ئاگادار کردبووەوە کە ئینگلیزەکان پشتیوانییان لە کوردەکان کردوە و لە هەندێک ناوچەدا دژی ئێرانییەکان هانیانداون.

کەوا بوو دەوڵەتی تورکیا ناتوانێت لەو ڕووەوە هیچ هۆیەکی بۆ نیگەرانیی خۆی هەبێ کە گوایە کوردەکانی ئازەربایجانی ئێران لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە بۆ پێکهێنانی ناهێمنیی هاندەدرێن و بۆ ئەم مەبەستە پاڵیان پێوەدەنرێ، لەبەرئەوە تورکیا هیچ بەڵگەیەکی نیە بۆ ناردنی هێزەکانی بۆ سەر سنوری ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ کە هیچ بەڵگەیەک کە ببێت بە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی لەگەڵ تورک، لە ئارادا نیە، بەڵام سەبارەت بە چاوپێکەوتنی چەند کەسایەتییەکی کورد لە باکۆ، ئەو گەشتە تەنیا فەرهەنگیی بووە و بۆ هیچ جۆرە مەبەستێکی سیاسی نەکراوە. قسەکانی بولارد کە لای وایە سیاسەتی سۆڤیەت لەو ناوچانەدا کە هێزەکانی سۆڤیەتیان لێیە، گوایە لە لایەن ئۆرگانێکەوە دادەڕێژرێت کە باڵیۆزی ئێمە کاریگەریی لەسەر نیە، بە تەواویی ناڕاستە. هەموو ئەو وتانەی سەرەوە، دەتوانن ببن بە هۆی دڵنیایی دەوڵەتی تورکیا، ئەگەر پێویست بێت، بەڵام جێی خۆیەتی لەو بارەیەوە دەستتنیشان بکرێت کە تا ئێستا نە دەوڵەتی تورکیا و نە دەوڵەتی ئێران، سەبارەت بەو مەسەلەیە کە لە نامەی بەڕێز "ئیدەن"دا هاتووە، دەوڵەتی سۆڤیەتیان ئاگادارنەکردۆتەوە.

مۆسکۆ: ٢٨ ی دیسێمبەری ١٩٤١[1]

دوای گەڕانەوەی لە باکۆ، قازی محەمەد لە ساڵی ١٩٤١وە مەحکەمەکەی کە شوێنی قەزاوەت و چارەسەر کردنی گیروگرفتی خەڵکی لێقەوماو بوو، کرد بە ناوەندێک بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەکی گەورەتر لەنێوان خەڵک و عەشیرەتەکان و ئەو دەزگا حکومییانەی کە تەنیا کارمەندە کوردەکانی لێ مابووەوە و ئەوانی تر مەهابادیان بەجێهێشتبوو، بەڵام زۆری نەخایاند کە ڕوسەکان ئیزنیان بە ڕژێمی ئێراندا کە جگە لە سوپا، فەرمانداریی و شارەبانی لە مەهاباد چالاک بکەنەوە.

---

1- نامەی ئیدەن لە ١٩٤١/١٢/٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ، وەرگێڕانی ئەفراسیاو هەورامیی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نووسینی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٦١-٦٢.

## سازمانی جەوانانی کورد

جگە لە قازی محەمەد و ئەو گەورە پیاوانەی کە کاربەدەستانی سۆڤیەت، بە ڕێگەی ئەوانەوە هەوڵی ئارام ڕاگرتنی ناوچەکانی ژێردەستی دەدا، بە نزیکایەتی کردنی کاربەدەستانی لە مەهاباد و شارەکانی تر لەگەڵ لاوان و وەرزیشکاران، ئەو ئامانجەی دەپێکا و نەیدەهێشت ئاڵۆزیی بکەوێتە ئەو ناوچانەوە. ئەفسەرێکی کوردی ئەرمەنستان، بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردیی "ڕێیا تازە" کە لەلایەن کوردەکانی ئەرمەنستانەوە بڵاو دەکرایەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی مەهاباد نزیکایەتی پەیدا دەکات. ئەو لاوانە لەژێر کاریگەریی ڕێیا تازە و پڕوپاگەندەی ئەو ئەفسەرە و ئەو ئازادییانە پێکهات بوو، نزیکەی مانگێک دوای گەڕانەوە قازی محەمەد و بانگهێشتکراوان لە باکۆ و نزیکەی چوار مانگ دوای جێگیربوونی سوپای سۆڤیەت لە مەهاباد، بە دەستپێشخەریی غەنی بلووریان، ڕێکخراوێکی لاوان لەژێر ناوی "سازمانی جەوانانی کورد" لە مەهاباد دامەزرا. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان دەڵێت:

**- (ڕوسەکان، ئەفسەرێکی ڕوسی بە ڕگەز ئازەرییان بەناوی "ماژۆر عەبدولاڤ" کردبوو بە بەرپرسی سیاسی و ئاسایشی مەهاباد و چەند سەربازی ڕوسیشیان خستبووە ژێر فەرمانی. جیا لە ماژۆر عەبدولاڤ، ئەفسەرێکی ڕوسیش هەبوو بە ناوی "جەعفەرۆڤ" کە بە ڕواڵەت سەرۆکایەتی تیپی وەرزیشی سەربازە ڕوسەکانی لە ورمێ دەکرد. ئەو جارجارە لەگەڵ چەند یاریکەری ڕووس لە ورمێوە دەهات بۆ مەهاباد و لەگەڵ ئێمە خوێندکارانی خوێندنگەی ئامادەیی "دەبیرستانی پەهلەوی" یاری ڤۆلیباڵیان دەکرد. ناوبرا هەموو جارێ چەند ڕۆژنامەی کوردی "ڕێیا تازە"شی بۆ دەهێناین کە لەلایەن کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتەوە لە "یەریڤان" دەردەچوو. من ئەو ڕۆژنامەیەم دەخوێندەوە. لە دەقی وتارێکی ئەو ڕۆژنامەیەدا باسی "کومسومۆل" کرابوو. لە "جەعفەرۆڤ"م پرسی کومسومۆل چییە؟ ئەو ناوەکەی بۆ شی کردمەوە و گوتی: "کومسومۆل، سازمانی جەوانانی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەتە." ئەو ناوە سەرنجی منی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ماوەیەک بیرم لێکردەوە و سەرئەنجام بڕیارمدا بۆ دامەزراندنی سازمانی جەوانانی کورد لەگەڵ ژمارەیەک دۆستی نزیکم قسە بکەم، بەڵکو بەیەکەوە بۆ دامەزراندنی "سازمانی جەوانانی کورد" هەوڵ بدەین[1].)**

---

[1]- غەنی بلوریان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢١.

بلوریـان و چەند هـەڤاڵی کـە بریتـی بـوون لـە: سـەدیقی سیاسـەری، عەبدوڵڵا حەکیم زادە، سەدیقی خاتەمی، عەلی مەولەوی، ئەحمەد ساڵحیان، قادر مـەحمودزادە "دکتـۆر ئاسـۆ"، سـەید عەبـدوڵڵا زەکـی، عـەزیز فـەرهادی، مسـتەفا سـاوجبلاغچی بانگـەوازێک سـەبارەت بە پێداویسـتی پیکهێنـانی سـازمانی جـەوانانی کـورد، بـلاو دەکەنەوە و داوا لە لاوانـی کـورد دەکەن بـۆ گەیشـتن بـە مـافی ڕەوای خۆیـان، لـە ڕێکخراوێک دا کۆ ببنەوە. ئەو بانگەوازە لە ماوەیەکی کـەم دا لەلایەن ٢٥٠ کەسـەوە واژۆ دەکرێت و ئەو ڕێکخراوە دادەمەزرێنن و بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیـان بەهـۆی عەبدوڵا حەکیم زادەوە،، خـانووبەرەی سـاڵح زادە بـەکرێ دەگرن. لـە چاپخانـەکانی شار یەک دوو کورسیی و مێز بە یارمەتی وەردەگرن بنکەکەیـان بە کتێبخانەیـەک و وێنەی شێخ سەعید، شێخ عەبدولقادر، ئیحسان نوری پاشا، دوکتور فوئـاد و وێنـەی خـەیاڵی شـێخ عەبدولسـەلامی بـارزانی دەڕازێنـنەوە و وەک بلوریـان دەڵێـت بـۆ ڕەزایەتی ڕووسەکان وێنەی ستالین و لینین و مارکس و ئینگلس لەوێ هەڵداوەسن. غەنی بلوریان و زۆربەی ئەندامانی ئەو گروپە کە بە بنەماڵە لە قازی محەمەد نزیک بوون، لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢١- ئـاپریلی ١٩٤٢دا لـە بـاخی مکائیل کۆبوونەتەوە و غەنی بلوریانیان بە بەڕێوەبەر و عەلی مەولەوی، ئەحمـەد سـاڵحیان، قادر مەحمودزادە، عەزیز فەرهادییان بە ڕێبەرانی سازمانی جەوانان هەڵبژاردوە[1].

---

[1]- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٢.

## کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان

پێشـتر گـوتم بەرلـە داگیرکردنـی ئێـران لـە لایـەن سـوپای هاوپەیمانانـەوە و جێگیربـوونی لەشـکری ٤٧ ی سـۆڤیەت لـە ئازەربایجـان و ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان، کۆمەڵەیـەکی سیاسـی بە نـاوی کۆمەڵـەی ڕزگـارییخوازیی کوردسـتان کە لـە مـانگی جـونی "حـوزیران" سـاڵی ١٩٣٨ - ١١ی جـۆزەردان تـا ٩ی پوشـپەڕی ١٣١٧، لـە مەهابـاد دامــەزرابوو[1]. هەیئـەتی ناوەنـدیی کۆمەڵــەی ژیـانەوەی کوردسـتان لـە ڕاپۆرتەکانیدا ئاماژە بۆ چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیـە دەکات و ئەوانـی بەنـاوی خـۆی تۆمـارکردون. تەنانـەت لـە یـەکێک لـە ڕاپۆرتەکانیـدا سـەبارەت بـە هـاتنی سـوپای سـۆڤیەت بـۆ نـاو خـاکی کوردسـتان، بـۆ "مۆلۆتـۆڤ" وەزیـری دەرەوەی سـۆڤیەتی نوسیوە: **(بە بۆنەی هاتنی لەشکری سورەوە بۆ مەهاباد، حیزبی ئێمە بەیاننامەیەکی نوسـی و دەستبەدەسـت بڵاویکـردەوە و ڕایگەیانـد هـەر کـەس ئـەم بەیاننامەیـەی پێدەگات، دانەیـەکی لەبـەر بنوسێتەوە و بیدات بـە کەسێکی تر. حیزبی ئێمـە لـەو بڵاوکراوەیەدا لەشکری سوری بە ناوی لەشکری ئازادکەری نەتەوەی کورد ناساند. دوای هاتنی لەشکری سـوری سـۆڤیەت بۆ ئێران، دەرکـەوت حیزبـی ئێمـە لـە نـاو حیزبەکانی تردا، حیزبی هەرە پێشکەوتووی دژ بە فاشیست بووە[2].)**

کۆمەڵــەی ئــازادییخوازیی کوردســتان دوای هــاتنی ســوپای ســۆڤیەت بــۆ کوردستان و بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیەی سەرەوە، بە هـۆی کێشـەی نـاوخۆیی ئەندامانیــەوە، هەڵوەشــایەوە. عــەزیز زەنــدیی ســەرۆکی کۆمەڵــە لەگــەڵ غــەفور مـەحمودییان ئەنـدامی سـەرکردایەتی کۆمەڵـە لـەو حیـزبە دوور کەوتنـەوە. عـەزیز زەندیی مەهابادی بەجێهێشت، ماوەیـەک لـە تـەورێز نیشـتەجێ بـوو، دواتـر چـوو بـۆ تـاران و ڕۆژی ١٣٥١/٤/٢٤- ١٩٧٢/٧/١٥ لــە تەمــەنی ٧٤ ســاڵییدا بــە نەخۆشـیی شـێرپەنجە کـۆچی دوایـی کـرد. تـەرمی عـەزیز زەنـدیی لـە گۆڕسـتانی "بەهەشـتی زەهرا"ی تاران بە خاک سپێردرا و مەحمودیان دوو ڕۆژ دوای ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردسـتان، لـە گـەڕەکی جولـەکانی شـاری مەهابـاد لەبـەر دەرگـای مـاڵی "بابـاجو"ی بازرگاندا تیرۆرکرا[3].

---

[1]- حامیـد گەوهـەری، کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان، لاپـەڕەی ٢٣، هـەولێر، چـاپ و بڵاوکـراوەی ئاراس، ساڵی ٢٠٠٤.

[2]- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٢٣- ٢٤.

[3]- هـەمان سـەرچاوە لاپـەڕەی ٣٤. لەشکری چواری ورمـێ لـە ڕاگـەیانراوی ژمـارەی ١٩١٢٤ ڕۆژی ١٣٢٦/١/١٠- ١٩٤٧/٣/٣١ یدا کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم، بە بۆنەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی

نزیکـەی سـاڵێک دوای هەڵوەشـانی کۆمەڵـەی ئـازادیخوازیی کوردسـتان، حوسێن فروهـەر "حوسێنی زێڕینگـەران" و چەند هاوڕێیـەکی لەگەڵ ژمارەیـەک لـە ڕونـاکبیرانی شـاری مەهابـاد یـەکیان گـرت و ڕۆژی ١٣٢١/٥/٢٥- ١٩٤٢/٨/١٦، کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردستانیان بـە نهێنی دامەزراند، بـەڵام لـە بەڵگەنامەکانیاندا، چالاکییـەکان و مێژووی کۆمەڵـەی ئازادیخوازیی کوردستانیان بە ناوی کۆمەڵـەی ژیانەوەی کوردستانەوە تۆمارکرد. دامەزرێنـەرانی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردستان بریتـی بـوون لـە: حوسێن فروهـەر، عەبدولرەحمان زەبیحـی، محەمـەد نانـەوازادە، عەبدولرەحمان ئیمـامی، قاسـم قـادری قـازی، مـەلا عەبدوڵڵا داودی، محەمـەد یـاهو، مەلا قادری مودەرسی، سەدیق حەیدەری، عەبدولرەحمان کیانی، محەمەد شاپەسند، محەمەد ئەسحابی، نەجمەدین تەوحیدی، حامید مـازوچی، عـەلی مـەحمود، محەمـەد سەلیمی. هەروەهـا میرحـاج ئەحمەد کە ئەفسـەرێکی ڕاکردوی عێراق بوو، و سـاڵی ١٩٤٣ لەگەڵ شۆڕشـی بـارزان کەوت، هاوکـاری دامەزرێنەرانـی ژێکـافی کـردوە و تەنانەت مامۆستا هەژار موکریانی لە لاپەرەی ٧٤ی چێشتی مجێوردا ئەو بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ژێکاف دەناسێنێت.

هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان لـە ڕاپۆرتێکیدا بە ژمـارەی ٤٤٤ کە ڕۆژی ١٣٢٣/١٠/٧- ١٩٤٤/١٢/٢٨ ئاراسـتەی مۆلۆتـۆڤ وەزیـری دەرەوەی سۆڤیەتی کردوە، دەڵێت: (**حیزبی ئێمـە لـە مـانگی جونیی سـاڵی ١٩٣٨ دامـەزراوە، بەڵام بە هۆی کۆنترۆڵی توندی حکومەتی ئێرانەوە، چالاکییـەکی زۆری نـەبووە**[1].) (پاشبەندی ٣)

کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان بـەگوێرەی پرۆگرامەکـەی، دەیویسـت هـەموو پارچەکانی کوردستان یەکبخاتەوە و نەتەوەی کورد ئازاد بکات. هـەروەها یارمـەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و شارستانیی گەلان بدات کە گەشـە بکـات، کـەچی لـە ڕۆژی دامەزراندنیەوە، ١٩٤٢/٨/١٦ تـا ١٩٤٣/٥/١٣، بـۆ مـاوەی هەشـت مانـگ، هـیچ چەشـنە چالاکییەکی لە دەرەوەی ئەندامانی خۆیدا نەبوو، تەنانەت خۆشی ئاشکرا نەکرد.

ڕۆژی ١٣٢٢/٢/٢٢- ١٩٤٣/٥/١٣، ٢٥ ئەندامی کۆمەڵە لە چیای "قەڵای سـارمێ" کـە دەکەوێتـە ڕۆژهـەڵاتی شـاری مەهابـاد، کۆدەبنـەوە و پرۆگرامـی کۆمـەڵەکەیان لەگـەڵ پرۆگرامـی یەکیـەتی سـۆڤیەت هەڵسـەنگاند و بڕیاریانـدا بـۆ بەرەوپێشـبردنی ئامانجی حیزبەکەیان، لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت پێوەندیی دامەزرێنن.

---

محەمـەد، سـەیف و سـەدری قـازی بڵاویکردەوە، کوژرانی مـەحمودیانی خسـتە ئەسـتۆی پێشـەوا قازی محەمەد.

[1]- دەقی بەڵگەنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بە زمانی تورکیی ئازەربایجانیی.

یەکەم ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان" ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێکاف، دوو مانگ دوای ئەو هەڵوێستە، واتە لە مانگی پوشپەڕی ١٣٢٢- جولای ١٩٤٣ دا بڵاوکرایەوە. لە چالاکییەکانی کۆمەڵە، دوای بڕیاری کۆبوونەوەی قەڵای سارمێ، دەردەکەوێت کە کۆمەڵە جگە لە پەسندکردنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت و دەرکردنی گۆڤاری نیشتمان، بڕیاری بەرفرەوانکردنی حیزب، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییە ناوخۆییەکان، نیوە ئاشکرا کردنی حیزب و کۆکردنەوەی کەسایەتییەکانی لە ناو حیزبدا پەسند کردوە. لەو ڕووەوە هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە لە گۆڤاری نیشتماندا داوای لە خەڵک کردوە کە لە دەوری کۆمەڵە کۆببنەوە. هەروەها هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە لەم ڕاپۆرتەی خوارەوەیدا کە دەربارەی مێژووی خەباتی کۆمەڵە ئاراستەی مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەتی کردوە، دەڵێت:

**- (لە هاوینی ساڵی ١٩٣٩دا، هەواڵ بڵاوبووەوە کە سوپای سوری سۆڤیەت گەیشتووەتە سنوری باکوری ئێران و دەیەوێت بێتە ناو خاکی ئێرانەوە. هەڵسوڕانی پێشگیرییکەرانەی سوپای ئێران دژی سۆڤیەت ئەم هەواڵەی بەهێز کرد. ئەو هەواڵە مزگێنییەکی خۆش بوو بۆ حیزبی ئێمە، بەڵام ڕووینەدا.)**

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کە ناوەندەکەی لە مەهاباد بوو، بەرە بەرە گەشەی کرد و بوو بە ڕێکخراوێکی چالاکی جەماوەریی. لە بۆکان، سەردەشت، سەقز، کرماشان، شنۆ، مەهاباد، هەولێر و سلێمانیی کۆمیتەی ناوخۆیی هەبوو. لە کۆمیتەکانیدا، ئەندامانی بە پێنج شێواز دابەشکرد بوو. پێوەندیی نزیک و برایانەی لەگەڵ حیزبی هیوا[1]، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و شۆڕشی بارزان دامەزراند[2]. لە لاپەڕەی ١٨ ی گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ٢ دا بە کلێشەیەکی گەورە نوسیویەتی: **(ئەم جەنگەی سەرۆکی گەورەی کورد مەلا مستەفا بارزانی هەڵیگیرساندووە، اختلالێکی میللی کوردە.)** (پاشبەندی ٤)

ژمارەیەک نووسەر لە نووسینەکانیاندا بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەڵێن کۆمەڵەی ژیانی کورد. بەکارهێنانی ئەو ناوە بۆ ژێکاف بە تەواوی هەڵەیە، چونکە دامەزرێنەران و سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژێکاف هەرگیز لەو باوەڕەدا

---

1- حیزبی هیوا ساڵی ١٩٣٩ لە سلێمانی دامەزرا و ڕەفیق حیلمی سەرۆکایەتی دەکرد.

2- مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣دا بە چەک کردنی چەند پۆلیسخانە لە ناوچەی بارزان، شۆڕشێکی جەماوەری بەرپا کرد کە بە شۆڕش دووەمی بارزان دەناسرێت و تا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو.

نەبـوون کە نەتەوەی کـورد دەتـوێتەوە لەنـاو دەچێـت، بەڵکـوو لەوە ترسـاون کە دوژمـن بەردەوام بێـت لە بەرتەسـک کـردنەوەی خـاکی کوردسـتان و ناوچەکـانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمـێ و ....تد و ئەو ناوچـانە و بەشـێک لە خـاکی داگیـراوی باشـور، بـاکور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان بە خـاکی خـۆیەوە بلکێنێت. بەو بۆچـوونە، پەسەندکردنی ئەرکی تێکخستنەوەی خاکی کوردستان لە پرۆگرامـی ژێکافدا بۆ ئەو بیرۆکەیە دەگەڕایەوە.

## شورای شار و پڕچەک کردنی خەڵکی مەهاباد

لە گەشتی سەرۆکەکاندا بۆ باکۆ، قازی محەمەد توانیبووی ڕا و سەرنجی باقرۆڤ و کاربەدەستانی سۆڤیەت بۆلای خۆی ڕابکێشێت و بەڵێنیان لێوەربگرێت لەکاتی پێویستدا بۆ ئارام ڕاگرتنی شاری مەهاباد یارمەتی بدەن. لەو پێوەندییەدا، گەورە پیاوانی مەهاباد بە پێشنیازی قازی محەمەد، شورایەکیان لە لاوان و ڕۆشنبیرانی شار پێکهێنا کە شار لە پەلامار و تاڵانی عەشایر بەدوور ڕابگرن و خەڵکیان هاندا تفەنگ بکڕن و کێشکی شار بدەن. ئەو شورایە کە قازی محەمەد خۆی سەرۆکایەتی دەکرد، مستەفا سوڵتانیان، عەلی ڕیحانی، ئیبراهیم ئیبراهیمیان "نەوجەوان"، محەمەد ئەمینی شەڕەفی، سەید خدری سەید نیزامی "سەید پیرە" و چەند کەسێکی تری ئەندام بوو[1]. شورا ئەرکی ئاسایش و ئەمنیەتی شاری مەهابادی بە سەیید پیرە سپارد و ئەو دەستەیەکی خۆبەخشی لە لاوان و خەڵکی شار پێکهێنا کە هەندێکیان بە چەک و هەندێکیشیان بەبێ چەک و بە گۆپاڵ، شەوانە کێشکی گەڕەکەکانی شاریان دەکێشا و چونکە قۆڵ پێچی سپییان لە قۆڵدا بوو، ناوی "قۆڵ سپی"یان لەسەر نابوون.

بە وتەی ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوودا، ئەوکاتە مەهاباد هەشت گەڕەکی بەو ناوانە هەبوو: گەڕەکی شوانان، گەڕەکی زرگەیان، گەڕەکی قوڵە قەبران، گەڕەکی ئەرمەنیان، گەڕەکی سێ ئاشان، گەڕەکی مزگەوتی سور، گەڕەکی خڕێ و گەڕەکی "حاجی حەسەن"یان. نابراو سەبارەت بە کێشکی شەوانە دەڵێت: (**دوای فەرمانی جەنابی قازی سەبارەت بە کێشک دانان، هەر گەڕەکەی سەرۆکی کێشکچیان بۆ خۆیان هەڵبژارد و لە ناو گەڕەک دا شوێنێکیان وەک مقەڕ بۆخۆیان دیاری کرد. لەو مقەڕانە نان و پەنیر و پێخۆر و چا و پیاڵە و سەماوەری لێ بوو. هەر کێشکچییەک نۆرەی تەواو دەبوو دەهاتەوە مقەڕ و ماندویی دەحەساندەوە و نان و چایەکی دەخوارد. ناوی ماڵەکان نوسرابوو و پێویست بوو**

[1]- لە ڕەشنوسەکەی کاک قاسم قازیدا هاتووە: (**هەوەڵ جار میرزا غەنی خوسرەوی بوو بە سەرۆکی ئیتزاماتی شار. دوایە هەر بە ماوەیەک حاجی سەیید ڕەحیم نیزامی، میرزا مەحمود مەنسوور قازی و سەید خدری سەید نیزامی"سەید پیرە" بەرپرسی ئەو ناوەندە بوون. چارەسەری کێشە لاوەکییەکانیش لە ئەستۆی ئەو ناوەندە بوو، و کێشە گەورەکان ڕاستەوخۆ بە هۆی پێشەوا و براکەی سەدری قازی بە پەیوەندی بە سەرۆک عەشایر و کەیخودای شار جێبەجێ دەبوو.)**

**له نۆرەی خۆیان دا پیاو بنێرن بۆ کێشک کێشـان. گەر ماڵێک نەیتوانیبا کێشـکچی بنێرێ دەبوایە ئەو شەو کە نۆرەیەتی، کێشکچی بە کرێ بگرێت.)**

یەکیەتـی سـۆڤیەت بەڵێنەکەی بە قـازی مـحەمەد بەجێگەیانـد و دوای پێکهـاتنی ئەو دەسـتە خۆبەخشـە، کۆمەڵێک چەکـی سـوک و فیشـەکی هێنـا بـۆ مەهابـاد و لە دەسـتپێکدا گروپێکـی ٤٠٠ کەسـی پـێ پـڕچەک کـرد. لەو بـارەیەوە سـەعید هومـایون دەڵێت: (**لە پاییزی ساڵی ١٣٢١دا یەکیەتی سۆڤیەت هەندێک تفەنگ و فیشەکی هێنا و لە بەشی ڕۆژئاوای نزیک پردی سوری- بەنداوی ئێستای مەهابادی- دانا و قازی محەمەدی ئاگادار کردەوە. ئەویش هەر ئەو شـەوە، چوار سـەد کەسـی لە خەڵکـی مەهاباد کە پێشتر بۆ وەرگرتنی چەک ناونوس کرابوون، ئاگادار کردەوە و ئەوانە هاتن و هەرکامەیان چەکێک و ١٠٠ فیشەکیان وەرگرت. هەر ئەو شەوە هەندێکیش چەک و فیشـەکیان بە دوو داشـقە ڕەوانەی مەهابـاد کـرد کە لە نێـوان خەڵکـی تـر بڵاویان بکەنەوە**[1]**.)**

هەرلەو پێوەندییەدا ڕەحمانی قازی دەڵێت: (**پاش ماوەیەکی کورت خەڵکی شار پـڕچەک بـوون. ئـارامی و ئاسـایش ڕووی لە مەهابـاد و نـاوچە کـرد و وڵات وەک ماستی مەیوی لێهات. جەنابی قازی بە خەڵکی شاری ڕاگەیاند کە پێویستە هەمـوو ڕۆژە هەینییەک ئەوانەی چەکدارن و لە خۆیان ڕادەبینن کۆ ببنەوە و لە شار بڕۆنە دەر و تەمرین بکەن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی تەنگانە دا ئامادە بن و بزانن چـۆن چەک بەکار بهێنن. بەو فەرمانە هەر گەڕەکەی ئـاڵای تـایبەت بە خۆیـان دروسـت کـرد و ڕۆژانـی هەینـی هەشـت ئـاڵای ڕەنگاوڕەنـگ لەسـەر خەڵکـی شـار دەشـەکایەوە و دیمەنێکی جوان و ڕازاوەی بە شار و مانۆڕەکەی دەبەخشی. کاتێک پیاوەکانی هەر گەڕەکێک ئامادە دەبون یەک لە دوای یەک وەک سوپایەکی خاوەن سەقام و نەزم بە دوای یەکدا لە شار وەدەر دەکەوتن کە ئەو ڕێو ڕەسـمە شکۆیەکی جوان و بە هەیبەتـی هەبـوو. هەروەهـا خەڵکی دڵگەرم و یەکگرتـوو دەکرد و هەسـتیان بەوە دەکرد ئیتر خاوەن بڕیاری خۆیانن و دەتوانن لە بەرامبەر هەموو هێرشێکدا خۆیان ڕابگرن و یەکڕیز بن. زۆربەی کات ڕووی مانۆڕەکە بە سەر پـردی سـوردا بەرەو ئاوایی وسوکەند بوو. چەکدارەکانی شار بە ڕیـز و ڕێکوپێـک تـا ئـاوایی وسـوکەند دەڕۆیشتن و لەوێوە بە هەمـان شـێوە دەگەڕانەوە شـار. دیـارە لەو نـاوەدا لە دوو شوێن نیشانە دادەکرا و دەبوو بە تەقە و گرم و هۆڕی تفەنگان، نیشانەشکێنی ئەو**

---

[1]- ڕەوانشاد سەعید هومایون، هەمان سـەرچاوە، لاپەڕەی ٧٢. پاییزی ١٣٢١، دەبێتە کۆتـایی سـاڵی ١٩٤٢ز.



١- حیجازی ٢- داریوش سولّتانیان ٣- عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق، ٤- سلێمان موعینی و ٥- قاسم سولّتانیان. وێنە لە کوبرا ئیمامی، لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

ڕۆژە دیاری دەکرا. ئەو مانۆڕ و کۆبونەوانە بە مانۆڕی قازی ناوبانگیان دەرکرد. لەو کۆبونەوانەدا پیرە پیاوەکانیش بەشداریان دەکرد و زۆرجار بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕاوە و گەنجەکانیش کەڵکیان لەو ئەزمونانە وەردەگرت.).

ڕەحمان قازی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (.... لە ماوەیەکی کەمدا شاری مەهاباد بوو بە قەڵایەکی تۆکمە و خۆڕاگر بە جۆرێک لە هیچ لایەکەوە دوژمن نەیدەتوانی دزە بکاتە ناو شار. جەنابی قازی زۆربەی شەوان خۆی بە تەنیا سەری گەڕەکەکانی شاری دەدا و کێشکچییەکانی بە سەر دەکردەوە و ڕاستەوخۆ چاودێری بارودۆخی شاری دەکرد. بەو پلان و بەرنامەیە، مەهاباد یەکجار ئەمن ببوو و دزی و کاری نەشیاو بە هیچ جۆرێک نەدەبیندرا..... وەک باس دەکەن شەوێک ئەحمەدی گوڵاوی ئاغا کە یەکێک لە مەنگوڕەکانی دەوروبەری مەهاباد بوو پیاوە چەکدارەکانی دێنێ و لە مێشەی بەرامبەر بە مەحکەمەی قازی خۆی حەشار دەدا و دەیەوێ هێرش بکاتە سەر مەحکەمە و قازی بکوژێ، بەڵام دوای ئەوەی دەبینێ هەموو خەڵک چەکدارن و کێشکچی زۆر وریا و ئازایان هەیە واز لەو پلانەی دێنێ و دەگەڕێتەوە.)

هەروەها دەڵێت: (پارەیەک بە ناوی "سەرانە" لە خەڵک وەردەگیرا کە موچە و تێچونی شارەوانی و شارەداری پێ دابین دەکرا و ماوەی پارەکەیان بۆ کاری خزمەتگوزاری شاری سەرف دەکرد.... ڕۆژێک حاجییەکی دەوڵەمەند دەچێتە لای

**جەنابی پێشەوا و دەڵێ: قوربان سەرانەی منیان پێنج تمەن نوسیوە، ئەوە بۆ من زۆرە و پێم نادرێت. قازی دەفەرموێ: حاجی چەندت پێدەدرێ؟ حاجی گوتی: دوو تمەن. جەنابی پێشەوا دەفەرموێ باشە لەو مانگەوە تۆ دوو تمەن بدە. حاجی دەڕوا و ئەوانەی لەوێ دەبن دەڵێن جەنابی پێشەوا ئەو حاجییە زۆر دەوڵەمەندە و دەتوانێ مانگێ سەد تمەن بدات بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکا. قازی لە وەلامیان دا دەفەرموێ: "ئەو حاجییە کوردێکی دوو تمەنییە و هەر بۆیە دوو تمەن بدات باشترە." لەوەوە دەردەکەوێ جەنابی پێشەوا خەڵکی باش ناسیوە و بۆ هەمو کارێک هەڵسەنگاندنی خۆی هەبووە.)**

هەرلە بارەی چەکدارکردنی خەڵکی مەهاباد، قادر مەحموود زادە "دکتۆر ئاسۆ" ئاماژە بۆ ڕۆژی هێنانی ئەو چەکانە و بڵاکردنەوەیان لە مەهاباد دەکات و دەڵێت: **(.... خەلکێکی زۆری چەکدار لە نیزیک پردی سور کۆبوونەوە و بە داکردنی نیشانە خۆ و تفەنگەکانیان تاقیکردەوە و دواتر بۆ چاوترسێن کردن و خۆڕانان لە بەرامبەر عەشایری چەکدار، لە لیباسی جوارجۆردا، بە سەرۆکایەتی چەند کەس، چوارکەس چوارکەس گەڕانەوە بۆ نێو شار و دوای تەقاندنی چەند تفەنگ لە نیو شاردا بڵاوەیان کرد[1].)**

لەو سەردەمەدا ڕۆژهەلاتی کوردستان بە سێ شێواز بەڕێوەدەچوو. لە سنوری یەکیەتی سۆڤیەت و ماکۆوە تا سنوری سەردەشت و سەقز بەدەست یەکیەتی سۆڤیەتەوە بوو. سەردەشت، بانە، سەقز و سنە تا دەگاتە کرماشان و ئیلام و لوڕستان ئینگلیزەکان تێیاندا جێگیر بوو، بەلام ئێران حوکمی ئەو جێیانەی دەکرد. ئەوکاتە هەموو عەشیرەتەکان چەکیان هەبوو، حەمە ڕەشیدخانی بانە توانی بانە لە چنک ڕژێمی شا دەربێنێت و خۆی حوکمی ئەو شارە و ناوچەکە بکات. شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی حەفید "مەلیک مەحموود" سەردەشتی لە دەست ڕژێمی ئێران دەرهێنا. قازی محەمەد بۆ ئەوەی کە مەهاباد لە مەترسی عەشیرەتەکانی مەنگوڕ، دێبوکری، مامەش و گەورک ڕزگار بکات، سەرەڕای پێکهێنانی دەستەی چەکدار، لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت کۆبووەوە وبەڵێنی لێ وەرگرتن کە ئارامی شاری مەهاباد بپارێزن. لەو بارەیەوە خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١١٣ کتێبی مێژووی تایفەی قازی دا ئاماژە بۆ کۆبوونەیەک دەکات کە لە ماڵە قازی محەمەد پێکهاتووە و ئەو پرۆتکۆڵی کۆبوونەوەی نووسیوە و دەڵێت: **(بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە:**

---

1- دکتۆر ئاسۆ، بیرەوەری، لاپەڕەی ١٢٦.

حاجی قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایری ئاغای پەسوێ، حاجی کاک هەمزەی قادری ئاغای جەڵدیان، زۆربەی کەیخوداکانی عەشیرەتی مامەش، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد"عەلیار" و زۆربەی ڕیش سپییەکانی عەشیرەتی دێبوکری، عەولای بایزئاغا و برایم ئاغای سالاری سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕ، بایزی عەزیزئاغای سەرۆکی گەورکان و قەرەنی بایزید، ڕیش سپیەکانی عەشیرەتی پیران. بەشدارانی ئەو کۆبوونەوە بڕیاریاندا هێمنی ناوچە بپارێزرێت و ئاژاوەگێڕ و گێرەشێوێنانی شار لەناوبەرن و کێشەکان بە هێوری و هێمنی چارەسەر بکەن.) خەلیل فەتاحی قازی خۆی بەندەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئیمزا دەکا و دواتر بەشداران بە تێکڕا واژۆیان کردوە. هەروەها قازی محەمەد پێوەندیی نزیکی لەگەڵ حەمە ڕەشیدخانی بانە پێکهێنا و حەمە ڕەشیدخانی بانگهێشتی مەهاباد کرد و بەڵێنی هاوکاریی لێوەرگرت.

جگە لەوانە قازی محەمەد لە مەهاباد پارێزگاری لە کاربەدەست و کارمەندانی حکوومەتی ئێران دەکرد کە نەکات زیان بە گیانی ئەوان و ئارامی و ئاسایشی شار و خەڵکی مەهاباد بگات کە ئەو هەڵسوکەوتەی قازی محەمەد بەدڵی بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان نەبوو. دیارە ئەو هەڵسوکەوتەی قازی محەمەد تەنیا بۆ ئەو سەردەمەی مەهاباد نەدەگەڕایەوە، بەڵکوو ناوبراو لە پەلاماری ڕوسەکانیشدا بۆسەر مەهاباد هەربەم جۆرە هاوکاریی هەموو لایەکی کردوە. لەو بارەیەوە خەلیل فەتاح قازی دەڵێت: (کاتی پەلاماری ڕوسەکان بۆ مەهاباد، قازی محەمەد سەرۆکی نەخۆشخانەی شێروخورشید بوو و بە فەرمانی ئەو هەموو ئەو سەرباز و خەڵکانەی لە پەلاماری ڕوسەکاندا بریندار بوون، لە شێروخورشید دەرمان کران و دوای چاک بوونەوەیان ڕەوانەی میاندواو کران. قازی چەکداری هەبوو، حەسەن زادە سەرۆکی ئیدارەی دارایی و فەرماندار و ڕەئیسی بانگی میللی بە دوو چەکدارەوە لە مەهاباد ڕەوانەی میاندواو کردن کە گیانیان بپارێزرێت.... لەگەڵ ئەوەشدا قازی محەمەد بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و سامانی دەوڵەت نەکرێت[1].)

[1]- خەلیل فەتاح قازی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٧٧ و ٨٠.

## دەرچوونی عەلی ئاغای دێبوکری لە مەهاباد

دوای تێپەڕبوونی نزیک بە هەشت مانگ بەسەر داگیرکردنی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە، بە هەوڵی قازی محەمەد و ئەندامانی شورای شار و هاوکاریی خەڵک و عەشیرەتەکانی ناوچە، شاری مەهاباد بە ئارامی و بەبێ ڕووداوی مەزن و مەترسیدار مایەوە. لە هەمان کاتدا شاری ورمێش ئازاد و هێمن بوو، کە حکومەتی ئێران بە چاندنی تۆوی ئاژاوە، ناکۆکیی خستنە نێوان کورد و تورکەکانی دانیشتووی ورمێ و دەوروبەری و ناوچەکەی ئاڵۆز کرد. لە ئەنجامدا سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناچارکرد ڕۆژی ١٣٢١/٢/٥-١٩٤٢/٤/٢٥ پەنا بۆ توندوتیژیی بەرن و دەزگاکانی پۆلیس و ژاندارمەریی کە بە پێچەوانەی مەهاباد لەوێ مابوون، چەک بکەن و زۆر بێبەزەیانە گوندە ئازەریی نشینەکانی بەری ڕۆژئاوای گولی ورمێ تالان بکەن.

حکومەتی ئێران لە ڕەوتی ئەو ئاژاوەیەدا کە سەرهەنگ هاشمی لە ورمێ پێکیهێنا، توانی لەگەڵ ڕێبەرانی مۆسکۆ ڕێک بکەوێت و ڕۆژی ١٣٢١/٢/٢٦-١٩٤٢/٥/١٦ یەکەیەک لە لەشکری یەکی ناوەند بە فەرماندەیی سەرهەنگی تۆپخانە "میهن جو" لە ورمێ جێگیر بکاتەوە[1].

هەروەها ڕێبەرانی مۆسکۆ لەو ترسە کە نەکات کوردەکان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هاندرابن کە ناوچەی ورمێ بشێوێنن، زۆر بە توندی دژی کردەی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەی ورمێ ڕاوەستانو لە نامەیەکی نهێنیدا، مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، لەمپەر خستنەبەر گەڕانەوەی سوپای ئێران لەلایەن فەرماندەکانی سوپا و کارگێڕانی سیاسیی سۆڤیەت بۆ ورمێی مەحکوم کرد. مۆلۆتۆڤ لە بەشێکی نامەیەکەیدا بۆ باڵیۆز و کۆنسوڵگەرییەکان و فەرماندەکانی لەشکری ٤٧ ی سۆڤیەت ڕایگەیاند:

**(بۆ هاوڕێ سیمیرنۆڤ باڵیۆزی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران**
**ژمارە ١٤٢ م – ٣١ ی ئاگۆستی ١٩٤٢**

**.... دەرەبەگایەتی کورد، دەسەڵاتی زەویداریی و دەسەڵاتی خێڵییان پێکەوە گرێدراوە. سەرکردە کوردەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان بە ئاسانیی ئەربابەکانیان گۆڕیوە. لەبەرئەوە نابێ کار و کردەوەی سەرۆکە کوردەکان کە**

[1]- سەرلەشکر زەنگەنە، س ن، ل ٣٥-٣٧ و حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفائەمین، ل ٥٤.

ئێستا لەگەڵ نوێنەرانی ئێمە خەریکی خۆشوبێشن، جێی بڕوابن، چونکە ئەوان کاتێک لە خەباتی خۆیان کەڵکوەردەگرن کە پاڵ بە هێزەکانی سۆڤیەتەوە بدەن. ئەو کارە لەوانەیە کاربەدەستانمان توشی هەڵە بکات کە لە ڕووی بێ ئەزمونیی و خۆشباوەڕییەوە، لایان وا بێت کە هەموویان، یان بەشێکی زۆر لە سەرۆکە کوردەکان، بە ڕاستیی لایەنگری سۆڤیەتن. ئەو بڕوایە ئەگەر نەگۆڕدرێ، یان بە دروستیی وەرنەگیرێت، ڕەنگە بە کردەوە ئەنجامێکی زۆر زیانبەخشی بۆ ئێمە هەبێت. کوشتن و بریندارکردنی سەربازانی سوپای سۆڤیەت لە لایەن کوردەکانەوە، درێژەدان بە تالانیی، بەپێچەوانەی بڕیاری فەرماندەکانی ئێمە سەبارەت بە ئاودیو کردنی مەڕ و ماڵات بۆ تورکیا و تد.. لە لایەن کوردەکانەوە، دەبێ چاوی کارگێڕانمان لە ئاست کورد و ڕێبەرانیان بکاتەوە.

بۆ بەرگرییکردن لە بەهەڵەداچوونی نوێنەرانمان، دەبێ بەردەوام لە هێڵی ناوەڕاستی خۆشوبێشکردن لەگەڵ کوردان دوربن و لەپێناوی پتەوکردن و پەرەپێدانی پێوەندییەکانمان لەگەڵ دانیشتووانی خۆجێیی بە پلەی یەکەم، بە لای ئازەرییەکاندا هەنگاو بنرێت. هەر وەک ئاشکرایە، ئازەربایجانییەکان بەشی زۆری ئازەربایجان پێکدەهێنن و لە ڕووی ئەتنۆگرافیی و مێژووییەوە، پێوەندییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەت هەیە و هەمیشە بەشی زۆری هێزی بزوتنەوەی دیموکراتیی لە ئێران پێکدەهێنن.

نابێ کاربەدەستانمان لە ئازەربایجانی ئێران بڕوا بە سەرۆکە کۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی کورد بکەن، بەڵکوو دەبێ حیساب بۆ پێشکەوتنخوازیی لە ناو دانیشتووانی ئازەربایجاندا بکەن. ئەمە بەو واتایە نیە کە ئێمە لە تەواوی پێوەندییەکانمان لەگەڵ کورددا و کەڵکوەرگرتن لەو پێوەندییانە بۆ بەرژەوەندی خۆمان، چاوبپۆشین، بەڵکوو لە کارە سیاسییەکانمان لە باکوری ئێراندا، دەبێ لەسەر ئازەربایجانییەکان حیساب بکەین، بەتایبەت لە ناو ئەواندا دەتوانرێ کەسانی باوەڕپێکراو و لایەنگری ئێمە لە جیاتی کوردان بدۆزینەوە. لە پێناوی ئەو مەبەستەدا، دەبێ بەردەوام لە پشتیوانیی کردنی کورددا دورەپەرێزیی بکرێ و هیچ چەشنە کۆسپێک لە ئاست دەسەڵاتدارانی ئێران سەبارت بە ڕاگرتنی هێمنایەتی، پێکنەهێنرێ و بەپێچەوانەوە، دەبێ لە ئازەربایجاندا بۆ لەناوبردنی دزیی و تالانیی لە لایەن کوردەکانەوە، هاوکاریی دەسەڵاتدارانی ئێران بکرێت، تا ناوچەیەکی هێمن و دوور لە دەستدرێژیی و پەلاماردانی کوردەکان بۆ دانیشتووانی خۆجێیی پێک بهێنرێت. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پشتیوانیی کردن و یارمەتیدانی کورد لە پێناوی

**هەوڵ و تێکۆشـانیان بۆ بـەدیهێنانی خودموختـاریی و دامەزراندنی کوردسـتانێکی ئازاد، دروست نیـە، چونکـە لـە هەلومـەرجی ئێسـتای ئێران دا، ئـەوە داوایـەکی بێ بناخـە و دواکەوتووانەیـە. بـە کـورتیی پێویسـتە لـە ئازەربایجانـدا گۆڕانکارییـەکی بنەڕەتیی لە کاروباری نوێنەرانمان، ئەویش لـە ڕێی پەرەپێدانی پێگەکانمان لـەناو دانیشتووانی ئازەربایجان، بکرێت.**

**پێویستە زۆربەی کاربەدەستانی باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەکان و فەرمانبەرانی سوپا، هەروەها فەرماندەکانی سوپامان لە ئێران، لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیە ئاگادار بکرێن. دوای تێگەیشتن، دەبێت نامەکە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی بنێرنەوە.**

**وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت**

**و. م. مۆلۆتۆڤ**[1]

دوای ئەو نـامەیەی مۆلۆتـۆڤ وەزیـری دەرەوەی یەکیـەتی سـۆڤیەت، ڕژێمـی شـا، بە ڕاوێـژ کـردن لەگەڵ ژمـارەیەک سـەرۆک عەشـیرەتی خـاوەن دەسـەڵات لە نـاوچەی مەهابـاد و هـاودەنگی کـردن لەگەڵیـان، بـۆ ڕاگرتنـی بە ڕواڵەت ئەمنیەتـی شاری مەهاباد و لە ڕاستیدا بۆ ڕاگرتن و هێشـتنەوەی بەرژەوەندەکانی ڕژێمەکەی، عەلی ئاغای دێبوکری "ئەمیر ئەسـعەد"ی کرد بە فەرمانداری مەهاباد. هەفتەنامـەی کوهسـتان دەڵێـت: **(ڕاگرتنـی ئەمنیەتـی مەهابـاد درابـوو بە قەرەنـی ئاغـای ئەمیـر عەشایری، عەبدوڵا ئاغـای سـەرۆکی خێڵـی مەنگوڕ، عەلـی خـانی نەوزەڕی، بـاپیر ئاغـای مەنگـوڕ و بـایز ئاغـای عەزیـزی سـەرۆکی خێڵـی گەورک. ئەوکـاتە دکتـۆر "مەرزبان" پارێزگاری پارێزگـای ورمێ بـوو و ئەو بە چاکی زانـی کە دوو کەسـی تـریش بە ناوەکـانی ئەمیـر ئەسـعەد و بـرایم ئاغـای مەنگـوڕ لەگەڵ ئەو گـرووپە، ئەمنیەتی شاری مەهاباد بپارێزن**[2]**.)**

عەلـی ئاغـای دێبـوکری بە ٣٠٠ ڕەعـیەتەوە هـاتە مەهابـاد، بەڵام عەلـی ئاغـا بەهـۆی دەسـتێوەردانی لە ژیـانی خەڵـک لە مەهابـاد لەلایەن مـاژۆر عەبـدوڵایۆڤ" بەرپرسـی ئاسایشـی یەکیەتـی سـۆڤیەت لە مەهاباد لە شـار دەرکرا. لەو بـارەیەوە دەقی نووسینی غەنی بلوریان بەرپرسی سازمانی جەوانـانی کورد لەو سـەردەمەدا، بڵاو دەکەمەوە کە خۆی دەستی هەبووە لە شاربەدەر کردنی عەلی ئاغـای دێبـوکری دا:

[1]- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری فیدراتیڤی ڕوسیا، ف ٠٩٤- ئو ٤- د١٨٨- پ١٨، ل ١٠ تا ١٤ وەرگێڕانـی ڕەوانشـاد ئەفراسـیاو هـەورامیی. دەقـی نـامەکە لـە کتێبـی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردستان، نووسینی حامید گەوهەریی، لاپەڕەی ٩٨-١٠٢ بخوێننەوە

[2]- هەفتەنامەی کوهستان، لاپەڕەی ٤، ژمارەی ٢٥، دوو شەممە، ١٣٢٣/١٢/١٤- ١٩٤٥/٣/٥.

- (.... عەلی ئاغا بە ٣٠٠ ڕەعیەتی چەکدارەوە هاتە مەهاباد و لە ماڵی "گولاوی" لە ڕووبەڕووی خانووە کۆنەکەی سەدیقی حەیدەری لە نزیک مزگەوتی "ڕۆستەم بەگ"ی دابەزی. ئەو بۆ ئەوەی چەکدارەکانی بناسرێنەوە، قۆڵبەندێکی سپی لە قۆڵ کردبوون کە لە سەریان نوسرابوو "انتظامات عەشایری" و خەڵک پێی دەگوتن قۆڵ سپی. عەلی ئاغا بۆ ئەوەی زەبر و زەنگی خۆی بنوێنێ، بە فەرمانی کاربەدەستانی تاران بەگژ "سازمانی جەوانانی کورد"دا هات و ویستی یانەی سازمانی جەوانان کۆ بکاتەوە. ناوبرا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، ڕۆژێک بەهۆی "ساڵحی شاتری" سەرۆکی ئەنجومەنی شاری مەهابادەوە کە بابی منیش ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوو، بە باوکمی ڕاگەیاندبوو کە بەمن بڵێت یانەی سازمانی جەوانان کۆ بکەمەوە. من بەبیستنی ئەو گوتنە لە زمانی بابم، ڕامگەیاند: "بە عەلی ئاغا بفەرموو خۆ دەوکارانە وەرنەدا ئەگەرنا خراپ دەبینێ. ئەو سازمانە هی لاوانی شارە و بەمن و بە عەلی ئاغا کۆ نابێتەوە."

دوای ئەو ڕووداوە، ئێوارەیەک ئاگاداریان کردم کە قۆڵ سپییەکانی عەلی ئاغای فەرماندار یانەی سازمانی جەوانانیان گەمارۆ داوە. من بە پەلە هاوڕێکانم ئاگادار کرد و لەبەر چایخانەی "ئەحمەدی قاوەچی" کۆبووینەوە و خۆمان پڕچەک کرد. یانەی سازمانی جەوانان حەوشەیەکی بچووک و دوو دەرگای هەبوو، یەکێک لەوان ڕوو بە شەقام و شیروخورشید دەکرایەوە و ئەویتریان ڕووی لە حەمامی شۆر "شوجاعولمولک" بوو. بڕیارماندا ژمارەیەک بە پشت خانووبەرەکەدا بەنهێنی بچنە سەر بانەکانی دەوروبەری بینای سازمانی جەوانان و سەنگەر بگرن، بەڵام تەقە نەکەن. من و چەند هاڤاڵێش بە چوارچرا و شەقامی پەهلەویدا بەرەو یانەی سازمانی جەوانان وەڕێکەوتین. خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری چوارچرا کۆببوونەوە و خەریک بوون دژی قۆڵ سپییەکانی عەلی ئاغا ڕاپەڕن. ئێمە گەیشتینە بەر مەحکەمەی قازی، چەکدارە قۆڵ سپییەکانی عەلی ئاغا بەریان پێگرتین:

- ئۆغر بێ.
- دەچینەوە ماڵ.
- بەم کۆلانەدا بڕۆن و ئێرە قەدەغەیە!

لەو مشتومەڕەدا بووین کە قۆڵ سپییەکان ڕووی چەکەکانیان لە ئێمە کرد و ئێمەش لێیان ڕاساین و لە ڕووبەڕوویاندا ڕاوەستاین. لەو کاتەدا، قازی محەمەد لەسەر پەنجەرەی مەحکەمەوە بە دەنگی بەرز گوتی: "کوڕینە دەست ڕاگرن، ئیزن بدەن بێم بزانم چ بووە." بەو گوتنەی قازی محەمەد هەردوولامان دەستمان شل

بووەوە. قازی هات و پرسی: "چ بووە؟" من گوتم جەنابی قازی ئێمە بەرەو ماڵمان دەڕۆین کەچی ئەو قۆڵ سپییانە پێشیان پێگرتووین. سەردەستەی قۆڵ سپییەکان ڕایگەیاند: "قوربان بە ئێمە گوتراوە کەس بەو شەقامەدا هەڵنەکشێت." قازی گوتی: "بۆچی برام؟"

- بۆ ئەوەی قەدەخەیە کە بەرەو یانەی لاوان بچن.
- کێ ئەو دەستورەی بە ئێوە داوە؟
- عەلی ئاغا.

ڕێگە بدەن ئەوانە ئینسانی باشن با بچنەوە ماڵیان.

ئەوان ڕێیان بۆ کردینەوە و ئێمە خۆمان گەیاندە یانەی سازمانی جەوانان و خۆمان بە ژووی یانەدا کرد. هەڤاڵانی ناوەوە بە پیرمانەوە هاتن و چەند کەس لەبەر پەنجەرەکانی هۆڵی یانە دابەزین و ئەوانی ترمان چووینە سەربانی بیناکە. ژمارەیەک لە هەڤاڵانمان لەوێ سەنگەریان گرتبوو، قۆڵ سپییەکان بە تاق و بە جووت لەنێو بێستانی "حوسێنە پەزە"دا لە هاتووچۆدا بوون و ژمارەیەکیش لەژێر دیواری "گومرگ" خۆیان حەشاردا بوو.

سەدیق سیاسەری تفەنگێکی سێ تیری ڕوسی پێبوو. ناوبراو گوتی: "دەمەوێ گوللەیەک لەژێر پێی ئەو قۆڵ سپییە بکەم، بزانم چ ڕوودەدات." هەرچەندە ئێمە ڕامان لەسەر ئەو کارەی نەبوو، بەڵام ئەو کاری خۆی کرد و ئەوانیش بە تێکڕا بە تەقەی هەوایی دەستپرێژیان کردین. ئەو تەقەیە بوو بە هۆی هوروژانی خەڵک و حەشیمەتێکی زۆر بەرەو یانە شۆڕ بوونەوە. لەو کاتەدا "ماژۆر عەبدولایۆڤ" بەرپرسی ئاسایشی مەهاباد کە لە نزیک چوارچرا لە خانووبەرەی ئەرمەنییەکی ئارەق فرۆشدا بوو، هۆی ئاڵۆزییەکە لە جەماوەر دەپرسێ و ئەوانیش پێی دەڵێن کە چەکدارەکانی عەلی ئاغا تەقەیان لە یانەی سازمانی جەوانان کردوە.

عەبدولایۆڤ بە سواری جیپێکی ڕوسی خۆی گەیاندە لامان و بە تورەیی لە قۆڵ سپییەکان ڕاخوری و گوتی: "بە فەرمانی کام نەفام تەقە دەکەن، مەگەر نازانن من بەرپرسی ئاسایشی ئەم شارەم؟" دەمڕاستی قۆڵ سپییەکان لە وەڵامدا گوتی: "قوربان بە ئێمە گوتراوە لێرە بین و ئیزن نەدەین کەس لەو ماڵە نزیک بێتەوە." ماژۆر عەبدولایۆڤ گوتی: "خڕکەنەوە و بڕۆن." بە دەنگێکی بەرزیش دەنگی ئێمەی دا و گوتی: "لەسەر بانەکان دابەزن." ئینجا بەرەو ماڵی عەلی ئاغا سواری ئوتۆمبیل بوو. بە عەلی ئاغای گوتبوو لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا شاری مەهاباد بەجێهێڵێ، ئەگەرنا خراپ دەبینێت.

**عەلـی ئاغـا خـۆی لە بەرامـبەر هەرەشــەی عەبـدولایۆڤ دا ڕانەگـرت و سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی لە حاڵێكدا حەشیمەتێكی زۆر لە شـەقامی "شـاپوور"ی مەهاباد كۆببوونەوە و چاوەڕوانی ڕووداوێک بـوون، عەلی ئاغا و چەكدارە قۆڵ سـپییەكانی بەسـەر شـۆڕییەوە بە شـەقامی شـاپووردا هـاتنە خـوار و مەهابادیـان بەجێهێشت و بەمجۆرە كۆتایی بە حكوومەتی عەلی ئاغا هات[1].)**

بە دەرچـوونی عەلـی ئاغـای دێبـوكری "ئەمیـر ئەسـعەد" لە مەهابـاد، ڕژێمـی ئێران كەسێكی تری بەناوی سەریعولقەڵەم كرد بە فەرمانداری مەهاباد، بەڵام پێیان ڕاگەیانــد بــوو دەســت لە كاروبــاری خەڵــک وەرنەدات و هەوڵبــدات كــارە سـەرەتاییەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمـانی ئێـران "مەجلیسـی شـورای ئێـران" بـۆ سـاڵی ١٣٢٢- ١٩٤٣ ئامادە بكات. لەو هەڵبژاردنەدا كە لە مـانگی خەرمانـانی سـاڵی ١٣٢٢- ئاگۆستی ١٩٤٣ بەڕێوە چوو، ئەبولقاسمی سەیفی قازی كوڕی قازی عەلـی و بـرای قــازی مــحەمەد كە لە نــزیكەوە هاوكــار و یاریــدەدەری قــازی مــحەمەد بــوو لە كارەكانیـدا، لە ڕێـژە ١٤٨١٥ دەنگـی مەهابـاد و نـاوچەكە، ١٣١٣٢ دەنگـی خەڵكـی هێنایەوە و بوو بە نوێنەرای مەهاباد لە پەرلرمانی ئێراندا و چوو لە تاران نیشتەجێ بوو.(پاشبەندی ٥)


---

[1]- غەنی بلوریان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەكانی ٢٩- ٣١.

## دیداری قازی محەمەد لەگەڵ شا و کاربەدەستانی باڵای ئێران

لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥دا، قازی محەمەد دوو جار لە تاران چاوی بە محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران و چەند کاربەدەستی باڵای دەوڵەت کەوت. جاری یەکەم لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان و جاری دووەم کە سەدری قازی برای بە نوێنەرایەتی خەڵکی مەهاباد بە ئەندامی مەجلیسی شورای میللی هەڵبژێردرا چوو بۆ تاران و محەمەد ڕەزا شای بینی. لەو بارەیەوە سەعید هومایون لە لاپەڕەی ١٠٦ی کتێبەکەیدا دەڵێت لە مانگی مێهر ١٣٢٣- ١٦ ئۆکتوبەری ١٩٤٤دا قازی محەمەد لە گەڵ قەرنی ئاغای مامەش و عەولای بایزئاغا و عەیزئاغای گەورک و عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری و سەدری قازی نوێنەری شاری مەهاباد لە مەجلیسی شورای میللی ئێران و حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی، بۆ قسە و وتوویژ سەردانی تارانیان کردوە. لە جێیەکی تردا ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١١١ی کتێبەکەیدا "بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەیی و قازی محەمەد" بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەکانی پارتی کۆمونیستی ئازەربایجان ئاماژە بۆ گەشتی یەکەمی قازی محەمەد بۆ تاران دەکات و دەڵێت:

**- (ژەنراڵ جهانبانی وەزیری جەنگ و ژەنراڵ ئاغ ئیولی وەزیری ناوخۆ بە جیا هاتنە کوردستان و ئازەربایجان. جهانبانی لە شاری سەلماس چاوی بە سەرۆک عەشیرەتەکانی شکاک، هەرکی، میلانی، جەلالی و زیلانی کەوت و بە نوێنەرایەتی شا، ڕێزی لێگرتن و دیاری پێشکێش کردن. دوو ژێر سیغاری زێری پێشکێشی عومەرخانی شکاک کرد و هەموو ئەو سەۆک عەشیرەتانەی بانگهێشتی تاران کرد تا چاویان بە شا بکەوێت. لە لایەکی دیکەش هەر ئەوکات عەلی ئاغای دێبوکری، قەرەنی ئاغای مامەش، عەولای بایز ئاغا مەنگوڕ، بایز عەزیز ئاغای گەورک بۆ چاوپێکەوتنی شا بۆ تاران دەعوەت کران. ئەو سەرۆک عەشیرەتانە چوونکە لە کۆبوونەوەی عەشایردا ئیمزایان دابوو کە سەربەخۆ کار نەکەن، نەیانوێرا بچنە تاران. بۆیە بە هۆی حاکمی تەورێزەوە بە دەوڵەتیان ڕاگەیاند کە قازی محەمەدیش لەگەڵ ئەوان بۆ تاران دەعوەت بکرێت. سەرئەنجام لە ئاخری ساڵی ١٩٤٢ قازی محەمەد و ئەو سەرۆک عەشیرانە چوونە تاران و لە دەرباری شا پێشوازی گەرمیان لێکرا. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ شا عەلی ئاغای دێبوکری و عومەرخانی شکاک زیادە لە حەد خۆش خزمەتیان کرد. بۆیە لەلایەن شاوە خەڵات کران. قازی لە ئاکاری ئەوان تورە بوو و بە نامە هێندێک لە نیشتیمانپەروەرانی مەهابادی لە هەڵسوکەوتی ئەوان ئاگادار کردەوە.)**



عەبـــــدولڕەحمانی زەبیحی مـودیری بەشـی ڕاگەیانـــدن و بەرپرســـی پێوەندییـەکانی کۆمەڵـەی ژێکـاف لەگـەڵ کۆنسـوڵی ســـۆڤیەت لـــە تـــەوریز

وردتـــر لەو دیـــاردەیە دەدوێ و مێـــــــژووی گەشتی یەکەمی قازی محەمەد و سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ تاران ئاشکرا دەکات و ڕۆژی ١١/٧/١٣٢٣- ١٩٤٤/١٠/٣ لە نامەیەکیدا بۆ حەسەنۆڤ دەڵێت: (**بەپێی هـەواڵی گەیشتوو لـە مەهابـادەوە، سـەرۆک عەشـیرەتەکانی وەک "قـەرەنی ئاغـای مامـەش، عەولاغای مـەنگوڕ، بایزئاغـای گـەورک و قـازی محەمـەد" دەچنـە ورمـێ و لـەوێوە دەچنـە تـاران.)** لە جێیەکی تردا هەفتەنـامەی کوهسـتان لە لاپەڕەی ٤، ژمـارەی ٢٥، دوو شـەممە، ١٤/١٢/١٣٢٣- ١٩٤٥/٣/٥یدا دەنوسـێت کە قـازی مـحەمەد و سـەرۆک عەشیرەتەکان لە ٢٦/١١/١٣٢٣- ١٩٤٥/٢/١٥دا لە تاران بوون.

گەشـتی دووەمـی قـازی مـحەمەد بـۆ تـاران دەگەڕێتەوە بـۆ سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٥ و جێگیربوونی سەدری قازی لە تاران. ناوبراو لەگەڵ سـەیفی قـازی چوو بۆ تـاران و چـاوی بە شـا و چەنـد سـەرکردەی بـاڵای ئێـران کەوت و لە هەردوو دیدارەکانیـدا، وەک خـۆی لە وتـووێژێکی تـایبەت دا ئامـاژەی بـۆ دەکـات و دواتـر چاوتان بە دەقی وتووێژەکەی دەکەوێت، داوای لە شا کردوە لەجیاتی ناردنی تۆپ و تانگ بۆسەر گەلی کورد کە داوای مـافی خۆیان دەکەن، فەرمـانی پێڕاگەیشـتن بە تەندروسـتی و گەشـەپێدانی فەرهەنگـی ئەوان بـدات کە داواکـانی قـازی مـحەمەد لە هەردوو دیدارەکانیدا بێئاکام مانەوە.

حەسەن عەرەفە سـەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران لەو سـەردەمەدا لە گەشـتی دووەمی قازی مـحەمەد دەدوێت و دەڵێت: (**ڕۆژێـک سـەدری قـازی کە بـرای قـازی محەمەد و ئەندامی پەرلەمانی ئێران بوو، بە تەلەفۆن داوای لێکردم کە چاوم بەو و براکەی بکەوێ. ئەوان هاتنە سەرکردایەتی سوپا گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە و دوور و درێژمان پێکەوە کرد. سەدر و سەیف تا ڕادەیەک خۆیان دەپاراست و بە پێچوپەنا قسەیان دەکرد و دەیانگوت هیوادارن دەوڵەتی ئێران لە تایبەتمەندییەکانیان بگات و**

مافی نەتەوەیی ئەوان بسەلمێنێ و ئەوانیش بۆ پێشخستنی هەموو میللەتی ئێران هاوکاریی دەوڵەت دەکەن. قازی محەمەد کە ڕاشکاوانە تر لەم دووانە قسەی دەکرد، لە سەرەتادا گلەیی لە گیروگرفتەکانی پێشوو کرد و پاشان لە گەندەڵی و ناکارامەیی دەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچە کوردنشینەکان دوا و لەم بارەیەوە کە بۆچی لە کوردەکان بۆ کاری دەزگاکانی ئەو ناوچانە کەڵک وەرناگیرێ ڕەخنەی گرت[1].)

[1]- حەسەن ئەرفەع. کوردەکان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ١٢٦، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

## چەک کردنی شارەبانی مەهاباد

لە بەشی "**ڕاونانی عەلی ئاغای دێبوکری لە مەهاباد**"دا، گوتم بە دەرچوونی عەلی ئاغای دێبوکری "ئەمیر ئەسعەد" لە مەهاباد، ڕژێمی ئێران کەسێکی‌تری بە ناوی سەریعولقەڵەم کرد بە فەرمانداری مەهاباد. هاوکات لەگەڵ جێگیر کردنی سەریعولقەڵەم لە مەهاباد، بە ئیزنی کاربەدەستانی سۆڤیەت، حکوومەتی ئێران دەزگای پۆلیسی ورمێ و مەهابادی لەژێر ناوی شارەبانی، لەو دوو شارە جێگیر کردەوە، بەو مەرجەی دەست لە کاروباری خەڵک وەرنەدەن. لە ڕاستیدا، ڕژێمی ئێران بە جێگیرکردنی فەرماندارو دەزگای شارەبانی لە مەهابادو ورمێ، بە شوێن سێ دیاردەدا دەگەڕا.

یەکەم: ڕاگرتن و هێشتنەوەی پێوەندی حکوومەت لەو شارانەدا کە بۆ ڕۆژی پێویست بنکەیەکی بە هێمای دەسەڵات، لەو ناوچانەدا هەبێت.

دووەم: سیخوڕیی کردن بە ئەندامانی ئەو دوو دەزگایە و زانیاری پەیدا کردن لە باردۆخی سیاسی ئەو دوو شارە و ناوچەکە و ئاگادار بوونی لە هەڵسوکەوتی ڕوسەکان.

سێیەم: لەو ناوچانەدا پێوەندیی خۆی لەگەڵ سیخوڕەکانی و بەتایبەت سەرۆک عەشیرەتە سیخوڕەکان بهێڵێتەوە و بەهۆی ئەوانەوە دەنگۆی دڵخواز بڵاوبکاتەوە.

ئەو دوو دەزگایە تا ماوەیەک دەستیان لە ژیانی خەڵک وەرنەدا و خەڵک خەریکی ژیانی خۆیان بوون، بەڵام بەرەبەرە پۆلیسەکانی مەهاباد خۆیان خزاندە ناو خەڵک و ڕێگەی ئاژاوەگێڕییان گرتەبەر و بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاست لەنێو خەڵکی مەهاباددا هەوڵی شێواندنی بارودۆخی ئەو شارەیان دەدا و سەرئەنجامی ئەو پیلانگێڕییانە بە جێیەک گەیشت کە کۆمەڵەی ژێکاف ناچار بوو ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦- ١٩٤٥/٢/١٥، بە دەستپێشخەریی حوسێن فروهەر و عەزیزخانی کرمانج، نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و بە هاوکاریی خەڵکی شاری مەهاباد، شارەبانیی مەهاباد چەک بکات.

ڕووداوی چەک کردنی شارەبانی مەهاباد بەم جۆرە بوو: ڕۆژی ١٩٤٤/١/١٤ خەلیل فەهیمی وەزیری کار و دواتر وەزیری ڕاوێژکاری کابینەی محەمەد ساعد

سەرۆک وەزیرانی ئێران سەردانی مەهابادی کرد[1]. لەو سەردانەیدا فەهیمی چاوی بە قازی محەمەد و ئیبراهیم ئیبراهیمی "نەوجەوان" نوێنەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و ژمارەیەک خەڵکی مەهاباد کەوت. قازی محەمەد لە هەل کەڵکی وەرگرت و ئاماژەی بۆ مافە پێشێلکراوەکانی گەلی کورد لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ڕژێمەکانی قاجار و ڕەزا شادا کرد. دوای ئەو دیدارەی، فەهیمی چوو بۆ گوندی "قومقەڵا"[2] لە شازدە کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد و میوانی کەریم ئاغای کەریمی باوکی "جەعفەر ئاغای کەریمی" یەکێک لە چوار ژەنەڕاڵەکانی کۆمار و ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت کەوت. دوای چوونەوەی فەهیمی بۆ تاران، ڕژێمی ئێران هەندێک قەند و شەکری نارده مەهاباد و لە نێو سەرۆک عەشیرەتەکانی لایەنگریدا بڵاوی کردەوە. ئەو کردەوەیەی حکوومەت ناڕەزامەندی خەڵکی مەهابادی بەدوادا هات و گۆڤاری نیشتمان چەندان شیعر و وتاری لەسەر بڵاوکردەوە، تا سەرئەنجام حکوومەتی ئێران ڕازی بوو ئەرکی بڵاوکردنەوەی قەند و شەکر بە ئیدارەی ماڵیەی مەهاباد بسپێرێت.

دابەشکردنی قەند و شەکر لەلایەن حوسێن فروهەر بەرپرسی دابەشکردنی کۆپینی ئازوقە و خواردەمەنی لەگەڵ کارمەندانیتری ئەو ئیدارەیە، بوو بە خۆراکی پروپاگەندە بۆ فەرماندار و شارەبانی مەهاباد، دژی ژێکاف و تاوانبار کردنی ئەندامانی کۆمەلە بە بەرتیل وەرگرتن کە حوسێن فروهەر و عەزیز خانی کرمانج بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦– ١٩٤٥/١/١٥، خەڵکی مەهابادیان لەبەر مزگەوتی هەباس ئاغا کۆکردەوە و دەنگۆی فەرماندار و شارەبانیان سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی قەند و شەکر شی کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیان بۆ بەسەرهاتی نەتەوەی کوردو ئەو زوڵم و ستەمانە کرد کە ڕژێمی داگیرکەری ئێران لە بەرامبەر نەتەوەی کورددا بەڕێوەی بردوە و دژی دەستێوەردانی فەرماندار و شارەبانی لە کار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک ڕاوەستان و بۆ چەک کردنی ئەو بنکەیە چوون. بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بە دروشمدان بەشوێن حوسێن فروهەر و عەزیز خانی کرمانج کەوتن و شارەبانی مەهابادیان چەک کرد.

لەو پەلاماردانەدا پێنج پۆلیس و کەسێکی مەدەنی خەڵکی مەهاباد بە ناوی "عەولای مینە خاڵندی" کوژران و سەرگورد قوربانی سەرۆکی شارەبانی کە کورد و خەڵکی کرماشان بوو، لەگەڵ پۆلیسەکانی تر ڕایانکرد. عەبدوڵا مینە خاڵند لەلایەن

[1]– ڕۆژنامەی کوهستان، ژمارە یەکەم، ناوبراو باس لەو چوونەی خۆی بۆ مەهاباد دەکات.
[2]– ئەو ناوە لە گوم قەلعەی تورکی بە واتای تەپەی زیخ وەرگیراوە و کورد پێی دەڵێت قون قەڵا.

پۆلیسێکی کوردەوە بەناوی "عەبدوڵا خانە خەمیر" شەهید کرا. ناوبراو دوای ئەو تاوانەی ڕایکرد و پەنای بۆ یەکەکانی سوپای ئێران لە سەقز برد و ئیتر نەگەڕایەوە بۆ مەهاباد[1] و سەریعولقەڵەمی فەرمانداریش مەهابادی بەجێهێشت.

هەفتەنامەی "کوهستان" لە لاپەڕەکانی ١ و ٨ ی ژمارەی یەکەمیدا ئاماژەی بۆ چەک کردنی شارەبانی مەهاباد دەکات و دوو بروسکەی ڕۆژی ١٣٢٣/١٢/١ی قەرەنی ئاغای مامەش لە سندوس و "ئەفشارپەنا" لە میاندواو بۆ فەهیمی وەزیری ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرایەتی شارەبانیی ئێران بڵاوکردەوە کە هەردوویان باسی لە چەک کردنی شارەبانیی مەهاباد لە ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦ دا دەکەن. ئەفشارپەنا، لە بروسکەکەیدا تەنانەت نوسیویەتی شارەبانیی کاتژمێر چواری ئێوارە چەک کراوە. (پاشبەندی ٦)

هەفتەنامەی کوهستان دەڵێت: (.... ماوەیەک لەمەو پێش حوسێن فروهەر **ناسراو بە حوسێنی زێڕینگەران سەرۆکی دابەشکردنی کۆپینی ئازوقە و خواردەمەنی بە کەڵکوەرگرتن لە پێناسی نەناسراو، سوئیستفادەیەکی زۆری کردوە. کردەوەی حوسێن بە فەرماندەی لەشکر و ئیدارەی ماڵییەی تەورێز گەیشت و دۆسیەی بۆ پێکهات و لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە چوو بۆ مەهاباد و دەفتەر و دۆسیەکانی دابەشکردنی کۆپینیان وەرگرت و تەسلیمی شارەبانی مەهابادیان کردن. حوسێن فروهەر بە کەڵک وەرگرتن لە نەبوونی قازی محەمەد و سەرۆک عەشیرەتەکانیتر لە مەهاباد و بوونیان لە تاران، سەرەتا دە نۆکەری دامەزراند و دواتر نزیکەی چوار هەزار تمەنی دا بە عەزیز خان ناوێک کە هاوکات شەریکی بووە لە تاوانەکەیدا و پێکەوە پلانی تاڵان کردنی شارەبانی و لەنێوبردنی بەڵگەکانیان داڕشت و ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦ ژمارەیەک خەڵکی بەڕەڵایان کۆ کردەوە و هێرشیان کردە سەر شارەبانی و لە تێکهەڵچونێکدا پێنج پۆلیس و سێ کەسی مەدەنی کوژران و بەڵگەکانیان فەوتاند[2].)** (پاشبەندی ٧)

دوای چەککردنی شارەبانی مەهاباد، کاربەدەستانی سۆڤیەت لە مەهاباد، لەسەر داوای شورای شاری مەهاباد "کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی

[1]- بەشێک لە ڕاپۆرتی نێردراو بۆ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیست، گ. م. دیمیترۆف لە ١٢ی ئوکتۆبەری ١٩٤٥، ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم.

[2]- هەفتەنامەی کوهستان، لاپەڕەی ٤، ژمارەی ٢٥، دوو شەممە، ١٣٢٣/١٢/١٤- ١٩٤٥/٣/٥. ئەو ڕاپۆرتە پاکانەیە بۆ هێزەکانی حکوومەتی ئێران کە ئیسماعیل ئەردوڵان خاون ئیمتیاز و سەرنوسەی هەفتەنامەی کوهستان کردویەتی و تەنیا گەشتەکەی قازی مەهاباد بۆ تاران ڕاستە.

سۆڤیەت"یان لە مەهاباد پێکهێنا و ئەفسەرێکی سیاسیی ئازەربایجانیان بەناوی "ماژۆر عەبدولایۆڤ" کردە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە. خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١١٣ کتێبەکەیدا "مێژووی تایفەی قازی" بەم جۆرە لە باردودۆخی ئەو سەردەمەی مەهاباد دەدوێت:

**- (کۆبوونەیەکی گشتی لە ماڵە پێشەوا کرا و من بۆخۆم پرۆتکۆڵی ئەو کۆبوونەوەیەم نووسی. بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: حاج قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایری ئاغای پەسوێ، حاجی کاک هەمزەی قادری ئاغای جەڵدیان و زوربەی کەیخوداکانی عەشیرەتی مامەش، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد "عەلیار" و زۆربەی ڕیش سپییەکانی عەشیرەتی دێبوکری، عەولای بایزاغا و برایم ئاغای سالاری سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕ، بایزی عەزیز ئاغا سەرۆکی گەورکان و قەرەنی بایەزیدی، ڕیش سپییەکانی عەشیرەتی پیران. بەشدارانی ئەو کۆبوونەوە پێکەوە بڕیاریاندا کە هێمنی ناوچەکە بپارێزن و ئاژاوەگێڕ و گێرەشێوێنەکانی شار لەناو بەرن و کێشەکان بە هێوری و هێمنی چارەسەر بکەن. من خۆم بەندەکانی ئەو کۆبوونەوەیەم ئیمزا کردوە و بەشداران تێکڕا واژۆیان کردوە.)**

لە درێژەی وتەکانیدا ناوبراو دەڵێت: **(دوای ماوەیەک زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی مەهاباد و قازی محەمەد بۆ تاران بانگهێشت کران و چاویان بە محەمەد ڕەزا شا و بەرپرسانی ئێران کەوت. لەوێ بڕیار دراوە کە پاراستنی شار بەهۆی دەستەیەک لە سوارەکانی کەریم ئاغای بایزیدی قومقەلا و دەستەیەک سواری محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، لەژێر چاودێری ئیدارەی ژاندارمەری میاندواودا دەست بەکار بکەن. بەلام سەرەرای ئەو ئالوگۆڕانە، ڕاستەوخۆ پاراستنی شار هەر بە دەست پێشەوا قازی محەمەدوە بووە و ئەو بە هاوفیکری قەرەنی ئاغای مامەش کاری دەکرد. لەو بەینەدا عەلی ئاغای عەلیار "ئەمیر ئەسعەد" سەرۆکی گشت عەشایری دێبوکری سەردانی تارانی کرد و حوکمی فەرمانداری مەهاباد بە دەسەلاتی تەواو بە دەستهێنا. ئەو هەروەها حوکمی پلەی سەروانی بۆ سلێمانی کوڕی و برایمی شێخ ئاغایی "برایمە سوور" وەرگرتبوو، و بە شکۆیەکی تایبەتی و لە پێشەوەی سوارەکانی هاتە ناو شاری مەهاباد. ئەو هەرچەند نەخوێندەوار بوو بەلام بە توانایی و بە ویست و سەلیقەی خۆی و بە پشت بەستن بە گەورەیی عەشیرەتی دێبوکری، توانی بۆ ماوەیەک دەسەلاتی خۆی بە سەر شاری مەهاباد دا بسەپێنێ. ئەو بە هەموو تواناوە هەوڵی دا دەستی پێشەوا و سەدر لە کاروباری شار کورت بکاتەوە، بەلام هەر زۆر زوو**

کێشەی باجی تۆپانەی بۆ ساز بوو و ورده ورده ناڕەزایەتی دەستی پێکرد. ئەو کوتاڵانەی لە عیراق، تەورێز و تارانەوە بە قاچاخ دەهاتنە بازاڕی مەهاباد، باجیان لێ وەردەگیرا و بڕە پارەیەکیش دەدرا بە عەشایر، بەڵام لەو سەردەمەدا ئەو بڕە پارەیە بڕدرا. دواتر دزی و تاڵان و بڕۆ لە دەرەوەی شار پەرەی سەند و عەلی ئاغا نەیتوانی پێشی پێ بگرێ. بۆیە هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان سکاڵایان بردە لای کاربەدستانی دەوڵەت لە تاران. بە ناچار ئەمیر ئەسعەد دەستی لەکار کێشاوە و مەهابادی بەجێهێشت. بە ڕۆیشتنی عەلی ئاغا، دەستەیەک لە سوارەی مەنگوڕ لە ژێر فەرمانی کاکە سواری مەنگور، کوڕی ئەحمەدی گوڵاوی ئاغا، هاتنە نێو شار و دەستیان بە وەرگرتنی باجی تۆپانە کرد.

لە لایەکی دیکەوە بە دوای ڕۆیشتنی عەلی ئاغا، لەسەر داوای هەندێک لە عەشایر، دەوڵەت سەریعولقەڵەمی بە فەرمانداری مەهاباد دیاری کرد. ناوبراو هەر گەیشتە مەهاباد یەکجێ ئیدارەی شارەبانی کە هەڵوەشابوو دایمەزراندەوە. بەڵام هەم فەرماندار و هەم شارەبانی هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو و بێ پرسی عەشایر چیان بۆ نەدەکرا و کەم تا زۆر خەڵک بۆخۆیان شاریان دەپاراست. لەوکاتەدا تەنیا چەند کەس وەک نوێنەری دەوڵەت بەبێ دەسەڵات، لە مەهاباد مابوون کە ئەویش مەترسی ئەوەیان هەبوو کە لە لایەن دەوڵەتەوە بکەونە بەر لێکۆڵینەوە و سزا دان. ئەوانە بریتی بوون لە سالار یەحیاپوور فەرمانداری مەهاباد، عەبدولعەلی حەسەن زادە بەرپرسی دارایی و گیتا ڕەئیسی بانک کە پەنایان بۆ ماڵە پێشەوا برد بوو. ئەوانە دوای ئەوەی لە هاتنەوەی دەوڵەت بۆ مەهاباد نائومێد بوون، ئیزنیان لە پێشەوا خواست و بە ئوتۆمبیلێک و ٣ کێشکچی بە ١١ هەزار تمەنی پارەی بانکەوە گەڕانەوە بۆ میاندواو. لەو قۆناغەدا کاتێک سەرکەوتنی بەرەی هاوپیمانان ورده ورده دەرکەوت، حیزبی تودەی لایەنگری سۆڤیەت پەرەی بە تەشکیلاتی خۆیدا و هاوکات سەڕوان عەبدوڵلایۆڤ کە بە ڕواڵەت لە مەڵبەندی بۆکان و مەهاباد و سەقز لە هاتوچۆ دابوو، و ئەسپی بۆ ڕوسەکان دەکڕی بە نهێنی خەریکی ڕاکێشانی فەقیر و هەژاران بۆ پشتیوانی کردن لە سیاسەتی ڕوسیا بوو.)

## قازی محەمەد دەچێتە ڕیزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە

خەبات و تێکۆشانی قازی محەمەد بۆ پاراستنی شاری مەهاباد و دانیشتوانی، لەگەڵ بیری بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان نەدەگونجا کە لە فیکری پاراستنی خۆیان و ئەندامانیان و گەشە پێدانی ڕێکخراوەکەیاندا بوون. ئەوان لەلایەک دژی سەرۆک عەشیرەتەکان بوون و لەلایەکی تردا بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن خۆیان و ڕێکخراوەکەیان لە دەستدرێژیی سەرۆک عەشیرەتەکان بپارێزن و دژی ڕژێمی ئێرانیش خەبات بکەن. لە بەرامبەردا قازی محەمەد دەیویست بە نزیکایەتی کردن لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان و تەنانەت ڕژێمی ئێران، ئاسایشی خەڵک بەگشتی و شاری مەهاباد بپارێزێت. لەو بارەیەوە ویلیام ئیگڵتن جۆنز لە لاپەڕەی ٧٨ی کتێبەکەیدا دەڵێت: (**بە تەنیا لە ئەنجامی شەخسییەت و حورمەت و خۆشەویستی قازی محەمەددا بوو کە پشێوی و ناکۆکی لە مەهاباد وەبەرچاو نەکەوت.**)

ئەو دوو بۆچوونە لەنێوان قازی محەمەد و بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، جێگەی سەرنج و ڕەخنەی بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە بوو. لەبەر ئەوە، نە قازی محەمەد دەیویست بچێتە ڕیزی ژ. ک و نە بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە ڕازی بوون بە هاتنی ناوبراو بۆ ڕیزی ڕێکخراوەکەیان. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆمەڵەدا هەست بە نەبوونی کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد دەکرا.

لەو ڕوانگەیەوە، کاتێک کۆمیساریۆڤ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ڕۆژانی ١٣٢٢/١١/٧ تا ١٣٢٢/١١/٩- ١٩٤٤/١/٢٨ تا ١٩٤٤/١/٣٠ سەردانی مەهابادی کردوە و لە گەشتەکەیدا چاوی بە مستەفا سوڵتانیان ئەندامی شورای شار و ئەندامی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە کەوتوە، سوڵتانیان دەربارەی قازی محەمەد پێی ڕاگەیاندوە: (**محەمەدی قازی سیاسەتێکی ناڕونی هەیە، یارمەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەدات و لە هەمان کاتیشدا هاوکاریی ئێرانییەکان دەکات بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بۆ لای دەوڵەت.**)

هەروەها عەبدولڕەحمانی زەبیحی مودیری بەشی ڕاگەیاندن و بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز ڕۆژی ١٣٢٣/٧/١١- ١٩٤٤/١٠/٣ لە نامەیەکیدا بۆ حەسەنۆڤ دەنوسێت:

کۆمەڵەی ژ. ک
ئیدارەی ناوەندی
١١ ڕەزبەری ١٣٢٣- ١٩٤٤/١٠/٢
بژی کورد و کوردستانی گەورە
گەشتی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ گفتوگۆ کە ئامانجیان بۆ ئێمە ڕوون نییە
بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە مەهابادەوە، سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک "قەرەنی ئاغای مامەش، عەولاغای مەنگوڕ، بایزئاغای گەورک و قازی محەمەد" دەچنە ورمێ و لەوێوە دەچنە تاران.
مودیری بەشی مطبوعات
عەبدولرەحمانی زەبیحی (پاشبەندی ٨)

ئەو کێشانە نەیاندەتوانی ببن بە هۆی جیاکردنەوەی قازی محەمەد و کۆمەڵەی ژێکاف لە یەکتر و چونکە هەردوویان لە گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتیدا بوون و بۆ نەتەوەی کورد هەوڵیاندەدا، ناچاریان دەکردن یەک بگرن و پێکەوە خەبات بکەن، بەتایبەتی کۆمەڵە پێویستی بە کەسایەتییەکی خۆشەویست و کارامەی وەک قازی محەمەد هەبوو، بەتایبەتی کە لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵە لە کێبەرکێی سیاسی نێوخۆی دا بوو کە کار بە کەسانی کارزان بسپێرن. لەو بارەیەوە مامۆستا هەژار لە لاپەرەی ٦٩ ی چێشتی مجێوردا دەڵێت: (**پێمان خۆش بوو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بە لایەوە کەمایەسی بوو دەگەڵ چەند ڕەش و ڕوتێکی بێ ناو و نیشان زرمەزلیتانێ بکا. ئێمەش هەستمان دەکرد کە عەشایر و خەڵکی دیکەی سەرناس چەتوونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەت گرتنە بێنە گەڵمان و هیچ کەسی پایەبەرز بە حوسێن- مەبەست حوسێنی فروهەر سەرۆکی کۆمەڵەیە. نووسەر- ڕازی نەدەبوو. بەڵام قازی چۆن چارە بکەین؟ ڕامان دەسپاردە ئەندامان و لاگرانمان کە لە کۆبونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە. تا وای لێهات کە قازی خۆی هەستی بەوە کرد حیزب بە هێزە گاڵتەی پێ ناکرێ. ئەوسا داوامان لێکرد کە بێتە حیزبەوە. قبوڵی کرد و زۆر زوو بڕیاردرا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ. ئیتر زۆر لە ئاغا و و پیاوماقوڵان کە پچوکیی قازییان پێ شەرم نەبوو هاتنە یاریمان و هاتنە ناو حیزبەوە. قازی کە ماڵەکەی قۆناغی میوانانی ڕوس بوو، توانی نێوان حیزب و ڕوسان خۆش بکات.**)

هەرلەو بارەیەوە ئیگڵتن دەڵێت: (**دوو ساڵ لە تەمەنی ژێکاف تێدەپەڕی و کێشەیەک سەریهەڵدابوو کە لە قازی محەمەد پرسیار بکرێت: ئایا ئەندامەتی ژێکاف**

قبوڵ دەكات یان نا؟ گروپێک لە ئەندامان دژی بە ئەندام وەرگرتنی قازی بوون، چونكە دەیانزانی قازی نفوز و ئیحترامێكی زۆری لەنێو خەڵكدا هەیە، ئەوەش بەو واتایە بوو كە بەرەبەرە هەموو ڕێكخراوەكە بچێتە ژێر دەسەڵاتی. ژمارەیەكی تریش بەهەر بیانوویەک بێت، دژی بە ئەندام وەرگرتنی قازی محەمەد بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان ڕێككەوتن كە پێویستە كەسێكی بەهێز بێت و چاودێری بە سەر بڕیار و پەسند كراوەكانی كۆمەڵەدا بكات و بەم جۆرە قبوڵیان كرد كە داوا لە قازی محەمەد بكەن كە ئەویش قبوڵی كرد[1].)

سەرئەنجام، داوای ئەندامەتی لە قازی كرا و هەروەكو ئیگڵتن دەڵێت ئەویش قبوڵی كرد لەو بارەیەوە ڕەوانشاد سەعید هومایون لە لاپەڕەی ٧٣ی كتێبی بیرەوەرییەكانیدا "پیشوای بیداری- پێشەوای هوشیاریی"دا، دەڵێت: (قازی محەمەد بە قبوڵكردنی ئەندامەتی لە كۆمەڵەی ژێكاف دا بەناوی خوازراوی "بینایی"، پلە و بایەخ و چالاكییە نەتەوەییەكان بە ئەوجی خۆیان گەیشتن و بەو جۆرە مەهاباد بوو بە ناوەندی ئازادی خوازی و پێگەی هەڵسوڕانی سیاسیی كوردستان. بەم بۆنەیەوە ئازادیخوازانی كورد لە وڵاتانی توركیا، سوریا و عێراقەوە بۆ دیتنی مەهاباد و چاوپێكەوتنی ڕێبەرانی كۆمەڵەی ژێكاف دەهاتن. لەلایەن دەوڵەتە داگیركەرەكانیشەوە لاپەڕەیەكی تایبەت بۆ مەهاباد و نەتەوەی كورد كرایەوە. پێویستە بڵێم كە قازی محەمەد لە ماڵی ڕێزدار ئەحمەدی ئیلاهی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی بە قورئانی مەجید و ئەندامەتی لە كۆمەڵەدا بەجێ هێنا.)

بەم جۆرە، هەروەكو ئیگڵتن لە لاپەڕەی ٧٦ی كتێبەكەیدا دەڵێت: (قازی محەمەد ڕۆژێک لە ڕۆژانی مانگی ئوكتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ بۆ ماڵی ئەحمەدی ئیلاهی بانگهێشت كرا و لەكن دوو ئەندامی كۆمەڵە بە ناوەكانی قاسم قادری و قادر مودەرەسی، ئەندامەتی وەرگرت و سوێندی خوارد و بوو بە ئەندامی كۆمەڵە.)

قازی محەمەد لەو ڕۆژەدا دوای سوێند خواردنی بە قورئانی پیرۆز، سەرۆكایەتی كۆمەڵەی وەرگرت. ناوبراو چالاكییەكانی كۆمەڵەی ئاشكرا كرد و لە ئاكامدا كۆمەڵێكی زۆر لە ڕیزەكانی كۆمەڵەدا كۆبوونەوە كە سازمانی جەوانانی كورد یەكێک لەو ڕێكخراوانە بوو.(پاشبەندی ٩)

---

[1]- كوردستان ١٩٤٦، ویلیام ئیگڵتن جۆنز، وەرگێڕانی سەیید محەمەد سەمەدی بۆ سەر زمانی فارسی. لاپەڕەی ٧٦.

## سازمانی جەوانانی کورد دەبێتە ئەندام لە ژێکاف دا

دوای چوونی قازی محەمەد بۆ ڕیزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ڕێبەرانی کۆمەڵە داوای ئەندام بوونی سازمانی جەوانانی کوردیان کرد و ئەو ڕێکخراوە چالاکەی لاوانی شاری مەهابادیش بوو بە ئەندامی کۆمەڵە و ناوی خۆی گۆڕی بۆ ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان بەرپرسی ئەو سەردەمەی سازمانی جەوانانی کورد دەڵێت: (ساڵی ۱۳۲۳-۱۹٤٤، ژێکاف قازی محەمەدی بە ئەندام وەرگرت و سەرۆکایەتی حیزبی پێ سپارد. هەرلەو ساڵەشدا بوو کە ڕێبەرایەتی ژ. ک داوای لە سازمانی جەوانانی کورد کرد کە ببێتە ئەندامی حیزب. پێشنیازی ڕێبەرانی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانی ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد لە باخی مکایلی هاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و هەڤاڵان من و عەلی مەولەوی و قادر مەحموودزادەیان بە نوێنەرایەتی سازمانی جەوانان دیاریکرد تا لەم بارەیەدا پێوەندیگری سازمان بین. کۆبوونەوەی دوولایەنە لەنێوان ئێمە و سێ نوێنەری کۆمەڵەی ژ. ک بەناوەکانی دڵشاد ڕەسوڵی، سەدیق حەیدەری و عەبدولڕەحمان زەبیحی لە ماڵی محەمەد ڕاتبی "حەمەدی مەولودی" لە گەڕەکی خڕێ پێکهات. دڵشاد ڕەسوڵی بە دروشمی سەرکەوێ خەباتی ژ. ک بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە و دامەزراندنی دەوڵەتی کورد کۆبوونەوەکەی کردەوە و دەربارەی ڕێبازی کۆمەڵە و بزوتنەوەکانی پێشوی کورد قسەی کرد و گوتی: "لاوان دەبێ پشتی خەباتی کۆمەڵەی ژ. ک بگرن." ئینجا سەدیق حەیدەری و ڕەحمان زەبیحی هەرکامەیان لەمەڕ چۆنیەتی ئەندام بوونی ئێمە لە کۆمەڵەدا قسەیان کرد و  ئامانجی کۆمەڵەیان دەربارەی یەکیەتی و خەباتی کورد شی کردەوە. ئێمەش سێ نوێنەری لاوان هەرکام دەربارەی ئامانج و خەباتی سازمانی جەوانانی کورد قسەمان کرد و ڕەزامەندی خۆمان وەک ڕای تاکەکەسی لەو یەکیەتییە دەربڕی و گوتمان دەچین پەیامی ژ. ک بە ئەندامان دەگەیەنین و پاشان بڕیاری گشتی سازمانی جەوانانتان پێ ڕادەگەیەنین. ئەو کۆبوونەوەیە بە ڕەزامەندی هەردوولا کۆتایی پێهات.

لە یەکەم ڕۆژی هەینی دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا کە کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد بوو، چۆنیەتی وتووێژەکەمان بۆ ئەندامان باسکرد. ئەندامان تێکڕا بە دروشمی "بژی خەباتی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری کوردستان" ئەندام بوونی سازمانی جەوانانیان لە کۆمەڵەی ژ. ک دا بە ئەرکێکی

پیــرۆز دانــا و ئێــوارەی ئەو ڕۆژە بە خۆپێشــاندان گەڕایــنەوە بــۆ شــار و بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتی و دروشمی "بژی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" شەقامەکانی شاری مەهابادمان بڕی و بە دەنگی بەرزی خۆمـان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی مەهاباددا کە لە شەقامەکانی شار بوون، تێکەڵ بـوونی خۆمـان لە ژ. ک دا ڕاگەیاند. بەم جۆرە لە مـانگی خەزەڵوەری سـاڵی ١٣٢٣- ١٩٤٤دا نـاوی سـازمانی جەوانـانی کوردمـان گـۆڕی و کردمـان بە "ڕێکخـراوی لاوانـی کـۆمەڵەی ژ. ک" و بـووین بە ئەنـدامی کـۆمەڵە. بە دوای ئەو ڕووداوە مێـژوویيەدا، کـۆمەڵەی ژ. ک خـانووبەری دکتـۆر "یۆنەتـان"ی بەکـرێ گـرت و بە ئاشـکرا لە مەهابـاد بارەگـای کردەوە و ماڵـــی دکتۆر یۆنەتان کرا بە بارەگــای کۆمیتەی ناوەندیـی کـۆمەڵەی ژ. ک[1].)

---

[1]– غەنی بلوریان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٣٢ و ٣٣.

## شانۆی دایکی نیشتمان

دوای وەرگرتنی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەلایەن قازی محەمەدەوە و چوونی سازمانی جەوانانی کورد بۆ ڕیزی کۆمەڵە و ئاشکرا بوونی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵە، بە ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە ڕاسپێردرا کە شانۆیەک بە ناوی دایکی نیشتمان بێننە سەر شانۆ. دوای هاوئاهەنگی کردنی لاوان و دەستنیشان کردنی کەسانی شیاو وەک ئەکتەر و چەند مانگ ڕاهێنان، ئەو شانۆیە لە هاوینی ساڵی ١٣٢٤- ١٩٤٥ لە گاراژی مەهاباد بەڕێوەچوو. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان دەڵێت: (**ڕۆژێک خەریک بووم لە سکرتاریەتی ژ. ک کارم دەکرد کە عەبدولڕەحمان زەبیحی و دڵشاد ڕەسوڵی سەری قسەیان کردەوە و گوتیان: "ئەوە دەقی نومایشنامەیەکی سیاسی و نیشتمانییە. کۆمیتە ناوەندی لە ئێوە لاوانی دەوێ ئەو نومایشنامەیە بۆ خەڵک بهێننە سەر شانۆ. ئەوە دەتوانێ یارمەتییەکی گرنگ بێ بۆ هاندان و ڕاکێشانی خەڵک بەرەو خەباتی سیاسی و کۆکردنەوەیان لە ژێکافدا." بەلای منەوە ئەوە ئەرکێکی دژوار بوو بۆ ئێمەی لاو کە لەلایەک هیچکامەمان شارەزای کاری شانۆگەریی نەبووین و لە لایەکی تردا خەڵکی مەڵبەند لە نومایش و شانۆگەریی دەپرینگانەوە و ئەویان بە دیاردەیەکی سووک و ناشایست دەزانی. هەرکە ناوی نومایشیان دەبیست لە فیکری سەما و قەشمەرە کردن دەکەوتن. سەرەڕای ئەوەش شانۆنامەکەم لێ وەرگرتن و بردم بۆلای هاوڕێکانم لە ڕێکخراوی لاوان و پاش گفتوگۆیەکی چەند کاتژمێرە، لاوان بڕیاریاندا فەرمانی سەرۆکایەتی کۆمەڵە بەجێ بگەیەنن. چەند کەس ڕایانگەیاند ئامادەن یاری تێدا بکەن و منیش ڕەگەڵیان کەوتم و ڕەزامەندی هەڤاڵانم بە دڵشاد ڕەسوڵی و زەبیحی ڕاگەیاند[1].**)

ئەکتەرەکانی شانۆی دایکی نیشتمان بە شێوەی خوارەوە بوون:

- ڕەوانشاد عەبدوڵڵا نەهری: ئەکتەری دایکی نیشتمان.
- سیروس حەبیبی: منداڵی دایکی نیشتمان.
- سەیید عوبەیدوڵڵا ئەیوبیان: منداڵی دایکی نیشتمان.
- غەنی بلوریان: نوێنەری ئێران، پێشمەرگە و سەرۆک کۆمار.
- محەیدین ماوەرانی: نوێنەری ئەفغانستان و پێشمەرگە.

---

1- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، لاپەڕەی ٣٥.

- عەبدوڵڵا حەکیم زادە: نوێنەری تورکیا و پێشمەرگە.
- حامیدی: نوێنەری عێراق و پێشمەرگە.
- محەمەدی ڕاتبی: بەرپرسی پێشمەرگەکانی چاودێری شانۆگەران.
- محەمەد سەلیمۆکەی: پێشمەرگەی چاودێر.
- سمایلی پیرۆزی: پێشمەرگەی چاودێر.
- مستەفا جەننەتی: "مۆسیقەچی" شەیپور ژەن.
- ئەسکەندەر: تەپڵ ژەن.
- خەلیل قەرەنەیی: کلارنێت ژەن.

ئەو سێ کەسانە لە دەستەی موزیکی سەربازگەی مەهاباد بوون.

- دڵشاد ڕەسوڵی: تەرحی جلوبەرگ
- عەبدوڵا نەهری: تەرحی جلوبەرگی دایکی نیشتمان
- مارف حەتەم: دروست کردنی سەکۆی شانۆی دایکی نیشتمان.
- شوێنی بەڕێوەبردنی شانۆ: گاراژی مەهاباد، هی عەبدولی کەرباسی بوو.
- حەمەدی مەولودی: بەرپرسی چاودێری و پاراستنی ئەندامانی شانۆگەر.

غەنی بلوریان دەڵێت من نەمزانی کێ دەقی شانۆکەی نووسیوە و هەربەم جۆرەش مەناف کەریمی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەڵێت: (**هێشتا نازانم نووسەری شانۆی دایکی نیشتمان کێ بوو؟ ئەوەی لەو بارەیەوە بیستوومە دوای ڕووخانی ڕژێمی ڕەزا شا لە ساڵی ١٣٢٠- ١٩٤١دا کە هەندێک ئازادی پێکهات، ژمارەیەک گەنجی مەهاباد هەندێک جار لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و ڕاهێنانی شانۆی دایکی نیشتمانیان بە زمانی کوردی دەکرد.**) ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێ: (**.... ئەو شانۆیە لە بیرۆکەی پێنج کۆپلە شیعری شاعیری بەناوبانگی کورد عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی "هەژار" سەرچاوەی وەرگرتبوو**[1].)

ڕەوانشاد عەبدوڵا نەهری "عەبدوڵا برایم شەمزینی" کە خۆی ئەکتەری دایکی نیشتمان بووە، دەڵێت: (**دەیانگوت شانۆی دایکی نیشتمان لەژێر کاریگەریی پێنج شیعری ماموستا هەژار شاعیری نەتەوەیی نوسراوە و شیعرەکانیش ئەمانەن:**

[1]- سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٧٥. ڕەوانشاد مەنافی کەریمیش ئاماژەی بە پێنج کۆپلە شیعرەکانی مامۆستا هەژار کردوە.

ڕاوکەری بەدخو، خوێنڕێژ و خوێن خۆر ئێوە بن خودا، بەسە زوڵم و زۆر
لە ژێر باڵم دا، ڕای مەپەڕێنن هێلانەکەمان لێ مەڕوخێنن
دندوکی شوشی، شوشەی گیانمە خەت و خاڵەکەی، حەزی گیانمە
من لە مەرگی خۆم دڵم ئێش ناکا بەڵام دەترسم، تیرو خەتا کا
نەدرێت لەخۆم، ڕۆڵەم بەرکەوێ جەرگم ببرژێ، لە شیرین خەوێ[1].)

بە وتەی غەنی بلوریان، شانۆی دایکی نیشتمان لە پێنج پەردەدا بەشێوەی خوارەوە بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە مەهاباد نومایشت کرا. خەڵکی مەهاباد بە کرینی بلیت و دانی پارە تەماشای شانۆکەیان دەکرد، بەڵام بۆ ئافرەتان و دانیشتوانی گوندەکان بەبێ پارە بووە. ڕەوانشاد سەدیق حەیدەری و ڕەوانشاد دڵشاد ڕەسوڵی بەرپرس بوون لە فرۆشتنی بلیتی شانۆ. شانۆی دایکی نیشتمان لە شارەکانی نەغەدە و شنۆش هاتووەتە سەر شانۆ.

پەردەی یەکەم: فریشتەیەک بە لیباسی سپی و باڵی درێژ هاتوەتە سەر شانۆ و بە دەنگێکی خۆش دەستی کردوە بە خوێندنەوەی شیعری "ئەی بێنەزیر و هەمتا هەرتۆی کە بەرقەراری، لە حاجی قادری کۆیی. سیروسی حەبیبی "داڵی" کوڕی حوسێنی حەبیبی و میسداڵ واتا ئەو خانمە میسیۆنەرە ئەمریکییەی کە لە مەهاباد گیرسابووەوە، لەگەڵ عوبەیدوڵڵا ئەیوبیان فریشتە بوون.

پەردەی دووەم: باسی لە پەیمانی سەعدئاباد و پلانەکانی دژ بە نەتەوەی کورد کردوە.

پەردەی سێیەم: دایکی نیشتمان بوو بە جلوبەرگی ڕەش و قژی سپی و جەستەی زنجیر کراو کە بە دەنگێکی پڕ لە سۆز داوای کردوە زنجیرەکانی لێ بکەنەوە.

پەردەی چوارەم: دیسانیش دایکی نیشتمان بوو کە ڕۆڵەکانی ئازادی دەکەن.

پەردەی پێنجەم: هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بوو. لەو کاتەدا مارشی سەربازی لێدرا،

بە ڕای بلوریان بنەماڵەی لاوانی بەشدار لە شانۆگەرییەکەدا دژی بەشداریی کردنی کوڕەکانیان لەو شانۆگەرییەدا بوون و دەڵێت: **(تا خودا حەز دەکات، بابم داب و نەریتی بنەماڵەکەی دەپاراست. کە توڕە دەبوو سیمای گرژ دەبووەوە و پیاو**

---

[1]- کوردستان ١٩٤٦، هەمان سەرچاوە، تێبینییەکانی سەیید محەمەد سەمەدی و وتووێژ کردنی لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ژێکاف.

لە بێچمی دەترسا. چووم دیتم چاوی تێک ناوە و ڕووی گرژە، گوتی: "دەڵێن خەریکی ئەدای شەکەرۆکان دەردێنی؟

شەکرۆکەی چی؟ ئێمە خەریکین نومایشێکی نیشتمانی دێنینە سەر شانۆ. لەو سەروبەندەدا جار جارە دەستەی جیاوازی "ئاشق"ەکانی ئازەربایجان دەهاتن بۆ مەهاباد و کۆڕی بەزمیان دەگێڕا. ئەوان جگەلەوەی موسیقایان دەژەنی مێرمنداڵێکی قۆزیشیان دەهێنا و سەمایان پێدەکرد و پارەیان پێ کۆدەکردەوە. لە مەهاباد بەو کوڕەیان دەکوت شەکرۆکە. دیارە هەموو گرووپە ئاشقەکانی ئازەربایجان شەکرۆکەیان نەبوو و هەندێکیان قام بێژی گەڕیدە بوون.) بلوریان لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (قازی محەمەد و کاپیتان جەعفەرۆڤ و چەند ئەفسەری تری ڕوس بەشداریان تێدا کرد. دوای تەوابوونی پەردەی پێنجەم، قازی محەمەد لە کاتێکدا سوور دا گیرسابوو و شادی و شادمانی لە چاوەکانیدا دەبیندرا، هاتە سەر شانۆ و وتارێکی مێژووی خوێندنەوە کە بەداخەوە دەقی وتارەکەی لە گەڕی تاڵی زەمانەدا لەناو چووە، بەڵام وتارەکەی دەربارەی مێژووی خەباتی کورد بوو بۆ سەربەستی و سەربەخۆ بی کوردستان. ناوبراو ساڵانی درێژی بندەستی نەتەوەکەی شی کردەوە و لە چەند و چۆنی دەوڵەتی داگیرکەر و ستەمکار دوا. قازی هەروەها پەنجەی بۆ خزمەتی ئەکتەرەکان ڕاکێشا و داوای لە لاوان کرد ڕێبازی ئەوان بگرنەبەر و نەتەوەکەیان لەبیر نەکەن[1].)

---

[1]– غەنی بلوریان، هەمان سەرچاوە، لاپەرەکانی ٤٠– ٤١.

## گۆڕانی دووبارەی سیاسەتی سۆڤیەت و بووژانەوەی ژێکاف



یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمریکاو ئینگلیز کە هاوپەیمانی جەنگی دووەمی جیهان بوون بە دژی "ئەڵمانیا، ئیتالیا و ژاپۆن"، لە نێوان سالانی ١٩٣٩-١٩٤٥دا، سێ کۆنفرانسی گرنگیان لە تاران، یالتا و پۆستدام پێکهێنا. یەکەم کۆنفرانسی هاوپەیمانان ڕۆژی ١٣٢٢/٩/٦- ١٩٤٣/١١/٢٨ لە تاران پێکهات. بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە بریتی بوون لە: "**فرانکلین دلانۆ ڕۆزڤێلت**" سەرکۆماری ئەمریکا، "**وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچل**" سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و "**جۆزێف ستالین**" سەرکۆماری سۆڤیەت. لەو کۆنفرانسەدا هاوپەیمانان بە پلانە جەنگییەکانیاندا چوونەوە، ستراتیژی خۆیان لە ماوەی شەڕەکەدا دیارییکرد و بڕیاریاندا تا شکاندنی بەرەی جەنگیی ئەڵمانیا، ئیتالیا و ژاپۆن و سەرکەوتنی تەواو، درێژە بە شەڕ بدەن. دەربارەی بارودۆخی جیهانی دوای شەڕ و دابەشکردنی ئەو ناوچانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتیانەوە، وتووێژیان کرد، بەڵام بڕیاردانیان لەسەر ئەو باسانە، بۆ کۆنفرانسێکی تر هێشتەوە. هەروەها لەو کۆنفرانسەدا پروتۆکۆلێکیان واژۆ کرد و هەر سێ سەرۆک بەڵێنیاندا کە شەش مانگ دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، هێزەکانیان لە ئێران بکێشنەوە و سەربەخۆیی و یەکیەتی یەک پارچەیی خاکی ئەو وڵاتە بە ڕەسمی بناسن.

دوای کۆنفرانسی تاران و وەرگرتنی بڕیاری دەرچوونی هاوپەیمانان لە ئێران، شەش مانگ بە دوای کۆتایی جەنگدا، بەرە بەرە سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێرانی گۆڕی و بەڵگەنامە واژۆکراوەکان دەربارەی ئێران، گرنگییان بۆ یەکیەتی سۆڤیەت نەما. دەرکردنی هێزەکانی ئەڵمانیای فاشیست لە خاکی سۆڤیەت و نزیکبوونەوەی هێزەکانی سوپای سوور لە سنورەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و دەرهێنانی دە ملیۆن تن "تۆن" نەوت لە ناوچەکانی باشوری ئێران لە لایەن

ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٣دا، هەست و ئارەزووی سۆڤیەتییەکانی بزواند[1] و گەیشتن بە سەرچاوە نەوتییەکانی ئێران و شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سیاسەتی مۆسکۆدا جێیان گرت.

لە مانگی جونی ١٩٤٣، ئەندریە سیمیرنۆڤ سەفیری سۆڤیەت لە تاران، پێشنیازی بە میرجەعفەر باقرۆڤ کرد کە بۆ هەڵسەنگاندنی چاڵە نەوتییەکانی باکوری ئێران، گروپێک زەویناس بنێرێ بۆ ئەو ناوچەیە[2]. لە مانگی پوشپەڕی ١٣٢٢- جولای ١٩٤٣، ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان یەکەم ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان" ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێکافیان لە تەورێز چاپ کرد و لە کوردستان بڵاویانکردەوە[3].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤ دا، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نێونەتەوەیی و دۆخی ئێران، مۆسکۆ بۆ جارێکی تر کێشەی ئازەربایجانی خستە بەرنامەی کارەکانی و کۆمەڵێکی زۆر کارناس، پسپۆڕ، فەرمانبەر و ٢٧ ڕۆژنامەنوسی بە سەرۆکایەتی حەسەنۆڤ ڕەوانەی ئازەربایجان کرد[4]. لە هەمانکات دا کۆمەڵەی ژێکاف توانی دەزگایەکی چاپی دەستی لە تەورێز بکرێت و نیشتمانی ژمارە ٧، ٨ و ٩ لە یەک بەرگدا چاپو بڵاو بکاتەوە، لەگەڵ ڕۆژژمێری تایبەتیی کۆمەڵە بۆ ساڵی ١٣٢٣- ١٩٤٤ و١٩٤٥. غەنی بلوریان دەربارەی چاپخانەی ژێکاف و پارێزگاری لێ کردنی دەڵێت:

**- (چاپخانەیەکی دەستی کۆمەڵەی ژ. ک لە ژێرخانێکی بن هۆدەکان تەرخان کراو بۆ ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە دامەزرابوو. شەوێک قازی محەمەد ناردبووی من بچمە لای. کە چووم، قازی گوتی: "دەبێ پارێزگاری لەو چاپخانە بکەن کە لە ناوەندی ڕێکخراوەکەتان دامەزراوە." ئێمە لاوەکان بە ڕۆژ لەوێ کارمان دەکرد و شەوانەش دەرگای بارەگای ڕێکخراوەکەمان قفڵ دەکرد و هەرکام دەچووینەوە ماڵی خۆمان. ئەم جارە بە دوای ئەمری قازی دا، شەوانە چەند کەسمان لەوێ دەماینەوە. من و سەدیقی سیاسەری پای ئەسڵی بووین و هەموو شەوێ بە نۆرە**

---

1- ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥:
J. H. BAMBERG, the History of the British Petropeum Cambridge, 1994 , p. 242- 243.

2- هەمان سەرچاوە: AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 77. 7. 1.

3- گۆڤاری نیشتمان"ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک، ژمارە ١.

4- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 81, v, 131

**یەکمان لەوێ دەمایەنەوە و ئەوانی تریش هەر شەوەی ٤- ٥ کەسیان دەهاتن و چەکمان هەڵدەگرت و بەیەکەوە کێشکمان دەدا[1].)**

هەرلە پێوەندیی گۆڕانی سیاسەتی دووبارەی ڕوسیادا، ماکسیمۆڤ باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاران لە دیسێمبەری ١٩٤٤ بە حەسەن حەسەنۆڤی ڕاگەیاند: (**لە مۆسکۆوە پلانێکم "دەستورلعەمل" بۆ هاتووە کە لە ئازەربایجانی ئێران کۆمەڵەیەکی بۆرژوا- دیموکراتیی دابمەزرێت. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ سەرنجی نوێنەرانی ئازەربایجان لە مەجلیسی شورای میللی ڕابکێشین.)**

بەم بۆنەیەوە، ڕۆژی٢١/١٠/١٣٢٣- ١٩٤٥/١/١١ ماتیۆڤ کۆنسۆلی سۆڤیەت سەردانی مەهابادی کرد و لە ماڵی محەمەدئەمین شەرەفی لەگەڵ ئیبراهیم ئیبراهیمیان، مستەفا سوڵتانییان، عەلی ڕیحانی، ئەحمەد ئیلاهی، محەمەد دڵشاد ڕەسوڵی، خەلیل خەسرەوی "خوسرەوی" و قاسم قادریی قازی، نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کۆبووەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا باسی دانانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سۆڤیەت و کورد لە مەهاباد کرا. لەو بارەیەوە ماتیۆڤ لە بەشێک لە یادداشتەکانی ڕۆژانی ١١ و ١٩٤٥/١/١٢ یدا ئاماژە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دەکات و دەنوسێت: (**لە چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی ژێکافدا داوایان کرد:**

**١- لەڕێی ڕۆژنامەکانەوە ئاگادارکراوین کە کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی سۆڤیەت و ئێران لە شارەکانی تردا دامەزراوە. حەز دەکەین ئەو ناوەندە لە مەهابادیش بکرێتەوە**

**٢- بۆ پەرەپێدانی کاروباری ڕاگەیاندن لە نێوان دانیشتووانی کوردستاندا، پێویستمان بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییە، بەڵام دەرەتانمان نیە و داوادەکەین بۆ بەدەستهێنانی دەزگایەکی چاپ، یارمەتیمان بدەن.**

**٣- داوای کردنەوە و بەڕێخستنی بەرنامەی ڕادیۆیی بە زاراوەی کوردیی دەکەین کە کوردەکانی عێراقیش لێی تێبگەن و لە مۆسکۆ ئەم بەرنامەیە بڵاوبکرێتەوە.**

**٤- بۆ ڕزگاربوونی گەلی کورد لە چەوسانەوەی سێ دەوڵەتی ئێران، عێراق و تورکیا، هەروەها یەکگرتنەوەیان لە دەوڵەتێکی کوردییدا، یارمەتییان بدرێت.**

---

[1]- غەنی بلوریان، هەمان سەرچاوە، لاپەرەی ٤٤.
دوای دانەزرانی حیزبی دیموکرات، یەکیەتی سۆڤیەت دوو دەزگا چاپی دا بە حیزب کە دواتر لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

له وەڵامی پرسیاری مندا سەبارەت بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی، نوێنەرانی ژێکاف ڕایانگەیاند: "گونجاوترین و باشترین کەس بۆ ئەم کارە قازی محەممەدە کە ئێستا لە تارانە." من پەیڕەوی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی و هەندێک چاپەمەنی ترم پێدان و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی، تا گەڕانەوەی قازی محەممەد ئامادەمان کردن.[1])

دوای ئەو دانیشتنە کە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەگەڵ ماتیۆڤ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە مەهاباد کردیان، عەبدولڕەحمان زەبیحی و قاسم ئێلخانیزادە ڕۆژی ١٣٢٣/١١/١٣- ١٩٤٥/٢/٢ بە نوێنەرایەتی ژێکاف چوون بۆ تەورێز و چاویان بە "شەریفۆڤ" لێپرسراوی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان کەوت و سەبارەت بەدانانی کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی سۆڤیەت لە مەهاباد وتووێژیان کرد. شەریفۆڤ لە ڕاپۆرتێکیدا بە ژمارەی ٦٨ – ١٩٤٥/٢/٦، دەنوسێت: (ڕۆژی ٢ ی فێبروای ١٩٤٥ عەبدولڕەحمان زەبیحی و قاسمی ئێلخانیزادە هاتن بۆ لام و داوایان کرد ڕێیان پێ بدرێ کە ڕێکخراوی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی لەگەڵ سۆڤیەت لە کوردستان دابمەزرێنن و سەربەخۆش بێت. کاتێک ئەم پرسیارەم بۆ ڕێزدار عەبدولڕەحمان زەبیحی ڕوونکردەوە و پێمگوت ئێمە ناتوانین پێشنیازی ئەوتۆ قبوڵ بکەین، گوتی: "ئەگەر ئێمە لقێکی ئەم ڕێکخراوە دابمەزرێنین و ناوی بنێین کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی لەگەڵ سۆڤیەت، ڕای ئێوە چی دەبێت؟" لە وەڵامیدا پرسیم بۆچی دەتانەوێت ئەم ناوەی لێبنێن و ناوی "کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی ئێران و سۆڤیەت"ی لێنانێن؟ زەبیحی گوتی: "چونکە ئێرانییەکان ئێمەیان خۆشناوێت و ڕێزمان ناگرن و بە چاوی سوک و خراپ سەیرمان دەکەن. ئێمە حەز ناکەین ناوی بەشی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت و ئێرانی لەسەر بێت." جارێکی تریش هەوڵمدا بۆ زەبیحی ڕونبکەمەوە کە بۆچی ئێمە پێشنیاز دەکەین ناوی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی ئێران لەگەڵ سۆڤیەتی پێوە بێت، لەبەرئەوەیە کە ئێران دەوڵەتێکی دۆستە و دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت. هەروەها ئێمە دەمانەوێت ئەو پێوەندییە فەرهەنگییە بەهێز بکرێت. بەکارهێنانی وشەی "ئێران" هەموو جارێک زەبیحی و ئێلخانی زادەی تووڕە دەکرد. زەبیحی گوتی: "ئەگەر وڵاتێکی وەک سۆڤیەت کە سوپای ئەڵمان دەشکێنێت، لە ئێران بترسێ، دەبێ دانیشتووانی بێبەختی کورد چی

[1]– ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراتیڤ، ف ٩٤/ ئو ٣٠/ د ٦٥/ ب ٣٤٨/ لاپەڕەی ٢١ و٢٢.

بکەن کە زۆر بە زەحمەت دەکرێت بڵێین ٥% یان خوێندەوار و ڕۆشنبیرن." زەبیحی لە درێژەی قسـەکانیدا گوتی: "ئێمـە چارەڕەشـترین گـەلین، هـیچ کـەس یارمـەتیمان نادات." منیش گوتم بۆچی وا دەڵێیت، مەگـەر لەشکری سوری ئـازادیی ئێمـە کـەم قازانجی بۆ گەلی کورد هەبووە؟[1])

ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٤- ١٩٤٥/٢/١٣- حەسەن حەسەنۆڤ لـە کۆتـایی گەشـتێکیدا بـۆ تـاران، ڕاپـۆرتێکی ٦٧ لاپـەڕەیی بـۆ بـاقرۆڤ نـارد و لە بەشـێکیدا نوسـی: (ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە لـە ئازەربایجـانی سـۆڤیەتەوە هـاتوون بـۆ ئێـرە، زۆر کـاری گەورەیان کردوە، بەڵام کاتی بڕیاردان لەسەر دیاردەیەکی زەق، چونکە لە ئامانجی کۆتایی حکومەتی سۆڤیەت ناگەن، ناتوانن کارەکانیان وەک پێویست بکەن. دەبێ بۆ فەرمانبەرانی ئێمە لە ئێران بـە وردیـی ڕوون بکرێتـەوە کـە ئێمـە بـۆ ڕزگـارکردنی گـەلی ئازەربایجـان لـە زوڵـم و سـتەمێک هـاتووین کـە سـەدان سـاڵە فارسـەکان بەسەریاندا سەپاندون. دەبێت تەواوی کارەکان لەو ڕوانگەیەوە بەڕێوەبچن و بچنە پێشەوە. پرۆسەی گۆڕانی مێژووی ئێران پێشـاندەدا کـە گـەلی ئازەربایجـان دەبێ لەژێر ستەم و زوڵمی فارسەکان ڕزگاری ببێت. دەوڵەتی ئێران کە لە هەڵوەشاندایە، توانـای مانـەوەی سـەربەخۆیی وڵاتـی نیـە.[2] حەسـەنۆڤ لـە کۆتـایی ڕاپۆرتەکەیدا دەربارەی کێشەی کوردەکان، دەڵێت: (دوای چارەسەر کردنی کێشەی ئازەربایجان، دەبێت خودموختاریی بە کوردەکان بدرێ و دەبێ کارگێڕانی ئێمـە لـەم بارەیـەوە چالاک ببن.) هەروەها دەڵێت: (ئازاد کردنی ئازەربایجان دەبێ بـە یارمـەتی حیزبی تـودە بێـت کـە کۆمەڵـە خـەڵکێکی زۆری لـە کرێکـاران، جوتیـاران، پیشـەوەران و ڕوناکبیرانی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکردوەتەوە. بۆ پشتیوانیی کردن لە ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە ئازەربایجان، پێشنیاز دەکەم مانگانە دە هـەزار تمـەن یارمـەتی ئـابووری بدرێن.[3]

دوای ئەو گەشــت و دیــدار و گفتوگۆیــانە، ڕۆژی ١٣٢٣/١٢/٢١- ١٩٤٥/٣/١٢ کۆمەڵـەی پێوەندییـە فەرهەنگییـەکانی سـۆڤیەت لـە مەهابـاد دامـەزرا و ئەفسـەرێکی ئازەربایجانیی بە ناوی عەبدوللاۆڤ" کرا بە بەرپرسی.

---

[1]- یادداشتەکانی شەریفۆڤ لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراتیڤ، ف ٩٤/ ئو ٣١/ د ٦٤/ ب ٣٥٣/ لاپەڕەکانی ٧٩ و ٨٠.

[2]- ئازەربایجان کێشـەی نێوان تـاران، بـاکۆ و مۆسکۆ لـە سـاڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥: AR SPIHMDA, f. 1,s.89,i,108,v.82

[3]- ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥. Ibid, v.84.

# بە كۆتا هاتنی جەنگی دووەمی جیهان



بەرلە بە كۆتا هاتنی جەنگی دووەم، هاوپەیمانانی جەنگی دوو كۆنفرانسیان لە یالتا و پۆتسدام پێكهێنا. كۆنفرانسی یالتا كە هەندێک جار كۆنفرانسی كەریمەشی پێدەگوترێ لە مانگەكانی كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی واتە لە ١٥ تا ١٣٢٣/١١/٢٢- ٤ تا ١٩٤٥/٢/١١ لە دورگەی كەریمە لە باشوری ڕوسیە لە كەناری دەریای ڕەش پێكهات و هەشت ڕۆژی خایاند. بەشدارانی كۆنفرانسی یالتا هەروەكو كۆنفرانسی تاران، كە پێشتر ئاماژەم بۆ كرد، بریتی بوون لە: "فرانكلین دلانۆ ڕۆزڤێلت" سەرۆک كۆماری ئەمریكا، "وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چرچیل" سەرۆكوەزیرانی بریتانیا و "جۆزێف ستالین" سەرۆک كۆماری سۆڤیەت. لەو كۆنفرانسەدا هاوپەیمانان بڕیاری كۆتایی خۆیان سەبارەت بە تێشكاندنی ئەڵمانیا دا و پەسندیان كرد سوپای هەركام لە هاوپەیمانان هێرش بكەنە سەر ناوچەیەكی ئە ڵمان، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی هاوبەشیان لەژێر چاودێریی كۆمیسیۆنێكی هاوبەشدا بێت. هاوپەیمانان بڕیاریاندا چەک لە سوپای ئەڵمان دامالن و خاكەكەی بكەنە سێ بەش. چرچیل توانی بە ڕۆزڤێلت و ستالین بسەلمێنێت كە بەشێک لە خاكی ئەڵمانیا بدرێت بە فەرەنسە. سەبارەت بە چارەنوسی وڵاتە ئەوروپییەكان كە لە دەست ئەڵمانیای داگیركەر ڕزگار ببوون، ڕێبەرانی وڵاتە هاوپەیمانەكان بڕیاریاندا كە پەسندكراوی "ئەتلانتیک"[1] ببێتە هەوێنی دامەزراندنەوەی ئەو وڵاتانە تا بۆخۆیان لە هەڵبژاردنێكی ئازاددا چارەنوسی خۆیان دیاری بكەنەوە، بەڵام ستالین بە

[1]- پەسندكراوی ئەتلانتیک ساڵی ١٩٤١ لە لایەن ڕۆزڤێلت و چەرچلەوە ڕاگەینرا و لەودا لەودا مژدەی ئازادیی و دیاریی كردنی چارەنوسی نەتەوەكان بەدەست خۆیان دەدات. چونكە لە دەریالوشی ئەتلەس "ئەتلانتیک"دا واژۆ كراوی ناوی پەسندكراوی ئەتلانتیكی لێنراوە. ئەو پەسند كراوە و یەكێكە لە بنەمایەكانی پرۆگرامی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان.

پێچەوانـەی بەڵێنـەکانی جگـە لـە "ئـوتریش"، سیسـتەمی سۆسیالیسـتیی بەسـەر ئـەو وڵاتانـەی ئـەورووپای ڕۆژهـەڵات و ناوەندییدا سـەپاند کـە سـوپای سـۆڤیەت ئـازادی کردبـوون. یـەکێکی تـر لـە بڕیارەکـانی کۆنفرانسـی یاڵتـا، پێکهێنـانی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کێشەی ئێران و بەجێهێشتنی لە لایەن سوپای هاوپەیمانانەوە و هاوکاریی ئەمریکا و سۆڤیەت بوو لە تێشکاندنی ژاپۆندا. "ئارتۆن کنت" نووسەری کتێبـی "یاڵتـا یـان دابەشـکردنی جیهـان" و ژمارەیـەکی تـر لـە نووسـەران و سیاسەتمەدارانی ئەورووپی لەو باوەڕەدان کە کۆنفرانسی یاڵتا نەک هەر ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی بە سۆڤیەت سپارد بەڵکوو کودەتای پڕاگ، دیواری برلین، سەرکەوتنی "ماو تسی تۆنگ"، شەڕی کۆریا و چارەنوسی کوبا و بە گشتی کۆنفرانسی یاڵتا گەشەسـەندنی کۆمـونیزمی لـە جیهاندا بـە دواوە بـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، کۆنفرانسی یاڵتا وڵاتانی جیهانی بە سەر سیستەمی دوو جەمسـەریدا دابەشکرد. بە دروستی سـێ مانـگ بـە دوای کۆنفرانسـی یاڵتـادا ئـەڵمانیا بـەبێ هـیچ مـەرجێک خـۆی بەدەستەوەدا و دواتریش بە بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆم لە لایەن ئەمریکاوە لەسەر هیرۆشـیما و ناگـازاکی، ژاپـۆنیش هـەر بـەو جـۆرە خـۆی بەدەسـتەوە دا و جـەنگی دووەمی جیهانی کۆتاییهات کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

دووەم کۆنفرانسـی هاوپەیمانـان لە ڕۆژی ٤/٢٦ تـا ١٣٢٤/٥/١١- ٧/١٧ تـا ١٩٤٥/٨/٢، دوای سـەرکەوتنی هاوپـەیمانان بەسـەر ئەڵمانیـادا پێکهـات. "جۆزێـف سـتالین" سـەرۆک کۆمـاری سـۆڤیەت، "تـرۆمن" سـەرۆک کۆمـاری نـوێی ئـەمریکا، و "وینسـتۆن لیۆنـارد سپێنسـەر چرچیـل" سـەرۆکوەزیرانی بریتانیـا لـە پۆتسـدام ناوەنـدی ئەیالـەتی "براندنبۆرگ" لە ناوچەی پایتەختی ڕایشی ئەڵمان بەشداریی کۆنفرانسەکەیان کرد.



قـازی مـحەمەد بەنـامەیەک سکاڵا و داوای نەتەوەی کوردی ئاراسـتەی ئەو کۆنفرانسـە کـرد، بەڵام ئینگلیزەکـان و ئەمریکییەکـان وەڵامـی داخـوازی

قازییان نەدایەوە. ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئارچی ڕۆزڤێڵت ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی پێی ڕاگەیاند: **(ئێمەی کورد سکاڵای خۆمان بە سێ لایەنی سەرکەوتوو لە کۆنفرانسی پۆتسدام ڕاگەیاند، بەڵام ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان ئاوڕیان لێ نەدایەوە.)** قازی محەمەد لە وتووێژەکەیدا لەگەڵ ڕۆزڤێڵت گوتی: **(کوردەکان ئومێدەوار بوون وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پلەی بەهێزترین وڵاتی دنیادا، هاوکاریان بکات کە لە دواکەوتوویی ڕزگاریان بێت..... ئەگەر ئەمریکا لە جیاتی ناردنی سی هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا ١٠٠ مامۆستای خوێندنگەی بۆ ئەو وڵاتە ناردبایە، چی دەبوو؟ بەڵام ئەمریکا لە جیاتی یارمەتی کردن بە ئێمە، هاوکاریی دوژمنانی ئێمەی کرد، ئەویش بە ناردنی چەکوچۆڵ، بۆ سەرکوت کردنی ئێمەی کورد.) هەروەها قازی ڕەخنەی لە ئینگلیزەکانیش گرت و پەنجەی بۆ دەیەکانی ڕابردوو و سەرکوت کردنی بزوتنەوەکانی کورد ڕاکێشا و مەلا مستەفا بارزانی بە نمونە هێنایەوە**[1].) بەهەر حاڵ قازی محەمەد ئومێدەوار بوو وڵاتە یەکگرتووەکانی بە گوێرەی پەسەند کراوەکانی ئەتلانتیک کێشەی کورد چارەسە بکات کە وەڵامی نەدرایەوە.

لەو کۆنفرانسەدا باس لەوە کرا کە هێزەکانی هاوپەیمانان ئێران بەجێبهێڵن، بەڵام یەکیەتی سۆڤیەت تەواو نەبوونی شەڕی بە دژی ژاپۆن کردە بیانوو و هاودەنگی لەگەڵ ئەو پێشنیازە نەکرد. لەبەر ئەوە لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانسی پۆتسدام دا نوسیان: (هادەنگیی کرا کە سەربازەکانی هاوپەیمانان بە زوریی لە تاران بکشێنەوە و قۆناخەکانی تری پاشەکشەی سەربازەکان لە ئێران لە کۆبوونەوەی دوایی وەزیرانی دەرەوەی ئەو سێ وڵاتەدا کە لە یەکی سپتێمبەری ١٩٤٥ لە لەندەن پێک دێت، دەکەوێتە بەرباس[2].)

بە دوای ئەو کۆنفرانسەدا ئەمریکا کە هاوکات لەگەڵ درێژەدان بە شەڕ، خەریکی دروستکردنی چەکی کۆمەڵ کوژ و بۆمبی ئەتۆم بوو، چوار ڕۆژ دوای کۆتایی کۆنفرانسی پۆتسدام، لە ١٣٢٤/٥/١٥- ١٩٤٥/٨/٦دا بۆمبێکی بەسەر شاری هیروشیما و حەوت ڕۆژ دواتر لە ١٣٢٤/٥/١٨- ١٩٤٥/٨/٩ دا دووەم بۆمبی بەسەر شاری ناگازاکیی ژاپۆن دا خستەخوارەوە و کۆتایی بە جەنگی دووەم هێنا. جەنگی

---

1- ئارچی ڕۆزڤێڵت، شوق آموختن، وەرگێرانی سەبا سەعیدی، انتشارات اطلاعات تهران ١٣٧١ لاپەڕکانی ٣١٤ و ٣٤٠، لە لاپەڕەی ١٦٨ی کتێبی ڕەوانشاد سەعید هومایون وەرگیراوە.

2- سیاسەتی خارجی ایران در دوران پهلوی، ص ١٠٥ و ١٠٦.

دووەمی جیهانی زیانێکی زۆر و قەرەبوو نەکراوی بە وڵاتانی ئەوروپا گەیاند. بە گوێرەی ڕاپۆرتی لێکۆڵەرە ئەوروپاییەکان نزیکەی ٥٠ تا ٧٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا کوژران و لەناوچوون[1]، بەڵام لە هەندێک وڵاتی جیهان و لە ئێران و ئازەربایجان و کوردستاندا بزوتنەوەیەکی ڕێکخست کە دواتر دوو کۆماری لێ بەدیهات کە لە جێی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

1- Second Source List and Detailed Death Tolls for the Twentieth century Hemoclysm.

## دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات و بیرۆکەی خودموختاری کوردستان

لە سەرەتای نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٥دا، ڕەوتی بڕیارەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان توندتر بوون. ڕۆژی ١٣٢٤/٣/٢١-١٩٤٥/٦/١١، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت پلانی پێکهێنانی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی لە ئازەربایجان و شارەکانی تری باکوری ئێران بۆ وەرگرتنی ڕای مۆلۆتۆڤ، باقرۆڤ و کافتارەدزە نارد[1].

لە تەمموزی١٩٤٥ داوایان لە میر جەعفەر باقرۆڤ کرد بچێت بۆ مۆسکۆ. ڕۆژی ١٣٢٤/٤/١٥- ١٩٤٥/٧/٦، "پۆلیت بیرۆی" کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت بڕیارێکی نهێنی بە ناوی "**تێبینی پێویست دەربارەی ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە لە ئازەربایجانی باشور و شارەکانی تری باکوری ئێران**" پەسندکرد. بۆ ڕێبەریی کردنی ئەو بزوتنەوەیە لە ئازەربایجان، دامەزراندنی "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" لەبەر چاو گیرا. بە دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات، بە پێچەوانەی داخوازی حەسەنۆڤ دەبووایە کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودەی ئێران لە بنەماوە بگۆڕدرێ و لەناو هەموو چینەکانی گەلدا، کەسانێک کە لایەنگری جیا کردنەوەی ئازەربایجان لە ئێران بوون، لەگەڵ فیرقە بکەون. لە بەندی سێیەمی ئەو بڕیارەی پۆلیت بیرۆی حیزبی کۆمونیستدا، لە کوردستانیشدا ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە و پێکهاتنی خودموختاریی پێشبینی کرابوو[2].

بەو بڕیارە باقرۆڤ و لایەنگرانی لە ئازەربایجان هەوڵی دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیان دا. ئەوان هەڵگری ئەو بیرۆکەیە بوون کە فیرقەی دیموکرات بتوانێت لە شارە تورک و کوردنشینەکان، تەنانەت ناوچەی موکریان و شاری مەهابادیش، لق دابمەزرێنێت. ئەوان جگە لە چەند ناوچەی کوردستان، هەموو باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی موکریانیان، تا دەگاتە هەوشار و نزیک هەمەدان، بە خاکی ئازەربایجان دادەنا. تەنانەت بیریان لەوە دەکردەوە کە

1- ئازەربایجان، هەمان سەرچاوە، AR SPIHMDA, f. 1,s.89,i,90,v.6-8

2- ئازەربایجان، هەمان سەرچاوە: Ibid, i.90,v, 4

ئەگـەر حکومـەتی میللیـی ئازەربایجانیـان دامەزرانـد، لـە نـاو حکومەتەکەیانـدا خودموختاریی فەرهەنگیی بە گەلی کورد بدەن.

لە مانگی گەلاوێژی ١٣٢٤- کۆتایی ئاگۆستی ١٩٤٥دا کارە سەرەتاییەکان بۆ دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کۆتاییهات. ناوی "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجـان- حیزبـی دیمـوکراتی ئازەربایجـان" بە سـەرۆکایەتی سـەید جەعفـەر پیشەوەریی و ڕۆژی دامەزراندنی بە مێژووی ١٣٢٤/٦/١٢- ١٩٤٥/٩/٣ قبووڵ کرا.

دوای دامەزرانـدنی فیرقـەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان، ڕۆژی ١٣٢٤/٦/١٥- ١٩٤٥/٩/٦ کۆنفرانسـی ئەیالـەتیی حیزبـی تـودە بەسـترا. ١١٢ نوێنـەر لـە تـەورێز و شارەکانی تری ئازەربایجان بەشداریی ئەو کۆنفرانسەیان کرد.

یەکـەم کـۆنگرەی دامەزرانـدنی فیرقـەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان، ڕۆژی ١٣٢٤/٧/١٠- ١٩٤٥/١٠/٢ لـە تـەورێز پێکهـات. ٢٣٧ نوێنـەر، چـوار ڕاوێژکـار و ١٧ میوان بەشدراریی کۆنگرەکەیان کرد. "نیکجو" جێگری پارێزگار، ئیلهامیی سەرۆکی شـارەوانیی تـەورێز، سـالار سـەرۆکی شـارەبانیی، ئاقـائۆلی سـەرۆکی دارایـی، میوانەکانی ئەو کۆنگرەیە بوون. کۆنگرە لە ماوەی سێ ڕۆژدا پەیڕەو و پرۆگرامی فیرقەی دیموکراتی پەسندکرد و ڕێبەرانی فیرقە بە زۆرینـەی دەنگ هـەڵبژێردران[1]. میر جەعفەر پیشەوەریی بە سکرتیری کۆمیتەی ناوەندیی هـەڵبژێردرا و جێگرەکانی بریتی بوون لە: نیزامەدین ڕەفیعی، سادق پادگان و حاجی میرزا عەلی شەبستەریی. ئەندامانی هەیئـەتی بەڕێوەبەرایـەتی لـە: سـەلامولا جاوید، حەسـەن زەریفی، عـەلی ماشـینچی، غولامحوسـێن فەرشـچی و جەعفـەر ئـەدیب پێکهـات و ڕاوێژکارەکـانیش بریتی بوون لە: حەسەن بێرنگ، حەسەن جەودەت و زەینەلعابدین قیامیی.

دوای پێکهـاتنی فیـرقەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان، بیـرۆکەی حەسـەنۆڤ سەبارەت بەدانی خودموختاریی بە کوردستان لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا، کاری پێکرا و بۆ ئەو مەبەستە کاربەدەستانی سۆڤیەت قازی محەمەد و چەند سەرۆک عەشـیرەتی کوردیـان بانگهێشـتی تەورێـز کـرد کە ڕەزامەنـدی ئەوان بە دانـی خودموختاری بە کورد لە چوار چێوەی ئازەربایجان وەربگرن کە قازی محەمەد لە بەرامبەر ئەو بیرۆکەیەدا، ڕایگەیاند: **(ئەگەر مەبەست لەژێر دەست مانەوەی کورد بێت، هەر ئەوە باشترە کە ئێمە لەژێر دەستی حکوومەتی ناوەندیی دا بین.)** لەو بـارەیەوە ڕەوانشـاد مەنـاف کەریمـی یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری کـۆمەڵەی ژیـانەوەی کوردسـتان سـەبارەت بەو ڕاپـۆرتەی حەسـەنۆف کە سـەربەخۆیی بـۆ

---

[1]- ئازەربایجان، هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f.1,s,89.i.109.v,3-13.

ئازەربایجـان دەوێـت و لە چوارچێـوەی حکـوومەتی سـەربەخۆی ئازەربایجـان دا، خودموختاریی بۆ کوردستان، دەڵێت:

- (کاربەدەستانی سۆڤیەت، سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی بانگهێشتی تەورێز کردبوو، دەیانویست کوردستان بخەنە سەر ئازەربایجان، ڕەوانشاد پێشەوا قازی محەمەد بە ڕاشکاوی دژایەتی لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە کرد و گوتی: "نەتەوەی کورد خـاوەنی مێـژووی ئـازادیخوازییە و مێژوویەکـی دوور و درێـژ و ڕوونـاکی لەم ڕێگەیەدا هەیە و سەدان هەزار قوربـانی داوە. ئازەربایجانییەکان هیچ کات داوای ئازادییـان بـۆ ئازەربایجـان نەکـردوە و نەتەوەی کـورد حـازر نیـیە چـاو لە قوربانییەکـانی خـۆی بپۆشـێ و بچێتە ژێردەسـەڵاتی ئازەربایجـان، ئەگەر لەژێـر دەست مانەوە بێت، هەر ئەوە باشترە کە ئێمە لەژێر دەستی حکوومەتی ناوەندیی دا بین." ئازایەتی و نەترسیی پێشەوا لە بەرامبەر کاربەدەستانی سـۆڤیەت کە بەسـەر ئەڵمانی نازیدا سەرکەوتبوون، ئەوانی بێدەنگ کرد[1].)

---

[1]- ئیگڵتن، هەمان سەرچاوە، وتووێژی سەمەدی لاپەڕەکانی ٢٥٦.

## پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ڕەوتی شۆڕشی دووەمی بارزاندا ١٩٤٣- ١٩٤٥ و شکانی دوژمن لە زنجیرە شەڕەکانی "مەیدان مۆریک"دا، ئینگلیزەکان سوپای عێراقیان ڕێکخستەوە و بە هێزێکی زۆر و بە هاوکاریی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانیان و جاشە خۆماڵییەکان و لەژێر ئاگری توندی تۆپخانەدا، لە چوار بەرەی ئاکرێ، ڕەواندز و دیانا، دۆڵی خەلیفان و ئامێدی" پەلاماری ناوچەی بارزانیان دا. لە بەرەی خەلیفان جاشە سورچییەکان هاوکاریی سوپای عێراقیان کرد و توانیان پاشەکشە بە خەباتکارانی بارزان بکەن. لە بەرەی ئاکرێ سێ تۆپ و لە مەزنێ سێ تۆپی تری دوژمن کەوتە دەست شۆڕشگێڕەکانەوە. لە ئاکامی بەردەوامیی شەڕەکە دوژمن توانی لە پردی مەزنێ و لە بەرەی ئامێدیی لە ڕوباری مەزن بپەڕێتەوە و بگاتە ناوچەکانی مزوری و بەرۆژی. لەوێ بۆ ئەوەی کە کارەساتێکی گەورە سەرهەڵنەدا، مەلا مستەفا فەرمانی پاشەکشەی دا و شۆڕشگێڕەکان و خەڵکی گوندەکان بەرەو گوندی "کەکلە" لە ناوچەی پیران و دەشتی "بەرازگر" پاشەکشەیان کرد. فڕۆکەکانی ئینگلیز لە بەیانییەوە تا ئێوارە، بە بەردەوامی بەسەر شۆڕشگێڕەکانەوە دەسوڕانەوە. ژن و منداڵێکی زۆر شەهید و ئاژەڵێکی زۆریش لە بەرەکانی شەڕدا کوژران و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا شەهیدەکانیان دەناشت. خەڵکی ناوچەی بارزان کە بەتێکڕا گوندەکانیان بەجێهێشتبوو، بە ڕێچکەکاندا دەڕۆیشتن و گوللەی تۆپ و فڕۆکە وەک باران بەسەریاندا دەباری و جێ نەبوو کە خۆیانی تێدا بشارنەوە. بە دۆڵی تەنیشت گوندەکانی "سێرو و زەروا"دا بەرەو گوندی "ئاسی" لەسەر سنوری تورکیا بۆ ناوچەی برادۆست چوون. ناوەڕاستی یەکەم مانگی پاییز بوو کە گەیشتنە کوێستانەکانی سێ سنور. ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵەکان پێڵاویان لە پێدانەبوو و بەناو بەفر و قوڕ و باراندا دەڕۆیشتن. نزیکەی دە ڕۆژ بوو، بە پێ دەهاتن. برسی بوون و نان و خۆراکیان نەمابوو کە لە "شەترە" و کێلەشین پەڕینەوە و خزانە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە[1].

---

[1]- وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ: کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، شەریف قورتاس مەلا، تەیمز ئارەب قەتران، محەمەد ئەمین تاهر، بابەکر شێخ حوسێن، عەبدولڕەحمان یەحیا عەبدولڕەحمان، عومەر فەقێ عومەر، عەزیز حوسێن، هەڤاڵانی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ڕوسیا و شۆڕشی ئەیلول دا.

لەو بـارەیەوە کـازم مسـتەفا ئـومەر شـانەدەری دەڵێـت: **(هاوکـات لەگەڵ پەرپینەوەمـان بـۆ ئێران، ئێمەیـان بە بنەمـاڵەوە دابەشـکرد. ئێمە لەگەڵ ژمـارەیەک چووین بۆ مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ. ئەوانی تر لە: دەشـتی شـنۆ، دەشـتی سـندوس، دەشتی لاجان و دەشتی باراندوز جێگیرکران و ژمارەیەکیش لەگەڵ شـێخ ئەحمەد چوون بۆ مەهاباد.)**

هەرچەندە شۆڕشی بارزان ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان و چەندان دەستکەوتی بەنرخـی نەتەوەیـی بەدەسـتهێنا و خاوەن سیمایەکی ناسیونالیسـتی بـوو، بەڵام هەروەکوو ژەنەڕاڵ حەسـەن ئەرفەع لە کتێبی کوردەکاندا ئاماژەی بۆ دەکات، بە پلانی ئینگلیز و دژایەتی کردنی هەنـدێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد کە لە فیکری پاراسـتنی هەلـومەرج و بەرژەوەنـدی خۆیاندا بوون، شکا و سەرنەکەوت[1].

بەهەر حـاڵ، مەلا مسـتەفا بەرلە کشـاندنەوەی هێزەکـانی بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، خـۆی هـاتووە بـۆ مەهابـاد و دواتـر بە ئاگـاداریی قـازی مـحەمەد[2] و ڕێبەرانـی کـۆمەڵەی ژیـانەوەی کوردسـتان و فەرمانـدە سـەربازییەکانی یەکێتـی سـۆڤیەت کە لە ڕەوتـی جەنگـی دووەمـی جیهانـدا، بەشـی بـاکوری ڕۆژهەڵاتـی کوردستانیان داگیرکردبوو، ڕۆژی ١٩٢٤/٧/١٧- ١٩٤٥/١٠/١١ بە ڕێگای کێلەشـین و مەرگەوەڕ و چیای دالانپەڕدا خزانە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان. ئەوکاتە قـازی مـحەمەد لەگەڵ عەلی ڕیحانی، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، مەنافی کەریمی، قاسـمی ئیلخـانی زادە، عەبـدوڵا قـادری، هەمزاغـای نەلۆسـێ، نـوری بەگـی بەگزادە و قـازی محەمەدی خدری شنۆیە لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجـان بـوون و حوسـێن فروهـەر "زێـڕینگەران" سـەرۆکی پێشـوی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان و چەنـد ئەنـدامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکان، بـە گـەرمیی پێشـوازییان لە شـێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بارزانییەکـان کـرد. شـێخ ئەحمـەدی بـارزان لەگـەڵ ژمارەیەک چوو لە مەهاباد جێی گرت و مەلا مستەفا لە گوندی "نێرکێ" لـە نـاوچەی تەرگەوەر کە فەرماندەی سـوپای سـۆڤیەتی لێبـوو و هەڤاڵانیشـی لـە شـنۆ، نەغـەدە، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ و گوندەکانی ئەو ناوچانە نیشتەجێ کران.

هەروەکـوو لە بەشـی "کـۆمەڵەی ژیـانەوەی کوردسـتان"دا ڕامگەیانـد، ژێکـاف پێشتر پێوەندیی بـە مـەلا مسـتەفا و شۆڕشـی بـارزانەوە هەبـوو. ئیدارەی ناوەندیی کۆمەڵە لە نامەیەکیدا لە ئۆکتوبـەری سـاڵی ١٩٤٣ بـۆ مسـتەفا بـارزانی، پشـتیوانی لـە شۆڕشی بارزان کردبوو.

---

[1]- کوردەکان لاپەڕەی ١٩٤.

[2]- غەنی بلوریان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤٨.

## بانگهێشتی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ باکۆ

دوای گۆڕانی سیاسەتی سۆڤیەت سەبارەت بە ئێران، دەستی باقرۆڤ و لایەنگرانی بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی بۆ باشووری ئازەربایجان- ئازەربایجانی ژێردەستی ئێران- کرایەوە. ئەو ڕێکخراوەی کە ئازەربایجانییەکان بڕیاریان لەسەر دابوو، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان "حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان" بوو. بڕیار بوو ئەو ڕێکخراوە لە شارە تورک و کوردنشینەکان و تەنانەت لە ناوچەی موکریان و شاری مەهابادیش، لقی بۆ دابمەزرێنن. ئەو بیرۆکەیە لەوەوە هاتبوو کە ئەوان جگە لە چەند ناوچەی کوردستان، هەموو باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی موکریان و تا دەگاتە هەوشار و نزیک هەمەدانیان بە خاکی ئازەربایجان دادەنا. تەنانەت بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەگەر هاتوو حکومەتی میللیی ئازەربایجانیان دامەزراند، هەروەکو لە بەشی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد و گوتم قازی محەمەد دژی ڕاوەستا، لە ناو حکوومەتەکەیاندا خودموختاریی فەرهەنگیی بە گەلی کورد بدەن.

لە مانگی گەلاوێژی ١٣٢٤- کۆتایی ئاگۆستی ١٩٤٥، کارە سەرەتاییەکان بۆ دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بەکۆتا هات. ناوی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و ڕۆژی دامەزراندنی، بە گوێرەی بەڵگەنامەی ژمارە GAPPOD ٥-٤/١١/٩٠AZR. f.1,op.89,d. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت، بە مێژووی ١٣٢٤/٦/١٢- ١٩٤٥/٩/٣ قبووڵ کرا.

فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ڕۆژی ١٣٢٤/٧/١٠- ١٩٤٥/١٠/٢ کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی لە تەورێز پێکهێنا و ٢٣٧ نوێنەر، چوار ڕاوێژکار و ١٧ میوان بەشدرایی کۆنگرەکەیان کرد. "نیکجو" جێگری پارێزگار تەورێز، ئیلهامیی سەرۆکی شارەوانیی تەورێز، سالار سەرۆکی شارەبانیی تەورێز، ئاقائۆلی سەرۆکی دارایی پارێزگای تەورێز، میوانەکانی ئەو کۆنگرەیە بوون. کۆنگرە لە ماوەی سێ ڕۆژدا پەیڕەو و پرۆگرامی فیرقەی دیموکراتی پەسند کرد و ڕێبەرانی فیرقە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردران و بەشداران میر جەعفەر پیشەوەرییان بە سکرتیری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد[1].

---

[1]- ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ١٩٣٩- ١٩٤٥ AR SPIHMDA, f.1,s,89.i.109.v,3-13. –

دوای دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ١٣٢٤/٦/١٢- ١٩٤٥/٩/٣ و تێکەڵ کردنی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نوێیە لە ١٣٢٤/٦/١٥- ١٩٤٥/٩/٦دا، ئاتاکیشیۆڤ بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەت لە تەورێز، داوای لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کرد کە بۆ سەردانێکی چەند ڕۆژە لە باکۆ، بچن بۆ تەورێز کە لەوێوە ڕەوانەی باکۆ، پایتەختی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت بکرێن.

گەشتی ئەم جارەی نوێنەرانی کورد بۆ ئازرەبایجانی سۆڤیەت، لە کاتێکدا بوو کە قازی محەمەد سەرۆکایەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی دەکرد. ئەندامانی ئەو لیژنەیە کە هەموویان ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوون و قازی محەمەد سەرۆکایەتی دەکردن، بریتی بوون لە: عەلی ڕێحانی، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، مەناف کەریمی، قاسم ئیلخانی زادە، عەبدوڵڵا قادریی، هەمزاغای نەلۆسی، نوری بەگی بەگزادە و قازی خدری شنۆیە. ئەو ژمارەیە لە سەرەتای مانگی حەوتەمی ساڵی ١٣٢٤- کۆتایی مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٤٥، چوون بۆ تەورێز و لەوێوە گەیەندرانە باکۆ.

لە باکۆ، نوێنەرانی کورد بە گەرمیی پێشوازیی کران. چەند دیدار و کۆبوونەیان لەگەڵ ڕێبەرانی ئازەربایجان کرد و دوو جار چاویان بە میر جەعفەر باقرۆڤ سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیت و سەرکۆماری ئازەربایجان کەوت و گەلاڵەیەکیان سەبارەت بە داوا و پرۆژەکانی گەلی کوردستان ئاراستە کرد. پێشتریش کۆمەڵەی ژێکاف چەندان داواکاریی لە یەکیەتی سۆڤیەت کردبوو، یەکێک لەو داوایانە ئەوە بوو کە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە گوێرەی بەندی "پ لە ماددەی ٢٤"ی دەستوری یەکیەتی سۆڤیەت، بە برای کۆمارەکانی سۆڤیەت قبوڵ بکرێت[1].

باقرۆڤ لەو کۆبوونەوانەدا دەربارەی گەلاڵەی پێشنیازکراوی نوێنەرانی کورد دوا و ڕایگەیاند: (**بیروباوەڕی یەکیەتی سۆڤیەت سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی بەم جۆرەیە، خەڵکێک کە زمان و کەلتوری تایبەت بە خۆی هەبێت، بێگومان دەبێ لە هەموو مافێکی نەتەوەیی کەڵکوەربگرێت. دەبێ ڕێگا بدەن کەلتوری خۆی زیندوو بکاتەوە و پەرەی پێبدات. دەبێ لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا ئازاد و سەرپشک بێت. ئێرانیش وڵاتێکی فرە نەتەوەییە. نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە زمانی جیاوازەوە، لەوانە "کوردی، تورکی، عەرەبی، گیلەکی و.. تد" لەوێدا دەژین. بیانەوێ، یان نا، ئەوانە ڕۆژێک بە گشت مافی ڕەوای خۆیان دەگەن. لەم بوارەدا تێکۆشەرانی**

[1]- حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕکانی ١٠٥ و ١٠٦.

**توركی ئازەربایجان، یەکەم ئالاهەڵگرن. لەبەرئەوە پێویست نیە کوردەکان زۆر پەلە بکەن. جگە لەوە سەرکەوتنی خەڵکی کورد لەگەڵ سەرکەوتنی کوردەکانی عێراق و تورکیا پێوەندیی راستەوخۆی هەیە. ئازادیی وڵاتی کوردیی هەموو هەرێمەکان لە بەرچاومانە. دڵنیاتان دەکەم کە هەر کاتێک ئازەربایجان خودموختار بوو، ئازادیی و رزگاریی ئێوەشی تێدا دەستەبەر دەکرێت[1].)**

ئەوە یەکەم جار نەبوو کە قازی محەمەد دەیبیست کێشەی کورد لەگەڵ خودموختاریی ئازەربایجان تێکەڵ دەکەن و پێشتر لە زاری کاربەدەستان سۆڤیەت لە تەورێـزیش بیسـبووی و وەڵامـی پێویسـتی دابـوونەوە، لەبەرئـەوە لـە وەڵامـی باقرۆڤدا دەڵێت: (**خەڵکی کوردیش وەک خەڵکی ئازەربایجان بۆ بەدەستهێنانی مافی سروشتیی خۆی هەوڵدەدات.**) باقرۆڤ لە وەڵامی قازی محەمەد و لە درێژەی قسەکانیدا بەڵێنیدا و گوتی: (**تا ئەو رۆژەی یەکیەتی سۆڤیەت هەبێ، ئازادیی و رزگاریی کورد دەستەبەر دەکرێت.**) باقرۆڤ باسی ئەم خاڵە سیاسییەی کرد و گوتی: (**کۆمەڵەی ژێکاف بەم تەشکیلاتەوە، هەرگیز ناتوانێت سودی هەبێ، ئەمرۆ تەواوی دەرگاکان بۆ لای دیموکراسی دەکرێنەوە. تەماشای ئەمریکا، بریتانیا و سۆڤیەت بکەن. بزوتنەوەی خەڵکی کورد تەنیا لەژێر ئالای حیزبێکی دیموکراتدا دەتوانێت پێش بکەوێت و دوا رۆژی هەبێت[2].)**

باقرۆڤ لە دیدارەکانیدا لەگەڵ قازی محەمەد و هەڤالانی، بە ئەوانی راگەیاند چیتر هیوایان بە سەرکەوتنی ژێکاف نەبێت و باشترە حیزبێکی دیموکرات دابمەزرێنن کە لە چوارچێوەی سنوری ئێراندا و لەگەڵ گەلانی تری دانیشتووی ئێران، بۆ دیموکراتی کردنی ئێران هەوڵبدەن. ئەو ویستەی باقرۆڤ لە رێبەرانی ژێکاف، لە تیۆریی رێبەرانی حیزبی تودەوە دەهات کە لەگەڵ تێکۆشەرانی ئازەربایجان کەڵکیان لێوەردەگرت. حیزبی تودە دەیویست بە بێ لەبەرچاوگرتنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، گەلی ئازەریی و گەلی کورد بۆ بە دیموکراتی کردنی ئێران هەوڵبدەن و لە مافی خۆیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، چاو بپۆشن و بە دیموکراتیکردنی ئێران بخەنە سەرووی مافە نەتەوەییەکانیانەوە. ئەو تیۆرییە، بە کوردی بەشە لێکدابڕاوەکانی کوردستانی دەسەلماند کە هەر بەشەی کوردستان جیاوازیی لەگەڵ بەشەکەی تر هەیە و هەر بەشەی دەبێ لە چوارچێوەی سنوری دەستکردی دوژمندا، لەگەڵ نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەبدا، بۆ

---

1- کۆماری ١٩٤٦ ی کوردستان، ویلیام ئیگلتن جۆنز، وەرگێڕانی سەید محەمەد سەمەدی

2- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٨٩- ٩٠.

تواندنەوەی هەست و بیری نەتەوایەتی خۆیان هەوڵبدەن و لە هەوڵی خەبات بۆ یەکخستنەوەی پارچە لێکدابڕاوەکانی کوردستان وازبهێنن کە ئەوە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ پرۆگرامی ژێکاف هەبوو، بەڵام قبوڵکردنی ئەو ویستەی باقرۆڤ لە لایەن ڕێبەرانی ژێکافەوە، زیانێکی قەرەبوو نەکراوی لە نەتەوەی کورد دا و دواتر شوێنەوارە خراپەکانی کەلێنی خستە ناو یەکیەتی ڕیزەکانی نەتەوەی کوردەوە، بە چەشنێک کە ئێستاش ئەو برینە سارێژ نەکراوە و قوڵتر بووەتەوە و بوونی خاکی کوردستانی خستووەتە مەترسییەوە[1].

دوای گەڕانەوەی لیژنەی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ مەهاباد، هەوڵ بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنی کۆمەڵە لە ناوخۆی کۆمەڵە و دەرەوەیدا دەستیپێکرد. کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ لە ڕاپۆرتێکیدا دەنوسێت: **(عومەر خانی شەریفی و هاوڕییانی بۆ پێکهێنانی لقی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆنترۆڵی ئیشوکاری خەڵکی ناوچەی ماکۆ، لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٥ دا چەندان جار نوێنەری خۆیان ناردوە بۆ لای سەرۆک خێڵە کوردەکانی ئەم ناوچەیە کە کۆنسوڵی خۆمان لە تەوریز و باڵیۆزخانەمان لە تاران ئاگادار کردوەتەوە. لە هەر چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ نوێنەرانی کورد، هەموو جارێک پێمان ڕاگەیاندون کە کێشەی پێکهێنانی سەربەخۆیی کورد لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆ ناگونجێت و داواکارییەکانی پێشوەختە. ئێمە ئامۆژگارییمان کردون کە پێوەندیی بە ڕێکخراوە دیموکراتییە ئێرانییەکانەوە بکەن و بەو شێوەیە دەتوانن بە مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد بگەن. بەڵێنیان داوە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانمان ببن. بەو چەشنە عومەر خان نەیتوانی لە ناو کوردەکانی ناوچەی ماکۆدا لقی کۆمەڵە دابمەزرێنێت[2].)**

---

[1]- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٣٦-١٣٧.

[2]- ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ، لاپەڕەی ١١٣- ١٥٣، ساڵی ١٩٤٥. بڕوانە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕەی ١٦٥.

## حیزبی دیموکراتی کوردستان جێی ژێکاف دەگرێتەوە

دوای گەڕانەوەی قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە باکۆ و دیدار و گفتوگۆکانیان لەگەڵ باقرۆڤ، هەروەها دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەلایەن کاربەدەستانی سۆڤیەت و ئازەربایجانەوە، لە مەهاباد مەقۆمەقۆی هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دامەزراندنی حیزبێکی چەشنی فیرقەی دیموکرات کە خەباتی ئەو تەنیا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە بەستراببێتەوە، کەوتە سەر زاری ئەندامانی ژێکاف. ئەو هەواڵ و گۆڕانکارییە، کە قازی محەمەد و زۆربەی ئەندامانی ژێکاف دژی بوون، نەیتوانی جێی ڕەزامەندی هەڵگرانی بیری سەربەخۆیی کوردستان بێت، بەڵام هەلومەرجی ناوچەکە بە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و دژایەتی ڕاستەوخۆی ئێران، تورکیا و هاوپەیمانانی جەنگ، لەوە زیاتر ڕێگەی بە قازی محەمەد و هەڤاڵانی نەدەدا کە لە چوارچێوەی ئێراندا بۆ هەندێک ماف تێبکۆشن. لەو بارەیەوە عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی "مامۆستا هەژار" دەڵێت: **(قازی و هەواڵانی کە لە دووەم گەشتی باکۆ گەڕانەوە، ڕایانگەیاند: "ڕوس لە ناوی "ژ- ک" ڕازی نین، چونکە حیزبێکە بۆ ئازادیی هەموو کوردستان تێدەکۆشێت و ئینگلیز و تورک توڕە دەکات، دەبێت ناوی خۆمان بنێین "حیزبی دیموکراتی کوردستان" و داوای خودموختاریی لە ئێران بکەین." زۆر ئەو خەبەرەمان لەبەر گران بوو، بەڵام چار چییە، قبوڵ کرا[1].)**

بەم جۆرە سەرکردایەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەسەر پێشنیازی قازی محەمەد ڕێبەری کۆمەڵە و ئەو ئەندامانەی سەردانی باکۆیان کردبوو، کۆبوونەوە و دوای شیکاریی توانای خۆیان و هەلومەرجەکە، بڕیاریاندا بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەیەک بکەن و لەو کۆنگرەیەدا، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ستراتیژی نوێ، لە جێی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ڕابگەیەنن. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان کە لەو سەردەمەدا سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی ژێکاف بووە، دەربارەی گۆڕینی ناو و ستراتیژیی کۆمەڵە، دەڵێت:

**- (بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە بەشداری کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ژێکاف بووم کە تێیدا سەبارەت بەو هەوڵە بۆ تێکدانی ژێکاف وتوویژکرا. قازی کۆبوونەوەکەی کردەوە و دەربارەی هەڵوەشاندنی**

---

[1]- عەبدولڕەحمان شەرەفکەندیی "هەژار"، چێشتی مجێور، لاپەڕەی ٧٢، چاپی یەکەم پاریس، ١٩٩٧.

کۆمەڵەی ژێکاف گوتی: "دروشمی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ هەموومان جێگەی ڕێزە و دەزانین بە تەواویی داکۆکیی لە مافی گەلەکەمان دەکات، بەڵام ڕۆژگار جۆرێکە کە هیچ لایەنێکی جیهان داکۆکیی لە داواکانی ئەمڕۆی ژێکاف ناکات. گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگەیەکی پڕ هەوراز و نشێوە و ئەمڕۆ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەو ئاواتە بەدی ناکرێت. کەواتە پێویستە ئێمە چاو بە داواکانمدا بخشێنینەوە و لەگەڵ هەلومەرج ڕێکیان بخەین و لایەنگریان بۆ بدۆزینەوە. بە ڕای من داوای ئەمڕۆمان دەبێت لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا هەڵبسەنگێندرێت و شتێک لە پرۆگرامی خۆماندا بگونجێنین کە لەگەڵ دەقی یاسا و دەستوری ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێراندا بگونجێت. بەپێی ئەو بۆچوونە پێویستە ناوی کۆمەڵەش بگۆڕدرێت و قاڵبێکی نوێ دابنێین کە لەگەڵ دروشمە تازەکانمان بێتەوە".) لە درێژەی وتەکانیدا بلوریان دەڵێت: (لە ڕەنگ و ڕوخسار و شێوەی گوتنی قازی دەردەکەوت کە ڕاگەیاندنەکەی زۆر بەدڵ نیە، بەڵام وەسەرخۆی نەدەهێنا. لەوە دەچوو دۆخی زاڵ بەرسەر ڕەوتی دیاردەکاندا قازی گەیاندبێتە ئەو شێوە ڕوانینە و ئامۆژگارییەکانی لە دڵسۆزی ئەوەوە سەرچاوەیان دەگرت. قازی لە دەقی گوتنەکانیدا ئاماژەی بۆ دۆستایەتی ستراتیژی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت کرد و گوتی: "بەداخەوە جگە لەو هیچ دەوڵەتێک لەو دنیا بەرینەدا لای ئێمەی کورد ناگرێت. دیارە ئەویش بەرژەوەندی خۆی لەم کارە دەبینێ کە سووکە چاوێکمان لێ بکات."[1])

هەرلەو بارەیەوە ڕەوانشاد سەعید هومایون دەڵێت: (دوای دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ میر جەعفەر باقرۆڤ سەرۆکی ئازەربایجان، قازی محەمەد و هاوڕێیانی لە باکۆوە گەڕانەوە. قازی سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ بارودۆخی نێونەتەوەیی و زەخت و گوشاری دەوڵەتانی ئەمریکا و ئینگلیز بۆسەر یەکیەتی سۆڤیەت، سەبارەت بە پشتیوانی کردنی ڕوسەکان لە ئازەربایجان و کوردستان، لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵە کۆبووەوە و باس و ڕاوێژی کرد. سەرکردایەتی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەکەدا، بەو ڕایە گەیشتن، بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستی کراوەتر کارەکانی بەڕێوەبەرێت و بە بزاڤێکی حیساب کراو کار بکەن و نەبن بەهۆی هاندانی زیاتری دەوڵەتانی ئێران، عێراق و تورکیا و تا ڕادەیەک دژایەتی کردنی ئینگلیز و ئەمریکا لەسەر کوردستان کەم بکەنەوە، باس لە کوردستانی گەورە و سەربەخۆ ڕابگرن بۆ کاتێکی گونجاو و لەو هەلومەرجەدا بۆ خودموختاریی

---
[1]- غەنی بلوریان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٧.

**کوردستانو تەواویەتی عەرزیی ئێران تێبکۆشن. بەم جۆرە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف کرا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان[1].)**

هەروەها قادر مودەرسی لە دیدارێکیدا لەگەڵ سەیید محەمەد سەمەدی وەرگێڕی کتێبی کوردستان ١٩٤٦دا کە سەمەدی لە لاپەڕەکانی ٢٤٤- ٢٤٥ ی کتێبەکەی ئیگلتن دا ئاماژەی بۆ کردوە، دەربارەی گۆڕینی ناو و ستراتیژی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەڵێت: (**سەرئەنجام لەژێر گوشاری ڕوسەکان و پیاوەکانیان لە ئازەربایجانم کۆمەڵەی ژێکاف ناو و ناوەڕۆکی خۆی گۆڕی.)**

لە ڕاستیدا هاودەنگی کردنی سۆڤیەت لەگەڵ پێکهێنانی فیرقەی دیموکرات و حیزبی دیموکرات بۆ ئەوە نەبوو کە باوەڕیان بە دەستەبەر کردنی مافی گەلی ئازەریی و کورد هەبێت، بەڵکوو دوای کۆنفرانسەکانی یالتا و پۆتسدام، یەکیەتی سۆڤیەت بۆ بەدەستخستنی نەوتی باکوری ئێران لە فێل کەوت و بە پێچەوانەی باقرۆف کە دەیویست هەردوو ئازەربایجان تێک بخاتەوە، یان ئازەربایجانی باشوریش ئازاد بکات، سۆڤیەت دەیویست دوای جەنگ و دەرچوونی سەربازەکانی لە ئێران، بە ڕێگەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکرات، لە ئێران دا ئاژاوە بنێتەوە و ئێران ناچار بکات لە بەرامبەر دانی نەوت بە سۆڤیەت، ئەو کێشانەی بۆ خامۆش بکات کە تیری سۆڤیەت لە بەرد کەوت و دەیان هەزاران تورکی ئازەربایجانی بە کوشتدا و خۆشی هیچی دەست نەکەوت.

بەهەر حاڵ، دوای ئەو کۆبوونەوەیەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ژێکاف، دەستکرا بە ئامادە کاریی بۆ پێکهێنانی کۆنگرە و ژماردنی پێچەوانە بۆ هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەست پێکرد و بەبێ هیچ ڕاگەیاندنێک کۆمەڵەیان هەڵوەشاند و ڕۆژی ١٣٢٤/٨/١- ١٩٤٥/١٠/٢٤ حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە جێی دانا. گۆڤاری کوردستان "بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان" لە پلەی یەکەم بڵاوکراوەی ڕەسمی ئەو حیزبە بڵاوکرایەوە و دواتر جێی خۆیدا بە ڕۆژنامەی کوردستان. گۆڤاری کوردستان لە لاپەڕەی ١١ ی ژمارە یەکی خۆیدا، ڕۆژی ١٣٢٤/٩/١٥- ١٩٤٥/١٢/٦، بە ناونیشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بۆ مێژووی دامەزراندنی حیزب و لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانکارییە و بەشدارانی یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبە کرد و نوسیویەتی:

**- (لە دوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر "آبان"ی ١٣٢٤- ١٩٤٥/١٠/٢٣ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد داندرا و بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە لە**

---

1- ڕەوانشاد سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٨٢.

ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢ دا هەوڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرو[1]:

١- لە ماکۆ و ئارارات: عومەرخانی جەلالی، ئاغای شێخ حەسەن، ئاغای کی، ئاغای حەسەن ئاغای دلایی، ئاغای عەبدوڵلا ئاغای ملان و ئاغای فەخری.

٢- لە سۆما، برادۆست، دەشت و مەرگەوەڕ: ئاغای عومەرخانی شەریفی، ئاغای تاهیرخانی سمکۆ، ئاغای عەباس ئاغای فەنەک، ئاغای قۆیتاس ئاغای مەمەدی، ئاغای حاجی وتمان، ئاغای شێرۆ، ئاغای عبدی، ئاغای حەسەن تێلو، ئاغای تەمەرخان، ئاغای موراد، ئاغای نورکو، ئاغای زوبێد، ئاغای عەزۆ، ئاغای حەسەن هەناره، جەنابی ئاغای حاجی سەید عەبدوڵلا ئەفەندی.

٣- لە شنۆ: ئاغای موساخانی زەرزا، ئاغای قەرەنی ئاغای زەرزا، ئاغای میرزا سەعید، ئاغای قازی محەمەد و ئاغای کاک هەمزە.

٤- سندوس: ئاغای ئەحمەدی کاخدری، ئاغای قاسم ئاغای پیرۆتی و ئاغای محەمەد ئەمین پیرۆتی.

٥- لاجان: ئاغای عەبدوڵلا ئاغای قادری، ئاغای کاک مامەندی قادری، ئاغای کاک حوسێن محەمەدی، ئاغای پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایری و ئاغای محەمەد ئەمین ئاغای پیرۆتی- ئەم ناوە دووجار لەگەڵ بەشدارانی سندوس و لاجان نوسراوە- نووسەر.

٦- پیران: ئاغای محەمەد ئەمین ئاغا، ئاغای قەرەنی ئاغا.

---

1- حیزبی دیموکراتی کوردستان نزیکەی پێنج مانگ بە دوای دامەزرانیدا، ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٢٥ - ١٦ ئابی ١٩٤٦ لە ئاهەنگێکدا مێژووی حیزبەکەی گەڕاندەوە بۆ ١٦ی ئابی ١٩٤٢. بەم بۆنەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان لە وتاری "جیژن و چراخانی" کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٩، ساڵی یەکەم، سێ شەممە ٢٩ ی گەلاوێژی ١٣٢٥ "١٩٤٦/٨/٢٠) دا بڵاوکرایەوە، نوسی: "ڕۆژی ٢٥ ی گەلاویژ بە بونەی ڕوژی پینجەمین سالی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەر هەیوان و حەساری عەمارەتی پیشەوا جیژنیک گیرابوو. لەم جیژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکە تیان کرد و شیرینیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد. جیژن لە سەعاتی ١ی پاش نیوەرو دەست پی کرا. دەوروبەری عەمارەتی پیشەوا بە ئالای سی ڕەنگی کوردستان و وینەی پیشەوای معظم ڕازابوەوە و شەوی سەعات ٧ بەرنامەی جیژن دەست پی کرا و بە بونەی ئەم جیژنە لە لایەن ئاغایانی: علی خسروی، سید محمد طەزادە، دلشاد ڕسولی، سید محمد حمیدی، جعفر کریمی، ووردی، صدیقی، سید عبیدالله طه زادە، عسمان دانش، محمد امین قادری، کاک امین شرفی، ... نوطق و مەقالات و ئەشعار خویندرایەوە و دەنیوان نوطقەکان دا بیوچان موزیکی میللی و سرودی میللی کوردستان دلی حاضرانی فینک دەکرد و جیژن لە سەعاتی ١٢ زور بە خوشی دوایی هات.)

٧- مياندواو: ئاغای محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی.
٨- بۆکان: ئاغای عەبدولڕەحمان شەرفکەندی، ئاغای ڕەشید عەلیزاد.
٩- مەنگوڕ: ئاغای برایم ئاغای ئەدهەم، ئاغای مام حەسەن، ئاغای کاک سلێمان، ئاغای کاک هەمزە، ئاغای مینا ئاغا و باقی برایانی کورد تەشکیل دا و لە لایەن سەران و ڕەوشنفکرانی حیزبەوە نوطقی زۆر چاک دایر بە دیموکراتی و یەکێتی ئیراد کرا. لەم کۆنگرەیەدا هەموو لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تصویب کرا و نوێنەری تایبەتییان بۆ دانرا. هەر یەک لە جێی خۆیان دامەزران و دەستیان بەکار کرد هەژار هونەرمەندی جوانی کوردستان ئەم شیعرانەی خوارەوەی کە باسی دیموکرات دەکات، خوێندەوە[1].) (پاشبەندی ١٠)

پێش دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارەیەک سەرۆک خێڵ دەچنە ناوچەی ماکۆ و داوا لە جوتیاران دەکەن کە ناوی خۆیان لە حیزبی دیموکراتدا بنووسن و نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆنگرەی ئەو حیزبە بنێرن. کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ دەربارەی چوونی ئەو سەرۆک خێڵانە بۆ مەهاباد و گەڕانیان بە ناوچەکەدا، لە ڕاپۆرتێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت نوسیویەتی: (لە نیوەی یەکەمی مانگی ئوکتۆبەری ئەمساڵدا، بە پێشنیازی ژمارەیەک کوردی مەهاباد، چەند گروپێکی دەستپێشخەر بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاتنە ئەم ناوچەیە و داوایان لە خەڵک کرد ناوی خۆیان لەو حیزبەدا بنوسن و ئامادە بن لە هەڵبژاردنی نوێنەرانیاندا بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی حیزبی دیموکرات لە مەهاباد. ئەو نوێنەرانەی کە لە ماکۆوە چوون بەشداریی بکەن لە کۆنگرەی حیزبی دیموکراتدا، بریتی بوون لە: شێخ عەبدولقادر، عومەر ئاغای خالیدی، عەبدوڵڵا ئاغای قارەمان، حەسەن ئاغای حاجی تێلو و عومەر ئاغای ئەموی.

لە سەڵماسەوە: عومەر خانی شەریفی، عەباس فەنەک، قۆیتاس مەمەدی، عەبدەوی عەبدول، سۆفی شێرانی، شێرۆ پس ئاغا، تاهیرخانی سمکۆ، حەسەن تێلو، موراد نەپسانی و مەلا مەجید. ئەو ژمارەیە، دوای گەڕانەوەیان لە کۆنگرە، لە ناو هۆز و تیرە کوردەکاندا دەستیانکرد بە ڕوونکردنەوە بۆ خەڵک کە کارەکەیان زۆر

---

[1] - لە دانیشتنێکمدا لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە لە ٢٠١٦/٥/٢٠ لە کۆیە، زانیم بەڕێزیان چوار ژمارەی لە گۆڤاری کوردستانی هەیە. داوام لێکرد بۆ کەڵک لێوەرگرتنم لەم کتێبەدا کۆپییەکانیم بداتێ کە قبووڵی کرد و ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٢ چووم بۆ کۆیە و هەر چوار ژمارەکانی دامێ کە لەم پاشبەندە و لە جێی پێویستدا کەڵکیان لێ وەردەگرم.

چالاکانە نەبوو. ئەمە دەریدەخات کە لە ناو کوردەکاندا خوێندەوار کەمە، بەڵام کوردەکان بەگشتیی لە دامەزراندنی ئەم حیزبە ئاگادار بوون و هەموو خۆیان بە ئەندامی دەزانن، بە بێ ئەوەی حیزب وەرگرتنی ئەندامی ڕێکخستبێت.

سەرۆک خێڵەکانی کورد "نوێنەران" کە لە کۆنگرە گەڕاونەتەوە، بە باوەڕپێکراوانی خۆیان گوتووە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاگاداریی و پشتیوانیی دەزگاکان و کاربەدەستانی یەکیەتی سۆڤیەت پێکدێت. ژمارەیەک کوردی زۆر بەو ئەنجامە گەیشتوون کە کورد لەگەڵ ڕوسەکان یەکدەگرن، لە ناو زۆربەی هۆزە کوردەکانی ناوچەکانی ماکۆ و خۆی، بە بۆنەی پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە شایی و هەڵپەڕکێ کراوە. ئەوانەی کە تا ئێستا لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ناوی خۆیان نوسیوە، ژمارەیان دەگاتە هەشت هەزار کەس.

هێشتا لێپرسراوان ڕێکخراوەکانی ناوچەیان دانەمەزراندوە. کار و خەباتی ڕێکخستنی ڕۆشنبیریی لاوازە. سەرۆکە کوردەکانی ناوچەکە شارەزای کاری ڕێکخستن نین و هێشتا کەسێک لە ناوەندەوە نەهاتووە بۆ ئێرە[1].)

ڕۆژی ٤- ٢٠٠٧/٤/٥ وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنگرەی شەستەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەدی لە هەولێر پێکهێنا. لە دووەم ڕۆژی ئەو کۆنگرەیەدا کە بە فێستیڤاڵ ناوبرا و منیش یەکێک بووم لە بەشدارانی، دکتۆر کەمال فوئاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان بەڵگەیەکی سەبارەت بە چۆنیەتی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاراستەی بەشدارانی کۆنگرەکە کرد و دواتر بەڵگەکەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٢٤١، ڕۆژی٢٠٠٧/٤/١٣ دا بڵاوکردەوە.

دەستنوسی ئەو بەڵگەنامەیە، لە لای چەپەوە بە کوردیی و بەرامبەرەکەی لە لای ڕاستەوە بە فارسیی نوسراوە. لە بەشە کوردییەکەیدا "کۆمەڵە" بەکارهاتووە نەک "حیزب" و لە بەشە فارسییەکەدا بە زۆریی "حیزب" بەکارهاتووە، جاروباریش "فیرقە". لە هەردوو بەشەکەدا وشەی "ئێران"ی لەگەڵدا نیە. پاشان بەڵگەکە چاپکراوە، لەوێدا جاروبار "کۆمەڵە" و "حیزب" و جاروباریش "فیرقە" بەکارهاتووە. لە دەستنوسەکەدا پاش ناوی شەهید قازی محەمەد (٣٥) کەس ئیمزایان کردوە و لە چاپکراوەکەدا ئیمزای (٧٠) کەسی پێوەیە. بەڵگەنامەکە جگە لە ناوی پێشەوا قازی محەمەد و چوار ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، واتە مەناف

---

[1]- ڕاپۆرتی کۆنسۆلی سۆڤیەت لە ماکۆ لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراتیڤ، لاپەڕەی١٥٢-١٥٣، ساڵی ١٩٤٥. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لاپەڕەی ١٦٨-١٦٩.

کەریمی، ئیبراهیم ئیبراهیمیان، عەلی ریحانی و محمدئەمین شەرفی، ناوی ئەندامانی تری کۆمەڵەی لەسەر نیە. واتە بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە، ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی باڵای کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ژێکاف بەشدارنەبوون لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتدا. ئەمەش دەقی بەڵگەنامەکە بە ناوی ئیمزاکەرەکانیەوە:

**بە نێوی خودای بەرز و بێ هەمتا**

**بەیاننامەی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان**

**هەونیشتمانان، برایان!**

ئاگری شەڕ بە تەواوی دنیای داگرتبوو کە بەبۆنەی دوژمنانی سەربەستی و پاماڵکەرانی دیموکراتی هەڵایسان و بە هێزی باسکانی بەقووەتی سەربازانی ئازای موتەفقینی گەورەی ئێمە کوژاوە، دونیای دیموکراسی غالب و دنیای فاشیستی کە دەیویست میلەل و نەتەوانی دنیایە بەردەست و یەخسیری چەند نەفەر بێ شەرم و فەعالی مایشا بکە، بە یەکجاری بەزیو و هەلات بە جۆرێک چاوەنۆڕی دەکرا بۆ ئازادی میلەل و نەتەوانی دونیایە ڕێگا ئاواڵە بوتەوە فائیدە بەرن وە لەو وەعدانەی کە "**لە مەنشوری تاریخی ئاتلەنتیکدا درابوو**" بەهرەوەر ببن. قلشوری ئومووری خۆیان بە دەستەوە بگرن و کاری خۆیان بە ئارەزوی خۆیان پێک بێنن.

ئێمە کوردان کە لە ئێراندا دەژین چەند ساڵ و بەڵکی چەند قەرنە بۆ ئەستاندنی حەق و ئیختیاری میللی کێشەمان کردوە و خۆمان کردوەتە گاووگەردون، بەدبەختانە کاربەدەستانی موستەبیدی ئێران بەهیچ جۆرێک حازر نەبوون قسە حسابێکانی ئێمە ببیسن! حەتتا لەو حەقەی کە لە قانونی ئەساسیدا بۆ ئەیالات و ویلایاتی ئێران دانراوە نەیان هێشتوە فائیدە وەرگرین و همیشە جەوابی ئێمە گوللە و بۆمب و تۆپ و گیران و دەربەدەری و لەداردان و یەخسیری بوو!!! بەتایبەتی لە دەوری بیست ساڵەی دیکتاتوری رەزاخان دا حەتتا لە پۆشینی لیباسی خۆمان ئازاد نەبوین! و بە زۆری سەرنیزەی صاحیب مەنصوبەکانی خائین و دز و تاڵانکەر، تەواوی بوون و ژیان و ئابرو و ناموسی ئێمەیان ون و پێ پەست کرد! تا بۆ لە بەین بردن و هەڵکەندنی ڕیشەی نەسلی ئێمە بەهیچ جۆرێک لە پەستی و وەحشیگەری رانەوەستان! ئاخر: ئێمەش بەشدارین، ئێمەش تاریخ و زمان، عادات و ئاداب و ڕێو شوێنێکمان هەیە کە بەوانە زۆر گیرۆدە و پێ بەستین، بۆچ دەبێ حەقی ئێمە پاماڵ بێ؟ بۆچ ناتوانین لەنێو ماڵی خۆماندا ئازاد و سەربەخۆ بین؟ بۆچ بە ئێمە ئیجازە نادرێ بە زمانی کوردی منداڵانی خۆمان لەبەر خوێندن بنێین؟ بۆچ

نایەڵن کوردستانیش وڵاتێکی خودموختار بێت کە بە ئەنجومەنی ویلایەتی هەروەکو قانونی ئەساسی مەعلومی کردوە ئیدارە بکرێ؟ هاو وەتەنانی خۆشەویست دەبێ بزانن حەق "نادرێ" "دەستێندرێ"، ئێمە دەبێ بۆ ئەستاندنی حەق و ئیختیاراتی میللی جێگای خۆمان "ملە" بکەین، ئەو ملەیەش یەکیەتی پاڵوێکدان و تەشکیلات و چونەپێشی پێویستە.

بۆ ئەو مەرامە پاکەیە کە کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان لە مەهابادێ داندراوە و دەستی بەکار کردووە، هاونیشتمانە خۆشەویستەکانمان پێویستە ئێوەش چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە لە دەوری کۆمەڵەی میللی خۆتان خڕ ببنەوە بۆ وەرگرتنی حەقی مەشروعی میللی گیان بوردن و فیداکاری پێویستە.

کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان ڕەهبەر و ڕێنوینی ئێوەیە، تەنیا لەژێر ئاڵای ویدایە کە میللەتی کورد لە بەڵای لەبەین چوون و نەمان ڕزگار دەبێت. بون و ناموس و ئابروی میللی دەمێنی و ئەو موەفەق دەبێ کە لەنێو سنوری دەوڵەتی ئێراندا سەربەخۆیی میللی خۆی بەدەست بێنێ.

هاووەتەنانی ئێمە بێجگە لە حەقی مشروعی ئینسانی خۆمان چی دیکەمان ناوێ، ئارەزوی ئێمە لەو بەندانەی ژێرودا بخوێننەوە و بە تەواوی میللەتی کوردی رابگەیەنن.

**ئەوە ئارەزوی ئێمەیە:**

١- میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسوراندن و پێکهێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێت و لە سنوری دەوڵتی ئێرانداخودموختاری ببێ.

٢- بتوانێ بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە وڵاتانی کوردیدا کاروباری نووسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا هەربە کوردی بێ.

٣- ئەنجومەنی ویلایەتی کوردوستان کە وەکو قانونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێ داندرێ لە هەموو کارەکانی ئیجتیماعی و دەوڵەتیدا چاودێری بکا و پێڕابگا.

٤- مەئمورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی محەل بێ.

٥- بەبوونی قانونێکی کوللی لە مابەینی رەعیەت و ئەربابدا سازیشت بەجێ بێت کە دوارۆژی هەردوکیان تەئمین بێت.

٦- بەتایبەتی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان سەعی دەکات لە مابەینی میللەتی ئازەربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە ئازەربایجاندا دەژین "ئاسوری، ئەرمەنی و غەیرە" لە موبارزەدا یەکیەتی و برایەتی تەواو بەرقەرار بێ.

٧- کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان بە بۆنەی ئیستیفادە لە سەرچاوانی و کانگایەکانی تەبیعی زۆری کوردوستان و سەرکەوتنی اموری جوتیاری بازرگانی و پەرەپێدانی اموری فەرهەنگی و لەشساغی بۆ چاکی حاڵی اقتصادی و مەعنەوی میللەتی کورد (ملەی) دەکا.

٨- ئێمە دەمانەویَ ئەو نەتەوانەی کە لە ئێرانداا دەژین بتوانن بە ئازادی بۆ سعادەت و سەرکەوتنی نیشتمانی خۆمان کوشش بکەین

بژی کوردوستانی خودموختاری دیموکرات

محمد قازی

مەلا سەیید عەبدوڵڵا روحانی- مەلا حوسێن ئەمیری روحانی- محەمەد رەسوڵ زەکەوی روحانی- نوری بەک رەئیسی عەشایر- مارف ئاغا رەئیسی عەشایر- عومەرخانی شەریفی رەئیسی عەشایر- شێخ عەبدولقادر رەئیسی عەشایر- عومەر ئاغا جەلالی رەئیسی عەشایر- کەریم ئاغا قەم قەڵعە رەئیسی عەشایر- ئیبراهیم ئاغای مەنگور رەئیسی عەشایر- رشید جیهانگیری رەئیسی عەشایر- کاک عەلی مانقور رەئیسی تایفە- حەسەن چنارا رەئیسی تایفە- جەعفەر حەنارا رەئیسی تایفە- غەنی خوسرەوی رەئیسی شەهرەدار- عەباس ئاغا فنەک رەئیسی تایفە- عەزیز صادقی مالیک- محمد حوسێن سەیف قازی مالیک- عەبدولقەدیر جەعفەری مالیک- یوسف شەریفی مالیک- قەدیر شەریفی مالیک- نەجیب شەریفی مالیک- حەسەن جەلالی مالیک- مەناف کەریمی مالیک- ئیبراهیم ئیبراهیمیان مالیک- کاک هەمزە تایفەی مەنگور- کاک حوزێر مالیک- کاک هەمزە تایفەی مامەش مالیک- کاک عەبدوڵڵا مالیک- قاسم ئاغا ئێلخانی زادە مالیک- مامەند قەدیری رەئیسی تایفە- مەعروف قەدیری مالیک- حوسنی مەعروفی مالیک- محەمەد ئەمین بایەزیدی مالیک- گەلایی بایەزیدی مالیک- پیران ئەمیر عەشایری مالیک- قەدیر مامەندپور مالیک- سەلیم ئەمیر عەشایری مالیک- عەبدولئیلا عەزیزی مالیک- تارانی زرزا رەئیسی تایفە- محمد ئەمین عەشایری مافرا مالیک- کامزی عەزیزی مالیک- مەعروف بەرزنجی مالیک- رەحیم حوسێنی مالیک- سەیید عەلی حەسەن پور تاجیر- حاجی مستەفا داودی تاجیر- ئەحمەد وەلیزادە تاجیر- سەعید صەلاحیان تاجیر- صادق حەیدەری تاجیر- حەمید بلوریان تاجیر- قاسم مەتمەتی تاجیر- محمد خەلیل خوسرەوی تاجیر- ئەحمەدی ئیلاهی تاجیر- هاشم یەسفی تاجیر- حەمید حەمیدی تاجیر- ئیسماعیل شەریفی تاجیر- قەدیر کەریمی تاجیر- عەلی ریحانی تاجیر- خدر سەیید نیزامی تاجیر- محمدئەمین شەرفی تاجیر- حاجی

عەلی دەباغی تاجیر- سەیید محمدی حەمیدی موستەخدیمی دەوڵەت- محمد یەحیایی موستەخدیمی دەوڵەت- سوڵتان وتەمیشی موعەلیم- رەحیم سەیید محمد تەقی زادە دوا فرۆش- مستەفا سوڵتانیان موهندیسی فەلاحەت- رەحیم لەشکری موعەلیم- محمدئەمینی موعینی کاراژدار- حاجی رەحیم شیربەگی تاجر.

بەدەستخستنی ئەو بەڵگەیە لەلایەن ڕەوانشاد دکتۆر کەمال فوئادەوە جێی سەرنجە لەبەر ئەوە پێوەندیم بە ڕێزدار عەلی قازی "کوڕی ڕەش" کوڕی قازی محەمەدەوە گرت و ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

**- (بابم کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو، بەرلە کۆمار بۆ هەر جێیەک دەچوو، سەردانی کتێبفرۆشییەکانی دەکرد، من خۆم لەگەڵی چووم بۆ کتێبفرۆشییەک لە تەورێز. ڕۆژێک دوای گیرانی بابم، ژمارەیەکی زۆر سەرباز هاتن ماڵی ئێمەیان پشکنی و ژمارەیەکی زۆریان بەڵگەنامە و کتێب لەگەڵ خۆیان برد. هەندێک بەڵگە و کتێبی پێشەوا لە لای کاک سەعید هومایون بوو، کوڕی کاک سەعید ئەوانی لە ئەشکەوتی ماڵی خۆماندا شاردبووەوە کە ئەوانیشیان دۆزییەوە و بردیان. بەو حاڵەش بەشێکی تر لە کتێبەکانی پێشەوا مابوون. ڕۆژێک دکتۆر کەمال فوئاد لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە داوای لێکردم ئەگەر کتێب و بەڵگەنامەی پێشەوا لامان مابن، بیدەینێ کاریان لەسەر بکات کە من خۆم شەش کارتۆن کتێبم دایە و ئەوانی تریشمان پێشکەش بە جەنابی مەسعود بارزانی کرد بە فەرمانی بەڕێزیان ئەو کتێبانە لە پێشانگایەکی کتێبدا بەبۆنەی ساڵیادی کۆماری کوردستان لە هەولێر پێشاندران. ڕێزدار بارزانی پێیڕاگەیاندم خەریکن موزەخانەیەک دروست دەکەن کە بەشێکی موزەخانەکە بۆ پێشەوا تەرخان دەکرێت و ئەم کتێبانە لەوێ دادنرێن.)**

بەهەر حاڵ، بەر لەوەی دکتۆر کەمال فوئاد ئەو بەیاننامەیە بڵاوبکاتەوە، ویلیام ئیگڵتن جۆنز لە کتێبەکەی کوردستان ١٩٤٦، وەرگێڕاوی سەید محەمەد سەمەدی، لاپەڕەی ١٠٣-١٠٤ و کەریم حیسامی لە کتێبی "کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خودموختاری؟"دا باسی ئەو بەیاننامەیەیان کردوە و حیسامی مەرامنامەی پەسندکراوی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە لاپەڕە ٦٥- ٧١ ی کتێبەکەیدا بڵاوکردوەتەوە و نوسیویەتی:

**(- سەیرێکی هەوەڵین ئاگاداریی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و دامەزرێنەرانی بکەین و لە بەشداربووەکانی کۆنگرە و مەرامنامەی حیزب وردبنەوە، هێندێ مەتڵەب دێنە بەرچاو، بۆ ئەوە دەبن پەنجەیان بۆ ڕاکێشین و قسەیان لەسەر بکەین.**

١- بە دامەزراندنی حیزبی دیموکرات کە بێگومان لاسا کردنەوەیەکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، کۆمەڵەی ژێ- کاف دەپوچێتەوە و بە کردەوە دەسەلات لە دەست وردە بۆرژوازی کورد کە لەو سەردەمەدا و لە هەلومەرجی ئەو ڕۆژەی کوردستاندا توێژی پێشکەوتووی کۆمەڵی کوردەواریی بوو، دێتەدەر و دەکەوێتە دەست تاقمی بۆرژوازی گەورە یا نێونجی و ڕوناکبیری خۆپارێز و لیبراڵ. هێندێ دەرەبەگ و سەرۆک خێڵی کوردیش لەم دەسەلاتەدا بەشدار دەبن کە نەک هەستی کوردایەتیان نیە، بەڵکوو پێوەندیی نهێنی خۆشیان لەگەڵ حکومەتی تاران قوت نەکردووە.

٢- دروشم و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لەچاو دروشم و سیاسەتی کۆمەڵەی ژێ- کاف گەڕانەوەیەکە بۆ دواوە.

هەلومەرجی ئەو سەروبەندەی جیهان کە فاشیزم تێکشکابوو، دەوڵەتە ئیستعمارییەکان لەرزۆک بووبوون، گەلانی ژێردەست و موستەعمەرە بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی ڕادەپەڕین، حکومەتی ئێران تینی لەبەردا نەمابوو. لە کاتێکی ئاوادا دروشمی ڕزگاریی و سەربەخۆیی کوردستان دەیتوانی پتر لە هەموو دروشمێک کۆمەلانی گەل لە دەوری خۆ کۆ بکاتەوە. ئەو ئاگادارییەی کە دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکرات بڵاویان کردەوە، ئەوەندە خۆپارێزانە و ملکەچانە و بودەلانە بوو کە بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی وەلامدەری خەباتی ئەو سەردەمە بێت. مادەی ٣ ی ئەم ئاگادارییە بەگوێرەی "قانونی ئەساسی سەردەمی مەشروتەی ئێران" داوای ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان دەکا کە نەک هەر قانونی ئەساسی باسی مافی نەتەوەکانی غەیرە فارسی تێدا نیە، بەڵکوو بەگوێرەی زەمان دواکەوتووش بوو.

لە مادەی ٥ دا داوای ڕێککەوتن و پێکهاتنی لادێی و خاوەن موڵکان دەکات کە وەک ئاشتکردنەوەی گورگ و مەڕ وایە. دیارە مەبەست ئەوە نیە کە بڵێین دەبووایە داوای "دابەشکردنی زەویوزار" بکرایە، بەلام بە لایەنی کەمەوە دەبووایە بۆ ڕاکێشانی وەرزێران و زەحمەتکێشانی گوند، بە ڕونیی دار و لەلەیەکی بۆ دەسەلات و زوڵمی دەرەبەگەکان دانابایە.

لە مادەی ٦ دا نووسەرانی ئاگاداری کوردستانیش بە ئازەربایجان دادەنێن و دەنوسن: "حیزبی دیموکرات دەیەوێ لەگەڵ گەلەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین "ئاسوریەکان و ئەرمەنەکان و هتد" یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێک بێنێ" لە کاتێکدا ئەو گەلانەی کە لە کوردستان دەژین برایەتییان لەگەڵ پێک نایەت.

١- له تێكەڵيی كۆنگرەی حیزبدا بە جوانیی دیارە كە سەرۆكخێڵ و دەرەبەگی كورد لە حیزبی دیموكراتدا شوێنی بەرچاویان هەیە. تا ئێستاش ڕون نیە كە ڕوناكبیر و بۆرژوازیی شار لە كۆمیتەی ناوەندی دا ژمارەیان چەند كەس بووە. دامەزرێنەرانی كۆمەڵەی ژێ- كاف لە كۆنگرە و یا لە كۆمیتەی ناوەندیی دا ناویان نیە.

٢- لە مەرامنامەی حیزبی دیموكراتدا دوای كۆنگرە هێندێ ڕەستە و مەتڵەب بەرچاو دەكەون كە یەكتر ناگرنەوە و بۆ حیزبێكی شۆڕشگێڕ نابن: لە خاڵی ٦ دا دەڵێ: "حیزب لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی هیچ دوژمنایەتی و ناكۆكی نیە."

لە بەندی ٤ و ٦ دا داوای خودموختاری دەكا، بەڵام لە بەندی ١٦ دا دەڵێ : "حكومەتی میللی بە لەبەرچاوگرتنی قازانجی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەكانی تر و لە نۆرەی یەكەمدا لەگەڵ دەوڵەتی مەزنی شورەوی پێوەندی فەرهەنگی و ئابوری ڕائەگرێت."

لە بەندی ١٨ دا داوای ئەم ئیختیارە دەكا كە "ئیمتیازی كانگاكان لە كوردستان بە هەر كەسێک بیەوێ بدات." و... تد.)

بیسمیل لاهی رەحمان و رەحیم

مەڕامنامەی حیزبی دیموكراتی كوردستان

فەسلی یەكەم:

١- نیوی حیزبەكەمان حیزبی دیموكراتی كوردستانە.

٢- بناخەی حیزبەكەمان لەسەر ئەمانەی ژیرەوە داندراوە:

حەقیقەت، عەدالەت، تەمەدون. تەواوی نیزامنامە و قانونەكانی حیزب لە پاش تەسدیق كران لە كۆنگرە بەجێ ئەگەیەندریت.

٣- قەلەم و گوڵەگەنم بە نیشانەی حیزب قەبول كراوە.

فەسلی دووهەم:

٤- لەسەردەمی ئیستادا ئامانجی هەرە گەورەی حیزب بریتیە لەمە كە لەنێو سنوری دەوڵەتی ئیران دا پاریزگاری لە مافەكانی گەلی كورد بكات. وە بۆ پەرەپیدانی ئەم مافانە رێوشوینی خودموختاری دائمەزرینێت. لە تەواوی ئەو ئەیالەت و ویلایەتانەی كە بە دریژایی میژوو كوردی لی دەژیت و زەحمەتیان تیدا كیشاوە، هەروەها لە مەلبەندی كوردستان ئەبی لەسەر ئەساسی دیموكراسی سودی كومەلانی گەل لەبەرچاو بگیردریت. ئەبی بە لەبەرچاو گرتنی جیاوازی

نەتەوایـەتی و قەومیـەت و مەزهـەب حقـوقی بەرامبـەریان پیبـدریت بـۆ هـەلبژاردنی نوینەر بۆ مەجلیسی شورای میللی.

٥- ئامانجی حیزب بریتیە لە پەرەپیدانی دیموکراسی وە لەسەر ئەساسی ئەمە بۆ بەختەوەری بەشەریەت تیٚ ئەکوشیت.

٦- حیزب لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هیچ دوژمناتەتی و ناکۆکی نیە وە بە تـەنیا ئەیەوی لە ریگەی ئاشتی یەوە بۆ دامەزراندن و پەرەپیدانی فەرهەنگ و تەندروستی و کشت و کاڵی گەلی کورد کە لە ئەنجامی دەسەلاتی بەدفەری ئیستعماردا وەپاش کەوتوە تی بکوشیت وە بو ئەمەش داوای مافی خودموختاری نەتەوایەتی ئەکات.

**فەسلی سی یەم:**

٧- تەواوی مالیات و داهـات بـە گـویرەی پیداویسـت وەکۆ ئـەکریت وە لەسـەر ئەساسی حیسابی بودجە تەنزیم ئەکریٚ و دابەش ئەکریٚت.

٨- حکومەتی میللی لە یەکـەمین هـەنگاوەوە دەست ئـەکات بـە ئـاوەدان کردنـی وڵات وە پەرەپیٚـدانی تەشـکیلاتەکانی ئـابوری و سیاسـی وە لەبـەر ئەمـە ناتوانیـت زیاتر لە سەدی ٣ ی مالیاتی وەکوکراو بە حکومەتی ناوەندی بدات.

٩- ئەبی تەواوی مـەئمورەکانی کیشـوەری و سیاسـی و تەشـکیلاتەکانی کشـت و کالی لە کوردان بیت. حکومەتی نەتەوایەتی هەرکاتیٚ بە پیٚویستی بزانیٚت ئـەتوانیت موشـاورینی دەرەوە بانـگ بکـات. تـەواوی کـار و بـاری کۆمەڵایـەتی و دەوڵـەتی و عەدلییە ئەبیٚ بە زمانی کوردی بنوسریٚ وە بەرِیٚوە ببردریٚت.

١٠- حیزب بۆ پەرەپیٚدانی کشـت و کاڵ تـی ئەکۆشـیٚت ماشـیٚنی نویٚی کشـت و کاڵ بکریٚت. حیزب تی ئەکوشیت ئەو داهاتەی کە لادییەکان دەسـتی ئەخـەن بەباشـی بیفرۆشت.

١١- حیزب تـی ئەکوشـیت بـۆ ئـاوەدان کـردن و خـاوین راگرتنـی دیٚ یـەکان و تەواوی ئەو کۆسپانەی کە بۆ کۆچ کردنی لادیٚ یەکان لە دیٚ یەکدا بۆ دیٚ یـەکی تـر هەیە لە نیٚویان لا ببات.

١٢- حیزب بەبیٚ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی نەتەوایـەتی و قـەومیت و مەزهـەب لەژیانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و تەندروستی تەواوی ئەو زەحمەتکیٚشانەی کە لە کوردستان ئەژین پاریٚزگاری ئەکا.

١٣- بە ئامانجی پەرەپیٚدانی عیلم و شارسـتانەتی لـەنیٚو خـەڵکی کوردسـتان دا خویٚنـدنی ئیبتـدایی و نـاونجی ئەبیٚتـە ئیجبـاری وە لـە تـەواوی قوتانخانـەکان ئـەبیٚ خویٚندن بە زمانی کوردی بیٚت.

١٤- بــه ئامــانجی بــەرەو ژوور بردنــی رادەی خوێنــدەواری و ژیــانی شارستانەتی گەل گەلێک کانگای زانستی و کتێب خانە و قەراوەت خانە و کلوب و تەئاتر و مەیدانی وەرزشی دائەمەزرێت.

١٥- تـەواوی ئـەو مـەئمور کوردانـەی کـە لـە ئەیالـەت و ویلاتەتـەکانی لـە ئیدارەکان و لە لەشکردا کار ئەکەن ئەبێ بۆ کوردستان بگەڕێنەوە.

١٦- حکومەتی میللی بە لەبەرچارگرتنی قازانجی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر وە لـە نۆبـەی یەکـەم دا لەگـەڵ دەوڵـەتی مـەزنی شـوروی پیوەنـدی فەرهـەنگی و ئابوری رائەگرێت.

١٧- حکوومەتی مەحەللی کورد لە تەواوی ئەو کۆنفرانسە بەینەل میلەلیانەی کە بۆ ژیانی بەشـەریەت دائەمـەزرێن بـەگوێرەی نفوسـی خـۆی تـەواوی حقوقـەکانی خۆی داوا ئەکات.

١٨- حکومـەتی خودموختـاری کوردسـتان ئـەبێ ئیختیـاری ئەمـەی هـەبێت کـە ئیمتیازی کانگاکانی رەعەمەل هێندراو وە ڕەعەمەل نەهێندراوی خۆی لە کوردستان بەهەر کەسێکی بیهەوێت بدات.

١٩- حکومـەتی میللـی بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی خـەڵکی کوردسـتان لـە ڕیگەیەکی هەرزان و بێ دەردی سەرە وە بەربـەرەکانی یـەکی بـەتین بـە پێچەوانـەی سەلەم خۆر و گران جان و موحتەکیران بەرێوە ئەبات.

٢٠- حکومــەتی میللـی ئـابوری کوردسـتان پـەرە پـێ ئـەدات و لـە تـەواوی شارەکان سنعات دائەمەزرێنێت. ئەبێ دەستی بەدفەڕی ئیستعمار لەسـەر سـەروەتی تەبیعی ئێمە ببردرێت. بۆخۆمان ئەبێ لـەو سـەروەتە سـود وەربگرین. وە لـە عـەینی کات دا بە قازانجی بەشەریەتی بگەیەنین.

٢١- ئەبێ لە تـەواوی کاروبـاری سیاسـی و ئـابوری و کۆمەڵایـەتی دا ژنـانیش وەک پیاوان خاوەنی حقوقی بەرامبەر بن.

٢٢- مافی کەمایەتیـە نەتەوایەتیـەکان کـە لـە کوردسـتان ئـەژین (ئازەربایجـانی، ئەرمەنی، ئاشوری) ئەبێ بەتەواوی لەبەرچاو بگیرێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان مانگی ئازەری ١٣٢٤[1]

لەگەڵ بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی یەکەمی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتاندا، نـاوی ئەنـدامانی هـەڵبژێردراو بـۆ کۆمیتـەی ناوەنـدیی بڵاونەکراوەتـەوە، بـەڵام بـەگوێرەی

[1]- کۆماری کوردستان یان خودموختاری؟ لاپەڕەی ٦٦- ٦٩، کەریم حیسامی، ١٩٨٥.

بەڵگەنامەکانی دوای کۆنگرە، هەروەها درکاندنی ئەندامانی حیزب، کۆنگرە ئەم کەسانەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژاردووە:

**- (محەمەد قازی، حاجی باباشێخ سیادەت، محەمەد حوسێن سەیفی قازی، سەید محەمەد تەهازادە "ئەیوبیان"، عەبدولڕەحمان زەبیحی، مەناف کەریمی، عەبدولڕەحمان ئێلخانی زادە، ئیسماعیل ئێلخانی زادە، ئەحمەد ئیلاهی، خەلیل خەسرەوی، کەریم ئەحمەدین، حاجی مستەفا داودی، محەمەد ئەمین موعینی، مەحمود وەلی زادە، محەمەد دڵشاد ڕەسوڵی، محەمەد ئەمین شەرەفی، سەید عەبدوڵلا گەیلانی زادە، عومەر خانی شکاک، زێڕۆبەگی هەرکی و ڕەشید بەگی جهانگیری[1].)**

لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٣٢٤/٨/١- ١٩٤٥/١٠/٢٣ وەک ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دامەزرا، بەڵام سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە هەمان چاوی کۆمەڵەوە دەیانڕوانیە حیزبەکەیان و لە ساڵڕۆژی یەکەم ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات، مێژووی دامەزراندنی حیزبەکەیان گەڕاندەوە بۆ یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژ- ١٦ی ئاب و بەم بۆنەیەوە ئاهەنگیان گێڕا. لەم بارەیەوە، ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارێکیدا بە ناوونیشانی "جیژن و چراخانی" نوسیویەتی:

**- (ڕۆژی ٢٥ ی گەلاویژ بە بونەی روژی پینجەمین سالی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەر هەیوان و حەساری عەمارەتی پیشەوا جیژنیک گیرابوو. لەم جیژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرینیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد. جیژن لە سەعاتی ١ی پاش نیوەرو دەست پی کرا. دەوروبەری عەمارەتی پیشەوا بە ئالای سی رەنگی کوردستان و وینەی پیشەوای معظم رازابوەوە و شەویَ سەعات ٧ بەرنامەی جیژن دەست پی کرا و بە بونەی ئەم جیژنە لە لایەن ئاغایانی: علی خسروی، سید محمد طەزادە، دلشاد رسولی، سید محمد حمیدی، جعفر کریمی، ووردی، صدیقی، سید عبیداللە طە زادە، عسمان دانش، محمد امین قادری، کاک امین شرفی، ... نوطق و مەقالات و ئەشعار خویندرایەوە و دەنیوان نوطقەکان دا بیوچان موزیکی میللی و سرودی میللی کوردستان دلی**

[1]- ٥٠ ساڵ خەبات، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٣٠، نووسینی جەلیل گادانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان. ساڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی...

حاضرانی فینک دەکرد و جیژن لە سەعاتی ١٢ زور بە خوشی دوایی هات[1].
(پاشبەندی ١١)

هەروەک ڕەوانشاد کەریم حیسامی ئاماژەی بۆ دەکات، بە دامەزراندنی حیزبی دیموکرات، جێ پێی دەرەبەگەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ نێو حیزبی دیموکرات کرایەوە و ئەوان بوون بە دار دەستی ڕژێمی شا و جاسوسی ئینگلیز و سۆڤیەت و نەیانهێشت حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان ئەنجامی ئەرێنی لە خەبات و چالاکیی قازی محەمەد و خەڵکی هەژار و خەباتکاری کوردستان وەرگرن. لەو بارەیەوە مامۆستا هەژار دەڵێت:

– (حیزبی دیموکرات لەسەر دار و پەردوی "ژ- ک" دامەزرایەوە، بەڵام ئەو جار بە ئاشکرا کاری دەکرد. ئیتر ئەو هەیبەت و ناوە پاکەی کە لە "ژ- ک"دا هەبو، چونکە نهێنی بو، زۆری لە کورتی دا. ئەندامی فیڵباز و بەرژەوەندی خوازی زۆر تێهات. زۆری نەبرد زانیمان کە "قاسم ئاغای ئیلخانی" کە برایەکی حیزبی زۆر خۆشەویست بو، لە پاش گەڕانەوەی لە باکۆ، چۆتە باشگای ئەفسەرانی تەورێز و بۆیان بۆتە جاسوس بەسەر حیزبەوە. ئەوە یەکەمین داوی خەیانەت بو کە دەناومان دا قەوما. ئیتر شیرازەی تەنزیم و تەکوزی پێشو هەڵوەشا و خزمایەتی و ئاشنایەتی و خۆبەخۆیایەتی کەوتە ناومان و هەی لە وەی زرینگ بێ و خۆی وەپێش خا. لە گوناهی خەیانەت خۆش بون و نەمانی زەبر و زەنگی زەمانی ترسانی "ژ- ک"، زۆر کەسی شێلگیر کرد کە خەیانەتیش بکەن و هەر لەناومان دا بمێنێتەوە. ئێران و غەیرە ئێران دەیانتوانی نۆکەرانی خۆیانمان دەناو خزێنن. بە جارێک دەرگای حیزب کرابۆوە و هەر کەس دەهات بێ لێکۆڵینەوە قبوڵ دەکرا. قاسم ئاغا هەر برا مایەوە و زۆر ئاغایانی دیش هاتنەوە ناومان و بە دڵ لەگەڵ دوژمنان بون.

ڕۆژێک پێشەوا قازی لە مەجلیسێکدا گوتی: "زۆرم پێ سەیرە، زۆر باسی نهێنی هەیە کە مخابراتی ئینگلیس دەزبەجێ دەیان زانێ." سەرم بردە بن گوێی، گوتم شێخ مەعسوم خەبەریان پێ دەدات. گوتی: "ڕاست دەکەی، من هەموو قسەی خۆم لای ئەو دەڵێم، بەڵام شێخ زۆری لاگیری لەناو شارستان و لادێ دا پەیدا کردوە، چۆنی دەست بۆ بەرم؟"[2].)

---

[1]– ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٩، ساڵی یەکەم، سێ شەممە ٢٩ ی گەلاوێژی ١٣٢٥.
[2]– ڕەوانشاد هەژار موکریانی، هەمان سەرچاوە.

## تەورێز حکوومەت دادەمەزرێنێت و مەهاباد ئاڵای کوردستان هەڵدەکات

بەرلە دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان، میر جەعفەر باقرۆڤ هەیئەتێکی سێ کەسەی بۆ ڕێبەرایەتی و چاودێرییکردن بەسەر کاروباری بزوتنەوەی ئازەربایجان لە تەورێز پێکهێنا. ئەندامانی ئەو هەیئەتە بریتی بوون لە: "میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەن حەسەنۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ". لە هەمان کاتیشدا، دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەت لە تەورێز ڕۆژی ١٣٢٤/٧/٦- ١٩٤٥/٩/٢٨، داخوازێکی بۆ ڕەوانەکردنی چەک، ئاراستەی باقرۆڤ کرد. لەو داوانامەیەدا، ئاماژە بۆ ناوی مەهاباد و گەلی کورد نەکرا، بەڵام بە ناوی ئازەربایجانەوە، ژمارەیەکیان چەک بۆ ورمێ، خۆی، ماکۆ و سەلماس دانابوو. دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتیش دەزگایەکی چاپ و کاغەز و پێویستییەکانی و ١٢ ئوتۆمبیلی بارهەڵگری سەربازییان بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە و کەلوپەلی سەربازیی دا بە حیزبی دیموکرات[1].

دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەت لە ئازەربایجان لە داوانامەکەیدا، ١٧٠٠٠ تفەنگی ڕەوانەی تەورێز کرد. لە ژمارەیە ٥٠٠ تفەنگ بە میاندواو، ١٠٠٠ تفەنگ بە ماکۆ و دەوروبەری، ١٠٠٠ تفەنگ بە خۆی و سەلماس و ١٠٠٠ تفەنگیش بە ورمێ و دەوروبەری درا. هۆی دانی چەک بەو شارانە، ناسینی ئەوان بە ئازەربایجان بوو[2]. هەروەها لە بەرامبەر داخوازی کۆمیتەی ئەمنییەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت، ٢٩ دەمانچەی دروستکراوی دەرەوەی سۆڤیەتیان لەگەڵ ١٠٥٠ فیشەک بۆ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات ناردو بڕیاریدا، ١٠٠٠٠ چەکی برنوی دروستکراوی ئێران، ١٠٠٠ دۆشکەی برنو، ٥٠٠ نارنجۆکی دروستکراوی ئاڵمانیا، ٣٠٠ دەمانچەی مارکی "ماورز" و "براونینگ"، ٥٠٠ چەکی "پارابلۆم"، ٢٠٠ چەکی "والتەر" و بەگوێرەی پێویست فیشەک بۆ ئەو چەکانە ڕەوانە بکرێت. ناردنی ئەم چەکانە بۆ ئازەربایجانی

---

1- وتووێژی گۆڤاری دوو مانگەی ڕوانگەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تەورێز بە زمانی فارسیی، ژمارەی ١٥، گەلاوێژی ١٣٨٢ (جولی ٢٠٠٣) لەگەڵ مەناف کەریمی یەکێک لە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان.

2- ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ١٩٣٩- ١٩٤٥: AR SPIHMDA, f.1,s,89.i. 96.v, 189-190

باشور، لە چوارچێوەی فەرمانێکی مۆسکۆدابوو کە نابێ چەکە بڵاوکراەکان لە ناو خەڵکدا، چەکی دروستکراوی سۆڤیەت بن[1].

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو چەکانە لە ئازەربایجان، مۆسکۆ بڕیاریدا گروپی چەکداری ملیشیا بە نهێنی لە ئازەربایجان پێکبێت و ئەو گروپە لەژێر چاودێریی فەرمانبەرەکانی سۆڤیەتدا پارێزگاریی لە دەستکەوتەکانی ئازەربایجان لە بەرامبەر ئێراندا بکات. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٣٢٤/٧/٢٩- ١٩٤٥/١٠/٢١ ژەنەراڵ "ماسلنیکۆڤ" فەرماندەی سەربازگەی باکۆ و میرجەعفەر باقرۆڤ نامەیەکیان بۆ "بێریا" کۆمیسێری کاروباری ناوخۆی گەلیی یەکیەتی سۆڤیەت نارد. لە نامەکەدا نوسرابوو: **(بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ڕۆژی ١٨ی ئوکتۆبەری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت دەربارەی ئازەربایجانی ئێران، ئەم کارانەی خوارەوە کراون: بۆ لەناوبردنی کەس و ڕێکخراوەکانی دژ کە لەمپەر دەخەنە بەر بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ئازەربایجان، ٢١ فەرمانبەری بە ئەزمون بۆ کارێکی تایبەتیی بۆ کۆمیساریای کاروباری ناوخۆ و کۆمیتەی ئەمنییەتی دەوڵەتی ئازەربایجان دەستنیشانکراون. ئەو هاوڕێیانە دەستە و گروپی چەکداریی پارتیزان لە خەڵکی ناوچەکە پێکدەهێنن. بۆ یارمەتیی ئەو هاوڕێیانە ٧٥ کەسی تر دەستنیشان کراون. ئەو گروپە سەرەتا ڕەوانەی تەورێز، ئەردەوێڵ، میانە، ورمێ و مەراغە دەکرێن. بۆ بەنهێنیی ڕاگرتنی ئەو فەرمانبەرانە و کارە تایبەتییەکانیان، بە ناوی ئەندامانی سوپای سورەوە لە ئازەربایجان خەبات دەکەن. لە کۆتایی نامەکەدا ئاماژە بۆ پێویستییەکانی ئەو فەرمانبەرانە کراوە و بۆ هەر کامەیان مانگانە ١٠٠ هەزار ڕیاڵ داوا کراوە[2].)**

هەروەها بۆ نەهێشتنی باری قورسی گەماڕۆی ئابووری ئازەربایجان لە لایەن ئێرانەوە، سەید جەعفەر پیشەوەریی دەڵێت: ڕۆژی ١٣٢٤/٨/١٣- ١٩٤٥/١١/٤ مۆلۆتۆڤ بەڕێوەبەری شورای کۆمیساریای گەلیی یەکیەتی سۆڤیەت بڕیارێکی بەناوی "گەشەپێدانی پێوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران" واژۆ کرد. بەگوێرەی ئەو بڕیارە، دەبووایە دەستبەجێ یەک ملیۆن و پێنجسەد هەزار مەتر قوماشی چیت، ١٥٠٠ تەن "تۆن" شەکر، ٤٨٨٠ تەن سوتەمەنی، ٢٠٠ تەن داوەبەن و ٢٠٠ تەن کاغەز ڕەوانەی ئازەربایجان بکرێت و لە بەرامبەردا بنکە جیاوازەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، ٤٥٠٠ گا، ٥٠ هەزار مەڕ، ٢٥٠ تەن کشمیش، ١٥٠٠ تەن

1– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. 1,s,89.i. 95.v, 181

2– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. 1,s,89.i. 95.v, 208-209

قەیسی وشک، ٥٠٠ تەن بادەم و ١٠٠٠ تەن خوری بکڕن[1]. ئەو بڕیارە هەلومەرجی ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتی بەهێزکرد و بەرەو هەنگاونانی تر پاڵی پێیانەوەنا.

بەگوێرەی بڕیاری ڕۆژی ١٨ ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت لە نیوەی یەکەمی مانگی نۆڤێمبەردا، ٨٠ فەرمانبەری ئەمنییەتیی کە بە شێوەیەکی تایبەت پەروەردە کرابوون، ڕەوانەی ئازەربایجان کرد. ئەو گروپە زنجیرەیەک کاری تیرۆریستیی کرد: **(لە میانە یەکێک لە خاوەن موڵکەکانیان بە ناوی "ئەنساری" و لە زەنگان کەسێکیان بە ناوی "ڕاهنما" کە یەکێک بوو لە نزیکانی مەحمود زولفەقاری و ئەحمەد ئاغای ئەلایاریی خاوەنی گوندی "نقدوز"، کوشت. هەر لەو کاتەشدا گروپ و دەستەی چەکداریان لە خەڵکی شار و گوندەکان پێکهێنا. لە سەرەتادا ٣٠٠٠ کەسیان لە ٣٠ گروپدا چەکدارکرد[2].)**

ئێوارەی ١٩٢٤/٨/٢٦- ١٩٤٥/١١/١٧ بەڕێوەبەری کاروباری سەربازیی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران و جێگرەکەی سەرهەنگ "ئیڤانۆڤ" بۆ وەزارەتی جەنگی ئێران بانگکران. لەو دانیشتنەدا کە بە بەشداریی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرکردایەتی سوپای ئێران کرا، دەربارەی پەرەسەندنی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکوری ئێران، بەرپرسانی سۆڤیەتیان هۆشیارکردەوە.

بەیانیی ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢٧- ١٩٤٥/١١/١٨ کۆبوونەوەیەک لە نێوان "ئەحمەد یاقوبۆڤ" جێگری باڵیۆزی سۆڤیەت و سەرۆکوەزیرانی ئێران پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکوەزیران دووبارە ئاماژەی بۆ ئەو قسانە کرد کە لە وەزارەتی جەنگدا کرابوون. یاقوبۆڤ لە وەڵامی سەرۆکوەزیراندا گوتی: **(ئێمە ئاگامان لە نائارامییەکانی ئازەربایجان نیە. بۆ ڕەوانەکردنی هێزی زیادە بۆ ئازەربایجان، دەبێت لەگەڵ فەرماندەی سوپای سوور لە ئێران، قسە بکەن. زیادکردنی هێزی سۆڤیەت لە باکوری ئێران ڕاست نیە، بەپێچەوانەوە، بەگوێرەی فەرمانی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی شورای باڵای یەکیەتی سۆڤیەت، دەستمانکردوە بە پرۆسەی کەمکردنەوەی هێزەکانی سوپای سور[3].)**

دەوڵەتی ئێران چاوەڕوانی گەڕانەوەی وەڵام لە سۆڤیەتەوە نەبوو، هێزی بەرەو تەورێز نارد و بە وەزارەتی جەنگی ڕاگەیاند کە بەهەر نرخێک بێت، دەبێ

---

1- م. ج. پیشەوەری، بەرهەمی هەڵبژاردە، باکۆ ١٩٨٤، لاپەڕەکانی ٣٣١- ٣٣٢.

2- ئازەربایجان، هەمان سەچاوە، AR SPIHMDA, f. 1,s,89.i. 97.v, 165-166

3- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. 1,s,89.i.101.v, 133

ئەو هێزانە بگەنە تەورێز، بەڵام سوپای سوور لە "شەریف ئاوا" پێشی بە چوونی هێزەکانی ئێران گرت.

ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢٦- ١٩٤٥/١١/١٧ دەوڵەتشاهی جێگری پارێزگاری ئازەربایجان پێوەندیی بە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتەوە کرد و داوای دانیشتنێکی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی فیرقە کرد. لە دیدارێکیدا لەگەڵ پیشەوەریی، شەبستەریی و ڕەفیعی، ڕای ڕێبەرانی فیرقەی سەبارەت بە پێکهاتنی دەستە و گرووپی چەکدار "فیداییەکان" لە گوندەکاندا پرسی. وەڵامیان دایەوە کە فیرقە پێکهێنەری گرووپی چەکداری فیدایی نیە و ئەوانە بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی کردەوەی دڕندانەی کۆنەپەرستان چەکیان هەڵگرتووە. بە دەوڵەتشاهی گوترا: **(فیرقەی دیموکرات چەندان جار داوای کردوە کە پێش بەو کردەوە دڕندانەیە بگرن، بەڵام سەرۆکەکانی شارەبانیی و ژاندارمەریی سەرنجی ئەو داوایانەیان نەداوە.)**

ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢٧- ١٩٤٥/١١/١٨، کۆبوونەوەیەکی گەورە لە تەورێز پێکهات. پێش پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە، شەبستەریی و ڕەفیعی سەردانی پارێزگاری تەورێزیان کرد و داوایان لێکرد ئۆرگانەکانی دەوڵەت ئاساییشی خۆپێشاندەران دابین بکەن. هەرلەو بارەیەوە پێوەندییان بە سوپاشەوە کردبوو. سەرتیپ دەرەخشانی فەرماندەی لەشکری ٣ ی ئازەربایجان گوتبووی: **(سوپا خزمەتکاری دەوڵەتە، ئەگەر دیموکراتەکان بگەن بە حوکم، سوپا لە خزمەتیاندا دەبێت. هەروەها ڕایگەیاندبوو کە سوپا تێکەڵاوی سیاسەت نابێت[1].)**

دەرەخشانیی دەستبەجێ فەرمان بە یەکەکانی سوپا دەدات کە شار بەجێبهێڵن و ئەمنییەتی شار بە شارەبانیی بسپێرن. بەو جۆرە فیداییەکان بە چالاکیی خۆیان یەکەم سەرکەوتنیان تۆمارکرد. دەرەخشانیی، وەرەهرام، هومایونی و دەوڵەتشاهیی کە لە سەرەتادا، تەنانەت ئامادە نەبوون سڵاو لە ڕێبەرانی فیرقە بکەن، ئیتر خۆیان بە خزمەتکار دادەنا، بەڵام هەیئەتی سێ کەسیی ڕێبەریی "میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەن حەسەنۆڤو ئاتاکیشیۆڤ" بە پیشەوەریی، شەبستەریی و سادق پادگانیان ڕاسپارد کە هەڵسوکەوتی تێکەڵاو بە ڕێزەوەی بەرپرسانی ئێران بەجددیی نەگرن و هێزەکانیان سەقامگیر بکەن، ژمارەیان زیاد بکەن و لە بیریان نەچێت کە تەنیا بزوتنەوەیەکی بەهێزی گەلیی دەتوانێت ئاواتەکانیان بەدیبهێنێت[2].

---

1- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. 1,s,89.i. 101.v, 30

2- هەمان سەرچاوە 190 R SPIHMDA, f. 1,s,89.i. 96.v,31 189-190

دوای ئەو کارانە، فیرقەی دیموکرات ٩٥ ئەندامی وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی گەل بۆ پێکهێنانی پەرلەمانی نەتەوەیی دەستنیشانکرد. دوای هاودەنگیی مۆسکۆ بۆ کردنەوەی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان، میر جەعفەر باقرۆڤ ڕۆژی ١٣٢٤/٩/١١- ١٩٤٥/١٢/٢ ی دانـاو مێـژووی کردنـەوەی پەرلـەمانی ئازەربایجـانی بـە سـتالین، مۆلۆتـۆڤ، بێریـا و مـالنکۆڤ ڕاگەیانـد. هەیئـەتی سـێ کەسـیی ڕێبـەرییکردنی کاروبارەکـان لـە تـەورێز و کۆمیتـەی ناوەنـدیی فیرقـەی دیمـوکرات، ڕۆژی ١٣٢٤/٩/١٩- ١٩٤٥/١٢/١٠یان بۆ وتووێژکردن لە کۆبوونەوەی پەرلەمان دانا کە باس لەم بابەتانەی خوارەوەیان بکەن:

**١- هەڵبژاردنی سەرۆکی فیرقە و جێگرەکانی.**

**٢- پەسندکردنی پێکهاتەی هەیئەتی وەزیران.**

**٣- پێکهێنانی کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمان.**

**٤- پەسندکردنی پرۆگرامی حکومەت.**

بڕیار وا بوو سیستەمی پارێزگا هەڵبوەشێت و هەیئەتی حکومەت ئەرکەکانی لە ئەستۆ بگرێت. بۆ هەیئەتی وەزیران دە وەزیر دانرا. کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر لە تارانەوە هێزی پشتیوان ڕەوانەی تەورێز نەکرێت، هێزە سەربازییەکانی فیرقە توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی سوپا، ژاندارمەریی و شارەبانییان هەیە.

سـەرئەنجام مۆسـکۆ لەگـەڵ پێشـنیازی فیرقـەی دیمـوکرات بـۆ کردنـەوەی پەرلـەمان هـاودەنگیی کـرد و ئـەم وەڵامـە لـە مۆسـکۆوە وەرگیـرا: **(بـاکۆ، هـاوڕێ بـاقرۆڤ، لـە وەڵامـی بروسـکەی ژمـارە ٣٣٩- ٢ ی سـپتێمبەرتاندا، ڕادەگەیـەنم کـە لەگـەڵ پێشـنیازی کۆمیتـەی ناوەنـدیی فیرقـەی دیمـوکرات هـاودەنگیی دەکرێـت. مۆلۆتۆڤ ١٩٤٥/١٢/٥، کاتژمێر ٠٢:٥٥[1].)**

پەرلەمان لە ڕۆژی ١٣٢٤/٩/١٩- ١٩٤٥/١٢/١٠ دا نەکرایەوە و دوو ڕۆژ دواتر کاتژمێر ١٠:٠٠ی ڕۆژی ١٣٢٤/٩/٢١- ١٩٤٥/١٢/١٢ یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان لە هۆڵی سینەما "دیدەبان" لە تەورێز، بە وتاری محەمەد تەقی ڕەفیعی "نیزامولدەولە" سەرۆکی بەتەمەنی پەرلەمان کرایەوە. ٧٦ نوێنەر لە ٩٥ نوێنـەری هـەڵبژێردراو بەشـدارییان تێـداکرد. کۆنسـوڵی سـۆڤیەت، نوێنـەرێک لـە

---

1- کۆمـاری ئازەربایجـان - ئەرشـیڤی ناوەنـدیی دەوڵـەتیی حیزبـە سیاسـی و بزوتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان، بابـەتی یەکـەم، پێرسـتی ٨٩، دۆسـیەی ٩٧، لاپـەڕەی ٨٩. AR SPIHMDA, f. 1,s,89.i. 96.v, 137 1, s. 89, i, 96. v. 137

باڵیۆزخانــەی فەڕەنســا، میژونــی کــاتۆلیکی فەڕەنســا و نوێنــەرانی پارێزگــاری ئازەربایجــان، جێگــری بەڕێوەبــەری بەڕێوەبەرایــەتی پــەروەردە، بەڕێوەبــەریی بەڕێوەبەرایــەتی کشــتوکاڵ، دارایــی و شــارەبانیی و هەروەهــا بە فەرمــانی قــازی محەمەد لیژنەیەک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی حاجی مستەفا داودی و ئەندامەتی کەریمی ئەحمەدەین، وەهابی بلوریان، مەناف کەریمی و عەلی ڕیحانی میوانانی ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمانی ئازەربایجان لە تەورێز بوون کە حکوومەتی ئازەربایجانی لێ ڕاگەیندرا.

هەر وەک پێشتر لە پێوەندیی لەگەڵ چوونی ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ باکۆ، ئاماژەم بۆ کرد، باقرۆڤ و ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات، هەموو باکوری ڕۆژهەلاتی کوردستان و ناوچەی موکریان، تا دەگاتە هەوشار و نزیک هەمەدانیان بە خاکی ئازەربایجان دانابوو. ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتیش بەو مەبەستە لە حیزبی دیموکراتیان گێڕابووەوە کە بچن لە پەرلەمانی ئازەربایجاندا سوێند بخۆن کە دڵسۆزی حکومەتی ئازەربایجان دەبن. کەچی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات دژی ئەو سوێند خواردنە بوون و ئەوان لە پلەی نوێنەرانی نەتەوەیەکی جیاواز، دەیانتوانی پشتیوانی هەڵوێستی ئازەربایجانییەکان و ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات بن. ئەوە بوو کاتێ نۆرەی سوێند خواردنی نوێنەرانی کورد هات، حاجی مستەفا داودی چووە سەر شانۆ و بەناوی نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکرات پشتیوانی لە برایانی ئازەریی کرد. لەو بارەیەوە، مەناف کەریمی لە وتوویژێکیدا لەگەڵ گۆڤاری دوومانگەی ڕوانگەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تەورێز بە زمانی فارسیی دەڵێت:

**- (حکومەتی ئازەربایجان دەیویست ناوچەی موکریان بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە، کاتێک دەیانویست مەجلیسی میللیی خۆیان پێکبهێنن وەک شارەکانی تری ئازەربایجان لە مەهابادیشیان گێڕابووەوە. بۆ نوێنەرایەتی مەهاباد لەو مەجلیسەدا**



حاجی مستەفای داودی، کەریمی ئەحمەدەین، وەهابی بلوریان، من و عەلی ڕیحانی هەڵبژێردراین. لە ڕۆژی کرانەوەی مەجلیسەکەدا نوێنەرانی شارەکانی ئازەربایجان یەک یەک قسەیان کرد و پیرۆزبایی خۆیان ڕاگەیاند و دواتر دەستیانکرد بە سوێندخواردن کە فیدایی و سەریان لە پێناوی ئازەربایجاندا بێت. کاتێک نۆرە گەیشتە نوێنەری مەهاباد، حاجی مستەفای داودی هەستایە سەر پێ و ڕایگەیاند: ئێمە پشتیوانی نەتەوەی ئازەربایجان دەبین، بەڵام سوێندی نەخوارد کە فیدایی و سەری لە پێناوی حکومەتی ئازەربایجاندا بێت. بەیانیی ڕۆژی دوایی بێ ئاگاداریی حکومەتی ئازەربایجان لە تەورێزەوە گەڕاینەوە بۆ مەهاباد و لە مەهابادەوە نامەیەکمان بۆ تەورێز نارد و ڕامانگەیاند ئێمە بەشێک نین لە ئازەربایجان و دەمانەوێت خۆمان سەربەخۆ بین[1].)

هەرلەو بارەیەوە، ویلیام ئیگڵتن جۆنز لە لاپەڕە ١٠٨ی کتێبەکەیدا دەڵێت: (قازی محەمەد بە ئامۆژگاریی کاربەدەستانی ڕووسیا، لیژنەیەکی پێنج کەسی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداریی کردن لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئازەربایجان ڕەوانەی تەورێز کرد. ئەو پێنج کەسانە بریتی بوون لە: سەیفی قازی ئامۆزای قازی محەمەد، حاجی مستەفا داودی، مەنافی کەریمی، کەریم ئەحمەدین و وەهابی بلوریان. لە تەورێز پێشوازیان لە پێنج کەسە وەک نوێنەری کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ نەکرد، بەڵکو ڕێگەیان پێدان کە تەنیا بە ناوی نوێنەری بەشێک لە ئازەربایجان بەشداریی دانیشتنەکە بکەن و دەیانتوانی لە کوردستاندا تەنیا شورایەکی شاریان هەبێت و لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئازەربایجاندا بن. ئەوە بوو ئەو پێنج کەسە گەڕانەوە بۆ مەهاباد کە ڕەخنە و ناڕەزامەندی خۆیان ئاراستە بکەن.)

[1]- گۆڤاری دوومانگەی ڕوانگە، ژمارەی ١٥، گەلاوێژی ١٣٨٢ جولای ٢٠٠٣، ئامادەکردنی بە زمانی فارسیی ئیسماعیل مستەفازادە، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردیی حەسەن قازی.

هەروەکوو ڕەوانشاد مەنافی کەریمی ئاماژەی بۆ کرد، نوێنەرانی کورد بێ ئاگادار کردنەوەی حکومەتی تازە دامەزراوی ئازەربایجان، بەیانیی ڕۆژی دوایی لە تەورێزەوە گەڕانەوە بۆ مەهاباد و لەوێوە نامەیەکیان بە ئیمزای قازی محەمەد بۆ حکوومەتی تەورێز نارد کە حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد بەشێک نین لە ئازەربایجان و کورد دەیەوێت خۆی سەربەخۆ بێت. هاوکات بە هاندانی بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی ١٣٢٤/٩/٢٤– ١٩٤٥/١٢/١٥ خەڵکی مەهاباد ڕژانە ناو شەقامەکانی شار و ئاڵای ئێرانیان لەسەر بینا دەوڵەتییەکانی ڕژێمی ئێران داگرت[1].

دوای داگرتنی ئاڵای ئێران لە مەهاباد، لە شارەکانی نەغەدە و بۆکان ئاڵای کوردستان هەڵکرا و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش ڕۆژی ١٣٢٤/٩/٢٦– ١٩٤٥/١٢/١٧، لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ئاڵای کوردستانی لە جێی ئاڵای ئێران لە مەهاباد هەڵکرد. گۆڤاری کوردستان لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی سێیەمیدا ئاماژە بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد دەکات و بە سەردێڕی "**هەڵکردنی آلای مقدسی کوردوستان لە مەهاباد**" دەڵێت: (**هەروەکو لەپێش دەرهاتی کوردوستان دا عرض کرا روژی ٢٦ ی سەرماوەز تەواوی نوینەرەکانی ئەهالی کوردوستان لە شاری مەهاباد کوبنەوە. سەعات ١٠ ی بەیانی لە کانگای حزب آلای کورد بە حضوری دە هەزار نفر هەلگیرا و لە کاتیکدا دەستەی موزیک مارشی میلی لی دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی دا صفی نظام کە لولەی تفەنگ و مسلسل و سرنیزەیان دەدروشا دەستەی لاوان و قوتابیەکانی مەکتەب "کچ و کور" لە لای راستی آلا لە حرکت دابون گەورە و چوکی مەهاباد هەیئەت و نوینەرانی حزبی دیموکرات لە پشت سەری آلا سەری تعظیمیان بو دانواند بو و بو احترام چەپلەیان لیدەدا و هورایان دەکیشا، و پیشوای معظمی کوردستان جنابی قاضی محمد وتاریکی بەتینی لە بابەت آلای مقدسی کوردوستان ایراد فەرمو. ئەوجار لە پاش نطق و خطابە و تیر هاویشتنیکی زور و بەجی هینانی مراسم و نصبی آلا لەسەر عمارتی هیئتی رئیسەی میلی کوردوستان جیژن دوای هات**[2].) (پاشبەندی ١٢)

هەروەها گۆڤاری کوردستان لە لاپەڕەی یەکەمی، ژمارەی دووەمیدا بە سەردێڕی "**هەڵکردنی آلای مقدسی کوردوستان لە نەغەدە**" نوسی: (**بە پیی**

---

1– سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ورمێ، ڕوکنی دووەم، ژمارە ١٩١٢٥ ڕۆژی ١٣٢٦/١/١٠– ١٩٤٧/٣/٣٠، کاتژمێر ٨ ی بەیانی.

2– گۆڤاری کوردستان ژمارە٣، لاپەڕەی ١، خاکەلێوەی ١٣٢٥.

دەستوری هەیئەتی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردوستان برایانی خوشەویست:
ئاغای حسین فروهر و علی خسروی روژی ٢٦ی ٩ی٢٤ مەئمور کران کە آلای مقدسی کوردوستان لە نەغەدە هەلکەن. دەسبەجی ئەو نوینەرانە وسائلی حرکتیان ساز کرد و بو جیی ئەمر کراو حرکتیان کرد و روژی ٢٧ ی٩ ی ٢٤ گەیشتنە نەغەدە و بەبی ئەوەی معطل بن دەستوری چەقاندنی صادر کرا و جوش و خروشیکی بی غایت لە دانیشتوانی نەغەدە و دەوروپشتی پەیدا بو لە پاش سی٣ سەعات لە ئاخرین نقطەی اطراف ئاغایان و دیهاتی و ژن و مندال لە حزبی دیموکرات کوبوونەوە و فداییانی مسلح سوار و پیادە نزیکی ٧٠٠ نەفەریکیان تشکیل دابو و وسائلی ئەو جیژنە لە هەمو قسمەتەوە بە هیئتی ئەو نوینەرانە و ئاغایان احمد قادری رەئیسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لکی نەغەدە، کاک محمد قادری، آغای غلام رضاخانی خسروی و آغایان احمدی عذیری و ابراهیم ارجمندی موکری و سعید آغای قرپی و قاسم آغای پیروتی و کاک بایزید و میرزا ابراهیم رئیسی شارەبانی حاضر کرا. روژی چوارشەمو سەعات ٩ ی بەیانی جیژن دەست پی کرا و قوتابیانی کورد و ارمنی و آسوری بە سرود خویندنەوە لە محلی جیژنەکە ئامادە بون. برایانی خوشەویست آغای فروهر و خسروی آلای مقدسیان بو بەشی سوواران کە لە شەقام ئامادە بون برد وەختیکی آلاکە وەدەر کەوت هەزار تیر بە افتخاری دیتنی آلا هاویژرا و سوارەکان آلایان وەرگرت و بو کانگای حزبی دیموکرات چون و تا گەیشتنە بنای حزب هەر چەند قدم گا و گردون دەکرا. خەلکی لیکدا لیکدا چەپلەیان لی دەدا و هورایان دەکیشا لەو وەختەدا بە جاریک هەزار نفر بو زیارەتی آلای مقدس هیرشیان برد و لە پاش زیارەتی عموم آلای مقدسی هەل کرا و سلامی آلا خویندراوە و صەد و یەک نفر فیدایی مسلح هەریەک سی تیریان بەتال کرد لە پاشان آغای ابراهیم ارجمندی نووسەری حزبی دیموکراتی لکی نەغەدە نطقیکی راجع بە ئازادی و بە عظمتی آلای مقدس ایراد کرد کە بە چپلە لی دانیکی زۆر دووایی هات. لە پاش وی سرودی میلی لە لایەن برا و خوشکە کورد و ارمنی و آسوریەکان خویندرایەوە کە خەلکی زور دلشاد کرد.

ئەنجا برای خوشەویست آغای خسروی بە دەنگێکی بەرز و شیرانە گوزاریشی خوی دا و لە بابەت آلای کوردوستان و شەهیدانی ریگای آزادی و حکومەتی کوردوستانەوە نطقیکی زۆر ئیراد کرا کە تەئسیریکی زوری لەناو خەلکی کرد و بە هورا و چەپلە لیدانیکی زوری تەواو بوو. سرودی "ئەی رەقیب" لە لایەن دەستەی لاوانەوە خویندراوە.

برای بەرز حسین فروهر لە وەصفی ئالای مقدس چەند وتەیەکی ئیراد کرد کە جیگای تقدیر بو لە دوایی دا کوری ئاغای تقی خان لە طرەف ئەهالیەوە جیژنە پیروزەی لە حزبی دیموکرات کرد و عیدەیەکی زور لە برایان لە وەصفی آلای کوردوستان هەریەک بە جوریک چەند وتەیەکیان فەرمو. ئینجا برای خوشەویست ئاغای خسروی لاوی خوین گەرم داوایی بە نمایش هینا و خەلکی بە دلیکی شادەوە دەم بە دوعاوە بو آلای مقدسی کوردوستان و میلەتانی آزادی خوا بلاوەیان کرد لی کرد[1].) (پاشبەندی ١٣)

دوای هەڵکردنی ئاڵا لە نەغەدە، نۆرەی هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان هات. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی یەکەمیدا بە سەردێڕی "هەل کردنی آلای مقدسی کوردوستان لە شاری بوکان" نوسیویەتی: (بە پیی دەستوری هەیئەتی مەرکەزی حزبی دیموکراتیی کوردوستان و ئەمری جنابی قازی محمد صدری اعظم و پیشوای کوردوستان قەرار درا آلای مقدس و سی رەنگی کوردوستان لە بوکانیش هەل کری ئاغایان میرزا مستەفا سولتانیان، عبدولقادر مدرسی، حسین فروهر، میرزا محمدامین شرفی، علی خسروی، محمود ولی زادە، میرزا رحیم لەشکری و اعضای هەیئەتی حزبی دیموکراتی کوردوستان و ئاغای شیخ الاسلامی هیمن شاعیری میللی و نمایندەی هەیئەتی رەئیسەی میللی و ئاغای محمد نانەوازادە فەرماندەی ئوردوی میللی بە فەرماندەی گارد ئیحترام و دەستەی موزیک لەگەل ئاغای قاسم ئاغای ایلخانی زادە نمایندەی کمیتەی محەلی حزبی دیموکرات لکی بوکان بە مەئموری هەل کردنی "آلای مقدس" معلوم کران. سەعات ١ ی پاش نیوەرویە روژی چوارشەمو ٥-١٠-٢٤ بە افتخاری وەریکەوتنی هەیئەتی هەلگری آلا لە حەساری کانگای حزب مارشی میللی کوردوستان خویندراوە و موزیک لی درا. لەو کاتەدا ئوتموبیلی مخصوص لەنیو هەزاران نەفەر خوشکو برایانی سابلاغی گەیشتنە بەردەرکی کانگای حزبی دیموکراتی کوردوستان راوەستا هەیئەتی هەلگری ئالا لە نیو شریخەی چەپلە ریزان و نەعرەتەی توند و بلیندی "هوریا و بژی کورد و کوردوستان" ی بەریکەرەکانەوە بە دلیکی گەرم و گەورەوە بە کولەوە دەهات وەری کەوت. سەعات دوو نیوی پاش نیوەرو هەیئەت گەیشتە میاندواو و لەوی پیشواز هاتووەکانی ئاغایان، قاضی قزلجی و حسن خانی ایلخانی زادە و دو نەفەر شاعیری میللی هەژار و حەقیقی لەگەل صەد نەفەر پتر لە ئەعضای کومیتەی محەلی بوکان گەیشتنی و مراسمی احترامیان بەجی هینا. مارش

[1]- گۆڤاری کوردستان ژمارە٢، لاپەڕەی ١، ١٣٢٤/٩/٣٠- ١٩٤٥/١٢/٢١.

و موزیک خویندرا و لیدرا. ئەم جار قطاری ئوتموبیل هەلگری هەیئەت و پیشواز هاتوەکان روین تا گەیشتنە "تەقی آباد" لەوی برا دیموکراتە ئەرمەنیەکان بە فەرماندەی عشقی خان لە لای راستەوەی ریگاوە، خوشکە ئەرمەنیەکانیش لە لای چەپەوە راوەستا بون ئیحترامی نیظامی و هوریا و چەپلە ریزانیان کرد و عشقی خان لە طرف هەموانەوە تەبریکی هەل کردنی آلای کوردوستانی کرد. "قاسم ئاغای ایلخانی زادە" لە لایەن هەیئەت و تەواوی برایانی کوردەوە اظهاری مەمنونیەت و سپاسی بە خوشکو برا ئەرمەنیە هاوئامانجەکان کرد "حزبی دیموکراتی کوردوستان سوپاسیان دەکات و قەدری عشقی خان دەزانی" هەیئەت لە نیو هوریا و چەپلەریزانی برا ئەرمەنیەکان وەری کەوت تا گەیشتە قەرە موسالیان "یانی ئەو دییە کە مانگی رەشەمەی پارەکە- سەروان خاکسار و سەربازەکانی- خەیالی خاوی دیکتاتوری بای بالی دان و بە ریبواری هاتبونە ئەوی و مزگەوتیان هەلوەشاند بو نیر و آموریان سوتاند بو و خەلکی ئەوی یان پەرشوبلاو کردبوەوە" لەوی میرزا مصطفی مقتدری و محمود خان و یونس خان و عبدالله خانی ئەمیری ئەعضای لکی محەللی دیموکراتی ئەوی لەگەڵ تەواوی خەلکی دی و چەند دیی دەورەبەریش ریزیان گرتبو میرزا مصطفی لە جیاتی هەموان تبریکی اظهار کرد و سی دەستریژ کرا و هوریا و چەپلەیەکی زور لی درا و گاو گەرونیان کرد. هەیئەت وەری کەوت و سەعات چوارونیوی پاش نیوەرو گەیشتە "علی ئاباد" سی کیلومیتری بوکان لەوی گاردی ئیحترام بە فەرماندەری سەلیم آغای ایلخانی زادە و عدەی سوار لە ژیر دەستوری جعفر آغا و مارف آغا ایلخانی زادە و قوتابیەکانی قوتابخانەی بوکان و آغایانی احمد بەگی فیض الله بەگی فیض الله خان و علی خان قزلیان و احمد آغا و عمر آغا و کریم آغای عباسی و هباس آغا و خالد آغای حسامی و چوار پینج هەزار نەفەر خەلکی بوکان و دەوروبەر بە پیشوازەوە هاتبون لەوی هەیئەتی هەلگری آلا پیادە بون و ئالای مقدس وەک روژ لە پشت هەور بیتە دەری لە کەیف دەرکەوت و کوردوستانی گرتە ژیر شابالی پیروزی خوی و مزگینی سعادت و خوشبەختی بە نەتەوەی کورددا. مارشی ملی خویندراوە و موزیک دەستی کرد بە لیدان و لە طرف گاردی احترامی مەهاباد و بوکان و سواران سە شیلینگ کرا و گاو گردون کرا و آلا لەسەر شانی جەوانی رەشید ابوبکر آغای ایلخانی زادە لەنیو چەپلە ریزان و هوریا و بژی کورد و کوردوستان دا گەیشتە گیلەشین دیسان گاو گەردون کرا و بە خوشی بشارەت و شای یەوە "آلا" گەی یە سەر حەوضی بوکان تەواوی کومەلی خەلکی لە دەوری حەض و مەیدانی ئەوی کوبونەوە "و قاضی محمد صادق قزلجی" وتار و شیعری بەتینی

**خوی لەژیر آلادا خویندەوە و پاش وی حقیقی و هەژار شاعیری ملی هەر کام دەستە شعریکی زۆر چاکیان خویندەوە و هەیئتی هەلگری آلا چونە عمارتی قەلا کە لە پیشدا بو بەخیرهینانی ئەوان ساز کرابو[1].)** (پاشبەندی ١٤)

هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕەی دووەمیدا پارچە شیعرێکی هەژار و لە لاپەڕەی سێیدا شیعرێکی ڕەوانشاد هەباس حقیقی بڵاوکردەوە و دواتر ئاماژەی بۆ وتاری حاجی باباشێخ، عەلی خەسرەوی بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکراوەکانی حیزبی دیموکرات، قازی محەمەدی سادقی و پیرۆزبایی کردنی ئەحمەد ئێلخانی زادە، محەمەد ئەمین ئێلخانی زادە، مارف ئاغای ئێلخانی زادە، جەعفەر ئێلخانی زادە، حاجی بایز ئاغای ئێلخانی زادە، قاسم ئاغای ئێلخانی زادە، ڕەحمان مودەرسی لە لایەن دەستەی لاوانی مەهاباد و خوێندنەوەی شیعر لە لایەن خالید ئاغای حسامی و خوێندنەوەی پارچە شیعرێکی سەید کامل لە لایەن هەژارەوە کرد[2].

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی حزبی دیموکرات کوردوستان، ژمارەی ١، لاپەڕەکانی ٢ و ٣،ساڵی یەکەم پێنج شەممە ١٣٢٤/١٠/٢٠ – ١٩٤٦/١/١١.

[2]- ئاڵا دیار نییە کەی دروستکراوە و کێ بۆ یەکەم جار دروستیکردووە، بەڵام ئەوە ڕونە کە بەر لە زایین هەبووە و دەوڵەتە کۆنەکان بۆ ناساندنی خۆیان و ناسینەوەی هێزە شەرکەرەکانیان کەڵکیان لە ئاڵا وەرگرتووە. ئەمڕۆ ئاڵا بووە بە هێمای نەتەوایەتی و دەزگا ڕەسمییەکان و لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا نوێنەرایەتی ڕێبازی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کەلتوریی و.. تد نەتەوەکان و گروپە جیاوازەکان دەکات. کۆنترین ئاڵا لە جیهاندا کە بە بەردەوامیی سودی لێ وەرگیرێت، ئاڵای وڵاتی دانمارکە کە لە ساڵانی ١٢٠٠ ی زایینیی دروستیان کردوە و تا ئێستاش بە بێ ئەوەی کە هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا کرابێت، سودی لێ وەردەگرن.

نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە سەردەمی بزوتنەوەی "جەمعیەتی تەعالی کوردستان"، لە ساڵی ١٩٢٠ دا، ئاڵای نەتەوایەتی بۆ خۆی دروستکرد. ئەو ئاڵایە لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی "زەینەلعابدین" دروستکرا. زەینەلعابدین نووسەری گشتیی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بوو. ئیحسان نوری پاشا سەبارەت بە ئاڵای کوردستان دەڵێت: برۆ حەسکی تێللی لە هۆزی جەلالی، ساڵی ١٩٢٦ ڕاپەری و بەرەو چیای ئاگری کشایەوە. من ساڵی ١٩٢٧ خۆم گەیاندە ئاگری و سەرۆکایەتی بزوتنەوەی ئاگریم پێ سپێردرا. هەروەها لە لایەن کۆمەڵەی خۆیبوونەوە کۆمیتەیەکی تایبەتیی سەربازیش هەڵبژێدرا. لەو ساڵەدا ئاڵای سێ ڕەنگی سەربەخۆیی کوردستان کە ساڵی ١٩٢٠، جەمعیەتی تەعالی کوردستان پەسندی کردبوو، هێنرایە ئاگری و بۆ یەکەم جار من ئەو ئاڵایەم لەسەر بەرزترین لوتکەی چیای ئاگری هەڵکرد. من پۆستی سەربازییم لە ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان پێکهێنا. پاسەوانە دلێرەکانی ئاگری لە دورەوە هاواریان بۆ ئاڵای کوردستان دەکرد. بەو جۆرە لە ئاگری ڕێکخراوی سەربازیی و ئیدارەیەکی کوردیی هەبوو و

بەرلە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان و قازی محەمەدەوە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ئاڵای دروستکراوی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی جەمعیەتی تەعالی کوردستان بە هێمای نەتەوەیی ناسیوە. هاشمۆڤ و عەلی ئەکبەرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی هاوبەشدا کە بە ناوی کۆنسۆلی سۆڤیەت لە ورمێ، ساڵی ١٩٤٥ ئاراستەی دەوڵەتەکەیان کردووە، دەربارەی ئاڵای ژ. ک دەڵێن: **(پارتی ژ. ک ئاڵای نەتەوایەتی بۆ کوردستان دروستکردووە کە بریتیە لە سێ ڕەنگ و ڕەنگەکانیشی بە پێچەوانەی ئاڵای دەوڵەتی ئێرانن. ڕەنگی سور لە سەرەوە، لەژێریدا سپییە و لە خوارەوەش ڕەنگی سەوزە و لە ناوەندەکەشی هەتاو کێشراوە[1].)**

هەروەها ڕاپۆرتی ١٩٤٥/١٠/١٢ی باڵیۆزی سۆڤیەتیش لە ئێران ئاماژە بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە لایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە دەکات و دەڵێت: **(ڕۆژی ٩ ی مای ١٩٤٥، کۆمەڵەی ژێکاف بە بۆنەی سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر فاشیزمدا، لە گۆڕەپانی ناوەندیی شاری مەهاباد[2] جەژنی گرت. لەو جەژنەدا ئاڵای نەتەوایەتی کوردیان هەڵکرد[3].)**

---

ئاڵای کورد دەشەکایەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢–١٩٤٦/١٢/١٧، لە نووسینەکانی حامید گەوهەری.

1– ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراتیڤ، ئو ٣٠ / د ٣٢٧ / پ ٣٦٩ / لاپەڕەکانی ٥١–٥٤.

2– مەبەست لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهابادە.

3– بەشێک لە ڕاپۆرتی ڕەوانەکراو لە ئێرانەوە بۆ گ . م . دیمیترۆڤ، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت، لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف، لە ١٢ ی ئوکتۆبەری ١٩٤٥، لە ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم، ف ١٧ / ئو ١٢٨ / د ٤٤ / لاپەڕەکانی ٧٢–٧٩ .

## دانانی چاپخانه و خەباتی ڕۆشنبیریی

هەوڵەکانی قازی محەمەد لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دواتریش حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بۆ دانانی چاپخانەی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و بەرهەمەکانی حیزب سەرکەوت و سەرئەنجام یەکیەتی سۆڤیەت دوای پێکهێنانی حکوومەت بۆ ئازەربایجان لە تەورێز، دوو دەزگا چاپی دا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە خەباتی فەرهەنگی پێڕاپەڕێنێت. یەکەم دەزگا بە ناوی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و ئەویتریش لە بۆکان کەوتنە کارکردن. هاتنی ئەو دەزگا چاپانە بۆ کوردستان، بە ڕادەیەکی زۆر گەشەیان بە بواری فەرهەنگیی و ڕۆشنبیریی ناوچەی موکریان دا. بەرلە دانانی چاپخانە لە مەهاباد، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، گۆڤاری نیشتمان، دیاریی کۆمەڵە بۆ لاوان، ڕۆژژمێری کوردیی و هەروەها ژمارەیەک لە گۆڤاری "ئاوات"ی لە ئاگۆستی ١٩٤٤ لە چاپخانەی ئەرمەنییەک لە تەورێز چاپکردبوو. ئیتر دوای دانانی چاپخانە لە مەهاباد و دواتریش لە بۆکان، حیزبی دیموکرات گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستانی لە مەهاباد و گۆڤاری "هەڵاڵە"، گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵان" و "هاواری کورد"ی لە چاپخانەی بۆکان چاپ دەکرد. یەکەم بەرهەمی چاپخانەی بۆکان، بڵاوکردنەوە مێژووی زنجیرەی شێخەکانی نەقشبەندیی بوو. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان بە ناو ونیشانی "هەوەل دەرکەوتی چاپخانەی بوکان" نوسیویەتی: (**روژی ١٣٢٤/١١/٢٤ هەوەل دەرکەوتی چاپخانەی بوکان "سلسلەی مشایخی نقشبندی"مان وەدەست کەوت کە بو بە مایەی چاورونی و دلخوشی کارگەرانی ادارەی روژنامە و چاپخانەی کوردستان لە خودا دەخوازین، موئسسین و کارگەرانی چاپخانەی بوکان سەربەرز و لە خذمەتی ملیدا موفق بن[1].)**

بەرلەوەی کە حیزبی دیموکرات بۆ خۆی بە ئاشکرا لە بەشێکی ئازادکراوی کوردستاندا گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاوبکاتەوە، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەزمونی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی هەبوو. هەروەکو لە ژێر نوسی ژمارەی ١٧ی بەشی "**هزری ڕۆشنبیریی، نەتەوەیی و نیشتمانیی لە بنەماڵەی قازی دا" ڕامگەیاند:** پێشتر لە سەردەمی بزوتنەوەی سمایل ئاغای سمکۆدا هەفتەنامەی

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٤، لاپەڕەی ٣، چوارشەممە ٢٤ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، ١٣ی فیوریەی ١٩٤٦.

"ڕۆژی کورد- شەوی عەجەم" کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ "ڕۆژی کورد" و سەرئەنجام بوو بە "کورد"، ساڵی ١٩٢٢ لە چاپخانەی "غیرەت" لە ورمێ بڵاوکردبۆوە کە "مەلا محەمەدی تورجانی زادە" سەرنووسەری بوو. لەو بارەیەوە محەمەد تەمەدون ئاماژە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە دەکات و دەڵێت: (**دوای ئەوە کە ناچاربووم ڕابکەم، سمکۆ فەرمانیدا دەست بەسەر کتێبخانە و چاپخانەکەم لە شارمی ورمێدا بگرن. مەلا محەمەدی تورجانی زادە ڕاسپێردرا ڕۆژنامەیەکی کوردیی لەوێ لە چاپ بدات. سمکۆ ناوی چاپخانەی "تەمەدون"ی گۆڕی و تابلۆی چاپخانەکەی هەڵگرتبوو و تابلۆی چاپخانەی "غیرەت"یان لە جێی هەڵواسی بوو**[1].)

حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکەم ژمارەی کوردستانی بە شێوەی گۆڤار و بە ناوی "ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان" لە سەرماوەزی ١٣٢٤، کۆتایی نۆڤێمبەری ١٩٤٥ بڵاوکردەوە. لەو ژمارەیەیدا ئاماژەی بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد. هەردوو گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان تا هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە کارەکەیاندا بەردەوام بوون. گۆڤاری کوردستان ٩ ژمارە و ڕۆژنامەی کوردستان ١١٤ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. لە ڕەوتی نوسراوەکانی ئەم کتێبەدا چاوتان بە بەشێک لە نووسینەکانی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامەیە دەکەوێت.

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٠- ١٩٤٦/١/١٠ بە ئاهەنگێک بە بۆنەی کردنەوەی چاپخانەی کوردستان و ناساندنی بەرپرس و کارگێڕانی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکرایەوە. لەو ئاهەنگەدا کە کاتژمێر ١٧:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٠- ١٩٤٦/١/١٠، لە بینای ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستاندا بەڕێوەچوو، بەڕێوەبەران و کارگێڕانی بەشی ڕاگەیاندنی گۆڤار و ڕۆژنامە ناسێندران. لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان بە ناونیشانی "جیژنی کردنەوەی ادارەی روژنامەی کوردستان"، نوسی: (**ڕۆژی ٢٤/١٠/٢٠ ساتی ٥ی پاش نیوەرو لە ادارەی روژنامە و کوواری "کوردوستان" بە مناسبەتی کردنەوەی ادارە و بلاوکردنەوەی هەول ژمارەی روژنامەی کوردستان جیژنیکی بە شەوکەت گیرا. علمای اعلا و اعضای حزبی دیموکرات و نوینەرانی نقاطی کوردستان و تجار و محترمینی مەهاباد و زور لە ئاغایانی طراف لەم جیژنەدا حضوریان بو. لە پیشدا جنابی حاجی باباشیخ بە نطقیکی کورت جلسەی افتتاح فەرمو و لە ضیمن دا لە جنابی ئاغای قاضی محمد رەئیسی حیزبی دیموکرات و پیشوای ملی و دینی**

---

[1]- باردۆخی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانییدا، لاپەڕەی ٣٧٠- ٣٧١، محەمەد تەمەدون.

کوردستان زور تمجید و تحسینی کرد و فەرموی: "وجودی وی بومە غنیمتە و هەر ئەو دەتوانی کەشتی کوردوستان بەنیو شەپولی سیاسەت دا بگەیەنیتە ساحیل." لە دوای ئەو، ئاغای سید محمد طەزادە معاونی حزبی دیموکرای لە لایەن پیشوای معظمەوە خیر مقدمی بە جنابی حاجی بابا شیخ و سایر محترمین کە لە جلسەدا حضوریان بو و اظهار و مبارکبادی کردنەوەی ادارەی روژنامەی لە هەموان کرد و:

١- آغای قادر مدرسی بە سەروکی بنگای چاپخانە و عەلی خسرەی بە مدیری داخلی چاپخانە معرفی کرد.

٢- آغای سید محمدی حمیدی بە مدیر و سەردەبیری روژنامە و گوواری کوردستان ناساند.

لە پاش وی آغای سید محمد حمیدی پاش خیرمقدمی بە جنابی آغای حاجی باباشیخ عرض کرد و مراتبی تشکر و سوپاس گوزاری خوی بە حضوری علمای اعلا و سەرانی حزبی و محترمین گەیاند و وتی: روژی بیستەمی مانگی بەفرانبار "دی ماە" ١٣٢٤ روژیکە کە ئەستیرەی خوشبەختی کورد هاتوتە درەوشین لە نەتیجەی کوششی جەوانانی بەغیرەت و پیرانی صاحب تدبیر توانیمان چاپخانەیەکی وا کە بتوانی دەگەل چاپخانەی شارانی گەورە بەرابەری بکا، بکرین و لە "مەهاباد" کە امیدوارم لە ماوەیەکی کەمدا ببیتە هەوەل شاری تاریخی کوردوستان وەکارخەین. ئیمە کە سالها و بەلکو قەرنەهایە آرەزومان دەکرد کە روژی بتوانین بە زمانی شیرنی کوردی کە دەتوانی دەگەل زیندوترین زمانی دونیا بەرابەری بکا بخوینین و بنووسین و خاوەنی مطبوعات و انتشارات بین، راستی ئەم آرزوە بو ایمە خەیال بوو و باوەرمان نەدەکرد روژی بتوانین بهینینە عمەل، وەلی حقتعالی مرحمتی فەرمو خەیالی ایمە صورتی عملی بەخۆی پۆشی. هەوەل ژمارەی کوردوستان چاپ و بلاوکرایەوە. "بە هەر یەک لە حضار ١ نسخە روژنامە پیشکەس کرا" ایمە کە تا چەند سال لەمەوبەر هیچ اختیاراتمان نەبوو و حتی لباس دەبەر کردن و جولانەوەمان بە دەس خومان نەبوو ایستا بحمدواللە بەند بەندی زنجیری اسارتمان پساند و تەواوی اموری کوردوستان بە دەستی خومان ادارە دەکەین و ئەوەتا ئەورو جیژنی کردنەوەی ادارەی روژنامە و گووار و بلاوکردنەوەی هەوەل ژمارەی "کوردوستان"مان گرتوە و ثبات دەکەین کە کورد هەر چەندە دولی استعمار بو نابودی ئیمە و قوربانی مادی و معنومان دا و دیسان دەیدەن، قەت نەمردوە و هەرگز نامری و ئەم موفقیتە بە حضرتی آغای قازی

محمد سەروکی حزبی دیموکرات و پیشوای معظمی کوردوستان و جنابی آغای حاجی باباشیخ سەروکی دەولەتی خودمختاری کوردوستان تبریک پیشکەش دەکەم و پیش کەوتنی تەواوی برایانی حزبی و کارگەرانی چاپخانە لە خودا دەخوازم.

لە دوایدا بەم ترتیبە احساسات نواندرا.

١- دوو نەفەر شاگرد مدرسەی سرودی ملی کوردوستانیان خویندەوە و ضمنی سرودەکە یاد آوەریان زور لە پیاوە رابردوکانی کورد کرد و بەشیکی سرودەکە لە مدحی پیشوی معظمی کوردوستان دا.

٢- آغای ابراهیم آغای ادهم لە لە روسای مەنگورە وتی: مەنگور آمادەیە تا آخر نەفەری دفاع لە کوردوستان بکا.

٣- آغای قاسم آغای ایلخانی زادە کە لە اعضای قدیمی و محبوبی حزبی دیموکراتە نطقیکی بەتینی دایر بە برایەتی و یەکیتی ایراد کرد و لەو جەوانانەی کە لە سالانی پیشودا و حتی لە دەورەی استبداد دا لە کاتیکا کە کورد هیچ اومیدی رزگاری نەمابوو کوبونەتەوە و بو رزگاری کوردان هەولیان داوە سوپاس و قدردانی کرد و فەرموی "انفضل للمتقد"

٤- آغای صدیق حیدری بیاناتیکی مهیجی کرد و آفرینی لی کرا. لەم آنەدا کە حضار لەنیو شادی و چەپلەریزان دا غرقی شادی بون چرابەرق هەلبو و چاپخانە دەستی کرد بە کار و حضار بو دیتنی چاپخانە بانگ کران. دەستە دەستە آغایان دەستگای چاپخانەیان دیدن کرد و جیژن ساتی ٧ ی پاش نیوەرو تەواو بو[1].)

(پاشبەندی ١٥)

پێویستە بڵێم جگە لە قادر مودەرسی، عەلی خەسرەی و سەید محەمەدی حەمیدی بەڕێوەبەر و سەردەبیری گوڤار و ڕۆژنامەی کوردستان، سەعید ڕزگەیی[2] و محەمەد شاپەسندیش لە چاپخانەی کوردستاندا هاوکارییان کردوە لە چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستاندا[3].

حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤارێکی ئەدەبیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ لاوان بڵاوکردەوە کە ناوی "هاواری نیشتمان" بوو. یەکەم ژمارەی هاواری نیشتمان "بڵاوکراوەی بیری

---

1- ڕۆژنامەی کوردستان، لاپەڕەی ٤، ژمارەی ٣، ڕۆژی دوشەممە ١٣٢٤/١٠/٢٤- ١٩٤٦/١/١٥.

2- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢، ژمارەی ٦، دوشەممە ١٣٢٤/١١/١- ١٩٤٦/١/٢١.

3- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١، ژمارەی ٢١، شەممە ١٣٢٤/١٢/١١- ١٩٤٦/٣/٢.

یەکیـــەتی جـــەوانانی دیمـــوکرات" لـــە یەکەم ڕۆژی جەژنـــی نەورۆژی ١٣٢٥- ١٩٤٦/٣/٢١ بڵاوکرایەوە. هاواری نیشتمان لەژێر چاودێریی و بەرپرسیاریی سـەدیق ئەنجیریی ئازەردا بڵاودەکرایەوە.

لـە چاپخانـەی بۆکـانیش کـە دوای ڕاگەیاندنی کۆمـاری کوردسـتان دانـرا، سـێ گۆڤـاری تـر بـە نـاوی "هەڵاڵـە"، "هـاواری کـورد" و "گڕوگـاڵی منـداڵانی کـورد" بڵاوکـردەوە. یەکـەم ژمـارەی هـاواری کـورد لـە مـانگی ڕەزبـەری ١٣٢٤- کۆتـایی سـپتێمبەر و سـەرەتای ئوکتۆبـەری ١٩٤٥ بڵاوکـرایەوە و یەکـەم ژمـارەی گۆڤـاری گڕوگاڵی منداڵانی کوردیش لە ڕۆژی یەک شـەممە ١٩٤٦/٤/٢١دا بڵاوبۆوە. گۆڤـاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد یەکەم گۆڤاری تایبەت بە منداڵانی کورد بـوو، سـێ ژمـارەی لێ بڵاوکرایەوە. دکتۆر هیمـداد حوسـێن هـەر سـێ ژمارەکـەی لـە کتێبـی "ڕۆژنامـەی کـوردیی" لاپـەڕەکانی ٨١٥- ٨٩٨ دا بڵاوکردوەتـەوە. هـەروەها یەکـەم ژمـارەی گۆڤاری هەڵاڵە، لە ڕەشەمەی ١٣٢٤- کۆتایی فێبرواری- سـەرەتای مارسـی ١٩٤٦دا بڵاکراوەتەوە. ئەنوەر سوڵتانی لە وتاری "بۆکـان لـە مێژوودا" کە لـە سـایتی بۆکانـدا بڵاویکردوەتـەوە، دەڵێـت: **(گۆڤـاری "هەڵاڵـە" یەکـەم چاپەمەنییـە کـە لـە بۆکـان بڵاوکرابێتەوە. گۆڤارەکە لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) لە چاپخانەیەک چاپکراوە کـە نـەمر حەسـەن قزڵجی بەڕێوەبـەری بـووە. شـوێنی چاپخانەکـە سـەر حەوزە گەورەکەی بۆکان و ڕووبەڕووی خورێنگ بوو کـە دواتـر کـرا بـە کارگـەی قەندی نەمر حاجی قاسمی کەریمی. نەمر هـەژاری موکریـانی یاریدەدەری قزڵجـی بوو لە ئامادەکردنی هەڵاڵەدا. یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤- ١٩٦٤ و سێیەم- واتە دواژمارەی لە بانەمـەڕی هـەمان ئـەو سـاڵەدا بڵاوکراوەتـەوە. کـاک موحسـین قزڵجـی لـە کتێبـی "سـەرجەمی بەرهـەمی حەسـەنی قزڵجـی" دا دەقـی هـەر سـێ ژمارەکەی بڵاوکردۆتەوە.)** شایانی باسە جگە لە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نووسـەران و شـاعیرانی ئـەو سـەردەمەی باشـوری کوردسـتانیش ڕۆڵـی گرنـگ و دەستی باڵایان هەبووە لە دەرکردنی ئەو گۆڤارانە و ڕۆژنامەی کوردستاندا. سـەیید محەمەد حمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان ئاماژەی بۆ ئامـانجی حیزبـی دیموکرات لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیدا: **(ایمە کە بە دلمـان نەدەهـات خاوەنی چاپخانە و انتشارات بین، ئەوا بە یارمەتی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەول ژمـــارەی بلاوکـــرایەوە، ئەم نـــامەیە کە لە لایەن حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردستانەوە بلاو دەبێتەوە، دەیەوی قەلایەکی آسـنین لە اتحـاد و برایەتی بینیتە**

بەرەم کە بنـاغەکەی بەزانیـت و هـونەر و لەشســاغی دانـدرابی و بتـوانی دەگەل سیلاوی دووبەرەکی و بیدینی و هەمو جورە رەوشتیک کە بو سەربەستی ضرر و زیانی بیت بەربەرەکانی بکا، هیوامان وایە ئەم قەلایەی کە خەریکین قایمی بکەین، وەهـا قـایم و بەهیـز بیـت کە هـیچ هیزیـک نەتـوانی بەربەرەکـانی لەگەلا بکـات[1]
و....(پاشبەندی ١٦)

1- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١، ژمارەی ١، پێنج شەممە ١٣٢٤/١٠/٢٠- ١١ی ژانویە ١٩٤٦.

## پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

دۆخی کوردستان لە بواری چەکداربوونی خەڵک و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، بەپێچەوانەی دۆخی ئازەربایجان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو. دوای ڕاکردنی سوپای ئێران لە ورمێ و مەهابادو ناوچەکانیتر لە ساڵی ١٣٢٠- ١٩٤١ دا، زۆربەی خەڵک و هۆزەکانی کوردستان پڕچەک ببوون. کاتێک سەرتیپ درەخشانی ڕۆژی ١٣٢٤/٩/٢٢- ١٩٤٥/١٢/١٣ فەرمانی بە لەشکری سێی تەورێز و چواری ورمێ دا کە خۆیان بەدەستەوە بدەن و سەربازگەی ورمێ چەک کرا، ڕوسەکان ١٢٠٠ تفەنگ و چەند دۆشکە و چەند تۆپی مارکی ئێرانییان لەگەڵ ١٢ ئوتۆمبیلی بارهەڵگر، دە ئوتۆمبیلی سەربازیی و جیپی کۆنەی ئەمریکیان دا بە حیزبی دیموکرات کە گەشە بە بزوتنەوەی کوردستان بدات[1].

ئیگڵتن سەبارەت بە ناردنی ئەو چەکانە لەلایەن سۆڤیەتەو، لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (**بۆ بەدەست خستنی چەک، قازی محەمەد لەگەڵ بابایۆڤ نوێنەری یەکیەتی سۆڤیەت لە مەهاباد گفتوگۆی کرد. شەوێک لە شەوانی مانگی دیسێمبەر، چەند ڕۆژ دوای چەک کردنی بنکەی ژاندارمەریی ورمێ لەلایەن هێزەکانی ئازەربایجانەوە، چەند بارهەڵگری پڕ لە چەک بە جادە کۆنەکەی ورمێ بۆ مەهاباد، بەلای پردی سووردا هاتن. لە کاتێکدا چراکانی شاریان کوژاند بووەوە، بارهەڵگرەکان لە ناو کۆڵانە تەنگ و بەتاڵەکانی شاردا بوون کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بۆ بەتاڵ کردنی ١٢٠٠ تفەنگ لەو بارهەڵگرانە هاتن و ئەو چەکانەیان کە لە بنکەی ژاندارمەریی ورمێ تالان کرابوو، لەژێر چاودێری ئەفسەرێکی ڕوس وەرگرت. ئەوە یەکەمین یارمەتی ڕوسەکان بە کوردستان بوو کە زۆر بەنهێنی بەڕێوەچوو[2].**)

قازی محەمەد ڕێبەری حیزبی دیموکرات بۆ کۆکردنەوەی چەکدارەکان لە حیزبدا و ڕێکخستنیان، بڕیاریدا سوپایەکی نیشتمانی لەژێر ناوی "هێزی پێشمەرگە" بە پرۆگرام و یاسای نوێ لە مەهاباد پێک بێتو لە ناوچەکانیشدا، چەکداریی خێڵەکان بکێشێتە ژێر فەرمان و لە داکۆکیی کردنی کوردستان و دەستکەوتەکانیدا

[1]- کۆماری کوردستان ١٩٤٦ ویلیام ئیگلتن جۆنز، وەرگێڕانی محەمەد سەمەدی، لاپەڕەی ١٤٠- ١٤١.

[2]- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٩٨.

سودیان لێ وەربگرێت. بۆ ئەو مەبەستە محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی بەرپرس کرا کە سەرەتا ئەفسەرانی ئەرکانی ئەو سوپایە دەستنیشان بکات. لە مەهاباد سەرەتا ٧٠ ئەفسەر و دواتریش ٤٠ پلەدار و ١٢٠٠ پێشمەرگەیان[1] لە دەستە، گورهان و گوردانـدا رێکخست و سەیفی قازی بە فەرماندەی هێزی کوردستان و محەمەد نانەوازادەی بە فەرماندەی هێزی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دیارییکران. زۆربەی ئەفسەرەکان بۆ بەرێوەبردنی کار و بەرپرسیاریی حکومەت دانران[2].

سەلاحەدین کازمۆڤ کە پلەی سەروانیی هەبوو لە سوپای سۆڤیەتدا و خەڵکی مەهاباد "کاکاغا"یان پێدەگوت، هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد لە راهێنانی پێشمەرگەکان کە چۆن تفەنگ، دۆشکە و نارنجۆک بەکاربهێنن، هەروەها لێخوڕینی بارهەڵگرەکان و ئۆتۆمبیلە سەربازییە قورسەکان و جیپەکان[3]. لەم بارەیەوە مەنافی کەریمی دەڵێت: **(ئەو کەسانەی کە دەیانەویست ببنە پێشمەرگە و پەروەردەی نیزامی ببینن دەچوونە سەربازخانەکان بۆ پەروەردە کردنیان. سەرکردەیەک بە نێوی کاکاغا کە لە شووڕەوییەوە هاتبوو، دەستی بەکار کرد[4].)**

دوای پێکهێنانی ئەو سوپایە لە مەهاباد و دواتریش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم. سەرکردایەتی ئەرکانی هێزی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە نامەیەکدا بە ژمارەی ٣٧ - ١٣٢٤/١١/١٥ ناوە سەربازییەکانی سوپای ئێرانی لە کۆماردا گۆڕی و ناوی کوردیی بۆ هەر یەک لە بەشەکان و پلە سەربازییەکان دانا. ڕۆژنامەی کوردستان بڕیاری گۆڕینی ئەو ناوانەی لە لاپەڕەی ٣، ژمارە ١٢یدا بڵاوکردەوە:

---

[1]- بەرلە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە پێشمەرگە دەگوترا چەکدار. لە کۆماری کوردستاندا، پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان ناوی پلە سەربازییەکان دەکەن بە کوردی و دەیانەوێ ناوێکیش بۆ چەکدارانی کۆمار بدۆزنەوە. لە ماڵی پێشەوا دەبن و خەریکی چا خواردنەوە کە کاک "ئەحمەد دەسماڵ" چایچی پێشەوا کاتی دانانی چا لەپێش میوانەکان، دێتە ناو باسەکەیان و دەڵێت: (ئەوانەی گیانیان لە ڕێگای بەرگریی میللەتەکەیاندا دەدەن، دەبن بە "پێشمەرگ"، ئەو وشەیە لەلایەن قازی محەمەد و هەڤاڵانییەوە دەقۆسرێتەوە و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە جیاتی چەکدار بۆ ئەندامانی سوپای کوردستان دادەنێن.)

[2]- ویلیام ئیگلتن جۆنز، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤١.

[3]- هەمان سەرچاوە.

[4]- وتووێژی ڕەهوانشاد مەناف کەریمی لەگەڵ ئیسماعیل مستەفازادە بە زمانی فارسی، گۆڤاری دوومانگەی ڕوانگە، ژمارەی ١٥، گەلاوێژی ١٣٨٢ جولای ٢٠٠٣ دا. حەسەنی قازی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.

ژماره ۳۷ برواری ۱۵-۱۱-۲٤
ادارەی روژنامەی میللی کوردستان
بەرگەیەک لە القابی قەدیم کە بە تازەگی لە دانیشتوی ئەفسەراندا تصویب کراوە لەگەل دەنیردریت پیویستە لە روژنامەیدا دەستور بە چاپ کردنی دەفەرمون.

| اصطلاحات قدیم | اصطلاحات تازە |
|---|---|
| ١- سەرباز : | پیش مەرگە |
| ٢- جوگە : | لیزگە |
| ٣- گروە : | قول |
| ٤- دەستە: | دەستە |
| ٥- گورهان : | چل |
| ٦- گردان : | لک |
| ٧- هەنگ : | پول |
| ٨- تیپ : | تیپ |
| ٩- لشکر : | لشکر |
| ١٠- سپاه: | هیز |
| ١١- وەکیل گروهی یەک: | قولی یەک |
| ١٢- وەکیل گروهی دو: | قولی دو |
| ١٣- وەکیل گروهی سە: | قولی سە |
| ١٤- جوگە : | لیزگە |
| ١٥- سەر جوگە: | سەر لیزگە |
| ١٦- گروبان ٣ : | سەرقولی ٣ |
| ١٧- گروبان ٢ : | سەرقولی ٢ |
| ١٨- گروبان ١ : | سەرقولی ١ |
| ١٩- واحد : | گەل |
| ٢٠- استوار ٢ : | سەردەستە ٢ |
| ٢١- استوار ١ : | سەردەستەی ١ |
| ٢٢- سەرکار سایر دەرجەدارا: | برا |
| ٢٣- زور باش: | زیاتر- فدا- کارم |
| ٢٤- ئەفسەر : | سەرکردە |
| ٢٥- ستوان یەک : | ناودار یەک |

٢٦- ستوان دو : ناودار دو
٢٧- ستوان سی : ناودار سی
٢٨- سەروان : سەربەرز
٢٩- سەرگورد : سەرلک
٣٠- نایب سەرهەنگ: سەرپولی ٢
٣١- سەرهەنگ : سەرپولی یەک
٣٢- سەرتیپ : سەروەر
٣٣- سەرلشکر : سەردار
٣٤- سپهبد : سەرهیز

سەروکی ستادی هیزی مەرکەزی دیموکراتی کوردستان- مرادی

(پاشبەندی١٧)

## دانانی خوێندنگە بە زمانی کوردی

دوای جێگیربـــوونی ســـوپای ســـۆڤیەت لـــە هـــەرێمی بـــاکوری ڕۆژهـــەڵاتی کوردسـتان و ڕاکردنـی سـوپای ئێران لـە مەهاباد و دامەزرانی پێوەندیی کۆمەڵەی ژیـانەوەی کوردسـتان لەگەڵ یەکیەتـی سـۆڤیەت، هەیئـەتی ناوەنـدیی کۆمەڵـە لـە نامەیەکدا بە ژمارە ٣٥١ داوای لە سۆڤیەت کرد کە لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، نەغەدە و شنۆ خوێندنگە دابنێت و لەو بوارەدا نوسی: (**دەوڵـەتی یەکیـەتی سۆڤیەت دەیەوێت پێوەندییەکی گەشەکراو لەگەڵ گەلی کورد بەبەستێت. بەم بۆنەیەوە حیزبی ئێمە داوا لە یەکیەتی سۆڤیەت دەکات، ئەگەر دەکرێت یەکیەتی سۆڤیەت لە مەهاباد، بۆکان، نەغەدە و شنۆ خوێندنگە دابنێت. ئەگەر دەرەتانی کردنەوەی خوێندنگە لەو شارانەدا نەبێت، جێگەی سوپاس و پێزانینە کە لە مەهاباد خوێندنگە بکەنەوە**[1].)

بەرلە دامەزرانـدنی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، قـازی محەمـەد سـەرۆکی کۆمەڵە و سەرۆکی شـورای شـاری مەهاباد، دوو خوێندنگەی بـە نـاوی "پرمـاس" و گـەلاوێژ لـە مەهابـاد کـردەوە کـە دواتـر نـاوی "پرماس"یـان کـرد بـە "مەدرەسـەی پەروانەی کچان".

دوای دامەزرانـی حیزبـی دیمـوکرات، لە خوێندنگـەی گـەلاوێژدا، بـە دوو زمـانی کـوردیی و ڕوسـیی وانـە دەگوترایـەوە. سـەعید داودی وانـەی بـە زمـانی کـوردیی دەگوتەوە و ڕەحمان تەلعەتی بە زمانی ڕوسیی. ڕۆژنامەی کوردسـتان ئامـاژەی بـۆ خوێندنگەی گەلاوێژ کردوە و دەڵێت: (**هەول کەسیکی بو خویندن هیرشـیان هینـابو ئـەو برایانـە بـون: عزیـز- ابراهیمـان- حسـن حسـن پـور- محمـد داودی- علـی فرهادی- سید عبداله طەزادە- حامید خسـروی- صـدیق معروفـی سـەراج- هاشـم موسی زادە- محمد داودی بوون و بو خوێندنیشیان دو ماموستا کاک سعید داودی بـو گـوتنی دەرسـی زمـانی کـوردی و کـاک رحمـان طلعتـی بـو گـوتنی روسـی داندران**[2]...)

هەروەهــا لە مەهابـاد خوێنـدنگەیەک بە نـاوی "پەهـلەوی" هەبـوو کە قـازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ناویان گۆڕی بۆ "مەدرەسـەی کرمـانجی کوردسـتان". ٤٢ ڕۆژ دوای دامەزرانـدنی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان،

---

[1]- کۆمەڵــەی ژیانــەوەی کوردســتان، لاپــەڕەی ١٠٥، نووســینی حامیـد گەوهــەری، چــاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤.

[2]- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠ لاپەڕەی ٣، دووشەممە ١٥ ی ڕێبەندان، ٤ ی فیوریە ١٩٤٦.

هەیئەتی فەرهەنگیی حیزب کۆبووەوە، دوو کەسی بە پشکنەری خوێندنگەکان دانا و بڕیاریدا منداڵانی هەتیو و بێ سەرپەرشت کۆبکرێنەوە و هەوڵی خوێندەوارکردنیان بدەن. خوێندنگەیەکی شەوانەش بۆ گەورەکان دابنێن. لەگەڵ ئەو خەباتە ڕۆشنبیریی و فەرهەنگییەدا، قازی محەمەد و سەرکردایەتی حیزب بڕیاریاندا تابلۆی سەر خوێندنگەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکان، دوکانەکان و شوێنە بازرگانییەکان لە هەر جێیەک تابلۆ بە زمانی بێگانە هەیە، بیانگۆڕن بۆ زمانی کوردیی. لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان نوسی:

**کوبونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردوستان ژمارە ٢٣**

**روژی چوار شەممو ١٢-١٠- ٢٤ جلسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردوستان ساتی دو پیش نیوەرو گیرا لە بابەت مەکتەب و دانانی دو نەفەر پشکینر بو مەکتەبەکان گفتوگوی لازم کرا.**

**١- آغایان علی خسروی و رحیم لشکری بو پشکینر هەلبژیرداران و حکمیان صادر کرا و قەرار درا ئەو مندالانەی کە بی کەسن وە بە سوال مشغولن کو بکردینەوە لە ناو میللەت دا بەش بکرین وە روژانە لە مەکتەبی گەلاویژ بخوینن و بو خر کردنەوەی ئەم هەژارە بی کەسانە بە شارەوانی ئەمر درا کە خریان کاتەوە و بیان داتە دەست آغایانی حسین فروهر و منافی کەریمی و ئەوانیش بەنیو میللەت د بشیان کەن.**

**٢- بە اکثریتی آرا پەسنە کرا آغایان فروهر و کریمی خەلکی بیسواد حاضر کەن کە شەوانە لە مەکتەبدا بە زمانی کوردی بخوینن.**

**٣- پەسنە کرا هەمو نیشانەی (تابلو) اداران و مەکتەب و تجارتخانان و عمارەتان بگورن و بە کوردی بنوسی.**

**٤- پەسند کرا کە ئەو مندالانەی کو دەکرینەوە تەمەنیان لە شەش تا چاردە سالان زیاتر نەبی.**

**٥- لە آخری جەلەسەدا پەسند کرا کە جەلەسەی دیکە جوری لباسی شاگرد مەکتەبەکان معلوم کرد.[1]**

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو پەسندکراوە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، خوێندن بۆ منداڵان لە کوردستاندا کرا بە خوێندنی زۆرەملی. ڕۆژنامەی کوردستان لەو بارەیەوە ئەم ئاگادارییەی بڵاوکردەوە:

---

[1]- ٣- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١، لاپەڕەی ٢ و ٤، پێنج شەممە ٢٠-١٠-١٣٢٤، ١١ ی ژانویەی ١٩٤٦.

**آگاداری**

**بـه تـەوای ئـەهالی خوشەویسـتی (سـابلاغ) رادەگەیـندریت- لەسـەر ئـەمری پیشوای معظم و قەراری (حزبی دیموکراتی کوردوستان) لەوەی بەولاوە پیویستە بو پەرە پیدان و رواجی زمانی کوردی خویندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردیی بیت. لەو (تاریخەوە) تا دە ١٠ روژی دیکە هەر کەسیک کور و کچی هـەبی کـە عـومری اقتضـای خویندن بکا دەبی بی نیریتە مەدرەسە ئەلبەتـە هـەر کـەس لـەو ئـەمرە رو وەرگیری بە توندترین مجازات تەنبی دەکری.**

**کومیتەی مەرکەزی (حزبی دیموکراتی کوردوستان)**

**معاون حزب طەزادە**[1]

پێویستە ئەمەش ڕوون بکەمەوە کە مامۆستایان: محەمەد وردی، عەبدولقادر ئەحمەد عوسمان، عوسمان دانیش، جەمیل بهائەدین و ژمارەیەک مامۆستای تر کە لـە باشـوری کوردسـتانەوە هاتبونـە مەهابـاد، ڕۆڵـی گرنگیـان هـەبوو لـە پـەروەدە کردنی منداڵان بە زمانی کوردیی.

---

1- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤.

## هەوڵی قازی محەمەد بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان

کاتێک قازی محەمەد ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی ڕوس و ئازەرییەکانی زانی و تێگەیشت ئەوانە خەریکن هەوڵ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێک بۆ ئازەربایجان دەدەن، ئەویش دەسپێشخەریی کرد کە لە مەهاباد حکوومەتێک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرێنێت، بەڵام هیچکام لەو دوولایەنانە ڕازی نەبوون و ئازەرییەکان جگە لە بەشێک لە پارێزگای سنە، بەشەکانی تری کوردستانیان بە خاکی ئازەربایجان دەزانی و دەیانویست ئەو بەشانە لە چوارچێوەی حکوومەتی ئازەربایجاندا بمێننەوە و خودموختاریی فەرهەنگییان هەبێت کە قازی محەمەد وەڵامی شیاوی دانەوە و هەروەکو لە لاپەڕەکانی پێشوودا خوێندمانەوە گوتی:

– **(ئەگەر مەبەست لەژێر دەست مانەوەی کورد بێت، هەر ئەوە باشترە کە ئێمە لەژێر دەستی حکوومەتی ناوەندیی دا بین.)**

دوای داگرتنی ئاڵای ئێران لە مەهاباد و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکانی ژێردەسەڵاتی حیزبی دیموکرات، قازی محەمەد و هەڤاڵانی دەستیان بە ئامادەکارییەکانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پیشەوەریی و ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات خۆیان نەیاندەزانی چۆن حکوومەتێکیان دامەزراندوە. ئایا ئازەربایجان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندییە و وەک بەشێک لەگەڵ ئێران ماوەتەوە، یان حکوومەتێکی نیوە سەربەخۆیە و یەکیەتی سۆڤیەتیش ئامادە نەبوو، خاوەندارییەتی لەو سیستەمە بکات کە خۆی لە ئازەربایجان دایمەزراندبوو. بەم بۆنەیەوە، پیشەوەریی، شەبستەریی، سادق پادگان، دکتۆر جاوید و محەمەد بێریا ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢- ١٩٤٥/١٢/٢٣ بەهۆی ئەم نامەیەی خوارەوە داوای هاوکارییان لە میر جەعفەر باقرۆف کرد: **(لە سەدەی بیستەمدا گەلی ئازەربایجان بۆ دامەزراندنی حکومەتی دیموکراتیی زۆر قوربانیی داوە. ستارخان و باقرخانیان فریودا و بردیانن بۆ تاران و لەوێ بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتیانن. خەباتی عەداڵەتخوازانەی خەیابانیی‌یان بێدەنگ کرد و ئێستاش حکومەتی تاران لە بەرامبەر بزوتنەوەی نەتەوەیی و یاسای گەلی ئازەربایجاندا، ڕەوشی دوژمنانەی گرتووەتەبەر. ئازەربایجانی باشور بە بوونی زمان، ئەدەبیات و کادیری کارامەوە دەتوانێت چارەنوسی پێنج ملیۆن ئازەربایجانی بە دەست ئەوان بسپێرێت. سێ ساڵ لەمەوبەر پەیماننامەی ئەتلانتیک کە لە لایەن دەوڵەتە دیموکراتە زلهێزەکانەوە واژۆ**

**کرا، مافی بە گەلی ئازەربایجان داوە کە ژیانێکی سەربەخۆی هەبێت. ئێمە لەو باوەڕەداین کە بەگوێرەی هەلومەرجی ئێستا و بۆ داکۆکیی کردن لە مافی پێنج ملیۆن ئازەربایجانیی، دەبێت گەلی ئازەربایجان کۆماری دیموکراتیی خۆی پێکبێنێت. گەلی ئازەربایجان لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییدا، دەبێ لە مافی یاسایی خۆی کەڵک وەربگرێت. داوا لە ئێوە دەکەین کە یارمەتیمان بدەن تا گەلی ئێمە هەلی بۆ بڕەخسێت و بە ئامانجە دەرونییەکانی بگات، بۆ یەکخستنەوەی دوو کۆماری برا[1].)**

لە مەهاباد بەپێچەوانەی ئەو کێشانەی کە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان توشی ببوو، قازی محەمەد و هەڤاڵانی بۆ دوو مەبەست لە هەوڵدا بوون. یەکەمیان بە دامەزراوە کردنی ئەو دەستکەوتانەی کە دەستی کورد کەوتبوو کە پێویست بوو بۆ پارێزگاری کردن لێیان بیری خەڵک گەشە پێ بدەن و دووهەم ئامادە کاریی بۆ دامەزراندنی کۆمارێک بکەن لە کوردستاندا کە خەڵکی کورد بە ئارەزووەکانی بگەیەنێت. سەرەڕای دژایەتی کردنی دوو لایەنی ڕوس و ئازەربایجان لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە، لە نێو خۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانیشدا، ناکۆکی لەسەر جۆری کۆمارەکە هەبوو. هەرچی قازی محەمەد و بەشێک لە لایەنگرانی بوون، دەیانویست کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران دا بێت و بەشێکی تریان کە باوەڕی بەهێزیان بە پڕۆگرامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەبوو و سوێند خۆری بوون، لەگەڵ کۆمارێکی سەربەخۆی کوردستان بوون کە پێوەندیی بە دەوڵەتی ئێرانەوە نەمێنێت، بەڵام ئەو کێشانە نەیانتوانی کاریگەرییان هەبێت لەسەر بیرۆکەی قازی محەمەد و لایەنگرانی. لەو بارەیەوە، ڕۆژنامەی کوردستان دەقی وتووێژێکی قازی محەمەدی لەژێر سەردێڕی "**گفتوگۆی جەنابی قازی محەمەد**" لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئێران بەشێوەی خوارەوە بڵاو کردەوە:

**گفتوگۆی جەنابی قازی محەمەد پێشەوای بەرزی کوردستان دەگەڵ خاوەنانی ڕۆژنامەی تاران**

هێندێ لە مودیرانی جرائدی تاران: ئاغای تفضلی خاوەنی ڕۆژنامەی "ایران ما" ئاغای عەباس شاهندە خاوەنی ڕۆژنامەی "فەرمان" ئاغایانی بزرگ علوی و هەمو نووسەرانی دو ڕۆژنامەی "رهبر و ایران ما" بۆ ئاگاداری لە وەضعی کوردستانی خودموختار هاتنە مەهاباد و لەگەڵ جەنابی قازی محەمەد ڕهبەری

---

1- ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ١٩٣٩- ١٩٤٥: , AR SPIHMDA f,1,s,89,i,110,v,42-45

میللەتی کورد یەکتریان دیت و گفتوگۆیان کرد بۆ ئاگاداری خوێندەوارە بەرزەکان یەک یەک پرسیاری ئەوان و وەرامی جەنابی قازی دەنوسی:

**پرسیار- لە تاران دەڵێن کوردان بە ڕەهبەری جەنابت جوێ بونەوە و ئیستقلالی کوردستانیان دەوێ، ئایا ڕاستە؟**

وەرام- خێر ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانونی ئەساسیمان دەوێ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین و خودموختاریشمان وەگیر کەوتووە.

**پ- چەند وەختە ئەنگۆ خودموختارن؟**

و- چوار ساڵە خودموختاری داخلیمان هەیە.

**پ- چلۆن خودموختاری خۆتان هەڵدەسوڕێنن؟**

و- لەو وڵاتەی کە توانیومانە خودموختاری نێوخۆمان دەکار بکەین دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللی کورد کە چەندێک لەوەی پێش لە مەهاباد حازر بوون، ئینتخاباتمان کرد و هەیئەتێکی نۆ نەفەری بە نێوی هەیئەتی میللی هەڵبژێردران و سەرۆکی ئەو هەیئەتە بە خۆمە.

**پ- لە تاران دەڵێن جەنابت چەند کەست بۆ باکۆ ناردوە لەوێ چاپخانە و کاغەز و ئەسلەحەیان هێناوە و تەشکیلی حزبی کۆمونیست و داوە، ئایا ڕاستە؟**

و- ئەم قسانە کاربەدەستەکانی لەشکری بۆمان هەڵدەبەستن و ئەوانە ڕاست نین. کاغەز و چاپخانەمان لە تەورێز کڕیوە و ئێوەش دەتوانن لەو جێگایەی لێمان کڕیوە ئاگادار بن، تەشکیلی حزبی کۆمونیست درۆیە، شتێک هەیە ئێمە لە کوردستان دا هەر وەکو قانونی ئەساسی ئێران ئیجازە دەدا خەڵک بە تەواوی مەعنی ئازادی عەقیدەیان هەیە و حزبێکی بە ئاشکرامان هەیە ئەویش فیرقەی دیموکراتی کوردستانە.

**پ- ممکن دەبێ کە مەرامی فیرقەی دیموکراتی کوردستانمان بۆ بەیان بفەرموون؟**

و- بەڵێ ممکنە بە کورتی مەرامی فیرقەی دیموکراتی کوردستان بۆنگۆ بەیان دەکەم:

١- میللەتی کورد لە ئێران دا لە هەڵسوڕان و پێک هێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێ و لە سنوری دەوڵەتی ئێراندا بە ئازاد بژی.

٢- بتوانێ بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە وەڵاتی کوردستان کاروباری نووسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا بە کوردی بێ.

٣- ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی کوردستان وەکو قانونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێ داندرێ- لە هەموو کارەکانی اجتماعی و دەوڵەتی دا چاوەدێری بکا و پێ ڕابگا.

٤- مەئمورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی محل بێو بەپێی قانون لە نێو ڕەعیەت و مالیکدا سازیش بەجێ بێ کە دوا ڕۆژی هەردوکیان تەئمین بکرێ.

٥- حزبی دیموکراتی کوردستان سعی بکا کە میللەتی ئێران هەموو بە برایەتیو بەرانبەری بژینو بۆ خۆشبەختیو تەرەقی میهنی خۆیان سعی بکەن.

**پ- حزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ولاتی کوردستاندا تەشکیلاتی هەیە؟**

و- فیرقەی دیموکرتی کوردستان لە هەموو جێگایەک کە دەوڵەتی دیکتاتۆر و ئیرتجاع ئیجازەی دابێ بە ئاشکرا لکی هەیە و لە جێگای دیش بە دزییە و دەگەڵ هەموو کوردانی ئێران پەیوەندمان هەیە.

**پ- فیرقەی دیموکرتی کوردستان لەگەڵ کوردی غەیرە ئێرانیش پەیوەندی هەیە ئایا یەکیەتی تەواوی کوردانو دەوێ؟**

و- خێر بە هیچ وجە.

**پ- ئەنگۆ دەڵێن ئێمە دەمانەوێ قانونی ئەساسی لە ئێراندا بەکار بهێنرێ ئەگەر داوای ئێوە لەگەڵ قانونی ئەساسی بەرانبەری نەکا چی دەکەن؟**

و- بەڵی فیرقەی دیموکرت دەکارهێنانی قانونی ئەساسی و دیموکراتی ئێرانی دەوێ و هەر وەخت داواکانی ئێمە لەگەڵ قانونی ئەساسی کە بە خوێنی گەلێکی زۆر لە پیاوە ئازادیخوازەکان تەواو بوو ئێمە قانونی ئەساسی ڕادگرین.

**پ- فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە هەڵبژاردندا بە ژنانیش حەقی ڕای دابوو ئایا ئێوەش ئەو کارەو کردوە؟**

جواب- ئەمن دەگەڵ وەی کە ئەو کردەوەی ئازەربایجان بە چاک دەزانم دەبێ عەرزتان بکەم کە ئێمە ئەو موفقیەتەمان بۆ ساز نەبوو.

**پ- لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە ئێوە خودموختاری خۆتان خەبەر داوە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی گفتوگۆ بووە یان نا ئەگەر بووتانە چلۆن بووە؟**

و- ئەمن دوو کەڕەت بۆ تاران چووم و هەردووک جاران داوای خەڵکی کوردستانم بە عەرزی ملوکانە گەیاندوە و داوام کرد: لە باتی ناردنی تۆپ و تانگ بۆسەر گەلی کورد کە حەقی خۆیان داوا دەکەن، دەستور بدەن بهداری و فەرهەنگی وان چاک بکەن ئەمانە نتیجەی نەبوو ئەگەر دەوڵەت بیهەوێ لەوەی زیاتر کەم ڕەحم بێ ممکنە لێرەڕا کار سەرچاوە بگرێ کە: ئێمە بتوانین ئازادی و دیموکرادسی بۆ تەواوی میللەتی ئێران تامین بکەین.

**پ- دەڵێن گەلێک لە کوردی عێراق بە ئەسلەحەوە هاتوونە ئێران و لێرەدا لەژێر حمایەتی ڕوسەکاندا دەژین و ئازوخەیان بۆ دانراوە، ئایا وایە؟**

و- گەڵێک لە عێراقەوە پەنایان بۆ ئێمە هێناوە و لەم دەوروبەرەش مەئموری شوڕەوی نییە تا کۆمەک بەوان بکەن.

**پ- لە نێو کوردستان حیزبی کۆمەڵە هەیە؟**

و- کۆمەڵە یانی حیزب و شتێکی واش لە ئێران دا نییە فەقەت لە عێراق حیزبێک بەو نێوە هەیە ئەما بە ئێمە مەربوت نییە[1].(پاشبەندی ١٨)

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١، پێنجشەممە ١٣٢٤/١٠/٢٠- ١١ ژانویەی ١٩٤٦، لاپەڕەکانی ١ و ٤.

## ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان

کاتژمێر ۰۸:۰۰ ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤- ١٩٤٦/١/٢٢ نزیکەی بیست هەزار کەس ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرۆک و نوێنەری خێڵەکان، چین و توێژەکانی شاری مەهاباد، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و مەلا مستەفا بارزانیی سەرۆکی "لیژنەی ئازادیی کوردستان" لە چوار چرای شاری مەهاباد کۆبوونەوە، تا بەشداریی بکەن لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا. هەرچەندە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مانگی ڕێبەنداندا کرا کە مانگێکی سارد و سەهۆڵبەندانە، بەڵام بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە هیچ هەستیان بە سەرما نەکرد و تا چەند ڕۆژێکی دواتریش خەڵکی مەهاباد و میوانەکان بەشداریی ئاهەنگی شادیی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیان کرد.

دوای کۆبوونەوەی ئەو خەڵکە لە چوارچرا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و ژمارەیەک لە گەورەپیاوانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکە، چوونە ماڵی قازی محەمەد و ئەویان لەگەڵ خۆیان هێنایە چوارچرا کە ڕێوڕەسمەکە دەست پێ بکات. ویلیام ئیگلتن جۆنز دەربارەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نوسیویەتی:

**- (هیچ کەسێکی ڕووس لەنێوان بەشداراندا نەبوو "یرماکۆڤ" کە لە تەوریز دەژیا لەناو ئوتۆمبیلێکی جیپدا بوو، لە دورەوە چاودێریی ڕووداوەکەی دەکرد... لە نێوان هاوار و شادیی خەڵکەکەدا، قازی محەمەد زۆر سوپاسی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، بەتایبەتیی خەڵکی قارەمانی کوردستان کرد کە ڕێبەرایەتی کۆماریان بەو سپاردوە. دواتر عەبا درێژ و کۆنە باونەماوەکەی داکەند و بە ڕێزەوە قەدی کرد و لەو لاوە داینا. مێزەرە سپییەکەی وەک نیشانەی ڕێبەرایەتی ئایینیی لەسەر سەری مایەوە. لە جیاتی عەباکەی بەرگێکی سەربازیی ڕوسیی کە پێشتر لە تەورێز دروبوویان، لەبەرکرد... دواتر ئەو بەرگە سەربازییەی قازی محەمەد لەبەری کرد، کرا بە بەرگی سەربازیی ناوچەکە[1]).**

ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان جێی ڕەزامەندیی پیشەوەریی و ڕێبەرانی حکومەتی ئازەربایجان و باقرۆڤ و کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت نەبوو، بەڵام

---

[1]- کۆماری کوردستان ١٩٤٦ ویلیام ئیگلتن جۆنز، وەرگێڕانی محەمەد سەمەدی، لاپەڕەی ١١٣.

دواتر به ڕێنوێنی مۆسکۆ دەستیان لە دژایەتیکردنی کۆماری کوردستان هەڵگرت و هەوڵیاندا کۆماری کوردستان بکێشنە ژێر فەرمانی خۆیانەوە. لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر جمیل حەسەنلی بەپێی بەڵگەنامە نهێنییەکانی ڕوسیا، لەو بارەیەوە دەڵێت: (**میرجەعفەر باقرۆڤ و پیشەوەریی لە سەرەتادا دژی ڕاگەیاندنی خودموختاریی لە کوردستاندا بوون. بە ڕای ئەوان باشتر ئەوە بوو کە لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا بە کوردەکان خودموختاریی فەرهەنگیی بدرێت، بەڵام چونکە کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا دامەزرا و ئەوەش بەشێک بوو لە بەرنامەی و ستراتیژیی یەکیەتی سۆڤیەت، میرجەعفەر باقرۆڤ هەوڵیدەدا ئەو پرۆسەیە بخاتە ژێرچاودێریی خۆیەوە[1].**)

بۆ زانیاریی لەسەر چۆنیەتی پرۆگرامی دووی ڕێبەندان، پەسند کراوەکانی و ستراتیژیی کۆمار و..تد، باشترین بەڵگە، ڕاپۆرتی کۆکراوەی سەید محەمەدی حەمیدی سەرنووسەری ئەو کاتەی ڕوژنامەی کوردستانە کە بە ناوونیشانی "**جیژنی سەربەخویی و استقلالی کوردستان یا درەوشینی استیرەی خوشبەختی کوردان**" کە لە چەند ژمارەیەکی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە:

**جێژنی سەربەخویی و استقلالی کوردستان یا درەوشینی استیرەی خوشبەختی کوردان**

روژی ٢٨ ی مانگی بەفرانبار "دیماه"ی ١٣٢٤ شمسی هەیئەتانی مدیرەی هەمو لکەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و نوینەرانی قبایل و عشایر و تەواوی طبقات لە مالک و غیرە مالک هەریەک لە چەنصد فرسەنگ ڕێگاوە بو کانونی احساساتی مللی و قبلەی شلعەی آرەزو و روناکیدەری افکاری هەموان خویان "شاری پرلە افتخاراتی مللی مەهاباد" وەکو بلبل بولای گول و وەکو پەپولە بو دەرەوەی چراهاتن و کوبونەوە.

لەم وشکە سەرمای چلەی زستان بەنیو بەفر و رنوی زوردا چەند هەزار برایانی ایمە بی اختیار تەنیا بە حکمی وجدان وەکو عاشق بولای معشوق یا چاتر بلیم وەکو آسن بو لای آسن رفین "آهنربا" بە توندی لینگیان دا و هاتن هەستی سەرما و مەینەت و ماندویەتی ڕێگایان نە کەرد هەمو بە روخۆشی و پی کەنین دەگەل چەپلە ریزانی بی ووچان لە کاتیکدا کە وەکو رعد دەنگی هوراکیشانیان بو آسمان دەچو .... بون.

[1]- کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان ساڵەکانی ١٩٤٥- ١٩٤٦، جمیل حەسەنلی، باکۆ ١٩٩٩.

بوچی؟

چونکه عشق: عشقی نیشتمان، عشقی آزادی و سەربەخویی، عشقی پیشەوای خوشەویست وە رهبەری بزرگەواریان، ئەوانی وەری خستبو. چونکە فرشتەی بەخت و اقبال و پری سعادەت و خوشبەختی لە لاسەروی فضای گیان فینک کەرەوەی مەهاباد ئەوانی بە دەنگی دل لاوینەوە و گیان پەروەردەی خوی بو بەشدار بون لە دیتنی ئەستیرەی خوشبەختی و پیت "فیض" وەرگرتن لە مواهبی هەرە گەورەی عالمی سەرەوە بانگ کردبوو.

دلان هەمو پیکەوە وە لە یەک سەرچاوەوە پرله مهر و وفا بون. گیانان هەمو لەگەل یەک جوت و لە یەک منشأوە شین و سەوز ببون: حیزبی دیموکراتی کوردوستان ئەو دلانەی پیکەوە راگرتبو و هەستی ملیت ئەو ارواحەی بە یەکەوە بەستبو.

ئەمانە هەموی لە کی را بوون؟

هەمو لە هیزی بیضا و اعجازی وینە مسیحایی بوینە کورد و تاقە کوردی باشهامەتی کوردستان ماموستا و رەهبەری مەزنی حزبی دیموکراتی کوردستان جەنابی قاضی محمد، کە دەگەل جید و جهدی خلل ناپذیر و باوەری راسخ و شجاعت و متانتی بیژمار ریگای رهنمایی قەومی خوی وەپیش گرت و تەواوی خطراتی زور سامناک و بەرهەلستی زلی ملوزمان و دوژمنانی بە نەبو دانا و بەبی شک و تردید و خیالات هەوەل بە لابردنی هەمو بەرهەلستەکان خریک بو پاشان بە فراهەم کردنی زمینە و ایجاد و استعدادی کومەل لە ریی دانانی فرقەی دیموکرات اقدامی فەرمو ای کوردستانی مەزن، ای دایکی نیشتمانی نو ملیون کورانی رەشیدی کورد سەرت لە دوشەگی بیماری و دیلی هەلینە و نقابی سپی بەفر لە روی خوت هەلگرە و بو کفن بو کورەکانتی واگذارکە، اوەتا ارشدی کورانی تو اعجازی کرد و آخر رایەلە و پوی فیل و تەلەکەی نا بکارانی لەبەر یەک دەرهینا و زیان و خوشبەختی  بە یەکجاری تو و کورانتی ساز و قایم کرد.

ای نیشتمانی ماد و اشکانیان ای لانکەی صلاح الدین و نورالدین و دیسەم مزگینیت لی بی آخر میکروبی انواعی نەخوشیان لەم خاکە مالدراوە و کورانی تو وەک دانەی بەرموری گەوهەر هوندراونەوە وە لە حضوری پیشوای بزرگواری خویاندا بە سان دەرون و بە دەنگی فینکایی دەوی: "بژی کورد و کوردستان" دلی گلاوی دوژمنان وەلەرزە دینی، ای جیگای باوک و باپیرمان شاد و خرم بە کە زستانت بە تازە بهار و بەفر و رنوت بە گولستان گوردراوە ئەوە تا روژی دومی

ریبەندان "بهمن ماه" ١٣٢٤ ساتی ٨ بەیانی خوشتر و روناکتر روژانی میژوی شەش هەزار سالەی تو گەیشتوە "لە سی ریی قاضی" هیزی بە هیزی دیموکرات بە ساز و بەرگ و اسلحەوە لە لایەکەوە قوتابیەکانی کچان و کورانی هەمو قوتابخانەکان لە لایەکی دی و بیست هەزار نەفەر لە تەواوی طبقاتی نەتەوەی بەرزی کورد هەر یەک لەجیی خۆی بە ترتیب ریزیان بەستوە و آلای سی رەنگی کوردستان لە هەمو لایەکی میتینگەکەوە و لە راست و چەپی جیگای تایبەتی پیشوای گەورە کە لە قلبی میتینگەکەدا قراری گرتوە دەلاریتەوە حضار هەمو چاویان بریوەتە ریی پیشەوا، آسمانی مەهاباد روی خوی صاف و روناک کردوە روی پەردەی هەوری لە روی هەلایساوی خوی هەلگرتوە و هەمو چاوەنورن و دەبی چاوەنوریش بین چونکو عشق، علاقە، خوشویستن، احساسات، میلیت هومیدی سەربەستی لە رەگ و شارەگی ئەواندا دەگەری نوختەی یەکەتی اتصالی هەموان وجودی مەسعودی رهبەری گەورەیە.

لەم کاتەدا بزوکی پیشوای خوشەویست لەنیو سلامی نظامی و چەپلە ریزان و هورا و احساسات و شوق و شعفی فوق العادەی کومەلدا وەدەر کەوت و پیشوای بەرز لە کاتیکدا کە ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی لە پشت سەری دەهاتن و آلای سی رەنگی کوردوستان لە راست و چەپی تریبون لە اهتزازدا بو ئەستوی بەرزی بو ئاسمان هەلینابو نزولی اجلالی فەرمو: مطابقی بەرنامەک کە لە پیشدا ساز کرابو بە تەواوی حضار روژباشی فەرمو پاشان تشریفی لە تریبون هاتە خواری و بەپێش تەواوی گوردان و گروهان و دەستەت سەربازان و پیش مەرگەکانی کوردوستاندا هات و هەموی تەماشا کردن و بە هەموان روژباشی فەرمو، لەم کاتەدا بە دەستوری معاونی فەرماندەی هەمو هیزی لە لایەن سەربازان و پیش مەرگەکان و توپخانەی کوردوستان دە دەقیقە بی ووچان بە افتخار سەبەستی کوردستان و ناساندنی رئیس جمهوری کوردستان شیلینگ کرا.

پاشان لە کاتیکدا کە دەنگی هورا دەچو بو آسمان و لە قلبی میتینگدا موزیک و سرودی مللی کوردستان لیدەدرا و دەخویندراوە برای خوشەویست غنی خسروی شهرداری مەهاباد بەپی دەستور هاتە پیشەوە و بە ترتیبی ژیرەوە میتینگی افتتاح کرد و گوتی:

ئەمن غنی خسروی شهرداری مەهاباد ئەو موفقیتە گەورەیەی کە ملتی کورد لە پاش هەزاران قوربانی دان ئەورو لە نتیجەی فعالیت و کارزانی و ملت پەروەری فوق العادەی پیشوای معظمی کوردستان جنابی قاضی محمد نصیبی بووە پیروزی

و مبارکبادی به مقامی گەورەی پیشوای مەزن و ملتی رشیدی کورد عرض دەکەم وە "میتینگ و جلسەی" ئەورو بە نیوی شاری مەهاباد افتتاح دەکەم و بە دلیکی خاوین و پاکەوە دەلیم بژی پیشوای معظم کوردستان.

لە دوایە آغای خسروی بەرنامەی میتینگی بە تەرتیبی ژیرەوە بە اطلاعی حاضران گەیاند:

١- دوعای جەنابی مەلا حسین مجدی.
٢- نطقی جەنابی پیشەوا و رەئیسی جمهوری کوردستان.
٣- نطقی جەنابی حاج باباشیخ.
٤- نطقی آغای محمدحسین خانی سیف قاضی.
٥- اشعاری آغای هەژار شاعیری میللی.
٦- اشعاری آغای هیمن شاعیری میللی.
٧- خطابی آغای سید محمد طه زادە.
٨- نوطقی آغای شیخ حسنی شمس الدینی.
٩- نوطقی آغای عمر خان.
١٠- نوطقی آغای زیرو بەگ.
١١- نوطقی آغای محمد امین موعینی.
١٢- نوطقی آغای سید عبدالعزیز.
١٣- نوطقی آغای ابراهیم ادهم.
١٤- نوطقی آغای محمد فیض الله بەگی.
١٥- خطابەی آغای نانەوازادە.
١٦- سرودی مەدرەسەی کوردستان.
١٧- سرودی مەدرەسەی پەروانە "کچان".
١٨- خطابەی یای ویلمە صیادیان،
١٩- خطابەی یای خدیجەی حیدری.
٢٠- سرودی مەدرەسەی گەلاویژ.
٢١- سرودی مەدرەسەی سعادەت.
٢٢- خطابەی آغای احمد ایلخانی زادە.
٢٣- خطابەی آغای محمد قادری.

ئەوا ایمەش نطق و وتەی هەر یەک لە آغایان و یایەکان کە بە ادارەی روژنامە گەیشتوە بو ئاگاداری خویندەوارانی خوشەویست دەنووسین: (هەر کەس

لـه آغایـانی بـەرز نطقـی کـردوه و بـو ادارەی روژنامـەی نـەناردوه رجـا دەکـەین خلاصەیکیان بو بنیری)

**الف: دعای جنابی ماموستا مەلا حسین مجدی:** آغایان، حاضران، اولەن لە خودای بەرز دەخوازین کە پیشوای مزنی ایمە لە عدالەتی عمری کوری خطاب و امانتی ابو عبیده و شجاعتی خالدی کوری ولید و علمی علی کوری ابو طالب "خدایان لی راضی بی" بەهرەوەر بی. آمین.

پاشان ئەی آغایان و حاضرینی نەتەوی کوردی غیور حق تعالا لە قرآنی مجیددا دەفرموی: (ان المتقین فی جنات و عیون فادخلوها بلام امینین) کە پرهیزکاران لە باغاتی بەهەشت و کانیاندا دادەنەیشن و ملائکە بەوان دەلین: وەرن بە سلامەت و لە هەمو نارەحەتیک امین بن وە درد و بلای دنیا لاچو پاشان خدا دلیلی ئەم سلامەتیە و وارد بونی ئەم اشخاصە دەفەرموی: ونزعنا مافی صدورهم من غل اخوانا علی سر متقابلین.

یانی ایمە لەبەر سعی و کوششی خومان حسد و کینە و بغضمان لەوان دور کرد و وەکو برایانی کە لە یەک رگ بوین لەسەر تختان دادەنیشین و بە ادەب رو لە یەکدی دەکەین چونکو پشت لە یەکدی کردن نشانەی نارضایەتیە و ئەم نەتەوانەی جور جوری کە لە بەهەشتدا اتفاقیان هەیە لە اثری ترکی حسد و کینە و لە اثری نیشان دانی تعاون و کومەگی بوە کە لە دنیادا پیکیان کردوە ئەگەر وابو ئەمە دەبی ترکی کینە و بغض و نفاق بکەین و بمقامی اشخاص سزاوار حسد نەبەین ئەمن حدیثیک لە کتیبی "مسلم" ئەویش لە ابو شعدی خدری نقل دەکا کە پیغمبر "س" بە روخوشی فەرموی ابو سعید بانگ دەریک لە کاتی چونی بەهەشت بانگ دەکا: کە لە بەهەشتدا بژی و بی مەرگ و لەشساغ دەبی بی نەخوشی و همیشە چوارده بی و پیر نابی و لە نعمتی خودا بەشدار دەبی بی نارحتی و ناهومیدی. ئەمەش نەتەوەی کورد انشاالله لە ژیانی سەربەستی بە یەکجاری و لە لەشساغی بی نەخوشی و لە نەمامی آزادی بە بی سیس بون و لە نعمتی آزادی بی زوال بهرمند دەبین: خوداوەنا ئەم آلایە کە بە خوینی لاوان چەقاندومانە قایم و یەکجاری کەی "آمین" یانی دەجەی بەرز و سەربلیند بیت و سفرای دەولەتی ایمە لە هەندەران گەورە و قسە لی قبولکراو بن "آمین" و دەولەتی جیرانی ایمە "اتحادی جماهیری شوروی" همیشە عزت و شوکتی زیاد بی و لەسەر دوژمنی مظفر بی "آمین" و ئەو زاتانە کە لەری سەربەستی گیان و بدەن و مالی خویان بەتلاند موردی رحمتی خدا و لە درجەی شهدا دابن و آخر کلمەی ایمە جوملەییکە کە

ئـەهلی بەهەشـت لـە ورودی اولـی دا دەلـین: حمـد بـو خودایکـە کـە چـرای هـدایتی هەلکرد و ئەگەر چرای روناک نکردایە بەو نعمتە بی پایانە نەدەگیشـتین و دو نەفـەر شازادە بنی هاشم و بنەمالی سراج الدین کە لیرە حاضرن لە خدا دەخـوازین کـە لـە سەر خذمت بە نەتەوەی کورد بدل همت بکەن و موفق بن[1].

**ب: نطقی جەنابی پیشەوا و رئیس جمهوری بـەرزی کوردسـتان:** کوردسـتان مـوقعیتی جغرافیائیـەکی مخصوصـی هەیـە کـە بـی پسـانەوە و بـی ئـەوەی نەتـەوە و ملتیکـی کـە لـە نیوانـدا! فاصـل و لیکیـا بپچریتـەوە کـورد بەسـەر یەکـەوە و پیکـەوە سکونتیان تیی دا هەیە و دارای مالکیتی ملین دەویدا. بەسـەرهاتو سـوابقی تاریخیـان یەکە و عموماً تیی دا شەریکن. خـاوەنی آداب و عـادەت و رسـومی ملیـەکی وان کـە هیچ جورە صدمە و حوادثیک نەی توانیوە سستیەک لە بناغـەی ملیتـی ئەوانـدا پەیـدا بکا.

کـورد لـە قـدیم را هـەزاران پادشـا و حکمـدار و تشـکیلاتیان بـووە. هـەر لـەم کوردستانی آزادی ایستادا بنەمالی امرای مکری کە سەر سلسلەی ئەوان امیر سیف الدین بـووە تـا "١٠٢٠ هـە" بالاسـتقلال یـەک لـە دوی یـەک امیـر سـیف الـدین- سـارم بگ- شیخ حیدر- امیر بگ- امیر پاشا- تا دەگاتە قبادخان بە دەسـتەلات و قدرتـەوە حکومەتیان کرووە.

ملتـی رەشـید و بـە غیرتـی کـورد لـە همـو دەور و زمانیکدا هەرکـەس خیـالی استیلای نیشتمانی ئەوانی بوبی بـەرەنگاری بـون و بەربـەرەکانی یـان کـردووەو کـە هــیچ فـداکاریک دەســتیان دانەنەوانــدووە. لــە پــاش لەدەســت چــونی ســلطنت و حکمداریشیان بـو وەگیـر خسـتنەوەی اسـتقلال و آزادی بـە ملیـون قوربانیـان داوە و لەبەر ئەوەی کە همیشە لە مبارزە و ملـەدا بـون هـیچ جـورە اذیـت و آزاریـک نمـاوە نەی چیژن و نەی بینن.

لەگەل ئەوش هەمو کویرەوەری و کوشتن و برینیکیـان تحمـل کـردووە و قـەت لە ئامـانج و آرەزوی خویـان شـل نەبونـەوە و لـەریی وەدەسـت خسـتنەوەی آزادیـدا ووچانیان نەداوە- بە دلیکی ئەوەندە بە هیز و عزمیکی هیندە ثابتـەوە تیکوشـاون تـا ایستا هیزیکی وا پەیدا نەبووە بتوانی تیکرا خفـەیان بکا. میرە گەورەیـان کوشـتووە بابان سەریان هەلداوە، بابانیـان بـی دەنـگ کـردووە اردلان بلینـد بـوون، ئـەوانیان لـە عرضی داوە بتلیسی برز بوونەوە و هەزاری دیکەی وەک ئەوان.

---

[1]- رۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٠، ساڵی یەکەم، لاپەرەکانی ١ و ٤، دوو شەممە ١٥ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٤ ی فیوریە ١٩٤٦.

تا لەو دوایانەدا لە پاش شەری بین المللی پیشوەوە کە دیکتاتوری ایران و تورکیا هاتنە سەرکار و زمان و عادات و مذهب و خصوصیاتی ملی کوردیان بە جاریک لاواز و کز و کەنەفت کرد، لە هیچ وەحشیەت و و درندەییک رانەویستان خویندن و نووسینی زمانی کوردی ممنوع و پوشینی لباسمان قەدغە بو.

نەیاندەهیشت لە هیچ جورە مزایا و حقوقیکی بەشەریەت بەشمان ببی ریگای فیربونی علم و صنعتیان لی بری بوینەوە. هەر روژە بە بهانەیەک و هەردەمی بە تەشقەلەیەک دەستە دەستە و پول پول کوردی هەژار و بەدبەختیان حبس و تبعید دەکرد و دەیان کوشتن و لە بەینیان دەبردن حاصل و دەستربجی ئەو ملتە بیچارەیان دەبرد بوخویان و ئەوانیشیان برسی و تینو روت و قوت دەهیشتەوە.

تا لە شهریوەری ١٣٢٠دا فریشتەی آزادی دەستگای دیکتاتوری و فاشیستی رضاخانی تیکشکاند کورد سەری لە هەمو فشار و اذیتە کمی فارغ بو فوری احساسی کرد، چون دەبی لە فرصت استفادە بکات و ریگای صلاح و وەدەست خستنی آزادی ئەو ملتە چیە و چبکا- پیاوانیکی بەبیر و هوش و بە شرف کە زور لەمیژ بو خویناوی دلی خویان دەخواردەوە و بو ذلیلی ئەو ملتە دوکەل لە دەورنیان دەهاتە دەری زور زو تشخیصیان دا کە وەختی کارە و لەو فرصتە دەبی بەهرە وەربگیری و ئەوە تەواو ئەو روژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەروانی بوین بە یەکجار خیرا بی ووچان راویستان دەستیان بکار کرد حزبی دیموکراتی کوردستانیان تشکیل دا و بە دەستوبرد خریکی کاروباری ملی بون و بە چاویکی ورد و بە دقت احتیاج و پیداویستی کوردیان تشخیص دا و بەدی کرد.

لەپیش هوموو شتیکدا اختلافات و دەبەرەکانی عشایریی کە بە دسیسە و حلەبازی استعمارچی و دیکتاتوران بو استثمار و خواردن و کروساندنەوەی ئەو ملتە بە قولی خویان "تفرقە بیانداز و حکومت کن" دەبەینی خستبون و تا ئەندازەیەک ئەو آورە بلیسەی ساند بو برای دایک و بابی لەیەک ترازاندبو بکلی لە گوری هەلیگرا و نیوی عشیرەت و طوایف و هەرچی اسبابی ئەو نفاق و پرشوبلاویە بو فریدرا و عموماً لە ژیر عنوانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا کوبونەوە و یەکدل و یەک زمان تیکرا بەرەو آمانجی آزادی کەوتنەری.

زمانی زگ ماکمان کە لەگەل شیری دایک تیکەلی خوین و گوشتی ایمە بووە لە زەمانی دیکتاتوری دا سەخت قەدەغە کرابو فارسی بزور تحمیلی ایمە و مندالەکانمان دەکرا و تازە پتر سببی پاشکەوتنی کورد بە لە مدارسەکان رەسمیتمان پیدا و خویندن و تحصیلمان بە سبک و ترتیبی دنیا خستە سەباری

کوردی. چەند مدرسەی کچان و کورانمان کردەوە. مەدرسەی شەوانەمان دایرکرد و کتیب بە زمانی کوردی ترجمە کران چەند صد کور و کچ و پیاوی گەورە لە مدارسی شەوانە و روژانە بزمانی کوردی دەخوینن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت سال خریکی خویندن و فیربونی فارسی بن لە مانگیک و دوو مانگدا دەبنە خویندەوار و هەمو شتیک دەخویننەوە و دەنوسن. بو ناساندنی لیاقت ملی و وە دەرخستنی حیات ادبی و فەهەنگی کورد و بو راگەیاننی هاواری خویان بە گوی دنیای بشریەت و عدالت، محتاجی وەسیلەی چاپ و بلاوکردنەوە بوین چاپخانەی زور چاک تأسیس کرا و دامزرا لە شاری خوماندا بە زمانی خومان بە چاپخانەی خومان گووار و روژنامە دەردەچی و بیر و فکر و داخوازی ایمە لە دنیادا بلاودەکاتەوە.

حاصل و بەروبوی ایمە کە مقداریکی زور و زەوند و بە قیمەت بو بەفیرویی لە دەستیان دەردەهینااین و دەست استعمار سدیکی لەپیش ایمە و بازاری دنیا دروست کردبو ریگای حلمان دیەوە و تجارت و اقتصادیات کوردستان زور باش تامین کرا.

لە زەمانی دیکتاتوریدا کە هەمو عەوارضیکیان لی دەستاندین کەم و زور وەسیلەی لەش ساغی و معالجە نە حکیم نە دەرمان نە مەریضخانەی بویان ساز کردین ایمە بوخومان مریضخانەی زورباش بەوزوانە دایر دەکەین و لەش ساغی ولاتمان تامین دەبی. هیزیکی ملی مان تشکیل داوە کە بە شەجاعەتیکی تەواو حاضرە دفاع لە نیشتمان بکا.

دیارە موفقیتی ایمە سەراسەر لە عینی مرامی دیموکراسی و لە نتیجەی فعالیتی حزبی دیموکراتی کوردستان و بە پشتیوانی عالەمی دیموکراتە. لەبەر ئەوە بە دل و بە ناو دەلین: بژی موئسسین دیموکرات.

ملتی کورد هەزاران سد و بەرهەلستی سخت و سهندەی لە ریدا بو. دەستە و دایرەی دیکتاتوری بی ووچان کارشکینی ایمەیان دەکرد و لە هیچ نامردیەک رانەدەوەستان اختلافاتی عشایری و داخلیش ئشکالیکی گورە بو بو ئیمە اما ئەوانە هیچکامیکیان نەیان توانی پیش بە ایمە بگرن بە دلیکی بەهیز پایەداری مان کرد و ادامەمان بە فعالیتی خومان دا تا استقلال و آزادی نەتەوەی کوردمان بدست هینا. دیارە بە قایایەکی ئەو خطراتەش کە ماوە چە لە داخلدا و چ لە خارجدا ملەتی کورد مبارزەی خوی لەگەلیان ادامە پیدەدا بە پشتیوانی خودا مظفر و منصور دەبی ئەورو لە نمایندەگانی تەواوی نواحی و نقاطی کوردستان بی رعایتی طبقات اعم لە

ئاغـا و رعیـت و گـەورە و چـوک کوبونـەوە و یـەک دل و یـەک زمـان هـاوای دیموکراسی دەکەن و بە ریی دیموکراتدا دەرون قودرەت و قوەتی دیموکرات نشان دەدا. پاش تـەواوبونی نطـق جـەنابی پیشـەوا لـە تریبـون هـات بیتـە خـواری عبـدل کرباسی "عبدل ئەو کەسەیە کە روژی هەلکردنی آلا گایەکی بە صەد تمن کری و لە بەرامبەر آلادا کردی بە قوربانی" کە بە اسلحەوە لە پشت تریبون راوەستابو شانی دانواند کە جەنابی پیشوا پی لەسەر شانی دانی و بیتە خواری بەلا لەبەر خوی تواضـع کـە لـە رەوشـتی ممتـازی پیشـوای بـەرز قبـولی نەفـەرمو و بوخـوی هاتـە خـواری. لـەم کاتـەدا تـەواوی عشـایر و خـەلکی شـاری هوروژمیـان هینـا و هـەمو دەستیان ماچ کرد و بیعتیان دەگەل کرد بە جوری خەلک دەوریان گرتبو کە ماوەی ساتیک نەدەبیندرا کە جنابی پیشوا لە کوییەو لە ماوەی سیە روژ مراسمی بیعەت بی ووچان دەوامی بو[1].)(پاشبەندی ١٩)

**ب : نطقی آغای محمد حسین خان سیف قاضی، کومەک فەرماندەی هەمو هیزی کوردستان:** ئەمن بە نوینەری لە لایەن هیزی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە پیروزەی خوم دەگەل گیانی سەربازی و پیشمەرگەیی بە پیشگای اقدسی رئیسی خوشەویستی جمهوری کوردستان و بـە هـەمو نەتـەوەی کـورد رادەگەیـەنم، و شانازی ئەوەم هەیە کە بلیم یەکە یەکەی سەربازانی کە بە تەواوی ساز و بەرگ و اسلحەوە لەکن حضراتی گەورە راوەستاون و منیش یەکیکی چکولەم لەوان وەکو شیری رق هەستاو لەشی روت و گیانی بی بەهای خومان بو دفاع لەو آو و خاکی کوردستانە تا رژاندنی تنوکی خوین لەسەر دەسمانە. ایمە پیش مەرگانی آزادی بو لابردنی دوژمنانی نیو خومان و هەندەران لەهیچ هیزیکی ساماناک ناترسین و بو هەمو گیانبازیک آمادەین تا بە یجگاری رختی ژیانی پر لە نەنگ و عار لەم زەویە پاک و نابود بکەین و خانوی نەبونی بنیرین لە پیک هینانی ئەو کارەدا دردونگیمان نیە چونکو کوردستانی ئەورو زور بەهیزە ..، زور بەهیز...!

برایانی هاوخوین بە پشتیوانی یەکەتی و دلپاکی کە لە کوردستانی ئەورو و لەنیو ایمەدا لە ژن و پیاو چکولە و گەورەدا هەیە لەسەر ئەو میزە راوەستاوم و دلیم و داوا دەکەم: کە ایمە بو هیز پیدان و سەرکەوتنی جمهوری کوردستان لە

---

[1]- رۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٠، لاپەڕەی ٤، دوو شـەممە ١٥ ی ڕێبەنـدان ١٣٢٤، ٤ ی فیوریـە ١٩٤٦. هـەروەها ژمـارە ١١، لاپـەڕەی ١، چوارشەممە ١٧ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٦ فیوریەی ١٩٤٦.

هەلاویشتنی گیان و دەپیناو دانانی دریغ ناکەین و دریغمان نیە! بەپی ئەم پایەش پیویست دەزانم کە خائن و خادم، راست و دروزن بەنگو و براکانی تر بناسینم.

هەمو دەزانین کە بو گەیشتن بەم آمانجە زور لەمیژە قوربانی بی ژمارمان داوە "کوتنی هەمومان باس دریژ دەکاتەوە" و دیسان دەزانین کە پاش خەرمانان "شـــهریور"ی ١٣٢٠ هـیچ کـوردیکی خـوین پـاک بـو دەبـاوەش گرتنـی آمـانجی خوشەویستی خـوی لـە هـیچ یارمـەتی و گیـان بـازی کوتـایی نـەکردوە و چونکـو ژماردنی ئەوانە زورە و لەبیر بەدەرە و خوتان لەمن باشتر دەزانن و دەناسن چاو وەردەگیرم و تەنیا بە کوتنی نیوی چەن کەسیک کە لەپیش چاوی ایمە زور بی بها و هیچن خوم بە ناچار دەزانم چونکو ئەمانە لە ریی تەماع و هەستی جیگە ویستن و هەلخەلەتاندنی پوچ و پوشالی خراپە کەران ملو زمان بەپیچەوانەی قازانجی ایمە هاتنـە نیـو کـار و چـاوەنور بـون کـە لـە سـییەدا بەلگەیـەک کـە مایـەی نـەبونی کوردستان بیت وەچەنگ بینن و لەپیش بیگانان و دوژمنانی دانین تا بەدبەختی ایمە لە دنیا و بی بەشی خویان لە دنیا و قیامەتدا ساز کەن بەلا خودا یارمەتی کردین و توانیمان ام ملوزمانە

١- آغـای عـەلی علیار، خراپـەی رابردوی پهلوی کـە لـە شـارەوانی مەهابادا بەسـەریان دەهینـا لـەبیر کـرد و دەگـەل سـەرپولی "سـەرهەنگ" ارفـع کـە فـەرمانی کوشـتنی هـەمو براکـانی هـەورامان و مـەریوانی ایمـەی دەدا خـوی ریـک خسـتوە و هاودەس بو

٢- آغـای رحیمـی وەسـتا عـزت جیـرە بخـوری آغـای علیـار هـەلگری چـەن وەلامیک بو کە لەنیوان، علی یار و ارفعدا دەگوردرایەوە و ایستا ئەم خراپەکەرە بی خەبەرانە خەریکی ئەو کارەن.

٣- آغای غفور محمودیان کە یەک نفر لە تأميناتی فاشیت مأبی ایرانی بو بیری خوی لەوەدا خرج دەکرد کە بە عناوینی جوی جوی کیشە و جدائی بخاتە نیو برایانی کوردی نەجیب.

٤- حمزە علی قاوەچیش لە هاودەستانی محمودیانە.

٥- آغـای مـەلا رەحمـان سـرنجداغی ئـەویش لـە هاودەسـتان و هـاوبیرانی محمودیـان بـو بـەم هاسـانە بەسـی نـەدەکرد وەلامـی بـی اساسـی بـو کاربەسـتە پوشالیەکانی ایران دەنارد.

٦- آغای محمد عباسـی کە بو وەگیر کەوتنی مقامـاتی کە شایستەی نەبو و هەستی جیگەویستن کە لەبەر نەفامی فطری بوتە عـادەتی لـە هیچ جورە خیانت و

فیلو تەلەکەیەکی بی حقیقت خوی رانگرتوه تا وای لی هات کاری آغا بو بە وینەی سەر آو.

٧ و ٨- علی نوذری و عبداله بایزآغا که تا ئەورو بو هاوکاری حاضر نەبون و خیانت و فیلو تەلەکه و دەسته بندیکیان ساز کردوه.

٩ و ١٠- بایز آغا و کاک الله آغای گەورک که لە اشخاصی طبیعت نەوین و بو بتلاندنی هەمو براکانی خویان ماسکیکیان بە روەوە گرتووە ایستا بەرچاو و منفوری هەمو کەسن

١١- قرنی آغای مامش که پیاویکی پیرو سال دیتوه و ستەم دیتوی دەورەی دیکتاتوری رضا خان بوه و گشت بدبەختیەکانی نەتەوەی کوردی بە چاوی خوی دیوه، بەپیچەوانەی انتظاری ایمه و بیری ئیلی رشیدی مامش لە تیکەلی ئەم جیژنی میلی و پیروزەدا خوی ڕاگرتوه.

١٢- محمد فاروقی جاسوس و هاودەستی اشخاصی ملت فروشە و همیشە خەریکی سازکردنی بەلگەی دروسکراوه و ایستا اغلبمان دەدەستدایە.

لەم دنیای دیموکراسیدا بە جامعەی کوردستانی دەناسینم و فیلو تەلەکەی وان بلاودەکەمەوە ئەگەرچی گەلی لەمانە بو مەرگ دەبن بەلا چونکو پیشەوای گەورەی ایمه بیرو آیینی لەسە ئەوەیە که لەریی مسالمت بە چاک کردنی خەلکی خەریک بیت لە مەرگی ئەوان چاوپوشی بەلا سەرنوشتی هیندیک لەوان پاش پیراگەیشتن لە دادگا ملیدا کە بەبی رشوه و تبعیض ئەنجام دەبی معلوم دەبی.

بژی پیشەوای بەرزی کوردستان
هەرسەربەرز بی آلای کوردستان
بژی رولەکانی رشیدی کوردستان[1].

**د: اشعاری هەژار "هونەری ملی"**

**صەد بەهار نوکەری ئەو زستانه**

نیشتمان ئەورو کورانی جیژنی آزادی دەکەن
بونەوە خیوی وەلات تالانکراو روت و رەبەن
شیرنی خوی گرتە نیو آمیز و باوەش کوهکەن
روتەنی کویستانی کوردان بوە بژیوین و زەمەن

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١١، لاپەڕەی ١ و ٤، چوارشەممە ١٧ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٦ فیوریەی ١٩٤٦.

گەرچی ری بەندانە ایستی پر گول و بونە چەمەن
بوتە جناتی عدن چیا و بەدەن دار و دەوەن
صد بەهار نوکەری ئەو زستانە * جیژی آزادی کوردستانە
خوینی کوردانی شمال و ئەشکی چاوی دایکەکان
شینی خوشکانی وطن بو لاوەکانی نەوجەوان
چونە داد بولای خودا، دەریای ترحم هاتە جوش
لاگریکی بومە معلوم کرد نەبەرد و قارەمان
یوسف آستالین کە ئەوروکە لەسەر هەر هوردو بو
نیوی هوردوی سور بلین دەرزی زراوی ظالمان
تو لە لات وایە چیە هوردوی سور
سوری چی؟ کاکە بلین کوگای نور
وا بە چاو سوری گەلی لاواز لە گیتی نیوبرا
تا ریگای کوردستانی دیت ولی هەلکرد چرا
مستی خوی کردە گری بو خوین مژانی مرتجع
حق وەسەر ناحەق کەوت لەو نیوە حقی کورد درا
خوین اشک و شینە کە ویکرا مەیین و بونە یەک
بو بە آلاییکی سی رەنگ و بە شادی هەلکرا
کوردەکانیش دەبی قەدری بگرن
خو بە قوربانی بکەن بوی بمرن
جیژنی استقلالتان پیروز بی ئەی لاوانی پاک
دوژمنو با خو لە خولی خوی بگەوزینی کەلاک
زو هەمو کوردان لەژیر زنجیری دیلی بیننەدەر
پیکەوە  هەولی بدەن بو آوەدانی آو و خاک
من "هەژاریکم" لە دەستم دانیە غەیری دوعا
ای رئیسی جمهوری کوردان هەر بژی بو کاریچاک
تا هەیە چەرخ و خولی توپی زەمین
بژی هوردوی قزل و آستالین(1).

1- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١١، لاپەڕەی ٤، چوارشەممە ١٧ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٦ فیوریەی ١٩٤٦.

**هە : اشعاری "هیمن" هونەری ملی**

**جیژنی آزادی**

نەوجەوانانی ژیرو وریای کورد
پیرە پیاوانی پیاو و آزای کورد
بیچوە  شیرانی  چابک و بی باک
تازە لاوانی ملی و خوین پاک
نەونەمامانی باغچەی ئاوات
کاربەدستانی حزبی دیموکرات
ئەی ئەوانەی کە چاو بە گریان بون
دڵ و داماو کز و پەریشان بون
بو وەطەن روژ و شەو دەگریان زار
دیتو لەو رییەدا هەزار آزار
بەش براو بون لە خوشی و شادی
دەرکرا بون لە باغی آزادی
موژدە بی لیو کە پاش گەلیک زەحمەت
پاشی زور رەنجو تالی و مینەت
پاشی کوشتار و شین و قوروەسەری
پاشی وەی سەد مەزن هەزار سەردار
لەسەر آزادی روینە سەردار
پاشی وەی سەدهەزار کوردی لاوچاک
دەستی دوژمنان: لە خوین و خاک
گەوزیو دایکی بوی لە سینگی دا
بەزەیی هات بە حالی ایمە خودا
یاریدەی داین و کردیە مأمور
بو نەجات دانی کوردی هوردوی سور
میللەتی کوردی بیکەسی رزگار
کرد لەژیر چەنگی دوژمنی زوردار
کوردەواری بە جاری آزاد بو
کوردی غمگین بە کەیف و دلشاد بو
آشکرا هەلکراوە بەیرەقی کورد

هاتەوە دەستی لاوی کورد حقی کورد
تی پەری روژی رەش نەما رەمی خەم
روژی کورد هاتەدەر لەژیر مژ و تەم
بومە ئەو سالە کە چلون زستانە
خوشترە زور لە مانگی جوزەردان
گەرچی ایستا نەماوە گول لە چەمەن
وەک گولە رومەتی کورانی وەطەن
کاتی داوەتە سەردەمی شادی
گەورەتر روژی جیژنی آزادی
ایستەکانە تەواوی میللەتی کورد
کچ و کور پیاو ژن درشت و ورد
بی خەمو لیو بە خەندە و شادن
بوچی چونکو ئەویستە آزادن
ئەی برایانی میللی و دلسوز
روژتان باش و جیژنەتان پیروز
ئەوەی آواتی ایوە بو دیتو
نیشتمان سەربەخو و آزاد بو
بەیرەقی جوانی ایمەیە ایستا
دەی شکینی لە هەر بلیندیک با
کاری خومان بە دەستی خومانە
ایستە با کویر بی چاوی بیگانە
تا هەزار سالی دیکە "ایستالین"
هەر بژی یارەبی: بلین آمین
چونکە دەربەست حقی ضعیفانە
لاگری دیل و بینەوایانە
بو ئەوەی بی کەسان بکا مەسرور
پایەداری بی و بمینی "هوردوی سور"
"پیشەوامان" بژی لە بو خذمەت
کردنی دین و مەذهەب و میللەت
رەبی هەرکەس کە دوژمنی کورد بی

هەردوو چاوی دەری ملی ورد بی
بمرە "هیمن" کە تو لەسەر زیادە
مایەوە چونکو دیتت آزادی[1].

**و: مقالەی آغای سید محمدی طەزادە:** بسم اللە الرحمن الرحیم. آغایانی محترم برایانی خوشەویست ئەورو روژیکی زور مبارەکە روژیکی تاریخی یە تا ئەورو کە دایکی نیشتمانی کوردستان وای بەخویەوە نەدیوە کە کورە کوردەکانی بە شادی و کیف خوشی لە دەوروبەری دا کو بونەوە و لە هاتوچودان بە قاە قاە پی دەکەنین داوەتیانە و هەوری نگبت و چارەرەشی بە نوکی قەلەمی روناک فکران و بە زوری باسکی لاوە بە غیرەتەکان زنجیری دیلی و بەدبەختیان لە ئەستوی دارنیوە و چاوی بە فرمیسکی بە دەسرەی خوشەویستی دەسترنەوە رولە دەنگ خوشەکانی وردە برینی خوی پی وەرکراوی دەرمان دەکەن بە چەپلە ریزان و شادی لەنیو خویانی دەگرن بە طنطنە و جلال لە دەوری دا بە زەماوەند مشەولن جا چ روژی وا خوش هەیە یا چە وەخت و ساتی بە قیمت و بەرز بیندراوە- دەبی قدری بزانین و بو بەرقەراری و راوەستانی دەستە و دوعا رو بە قبلە راوەستین و بە دەنگیکی بەرز لە خودای بی هەوتا تمنا بکەین ئەو روژەمان لی پیروز کا و تا زمانی بەروبو دریژ بومان راوەستا و بەرقەرار بکا- آمین. و بیکیش دەمەوی مختصریک لە زەمانی چارەرەشی و بدبختی دایکی نیشتمان کە کوردستانە کە بەسەر گنجە آزا و خوین گرمەکانی هاتوە بیان بکەم.

سالەهای سالە پنجەی استبداد و دیکتاتوری گروی دایک و بابی ایمە ریک دەکوشی. روچنە روناکی ایمە بە پردە ظلم دادەپوشی دەست مردانگی و اتحاد ایمە بە زنجیر دەبست و ریگای جادەی سەرکەوتنی ایمەیان بەو دەر دەبرد چالاوی دوبەرکی و نفاقیان سەری ایمە هل دەقند چاوی تیژی ایمەیان رشایی پردەی ظلمت نادانی دایان دەپوشی ریگای نجات و ترقیان لی ون دەکردین و توشی هەزار اشکوتی تاریک و چالاوی بی بن و موج دریای بدبختی و چارەرشیان دەکردین هەرچە حول دەدرا ریگای نجات غیرممکن بو وەکو عرضو دەکم بەو همو دردی سەریو بدبختی دوبارە خوین گرم و پاک لە رەگی کوردەواری دا بەجنبش دەهات کمری مردانە گیان دەبست و رولە رشیدەکانی ملت دەتقلا دەکوتن و دستیان دەکرد نهضت زور بەهیز و تا دوامین هناسی ژیانیان پایەداریان دەکرد وکو

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٢، لاپەڕەی ١، شەممە ٢٠ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٩ فیوریەی ١٩٤٦.

نهضتی شیخ عبیداله له لاپەره بزرەکانی میژو شاهید فداکاری و جانبازی وین که تا آخر هناسه ژیانی عمری خوی بەهدر رانەبوارد شهدای کورد شمال به خوین خویان خاکی کوردەواریان رنگاندوه قیام شیخ سعید که لەری آزادی ملت و خاکو خول کوردستاندا گردنی خوی تسلیم طنابی کمال بی کمال کرد یا خیر شیخ عبدلقادر شمزینی تا آخر نفسی پایداری کرد و تا دەجەیک حاضر به فدای ری بو وەکو حضرت ابراهیم به امر خدای تعالی کوری خوی حضرت اسماعیل حاضر کرد بو قربانی له ری خدای خویدا اویش لەپیش همو کس دا روشی او ذاته مقدسه کرده سەرمشق بو ملت با شهامت کورد حاضر به لەری آزادی و سەربەستی ملت دا کوری خوی سید محمد افندی کرد به قربانی و به رشته طناف بی مروت کمال بی کمال له طناف درا وکو ایل جلالی تەواوی پیاوه گەورەکانیان خویان فدای ملت کرد و منداله چوکەکان و بی دەسەلاتەکانیان دربدر و تفرقه بون بو ولات بیگانه سمایل آغای سمیتکو قهرمانی رشید و به ناوبانگ ملت کورد به فیل و فریو به دەست دولت استبداد ایران لەبین چو[1].

دسته گل ٦ ایلول "که لەو روژەدا چەند مندال و لاوی گناه دولت مستبد عراق و بەر مسلسل و دەست ریژ تفنگ دران هەزارها وینه خوین ریژ و ظلم و زور و تفرقه و بلاوکردنەوەی ملت کورد هیه که زمان له کوتن و قلم له نووسین قاصره که شرحی بدم ولی خدای بی هاوتا رحمی کرد استیره اقبال ملت کورد له گوشه آسمان کوردستاندا طلوعی کرد طپلی بشارت آوازه بلند کردوه و مزگینی آزادی به گوی تواوی کورد و کوردەواری دەدا و یکش شتیکی دی هیه که دەبی بو هەوەل جار به خط زیرین له صفحه میژودا بنوسری که مرامی رهبر و کارگرەکانی حزب دیموکرات اوه بو که آزادی بەبی خوین ریژی نصیب ملت کورد بی و دوست یا برهەلستەکانی حزب بچاوی برایتی و یەکتی تماشا کراوه.

**ز: خطابەی آغای صدیق حیدری:** ئەی برایانی خوشەویست ئەی قارەمانان و شیر مەردانی کوردەواری، ئەمن یەک نەفەرم پیش مەرگەی کورد هەژده قسەی چکوله هەیه که پیویسته به عرض خضاری محترم بگەینم:

١- سپاس و ستایش بو خودای تبارک و تعالی و گەورەیی بو حضرتی سید کائنات.

٢- پیویستی شرافتی یەک نەتەوه سەربەخویی.

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٢، لاپەڕەی ١، شەممە ٢٠ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٩ فیوریەی ١٩٤٦.

٣- سەربەخویی ملت فقط بە زانایی و اخلاقی چاک رادەگیری.
٤- راگرتنی سەربەخویی هەر ملتیکی بە آزادیی و قارەمانی ئەو ملەتەیە.
٥- بەبی حقیقت داخل بون بو مرامی مقدسی آزادی ممکن نابی
٦- هەر ملتی بییەوی آزاد بی دەبی حقیقتو صداقت بکاتە رەووشی خوی.
٧- هیچ ملتیک ناتوانی بەبی معارف و فەرهەنگ آزادی خوی ڕابگری.
٨- دە ریگای ژینی شرافتمندانەدا لە گیان و مال ببورن.
٩- بژی ئەو ملتەی کە بو بەدەست هینانی آزادی ژیانی خوشی ناوی.
١٠- آزادی پیویستی وەک یەک بونە و لە بەرامبەر قانون هەمو وەک یەکین.
١١- هیچ نوعە آزادیک اجازە نادا هەتا آخر و اوخری عمر هەر خطاکار بین.
١٢- عطری گولاوی چاک عطری بدەل و جعل دەشیوینی پیویستە ایمە عطری آزادی دە مملکتی خوماندا بلاو بکەینەوە تا جعل و استبداد لەنیو هەلگیری.
١٣- آزادی عقیدەی بەسەر هەمو سیاستیکی دا حاکمە.
١٤- هەر چەند ایوە آزادی خوابن، هەن جماعتیکی دی لە ایوە آزادی خواترن.
١٥- کوردستان دەبی بە دەسی کورد آزاد بکری.
١٦- دەعینی آزادی دا دەبی مقید بن.
١٧- روحی ملت فیدای هیچ کەس نیە ارواحی خادمین ملت دەبی فدای ملت بن.
١٨- ایمە دەبی انشاالله بهداری کوردستان راجع بە پاک و خاوینی کە لازم نیە امن لیرە شرحی بدەم بگەینینە ئەو مقامی کە سیدی کائنات بە سنتی دەزانی لە آخری عرایضی خومدا بە دەنگیکی بەرز دەلیم

بژی بە ژیانیکی ابد پیشەوای کوردستان حضرتی قاضی محمد.

بژی قارەمانانی کورد.

ئەم برا پیش مەرگە بەرزە پاش قوتار بونی وتارەکەی احساساتیکی بی اندازەی لەنیو گوی دیرەکانی ایجاد کرد بو و چەند برای خوین پاکی دیکەش لەسەر شانی خویان دانابوو بلندیان کردبو و بە نعرتە و شریخەیکی شیرانە دەیان کوت جیژنی سەربەخویی کوردستان لە هەمو کوردان مبارک بی و هەتا دنیا هەیە جیژن و سەربەخویی کورد هەتا هەتا بی[1].

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٢، لاپەڕەی ١ و ٤، شەممە ٢٠ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٩ فیوریەی ١٩٤٦.

**ح- خطابەی آغای احمد آغای ایلخانی زادە:** برایانی خوشەویست: من یەک نەفەرم دەتوانم ثابت رەووشنی بکەم کە لە دەرەوەی دیکتاتوری ایراندا لە من بینەوا و پەریشانتر کەس نەبوە چونکو وجدان و ملتم اجازەی نەدەدا کە بچم و بەوان تملق و فروتنی بکەم و گەلی جار بە خوم دەگوت: خوزگا نەدەمردم و بە چاوی خوم دەمدیت جاریکی دی تفەنگ و فیشەکانم هەلدەگرت و بە اسلحە دەرازامەوە و وجودی امنیەم نەدەدیت، ایستا دەبینم لە مراحمی الهی لە باتی بیگانان برایانی بەهیزی کورد پی بە عەرزی دا دەدەن و دەرجا لی دەدەن و دەنگی چەکمەی ئەو لاوە رشیدانەی کورد و برایانی کوردی خوم منعکس بووە و بە تەواوی دوژمنانی بشر و دیکتاتوران دەلی: کە لەمەو پاش بە اندازەی بەرەی خوتان پی راکیشن و بوحقوقی خەلک دەس دریژی مەکەن دەنا بەم چەکمانە سەرتان پان دەکینەوە.

استاش کە لە حمدی خوداوە لە سایەی آزادی املاک و داراییم زیاد بووە، ئەوا سی دانگی دی "عیش آوا"ی ملکی خوم کە پیم وایە لە ژیانی مالومندالم زیادە، بە دەولەتی سەربەرزی کوردستانم پیشکەش کرد، چونکە لەپیش چاوم گەلی چەتونە کە برایانی خوم بی سواد و اسبابی خویندنیان نامرتب بیت و من لە عیش کامرانی دابم، دیسان گیانی خوم وقفی دەولەتی سەربەرزی کوردستان کرد کە لە ریی نیشتمانی خوشەویست دا گیانی خوم بخت و هەمو هیزی صرف کەم، و یارمەتی خودا و هومیدی رسولی اکرم خوینی دوژمنانی کوردستان دەگەل میشکی سەریان بریژم، و بە نوینەری برایانی ئەفسەران ئەوانەو عرض دەکەم: مەبادا دوژمنانی کوردستان خەیالی یەک ذرە تەجاوەز بو خاکی کوردستان بکەن دەنا بە یارمەتی خودا لە سنوری خویاندا محو و نابودیان دەکەین

بژی کوردستان !

بژی رئیسی جمهوری کوردستان جنابی قاضی محمد[1]

**ط- خطابەی آغای نانەوازادە فەرماندەی هیزی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان:** .... ئەی قارەمانان و جنگ آوەران. ئەی رشیدان و دلیرانی خاکی پاکی کوردستان، تاریخی ئەوروکە و هیچ وەخت لەبیر نەچی. ئەورو روژیکە کە آیندەی نیشتمان و ملتی کورد اثراتیکی زور و بی سابقەی هەیە. خوم اعتراف دەکەم لە

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٢، لاپەڕەی ٤، شەممە ٢٠ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٩ فیوریەی ١٩٤٦.

عهدەی ستایشی ئەو روژە نایەمەدەر و باوەریش ناکەم کەسیش بیتە دەری. چون تقدیری خودای لایزال ئەو روژەی گەورە و سەربەرز کردوە. ئەورو منشأی تحولیکی گەورەیە بو نژادی کورد، بوچی؟ نیشتمان و طبیعت ئەوروکانی چاکترین هدیەی خویان پیشکەشی ملت کردوە یگانە نابغە و پیشەوای کوردیمان وەدەست خست تا بە بیکەسیی و دەربەدەری و دەرد و ذلتی کوردەواری خاتمە بدا و کوردان بو هەزاران موفقیت و سەربەرزی آمادە بکا.

ای خالق لایزال: پیشەوا و رئیسی جمهوری کوردان موفق و پایدار بکەی، کوردستان جیگای دلیران و گیان رابردوانە. کورد بە رشیدی و بی باکی شهرەی دونیا بون و رابردوی زور رەوشەنی ژیانی ئەو ملتە قەدیمە وەکو ئەستیرە روناکی چاوی هەموانە، ئەی لاوان و پیش مەرگەکانی کورد: ئەنگو کوری اشخاصیکن کە بە مروری زەمان دەنگی شهامت و گەورەی وان علەمگیر بوە و یادگاری زور روناک لە شهامت و عزتی نفس و رشادت وان باقی ماوە و نوبەی ئەنگویە: سینگ وەپیش خەن و بە ایمانیکی قایم داخلی خذمەتی سەربازی و پیش مەرگەیی بن، بوچی؟ افتخاراتی سەربازی لە هەمو افتخاراتیک مەزن ترە. چون سەر فروشتن لە ریگای نیشتمان گەورەترین فیداکاریە. بویە گەورەکان فەرمویانە: قشون روحی مملکتە. مملکت دەبی صاحب هیز و قوت بی تاکو افتخاراتی ملی خوی راگری. دلیلیکی زور قایم و نیزیک هوردوی سورە کە بە هیز و قوتی خوی بە دنیای نواند کە هوردوی سور بە افتخاترین آرتشی دونیایە، ئەو افتخاە گەورەیە کە خودا نصیبی مەی کردووە بە جەبونی و کەم دلی لە دەستی نەدەین.

ئەمن فرد فردی لاوانی بە جەرگ و هەناوی کورد بو مەیدانی رەشادت و شجاعت و افتخار دعوت دەکەم کە لە ریگای نیشتمان و پیشەوای معظم افتخاری جانبازیمان هەبی. لە آخری دا بە دلیکی خاوین و ایمانیکی قایم بە ملتی خوم، پایداربونی دولەتی کوردی لە خودای بەرزو بی هاوتا دەخوازم و بە دەنگیکی بلیند دەلیم:

بە سەلامەتی رئیس جمهور و پیشوای محبوب هورا !

بو بەرزی خاکی پاکی نیشتمان هورا[1]!

**ی: خطابەی یای ویلمەی صیادیان مدیرەی مدرسەی پەروانە "کچان"ی مەهاباد:** لە دنیای متمدن و زانستدا، هەر ملەت و نەتەوەیەک، هەر طایفە و قەوم و تیرە و بەرەیەک، بە زمانی خوی کە دایک لەسەر پشتی لانک حەرفیک و دو حەرف

---

[1]- هەمان سەرچاوە.

خستویەتە لیوان و لەگەل شیر دەزاری کردون خویندویانە و دەخوینن. نوسیویانە و دەنووسین، لە چوار سنوری ولاتانی خویاندا بە آزادی ژیاون و دەژین، بەلا داخەکەم ملەتی کورد ئەو ملەتەی کە تاریخ افتخار و شانازی شەش هەزار سالی وانی لەبیرە و لەبەر اهمیت و گەورەیی لەسەر دلی کتیبانی داناوە ئەو ملەتەی لەگەل همو بەرهەلستیک، لەگەل هەر کەسیک کە پەلاماری نیشتمانی وانی دابی بەربەرەکانی یان کردووە و بست بە بست بە خوینی خویان رایان گرتووە. مودەیەکی زور گرفتاری چنگالی رەشو برشو پیسی استبداد و دیکتاتوری بون. زمان و عادات و آدابی ملی ایمە قەدەغە کرابو. لە ترس ئەوەی مقامی دیکتاتوری و قازانجی استعماری خویان نەکەویتە قولە- ایمەیان لە ترقیو و زانست و سەرکەوتن دەگیراوە و نەیاندەهیشت دنیا لە استعداد و لیاقەتی ایمە ملتی کورد حالی بن- تا لەم شەرە گەورەدا کە پەری عدالەت و آزادی بە سەر موتە و دیوی فاشیست و دیکتاتوریدا غالب بو- بە فەرمانی یەکە پیاوی میدانی عەدالەت و بەشەر دوستی ژنرالیسموس ستالین ایمەش لە زندانی دیلی هاتینەدەری و ریگامان بو کراوە- لە ژیر آموژگاری حکیمانە و شارەزایی کردنی پیاوانەی پیشوای معظم کوردستان"جنابی قاضی محمد"دا زمان و دین و عادات و آداب ملی ایمە آزاد بو. استعداد ملی و لیاقەتی حقی ژیانی خومان بە مستقلی و سەربەخویی بە دنیا نیشان دا. دەستی بە هیزی ئەو پیشوا مەزن و گەورەیە ئەوەتا باسکی ایمە "ملتی کوردی کە تا چوار سال لەوە و پیش دیل و یەخسیر بوین" گرتوە ایمە ماموستا و قوتابیەکانی مدرسەی کچان مبارکبادی ئەو موفقیتە گەورە بە درمالی پیشوای معظم عەرض دەکەین و تمنای قبولمان هەیە و هەمومان ویکرا بە دلیک و زاریک دەلین بژی پیشوای مەزنی کوردستانی گەورە[1].

**یا: بەیاناتی یای خدیجەی حیدری ئاموزگاری مدرسەی پەروانە (کچان)ی مەهاباد:** بە اجازەی جنابی قاضی بەیاناتی ناقصی خوم بە حضوری برایانی خوشەویست عرض دەکەم:

ئەی خوشکانی خوشەویست ای برایانی عزیز لەم روژە خوش و پیروزەدا ئەمن کە یەک کچە کوردم کە آزادی ملتی خوم بە چاوی خوم دی، هەرچەندە کە زمانیک بو دەمدیت کە لاوانی کورد شەو و نیوەشەوان یا دەم بیست لە شاخان و لە غاران مشغولی فعالیت بون و خودای تبارک و تعالا موفقی کردن و دلی

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٣، لاپەڕەی ١، دووشەممە ٢٢ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ١١ فیوریەی ١٩٤٦.

نەشــــکاندن، الان ای خوشــــکە خوشەویســــتەکان بــــا ایمــــەش چــــاو لــــە بــــرا خوشەویستەکانمان بکەین دەستی اتحاد بو یەکتر دریژ بکەین، چون دەبینم دایکی نیشتمان چاوەری کچەکانی خویەتی کە دەس بە فعالیت و خویندن بکەین بەلکو تا ایمەش بگەینە برا خوشەویستەکانی خومان لەبەر ئەوەی دونیای ئەورو محتاجی کچ و کورە کە بە خوشکو برایەتی دەست بدەینە دەستی یەک بو رزگار کردنی دایکی نیشتمان، ئەمن لە طرف تەواوی کچوخوشکانی کوردستانی مەزن پیروزی ئەو روژە مقدسە تقدیمی هەیئەتی دەولەت دەکەم و لە آخری دا تمنا دەکەم ایوەش لەگەل من هەمصدا بن و بلین:

بژی پیشوای بەرزی کوردستان جنابی قاضی محمد

بژی قارەمانانی کوردا! [1]

**یب: خطابەی آغای محمدی "قادری"**: ای آغایانی مەزن ئەی برا سەپان و تجار و کاسبە باشەرافەتەکان پیویستە ایوە بزانن وەضعیەتی کوردستانی ایمە ایمرو لە هەمو کاتیکی رابردو ئەهەمیەتی زیاترە چونکە لە لایەکەوە حکومەتی ظالم ایرانی کەوتوتە پەلە و دەست پاچە بوە بەهەر وەسیلەیەکی کە لە دەستی دایە هەول دەدا کە یەکیک لە برایانی ایمە فریو بدات و بەیان خاتە ژیر پنجەی دیوی استبدادەوە لە لایەکی تر چەند کەسی لە پیاوە تینەگەشتو و میشک رزیوەکانی وەکو قرەنی آغای پسوی و علی آغا لەم قرنی بیستەمی تەمدوندا تەماع و تەکەبر چاوی بەستون و شەرافەتو میللیەتی لەدەست داون سەهلە لەبو آزادی کورد تیناکوشن بەلکو چاوەنوری دەرفەتیش دەکەن کە ایمە دوبارە ئەسیر کەنەوە و ئەنجا ئەی برا کاسب کارەکانی باشەرافەت ئەی شیر بەچانی میشەی کوردستان ایمرو بو ایمە دو شت زور لازم و پیویستن. ئەوەل فیداکاری و گیان بازی هەموان بو کوردستان- دوم فیداکاری پیشەوای بەرز بو هەمو کورد. فیداکاری ایمە بو کوردستان ئەمەیە کە گیان و مالی خومان بە تەواوی دەاختیاری پیشەوای مەزن بنین بو پیداویستی ولات بەختی بفەرمون و فیداکاری پیشەوای مەزن بو میللەت ئەمەیە کە هەتا آخرین قەترە خوینی پاکی خوی حاضرنەبی کە میللەتی کورد بداتەوە دەست بیگانان و هەر کاتیکی بوی دەرکەوت کە یەکیک لە میللەتی کورد فریوی بیگانان دەخوا بەبی درەنگی بو مەحو و نابود کردنەوەی ئەمر صادر بفەرمون لە آخری بیاناتەکەمدا بە دەنگیکی بلیند دەلیم:

---

1- هەمان سەرچاوە.

بژی سەروکی جمهوری کوردستان
بژی کوردستانی مەزن
بژی یەکیەتی کوردستان و آذربایجان[1]

**یج: نطقی برای خوشەویست سید عبدولعزیز کوردی حاجی سید عبدالله:**
براکانم گەورە و آغایانی کورد. خانەوادەی نهری بە گەورە و بچوک و ژن و پیاو و کچ و کوریانەوە زور بە افتخارەوە تبریکی ئەم جیژنە موبارەکە و مقدسە ئەولا تقدیمی مقامی عالی رئیس جمهور محترم دەکەن کە لە ریی ئەم آزادیەدا هیچ جورە قسوریکی نەکردوە و بە همەت و عەزم و روح بەرزی و حکمت و تەواناای خوی توانی مکافحە بکا و ئەم آزادیەمان بو وەگیر بخات.

دوەم جیژنە پیروزە لە هەمو برا کوردیک دەکەن کە ئەوانیش لە ریی ئەم آزادیەدا نەبەزیون و مقابل ئەو صەدەماتە و نەکەباتەت زەمان کە بە نسبت کورد هەمیشە عکسی بوە و هەمیشە هیز و پەنجەی استعمار و جهالت لە کوردستاندا سەرکەوتو بوە بە عەزم و ثبات وەکو پولا راوەستاون و هەر نەبەزیون و هەر وەکو تاریخ بومان اثبات دەکا کە کورد لە هەمو فرسەتیکدا محاوەلەی آزادی وەگرتنیان کردووە بەلام لەبەر ئەوەی پەنجەی استعمار هەمیشە لەسەر کورد غالب بووە و بە انواعی وسائلی وحشیانە و بە ناوی دین و دنیا حەرەکاتی آزادیان کوژاندوتەوە کە کورد نەیتوانیوە آزادی خوی بستینی، بەلام لە نەتیجەی ئەو هەمو کفاح و سعی و هەولدانەی کورد دەولەتی شوروی کە پشتیوانی میللەتانی بی کەسە لەسەر حەقی میللەتی بیچارەی کورد بە جواب هات و مجالی نەدا ئەمجارەش استعمار سەری پانکاتەوە آزادی پی بەخشین و دەبی بشزانین کە ئەوەش لە نەتیجەی سعی و هەولدانی رەهبەری محترم رئیس جمهور حضرتی قاضی محمد بو کە شەو و روژی خوی لەو ری یەدا صەرف دەکرد و معنای استراحەت نەدەزانی کە توانی بە هوی ئو سعی و محاوەلات و نەبەزینی خوی میللەتی کورد بە دەولەتی شورەوی بناسی و داوای آزاد بونی کورد بکا.

ئەی برا کوردەکانم بزانن شهدای خانوادەی نهری کە لە ڕیی ئەم آزادی یەدا خوینی خویان رشتوە و شهید کراون و صفحەی تاریخی خویان بە آوی زیرین نوسیوە ایستاکە لە ایمەمانان شادتر و مسرورترن و ایستاکە جیژنی ئەوانە بەلی جیژنی ئەوانە چونکو زانیان کە خوینی ئەوان بە خورایی نەرویوە و نەتەوەی ئەوان بەو آزادیە مقدسە شادبون ئەوەش بزانن کە ایستاکە روحی پاکی ئەو شهیدانە

1- هەمان سەرچاوە.

لیرەدا حاضـرن و بـە یـەک دەنگ جیژنـە پیروزە لـە هـەمو بـرا کوردیک دەکـەن و تەواوی افرادی خانەوادەی نهری بە گـەورە و بچوکیانـەوە بـە روییکی زور سـپی و مفتخرانەوە رەجا و تکا لە هەمو کوردیک دەکەین کە بـو خـاطری خـودای مـاضـی و عنعنانی کون و آکاری سخیفانەی افطاعی و استعماری لـەبیر کـەن، طوائـف الملـوکی و دوژمنایـەتی و منـافعی مـادی و معنـوی شخصـی تـازە مەکەنـەوە گـەورەیی و بچوکی و آغایی و گەدایی لەناو خوتـان هـەلگرن هـەروەکو بـرا دەسـت دەنـە دەسـت یەک و بخوینن و متحد و یەکدل و جان فدا بن بو ئەوەی ئەو آزادیەی کە لـە پـاش سعی و کفاحمی هەزاران سال بە دەستمان کەوتووە لە دەستی نەدەین و بەر قەرار و بەهیزتری بکەین.

براکانم دەزانن کە زور برای دیمان هەن ایستاکەش لەژیر زنجیری اسـتعمار و استبداد و ئەسارەت دەنالینن و بە چاویکی زور برسیوە چاوەریی هممەت و پیـاوەتی ایوە دەکەن؟ لەبەر ئەوە نابی هیچ کوردیکی بە شـەرەف بـەم آزادیە کەمە راضـی بـی بەلکو فەرضـە و پیویستە لەسـەر هـەر کوردیک ماضـی و رابردوی رەشی لەبیر کـا و بـەهوی عـەزم و برایـەتی و یەکیـەتی و هیـز و همتـی خویـان لـەژیر ریاسـت و سەرپەرستی رئیس جمهورمان قاضـی محمد آمادە بین ئـەو بـرا کوردە ئەسـیرانەی دیمان کە حال حاضر لەژیر زەنجیری استعمار و ئەسـارەت دا دەنـالینن دەربینین و خوینی خومان لەو ریگایەدا بریژین و بە خومان نەلیین آزادین تا وەکو کوردسـتانی گەورە بە تیشکی آزادی روناک دەکەینەوە.

ایمەش هەر فەردیک لـە خـانوادەی نهری حاضـر و آمـادین بـە روح و گیـان و سـەر و مالمـان و بـە روحیکی زور پـر اخلاصـەوە لـەو رییـەدا خذمت و فیداکاری بکەین و لـە دوایدا لـە خـودای عزوجل دەپاریینـەوە کە خـوا بـە گـەورەی و عظمتـی خوی عمری رەهبەر و رئیس جمهوریمان قاضـی محمد دریژ و پایەدار کا کە بتوانی ئـەو رسـالە مقدسـە گەورەیـە کـە دەسـتی پـی کـردوە تـەواو و بەرقـەرار کـا و کوردستانی گەورە آزاد کا و بە دەنگیکی بەرز هاوار دەکەین و دەلین:

هەربژی رەهبەرمان رئیس جمهوری کورد قاضی محمد و

هەر بژی کورد و کوردستانی گەورە و

هەر بژی جنرالیسموس ستالین رهبەر و پیشوای آزادی کیتی[1].

---

[1]- رۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمـارە ١٣، لاپـەڕەی ٤، دووشەممە ٢٢ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ١١ فیوریەی ١٩٤٦.

**نطقی آغای شیخ حسن شمس برهان:** برایانی خوشەویست آغایانی محترم: ئەورو روژیکی زور بە نرخ و قیمەتە. ئەورو روژیکی یەکجار گەورە و بە حرمتە، ئەورو جیژنیکی پیروز و مبارکە، ئەورو ئەو روژەیە کە گەلی کورد لە میژ بو چاوەری هاتنی بو و لە میژ بو هەولی بو دەدا و هەزاران پیاوی ناودار و لاوی نازداری خوی لەسەر بەکوشتدا. سوپاس بو خوا کە پاش گەلیک کویرەوەری و دەربەدەری و اسیری و فقیری و ذلت و مینەت بەو آواتە گەیشتن و ایستا جیژنی آزادی و سەربەخویی دەگرن.

شنەبای رەحمەت هاتو تەپو تەمانی نەگبەتی لەسەر رەواندین و هەتاوی خوشبەختی هەلات و زوقم و سیخواری چارەرەشی لە کوردەواریدا تواندەوە، ئەو ریبەندانە بو ایمە بەهاری آزادیە. براکانم: چاوهەلینن و آلای مقدس و سی رەنگی کوردستان ببینن و چاو و دلتان رون بیتەوە و رئیسی جمهوری خوشەویست ببینن و شوکرانەی خودا بەجی بهینن. لە انجامدا جیژنە پیروزەتان لی دەکەم و دەلیم خوشەویستەکانم بو پاراستنی ئەو آلا مقدسە و بو خذمەتی ئەو پیشوا محبوبە بکوشن.

بژی کورد و کوردستان.
بژی رئیسی جمهوری معظم.
بلیند بی آلای مقدسی کوردستان![1]

**نطقی برای خوشەویست زیرو بەگ:** ئەمن بە نوینەری لەلایەن هەمو قبایلی شکاک و هەرکی مبارکبادی ئەم جیژنە خوشەویست و مەزنە بە هەمو برا کوردیک بەتایبەتی بە حضوری جنابی پیشوا و کارگەران و ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردستان عرض دەکەم و بلینی دەدەم تەواوی نەتەوەی شکاک و هەرکی آمادەن بە وینەی باب و باپیری خویان سەرومالیان لە ریی راگرتنی سەربەخویی کوردستاندا بەخت بکەن. قسەیەکی دی کە بو رون بونەوی بیری هەمو کەس زور بە پیویستی دەزانم عرض دەکەم ئەوەیە: کە آغای سید عبدالە افندی لە پاش شهریوری ١٣٢٠ کە کورد دەستیان بە ملە و مبارزە کرد و ویستیان حقی مشروعی خویان بستینن عدیکی زور لەبەر چاوەنوری کە لەویان هەبو وەدوی وی کەوتن و دەیانویست بە پیشوایی و پشتیوانی ئەو آغایە رەهمایی بکرین بەلا ئەو ذاتە بە پیچەوانەی انتظارات و چاوەنوری هەمو کەس لە سالی

[1]– رۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٥، لاپەڕەی ١، شەممە ٢٧ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ١٦ فیوریەی ١٩٤٦.

١٣٢١ هەلستا چووە تاران و بە ضدی کوردان دەگەل کاربەدەستانی تاران بە تایبەتی دەگەل ستادی ارتش ایران خەریکی گفتوگو بو و خەیانتی بە کوردان دەکرد و صەد دەرصد کاری کوردانی وەپاش خست پیویستم زانی ئەو ذاتە بەنگو بناسینم[1].

**نطقی آغای ابراهیم ادهم:** پاش ئەوەی تبریکی جیژنی سەربەخویی کوردستانی بە حضوری پیشوای معظم و هەمو حاضران گەیاند، گوتی: تەواوی ایلی مەنگور بە تایبەتی بابو باپیری من بو دفعی دیکتاتوران و دەرهینانی نیشتمانی کوردستان لەژیر چەنگی وان هەمیشە دەکیشە و ملە و هەرادا بون. حمزە آغای گەورەی باپیرم کە زور بە نیوبانگە چەند جار دەگەل بلەوەزەکان بەشەر هاتووە و مراکزی لی چول و وایران کردون و بە دەسیسەی ایرانیان لە استەنبول ١٢ سال گیرا پاش بەربون دیسان چەن جار لەگەل ایرانیە مستبدەکان بەشەر هاتەوە تا چارەیان نەما بە فیل و فریو حمزە آغایان دەگەل کاکە سواری برایم آغا گرتو و سەریان برین و سەرەکەیان بو تارانی بردن.

و حمزە آغای براشم دەگەل حسن آغای بایز آغا چەن وەختیک بەند کران و سلیمانی ڕەسول آغا و عبداللە فتاحی ئەوانیش بە نورەی خویان حبسی ظالمەکانیان زور دیوە و اشارەی بە شەری مەلا خەلیل کرد. ئەمانەی هەر بویە بو کە اثبات بکا کە ایلی مەنگور هەمیشە بو نەجات دانی وطنی خوی لەژیر دەستی ظالمان سعیان کردووە و قوربانیان داوە، پاشان گوتی ئەمەش کە نەوەی ئەو شیرمەردانەین آمادەین وەدوی رابردوانی خومان کەوین و بە خوی چاک و ریوشوینی چاکدا لە ریی نیشتماندا بمرین[2].

**خلاصەی نطقی آغای محمدامینی معینی:** بە افتخار و سەربلیندی دەزانم دەو روژە موبارکەدا جیژنی سەربەخویی کوردستانە و بە پشتیوانی خودا و پیشوای کوردستان دوژمنانی داخلی کە هەتا ئەورو شەریکی دز و ڕەفیقی قافلە بون بوتان بەیان کەم. یەکیک لەوان قرەنی آغای مامەشە دەولەتی ایرانی هەرچەند جار کە تلگرافی دەکرد بە لقبی شریفی نیو دەبرد و ئەو نیوەش معنای وابووە کە ئەتو دەبی وەطەن و میللەتی خوت کە کوردە محوی کەیەوە و بی فروشی، ئەو

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢١، لاپەڕەی ١، شەممە ١١ ی ڕەشەمە ١٣٢٤، ٢ ی مارس ١٩٤٦.

[2]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٥، لاپەڕەی ١، شەممە ٢٧ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ١٦ فیوریەی ١٩٤٦.

شەخصە شەریفە خائینە بە رمانی دەولەتی ایرانی لە مەهاباد دەستی بە عملیاتی وەطەن فروشی و میللەت فروشی کرد. هەروەها گەل کە بو بە حکومەت لە مەهاباد رویشت ئەوەل کاریکی کە کردی ٣٠ نەفەر سوارەی نارده مالی رسولی یاهوی پولیکی زوری بە ناحەق لی ئەستاند و بوخوشی حبسی بو جیا لەوه چەند نەفەر آزادیخواه بون کە بە ئەمری تەوریز و دەستوری رضائیە کە پیی گەی بو خەیال و عەزمی خوی جەزم کردبو کە ئەو آزادیخواهانە بگری و تحویل بە دەولەتی دیکتاتورت ایرانی بدا، ئەوانە محمد مولودی و سید محمد سیدی و چەند نەفەری دیکە بون بو بەجی هینانی ئەوکارە ١٠٠ نەفەری وە کوچە و خەیابانان خست ئەمە چونکو خودای تعالی نەیویست کورد زەلیلی دەستی ئەو دیکتاتورانە بی دەستیکی غەیبی دەنیودا بو بە لەمپەری قرنی آغای مامەش لەقەبی شەریف الحمداللە بە آواتی خوی نەگەیشت و بەتایبەتی مام عزیز امیر عشایری کوری قرنی آغای مامەش دەو آکارانەدا چی وا لە بابی کەمتر نەبو و هارییەکانی ئەو نیشتمان فروشانە کە لەوانە یەکیان علی خانی نوذری دووەم بایزی عزیر آغای گەورک سییەمی عبداللە آغای منگور و یەکیکی دیکە لە خائینە گەورەکان علی یارە کە ئەمیر ئەسعدی پی دەلین سهلە ئەو خائینە کە کورد ویستا نیویکی وایان نەبو کە خائینەتی دەکرد العانیش کە حکومەتی کوردی الحمداللە بەرقەرارە و زور صاحب قدرەتیشە ئەو خائینە حالی حاضر لە تارانی دەگەل ستادی لەشکر کە سەرتیپ ارفعە لە تیکدانی بناغەی حکومەتی کورد راناوەستی، ئەو آغایە سی سال لەوەی پیش کە بو بە فەرمانداری مەهابادی ئەمری کرد ئەهلی مەهابادی هەمووی ژنە و ژنیش نابی ئەسلحەی بی. لە سایەی خودای بی هاوتا بناغە و دامەزراندنی حکومەتی کوردی دیموکرات مەهابادی داندرا و پیویستە ئەو خائینە خوی دە تەویلەی ئەو مەهابادیانە کە پیی دەکوتن ژنن باویژی و ئەو وەختە ئەوان بوخویان دەزانن کە عفوی دەکەن یان نا و خو دە تەویلە هاویشتنی ئەو خائینە حەتمییە و یەکی لە هاودەستانی علی یار آغای رەحمەتی شافعییە کە لە کومەک و یاریدەی ئەو خائینە نەوەستاوە یەکی دیش لەوانە کاکاللا آغای گەورک سهلە لە سقزی و لە مەهاباد رانەوەستا حملەی دبرد بو رضائیە و تەوریز و سنە و کرماشان و ئەمن لەو تاریخەوە لە لایەن حزبی دیموکراتی کوردستان بو آموژگاری و آگادار بونی ئەو خائینانە هەتا ١٥ روژی دیکە ابلاغ دەکەم خویان بە حزبی دیموکراتی کوردستان بناسین بەلکو لە سوچ و تاوانی ئەوان چاوبپوشن زیاتر لەوە دەلیم:

**بژی کورد و کوردستان**

**بژی حزبی دیموکراتی کوردستان**[1]

شایانی باسە ئەو کەسانەی لە دووی ڕێبەندانەدا وتاریان خوێندوەتەوە، بە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان، دەبوایە بوخۆیان وتارەکەیان بە نوسراوە بدەن بە ڕۆژنامەی کوردستان تا بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە بڵاویان بکەنەوە. لەبەر ئەوەیە کە وتارەکان بەو ڕیزە نەنوسراون کە لە دەستپێکدا ئاماژەیان بۆ کراوە و هەروەها لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، وتاری حاجی بابا شێخ سیادەت و محەمەد فەیزوڵا بەگی و سرودی خوێندکارانی خوێندنگەکانی پەروانەی کچان، کوردستان، گەلاوێژ و سەعادەت تۆمار نەکراوە کە من بڵاویان بکەمەوە.

هەروەها پێویستە بڵێم: کۆماری کوردستان پانتاییەکی بەرتەسکی لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرتەوە. هەرچەندە عەشیرەتەکانی ماکۆ، خۆی، سەلماس و ورمێ لەگەڵ کۆمار بوون و بەشدارییان لە ڕاگەیاندنی کۆماردا کرد، بەڵام ئەو شارانە لە دەست حکوومەتی ئازەربایجاندا بوون و ئازەرییەکان و ڕوسەکان حوکمیان تێدا دەکرد. سەردەشت و بانە لەژێر دەستی حکوومەتی ناوەندیی دا بوون، بەڵام ناوچەکانی دەرەوەی ئەو دوو شارانە و جادەی سەردەشت بۆ بانە و سەقز بەدەست پێشمەرگەوە بوو. عەشیرەتەکانی سەقز لەگەڵ کۆمار بوون، بەڵام لە سەقزەوە تا ئیلام و لورستان بەدەست ئینگلیزەکان و ئێرانەوە بوو. ئەو ڕووبەرەی کۆماری کوردستانی تێدا ڕاگەیندرا، بریتی بوو لە: شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، میاندواو و بۆکان تا دەگاتە سەرای سەقز لە سنوری سەقز.

لێرەدا پێویستە تەئکید لەوە بکەمەوە کە هەردوو لایەنی حکوومەتی ئازەربایجان و کۆماری ئازەربایجان دژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بوون. لەو بارەیەوە ویلیام ئیگڵتن دەڵێت: (**تا مانگی مارسی ١٩٤٦، تەنیا ئازەربایجان لە واشنتۆن، لەندەن نیویۆرک و مۆسکۆ بە کێشەیەکی گرنگ دەناسرا و وەک کێشەیەکی دژوار و جێی گفتوگۆ بوو، بەڵام لە ناکاو لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستان لە مەهاباد ڕووداوێکی زۆر مەزن سەریهەڵدا کە تەنانەت ڕوسەکانیش چاوەڕوانی نەبوون. ماوەیەکی کورت داوای پێکهاتنی کابینەی کۆماری کوردستان، دوو ئەندامی باڵای حیزبی دیموکرات بە ناوەکانی محەمەدئەمین شەرەفی و خەلیل خەسرەوی بۆ ئەرکی حیزبی و کاری شەخسی خۆیان چوون بۆ تەورێز. لە**

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٨، لاپەڕەی ١، شەممە ٤ ڕەشەمە ١٣٢٤، ٢٣ فیوریەی ١٩٤٦.

نەخۆشــخانەی ڕوســەکان، دکتــۆر ســەمەدۆڤ بە شــێوەیەکی نالەبــار لەو دوو ئەندامانەی حیزبی دیموکراتی پرسی: "ئێوە بۆچی بەبێ ئیزن و ڕەزامەندی یەکیەتی سۆڤیەت حکوومەتی خودموختارتان لە شاری مەهاباد ڕاگەیاندوە"؟

شـەرەفی و خەسـرەوی وەڵامیـان دایەوە، بەڵام ڕوسـەکان بە وەڵامـی ئەوان ڕازی نەبوون و گوتیان دەبێ قازی محەمەد خۆی بێت و لەگەڵ پیشەوەری بدوێ. قـازی مـحەمەد هـات و پیشـەوەریی لە هـۆتێلە کـۆنەکەی "گرانـد" چـاوی بە قـازی مـحەمەد کەوت. وەڵام و بەرگریـی کردنـی قـازی مـحەمەد سـادە و سـاکار بـوون، یرماکۆڤ نوێنەری ڕوسەکان لە تەورێز ئاگاداری هەستی خەڵکی کوردستان بەرلە ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ بوو. ئەو لە ئوتۆمبیلە جیپەکەیدا لە نزیک چوارچرای مەهاباد شـاهیدی بەڕێوەچـوونی ڕێوڕەسـم و جەژنـی دووی ڕێبەنـدان بـوو. یرمـاکۆڤ لە ڕۆژی یەکەمەوە بەتوندی دژی ئـازاد بـوونی نـاوچەیەک لەژێر نـاوی کوردسـتاندا بوو، بەڵام گفتوگۆ و دانیشتنەکانی لەگەڵ قازی محەمەد، بە ڕادەیەکی زۆر ژەنەڕاڵ ئاتاکیشـیۆڤی ڕازی کردبـوو کە کـاتی پێکهـاتنی ئەو ڕووداوە، پیشـەوەریی دژی نەوەستێت.

قازی محەمەد دوای گەڕانەوەی لەو گەشتە، لە فیکری قـایم کردنـی پایەکـانی کۆمــاری کوردســتان کەوت. بــۆ ئەو مەبەســتە بەرلە هەمــوو شــتێک بیــری لە ســوپایەکی ڕێکوپێـک کـردەوە. دوای مـاوەیەکی کەم و دوای پێکهـاتنی کـابینە، لە کۆتایی مانگی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا داوای نزیکەی پێنج هەزار چەکی ڕوسی وەک تفەنگـی برنـو، دۆشـکە و دەمـانچەی کـرد. هەرچەنـدە ڕوسـەکان بەڵێنـی تانـک و تۆپیشـیان بە قـازی دابـوو، بەڵام لە ناردنیـان خۆیـان پاراسـت و تەنیـا "کۆکتـل مولۆتف"یان وەک چەکێکی دژە تانک بۆ ناردن. ئەو چەکانەیان تا پێکهاتنی سوپای کوردستان لە کۆگای دوخانیاتی مەهاباد بوون. هەروەها ڕوسەکان دوای مانگێک هەندێک ئامێری مۆسیقای سەربازییان بۆ نومایشە سەربازییەکان بۆ کۆمار نـارد. "هەژار" شاعیری نەتەوەیی پێشتر شیعر و سرودی نەتەوەیی دانـابوو، ئـاوازێکی تێکەڵاوی کوردی، فارسـی و تەنـانەت ڕۆژئـاوایی لەلایەن دوو وەزیری کۆمـار بە ناوەکانی مەناف کەریمی و مەحمـوود وەلـی زادە بـۆ ئەو سـرودە ئـامادە کرابـوو. کۆپلەی سـەرەتایی سـرودەکە وەک چـاوەڕوان دەکـرا، لە نیشـتمان، ئـاڵا و پێشـەوا قـازی مـحەمەد دەدوا، بەڵام کۆپلەکـانی دوایـی لە خـۆبەزلزانیی و بیـری جیـاوازیی خوازیی سەرکردەکان دەدوا، وەک:

نەوتم دەوێ ژیانە

لەسێرت و کرماشانە
باباگوڕ گوڕ دەزانێ
لە موسڵیش دا هەمانە.

لە درێژەی وتەکانیدا ئیگڵتن دەڵێت: (ئاکامی وتووێژی قازی و پیشەوەریی لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا، تەنیا ئەو مافەی بە کوردان دەدا کە حکوومەتێکی ناوچەییـــان هەبێـــت، بەڵام تورکەکـــان بەوەش ڕازی نەبـــوون و دەیـــانگوت: خودموختاریی کوردستان دەبێ لە چوارچێوەی حکوومەتی ئازەربایجاندا بێت.

لە کۆتـایی مـانگی مارسـی ١٩٤٦دا کە بەرپرسـانی ڕوسیا هێشتا لە تەورێز بـوون، داوایـان لە قـازی مـحەمەد کـرد و گوتیـان میـرزا ئیبراهیمـۆڤ وەزیـری پەروەردەی ئازەربایجـان و ژەنەڕاڵ قولیـۆڤ لە بـاکۆوە هـاتوون و پێیـان خۆشـە چاویـان بە ئێوە و بەرپرسـانی کۆمـار بکەوێت. قـازی مـحەمەد سـەرکۆمار لەگەڵ حاجی باباشێخ سەرۆک وەزیران، سەیفی قـازی وەزیـری جەنگ، مەنـاف کەریمـی وەزیری پەروەردە، سەیید محەمەدی ئەیوبیان وەزیری تەندروستی، عەبدوڵا قادری سەرۆکی خێڵی قادریی مامەش، کاک هەمزە ئەمیر عەشایری مامەش و کاکە سوار لە هۆزی مەنگوڕ چوو بۆ تەورێز. میرزا ئیبراهیمۆڤ قازانجەکانی یەکیەتی لە نێوان دوو نەتەوەی ئازەربایجـان و کوردسـتانی بـۆ شـی کـردنەوە و پێیڕاگەیانـدن کە ئارەزووەکـانی ئێـوە بـۆ ئـازادی تەنیـا بە ڕێگـای خەبـاتی هاوبەشـی ئێـوە لەگەڵ کوردەکانی عێراق و تورکیا دەستەبەر دەکرێت. دواتر ئیبراهیمـۆڤ پرسـی: کێ بە ئێوەی ئیزن داوە کە کۆماری سەربەخۆ ڕابگەیەنن؟

هەربەم جـۆرەی کە ئەوان پێشـتر وەڵامیـان دابـووەوە، گوتیـان یرمـاکۆف لە سەرەتاوە ئاگادار بووە. ڕوسەکان تەئکیدیان کردەوە کە قـازی لاوازیی لە خـۆی پێشانداوە و نەیتوانیوە بۆ ماوەیەک خۆی ڕابگرێت و دەسبەجێ هەمـوو شـتەکانی ئاشکرا کردوە و لەم پەندە کەڵکی وەرگرت کە ئەگەر کەسـێک نەخـۆش بکەوێت، دەبێ بە گوێرەی ئامۆژگارییەکانی پزیشک بجوڵێتەوە.

سـەیفی قـازی و حـاجی باباشـێخ لەگەڵ ئەو ڕایە نەبـوون و پەنجەیـان بـۆ هۆیەکی تر ڕاکێشا و گوتیان: ئێوە خەڵکی ڕوسیا زۆر زیاتر لە ئێمە پێشکەوتوون و بانگی ئازدیخوازیی ئێوە گوێی دنیای پڕ کردوە. ئێمە لە چوارچێوەی ئەو وتانەی ئێوەدا کارمان کردوە و کۆمارمان ڕاگەیاندوە.

ئایا ئێوە دەڵێن، ئێمە دەبووایە دژی خواستی خەڵکەکەمـان هەنگاو بنێین؟ ئەگەر دەڵـێن کـورد نەتەوەیەکـی لاوازە و دەبـێ خـۆی بە دەوڵەتێکـی بێگـانەوە

هەڵواسیێ، ئەی بۆچی ئێمە جارێکی تریش خۆمان بە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە نەبەستینەوە؟

ڕوسەکان بە بیستنی ئەو قسانە، داوایان لە لیژنەکە کرد بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە تەورێز بمێننەوە، تا لە باکۆوە فەرمانی پێویست دەگات. لە کاتی دیارییکراودا ئەم وەڵامە گەیشت: کوردەکان دەتوانن حکوومەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت[1]!

---

[1]– ویلیام ئیگڵتن، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٣٢– ١٣٨.

## بڕیاره پەسند کراوەکانی دووی ڕێبەندان

لـە دووی ڕێبەندانـدا جگـە لـە خوێندنـەوەی ئـەو وتـار و ئەو شـیعرانەی کە ئامـاژەم بۆیـان کـرد، قـازی مـحەمەد و بەرپرسـانی حیزبـی دیمـوکرات، سـەرۆک عەشـیرەتەکان، بەشـدارانی کۆبوونـەوەی دووی ڕێبەنـدان بڕیارنامەیـەکی شـەش خاڵەیان پەسند کرد. ڕۆژنامەی کوردستان لەژێر ناو و نیشانی **(قراریک کە لـە ٢ ی ری بەندانی سالی ١٣٢٤ لە لایەن بیست هەزار نفر نمایندانی تەواوی طبقات اهالی کوردستانی شمالی لە میتینگی شاری مەهاباددا قبول کراوە)** دەنوسێت:

**– (دە رابردوی نەتەوەی کوردیشدا وەک سایری نەتەوەکانی دیکەی دونیایـە پادشـایی و حاکمیت و اصـولی ادارە و مـدنیت و عـادات بـووە، بـەلا لەبـەر فیـل و تەلەکەی دەولەتانی مرتجع لەت لەت بووە و کراوەتە عبد و دیل. وەنـەبی هـەر لـە حاکمیت بەلکو لە تەواوی اخیتاراتی ملی بی بەش کرابون.**

**چەنـد عصـرە کـە کـورد گرانـایی و اذیتـی غیـرە قـابلی تصـوری ئەسـارەتیان لەسـەر خویـان دەرک کـردوە بەتایبـەتی لـەپاش  هاتنـە سـەر تـەختی رضاشـای خوینخوری مرتجع کوردەکان بە گرانایی اسارتی زیاتر دوچار بون و ئەو مستبدە لەلایەن هیتلری مخبطەوە کوردی لە هەمو حقوقی ملی خوی محروم کرد و هیندیک لە عشایری کوردی بە تـەواوی لـە ریشـە دەرهینـا و لـە نیشـتمانی خویـان وە دور خستن و فارسانی مرتجع بە  خانمان و دین و مندالانی کورد جنیوی غیرە قـابلی شرحیان دەدا، بو کوردان نەک هەر خویندن بەلکو قسە کردن و دوایش بە زمـانی دایکی خویان قەدەغە کرابو.**

**کوردەکانی تورکیەش خصوصاً پاش هاتنەسەر کاری مصطفی کمـال پاشـای هەروا بون ئەو درندەیە بو بیدەنگ کردنی هەرای آزادی خواهی شیخ سعید و یەک ملیون و نیوی لە کوردان کوشت!**

**کوردەکانی عیراقیش دەردی ئەسارەتیان کەم نەکیشاوە لەلایەن کەسانیک کە دەفکری سعادتی بشریدانین بو عبدایەتی دران بە عرەبان دەگەل ئەو هەمو ترور و تعقیـب و کوشـتنو کوشـتار و تلفاتـەش کـورد هـەرگیز دەمقابـل ظالمانـدا سـەری دانەنوانـدوە و دە ری اسـتقلال و آزادی دا مبـارزەی خـوی دەوام پیـدا و ارادەی پـولایی فـەنا ناپـذیرە هـەر بـووە و هـەر دەمینـی دەو سـالانەی دوایـەدا فرصـت و ماوەیەکی چاک هەبو کە بە آزادی یکی کە ئەمە آرەزومان پیی بگەین و لـەمیژ بـو وەدەستمان دەکـەوت بزوتبایـەوە وەک بزوتنـەوی قارمانـان و مـەردانی پیشـومان.**

بەدبختی ئەوەیە کە ایستا دەنیو کوردانداکەسانیک هەن کە وەنەبی هەر خزمەت بەو فارسانە کە چەن عمریکە ئەمەیان دەژیر ظلمی خویاندا راگرتووە بکەن بەلکو بە آشکرا میلەتی کوردی دەفروشن.

سەودای علی آغای امیر اسعد دەگەل ستادی ارتشی ایرانی کە هەمو کوردی فروشتون لە هەمومان معلومە. لە خلکی معلومە مەلا عبدالرحمن سرنجداغی و محمد فاروقی و حمزەلی قاوەچی و غیرە جاسوسن و مللەت فروشن. قرنی آغای مامش و محمد عباسی و علی خانی منگور و عبدالله آغای منگور و چەن کەسی دی بە آشکرا ابو اختلاف و پارچە پارچە کردنی کوردن سعی دەکەن.

عیبەی بزانن ئەی ملعونینە!!!!

وەخبر بین تا زور درنگ نەبوە.

تەماشای دوژمنانی کەچ فکر نەکەین دەزانین کورە پیشوی کورد هەرگیز ملتی خویان و هومید و آرەزوی وانیان لەبیر نەکردوە.

لاوچاکانی مە وەک رابردوان بی مضایقە قوەی صرف دەکەن کە کورد خوشبەخت و آزاد بی و ئەوان زانیان موفقیەت وەختیک ودەست دەکەوی کە خەلک زور توند پال ویکدا و یەک حزبیان ببی و دەگەل برایانی آذربایجان پیکەوە بزوتنەوە و پی گەیشتن ئەو حزبە کە حزبی دموکرات بوو بە کومەگ و یاری خەلکی کوردستان داندرا لە مدتیکی کەمدا بە موفقیتی زور گەورە گەیشتو، ضدییکی دەنیو عشایران دا بو هەلی گرت و یەکیتیکی قایمی دەنیو وان دا پەیدا کرد و هەیئەتی ملی هەلبژارد و چاپخانەی تائسیس کرد و ئەوە لە تاریخی کوردی ایراندا هەوەل جارە بە طوری عموم بلاوکردنەوەی روژنامە دەس پیکراوە و مدرسەی ملی تشکیل کردووە کە دەوەیدا مندالانی کورد بە زمانی دایکی خویان دەخوینن و مسلەی خویندنی اجباری و عمومی حل دەکات و شارەوانی و عدلیەی داناوە و هیزی مسلحی ملی و ..... ساز کردوە.

بژی حزبی دیموکراتی کوردستان

بژی مؤسس و رهبەی وی جنابی قاضی محمد

ئەمە دەزانین و باوەریمان هەیە کە اندامەکانی کمیتەی مەرکزی حزبی دیموکراتی کوردوستان ئەو کارە مقدسەی خویان دەبەنە سەری، ئەمە نمایندانی تەواوی طبقات و کوردانی شمالی کوردوستانی لە میتینگیکدا کە لە شاری "مەهاباد" دا سازمان کردوە و ژمارەمان بیست هەزار نەفەرە ئەورو آرەزوی عمومی خومان

اظهار دەكەین و لە كمیتەی مەركزی حزبی دیموكرات و ئەنجمەنی خومان خواهش دەكەین و اختیاری دەدەینی:

١- لەو جیگایانە دا كە ایستا كوردی تیدا دەژین بە استقلالی تەواو بگا.

٢- انتخاباتی مجلسی شورا دەست پی بكەن.

٣- حكومتی كوردوستان و وزیران و ادارەكانی ساز بكەن.

٤- هیزی مسلحی ملی كورد تشكیل بدەن.

٥- لەگەل دەولەتانی همسایە رابطەی تجارتی و اقتصادی بەرقەرار بكەن.

٦- لەگەل برا آذربایجانیەكان همكاری و دوستایەتی محكم بكەن.

پایدار بی كوردوستانی

بژی حزبی دموكراتی كوردوستان جەنابی قاضی محمد[1] (پاشبەندی ٢٠)

---

[1]- ڕۆژنامەی كوردستان، بڵاوكەرەوەی بیری حزبی دیموكراتی كوردستان، ژمارە ٨، لاپەڕەی ٣، دوو شەممە ٨ ڕێبەندان ١٣٢٤، ٢٨ ژانویەی ١٩٤٦.

## سوێند خواردنی قازی محەمەد و بەشدارانی میتینگی دووی ڕێبەندان

بەرلە پیکهاتنی ڕێوڕەسمی دووی ڕێبەندان، قازی محەمەد لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا بوو. لەبەر ئەوە لە ڕەوتی وتارەکاندا هەموو جارێ کە ناوی قازی محەمەدیان بە زمان دەهێنا، موزیک مارشی سەربازیی لێدەدا، خوێندکارانی خوێندنگەکانی مەهاباد سرودی نەتەوایەتیان دەخوێندەوە و بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەش بە دەنگی بەرز دەیانگوت (**بژی قازی محەمەد ڕەئیس جمهوری کوردستان**).

هەروەکوو لە دەقی وتارەکاندا بینیمان، وتارخوێنەکانیش قازی محەمەدیان بە سەرۆک کۆماری کوردستان و پێشەوای کورد دەناساند. لەبەرئەوە دوا پرۆگرامی ڕێوڕەسمی دووی ڕێبەندان، بە گوێرەی پرۆگرامێک کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات پێشتر ئامادەی کردبوو، نۆرەی سوێند خواردنی قازی محەمەد و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و بەرپرسانی کۆمار بوو. لەو بەشەدا دەبوایە قازی محەمەد لەبەر چاوی بەشداراندا سوێند ئەمەکناسیی بە کۆمارو ڕاگرتنی سەربەخۆیی کۆمار و بەرز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستان بخوات و بەشدارانی میتینگەکەش سوێندەکە دووپات بکەنەوە.

جۆری سوێند خواردنی قازی محەمەد لەگەڵ ئەو وتووێژەی کە پێشتر ناوبراو لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاران کردبوو، جیاوازیی هەبوو. پێدەچوو لە مەودای نێوان وتووێژەکەی و ڕاگەیاندنی کۆماردا، لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، ناکۆکی بۆچوونیان لەسەر شێوە و شێوازی کۆماری کوردستان لەنێوان خودموختاریی و سەربەخۆییدا چارەسەر کردبێت. لەبەر ئەوە قازی محەمەد بە ڕاشکاوی سوێند بە قورئانی پیرۆز و ئاڵای کوردستان و نەخشەی کوردستان دەخوا کە تا دوای هەناسەی ژیانی، بە گیان و ماڵ پارێزگاری لە سەربەخۆیی کوردستان و ئاڵای کوردستان بکات. ڕۆژنامەی کوردستان لەم بارەیەوە نوسی:

**- (وەکو لە دەرەوە باسمان کرد لە هەوەل و آخر و نیوان وتارەکاندا و لە هەر کاتیکدا نیوی "ریاستی جمهور قاضی محمد" بەسەر زماندا دەهات بی وچان موزیکی ملی لی دەدرا و چەپلەریزان دەکرا و بەینابەینیش قوتابیکانی مدارسی کور و کچ سرودی ملی یان دەخوێندەوە. لەم کاتەدا رئیسی جمهوری بەرز بە ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی امر فەرمو کە قورآنی مقدس و نقشە و آلای**


کوردستان حاضر بکریت بی ووچان هەیئەت کوبونەوە و دوو بە دوو لە پشت سەری یەک کەوتنەری و چون لە کانگای حزبی دیموکراتی کوردستان قورآنی مقدسیان دەگەل آلا و نقشەی کوردستان دەگەل احترامیکی فوق العادە لە سەر دەستی ملا حسین شکاک دانا و هەیئەت بە ترتیبی هەوەل لە پشت سەری وی گرانەوە تا گەیشتنەوە حضوری پیشوا و پیشوا بە دەستی خوی سەرپوشی لە سەر قورآنی مقدس و نقشە و آلای بەرزی کوردستان لابرد و مراسمی سویند خواردن بەڕێوە چوو:

*(ئەمن بە خودا، بە کلامی عظیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی ملی کورد، بە آلای مقدسی کوردستان سویند دەخوم کە تا آخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی آخر تنوکی خوینم بە گیانومال لەریی راگرتنی سەربەخویی و بەرز کردنەوەی آلای کوردستاندا تی کوشم و نسبت بە رئیس جمهوری کوردستان و یەکەتی کورد و آذربایجان مطیع و وفادار بم.)*

دوای سویند خواردنی قازی محەمەد، بە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ١٤یدا: (هەمو پیشمەرگەکان و نوینەرانی و حاضران بەو سویندە سویندیان خوارد و قەولی وفاداریان دا، پاش ٥ دەقیقە برای خوشەویست غنی خسروی تەواو بونی متینگی اعلام کرد. لە پێشدا پیش مەرگەکان مرخص بون و جنابی ریاستی جمهور تەشریفی چو بو کانگای حزبی دیموکرات و لە سالونی انجمنی فەرهەنگیدا قەراری گرت و دەستە دەستە نوینەرانی طوایف و قبایل و لکەکانی حزبی دیموکرات و خەلکی شار و دیهات دەچونە حضوری پیشوا و آینی بەیعتیان بەجی دەهینا. قەولی فیداکاری و وفاداریان دەدا. پاش خواردنەوەی شەربەت و چای لە خذمەت مرخص دەبون. دەنگی بژی کورد و کوردستانی گەورە، بژی رئیسی جمهوری معظمی کوردستان، بژی یەکەتی کورد و آذربایجان، انسان و حیوان و دار و دیواری وەسەما خستبو. دلان وەها پر لە شادی بو کە هیندی مەستی مەی آزادی و بریک لەبەر شدتی سرور دەگریان و هیندیک لە مرحلەی گریان دەرچوبون و بیدەنگ دانیشتبو و روحی لە عالەمی مەلەکوت دا دەفری و خوی دە عالەمی سەرەوەدا دەدیت و بی وچانیش لە شەقام و کوچەدا دەنگی مسلسل و تفەنگ و دەمانچە هەرد و چیای دەلەرازاند. ئەمانە هەموی بە شانازی سەربەخویی و ناساندنی رئیس جمهوری کوردستان دەکرا و متینگ تا ساتی ١٢ ی پاش نیوەرو دەوامی بو لەم وەختەدا ریاستی جمهور بو مەنزل گەراوە و حاضرانیش لە کاتیکدا کە هەمو غەرقی سرور و مەستی سەربەستی بون بو

**مەنزلی خۆیان چونەوە.**[1] (پاشبەندی ٢١)

دوای تەواو بوونی ڕێوڕەسمی سوێند خواردنی قازی محەمەد و بەشدارانی ڕێوڕەسمی دووی ڕێبەندان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان بە توندی خەریکی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دووی ڕێبەندان و پرۆژە و بەرنامەکانیان بوون، بەڵام بەهۆی کورت بوونی تەمەنی کۆمار، مەودایان نەبوو کە دوو خاڵ لەو شەش خاڵانەی بڕیاریان لەسەردابوو، جێبەجێ بکەن. ئەو دوو خاڵانە بریتی بوون لە: **(لەو جێیانەی کە ئێستا کوردیان تێدا دەژی بە سەربەخۆیی تەواو بگەن)** و **(دەست بە هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا بکرێت.)**




شوێنی نیشەجێ بوونی عەشیرەتە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
لە کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦، ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە

---

1- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٤، لاپەڕەی ١ چوارشەممە ٢٤ ڕێبەندان ١٣٢٤، ١٣ فیوریەی ١٩٤٦.

## لـه درێژەی پڕۆگرامـەکانـی دووی ڕێبـەندان دا

له درێژەی جەژنـەکانی سـەربەخۆیی کوردسـتان دا، ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، واتا له ١٣٢٤/١١/٣- ١٩٤٦/١/٢٣ کات گەیشتە سوێند خواردنی پێشـمەرگەکان بـۆ کۆمـاری کوردسـتان، سـەربەخۆیی کوردسـتان و پێشـەوا قـازی محەمـەد سـەرۆک کۆمـاری کوردسـتان. لـەو بارەیـەوە ڕۆژنامـەی کوردسـتان بـە ناوونیشانی (**پیشمەرگە خوشەویستەکان لە بەیانی ڕۆژی ٣-١١-٢٤**) دا ئاماژەی بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی ئەو ڕۆژە کرد و نوسی:

**پیشمەرگە خوشەویستەکان لە بەیانی ڕۆژی ٣-١١-٢٤**

**بـەیانی روژی ٣-١١-٢٤ هـەمو سـەریان لـە خـەوی مەسـتی هـەلینا و گشـت خوماری شەرابی سەربەخویی بون کە روژی پیشو دەرخواردیان درابو و ئەویش پیویستی شکاندنەوە بو، لە کاتیکا سـاتی ٨ بـەیانی دەنگی "شـیپوری حاضـربە" لـە کانگای پیشمەرگەکان بلیند بـو لـە مـاوەی چـەن دەقیقـەدا تـەواوی پیشـمەرگەکانی کورد لیزگە، قول، دەستە، چل، لک، پول خلاصە تەوای هیزی کوردستان لە کاتیکدا بـە تـەجهیزاتی جـەنگ رازابونـەوە سـوارە و پیـادە بـە جـوی و بەشـی مسلسـل و توپخانە بە تەنی بە نیهایتی شادمانی و روخوشی کە لە خوشیان رومـەتیان وەک گولی گەش وابو وە لەبەر کەیف و سرور دەپیستی خویان دا نەدەحەجمین لە کانگا کوبونــەوە، هــەمو فەرمانــدەکان لــە قولیەکــەوە بگــرە تــا ســەرقول یــەک و لــە سەردەستەوە تا سەرکردە و لە ناوداریەکەوە تا سەرلک و لە سەر پولەوە تا سەر هیـز هەریـەک لـە جـی خـوی دا دامـەزرا. فـەرمانی فەرمانـدەهان دلـی دوژمنـانی رادەوەشان و زراوی خائینانی دەتواندوە بی وچان فەرمانی حرکـەت درا و هـەمو پیشمەرگەکان قول قول و دەسـتە دەسـتە سـی کـەس سـی کـەس حرکتیـان کـرد و هاتن تا واردی شەقامی وفایی بون و فـەرمانی راوەسـتان درا و لـەم سـەر و ئـەو سەری شەقامەدا هەمو هەریەک لە جی خوی راوەستان و لە سان دران.**

**ئەمە لەبەرچی و بوچی یە**

**هەسـتی نیشـتمان پەرسـتی، روحـی پیشـمەرگەیی و لـەخوبوردن، هەسـتی تولەکرانەوە، آرەزوی ملحق بـون بـە شـهدای آزادی. چیشـتنی لـذتی سـەربەخویی، بەرزکردنەوەی آلای مقدس، دەنگی دیلی و ذلیلی نیشتمان، ئەم لاوە نازدارانەی وە جنبش و جوش و خروش هینابون و ایستا چاوەنوری رئیسی جمهور و فەرماندەی**

خویان دەکەن کە بیعتی دەگەل بکەن بلینی بدەنی کە ئەم لەخوبوردوانە آمادەن تا آخر تنوکی خوینیان دەس لە فداکاری هەل نەگرن، لەم کاتەدا رئیسی جمهوری بەرزی کوردستان دیاری کرد و لە سەری شەقامی وفایی دا دابەزی و روژ باشی لە هەموان فەرمو و لەلایەن پیشمەرگەکان بە "زیاتر- فیدا- کارم" جوابی عرض کراوە. ئەمجا ریاست جمهور یەکە یەکە نیو چاوانی ماچ دەکرن و ئەوانیش بیعتیان دەکرد و قەولی فیداکاریان تازە دەکردەوە لە نیو جەرگەی سوپادا نوبە گەیشتە سید باوەجان کە سیدیکی پەنجا سالەیە و ردین دارە بی وەچان دەستی فەرماندەی خوشەویستی ماچ کرد و ووتی:

حاضرم ئەم ردینەم لەریی دفاع لە نیشتمان لە خوین دا شەتل کەم

و فەرماندەی خوشەویست فوراً ردینی ماچکرد و آفرینی لی کرد. لەم کاتەدا آغای صدیق حیدریان لەسە دەستان هەلگرتبو ئەویش بە دەنگیکی بلیند دەیگوت: بژی کورد و کوردستانی گەورە. بژی رئیس جمهوری بەرزی کوردستان و دەلی خەلکی وەجوش هینابو.

پاش تەواوبوونی مراسمی بیعت ماوەی ٢٠ دەقیقە شلینگی تفەنگو مسلسل کرا و لە گوشە و کەناری شاریشرا بە شانازی پیشمەرگان هەر تەقە دەهات.

ئەی پیشەوای خوشەویست شاد و ئەو لاوانە کە تا چوار سال لەمەوبەر دەستی راست و چەپی خویان نەدەناسی و هەستی نیشتمان پەرستی و هومیدی رزگاری لە دلی واندا باری کردبو ئەوروکە تەمی نەگبەتیان لەسەر رەویوە هەر یەک قارەمانیکی کوردستانە و وینەی پیشمەرگەی فداکار و وفاداری دونیایە. ئەی وطنی عزیز و ئەی نیشتمانی خوشەویست بەخوت بنازە ئەتو کە چەن چەرخیک بو لەژیر چەپوکی ستمکاران دا دامابوی و مژی بەدبەختیت لەسەر نەدەرویی و کور و کچانت بە دەس رفینەرەکانی حقوقی بشریتەوە دیل و ذلیل بون. ئەوا دەستی غەیبی یارمەتی کردی و تەمت لەسەر رەوی باسکی بەسراوی کورانی دلیر و قارەمانت کراوە و زنجیری دیلیان لە دەستو ئەستو دارنیوەو دانانیشن تا بە یەجگاری تو و رولەکانت رزگا نەکەن.

ئەی دلیران و قارەمانان ئەی پیش مەرگان و پالەوانانی کوردستان ایوە کوری ئەو کەسانەن کە میژوی دنیا بە نیویان شانازی دەکا. ئەنگو کوری شیرمەردانیکن کە چەن چەرخ بەسەر ایران و بین النهرین و آسیای صغیر دا فەرمانروا بون. ایوە رولەی کیقباد و کیخسروی کوردن، اولادی صلاح الدین و نورالدینن... نەوەی ئەو پیاوانەن کە مەردانە بو راگرتنی سەربەخویی کوردستان

تیکوشیون. چەن وەرزیک بو وەپاش کەوتبون. استعمار خوینی دەمژین. دارائی و بون و نەبونی انگویان دەرفاند. ئەوا خودا کومەگی کردن هەمو بەرهەلستیکو لەپیش هەلگیرا. ئەمجا نوبەی پیاوەتی و مەردانەگی ایوەیە. دایکی نیشتمان دەسی لەرزوکی خوی بولای ایوە دریژ کردوە و دەیەوی باقیات السیئاتی دیکتاتورانی لی پاک کەنەوە.

ئەی پیش مەرگانی خوشەویست ایوە گیان و هیزی نیشتمانن... راگری ناموس و شەرەفی ایمەن و وطنن.

ایمە دەزانین کر ئەنگو بە شەو بە روژ لەبەر ویشکە سەرمای زستان بی ئەوەی ماندوبن کیشکی دەکیشن و ناموسی ایمە و نیشتمان رادەگرن، ایوە براو کور و خوشەویستی ایمەن حاضرین سەر و مالمان لە پیناوتاندا دانین گەلیک لە برایانتان لە زندانی ظالماندا دەنالینن و چاوی هومیدیان بریوەتە دەستی ئەنگو. و ایستاش چەن میلوین لە هاوخوین و برا و خوشکانتان وەک چوار سال لەمەوبەری خوتان دیل و اسیرن و خوینریژ و خوینخورەکان کومەل کومەل دەیان کوژن. بە دیلیان دەبەن و لە هەمو بەشی کومەلایەتیان بی بەش کردون ئەوانیش دەستی هومیدیان هەر بولای ایوە دریژ کردوە و ئەیانەوی بە زویەکی زو لە چنگ استبدادیان بیننە دەری.

هەر چەند وەبیرم دیتەوە وتەی کوردیکی خوین پاک کە نوسیویەتی "... پیروزتان بیت سەرفرازی و رزگاری، با ئیمەش هەرلەژیر باری دیلی و نەزانی و هەژاریدا بنالینین" گرم لە جەرگ و هەناوی بەردەبی، خوتان بە کەم مەزانن و ناهومیدی بوخوتان ری مەدەن کە خودا یار و دەستی غیبی کومەگتانە "کمن فئە قلیلە غلب فئە کثیرە باذن اللە و اللە مع الصابرین. ربنا فرغ علینا صبرا و ثبت اقدامنا وانصرنا. الا ان نصراللە قریب[1]".")

لە دریژەی پرۆگرامەکانی ڕێوڕەسمی جەژنی سەربەخۆیی کوردستان و ناساندنی پێشەوا قازی محەمەد وەک سەرۆک کۆماری کوردستان، ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٤- ١٩٤٦/١/٢٤ ئاهەنگێکی شایستە لە پێشمەرگەخانەی کۆمار کرا. لەو ئاهەنگەدا کە پێشەوا قازی محەمەد، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی، ئەفسەران و پێشمەرگەکان و ژمارەیەک میوان تێیدا بەشداربوون، محەمەد نانەوازادە فەرمانده‌ی هێزی مەرکەزیی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ خوێندنەوەی وتارێک، بەخێرهاتنی

1- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٤، لاپەڕەی٥ چوارشەممە ٢٤ ڕێبەندان ١٣٢٤، ١٣ فیوریەی ١٩٤٦.

میوانـانی کـرد و دوای ئـەوە هـەر یـەک لـە قاسـم ئێلخـانی زادە و عەبدوڵڵا ئێلخـانی زادە وتاریان خوێندەوە و دواتر هێمن شاعیری میللیی کورد پارچە شـیعری (ڕۆژی جەژن و شادی) خوێندەوە:

روژی جیژن و شادی‌یە تیپەربوو روژی دەرد و خەم
هات شنە باییکی رەحمەت رای رفاند و بردی تەم
دی لە هەر لاییکی قای قای پیکەنینی لاوەکان
دی لە هەر لاییکی صدای ساز و تار و زیل و بەم
گەرچی زستانە بە بەفر ئاخندراوە پاک ولات
ئەورو خەم خەملیوە ولاتی ئیمە وەک باخی ئیرەم
جیژنی استیقلالی کوردستانە، روژی شادییە
جیژنە پیرۆزە لە هاوخوینی خوین گەرمم دەکەم
نەوجەوانانی وەطەن روحم فیداو بی هەول دەن
بۆ تەرەقی کورد و بو پاراستنی خاک و عەلەم
بو نەجاتی نیشتمانی خوشەویستو کار بکەن
زو دەری بینن لە چەنگی عارەب و ترک و عەجەم
هەر کەسی بو لای سنور و نیشتمانی ئیوە بی
هەلدرن وەگی ئەو و بینیرنە ملکی عەدەم
لاوەکان پیشمەرگەکان ئازایەکان بیباکەکان
دەس دەنە شیر ئیوە، ئیمەش تیژی دەکەین نوکی قەلەم
خوا مەدەد کار بی لە دەس بیگانەکان دینینە دەر
خاکی پاکی کوردەواری نایەلین بو کورد ئەلەم
جیژنە پیروزە دەکەم لیت و دەلیم یاخوا بژی
ئەی رەئیس جەمهوری کورد و پیشەوای موحتەرەم
گەورەکەم: کورد ئیستاکە موحتاجی کارە و نابی تو
تەک بدەی ساتیک و دانیشی دەمیکی کەترەخەم
توم بە خودا ئەسپارد و ئەسپاردم بە تو ئەی پێشەوا
میللەتە ئازایەکەم، و ئازیزەکەم، خوین پاکەکەم.

دوای خوێندنـەوەی شـیعر لـە لایـەن هێمنـەوە، هەریەکـە لـە عەبـدولڕەحمان ئیلخـانی زادە، ئیسـماعیل ئیلخـانی زادە، ئیبـراهیم ئیلخـانی زادە و محەمـەد موبـەلغی وتارێکیـان خوێنـدەوە و پیرۆزباییـان لـە پێشـەوا قـازی محەمـەد و سـەرکردە و

پێشـمەرگەکان کـرد. دوا پرۆگرامـی ئـەو ڕۆژە بەخشـینی بـڕە پارەیـەک بـوو کـە میوانەکان بە خوێندنگەی گەلاوێژ و بنکەی پێشمەرگەکانیان بەخشی[1].

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٥- ١٩٤٦/١/٢٥، ئاهەنگێکیتر لـە چاپخانـە و بەڕێوەبەرایـەتی ڕۆژنامـە و گۆڤـاری کوردسـتاندا کـرا. پێشـەوا قـازی محەمـەد، ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەندیی، کادیرانی حیزبی دیموکرات، پیاوماقوڵان، زانایانی ئـاییني شـاری مەهابـاد و نوێنەرانی هۆز و خێڵەکان بەشداری ئەو ئاهەنگە بوون.

عـەلی خەسـرەوی بەڕێوەبـەری نـاوخۆیی چاپخانـە بـە وتارێـک ئاهەنگەکـەی کـردەوە و دواتـر هـەر یـەک لـە قـادر مودەرسـی بەڕێوەبـەری چاپخانـە، سـەید محەمەدی حەمیدی بەڕێوەبەر و سەرنووسـەری ڕۆژنامـە و گۆڤـاری کوردسـتان و هاشـم خـەلیل زادە ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامـە و گۆڤـاری کوردسـتان وتاریان خوێندەوە. دوای ئەو وتارانە، هێمن شیعری "ڕۆیی خەم" و هـەژار شـاعیری میللیی شیعری "قەڵەم" یان پێشکەشکرد.

دوا پرۆگرامـــی ئـــەو ڕۆژە خوێندنـــەوەی وتارێـــک بـــوو لـــە لایـــەن محەمـــەد شاپەسندەوە و دواتر ئاهەنگەکە لە کاتژمێر ١٨:٠٠ دا کۆتاییهات[2].

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٦- ١٩٤٦/١/٢٦ دوو ئاهـــەنگی تـــر بـــە بۆنـــەی جـــەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوا قازی محەمەد لە مەهاباد کرا. ئاهـەنگی یەکەم لـە لایـەن کۆمـەڵی "یەهود"ییەکانی مەهاباد و ئاهـەنگی دووەم لـە لایـەن "**شـرکتی ترقـی کوردستان**"، لە لایەن کوتاڵ فرۆشانی شاری مەهابادەوە بەڕێوەچوو.

لە جەژنی یەهودییەکانی مەهاباددا کە بە بەشداریی پێشـەوا قـازی محەمـەد و ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبـی دیمـوکرات و ژمارەیـەک میـوان بەڕێوەچـوو، محەمەد قادری بە نوێنەرایەتی کۆمەڵی یەهودییانی مەهاباد وتـارێکی خوێندەوە. بـە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان، ئاهەنگەکە بۆ ماوەی ٤٨ کاژێر بەردەوامبوو[3].

لـە ئاهـەنگی شـەریکەی تـەرەقی کوردسـتاندا کـە کـاتژمێر ٣ ی پاشـنیوەڕۆی هـەمان ڕۆژ ١٣٢٤/١١/٦ کـرا، عـەلی خەسـرەوی ئاهەنگەکـەی کـردەوە و سـەرەڕای پیرۆزبـاییکردن لـە پێشـەوا قـازی محەمـەد، گـوتی: (**لـە سـایەی اقداماتی ئـەو ذاتـە**

[1]- دەقی پرۆگرامی ئەو ڕۆژە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥، ١٦ و ١٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

[2]- دەقـی وتـار و شـیعرەکان لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان، ژمارەکـانی ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠ و ٢١ دا بڵاوکراونەتەوە.

[3]- دەقـی وتـار و شـێوەی بـەڕێوەچوونی ئـەو جەژنـە لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان، ژمـارەی ٢٢ دا بڵاوکراونەتەوە.

**معظمەی کە خاکی کوردستان لەژێر ظلم و زوری دوژمنانی کوردستان و استعمار و ارتجاع خلاصی هات و بەو روژە گەیشتوە کە ایستا ایمەی تیداین.)**

دواتـر هـەر یـەک لـە شـاعیرانی کۆمـار، هـەژار و هـێمن پارچـە شـیعرێکیان پێشکەش کرد و حوسێن داودی سەبارەت بە پێکهاتنی شـەریکەی تـەرقی و شـێوەی وەرگرتن و بڵاوکردنـەوەی کـاڵا وتـارێکی خوێنـدەوە، قـادر مـەحمودزادە لـە پارچـە شیعرێکدا پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەی کرد. دواتر پێشـەوا قـازی وتـارێکی پێشکەشکرد و گوتی:

**– (یگانە حملەی دوژمنان حملەی اقتصادیە و هەمیشە خەریک دەبن کە لەو ریگایەوە انقلاب دەخەنە نیو میللەتی مثلا مسئلەی توتن کە دەولەتی ایران خەریک بو وەسائلی نفاق و دوو بەرەکی لەنیو کورداندا پیک بینی، لازمە کە امە ریگایەکی اقتصادی بو خومان بکەینەوە، شرکتی ترقی دەبی توسعەی پی بدری و رەوابطی تجارەتی لە هـەموو کوردسـتان بەرقـەرار بکری حکومـەتی کوردسـتان احتیاجـاتی زورە و دەبی وضعی خوی وەکو دنیای ئەورو تغییر بدا مثلا فەرهـەنگ، فلاحت، کارخانەجات کە دەبی دە توسعە و ترقی و ایجاد ئەوانەدا سعی و جدیت بکری.)**

دواتـر هەنـدێک یارمـەتی بـۆ خوێندنگـەی گـەلاوێژ کۆکرایـەوە و هـەر یـەک لـە حـاجی بابـا شـێخ، ئەحمـەد ئێلخـانی زادە لـە لایـەن هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان وتاریان پێشکەشکرد. پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایریی پیرۆزبایی ئـەو ڕۆژەی کرد و گوتی: **(کمک بە مدرسەی گەلاوێژ شرط نیە امـە سـی برامـان گیـراوە دەبـی هـەول بدین ئەو برایانە خلاصیان بی و خانوادەی وان تامین بکەین....)** "مەبەستی پیرۆت آغا، لە عەبدولڕەحمان زەبیحی، قاسم قادری قازی و دڵشاد ڕەسوڵییە کە لە لایـەن هەنگی ژاندارمەریی ورمێوە دەستگیرکراون– نووسەر".

لـە کۆتـایی پرۆگرامـی ئـەو ڕۆژەدا، حـاجی مسـتەفا داودی لـە لایـەن ئەنـدامانی حیزب و بەتایبەت لە لایەن هەموو کوردەکانـەوە، سوپاسـی بەشـدارانی ئاهەنگەکـەی کـرد و مـەلا حوسـێن مجـدی لەگـەڵ ڕاگەیانـدنی پیرۆزبـایی، چەنـد ئایـەتێکی بـە تەفسـیرێکی زۆر لـە قورئـان خوێنـدەوە و ئاهەنگەکـە کـاتژمێر ۱۷:۰۰ کۆتاییهـات[1]. دوای ئەو ڕۆژە، جەژنی سەربەخۆیی کوردستان لە چەند گوند و ئاواییەکدا کرا.

[1]– دەقی وتارەکان و شێوەی بـەڕێوەچوونی ئـەو جەژنـە لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان، ژمـارەی ۲۳ دا بڵاوکراونەتەوە.

## دامەزراوەکانی کۆماری کوردستان

بە پێچەوانەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە پێش پێکهێنانی حکومەت، سەرەتا دەزگای یاسادانەری دامەزراند و ئەو دەزگایە بڕیاری پێکهێنانی حکومەتی دا و کابینەی حکومەتی پەسندکرد، حیزبی دیموکرات بەبێ دانانی ئەو دەزگایە، لە دووی ڕێبەندانداندا کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و بڕیار بوو لە پرۆسەی ئەرکەکانی کۆماردا، دەزگای یاسادانان و دامەزراوەکانی دابنێت. بەو بۆچوونە، دوای ڕاگەیاندنی کۆمار و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی سوێندخواردن لە لایەن قازی محەمەد و ئۆرگانەکانی سەر بە کۆمارەوە، قازی محەمەد ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٨-١٩٤٦/٢/٢، کابینەی حکومەتی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاگەیاند:

| | |
|---|---|
| ڕەئیسی هەیئەت | حاجی باباشیخ سیادەت |
| وەزیری جەنگ | محمد حوسین خانی سیفی قازی |
| وەزیری کیشوەر | محمد امین معینی |
| وەزیری ئیقتیصاد | احمد الهی |
| وەزیری پوست و تەلگراف | کریم احمدین |
| وەزیری فەرهەنگ | مناف کەریمی |
| وەزیری تەبلیغات | صدیق حیدری |
| وەزیری بازرگانی | حاجی مستەفا داودی |
| وەزیری کار | خەلیل خەسرەوی |
| وەزیری کیشاوەزی | محمود وەلی زادە |
| وەزیری ریگاوبان | ئیسماعیل ئیلخانی زادە |
| وەزیری بیهداری | سەیید محمد ئەیوبیان |
| وەزیری مشاور | عەبدولرەحمان ئیلخانی زادە |
| ڕەئیسی عەدلیە | ملا حسین مجدی[1] |

هەرچەندە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شێوەی ڕەسمیی ئەو پۆستانەی حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند، بەڵام لە نوسراو و وتارەکاندا هەندێک جار وەزیرەکانی بە ناوی سەرۆکی ئیدارە ناودەبرد.

---

[1]- کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، لاپەڕەی ١٣٩، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.

لـە لایـەکی تـرەوە، دوای ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردسـتان و دیـارییکردنی کابینـەی حکومـەت، حکومـەتی ئازەربایجـان بـە شـێوەیەکی دروسـت و دۆسـتانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆماری کوردستاندا نەدەکرد و پێوەندیی ئەو دوو حکوومەت و کۆمارە لە دۆخێکی جێگیردا نەبوو.

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٩- ١٩٤٦/١/٢٩ واتـە ڕۆژێـک دوای ڕاگەیانـدی کابینـەی حکومەتی کوردستان، میرزا ئیبراهیمۆڤ و حەسەنۆڤ لە تەورێزەوە نامەیەکیان بۆ باقرۆڤ نوسی و ڕایانگەیاند: (**پێوەندیی نێوان ئازەربایجانییەکان و کوردەکان بەتایبەتیی لە شـارەکانی ورمـێ و سندوسـدا زۆر ئـاڵۆزە. هەنـدێک سـەرۆک عەشیرەتی کورد دەیانەوێت لە شاری سندوس کە ٧٠% دانیشتووانی ئازەربایجانیی "قـەرەباخ"ن و لـە ورمـێ کـە ژمارەیـەکی کـەمی کـورد لێیـە، دەسـەڵاتی خۆیـان دەسەپێنن. لەم دواییانەدا زانیومانە کە نوری بەگ و زێڕۆ بەگ سەرکردەکانی کورد، خەڵکی ورمێ ناچاردەکەن کە بچنە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە. هەرچەندە ڕێبەرانی ئێستای کورد باسی "ئازادیی کورد" و "کوردستانی گەورە" دەکـەن، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ئـەوان بـە تـەواویی لایـەنگری ڕاگرتنـی سیسـتمی دەرەبەگایەتین.**)

هەیئەتی سێ کەسیی ڕێبەریی لە تەورێز بۆ چاودێریی کردن لە کارەکانی کوردستان، چەند پێشنیازێکی کرد. میر جەعفەر باقرۆڤ فەرمانی پێدان کە دژی ئەو سەرۆک خێڵانەی ئازەربایجان و ئەو کوردانەی کە پەرە بە ناکۆکیی نەتەوەیی دەدەن و ماڵ و سامانی خـەڵک تاڵان دەکەن، بە توندیی هەڵسوکەوت بکەن. بە فـەرمانی باقرۆڤ، نەسـیر داداشـۆڤ فەمانبـەری پێشـووی وەزارەتـی نـاوخۆی ئازەربایجانی سۆڤیەت، بە ناوی فەرمانبەری بازرگانیی و مەلیک ئەسلانۆڤ وەک بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سۆڤیەت، بۆ چاودێرییکردن بەسەر کارەکاندا لە مەهاباد جێگیرکران[1].

هەروەها ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەرمەنەکانی دانیشتووی دەوروبـەری ورمێـی دڵخـۆش کـرد، ئاواتیـان بـۆ بەدەستخسـتنی خودموختـاریی، بەشێک بوو لە پرۆگرامی ئەرمەنستانی گەورەیان. بەو بۆنەیەوە "ئا. س. عەلیزادە" جێگـری کۆمیسـێری کاروبـاری دەرەوەی ئازەربایجـانی سـۆڤیەت، ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٨- ١٩٤٦/١/٢٨ ئـەم ڕاپۆرتـەی نـارد بـۆ بـاقرۆڤ: کاتێک بـۆ ڕاپەڕانـدنی

1- ئازەربایجـان کێشـەی نێـوان تـاران، بـاکۆ و مۆسـکۆ لـە ١٩٣٩- ١٩٤٥: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,126.v,60-62

کارێک چووبووم بۆ مۆسکۆ، ڕۆژێک کاتی نانخواردن لە ڕەستوران توشی هاوڕێ "کاراپتیان" کۆمیسێری کاروباری دەرەوەی ئەرمەنستان بووم. لەسەر مێزی نان خواردن، باسەکەمان هاتە سەر ئەرمەنەکانی دەرەوەی ئەرمەنستانی سۆڤیەت. کاراپتیان گوتی تەنیا ئەرمەنەکانی باشوری ئێران کۆچدەکەن و لە کاتی کۆچەکەیاندا، بەشێکیان لە باکوری ئێران دەمێننەوە. بیرمان لەوە کردووەتەوە کە لەو ناوچانەدا خودموختاریی بۆ ئەرمەنەکان دەستەبەر بکەین. گوتی ١٢٠ هەزار ئەرمەن لە باکوری ئێران دەژین. بە وتەی ئەو، لە دەوروبەری ورمێ گوندی ئەرمەننشین دەبیندرێت کە لە کۆنەوە ناوی ئەرمەنییان هەیە. کاتێک "س. ی. سیچۆڤ" بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆمیساریای کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت هات و لە ڕووبەڕووی ئێمە دانیشت، کاراپتیان ڕووی تێکردو گوتی: (**کۆچ پێکردنی ئەرمەنەکان لە ئێران، تەنیا ئەرمەنەکانی باشور ناگرێتەوە و ئێمە ڕێ نادەین کە ئەرمەنەکانی باکوری ئێرانیش کۆچیان پێبکرێت**[1].)

لەو ڕوانگەیەوە باکۆ و ڕێبەرانی تەورێز بە جیددیی چاودێریی ئەو دیاردەیەیان دەکرد، ئەرمەنەکان لە بەڕێوەبردنی پلانەکەیاندا سەرنەکەوتن.

---

[1]– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,113,v,52.

## کۆمیتەی ژنانی کوردستان

بەرلە دامەزراندنی حیزبی دیمـوکراتی کوردسـتان، رێکخراوێکـی لاوان لـە مەهاباد هەبوو بە ناوی "سازمانی جەوانانی کورد" کە غەنی بلوریان و چەند کەسێکی تر بە لاساییکردنەوە لە "کۆنسومۆل- رێکخراوی لاوانی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت" دایانمەزراندبوو. دوای چوونی قازی محەمەد بۆ ناو کۆمەڵەی ژێکاف، سازمانی جەوانانیش چووە ژێر فەرمانی کۆمەڵەوە.

بە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، ناوی سازمانی جەوانانی کورد کرا بە "یەکیەتی لاوانی دیموکرات". رێکخراوی لاوانی دیموکرات یەکێک لە رێکخراوە چالاکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بوو. دوای غەنی بلوریان، عەلی خەسرەوی بوو بە سەرۆکی یەکیەتی لاوان و لە رۆژی چوارشەمە ١٣٢٤/١٠/٥ کە ئاڵای کوردستان لە بۆکان هەڵکرا، رەحمان مودەرسی بە نوێنەرایەتی دەستەی لاوانی مەهاباد وتاری خوێندەوە.

دوای راگەیاندنی کۆماری کوردستان، حیزبی دیموکرات هەوڵیدا یەکیەتی لاوانی دیموکرات بکات بە رێکخراوێکی سەرتاسەریی لاوانی کوردستان. بەو مەبەستە لە کۆماری کوردستاندا، گۆڤارێکی ئەدەبیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ لاوان بڵاوکردەوە کە ناوی "هاواری نیشتمان" بوو. یەکەم ژمارەی هاواری نیشتمان "بڵاوکراوەی بیری یەکیەتی جەوانانی دیموکرات" لە یەکی خاکەلێوەی ١٣٢٥-١٩٤٦/٣/٢١، یەکەم رۆژی نەورۆز بڵاوکرایەوە. هاواری نیشتمان لەژێر چاودێریی و بەرپرسیاریی سەدیق ئەنجیریی ئازەردا بڵاودەکرایەوە. هێمن شاعیری میلیی کورد لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٧، ٢٣ ی پوشپەڕی ١٣٢٥ دا وتارێکی بە ناوونیشانی "نەتەوەی کورد چی لە یەکەتی لاوان دەوێ؟"، نوسی: (**دوینی ایواری رادیوی کوردستان موژدیکی خوش بلاو کردەوە و کوتی بەو زوانە یەکەتی لاوانی دیموکرات لە سەرتاسەری کوردستانی آزادا تشکیل دەدری بە بیستنی ئەو خەبەرە گەورە خوشە زۆر دلخوش بووم و گەز گەز بالام کرد...** [1]).

بە مەبەستی کوردستانیی کردنی یەکیەتی لاوان، یەکیەتی لاوانی کوردستان دوو ئەندامی بە ناوی رەحمان وەیسی و بابا حوسێنی رەوانەی ناوچەکانی

---

1- رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٧، یەک شەممو ٢٣ پوشپەر ١٣٢٥. شایانی باسە کە رۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٥ وە لەژێر ناوی (اورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە.

میاندواو و بۆکان کرد کە لەو ناوچانە لقی لاوانی یەکیەتی دیموکرات دابمەزرێنن. ڕۆژنامەی کوردستان لەو بارەیەوە بە ناوی **"گەرانەوەی نوینەرکانی یەکەتی جەوانان"**، بڵاویکردەوە:

**- (شەوی ١٢-٥-١٣٢٥ دوو کەس نوینەری یەکەتی جەوانان آغایانی رحمن ویسی و باباحسینی کە بو دامەزراندنی لکی یەکەتی جەوانانی لە میاندواو. بوکان. سەرا. یەکشەوە مامور کرابون بە موفقیت گەرانەوە و خەلکی میاندوا و بوکان زور زور بە دلخوشی پیشوازیان لی کردبوون و لە هەرتک لەو دوو شارە میتینگیکی گەورە دراوە و زور چاکیان استقبال لە یەکەتی جەوانانی کوردستان کراوە نوینەرەکان لەو سفرەدا لە یارمەتی و زەحمەت کیشانی آغای مایور علی بەگی شیرزاد سوپاس دەکەن ناوبراو لە هیچ چەشنە یارمەتیەک بو دامەزراندنی ئەم یەکتە کوتایی نەکردوە[1].)**

هەروەها بە فەرمانی پێشەوا قازی محەمەد، حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ڕێکخراوێکی بە سەرۆکایەتی "مینا خانمی قازی" هاوسەری پێشەوا قازی محەمەد بۆ ئافرەتانی کوردستان دامەزراند. ژمارەیەک ئافرەت لە شاری مەهاباد بوون بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە. ڕۆژنامەی کوردستان لەو بارەیەوە نوسی:

**سازکردنی حزبی دیموکراتی ژنان "لە لاین ژنانی کوردستان"**

روژی جمعە ٢٤-١٢-١٣٢٤ لە لاین یای پیشوای کوردستان لە ژماریکی زور لە یایەکانی تی گەیشتوی کوردستان گیردرایەوە و لە ساتی ٣ پاش نیوەرو لە انجمنی فەرهەنگی کوبوونەوە و بە سەروکایەتی یای پیشوای کوردستان "یای مینا قازی" حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا و ژماریکی زور لە یایان نیونوسیان کرد و مانگانە ئەندامەتیان لە تمەنیک تا دە تمەن لە ئەستو گرت[2].

**بەرلەو کۆبوونەوەیە، خانمانی بەشدار لە کۆمیتەی ئافرەتانی کوردستان، ڕۆژی هەینی ١٣٢٤/١٢/١٧- ١٩٤٦/٢/٦ یەکەم کۆنفرانسی خۆیان لە خانەی فەرهەنگی کوردستان لە مەهاباد پێکهێنا. لەو کۆنفرانسەدا هەرکام لە مینا خانمی هاوسەری پێشەوا کە ئەرگی سەرۆکایەتی کۆمیتەی ژنانی لە ئەستۆ بوو، لەگەڵ خانم گەوهەر تاجی سەدری قازی، ویلما سەیادیان، فەریدەی زندی، ساحبەی یاهو، شاسوڵتان فەتاحی قازی، خدیجە حەیدەری، عیفەت قازی کچی پێشوا وتاریان**

1- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٤، سی شەممو ١٥ گەلاوێژی ١٣٢٥.

2- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥، یەک شەممو ٢٦ ڕەشەممە ١٧، مارس ١٩٤٦



مینا خانمی قازی لەگەڵ دوو لە کچەکانی: عیسمەت لە دەستی چەپ و عیفەت لە دەستی ڕاستی.
وێنە لە سایتی ڕوانگە weneykk@gmail.com حەسەن قازی وەرگیراوە.

خوێندنەوە. ئەو خانمانە بە تێکڕا لە وتارەکانیاندا ئامۆژگاری باوک و دایکەکانیان کرد کە منداڵانیان بنێرن بۆ خوێندنگە و هەوڵ بدەن نەخوێندەواری کە کوردستاندا بن بڕ بکەن. سەرنج بدەنە بەشێک لە وتاری مینا خانم و عیفەت خانمی کچی:

ئەلف: (خولاسەی بەیاناتی یای پێشەوای کوردستان: یایان و کیژانی خۆشەویست، بزانن کە ژنان لە دەوڵەتی ئیتیحادی جەماهیری شوورەوی دا پێشڕەفتێکی سەر لێ سوڕماویان کردووە و لە زانست و فەرهەنگ دا کامیلەن شان بە شانی پیاوان دەچنە پێش. ئەم ڕۆژانە دەبینم کە باوکان و دایکان لە بابەت ناردنی کوڕ و کچیان بۆ مەداریس شەوقێکی قابیلیتەقدیر دەنوێنن. هومێدم وایە لەو کۆششە دا قەدەمێکی توندتر هەڵێنین کە بەڵکوو بە یارمەتی خودای بەرز وتەوەجوهاتی دەوڵەتی کوردستان لە ماوێکی کەم دا پیاو و ژنی بێ سەواد لە کوردستان دا نەمێنێ...)

ب- خیتابەی کیژ، عیفەتی قازی: (خانمەکان گەورە مەسەلێکی مەشهوور شێر چ نێر چ مێ. کورد خۆ بە شەهادەتی هەموو دونیایە لە هەموو کەس ئازاترە، ئەدی چۆن دەبێ بە خسووس دە دنیای ئەوڕۆ دا کە لە هەموو دەوڵەتێکی پیاو و ژن پێکەوە کاریووڵاتی خۆیان ئیدارە دەکەن و بۆ ئیدارەی ووڵاتیش خوێندن و سەواد لازمە و بەڵکوو کابانی و خانەداری و منداڵ بەخێوکردنیش. هەرچی عیلم و سەواد زیاتر بێ و لە گەڵ قومقومەی سیری و لایی لایی لانکێ خۆشەویستی و نیشتمان پەرستنی میللی بە منداڵ فێر بکرێ قەت لە بیری ناکا. میلەتێکی ئەو نەوعە

دایکانــەی هــەبێ ڕۆژ بــە ڕۆژ دە ســەرکەوتن دایــە. دە جــا وەن بــە خۆتــان و منداڵتانەوە بخوێنن و شارێکی وەک شاری مەسکەو کە ئەو عکسانەی لە پێش چاوانە ساز کەین و وولاتی خۆمان بە عیلم و سەنعەتی وا برازێنینەوە[1].)

جگەلەوە عیسمەت خانمی کچی پێشەوا بەشداریی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان و سۆڤیەتی کرد و لەو دا وتارێکی پێشکەش کرد کە ئەمە کورتەی وتارەکەیەتی: (خانمـان و خوشـکانی خۆشەویسـت ئـێمە کە ئەمـڕۆ لە ئەنجومەنی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی کوردستان و شـوروی کۆبـووینەتەوە، بۆ ئەوەیە تماشای شاری مۆسکۆ بکەین و ببینین کە لە سایەی عیلم و فەرهەنگدا چی لێهاتووە و چەندە گەورە بووە و هێندە نفوس و کارخانەی زۆرە کە ڕێی ئاسن بەشی هاتوچۆ ناکات لەگەڵ پێنج دەریا و کەشتی زۆر و سەدان فڕۆکە. تەماشا ئەو بینا و ساختمانە گەورانە و کارخانە و کتێبخانە و موزەخانە و تیاتر و سینەما و خوێندنگە و مەیدان و پێشکەوتنەکانی بکەن، هەمـووی ئەوانە لە سایەی خوێندندا دروست بوون و چی دەبێ ئێمەش بخوێنین و بەهۆی زانست و خوێندنەوە موڵکی خۆمان سەربەرز بکەین و لەو ژیانە کە حەیوانیشی تێدا ناژی خۆمان ڕزگار بکەین. ... خانووی گڵی و کوچە و کۆڵانی بە بەهار پڕلە قوڕ و پیسایی و ڕێگای پڕلە پێچ و میللەتی ڕوت و چاو لەدەست، بخوێنن بخوێنن[2].)

بـەگوێرەی ڕاپۆرت و نوسـراوەکانی ڕۆژنامـەی کوردسـتان ئۆرگـانی حیزبـی دیموکراتی کوردستان، ئەم خاتونانـەی خـوارەوەی چـالاکیی بـەرچاویان هـەبووە لـە حیزبـی دیموکراتـدا و لــە بۆنــەکان و جەژنەکانـدا وتاریـان خوێندووەتــەوە و لــە خوێندنگەکانی شـەوانەدا وانـەیان بـە ئافرەتـان و پیـاوانی نەخوێندەوار گوتووەتەوە: مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەوا قازی، ویلما سەیادیان بەڕێوەبەری خوێندنگـەی کچانی مەهاباد، عیسمەت قازی کچی پێشەوا قازی محەمەد، کوبرا عـەزیمی، مـەرزە بلـەزادە، سـەڵتەنەت داودزادە، فەریـدە زەنـدی، عیشـرەت عـەزیمی، ئێـران بلـوری، شاسـوڵتان فـەتاحی، خەدیجـە بابـا سـوری و... تـد. لەو بـارەیەوە ڕەوانشـاد سـەعید هومایون دەڵێت:

– (ڕێبەرانــی کــورد هاوکــات لەگەڵ هۆشــیار بــوونەوەی گشــتی کە لەگەڵ بزوتنەوەی دیموکراتی بەشی موکریانی کوردستان پێی گرتبوو، بە لەبەرچاو گرتنی

---

[1]– ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٣٧، لاپەڕەی ٤، شـەممو ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥– ٢٠ی ئاپریلی ١٩٤٦.

[2]– ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٩، لاپەڕەی ٣، چوارشەممە ٤ی بانەمەڕ– ٢٤ی ئاپریلی ١٩٤٦

داخوازەکانی کە سەبارەت بە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتووی ئەورووپا هەیبوو، بەو ڕاستییەیان زانی کە ئافرەت نیوی کۆمەڵگای وڵات پێکدێنێت و نابێ ئەو هێزە گەورە مرۆیە لە ماڵدا زیندانی بێت، بەڵکوو دەبێ زەمینەی پەروەردە بوونی ئەوان لە ناوەندەکانی پەروەردە بوون دەستەبەر بکرێت و لە بەشە جیاوازەکانی ڕێکخراوەکان و ئۆرگانەکانی کۆمەڵایەتی سودیان لێ وەربگیرێت، تا ئافرەتانیش وەک پیاوان هەموو مافە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بەدەست بێنن. لەو ڕوانگەیەوە، بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئێران کۆمیتەی خانمان لە شاری مەهاباد پێکهات و بەم جۆرە گروپێکی زۆری ئافرەتان، سەرەڕای ئاشنا بوونیان لەگەڵ مافە پێشێلکراوەکانیان، تێکەڵاوی خەباتی کۆمەڵایەتی وەک: مامۆستایەتی، چالاکی سیاسیی، ڕۆژنامەنوسی و کاروباری دەرمان و تەندروستی بوون و لە جەژن و بۆنەکاندا وتاریان دەخوێندەوە، سرودیان دەگوتەوە و کاری هونەریان دەکرد[1].) هەرلەو بارەیەوە ڕەوانشاد مەناف کەریمی دەڵێت: (بۆ یەکەم جار ژنانی کورد بەشێوەی ڕەسمی تێکەڵاوی کاروباری کۆمەڵایەتی بوون و هەلیان بۆ ڕەخسا کە تا ڕادەیەک بە مافی لە دەستچوویان بگەن و ڕۆڵی خۆیان لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بگێڕن. بە گوێرەی بەندی ٢١ی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی دیموکرات کە ئافرەتان و پیاوان لە هەموو مافێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و مەدەنیدا یەکسانن، کۆمیتەیەک بەناوی کۆمیتەی ژنان پێکهات. مینا خانمی هاوسەری قازی محەمەد سەرۆکایەتی ئەو کۆمیتەی وەرگرت. زۆر ڕوونە بە هۆی گوێ نەدانی حکوومەتی ڕەزاشا بە خوێندنی منداڵانی کوردستان، ژمارەی ژنانی خوێندەوار لە کوردستان لە بەرامبەر شارەکانی تری ئێران، زۆر کەم بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی خۆشەویستیی کۆماری کوردستان لە لایەن خانمانی کوردستانەوە، لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ژنان، ئافرەتان گروپ گروپ بە ویستی خۆیان هاتن لە کۆمیتەی ئافرەتانەوە و وەزارەتی پەروەردەی کوردستان سەرەڕای ئەو خوێندنگەیەی کە لە مەهاباد هەبووم خوێندنگەیەکی تریشی بۆ کچان دانا.[2]) لە درێژەی وتەکانیدا مەنافی کەریمی دەڵێت: (چونکە ژمارەیەک خانم لەو زەمینەیەدا خزمەتی بەرچاویان کرد، پێویستە بەشێک لەو خزمەتکارە شایستانە بناسێنم: مینا خانمی قازی سەرۆکی کۆمیتەی ژنان، کولسوم سوڵتانیان، ئامینە داودی، نەزاکەت حاجی ڕەشیدی، زیبا ئەیوبیانی مەرکەزی، خدیجە حەیدەری، شا سوڵتان فەتاحی

1- سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٩٧.

2- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٩٧ و ٩٨.

قازی، وەجیهە شوجاعی، ڕەعنا فروهەر و ویلما سەیادیان. ئەو خانمانەی هاوکاریی ڕۆژنامەی کوردستانیان دەکرد و وتاریان بۆ ڕۆژنامە دەنوسی بریتی بوون لە: کوبرا عەزیمی و حەڵە ئیسماعیل فەرجی. هەروەها سەڵتەنەت داود زادە، خدیجە حەیدەری، عیشرەت عەزیمی، ئێران بلوریان، ویلما سەیادیان و فەریدە زەندی لە جەژن و بۆنەکان و ڕێوڕەسمەکاندا وتاریان دەخوێندەوە.)

## یاسا و دادوەریی لە کۆماری کوردستاندا

لــە کۆمــاری کوردســتاندا، وەک هــەموو دەوڵــەتانی ســەربەخۆ و کۆمــاری ئازەربایجــان، یاســا پــەیڕەو دەکــرا، بــەڵام بەپێچەوانــەی دەوڵــەتان و کۆمــاری ئازەربایجانـەوە، کۆمـاری کوردسـتان دەزگـای یاسـادانەری نـەبوو، واتـە پەرلـەمانی نـەبوو کە یاسـا دابنێـت و چـاودێریی بەسـەر یاسـاکانیدا بکـات. هـەر وەک پێشـتر بینیمــان، پێشــەوا قــازی مــحەمەد حکومــەتی ڕاگەیانــد و بە هــادودەەنگی لەگەڵ ســەرکردایەتی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، مـەلا حوسـێن مەجـدی کـرد بـە بەڕێوەبەری دەزگای دادوەریی کۆماری کوردستان.

دانــانی یاســا لــە لایــەن حیزبــی دیمــوکرات و جێبــەجێ کردنیــان بــە هــۆی دەزگاکـانی حکومـەتی کوردسـتانەوە، هەرچەندە بـە باشـیی دەکرا، بـەڵام ڕەوایـەتی کۆمـاری کوردسـتانی دەخسـتە ژێـر نیشـانەی پرسـیارەوە کـە بـۆچی پـرۆژەی بـۆ هەڵبژاردنــی دەزگــای یاســادانەر و دادوەریــی نیــە؟ بــۆ زانیــاریی ســەبارەت بــەو یاســـایانەی کـــە ئۆرگانـــەکانی حیزبیـــی و حکـــومیی لـــە ڕۆژنامـــەی کوردســـتاندا بڵاویانکردوەتەوە، ئاماژە بۆ چەند نمونەیەکیان دەکەم:

**آگاداری**

بـە هـوی ئـەو نوسـراوە لەسـەر قـەراری کمیتـەی مـەرکزی حزبـی دیمـوکراتی کوردستان بە تەواوی مأمورینی حکومـەت و ملت رادەگەیندریت هەرکـەس لـە هـەر مەمەریکوە "پلەیەکەوە" بـە هـەر نیویک لـە تمـەنیک تـا چەند تـەمن بۆ هەلسوراندنی کاریکی "چە قانونی چە شرعی و غیرە" بەرتیلوریشوە بدات و یا وەربگری لـە پـاش مەعلوم بونی بە خاینی ملت و مملکت دەناسری قەراری مجازاتی ئەو کەسـانەش لـە دە ساڵ حەپس هەتا کوشتن "اعدام" تصویب و مقرر کراوە. آ- ١

کمیتەی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردستان(1)

**آگاداری**

**رەدو کەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە**

لەسـەر قراردادی هیئـەتی ملـی کوردسـتان هـەر پیاویک بـە زور ژنـی بـەمیرد گوازرابیتـــەوە یـــان نەگوازرابیتـــەوە راکێشـــی دەبـــی بکـــوژری و ئـــەگەر کچیکـــیش

---

1- ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان،، ژمارە ١٢، لاپـەڕەی ٤، شەممو ٢٠ ریبەندان ١٣٢٤، ٩ فیوریە ١٩٤٦.

ڕاکیشری دەبی ئەو پیاوە بکوژری ئەما کچی خوازبینی بکا و نەیدەنی و مانعی شەرعیشی نەبی بە میرد نەبی و کچکە رضای ببی جزای نیە وەگر نە لە سیە مانگەوە تا سیە سال حبس دەکری.

٢٤ ری بندان ١٣٢٤

ریئس هەیئەتی میلی کوردستان حاجی سید باباشیخ[1]

**تصویبی قانونی مجازات**

بەرابەر بە امریەی ژمارە ١٦٠٧- ٢٥/٢/١ کمیتەی مرکزی حزب دیوان حزب هیزی دیموکراتی تشکیل و قانونی مجازاتیش وەک لە خوارەوە نوسراوە تصویب کرا:

**قانون**

**مادە ١**- جاسوسی کە بە یقین گەیشت جزای ئەو اعدامە اما ئەگەر دلیلی تخفیف لەکاردا بین تەواوی دارائی ئەو کەسە دەبیتە هی دولت. یان زیندانی بە کار لە شەش مانگەوە تا مردن.

**مادە ٢**- مستی و هەزەیی لە دە روژەوە تا یەک مانگ زیندانی لەگەل کار و لە پەنجا یا دوو صد قەمچی هەر نوبەی لە پەنجا قەمچی زیاتر نەبی.

**مادە ٣**- دزین یان لەنیو بردنی مالی دولت لە چاو ئەو گوناحە کە کردویە اعدام یان هەل گرتنی دارایی ئەو کەسە بو دولت و یان زیندانی بە کار لە دوو مانگەوە تا مردن و لە هەمو حالدا دەرکردن لەسەر خدمت. کەسانیک کە بە تفەنگ و یان اسلحەیەکی شەر جەردەیی و ریگری و یان دزی بکەن ئەوانیش جزایان هەر وایە.

**مادە ٤**- زۆر هینان بو هاوسەر یان بو کەسانی دی یەکسال زندانی بە کار و لی ئەستاندنەوەی ئەوەی کە سەندویە.

**مادە ٥**- تریاک کیشان بی بەش بون لە تەواوی حقوقی مدنی ئەوانەش کە لەسەر خدمەتن ئەگەر لە دوایەدا فیری تریاک بن لە دوای یەک ساڵ زندانی بە کار لەسەر خدمت دەر دەکرین.

**مادە ٦**- هەلاتن لە شەردا و اسلحە بە دوژمن دان جزای اعدامە.

**مادە ٧**- خەیانەت بە ملت یان نیشتمان اعدامە اما اگر دلیل تخفیف لەبەین دا بی وەک لە مادە ١ نوسراوە رەفتار دەکری.

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، لاپەڕەی ٤، ژمارە ١٦، دووشەممو ٢٩ ریبەندان ١٣٢٤، ١٨ فیوریە ١٩٤٦.

**مادەی ٨**- دەس دریژی بە ناموسی جزای هەر بەو جورەیە کە لە هەیئەتی رەئیسە ملی دا گوزەراوە.

**مادە ٩**- بەرتیل وەرگرتنیش هەروەها.

"**تی بینی ١**" تەواوی گرتوان "دوکتور لیسانس دیپلمە و ناقص نەبی" لە روژی گیرانەوە بە امری ئەو مقاماتەی کە صلاحیتیان هەیە ممکنە کاریان پی بکری اما روژی لە ٦ سعات زیاتر نا و روژانی تعطیلیش هەرنا.

"**تی بینی ٢**" افسران و نفرات هیزی دیموکراتی کوردستان و جاسوسانی خارج ئەگەر یەکیک لەو گوناحانەیان لی رو بدا هەرلە دیوانی حزب پی رادەگەن خەلکی خارج لە هیزەوەش بە بی فرمانی ریاست معظم جمهور ئەم دیوانە حکمیان دەکات.

ئەوا بو آگاداری تەواوی دیموکراتی کوردستان ئەم قانونە چوار جار لە دوی یەک لە روژنامەدا چاپ و بلاو دەکریتەوە و خودا نکات هیچ کەس یەکی لەو گوناحانەی لی رو بدات دەنا حتماً بەو مجازاتەی کە نوسراوە گرفتار دەبی.

سەروکی دیوانی حزبی هیزی دیموکرات کوردستان: ابراهیم صلاح آ-١[1]

هاوکات لەگەڵ پەسەند کردنی ئەو یاسایانە و کۆمەڵێک یاسای تر و سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، سردوە نیشتمانیی "**خوایا وەتەن ئاوا کەی**"ش وەک سرودی کۆمار پەسند کرا و لە بۆنەکاندا دەگوترییایەوە:

**خوایا وەتەن ئاوا کەی**
**خوایە وەتەن ئاواکەی**
**چەند دڵگیر و شیرینە**
**دەشتی خۆش و ڕەنگینە**
**ئاوی کەوسەرە ، خاکی گەوهەرە ، پڕلە گوڵ و نەسرینە**
**سەیرانگای بەهارانی**
**سەوزە گیا نەرم و جوانی**
**سەد دڵ ئەبێ حەیرانی**
**ئاوی کەوسەرە ، خاکی گەوهەرە ، پڕلە گوڵ و نەسرینە**
**شاخی بەفرین و بەرزە**
**بۆ ڕابردوومان ڕەمزە**

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٠، لاپەڕەی ٣، شەممو ٧ بانەمەر ١٣٢٥، ٢٧ آوریل ١٩٤٦.

دیمەنی جوان و سەوزە
ئاوی کەوسەرە ، خاکی گەوهەرە ، پڕلە گوڵ و نەسرینە
ئەم شوێنە شوێنی کورد
جێی قارەمان و مەردە
لانەی شێری نەبەردە
ئاوی کەوسەرە ، خاکی گەوهەرە ، پڕلە گوڵ و نەسرینە
وەتەن چاوی لێمانە
دەری کەین لە تەنگانە
حەیفە بێتە وێرانە
ئاوی کەوسەرە ، خاکی گەوهەرە ، پڕلە گوڵ و نەسرینە

## شەریکەی تەرەقی

پێشتر لە بەشی "**لە درێژەی پرۆگرامەکانی دووی ڕێبەندان دا**" ئاماژەم بۆ بەشداریی کردنی پێشەوا قازی محەمەد لە ئاهەنگی شەریکەی تەرەقی کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤/١١/٦- ١٩٤٦/٢/٥ کرد و پەنجەم بۆ وتەکانی عەلی خەسرەوی ڕاکێشا کە گوتی بە هەوڵی پێشەوا قازی شەریکەی تەرەقی لە کوردستاندا دانراوە و پەنجەم بۆ ئەم وتارەی پێشەوا قازی محەمەدم ڕاکێشا کە لەودا گوتی: (**یگانە حملەی دوژمنان حملەی اقتصادیە.**)

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری ئازەربایجان لە تەوریز، ڕژێمی ئێران هەرێمی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئازەربایجان و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی گەمارۆدا. لەگەڵ ئەوەشدا لە کڕینی توتنی توتنکارانی کوردستان خۆی پاراست کە بەشێکی بەرچاوبوو لە بەرهەم و داهاتی خەڵکی ناوچەکە. لە بەرامبەردا یەکیەتی سۆڤیەت بۆ لەناوبردنی گەمارۆی ئابووری لەسەر ئازەربایجان و کوردستان، ئامادەبوو لە بەرامبەر وەرگرتنی پێویستییەکانی، بەشێک لە کاڵا و خواردەمەنی دانیشتووانی ئازەربایجان و کوردستان دابین بکات.

بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٣٢٤/٨/١٣- ١٩٤٥/١١/٤ مۆلۆتۆڤ بەڕێوەبەری شورای کۆمیساریای گەلیی یەکیەتی سۆڤیەت، بڕیارێکی بە ناوی "**گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ ئازەربایجانی ئێراندا**" ئیمزا کرد. بەگوێرەی ئەو بڕیارە، دەبووایە دەستبەجێ یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار مەتر قوماشی چیت، ١٥٠٠ تەن قەند، ٤٨٨٠ تەن سوتەمەنی، ٢٠٠ تەن داوەبەن و ٢٠٠ تەن کاغەز، ڕەوانەی ئازەربایجان بکرێت و لە بەرامبەردا بنکە جیاوازەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، ٤٥٠٠ گا، ٥٠ هەزار مەڕ، ٢٥٠ تەن کشمیش، ١٥٠٠ تەن قەیسی وشک، ٥٠٠ تەن بادام و ١٠٠٠ تەن خوری بکڕن[1].

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی سەربەخۆ کردنی ئابووریی کوردستان لە بردنی گوشاری ئابلۆقەی ڕژێمی ئێران و بۆ بەئەنجام گەیاندنی دروستی ئەو پێوەندییە و فرۆشتنی توتن و بەرهەمە زیادەکانی خەڵکی کوردستان بە یەکیەتی سۆڤیەت، شەریکەیەکی دانا و بەرپرسی کرد کە داوا لە خەڵکی مەهاباد بکات کە پارە بەو سندوقە بسپێرن بۆ کڕینی بەرهەمی توتن و بەرهەمە زیادەکانی

[1]- م. ج. پیشەوەری، بەرهەمی هەڵبژێردراو، باکۆ، ١٩٨٤، لاپەڕە ٣٣١- ٣٣٢.

تری خەڵکی ناوچەکە تا ڕەوانەی تەورێزی بکات و لە سودی بەدەستهاتوو لە مامەڵەکانیدا، پشکی بەشدارانی ئەو شەریکەیە بدات. هەروەها لە بەرامبەردا پێویستییەکانی کوردستان وەک قوماش، قەند و شەکری کوردستان دابین بکات. بەو واتایە شەریکەی تەرەقی لەگەڵ تەورێز یان باشتر بڵێم سەرمایەدارەکانی تەورێز لە مامەڵەدا بوو و تەورێزیش بە شێوەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئازەربایجانی باکور.

لەو بارەیەوە محەمەد ئەمین موعینیی بەڕێوەبەری شەریکەی تەرەقی لە بەیاننامەیەکدا کە لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاویکردەوە، بە خەڵکی مەهاباد ڕادەگەیاند:

**آگاداری**
**ژماره ٤٢٢٨**
**١٩- ١١- ٢٤**

**له نتیجەی جلسەی روژی جمعەی ١٩ی ریبەندان ٢٤ وا قەرار درا سەرمایەی اصلی شرکت به یەک ملیون تمەن دانراوه که ثلثیکی نوغەه دوو ثلث دیکه قەبضی سپردەی و خانیەیه له کەسانیکی پولی نەغدیان نەبی قبول دەکری بەلام قازانجیان بو حساب ناکری هەتا وصولی پولی ئەو قەبضانه و شرکتی ترقی مجاز کرا که سەرمایەی خوی به دوو مقابل مبلغ اصلی زیاد بکا کەسانیکی تاویستا که سهمیان نەکریوه ئەوانیش دەتوانن به قەبضی سپردەی دوخانیه هەر چەند سهمیک مایل بن بکرن هەر سهمی شرکت عبارەته له یەک هەزار تمن له بروارێ ئەو نوسراوه قەبضی سپردەی دوخانیه قبول دەکری هەتا آخری مانگی ڕەشەمه ١٣٢٤ هەر کەس مایله قەبضی خۆیان بەنیوی شرکت تەرەقی کوردستان انتقال بدەن.**
**مدیری شرکت ترقی کوردستان**
**محمد امین معینی[1]**

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژماره ١٥، لاپەڕەی ٤ شەممە ٢٧ ڕێبەندان ١٣٢٤، ١٦ فیوریەی ١٩٤٦. ڕۆژنامەی کوردستان، ژماره ١٦، لاپەڕەی ٤ دووشەممە ٢٩ ڕێبەندان ١٣٢٤، ١٨ فیوریەی ١٩٤٦.

هەر لەو بارەیەدا مەناف کەریمی وەزیری فەرهەنگ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەڵێت: (**بە مەبەستی ئابووری و بۆ گەشەپێدانی خۆش گوزەرانی گشتی بە تایبەتی بازرگانان شیرکەتێک بە نێوی "تەرەقی" لە لایەن بازرگانان و کاسبانەوە دامەزرا کە کەلوپەلی پێویست دەنێردرا بۆ ئەو شیرکەتە**[1].)

[1]- گۆڤاری دوو مانگەی ڕوانگە، سەر بە خوێندکارانی کورد لە زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تەوریز بە زمانی فارسیی، ژمارەی ١٥، گەلاوێژی ١٣٨٢ (جولی ٢٠٠٣)، حەسەن قازی وتووێژەکەی لە زمانی فارسییەوە کردووە بە کوردیی.

## پێکهاتنی سوپای نەتەوەیی لە ئازەربایجان

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/١٥- ١٩٤٦/٢/٤ ڕۆسۆ کۆنسوڵی ئەمریکا لە تەوریز، چاوی بە پیشەوەریی سەرۆکی حکوومەتی ئازەربایجان کەوت. ئامانجی ئەو دیدارە بە ڕواڵەت پێکهێنانی ئاسانکاریی بازرگانیی ئەرمەنیی بوو، بۆ ناردنی کاڵا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام وتوویژەکان دەربارەی زنجیرەیەک دیاردەی سیاسی بوون.

ڕۆسۆ لەو دیدارەیدا پرسی: (**بەگوێرەی پەیمانی سێ لایەنە، دەبێت هێزە هاوپەیمانەکان لە مانگی مارسدا ئێران بەجێبهێڵن، بەڵام بە ڕای من کە پێشتر سەرباز بووم، بۆ بردنە دەرەوەی هێزەکان چەند مانگ کاری سەرەتایی پێویستە. لە کاتێکدا لێرە کارە سەرەتاییەکانی بردنە دەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت نابینرێت! ڕای ئێوە دەربارەی چوونە دەرەوەی هێزەکان بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە چییە؟**).

پیشەوەریی وەڵامێکی کورت و زیرەکانەی بەو پرسیارەی کۆنسوڵ دایەوە و گوتی: (**ئێمە ئەو هێزانەمان بانگ نەکردوە و جێگیربوونیان لە ئێران پێوەندیی بە حکومەتی ناوەندیی و هاوپەیمانەکانەوە هەیە، تا ئەو کاتەی کە ئەو هێزانە دەست لە کاروباری ئێمە وەرنەدەن، مانەوەیان لێرە مەترسی بۆ حکومەتی نەتەوەیی نیە. هەروەها دەربارەی گەڕانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، ئێوە دەتوانن زانیاریی لە خۆیان وەربگرن.**)

ڕۆسۆ دەربارەی ئامانجی حکومەتی نەتەوەیی لە پێکهێنانی پێوەندییە بازرگانییەکانی سەربەخۆ لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە، ڕایگەیاند کە ئەو کارە دژی یاسا نێونەتەوەییەکانە. ئازەربایجان لە چوارچێوەی ئێراندایە و بازرگانیی دەرەوە، لە ئەرکەکانی دەوڵەتە. پیشەوەریی لە وەڵامی کۆنسوڵدا گوتی: (**حکومەتی تاران بە لە تەنگژە خستنی ئابووری و بازرگانیی ئازەربایجان لەو باوەڕە دایە کە گەلی ئازەربایجان بێدەنگ دەکات. لەبەرئەوە ئێمە پێکهێنانی بازرگانیی سەربەخۆی ئازەربایجان لەگەڵ دنیای دەرەوە بە پێویست دەزانین. ئەوە بە قازانجی گەلی ئێمەیە و بازرگان و خاوەن موڵکەکانیش ناچار بەو کارە دەکات.**)

ڕۆسۆ لە کۆتایی دیدارەکەیدا لەگەڵ پیشەوەریی پرسی: (**ڕای ئێوە دەربارەی وتوویژی لەندەن، واتە وتوویژی شورای ئەمنییەت چییە؟**).

پیشەوەریی گوتی: (**کێشەی ئازەربایجان دەبێت لە ناوخۆی ئازەربایجاندا چارەسەر بکرێت. حکومەتی تاران بە دەرهاویشتنی ئەو کێشەیە لە چوارچێوەی**

**ئێراندا، خەیانەتی لە هەموو گەلانی ئێران کردوە. ئازەربایجان بڕیاری چارەنوسی خۆی داوە و نایەوێت پاشەکشە لە بڕیاری خۆی بکات و بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی، لە پێشکەشکردنی قوربانیی ناترسێت[1].)**

ڕۆسۆ هەر ئەو ڕۆژە ڕاپۆرتێکی دەربارەی وتوویژی خۆی لەگەڵ پیشەوەریی نارد بۆ واشنتۆن. ڕۆژی ٧ ی فیوریە، باقرۆڤ پروتۆکۆڵی بە پەلە نوسراوی ئەو وتوویژەی نارد بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤ. وەڵامەکانی پیشەوەریی بۆ ڕۆسۆ، بە ڕادەیەک جێی پەسندی باقرۆڤ بوو کە ئەو پروتۆکۆڵەی بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک ناردبوو بۆ مۆسکۆ.

لە ڕۆژانی ٨ و ١٠ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤- ٢٨ و ٣٠ جانواری ١٩٤٦دا، شکاتی ئێران لە یەکیەتی سۆڤیەت، لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کەوتە بەرباس. لە بڕیارنامەی ئەو شورایەدا بە ئێران ڕاسپێردرا کە بە وتوویژی ڕاستەوخۆ، چارەسەری کێشەکە بدۆزنەوە.

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٦- ١٩٤٦/١/٢٦ مەجلیسی شورای میلیی ئێران دەست لە کار کێشانەوەی "حەکیم ئەلمولک"ی قبوولْ کرد و ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٧- ١٩٤٦/١/٢٧ بە قەوامولسەڵتەنەیان ڕاسپارد کە حکومەتی نوێ پێکبهێنێت. ڕۆژی ١٣٢٤/١١/١١- ١٩٤٦/١/٣١ ئەحمەد قەوام دەستی بە کار کرد.

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٢٠- ١٩٤٦/٢/٩ ستالین لە وتارێکیدا لە مۆسکۆ، ئیزنی دا کە بڕیاری پێکهاتنی گروپە فیداییەکان لە ئازەربایجان و یاسای پەسندکراوی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان دەربارەی پێکهێنانی سوپای نەتەوەیی، لە چاپەمەنییەکاندا بڵاوبکرێنەوە. ئەو یاسایانە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/١٨- ١٩٤٦/٢/٧ لە ڕۆژنامەی ئازەربایجاندا بڵاوکرابووەوە و پێکهاتنی سوپای گەل، ڕەسمیەتی پەیداکرد. بۆ یارمەتیدانی ئەو پێکهاتەیە لە سەرەتای مانگی فیوریەدا، ١٠٤ ئەفسەری ئازەربایجان بە پەلە لە باکۆوە ڕەوانە کران. لە نێوان ئەو ئەفسەرانەدا، سەروان سەلاحەدین کازمۆڤ، سەرگورد خدر مستەفایۆڤ و ژەنەڕاڵ تەرلان عەلیار بەگۆڤ دەبینداران کە قارەمانانی جەنگی یەکیەتی سۆڤیەت بوون[2].

پێش ماوەیەک، سوپای چواری سۆڤیەت لە باکۆ جێگیربوو، ٤٩ ئەفسەر و ٣٢ فەرمانبەری سیاسی سوپا و ١٢٠ ئەفسەری ئازەربایجانیی لە دەزگاکانی تایبەتیدا ڕەوانەی ئازەربایجان کرد. لە ڕاپۆرتێکدا کە باقرۆڤ لە مانگی فیوریەدا ناردی بۆ مۆسکۆ، ڕایگەیاندبوو کە فەرمانبەرانی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە ئازەربایجانی

---

[1]- دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان لە ١٩٤٥- ١٩٤٦:
AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,112,v,17-19

[2]- هەمان سەرچاوە : AR SPIHMDA , AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,139,v,32

ئێراندا، ٧٢٠ کەسن. ئەوانە لە بوارەکانی حیزبیی، شوراکان، بەشی فەرهەنگیی و سەربازییدا کاریان دەکرد. لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو، فەرمانبەرە ڕەوانەکراوەکان بۆ ئازەربایجانی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە پێکهێنانی گروپە پارتیزانەکان و کاری سەربازیی دژی کەسانی کۆنەپەرستاندا کردوە. باقرۆڤ پێشنیازی کردبوو کە دەوڵەت ٥٠٠ کەس لەو فەرمانبەرانە خەڵات بکات[1]. بەگوێرەی ئەو پێشنیازە، بە ٧٩ کەس هێما و مێدالیای جیاواز بەخشرا.

ئەرکی بنچینەیی ئەندامانی ڕەوانەکراوی سوپای سۆڤیەت بۆ ئازەربایجان، بریتی بوو لە یارمەتیدان بۆ دامەزراندنی دەزگاکانی سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان. لەو بوارەدا ٤٦٠٠ کەس لە وەزارەتی سوپای نەتەوەیی بۆ ئەو مەبەستە لە پێنج گوردانی پیادە، لەشکرێکی تۆپخانە و گوردانێکی زرەیی لەبەرچاو گیرابوو. دەبووایە تیپی پیادە لە سەربازگەی مەراغە بێت. پلان دانرابوو کە گوردانی یەکەم لە ورمێ، گوردانی دووەم لە میاندواو، گوردانی سێیەم لە هەوشار، گوردانی چوارەم لە زەنگان و گوردانی پێنجەم لە میانە دابنرێن. بۆ گوردانی تۆپخانە، ٦٢ تۆپ و بۆ گوردانی زرەیی ٦ تانکی "چک ماراو" دابنرێن. فێرگەیەکی سێ مانگیی بۆ ئەندامانی سوپا پێویست بوو. بەگوێرەی پرۆگرام، دەبووایە تا یەکی مانگی جولی ١٩٤٦ سوپایەکی بەتوانای جەنگیی لە ئازەربایجانی ئێران دابمەزرێت[2].

بە یارمەتی ئەفسەرانی ڕەوانەکراوی ئازەربایجانی سۆڤیەت، لە ماوەیەکی کورتدا، سوپایەکی ڕێکوپێک بە ١٧ هەزار کەس لە سەرانسەری ئازەربایجاندا دامەزرا و زانکۆی ئەفسەریی بۆ ئامادەکردنی ئەفسەر بۆ ئەو سوپایە پێکهات و ٢٥٠ ئەفسەری بۆ سوپای نەتەوەیی پەروەردەکرد[3].

لە کۆماری کوردستان دا قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان هیچ ئەلتەرناتیڤێکیان بۆ دانانی سوپای نەتەوەیی نەبوو، جگە لە ئەفسەرانی خۆی کە پێشتر لە مەهاباد پلەی دابوونێ و ئەو ژمارە چەکدارانەی کە لە مەهاباد هەیبوو. لەبەر ئەوە ناچار بوون دەست بۆ سەرۆک خێڵەکان ڕاکێشن کە هەرکامەیان کۆمەڵێک چەکداریان بۆ پاریزگاریی کردن لە خۆیان هەبوو. لە هەمان کات دا بیریان لە مەلا مستەفا بارزانی و ئەو کۆمەڵە چەکدارە بە ئەزموونە کردەوە کە بە ساڵان کە باشوری کوردستاندا شەڕی حکوومەت و دواتریش ئینگلیزەکانیان کردبوو.

---

[1]– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,31,v,3

[2]– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,115,v,12-15

[3]– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,157,v96

## هێمای حکومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان

سەید جەعفەر پیشەوەریی سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان لە نامەیەکدا داوای لە میر جەعفەر باقرۆڤ سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیست و سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی باکور کرد کە ڕای خۆی سەبارەت بە هێمای دەوڵەتی ئازەربایجان ڕابگەیەنێت و لە نامەیەکدا بۆی نوسی:

**– (ئێمە لەو باوەڕەداین کە خاوەن هێمای دەوڵەتی خۆمان بین. بە ڕای ئێمە ئەو هێمایە دەتوانێت لە مەشخەڵ، کتێبی کراوە و دوو شمشێر پێکبێت. ئێمە دەمانەوێت لەم بارەیەوە ڕای ئێوە ببیستین.)**

لە وەڵامیدا باقرۆڤ پێی ڕاگەیاند: **(دەکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە هێمای دەوڵەتی ئازەربایجان لە دوو شمشێری ئەفسانەیی "شمشێری میسریی، هێمای خەبات و قارەمانیەتی"، لە نێوان ئەو دوو شمشێرەدا وێنەی مەشخەڵ "مەزهەریی ئازەربایجان – وڵاتی ئاگر" ببینین کە بە گەڵای "بو" دەوری وێنەکانی گرتبێت و لەژێریاندا ئاڵای سور بە هێمای سەرکەوتن دادەنرێت[1].)**

حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هێمایەکی تایبەتیی بۆ خۆی دروستکرد کە بریتی بوو لە: ئاڵای کوردستان لە ناوەندیدا دوو گوڵە گەنم کە قوماشێکی سور و باریکی لە دەور ئاڵاوە، لە ناوەندی گوڵە گەنمەکەدا تیشکی هەتاوە کە نوکی قەڵەمێکی لێ دەرکەوتووە. ئەو هێمایە کە ئارمی حیزبی دیموکرات بوو لە بۆنەکاندا لەگەڵ ئاڵای کوردستاندا دادەنرا.

ئەمەش ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە لە بۆنەیەکی سەربازیی کۆماری کوردستاندا، بە بەشداریی پێشەوا قازی محەمەد، مەنافی کەریمی، سەیید عەبدوڵڵا تەهازادە، غەنی خەسرەوی، حاجی بابا شێخ، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و کاربەدەستێکی تر کە لە تێکستەکەدا ناوی ڕوون نییە لە مەهاباد دانراون. بەم جۆرە هەردوو ئاڵا و ئارمی حیزبی دیموکرات لەو بەڵگەنامەیەدا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوتن.



[1]– گەڵای بو لە درختی غار، جۆرێکە لە ڕوەکی زەیتون کە بە زمانی فەرەنسی پێیدەڵێن Laurel , true laue laurel و بە عەربیی شجرة الرند. بە درێژایی ساڵ سەوزە و بۆنێکی خۆشی هەیە لە ناو قوتووی خەیاری سوێردا، کەڵکی لێ وەردەگرن.



پێشتر ئاماژەم بۆ دانانی دوو خوێندنگەی سەرەتایی "پەهلەوی" و "سەعادەت" و خوێندنگەیەکی ناوەندیی سێ پۆلیی بۆ کوڕان کە دەبیرستانیان پێدەگوت لە مەهاباد کرد. لە سەردەمی دەسەلاتی ڕەزا شادا، لەو سێ خوێندنگەیەدا وانەکان بە زمانی فارسیی دەگوترانەوە و خوێندن بە زمانی کوردیی یاساخ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کەسانەی دەیانویست درێژە بە خوێندنی ئامادەیی بدەن، دەبووایە بچن بۆ ورمێ و تەورێز، لەوێ دیپلۆم وەربگرن، بۆ خوێندن لە زانکۆشدا پێویست بوو بچن بۆ تەورێز و تاران کە هەم لە بواری بیری قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و هەم لە بواری ئابوورییەوە بۆ کورد زۆر دژوار بوو.

لە کۆماری کوردستانیشدا بیریان لە دانانی زانکۆیەک کردەوە کە چەند بەشێکی لێ بخوێنن بە ناوی "زانکۆی معقول و منقولی کوردستان" و چەند لیژنەیەکیان دانا کە سەبارەت بە دانانی ئەو زانکۆیە لێکۆڵینەوە بکەن. ڕۆژنامەی کوردستان لەم بارەیەوە نوسیویەتی:

**بو خویندنەوە**

**لەم روژانەدا بە ئەمری پیشەوای بەرزی کوردستان بو پیراگەیشتن بە کارەکانی فەرهەنگ اوقاف، دانانی دانشکدەی معقول و منقول و... چەن هەیئەتیک دیاری کراون رجا دەکەین ئەو هەیئەتە محترمانە نتیجەی اقداماتی خویان بو ادارەی روژنامەی کوردستان بنیرن تا بە پیش چاوی هەمو کەس بگا**[1].

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆماری کوردستان خوێندنگەیەکی کچانی بۆ شنۆ دانا کە حەسەن کازمی بەڕێوەبەری بوو. هەروەها دوو خوێندنگەی بۆ نەغەدە و بۆکان و

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١١، لاپەڕەی ٣، چوار شەممە ١٧ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٦ فیوریە ١٩٤٦.

خوێندنگەیەکیشی بۆ یەهودییەکانی شاری مەهاباد دانا کە بە زمانی خۆیان وانە بخوێنن. بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگەیە جولەکەیەک بوو بە ناوی "داود زادە". لەو بارەیەوە مەناف کەریمی وەزیری پەروەردەی کۆماری کوردستان دەڵێت:

**- (لە مەهاباد نزیکەی ٦٠ بنەماڵەی جولەکە دەژیان و خەریکی کار و کاسبی وەک زێڕینگەری، ئارەق فرۆشی، وردەواڵە فرۆشی، عەتتاری و پارچە فرۆشی بوون. بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان ئەوانیش وەکوو خەڵکی مەهاباد لە جەژن و شادمانی دا بەشداریان کرد و وەزارەتی فەرهەنگی کۆمار هەر بەم جۆرەی کە خەریکی ڕێکوپێک کردنی مەدرەسەکان و ئامادە کردنی کتێبی شاگردان و کارەکانی دیکەی فەرهەنگی بوو، جوولەکە هاوشارییەکانیشی لەبیر نەکرد و لە ئاگادارییەک دا پێمان ڕاگەیاندن ئەوانیش وەک برا کوردەکان دەتوانن خوێندنگەی تایبەتی خۆیان هەبێ و دەرس خوێندن بە زمانی خۆیان ئازادە و مەدرەسەکانی ئەوانیش وەکوو خوێندنگەکانی کوردستان یارمەتی پێویستیان پێ دەکرێت و خوێندنگەیەکمان کردەوە کە ئاغای داودزادە کە "بۆخۆی جوولەکە بوو" بەڕێوەی دەبرد و ئەوانیش وەکوو کۆمەڵی یەهوودی مەهاباد بە شادی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان جێژنێکی زۆر جوانیان گێڕا کە شەو و ڕۆژێک بەردەوام بوو[1].)**

هەروەها کۆماری کوردستان شەوانە لە خوێندنگەی کوردستاندا چەند پۆلی خوێندنی بۆ گەورەکان کردەوە کە ئافرەت و پیاوانی نەخوێندەوار زمانی کوردیی بخوێنن. ئەو خوێندنگەیە "ئیجباری" واتە بە زۆر بوو، بەگوێرەی ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی کۆماری کوردستان، ئەگەر نەخوێندەوارەکان نەچووبان بۆ خوێندنگە، بە زۆر دهیانبردن و پێیان دەخوێندن.

آگاداری

**برایانی خوشەویست و نە خویندەوار کە تا ویستا لەبەر نەبون یان ظلم بلەوزەکان نەیان توانیوە لە نیعمەت زانست و فەرهەنگ بهرەور بن ئەوا بە امری مبارک پیشوای بەرز و قەراری کومیتەی مەرکزی حزب دیموکراتی کوردستان لە هەوەلی ساڵی تازە ١-١-٢٥ چەند پول لە مەدرەسەی کوردستان شەوانە بو نە خویندوارەکان کراوەتەوە بەهوی ئەو نوسراوە پیوە رادەگەیندریت کە شەوانە مرتب حاضر بن هیوادارم کە لە بونی ئەو نعمەتە پیش دەستی بکەن و ئەگەر**

[1]- مەناف کەریمی، وتووێژی گۆڤاری دوومانگەی ڕوانگە، هەمان سەرچاوە.

**خودای نه خواسته به پیچەوانەی ئەو دەستورە رەفتار بکریت فەرهەنگ مجبور دەبی کە بە وەسیلەی شارەبانی نەخویندەواران بو خویندن جلب کات- د**
**پشکنی فەرهەنگ کوردستان- علی خسروی**[1]

سەبارەت بە خوێندەوار کردنی منداڵ و گەورەی کورد لە کۆماری کوردستاندا، ڕەحمانی قازی لە کتێبەکەیدا "ڕۆژگاری ونبوو" ئاماژە بۆ ڕووداوێکی خۆش دەکات و دەڵێت: (**ڕۆژێک جەنابی پێشەوا بەرەو دەفتەری کارەکەی دەچێت کە سۆفیەکی بە تەمەن پێشی پێ دەگرێ و دەڵێ قوربان کێشەیەکم هەیە و هەر بە تۆ چارەی دەکرێ. گرفتەکەم ئەوەیە کوڕەکەیان بە زۆری بردومە قوتابخانە و دەبەر خوێندیان ناوە. جەنابی پێشەوا بزەیەکی دێ و دەفەرموێ: سۆفی برۆ تەشتێک قوڕ بێنە با هەردومان وەسەری کەین. منیش هەر وەک تۆ تاقە کوڕێکم هەیە و لێیان ئەستاندوم بۆ خوێندن. جا کوڕی تۆ باشە لێرەیە و شەوانە دەیبینی، کوڕی منیان ناردوەتە تەورێز و بە مانگ نایبینم.**)

بەهەر حاڵ، لە کۆماری کوردستاندا جگە لە کتێبخانەی فەرهەنگیان، کتێبخانەیەکی گشتیی لە مەهاباد دانرا و ژمارەیەکی زۆر کتێبیان خستە دەست خوێنەرانی کوردستانەوە. لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان نوسی:

**بو آگادای**

**بە امری ریاستی بەرزی جمهوری کوردوستان رەچا گیراوە کتیبخانەیەک بو استفادەی هەمو بە تایبەتی نووسەرانی روژنامە و گواری کوردستان لە ادارەی روژنامەدا دابمەزرینین لەبەر ئەوە بەو کەسانەی کە کتیبی قرئەتخانەی عیسی زادە و کتیبخانەی فەرهنگیان لەلایە رادەگەیەندریت کە بی وچان هەر کتیبیکی لەلا هەیە بە ادارەی روژنامەی کوردستانی تسلیم بکا و رسید وەرگری دنا پاش تحقیق کتیبەکانی لیوەردگیری و بە سزاش دەگا**[2].

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێم لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا وتاری ڕۆژی هەینیی سەرەتا بە زمانی کوردیی و دواتر بە زمانی عەرەبیی دەخوێندرایەوە. بە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان لە ١٣٢٤/١١/١٢- ١٩٤٦/٢/١ وە مەلا حوسێن مجدی ئیمام جومعەی مەهاباد وازی لە زمانی عەرەبیی هێنا و وتاری

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٩، لاپەڕەی ٣، شەممە ١ ی خاکەلێوەی ١٣٢٥، ٣٠ مارسی ١٩٤٦.

[2]- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١١، لاپەڕەی ٣، چوار شەممە ١٧ ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٦ فیوریە ١٩٤٦.

ڕۆژی هەینیی تەنیا بە زمانی کوردیی خوێندەوە. هەروەها بە فەرمانی پێشەوا قازی محەمەد، دەبووایە خوتبەخوێن لەم دیاردانە بدوێت:

خەبات دژی خورافات، ڕێزگرتن لە یاسای دین، دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیی، کاریگەریی ئەمنیەت لە سەرکەوتنی نیشتماندا، شارستانیی کوردستان لە کۆندا، باوەڕ بەخۆ کردن و گرنگییدان بە پێشمەرگایەتی، ئافرەت دەبێت لە کۆمەڵگادا چۆن بێت و ڕێ و قازانجەکانی، دانانی باخچەی منالآن، چۆن دەتوانین بەرگریی لە چاوئێشە "تراخم" بکەین، ڕۆحی قارەمانیەتی، یەکیەتی نەتەوەیی، سەرئەنجامی خراپەکاریی، دوو زمانیی و دەنگۆ دروستکردن بۆ خەڵک. لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم پرۆگرامە لە مەهاباد، لە دێیەکانیشدا خوتبەی بەم شێوەیە کەوتە ناو کۆمەڵەوە[1].

---

[1]– ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، لاپەڕەی ٣، دوشەممە ١٥ ی ڕێبەندان، ٤ ی فیوریە ١٩٤٦.

## پەیوەستبوونی بارزانییەکان بە کۆماری کوردستانەوە

بازانییەکان یەکێک لەو خێڵنشینانە بوون کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەمدا سەریان بۆ دوژمن نەچەماندەوە و تەسلیمی دوژمن نەبوون و بە بەردەوامیی لە دژی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا لە ڕاپەڕین و بەربەرەکانیی دا بوون. بەو بۆنەیەوە پێش دابەشکردنی تورکیا و پێکهاتنی حکومەتی عێراق، شێخ عەبدولسەلام بارزانیی دژی تورک ڕاپەڕی و بزوتنەوەیەکی ڕێکخست کە لە ساڵی ١٩٠٥ وە تا ساڵی ١٩١٥ بۆ ماوەی دە ساڵ دەوامی کرد. لە ڕەوتی ئەو بزوتنەوەیەدا، لە ساڵی ١٩٠٦، لە کاتێکدا مستەفا بارزانیی تەمەنی سێ ساڵ بوو، تورکەکان ئەویان لەگەڵ دایکی گرت و زیندانییان کرد. سەرئەنجامی ئەو بزوتنەوەیە بەوە گەیشت کە تورکەکان شێخ عەبدولسەلامیان گرت و ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ لەگەڵ سێ لە هاوڕێیانی لە موسڵ لە سێدارەیان دا.

بە شەهیدبوونی شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی بارزان لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا جێی شێخ عەبدولسەلامی گرتەوە و لە ساڵی ١٩١٩ دا سەرۆکایەتی بزوتنەوەیەکی چەکدارانەی کرد. هەر لەو ساڵەدا مستەفا بارزانیی بە سەرۆکایەتی هێزێکی چەکدار ڕەوانەی سلێمانیی کرد کە بە هاواری شێخ مەحمودەوە بچێت. بەشێک لەو هێزە لە دۆڵی "بیار" و بەشێکی تری لە ناوچەی "باڵەکایەتی" لە لایەن جاشەکانی لایەنگری ئینگلیزەوە پێشیان لێ گیرا و توشی شەڕ بوون و چەند کەسێکیان شەهید بوو، ئەوانی تر خۆیان گەیاندە سلێمانیی(1).

بزوتنەوەی شێخ ئەحمەد تا ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام بوو. لەو ساڵەدا تورکەکان شێخ ئەحمەدیان دەستگیر کرد و دایانەوە بە حکومەتی عێراق و ڕژێمی عێراق شێخ ئەحمەد و بنەماڵەکەی و ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەرانی ناوچەی بارزانی بۆ باشوری عێراق دوورخستەوە و بۆ ماوەی دە ساڵ لە باشوری عێراق هێشتنیەوە و دواتر ڕێی پێیان دا کە لە سلێمانیی نیشتەجێ بین.

هەستی نەتەوایەتی مستەفا بارزانیی لە سلێمانیی و لە خزمەت شێخ مەحمودا گەشەی سەند. بۆ دامرکاندنەوەی ئەو هەستە، ڕۆژی ١٣٢٢/٤/٢٠- ١٩٤٣/٧/١٢ لە سلێمانیی ڕایکرد و چوو بۆ مەهاباد و ڕۆژی ١٣٢٢/٥/٥- ١٩٤٣/٧/٢٨ بە شنۆدا خۆی گەیاندەوە بارزان. لە ماوەی دوو مانگدا پتر لە دوو هەزار جەنگاوەری لێ

1- ژیان و ڕەوتی خەباتی هەڵکشان بەرەو لوتکە، مصطفی بارزانیی نەمر، پارتی دیموکراتی کوردستان لقی شەشی ئەوروپا.

کۆبـووەوە. ڕۆژی ١٣٢٢/٧/٩- ١٩٤٣/١٠/٢ دژی ڕژێمـی بەغـدا ڕاپـەڕی و بنکـەی پۆلیسی شانەدەریی چەک کرد. لە ئەنجامی ئـەو ڕاپەڕینـەدا، شۆڕشـی ١٩٤٣- ١٩٤٥ ی بارزان دەستیپێکرد و لە زاخۆوە تا سلێمانیی و خانەقینی گرتەوە.

لـە شۆڕشـی بارزانـدا، مسـتەفا بـارزانیی بیـری لـە دامەزرانـدنی ڕێکخراوێکـی سیاسی کردەوە کە بتوانێت داکۆکیی لە نەتەوەی کورد بکات و بۆ سـەربەخۆبوونی کوردسـتان هەوڵبدات. لـە ئەنجامـدا بـە بەشـداریی عیـزەت عەبدولعـەزیز ئەفسـەری پێشـووی سـوپای عێـراق خـەڵکی ئامێـدیی، مسـتەفا خۆشـناو ئەفسـەری پێشـووی سـوپای عێـراق خـەڵکی بێتواتـە، عەبدولحەمیـد بـاقر ئەنـدامی عەشـیرەت خـەڵکی خانـەقین، محەمـەد مـەحمود قودسـیی ئەفسـەری پێشـووی سـوپای عێـراق خـەڵکی سـلێمانیی، ئەحمـەد ئیسـماعیل خـەڵکی هـەولێر، شـەوکەت نوعمـان خـەڵکی ئامێـدیی، حەفیزوڵا ئیسـماعیل خـەڵکی ئـاکرێ، ڕۆژی ١٣٢٣/١٠/٢٥- ١٩٤٥/١/١٥ ڕێکخراوێکـی دامەزراند کە ناوی "پارتی ئازادی"ی بوو[1].

پارتی ئـازادیی کـە بـە لیژنـەی ئـازادیی دەناسـرا، پێوەندییـەکی برایانـەی لەگـەڵ کۆمەڵەی هیوا لە سلێمانیی و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لـە مەهابـاد دامەزرانـد، بـە چەشنێک ڕێبەرانی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان لـە گۆڤـاری نیشـتماندا، نـاوی "قاعـدی گـەورەی کورد"یـان لـە بـارزانیی نـا و لـە نامەیەکـدا ئامـادەیی خۆیـان بـۆ هاوکارییکردن لەگەڵ بارزانییدا ڕاگەیاند.

ساڵی ١٩٤٥، حکومەتی عێراق بـە هاوکـاریی فڕۆکـە بۆمبهاوێژەکـانی ئینگلیـز و جاشە خۆماڵییەکان، توانی شۆڕشی بـارزان تێکبشـکێنێت و بارزانییـەکان ناچاربکـات بـە هـەزاران ئـافرەت و منداڵـەوە، ناوچـەی بـارزان بـەجێبهێڵن و لـەژێر بۆمببـارانێکی توند و بە تەوژمدا، ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن.

بارزانییەکان ڕۆژی ١٣٢٤/٧/١٩- ١٩٤٥/١٠/١١ بە ڕێـی کێلەشـین و مەرگـەوەڕ و چیای داڵانپەڕدا خۆیان گەیاندە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەلایەن حوسێن فروهەر "زێڕینگـەران" سـەرۆکی پێشـووی کۆمەڵـەی ژیـانەوەی کوردسـتان و ژمـارەیەک لە ئەنـدامانی کـۆمەڵە و دانیشـتوانی ناوچەکـەوە، بەگـەرمی پێشـوازیی کـران. شـێخ ئەحمەدی بارزان لەگەڵ ژمارەیەک لە مەهاباد جێگیرکرا و مسـتەفا بـارزانیی لەگـەڵ چەند پێشمەرگەیەک لە گوندی "نێرکێ" لە ناوچەی تەرگەوەر دابەزی کە فەرماندەی سوپای سۆڤیەتی لێبوو.

---

[1]- کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، لاپەڕەی١٩٠، وەرگێڕانی حامید گەوهـەری، چاپ و بڵاوکردنـەوەی دەزگای وەرگێڕ، هەولێر ٢٠٠٧.

دوای بەشدارییکردنی مستەفا بارزانیی لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا و کاتێک حکوومەتی ئازەربایجان بە هاوکاریی و هێزی سەربازیی سۆڤیەت، سوپای نەتەوەیی دامەزراند، قازی محەمەد داوای لە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی کرد، لە بەرامبەر ئەو یارمەتیانەدا کە ڕوسەکان بە کۆماری ئازەربایجانی دەدەن و بۆ بەرنگاربوونەوە دژی ئەو ڕووداوانەدا کە لە بە دوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت ڕەنگە لە کوردستاندا سەرهەڵدەن، ئەوانیش بێن و پاڵپشتیی کۆماری کوردستان بکەن. دوای هاودەنگیی کردنی پێشەوا و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ پێشنیاز و داخوازییەکانی شێخ ئەحمەد و بارزانیی، مەلا مستەفا ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/٩- ١٩٤٦/٢/٢٨ بە شێوەیەکی ڕەسمیی گەڕایەوە بۆ مەهاباد و لە لایەن ڕێبەرانی حیزبیی و حکومەتی کۆماری کوردستانەوە پێشوازیی کرا. ڕۆژنامەی کوردستان دەربارەی هاتنی بارزانیی بۆ مەهاباد نوسی:

**اخبار نیو خۆمان مەلا مصطفی بارزانی**

جنابی آغای مەلا مصطفی قائدی کوردی بارزان روژی ٩-١٢-١٣٢٤ ساتی ٥ پاش نیوەرو واردی مەهاباد بو. وەختی گەیشتە نیو باغان ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی پیشوازیان لی کرد وەختی جنابی مەلا مصطفی لە چومی پەریوە بە احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتە دا کمیتەی مرکزی هەنگاویان توندتر کرد و لە قەراغ چومی پیک گەیشتن، برای خوشەویست صدیق حیدری مراسمی بەخیر هاتنی بە جی هینا و هەمو اندامەکانی کمیتەی مرکزی بە مەلا مصطفی ناساند و ئەویش دەستی لە نیو دەستی هەموان نا و لە نهایتی خوشی دا بو کانگای حزبی دیموکرات هاتن و لە سالونی انجمنی فەرهەنگی دانیشتن و لە ساتی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان بە پی [ القادم یزار] تشریفی بو کانگا هاتوو ملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرمو، لەو وەختە دا محمد افندی خطاب بە حضرتی پیشوا خطابیک کە وینەی احساساتی قلبی مەلا مصطفی بو کە خصوص خو دە پیناو نانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە ریی سەربەستی کوردستان خویندەوە و جنابی پیشواش وەلامی دانەوە و ئەوانی بی اندازە بە حکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد، پاشان حضرتی پیشوا تشریفی بردە سالونی تایبەتی خوی ئەنجا مەلا مصطفی بە حضوری شرفیاب بو و ماوەی دو سات پیکەوە خەریکی گفتوگو بون. مەلا مصطفی پیاویکی سیاسی و زعیمی کوردی بارزانە لە ریی سەربەستی کوردستاندا زوری مەینەت کیشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ایل و عشیرەتی ویان بە گوناهی آزادیخواهی

دەربەدەر و لە نیشتمانی خوشەویستیان وەدەر ناوە. ذاتی نیوبراو بیجگە لەوەی قائدیکی بەرزە پیاویکی زانا و تی گەیشتوە متمدن و نیشتمان پەرستە و تەمەنی لە حدودی چل پینج سال دایە[1].

ڕۆژنامەی کوردستان دەقی وتارەکەی بارزانیی لە ژمارەی ٢٣، بڵاوکردەوە. بارزانیی لە وتارەکەیدا کە یەکەم وتاری بوو لە کۆماری کوردستاندا و محەمەد مەحمود قودسیی خوێندیەوە، گوتی:

**پیشەوای معظم گەورە بەریزەکانم**

**بە ناوی کوردی وریا بووەوە لەژیر ماوەی پەیرەوی کونی زەبربەدەستی، بە ناوی سەرکردەی شورشی گەل لە بارزان، شورشی بەرهەلستی سەرگەردانی، شورشی نەهیشتنی ظلم و استبداد، روژباش پیشکەشی دانیشتوانی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەم، کە آلای پیروزیان لە سیەیەکی نیشتمانیی گەورەدا بلیند کردەوە بە ناوی خوینی پاکی گەلی کوششکەرانەوە کە لە مەیدانی آزادیدا پیشکەشیان کردوە، هاوارتان دەکەینی کە ئەم بەرە پیروزە بە آزادیو سەربەخویی پی بگەیینن. بە ناوی فرمیسکی چاوی بیوەژنان و آە و نالینی هەتیوانەوە هاوارتان دەکەینی کە پەیمانی حقوقی گەل بدەن، اقتصادیان بپاریزریت، پشتی فەرهەنگ بگرن بە پەروەردە کردنیکی گیانی دیموکراتیەوە، پاریزگاری لە دیموکراتی بفرمون کە کەرییکەی پیش خستنی گەل و سەربەخویی نیشتمان و رویشتنە بەری وەیە لە گەل کاروانی گەلانی آزادی بەرەو تەواوەتی و مروانی.**

**بی گومان لەبیر ناکریت کە حکومەتی کوردستانی آزاد هیشتا لە یەکەم قوناغیەتی وە کوششی ایوەی پی دەویت، بو سەرکەوتنی کوردستانی مەزن و رزگاربونی و یامەرتی گەلی شی پی ویستە ئەو بەشانەی نیشتمانی مەزنمان کە لە ژیر دەستی بیگانەدان، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بریوەتە یارمەتی ئەو آلایە کە لەسەر ئەم حکومەتە دەشەکیتەوە، دەیەویت بیتە ژیر سیبەریەوە، لە پیاوەکانی حکومەت دەخوازن کە براکانیان لەو پیوەندی آسنینە رزگار بکەن کە تیدا دەنالینن.**

**پیشەوای معظم : گەورەکانم.**

**ئەو سیاسەتە حکیمە جوانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەری رویشت و سەربەخۆیی نیشتمان و آزادی کوردی وەرگرت، آمادەیە کە بچیت بە هاواری نیشتمانی گەورەوە، و گەلی کورد سەرتاپا رزگار بکا.**

---

[1]- کوردستان ژمارەی ٢١، لاپەرەی ٤، شەممو ١١ رەشەمەی ١٣٢٤، ٢ مارس ١٩٤٦.

**لەم کاتەدا، لە هەمو کانی دلمانەوە و یاریدەی راستیمانەوە بەرەو گەروەترین شخصــیەتی کــورد، ئــەو شخصــیەتەی کــە گــەلی کــورد بــە بیــری بــەهیزی و سەرکردیەکی حکیمانەوە بە ریگای دیموکراتیدا برد و گەیاندیە سفرەی آزادی، بە کوششیکی عبقری و عزمیکی قایم وە سـەرکردەی دیمـوکرات، پیشـەوای معظمـی کوردستان جنابی قاضی محمد، خومان پیشکەش دەکەین.**

**با هەمو پیکەوە هاوار کەین بژی سەرکردەی مخلیصی کوردستان، بژی گەلی کورد پشت بەست بە دیموکراتی، بژی پارتی آزادی کوردستان و پارتی گەل، بژی پارتی دیمـوکرات، بـژی نیشـتمانی مـەزنمان بـە سـەربەخو و آزادی، بـژی یەکـەتی سوفیاتی مەزن هەتا بی گەلانی خوش بەختی آزادی و سەربەخو بی[1].** (پاشبەندی ٢٢)

ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژەی نووسینەکانیدا دەربارەی هاتنی بارزانیی بۆ مەهاباد و دیدار و سەردانەکانی دەنوسێت:

[ زعیم مەلا مصطفی] بارزانی

لە ژمارە ٢١ روژنامـەی کوردسـتان وەلامـی تشـریف هینـان و چلونـەتی وارد بونی زعیم مەلا مصطفی مان بـە عەرضـی خویندەوارانی خوشەویست گەیاند ئـەوا لــە ژیــرەوە هینــدی لــە چلونــەتی مانــەوەی ئــەم پیــاوە لــە مەهابــاد بــو آگــاداری خویندەواران دەنووسین :

روژی جمعە ١٠-١٢-١٣٢٤

ئەندامانی حزب و اشراف و آغایانی شاری مەهاباد و روئسای عشیر یەک بە دوای یەکدا چونە خو پێ ناسینی میوانی خویـان. هـەر کـە کـاتی نـویژی جمعـە هـات زعیم مەلا مصطفی لە گەل اندامیکی هەیئەتی مرکزی حزب تشـریفی بـردە مزگـەوتی جامعە و فریضـەئی خدای مەزنی لە گەل هەمو مسلمانانی شاری مەهاباد دا لە سـەر خو لابرد و دوایی لـە نـاو قەلـەبالغیکی زور دا گەرایـەوە یانـەی فەرهـەنگی، مرکزی حزب.

روژی شەممو ١١ - ١٢ - ١٣٢٤

بەیانی ١١- ١٢- ١٣٢٤ زعیم ملا مصطفی و ئەفسـەرانی و یەکیک لە ئەندامانی هیئـەتی مرکـزی آغـای احمـد الاهـی تشـریفیان چـووە هیـزی کوردسـتان و هـەر کـە گەیشتنە ئەوی لە لایەن قـەرەولی تایبەتیـەوە رسـمی تعظیمـی بـو کـرا و سـەرکردانی

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢٣، لاپەڕەی ٣، ڕۆژی چوارشەممە ١٣٢٤/١٢/١٥- ١٩٤٦/٣/٦.

هیز بە سەرکردەی فرماندەی هیزی مرکزی محمد نانەوازادە پیش وازی کرا و یەکە یەکە سەر کردەکانی پی ناسرا نزیکەی نیو سەعاتیک لە گەل سەرکردەکاندا رای بوارد و لە دواییدا یەکە یەکە چوە لای سەرکردەکان لە جیگای خویاندا وە پیروزبایی خوی پیشکەش کردن و داوای لی کردن کە هەموو بە گیانیکی پاکی نیشتمان پەروەرانەوە ببنە سپری نیشتمان و پیش خذمەتی پیشەوای معظم. کانگای هیزی بەجی هیشتە و بە بزوکی "ئوتۆمبیل- نووسەر" حضرتی پیشەوا روی کردە دەبیرستان و لەوی قوتابیەکان هەمو کو ببونەوە لە دوای زیارەتی ماموستاکان و رەئیس هیئەتی فەرهەنگ آغای رشید آغای همزە آغا تشریفی بردە لای شاگردەکان وە لیرەدا ئەفسەر عبدالرحمن طیب مفتی چەند آموژگاری و پیروزبایەکی بە ناوی زعیم مـلا مصطفی وە پشکەش کردن لە دوایدا زعیم مـلا مصطفی روی کردە ادارەی شارەوانی و مامورانی ئەو ادارەیەشی زیارت فرمو هەر وەها تشریفی بردە ادارەی دژبانی و لە دوای ئەوە روی کردە مدرسەی گەلاویژ وە بە هوی آغای احمد الاهیەوە ماموستایانی ناسین و یەکە یەکە بە پولەکاندا گەرا وە لە هەمو پولیک ئەفسەر محمد محمود بە ناوی زعیم مەلا مصطفی وە اظهاری خوش وەختی و آمۆژگاری بو شاگردەکان دەکرد: لە دواییدا تشریفی بردە مدرسەی کوردستان دیسان لە گەل ماموستایان خوناسیان کرد و بە ناو پولەکاندا گەرا و لە هەر پولیک سرودیک دەخویندرایەوە. انجا زعیم مەلا مصطفی گەرایەوە مرکزی حزب.

شەوی یەک شەممو ١٢ - ١٢ - ١٣٢٤

زعیم مەلا مصطفی تشریفی بردە چاپخانەی کوردستان وە لە لایەن مدیری چاپخانە آغای قادری مدرسی بە هوی آغای احمد الاهیەوە خو ناسینیان کرد وە لە دواییدا لە لایەن محمد محمودەوە چەند آموژگاریەک بە کارگەرانی چاپخانە کرا و سپاسی مدیری چاپخانەی بە ناوی زعیم مەلا مصطفی وە کرد

روژی یەک شەممو ١٢ - ١٢ - ١٣٢٤

بەیانی لە گەل ئەفسەران و آغای احمد الاهیی تشریفی بردە لای رئیسی هیئەتی رئیسەی میللی کوردستان جنابی سید حاجی باباشیخ و لە دوای سەعاتیک گفتوگوی گیانی بە گیانی بە خوشیەوە زعیم ئەویی بە جی هیشت و گەرایەوە مرکزی حزب.

روژی دوشەممو ١٣ - ١٢ - ١٣٢٤

بەیانی دیسان زعیم مەلا مصطفی و ئەفسەرانی لە گەل آغای کریم احمدین

تشـریفی بـردە ادارەی شـارداری لـە لایـەن آغـای میـرزا غنـی خسـروی رئـیس شـارداریەوە پیش وازی کرا و نزیکـەی نیـو سـەعاتیک لـەوی رابیـوارد وە لـە گـەل مامورانی ئەم ادارەیە معارفـەی فرمـو و لـە دواییدا تشـریفی بردەوە مرکزی حزب. سەعات ١٠ اوارە دیسان خوی و ئەفسـەرانی محمد محمـود، عبدالرحمن طیب مفتی تشـریفیان بردە خذمت پێشـەوای معظم لـە یانـەی فرهنگی وە دیسـان نزیکـەی نیـو سەعاتیک گفتوگوی تایبەتیان بوو و گەرایەوە جیگای خوی[1].

بە دوای ئـەو دید و سـەردانانەیدا، مسـتەفا بـارزانیی لـە کۆمـاری کوردسـتاندا، پلـەی ژەنـەراڵیی پێبەخشـرا و ئەفسـەرە هاوڕێیەکانیشـی پلـەی بـاڵای سـەربازیان وەرگـرت. ٢٢٠٠ بـارزانیی پڕچـەک کران. لەوانـە ١٥٠٠ کەسـیان لـە سـێ بەتالیۆنـدا ڕێکخران و هەر سێ بەتالیۆنیان ڕەوانەی بەرەی شـەڕیی سـەقز کرد. ٧٠٠ کەسـیش وەک ئیحتیـات ڕاگیـران و چەنـد ئەفسـەرییش لـە دەسـتەی ئەرکانـدا لەگـەڵ بـارزانیی مانەوە[2].

هـاتنی بارزانییـەکان بـۆ نـاو کۆمـاری کوردسـتان، سـەرۆک هۆزەکـانی کێشـایە ژێر فەرمانی ئاڵای کوردسـتانەوە و ئەوانی لـە ڕاڕابـوون ڕزگـار کـرد. بـە نووسـینی ویلیام ئیگڵتن جۆنز، ڕێبەرانی کۆمار لەشکرێکیان پێکهێنا کە ژمـارەی ١٢٧٥٠ کـەس بوو. لەو ژمارەیە تەنیا بارزانییەکان و ٧٠٠ پێشـمەرگەی هـەرکیی بـە سـەرکردایەتی زێـرۆ بـەگ پیـادە بـوون و ٩٩٥٠ پێشـمەرگە کـە دەرەبەگـەکان سـەرۆکایەتییان دەکردن، پێشمەرگەی سوارە بوون:

| | |
|---|---|
| **بارزانیی بە سەرکردایەتی مەلا مصطفی** | **١٢٠٠ پیادە** |
| **بارزانیی بە سەرکردایەتی شیخ ئەحمەد** | **٩٠٠ پیادە** |
| **جەلالیی و میلانیی** | **٤٠٠ سوارە** |
| **شوکاک بە سەرکردایەتی عومەر خان** | **٨٠٠ سوارە** |
| **شوکاک بە سەرکردایەتی طاهر خانی سمکۆ** | **٥٠٠ سوارە** |
| **هەرکی بە سەرکردایەتی رشید بەگ و بەگزادە بە سەرکردایەتی نوری بەگ** | **١٠٠٠ سوارە** |

[1]- روژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٦، لاپەرەی ٣، دوشەممو ٢٧ رەشەمە ١٨ مـارس ١٩٤٦ و ژمـارەی ٢٧، دوو شەممو ٥ خاکەلیوەی ١٣٢٥، ٢٥ مارسی ١٩٤٦.

[2]- بارزانیی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، نووسینی مەسعود بارزانیی، چاپخانـە (خەبات) دهۆک ١٩٩٨.

| | |
|---|---|
| هەرکی بە سەرکردایەتی زیرو بەگ | ۷۰۰ پیادە |
| بنەماڵەی سید عبدالله گەیلانی بە | |
| بە سەرکردایەتی سید فهیم | ۲۰۰ سوارە |
| زەرزا بە سەرکردایەتی موسی خان | ۳۰۰ سوارە |
| قەرە پاپاخ "تورک" بە سەرکردایەتی | |
| پاشا خان و خسرو خان | ۵۰۰ سوارە |
| مامەشی تیرەی کاک عبدالله قادری | ٤۰۰ سوارە |
| مامەش بە سەرکردایەتی کاک هەمزەی | |
| نەلوسی امیر عشائیری | ۵۰۰ سوارە |
| پیران بە سەرکردایەتی محمد امین آغا | |
| و قرەنی آغا | ۳۰۰ سوارە |
| مەنگور بە سەرکردایەتی عبدالله بایزیدی ۳۰۰ سوارە | |
| مەنگور بە سەرکردایەتی سەلیم آغای ئوجاغ | ۲۰۰ سوارە |
| مەنگور بە سەرکردایەتی علی خان و ابراهیم سالار | ٤۰۰ سوارە |
| گەورکی سردشت بە سەرکردایەتی کاکەللا | ۲۰۰ سوارە |
| گەورکی مەهاباد بە سەرکردایەتی بایزی عزیز آغا | ۳۰۰ سوارە |
| گەورکی سەقز بە سەرکردایەتی علی جوانمردی و | |
| محمد آغا و حاجی ابراهیم آغا | ٤۰۰ سوارە |
| تیکەلاو لە خیلەکانی سردشت | ۵۰۰ سوارە |
| تیرە سوسنی | ۱۰۰ سوارە |
| دیبوکری مەهاباد بە سەرکردایەتی جعفر کریمی | ٤۰۰ سوارە |
| دیبوکری بوکان بە سەرکردایەتی | |
| ئاغایانی ایلخانی زادە | ۵۰۰ سوارە |
| فیزوللا بەگی بوکان و سقزا | ۸۰۰ سوارە |
| بنەمالەیبداغی سقز | ۲۰۰ سوارە |
| تیکەلاو لە تیرەکانی مەهاباد و شاهیندژ | ۳۰۰ سوارە |
| حەمە رشید خانی بانە | ۳۰۰ سوارە |
| پیشمەرگەی جوانرو و هەورامان | ۱۵۰ سوارە |
| کۆی پیشمەرگەکان | ۱۲۷۵۰[1]. |

[1]– ئیگلتن، کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦، هەمان سەرچاوە

## چوونی ئەحمەد قەوامولسەڵتەنە بۆ سۆڤیەت و بڕیاری دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە خاکی ئێران

لە بەشی "**پێکهاتنی سوپای نەتەوەیی لە ئازەربایجان**"دا گوتم ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٦ مەجلیسی شورای میللیی ئێران دەست لەکار کێشانەوەی "حەکیم ئەلمولک"ی قبووڵ کرد و ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٧ بە قەوامولسەڵتەنەی ڕاسپارد کە حکومەتی نوێ پێکبهێنێت. ڕۆژی١٩٤٦/١/٣١ ئەحمەد قەوام دەستی بەکار کرد. کاتی باسکردنی کابینەی قەوامولسەڵتەنە لە مەجلیسی شورای میللییدا، دەزگای تایبەتیی سۆڤیەت لە تاران بە فراکسیۆنی حیزبی تودەی لە مەجلیسدا ڕاسپارد کە پشتگیریی کابینەی پێشنیارکراوی قەوام بکەن، لە ئەنجامدا قەوامولسەڵتەنە توانی بکەوێتە پێش موتمەنلمولک و بە یارمەتی سۆڤیەتییەکان بە دەسەڵات گەیشت.

قەوامولسەڵتەنە ڕۆژی هەژدەی فیوریە، لە کاتی پێشکەش کردنی پرۆگرامەکەی بە مەجلیس، گوتی دەبێت پێوەندیی نێوان ئێران و سۆڤیەت لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە لە یەکتر بێت. هەر کە کابینەکەی لە لایەن مەجلیسەوە متمانەی پێبەخشرا، بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە لایەن ستالینەوە پێگەیشت. قەوام لە وەڵامی ئەو بروسکەیەدا نوسی بە ئاواتە بە سەرۆکایەتی لیژنەیەک بچێت بۆ مۆسکۆ و بەشداریی بکات لە وتووێژی نێوان سۆڤیەت و ئێراندا. هەر ئەو ڕۆژە، ستالین بانگیکرد و ئەویش لە ماوەی بیست کاتژمێردا ڕایگەیاند کە دەچێت بۆ مۆسکۆ.

حەکیم ئەلمولک سەرۆکوەزیرانی پێشوو چەندان جار داوای کردبوو بچێت بۆ مۆسکۆ، بەڵام ڕوسەکان بانگیان نەکرد. مەجلیسی ئێران، سەفەری قەوامی بە دەستکەوتێکی باش هەڵسەنگاند و هیوای خواست کە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران واژۆ بکرێت. ئەندامانی لیژنەی ئێران بۆ وتووێژ، بریتی بوون لە: عەبدولحوسێن نیکپوور بەڕێوەبەری خانەی بازرگانیی، حوسێن پیرنیا، ئەسەدی و کازم سیاح لە وەزارەتی دەرەوە. جگە لەوانە ڕەزازادە شەفەق، جەواد ئەمیری، حەبیبوڵا دری، سەرلەشکر شەفایی و ڕۆژنامەنوسان عەمید نوری و جیهانگیر تەفەسولی یاوەرانی سەرۆکوەزیران بوون.

قەوامولسەڵتەنە لە کاتی سەفەرکردنیدا بۆ مۆسکۆ، دوو ڕۆژنامەی یاساخکراوی بە ناوی "رهبر" ئۆرگانی حیزبی تودە و "ظفر" ئۆرگانی ناوەندیی سەندیکاکانی کارگەران ئازاد کرد و فەرمانیدا قفڵی دەرگای بارەگای حیزبی تودە و

سەندیکای کارگەران بکەنەوە. قەوام بە ئەندامانی حکومەتەکەی ڕاگەیاند کە تا گەڕانەوەی لە مۆسکۆ، لە مەجلیسدا باسی هیچ شتێک نەکەن.

لە مۆسکۆ، مۆلۆتۆڤ جێگری سەرۆکی شورای کۆمیساریای یەکیەتی سۆڤیەت و کۆمیسێری کاروباری دەرەوە و جێگرەکەی دکانازۆڤ، سیچێڤ بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی کۆمیساریای دەرەوە، پێشوازییان لە قەوامولسەڵتەنە کرد. بە هۆی نەخۆشبوونی مەجید ئاهی باڵیۆزی ئێران لە مۆسکۆ، هاوسەرەکەی لەگەڵ ئیحتشامی ڕاوێژکاری سەفارەت بۆ پێشوازییکردن هاتن. لە نێوان پێشوازییکەراندا باڵیۆزی تورکیا، کارداری سەفارەتی بریتانیا و کارداری سەفارەتی ئەمریکا دەبینران. قەوامولسەڵتەنە لە وتارێکی کورتدا لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ، گوتی: ( **زۆر خۆشحاڵم کە وەک دۆستێکی خۆشەویست هاتوومەتە پایتەختی وڵاتی دۆستمان. گومان لەوەدا نیە کە ئێمە لێرە دەتوانین لەگەڵ دراوسێی گەورەمان یەکیەتی سۆڤیەت، پێوەندیی نزیک و دۆستانە دابمەزرێنین.**)

لیژنەی ئێرانیی ١٩ ی فیوریە تا ٧ ی مارس لە مۆسکۆ و لە ٨-١٠ ی مارس لە باکۆ بوو. وتووێژە بنەڕەتییەکان لەگەڵ مۆلۆتۆڤدا کران و قەوام دوو جاریش چاوی بە ستالین کەوت. وتووێژەکانی ٢٠ - ٢٣ ی فیوریە لەگەڵ مۆلۆتۆڤ و ٢١ ی فیوریە لەگەڵ ستالین، زۆر دژوار بوون. قەوام لە هەر دوو دیداردا، دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێران تا ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/١١- ١٩٤٦/٣/٢ بە یارمەتییەکی دەرونیی سۆڤیەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان و دیارییکردنی باڵیۆزی نوێی سۆڤیەت ناوبرد. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، ستالین کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێران بە پەیمانی ساڵی ١٩٢١ ـەوە بەستەوە. قەوام جیاوازیی نێوان ئەو دوو پەیمانەی بە ستالین گەیاند. ستالین دواتر ئاماژەی بۆ "پێوەندیی دوژمنکارانەی" لیژنەی نوێنەرایەتی ئێران لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ کرد و قەوام بە تەنیا ئاماژەی بۆ ناوی "مشاورلمالکی" سەرۆکی لیژنەکە کرد[1].

ستالین لە ڕەوتی وتووێژکاندا پەردەی لەسەر ویستی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ڕاگرتنی هێزەکانی لە ئێران لادا و گوتی لەگەڵ ئەوەشدا کە ئازەربایجانییەکان داوای سەربەخۆیی ناکەن و تەنیا خودموختارییان دەوێت، بۆچی ئێران لەو بارەیەوە نارەحەت دەبێت؟ ستالین تێیگەیاند کە بە هەر شێوەیەک بێت سۆڤیەت

[1]- مشاورلمالک سەرۆکوەزیران لە یادداشتێکدا بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان، داوای کردبوو، قەفقاز و تورکمانستان لەگەڵ ئێران یەکبخرێن- وەرگێڕی ف.

تێکەڵاوی ئەو کێشەیە بووە و ناتوانێت خۆی لێ بدزێتەوە. قەوام گوتی بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی ئێران، خودموختاریی ئازاد نیە و ئەگەر بە ئازەربایجان خودموختاریی بدرێت، ویلایەتەکانی تریش داوای خودموختاریی دەکەن.

لە ڕەوتی ئەو وتووێژانەدا، مۆلۆتۆڤ پێشنیازی کردبوو کە وەزارەتەکانی دەرەوە و جەنگی ئێران، بە ڕەسمیی دان بە ڕژێمی ئازەربایجاندا بنێن، بەڵام قەوام ئەو پێشنیازەی قبوڵ نەکرد. بە ڕای قەوام، کێشەی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی لە چوارچێوەی یاسادا چارەسەردەکرێت. لەو وتووێژانەدا ستالین و مۆلۆتۆڤ گوتیان لەگەڵ ئەوەشدا کە لێبوردن هەیە لە بەرامبەر بریتانیادا، سەبارەت بە سۆڤیەت سیاسەتی جیاوازیی دەکرێت. لەو بارەیەوە قەوام ئاماژەی بۆ بڕیاری مەجلیسی شورای میللیی ڕاکێشا کە پێدانی ئیمتیازی نەوتی یاساخ کردووە.

کاتێک قەوامولسەڵتەنە ئاماژەی بۆ ڕای نێگاتیڤی دەوڵەتی گەورەی سوڤیەت سەبارەت بە ئێران کرد، ستالین و مۆلۆتۆڤ وەڵامیاندایەوە و گوتیان: (**بۆ ئێمە گرنگ نیە کە بریتانیا و ئەمریکا چۆن بیردەکەنەوە، ئێمە لەوان ناترسین**[1].)

میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ دەربارەی دەنگدانەوەی وتووێژی مۆسکۆ لە ئازەربایجاندا، چەندان ڕاپۆرتیان نارد بۆ باکۆ. سێ ڕۆژ دوای دەستپێکردنی وتووێژ لە مۆسکۆ، باقرۆڤ بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤی نوسی: (**لە ئازەربایجانی ئێران ڕای گشتیی لە سەفەری قەوام بۆ مۆسکۆ دەکۆڵرێتەوە. لایەنی کۆنەپەرستەکان هیوادارن قەوام بتوانێت لە وتووێژەکانیدا بۆ کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەی دیموکراتیی لە ئازەربایجاندا هاودەنگیی بەدەستبهێنێت. کۆمەڵانی خەڵکی لایەنگری دیموکراسیی دڵنیان کە یەکیەتی سۆڤیەت ئەو دەرەتانە بە قەوام نادات کە بەرژەوەندەکانی ژیانی ئازەربایجان بخاتە مەترسییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەست و بیرکردنەوەی ڕاچڵەکێنەر دەبینرێت. دیموکراتەکان، قەوام بە دوژمنی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئێران دەزانن، بە پەرۆشن و دەترسن قەوام متمانەی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە ساڵی ١٩٠٨ دا کە شۆڕشی نەتەوەیی لە ئازەربایجان تێکدرا، قەوام وەزیری ناوخۆی ئێران بوو. هەروەها کاتێک لە ساڵی ١٩٢٠ دا بزوتنەوەی ئازادییخوازانەی نەتەوەیی گیلان تێکشکێنرا و میرزا کوچک خانیان کوشت، قەوام ئەندامی حکومەت بوو** [2].)

---

1- دەستپێکردنی شەڕی سارد، هەمان سەرچاوە Foreign Relation of the US, 1946, Volume AII, p. 350-354.

2- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i, 112,v,28

ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/١٥- ١٩٤٦/٢/٢٤ قەوام لە یادداشتێکدا کە ئاراستەی مۆلۆتۆڤی کرد، دوای دووپاتکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی دەربارەی باسە باسکراوەکان، نوسی: (**بە ڕای من بە مەرجی پاراستنی سەربەخۆیی و یەکیەتی خاکی ئێران، بە بەڕێوەبردنی ئەم چاکسازییانەی خوارەوە، کێشەی ئازەربایجان چارەسەردەکرێت:**

**١- هەموو ئەو کەسانەی دەستیان هەبوو لە چالاکی پێکهێنان و خودموختارییدا، لێبوردنی گشتییان بۆ دەردەچێت.**

**٢- هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی کە بەو مافانەی خوارەوە دەگەن، بە زوویی بکرێت.**

**ئا- مافی چاودێرییکردن بەسەر بودجەی ناوچەدا، باجە وەرگیراوەکان و سەرفکردنیان.**

**ب- مافی دانانی ڕادەی باجەکان بۆ پێویستییەکان و چاکسازیی ناوچەیی وەک دروستکردنی جادە، پەروەردەی گشتیی، تەندروستیی و شتی تر.**

**پ- مافی چاودێرییکردن بەسەر فرۆشتن، گۆڕینەوە و سپاردنی موڵک و سامانە دەوڵەتییەکان بە پارێزگای ئازەربایجان بەگوێرەی ئەو یاسایانەی کە هەن.**

**ت- مافی دەربڕینی بیروڕا لە کاتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەراندا بۆ دەزگا و پێکهاتە دەوڵەتییەکان، وەک شارەوانیی، پەروەردە، تەندروستیی، شارەبانیی، تەنانەت دیارییکردنی پارێزگار.**)

لە کۆتایی یادداشتەکەیدا، قەوام نوسی: (**بە هەر حاڵ، بە ڕای من مەرجی پێویست بۆ زنجیرەیەک چاکسازیی لە سەرانسەری وڵاتدا، پێکهاتنی زەمینەیە. بۆ دەستەبەرکردنی دۆستایەتییەکی ڕاستینە لە نێوان ئێران و سۆڤیەتدا و گەشەپێدان و چارەسەرکردنی کێشەی ئابوری بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، بەستراوەتەوە. نەتەوەی ئێران پشتیوانیی لەم سیاسەتە دەکات**[1].)

مۆلۆتۆڤ لە وەڵامی ئەو یادداشتەی قەوامدا، بیروبۆچوونی یەکیەتی سۆڤیەت کە لە وتووێژەکاندا باسکرابوون، بە نوسراو ڕوندەکاتەوە. سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان دەنوسێت:

١- لە پارێزگای ئازەربایجاندا خودموختاریی پێکبێت. خودموختاریی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان و لە لایەن ئەنجومەنی ئەیالەتییدا لە ویلایەت، بە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی لە لایەن

---

[1]- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,113,v,65-67

ئەنجومــەنی ویلایەتییــەوە دەســت بــە کــار بکــات. هــەڵبژاردنی ئەنجومەنــەکان لــە چوارچێوەی پـەیرەوێکی پەسـندکراودا بکرێـت کـە بـۆ هـەڵبژاردن لـە ئازەربایجـان ئامــادە دەکرێــت. حکومــەتی ئەیالــەتیــی ئازەربایجــان بــۆ خــۆی ســەرۆکوەزیران، وەزارەتی کشـتوکاڵ، وەزارەتـی کـار، وەزارەتـی پـەروەردە، وەزارەتـی تەندروسـتیی، هەروەها شارەبانیی، داد و دادوەریی دەبێت.

٢- مـافی کـەڵکوەرگرتن لـە زمـانی دایـک لـە دەزگـا و ئیـدارە دەوڵەتییـەکان و دادگاکاندا بدرێت بە خەڵکی ئازەربایجان و پەروەردەکردن بـە زمـانی دایـک بێت. لـە پێوەنـدیی نێـوان حکومــەتی ئەیالــەتیی ئازەربایجــان و ناوەنـددا، زمــانی فارســی بەکاردەهێنرێت.

٣- سەرۆکوەزیرانی حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان لە هەمان کاتدا لە لایـەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمیی بە پارێزگـاری ئازەربایجـان دەناسرێت. فەرماندەکانی دەزگـا سەربازییەکانی ئازەربایجان، بە هاودەنگیی حکومەتی ئەیالەتیی، لە لایەن دەوڵەتـەوە دیارییدەکرێن،دەزگا سەربازییەکان و گروپە نەتەوەییەکان هاوئاهەنگ دەکرێن.

٤- ٧٠% ی داهــاتی ئازەربایجــانی ئێــران بــۆ بودجــەی حکومــەتی ئەیالــەتیی ئازەربایجان دابنرێت.

٥- دەوڵـــەتی ئێـــران چـــالاکیی ئازادانـــەی فیرقـــەی دیمـــوکرات، ســـەندیکا کارگەرییەکان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە ئازەربایجان دەستەبەر دەکات.

٦- کـــاتی هـــەڵبژاردنی مەجلیســـی شـــورای میللیـــی، ژمـــارەی نوێنـــەرانی ئازەربایجانی ئێران لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی خەڵکی ئازەربایجان، زیاددەکرێن.

دوای ئەوە، مولۆتۆڤ دەربارەی کێشەی نەوت دەنوسێت: **(حکومەتی سۆڤیەت بە لەبەرچاوگرتنی داخوازیی حکومەتی ئێران، پێشنیازی سپاردنی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران بە یەکیەتی سۆڤیەت وەردەگرێتەوە و لەجیاتی ئـەوە پێشـنیازدەکات کۆمپانیایەکی تێکەڵاوی سۆڤیەتیی- ئێرانیی بۆ پشکنین و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی باکوری ئێران دابمەزرێت. بەشی سۆڤیەت لـەو کۆمپانیایـەدا ٥١% و بەشـی ئێران ٤٩% دەبێت.)**

ڕای مۆلۆتـۆڤ دەربـارەت هێزەکـانی سـۆڤیەت لـە ئێـران، بـەم جـۆرە بـوو: **(دەوڵــەتی ســۆڤیەت دەیــەوێت لــە دووی مارســی ئــەم ســاڵدا دەســتبکات بــە کشــاندنەوەی هێزەکــانی لــە هەنــدێک ناوچــەی ئێــران و ئــەوانی تــر بــەگوێرەی پەیماننامەی ٢٦ ی فیوریە ١٩٢١ بە شێوەی کاتیی بۆ ماوەیەک لە ئێران دەهێڵێتەوە. کاتێک هەموو هێزەکانی سۆڤیەت، ئێران بەجێدەهێڵێت کە دەوڵەتی ئێران کۆتایی بە**

**دوژمنکارییەکانی دژ بە سۆڤیەت بهێنێت و لە باکوری ئێران ئارامیی پێکبێت و سیاسەتی دۆستانە لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بگرێتەبەر[1].)**

لەبەرئەوەی کە قەوامولسەڵتەنە پاشەکشەی لە وتە و بۆچوونەکانی نەکرد، ساچیکۆڤ باڵیۆزی نوێی یەکیەتی سۆڤیەت لە تاران ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٨ یادداشتێکی توندی نارد بۆ قەوام و هەموو پێشنیازە ئاشتییخوازەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی هەڵوەشاندەوە. سەرەڕای ئەوە، بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتیی جیهان، دەوڵەتی سۆڤیەت ڕایگەیاند کە ڕۆژی ١٩٤٦/٣/١ هێزەکانی خۆی لە مەشهەد، شارود و سمنان دەکێشێتەوە.

ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/١٢– ١٩٤٦/٣/٣ قەوامیش یادداشتێکی توندی بۆ مۆلۆتۆڤ نارد. لە یادداشتەکەیدا پشتی بە پەیمانی ڕۆژی ١٩٤٢/١/٢٩ بەست کە لە تاران لە نێوان دەوڵەتانی ئێران، سۆڤیەت، ئینگلیزدا واژۆ کرابوو، ویستی هێزەکانی سۆڤیەت لە هەموو خاکی ئێران بکشێنەوە[2].

گۆڕینەوەی ئەو یادداشتانە لە نێوان قەوامولسەڵتەنە و کاربەدەستانی یەکیەتی سۆڤیەتدا، هەروەها دوا دیداری قەوام لەگەڵ ستالین، ئەنجامیان نەبوو. کاتێک وتووێژەکانی قەوام و مۆلۆتۆڤ ئەنجامیان نەبوو، قەوام سکاڵای لە ستالین کرد. ستالین بە زەردەخەنەوە گوتی: **(ئێستا تۆ باش لە وەزعی من دەگەیت! من بە مرۆڤێکی توند و قسە لە کەس وەرنەگرتوو "انعطاف ناپذیر" ناسراوم، بەڵام لە نێوان ئێمەدا کەسی هەرە قسە لە کەس وەرنەگرتوو، مۆلۆتۆڤە. دیارە لە دۆخێکی ئاوادا من هەوڵدەدەم لە نێوان ئێوەدا ناوبژیی بکەم. هیوادارم کاتێک باڵیۆزی من دێتە تاران، هەڵگری چەند هەواڵی خۆش بێت بۆتان[3].)**

1– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i, 113,v.68- 69

2– هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 79

3– هەمان سەرچاوە: N. s. Fatemi. Oil Diplomacy. Powderkeg in Iran, p. 294

## ناردنی خوێندکار بۆ زانکۆی ئەفسەریی باکۆ

زانکۆی تەورێز بڕیاریدابوو ساڵی خوێندنی ١٣٢٥- ١٣٢٦ دەست بە کار بکات، سەرەتا بەشەکانی پزیشکیی، کشتوکاڵ و پەروەردەی مامۆستا و دواتر بەشی مێژوو، زمان، فەلسەفە، یاسا، فیزیک، ماتماتیک و زانستیی سروشتیی لە خۆیدا کۆبکاتەوە. دکتۆر جهانشاهلو جێگری سەرۆکوەزیر کرا بە سەرۆکی زانکۆ و دکتۆر دیباییان بوو بە جێگری. سەرۆک و جێگری سەرۆکی زانکۆ بە هاودەنگیی لەگەڵ "ئەندریە ڤیشینسکی" جێگری کۆمیسارییای کاروباری یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ئەزمونی زانکۆکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت، بانگکران بۆ باکۆ. بۆ ساڵی یەکەمی زانکۆی تەورێز ١٨٠ خوێندکار وەرگیران. لەو ژمارەیە ١٢٠ کەسیان لە بەشی پەروەردەی مامۆستا و ٦٠ کەس بۆ بەشی پزیشکیی دەستیان بە خوێندن کرد. بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان سەبارەت بە ناردنی ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ بۆ تەورێز، م. عەلیۆڤ وەزیری دەرەوەی ئازەربایجانی سۆڤیەت، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتی کرد. ئەندریە ڤیشینسکی لە بروسکەیەکی نهێنیدا بە ژمارە ١٤٩- ١٥٠، ناردنی مامۆستایانی زانکۆی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بۆ تەورێز پەسند کرد. هەڵبژاردنی کتێبەکانی خوێندن، درایە دەست مامۆستاکان و ئەو کتێبانەی کە لە زانکۆی ئازەربایجان دەخوێندران، دەبووایە لە تەورێز بە ئەلف و بێی فارسیی چاپ بکرێنەوە. مامۆستا دەستنیشان کراوەکان ڕەوانەی تەورێز کران[1].

لە گەشتی پێشەوا قازی محەمەد و سەرکردەکانی کۆمار بۆ تەورێز و ڕێککەوتنیان لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، دەستی پێشەوا قازی محەمەدیش کرایەوە کە بۆ قایم کردنی پایەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمار، ژمارەیەک لاو بۆ پەروەدە بوونی سەربازیی ڕەوانەی باکۆ بکات. ئەوە بوو لەگەڵ خوێندکارەکانی ئازەربایجان، لە کوردستانیش ٦٠ خوێندکاریان کورد لە مانگی مای ١٩٤٦ ڕەوانەی باکۆ کران. دەربارەی ناردنی ئەو ژمارەیە بۆ خوێندن، مەناف کەریمی وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان دەڵێت: (**موافەقەت کرا ٦٠ کەس لە لاوانی خوێندەوار بۆ پەروەردەی سەرکردەیی "ئەفسەریی" و زانکۆی جۆربەجۆری تر بنێرینە باکۆیە و ٤٠ کەسیشمان بە خوێندنگە نیزامییەکانی ئازەربایجانی ئێران کە لە لایەن**

[1]- دەستپێکردنی شەڕی سارد، هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 217-226.

**دەوڵەتی شورەوییەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران ساز کرابوون ناساند و لە ماوەی ٣ ڕۆژان دا ناردنی خوێندکارەکان دەستپێکرد[1].)**

یەکێک لە بەڵێنە زۆر ئەرێنییەکانی باقرۆڤ کە بە پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی دابوو، قبووڵ کردنی خوێندکاری کورد بوو بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بەشی سەربازی و بەشەکانی تردا لە باکۆ. لە مانگەکانی مارس و ئاپریلدا، قازی محەمەد بە هاوکاریی مەنافی کەریمی وەزیری پەروەردەی کۆماری دەستی کرد بە دۆزینەوەی ژمارەیەک گەنج کە بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن و لە داهاتوودا خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن. چونکە ئەو کاتە پلەی خوێندن لە خوارەوە بوو، هەرکەسێک پۆلی شەشی بنەڕەتی تەواو کردبوو، دەیتوانی هەڵبژێردرێت. لەبەر ئەوە زۆر زوو ٦٠ گەنجیان هەڵبژارد و ڕەوانەی باکۆیان کرد.... لەو ژمارەیەی کە چووبوون بۆ خوێندن، هەموویان دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان گەڕانەوە بۆ شار و گوندەکانیان، بەڵام ئەمانەی خوارەوە نەگەڕانەوە: سوڵتان وەتەمیشی، سەیید کەریم ئەیوبی، ڕەحمان گەرمیانی، حەسەن حیسامی، ڕەحیم سەیفی قازی، عەلی گەلاوێژ، حامید خەسرەوی و هاجەر زەندی. هەروەها ڕەحمان حەلەوی، خەسرەو زولفەقاری و مستەفا شەلماشی بورسی خوێندنیان لە باکۆ وەرگرت و نەگەڕانەوە بۆ کوردستان[2].

غەنی بلوریان کە خۆی یەکێک بوو لە خوێندکارانی باکۆ و لەگەڵ ئەو ژمارەیە ڕەوانە کرابوو، دەڵێت: **(پاش تەواوبوونی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دیداری سەرۆک بارزانیی لە قوتابخانەکەمان، من چوومە تەورێز بۆ قوتابخانەیەکی ٢٤ سەعاتە "شبانە روزی" کە چەند خوێندکارێکی مەهابادیشی لێبوو. ڕوسەکان ئەو کاتە لە تەورێز قوتابخانەیەکی ئامادەییان بۆ منداڵی بەرپرسەکانی ئازەربایجان دانابوو، چونکە پێشەوا پێی گوتبووم تا هاتن و کۆبوونەوەی گشت ئەو خوێندکارانەی کە بۆ "باکۆ" بەڕێ دەکرێن، لە تەورێز خۆم خەریک بکەم، ڕۆژانە دەچووم لە پۆلی پێنجی ئامادەیی ئەو قوتابخانەیە دەرسم دەخوێند. ماوەیەک لە تەورێز چاوەڕوانی خوێندکارە هەڵبژێردراوەکان بووم. ڕۆژێک "باغرئۆڤ" لێپرسراوی قوتابخانە گوتی: "هەڤاڵانت لە مەهابادەوە هاتوون و لە مسافیرخانەی "ژالە" دامەزراون." من ئیتر خۆم ڕانەگرت و چووم هەڤاڵانم دۆزییەوە. چەند کەسێکیان پێشتر لە ڕێکخراوی لاواندا لەگەڵ من بوون، تەنانەت لە**

---

[1]- وتووێژی گۆڤاری دوو مانگەی ڕوانگە لەگەڵ مەناف کەریمی، هەمان سەرچاوە.

[2]- ئیگڵتن، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٥٢ و ١٥٣.

نومایشی دایکی نیشتمانیشدا بە یەکەوە کارمانکردبوو. منیش لە مسافیرخانەی ژاڵە ژورێکم بە کرێ گرت و لە لای ئەوان مامەوە. چەند ڕۆژێک تێپەڕی. ڕۆژێک ئوتوبوس هاتن و ئێمەیان بردە سەربازخانەی ڕوسەکان لە تەورێز. لەوێ چەند دوکتوری روس معاینەیان کردین و ئەنجامی معاینەکەیان دا بە ئەفسەرەکانی روسی و ئەوانیش شوێنی خوێندنیان لە بەشە جیاوازەکانی زانکۆی ئەفسەریدا بۆ دیاری دەکردین. من لەگەڵ ئەفسەرێک کە زمانی "ئازەری" دەزانی، قسەم کرد و گوتم دەمەوێ لە بەشی فڕۆکەوانی دا ناوم بنوسن، قەبوڵی کرد و بەڵێنی پێدام ناوم لەو بەشەدا بنوسێ. ڕوسەکان ئێمەیان بە سواری قەتار بردە باکۆ. لە ئیستگەی قەتاری باکۆ دایانبەزاندین و بەش بەش سواری ئوتوبوسیان کردین کە نوبە گەیشتە من، گوتم: من بۆ بەشی فڕۆکەوانی نوسراوم و دەبێ بچمە گەنجە "گیرۆڤ ئاباد"، بەڵام ئەوان گوێیان نەدامێ و گوتیان تۆ لەو بەشەدا نی و بۆ بەشی پیادە نوسراوی.) بلوریان لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت: (ئێمە کوردەکان ٥٠ کەس بووین‌و ئازەربایجانییەکان ٣٥٠ کەس‌و بەشێک لە ئازەربایجانییەکانیان ناردبوو بۆ گیرۆڤ ئاباد کە فێری فڕۆکەوانیی ببن[1].)

[1]– غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٦٥ و ٦٦.

# کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە ئێران و ئازەربایجان و کوردستان

دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ، قەوامولسەڵتەنە ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/٢٠-١٩٤٦/٣/١١، بە وتارێکی کورت کۆتایی خولی چواردەیەمی پەرلەمانی ڕاگەیاند و بۆ پێخۆش بوونی مۆسکۆ سەید زیائەدین تەباتەبایی زیندانیی کرد و سەرلەشکر حەسەن ئەرفەع سەرۆکی ئەرکانی سوپای گۆڕی.

ڕۆژی ١٤ ی مارس، ئەحمەد یەعقوبۆڤ کارداری کاتیی سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران، چاوی بە قەوامولسەڵتەنە کەوت. یەعقوبۆڤ لەو دیدارەدا گوتی دەوڵەتی سۆڤیەت ئاگادارە کە ئێران هەوڵدەدات شکاتێک ئاراستەی شورای ئەمنیەت بکات. یەعقوبۆڤ گوتی ئەو کارە گران لەسەر ئێران دەکەوێت و بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەوڵەتی سۆڤیەتەوە ئامۆژگاریی قەوامولسەڵتەنەی کرد کە ئەو کارە نەکات. ڕۆژی دوایی قەوام نوێنەرێکی تایبەتیی بە نهێنی نارد بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکا و بریتانیا. دەیویست بزانێت لە بەرامبەر مەترسییەکانی سۆڤیەتدا چی بکات و دەوڵەتانی ئەمریکا و بریتانیا چۆن هەڵوێستێکیان دەبێت. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئینگلیز بە باڵیۆزەکانی خۆیان لە تاران ڕاسپارد کە لە لایەن خۆیانەوە بە قەوام بڵێن کە جگە لە شکات کردن لە شورای ئەمنیەت، ڕێیەکی تر نەماوە[1].

ڕۆژی ١٤ ی مارس، باقرۆڤ لە جولفا چاوی بە پیشەوەریی، شەبستەریی و جاوید سەرکردەکانی فیرقەی دیموکرات کەوت. لەو دیدارەدا، باقرۆڤ بە گوێرەی هەلومەرجی نێونەتەوەی، بۆ یەکەم جار گومانی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە باکوری ئێران دەربڕی. باقرۆڤ تا ڕادەیەک بە دەقی ئەو پێشنیازانەی دەزانی کە بڕیاربوو چوار ڕۆژی تر ساچیکۆڤ ئاراستەی دەوڵەتی ئێرانی بکات.

لە ڕاستیدا ئەو دیدارەی لەگەڵ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات بۆ ئەوە بوو کە ئامادەیان بکات بۆ ڕووداوە گرنگە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوو. لەو دیدارەدا دەربارەی بەهێزکردنی سوپای نەتەوەیی زنجیرەیەک باس و وتوویژ کرا، باقرۆڤ هەوڵی دەدا سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان بۆ ڕۆژێک ئامادە بکات کە سوپای سۆڤیەت خاکی ئێران بەجێدەیڵێت.

ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/٢٥- ١٩٤٦/٣/١٥، باقرۆڤ دەربارەی بارودۆخی سوپای

---

1- دەستپێکردنی شەڕی سارد، هەمان سەرچاوە، Foreign Relation of the US, 1946, Volume, v11, p. 354- 360.

نەتەوەیی ئازەربایجان، راپۆرتێکی ورد و درێژی نارد بۆ ستالین. لەو راپۆرتەدا باسی لە رادەی ئامادەیی یەکەکانی تۆپخانە، زرەیی و ئەندازیاریی کرد و پرۆگرامێکی بۆ رەوانە کردنی ئەندام بۆ پەروەردە کردنی سەربازیی لە ئازەربایجانی سۆڤیەتدا ئاراستە کرد. باقرۆڤ لە کۆتاییدا داوای لە ستالین کرد کە ئەندامە رەوانەکراوەکان بە ئەندامی سوپای سوور دابنرێن[1].

رۆژی ١٨ ی مارس، ئیڤان ساچیکۆڤ باڵیۆزی نوێی سۆڤیەت بە باکۆدا چووە تاران. لە باکۆ پێشنیازە نەرمەکانی خۆی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، کێشەی نەوت و ئازەربایجان لەگەڵ باقرۆڤ خستە بەرباس. رۆژێک پێش وتووێژەکانی ساچیکۆڤ و قەوامولسەڵتەنە، حوسێن عەلا باڵیۆزی ئێران لە واشنتۆن بە راسپاردەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بریتانیا، شکاتی ئێرانی لە یەکیەتی سۆڤیەت دا بە شورای ئەمنییەت. مێژووی پێراگەیشتن بە شکاتی ئێران، رۆژی ١٣٢٤/١٢/٣٠ - ١٩٤٦/٣/٢٠ دەسنیشان کرا. داخوازیی "ئەندریە گرۆمیکۆ" باڵیۆزی سۆڤیەت لە واشنتۆن بۆ دواخستنی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ رۆژی ١٠ ی ئاپریل سەری نەگرت.

رۆژی ١٣٢٤/١٢/٣٠ - ١٩٤٦/٣/٢٠، ئەحمەد قەوام پێشوازیی لە ساچیکۆڤ کرد. سەرەرای نهێنی بوونی ئەو دیدارە، "ئیبتهاج" بەرێوەبەری بانکی میللیی ئێران، باڵیۆزی ئەمریکای لە تاران لەو وتووێژە ئاگادار کرد بووەوە. لەو دیدارەدا ساچیکۆڤ رایگەیاند، ستالین لەوە بە داخە کە لە وتووێژەکانی مۆسکۆدا، ئێران هیچ هەنگاوێکی بە قازانجی سۆڤیەت و بەتایبەتیی لە کێشەی نەوتدا نەناوە. قەوام لە وەڵامدا دەیگوت مادام یاسای پەسندکراو لە مەجلیسدا، پێدانی هەموو چەشنە ئیمتیازێکی نەوتی یاساخ کردوە، ئەو کارێکی لە دەست نایەت و ئەگەر روسەکان گوشاری بۆ بهێنن و ناچاری بکەن کە دژی یاسا کار بکات، ئەوە دەست لە کار دەکێشێتەوە و دڵنیاش نیە کە جێنشینی ئەو کەسێکی دۆستی سۆڤیەت بێت.

رۆژی ١٣٢٥/١/٢ - ١٩٤٦/٣/٢٢، دیدارێک لە نێوان قەوامولسەڵتەنە و "موریی" باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران کرا. قەوام داوای کرد کە ئەو دیدار و وتووێژکردنە بە نهێنی بمێنێتەوە. قەوامولسەڵتەنە لە باڵیۆزی پرسی: **(ئەگەر لە جێی من بوویتایە، چۆن وەڵامێکتان بە پێشنیازی باڵیۆزی سۆڤیەت سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانیان لە بەرامبەر پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران دەدایەوە؟)**

---

1 - هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f, 1,s,i,112,v, 36- 38

موریی لە وەڵامدا گوتی تەنیا لە لایەن خۆیەوە قسەدەکات و ڕایگەیاند سۆڤیەتییەکان ڕێز لە بەڵێنەکانیان ناگرن و واژۆکردنی پەیمانی دوولایەنەش بایەخی نابێت. هەمان کات بە قەوامی گوت کە بۆ داکۆکیی کردن لە بەرژەوەندەکانی ئێران، ڕێی وتوویژ لەگەڵ سۆڤیەت بکاتەوە. باڵیۆزی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نووسی: **(ئەگەر شا، قەوام پەشیمان نەکاتەوە، من دڵنیام کە ئەو دەتوانێت بە مەرجی چوونە دەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، لە ماوەی شەش هەفتەدا لە وتوویژەکانیدا لەگەڵ ساچیکۆڤ بە هەندێک ڕێککەوتن بگات.)**

بەیانیی ڕۆژی ١٣٢٥/١/٤- ١٩٤٦/٣/٢٤، ساچیکۆڤ لە وتوویژەکانیدا لەگەڵ قەوام، دەربارەی ئازەربایجان پێشنیازێکی بە نوسراو و دەربارەی نەوتی باکور پێشنیازێکی زارەکیی ئاراستە کرد. پێشنیازی ساچیکۆڤ دەربارەی ئازەربایجان هەمان پێشنیازی ئاشتیخوازانە بوو کە مۆلۆتۆڤ لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٥ ی فیوریە لە مۆسکۆ ئاراستەی قەوامولسەڵتەنەی کردبوو. قەوام ڕایگەیاند پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت کە ئایا پێشنیاز سەبارەت بە ئازەربایجان دژی دەستوری هەمیشەیی ئێرانە یان نا. نەخشەی ئەو جێیانەی کە ڕوسەکان بۆ پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت لە باکور، لەبەرچاویان گرتبوو، خرابووە سەر پێشنیازی ساچیکۆڤ.

ئێستا نزیکەی ٧٠ ساڵە بڕیارە لە ناکاوەکانی یەکیەتی سۆڤیەت دەربارەی کشاندنەوەی هێزەکانی لە ئێران، بابەتی باس و لێکۆڵینەوەی سیاسییەکانە. کەسانێک ئەو بڕیارەیان لە ئەنجامی هەڕەشەی "ئەڵتیمەیتەم"ی "ترومان" سەرۆک کۆماری ئەمریکا بە ستالین لە ڕۆژی ٢١ یان ٢٣ ی مارسی ١٩٤٦دا دەبینن. هەرچەندە تا ئەمڕۆ کەسێک ئەو هەڕەشەیەی نەبینیوە، بەشێکی تر ئەفسانەیەکی لێ دروست دەکەن. ترومان بۆ جاری یەکەم لە ٢٤ ی ئەپریلی ١٩٥٢، لە وتوویژێکی چاپەمەنیدا ئاماژەی بۆ ئەو هەڕەشەیەی کردوە و گوتویەتی: "لە بروسکەیەکدا بە ستالینم ڕاگەیاندوە..." ترومان جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٥٩ دا لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا باسی لەو هەڕەشەیەی کردوە[1]. بەڵام هیچ کام لە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی ئەو کاتەی ئەمریکا وەک: "هێریمان"، "جۆرج کنان"، "جۆرج ئالین"، "برێنس" و "ئالین دالیس" ئاماژەیان بۆ ئەو هەڕەشەیەی ترومان نەکردوە.

---

1- هەمان سەرچاوە:Harry s. Truman. Memories of Harry s. Truman,

لەبەرئەوەی پروتۆکۆڵەکانی پۆلیتبیرۆی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت لە دەستدا نین، خوێندنەوەی بەشێک لەو بەڵگەنامە نهێنییانەی یەکیەتی سۆڤیەت دەتوانن یارمەتییەک بن بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی تاریکی ئەو باسە.

ڕۆژی ١٣٢٥/١/٤- ١٩٤٦/٣/٢٤ کاتژمێر ١٣:٤٠، ستالین و "ئا. ئەنتۆنۆڤ" سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای سوور، فەرمانێکی بە پەلەیان واژۆ کرد. وەرگری ئەو فەرمانە، ماسلنیکۆڤ فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکۆ و "لۆجێنسکی" فەرماندەی سوپای چوارەم بوون. کۆپییەکی ئەو فەرمانەشیان نارد بۆ باقرۆڤ. لەو فەرمانەدا هاتبوو:

١- دەست بە کشانەوەی هەموو یەکەکان، بەشی ئیداریی و کۆگاکانی سوپای چوارەمی جێگیر لە ئێران بکەن و بیانهێننە سەربازگەی باکۆ.

٢- دەرچوونی هێزەکان ڕۆژی ٢٤ ی مارس پێش کاتژمێر ٢٠:٠٠ دەست پێ بکات و تا ٣١ ی ئاپریل و ڕۆژی ١٠ ی مانگی مای کۆتایی بێت. لە سەرەتادا هێزەکانی قەزوێن، ڕەشت، زەنگان، گورگان و ساریی بێنە دەرەوە و قەزوێن تا ڕۆژی ٥ ی ئاپریل چۆڵ بکرێت. کشانەوەی لەشکری یەکەمی زرەیی لە قۆناغی دواییدا بکرێت.

٣- کشانەوەی هێزەکان بە ئارامیی و بە دیسیپلینەوە بێت. فەرماندەکان و ئۆرگانە سیاسییەکان و یەکەکان کاتی بەجێهێشتنی ئێران لەگەڵ خەڵکەکە کۆببنەوە و بەشێک لە ئازوقەکانیان بەسەر خەڵکەکەدا بەشبکەن.

٤- پرۆگرانی چۆڵکردنی ئێران لە ٢٥ ی مانگی مارسدا ڕەوانەی سەرکردایەتی سوپا بکرێت. هەر ٢٤ کاتژمێرەی جارێک، ڕاپۆرتی چالاکیی کشانەوەی هێزەکان ڕەوانە بکرێت. داواکارییەکان سەبارەت بە گواستنەوەی هێزەکان بە دەریادا، تا ڕۆژی ٢٦ ی مارس بە سەرکردایەتی سوپا بگات[1].

ڕۆژی ١٣٢٥/١/٥- ١٩٤٦/٣/٢٥ هەواڵنێری تاس، ئەم هەواڵەی خوارەوەی سەبارەت بە دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بڵاوکردەوە: (**کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە مەشهەد، شارود و سمنان کە لە ڕۆژی ٢ ی مارسەوە دەستی پێکرابوو، کۆتاییهات. بەگوێرەی سازشێک کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران کراوە، یەکیەتی سۆڤیەت لە ڕۆژی ٢٤ ی مارسەوە دەستدەکات بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە ئێران. بە ڕای فەرماندەیی سۆڤیەت، ئەگەر ڕووداوێکی چاوەڕان نەکراو**

[1]- هەمان سەرچاوە : AR SPIHMDA , f,1,s,89,i, 112, v,39

**ڕوونەدات، چوونە دەرەوەی هێزەکان لە ماوەی پێنج، تا شەش هەفتەدا کۆتایی دێت.)** دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەو "سازشە"ی کە لە لایەن هەواڵنێری تاسەوە بڵاوکرابووەوە، هیچ چەشنە ڕوونکردنەوەیەکی نەدا.

دەکرێت ئەو بڕیارە بە پەلە و دوور لە چاوەڕانییەی سۆڤیەت لە ئەنجامی گوشارێکی بە نوسراو، یان زارەکیی واشنتۆن دا بێت. ئەندریە گرۆمیکۆ چۆن ڕاپۆرتێکی نهێنی بۆ مۆسکۆ ناردوە کە تا ئێستاش مۆری سەری زەرفەکەی بە نەکراوەیی ماوتەوە!

لەو بارەیەوە دەکرێت سەرنج بدرێت بە ڕای هێنری کیسنجەر کە لە کتێبی دیپلۆماسیی دا ڕەنگی داوەتەوە. لەو کتێبەدا کە ساڵی ١٩٩٤ چاپکراوە، دەنوسێت: **(لە بەهاری ١٩٤٦ دا کە ترومان "سیاسەتی بەردەوامیی" خۆی دادەسەپاند، بەجێهێشتنی هەموو ئازەربایجانی دەویست ... ستالین نەیدەویست لەسەر بە ئەنجام گەیاندن یان نەگەیاندنی ئەو هەڕەشەیەی ترومان بکۆڵێتەوە. هەر کاتێک دەرەتانی ڕووو بە ڕووو بوونەوەی چەکدارانە لەگەڵ ئەمریکا سەریهەڵدەدا، ستالین پاشەکشەی دەکرد. ساڵی ١٩٤٦ کە ترومان داوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێران کرد، ستالین پاشەکشەی کرد و لە گەمارۆی بەرلین لە ساڵانی ١٩٤٨- ١٩٤٩ دا، پێش ئەوەی کە کێشەکە ڕووو بە ڕووو بوونەوەی چەکدارانەی لێ بکەوێتەوە، دیسان ستالین پاشەکشەی کرد.)** "ئی، نەروزۆڤ" نووسەری ئازەربایجانیی و یەکێک لە بەشدارانی ڕووداوەکانی ئازەربایجان لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کیسنجەرە[1].

ڕاگەیانراوی ڕۆژی ١٣٢٥/١/٤- ١٩٤٦/٣/٢٤ی یەکیەتی سۆڤیەت دەربارەی کشاندنەوەی هێزەکانی لە ئێران لە باسکردنی شکاتی ئێران لە شورای ئەمنیەتدا، کاریگەرییەکی زۆری نەبوو. ڕۆژی ٢٥ ی مارس شورای ئەمنیەت بە سەرۆکایەتی "کو. تای. تسین" نوێنەری وڵاتی چین کۆبووەوە. هەر لەو ڕۆژەدا "بیلین" بەڕێوەبەری هەواڵنێری یونایتدپرێس وتووێژێکی لەگەڵ ستالین کرد. ستالین گوتی: **(کێشەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، بە هۆی سازش لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەت، بە شێوەیەکی ئەرێنی چارەسەر کراوە.)** هەواڵنێری تاس بۆ کاریگەریی لەسەر شورای ئەمنییەت، قسەکانی قەوامولسەڵتەنەی بڵاوکردەوە. بە وتەی قەوام، بەبێ کۆبوونەوەی شورای ئەمنییەتیش، کێشەی نێوان ڕوسیا و ئێران چارەسەر دەکرێت و ئەو کۆبوونەوەیە لە ڕۆژی ٢٥ ی مارس، یان چواردە ڕۆژ دواتر، گرنگییەکی زۆری نیە. ئەگەر کێشەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و

[1] – هەمان سەرچاوە.: Henry Kissinger. Diplomacy Simon Schuster, New York, 1994, p. 446-495.

دیاردەکانی تر بە زوویی چارەسەر نەکرێن، ئەو کاتە دەکرێت کێشەی ئێران بخرێتە ناو پرۆگرامی کارەکانی شورای ئەمنییەتەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە حوسێن عەلا باڵیۆزی ئێران لە واشنتۆن نامەی بۆ سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەکان ناردوە، گوتی: "**ئەو نامەیە بەبێ ئاگاداریی دەوڵەت ڕەوانە کراوە و بە حوسێن عەلا ڕاگەیانراوە کە لەمەودوا کارێکی لەو جۆرە دووپات نەکاتەوە.**" هەروەها قەوام ڕایگەیاند کاری گرنگ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتە لە ئێران و چارەسەرکردنی کێشەکانی تر بە کشانەوەی ئەو هێزانەوە بەستراونەتەوە. کێشەی ئازەربایجان گرنگیی زۆری نیە و هەر کاتێک سازش لەسەر کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت کرا، ئەو کێشەیەش بە وتوویژ چارەسەردەکرێت. قەوامولسەڵتەنە هەواڵی هاتنی هێزی زیادەی سۆڤیەتی بۆ ناو خاکی ئێران لە دووی مارسدا بە درۆ خستەوە[1]. دیارە قەوامیش دەیزانی کە بەشێک لە قسەکانی لەو وتوویژە ڕۆژنامەوانییەدا دوورن لە ڕاستی.

کاتژمێر ۱۹:۰۰ ڕۆژی ۱۳۲۵/۱/٤- ۱۹٤٥/۳/۲٤، ساچیکۆڤ دەقی بڕیاری دەوڵەتی سۆڤیەتی بە قەوامولسەڵتەنە گەیاند. بەڵگەی دووەم دەربارەی ئیمتیازی نەوت و بەڵگەی سێیەم پێوەندی بە کێشەی ئازەربایجانەوە هەبوو. لەو بارەیەوە پێشنیازکرابوو کە پیشەوەریی سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان بکرێت بە پارێزگار و وەزیرەکان بە فەرمانبەری پارێزگا کاریان بدرێتێ و مەجلیسی نەتەوەیی بکرێت بە ئەنجومەنی ئەیالەتیی.

کاتژمێر ۲۲:۰۰ ساچیکۆڤ لە پێوەندییەکی تەلەیفۆنیدا بە قەوامی گوت بروسکەیەکی لە مۆسکۆوە پێگەیشتووە و کاربەدەستانی سۆڤیەت داوادەکەن سەبارەت بە زیندانیی کردنی سەید زیا تەباتەبایی ئاگادار بکرێنەوە. هەروەها گوتی بەگوێرەی داخوازیی ئێران، هێزەکانی سۆڤیەت لە کەرەج و قەزوێن دەستیان بە کشانەوە کردوە.

ڕۆژی ۱۳۲۵/۱/٦- ۱۹٤٦/۳/۲٦ شورای ئەمنیەت کۆبووەوە. دەربارەی دواخستنی پلانی کێشەی ئێران، هەندێک توندوتیژیی لە نێوان نوێنەری سۆڤیەت لە لایەک و نوێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیز لە لایەکی ترەوە سەریهەڵدا. ڕۆژی سێی مارس حوسێن عەلا بانگی کۆبوونەوەی شورا کرابوو. گوتبووی هیچ زانیارییەکی دەربارەی سازشکردنی نهێنی، یان ئاشکرا لە نێوان دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەتدا نیە و گوتبووی سەبارەت بە دواخستنی کێشەی ئێران هیچ فەرمانێکی لە دەوڵەتەکەی

---

[1]- کۆمونیست، ۱۹٤٦، ۲٦ ی مارس.

وەرنــەگرتووە. هــەروەها دواتــر ڕایگەیانــد هێــزە چەكدارەكان و پیــاوانی ســۆڤیەت كۆمــەڵێك پێشــنیاز ئاراســتە دەكــەن كــە زیــان بــە ســەربەخۆیی ئێــران دەگەیــەنن. لــەو هەلومەرجەدا دواخستنی چارەسەركردنی ئەو كێشەیە بۆ ئاشتیی مەترسیدارە.

هەرچەندە قەوامولسـەڵتەنە هـاودەنگیی لەگـەڵ دواسـتنی كۆبوونـەوەی شـورای ئەمنییەت كردبوو و حوسێن عەلا بە هەڵسوڕانی "بـەبێ ئاگاداریی دەوڵـەت" تاوانبـار دەكرد، بەڵام وتووێژەكانی خۆی لەگەڵ یەكیەتی سۆڤیەت بە نهێنی بە ئەمریكییـەكان ڕادەگەیاند. "دین ئاچێن" جێگری وەزیری دەرەوەی ئـەمریكا بـە باڵیۆزی ئـەمریكا لـە ئێرانی ڕاگەیاند: **(بە هۆی ئاگاداركردنەوەی ئێمە لە وتووێژەكـان لەگـەڵ سـۆڤیەتدا، سوپاسـی گــەرمی ئێمــە بــە قەوامولســەڵتەنە ڕابگەیــەنن و دڵنیــای بكەنــەوە كــە ڕاسپاردەكانی سەبارەت بە نهێنی ڕاگرتنی ئەو زانیارییانە بەجێ دەگەیەنین.)**

ئەحمەد قەوام لەوە دەترسا كە زانیارییە نهێنییەكانی بە ڕوسـەكان بگاتـەوە و ئەگەر ڕوسـەكان بـەو مەسـەلەیە بزانن، ئێران توشـی ڕوو بـە ڕوو بوونـەوە لەگـەڵ یەكیەتی سۆڤیەت بكات.

هەیئەتی وەزیـران كۆمیسـیۆنێكی بـۆ ئامـادەكردنی پێشـنیاز دەربـارەی كێشـەی ئازەربایجان و نەوت پێكهێنا. ئەندامانی ئەو كۆمیسیۆنە بریتی بوون لە: نەوشـیروان سـپەهبودیی وەزیـری داد، سـەرلەشـكر فیـروز وەزیـری ڕێگاوبـان، مورتـەزا بـەیات وەزیـری دارایـی و سـپێهر وەزیـری بازرگـانیی و پیشــە و هونــەر كــە ســەرۆكی كۆمیســیۆنەكەش بــوو. بــە پێشــنیازی ئــەو كۆمیســیۆنە، دەبووایــە كۆمپانیایــەكی هاوبەشـــی ئێـــران - ســـۆڤیەت بـــە ڕێـــژەی ســـودی ٥٠% پێكبێـــت. نەخشـــەی پێشنیازكراوی سۆڤیەت دەربارەی ناوچە نەوتییەكان، جگە لـە بەشـێك لـە هـەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، قبووڵ بكرێت و پەیمانی بەرهەمهێنانی نـەوت بـەگوێرەی ئـەو پەیمانە واژۆ بكرێت و دوای سێ مانگ مەجلیسی شورای میللیی پەسندی بكات[1].

یـــەكێك لـــە كارمەنـــدەكانی دەزگـــای هەواڵـــدەریی ســـۆڤیەت كـــە لەگـــەڵ قەوامولسـەڵتەنە لـە پێوەندیـدا بـوو، لێـی دەپرسـێت: "بـۆچی خـاكی ئازەربایجـانی ڕۆژئاوا تا سنوری توركیا لە ناوچە پێشنیازكراوەكەی سۆڤیەت دەركراوە؟" قـەوام لـە وەڵامیدا دەڵێت: "نامـەوێ ئینگلیزەكان نارەحـەت بكـەم، چونكـە ئـەوان لـە بـەرین بوونەوەی نفوزی سۆڤیەت لە ناوچە نەوتییەكانی موسڵ دەترسن."

"س. یملیـــانۆڤ" وەزیـــری ئەمنیـــەتی ئازەربایجـــانی ســـۆڤیەت بـــۆ بـــاقرۆڤ دەنوسێت: **(بە ڕای كارمەندی هەواڵگریی ئێمە، ئەگەر گوشارەكانمان بۆ سەر قەوام**

---

[1]– دەستپێكردنی شەڕی سارد هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f, 1,s, 89,i,113,v,98- 102

**زیاد بکەین، ئەو لەگەڵ سپاردنی هەموو ئەو ناوچانەی کە داوایان دەکەین، هاودەنگییمان لەگەڵ دەکات.)** هەروەها یملیانۆڤ دەڵێت کە بە وتەی ئەو کارمەندەمان، قەوامولسەڵتەنە و ئەحمەد عەلی سپێهری وەزیری بازرگانیی و پیشە و هونەر لە وتاری توندی حوسێن عەلا لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنییەت تورە بوون. ئەوان دەڵێن عەلا گوێ بە فەرمانەکانی ناوەند نادات و لەژێر کاریگەریی ئینگلیزەکان دایە[1]. وا دیاربوو کە قەوام دەیزانی ئەو کارمەندە سەربە کوێیە.

قەوام باڵیۆزی ئەمریکای لە پێشنیازە ئاراستە کراوەکان ئاگادار کردەوە. باڵیۆزی ئەمریکا پرسی ئایا ڕاگەیاندنی پێشنیازەکانی پێوەندیدار بە ئازەربایجانەوە، تەنیا بۆ ئاگادار کردنەوەیە، یان دەیەوێت کە ئەمریکا ناوبژیی ئەو کێشەیە بکات؟ قەوامولسەڵتەنە گوتی: (**من لە ڕوسەکانم گەیاند کە ئەگەر پێشنیازەکانی من سەبارەت بە ئازەربایجان قبووڵ نەکەن، واژۆ کردنی پەیمانی نەوتیش نابێت.**) ئیتر باڵیۆزی ئەمریکا پرسی: (**ئەگەر ئەو لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت پێکهات، ئایا شکاتەکەی خۆی لە شورای ئەمنییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکێشێتەوە؟**). سەرۆکوەزیران لە وەڵامدا گوتی: (**تا ئەو کاتەی تاکە سەربازێکی ڕوس لە ئێران مابێت، فەرمان بە حوسێن عەلا دەدات کە کێشەکە لە پرۆگرامی شورای ئەمنییەتدا بهێڵێتەوە**[2].)

بڕیاری کشانەوەی سۆڤیەت لە ئێران، لە سەرەتادا لە لایەن پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەران حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانەوە زۆر بە جیددیی وەرنەگیرا، تەنانەت باوەڕیان بە کشانەوەی هەموو هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران و بەتایبەتیی لە ئازەربایجان نەدەکرد، چونکە هاوکات لەگەڵ ئەو بڕیارەدا، یەکیەتی سۆڤیەت سەرەڕای وەرگرتنی ٦٠ خوێندکاری کورد بۆ خوێندن و مەشقکردن لە زانکۆکانی باکۆ، دوو وێستگەی ڕادیۆ و سینەماشی دا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پروپاگەندەی حیزبیی پێ بکەن، بەڵام بڕیاری کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە لایەن حکومەتی ئازەربایجانەوە زۆر بە جیددیی وەرگیرا و ڕێبەرانی ئازەربایجانی سەرسام کرد. لە ناوچەکانی تری ئێرانیشدا کە گیرۆدەی پروپاگەندەی سۆڤیەت ببوون، باوەڕ پێکردنی بێ مەرجیان بە سۆڤیەت، ئاوێتەی بێ باوەڕیی بوو. لە باشوری ئێران پروپاگەندەی تودەییەکان لە ناو خێڵەکانی بەختیاریی، قەشقایی و ئەوانی تردا دژی ئینگلیزەکان، گرنگیی نەما. لە مانگی

---

1– هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 103

2– هەمان سەرچاوە: Foreign Relation of US,1946, Volume, V11,p. 395

خاکەلێوەی ١٣٢٥- مارسی ١٩٤٦، بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران، عەبدولسەمەد کامبەخش چوو بۆ "فیروزئاباد" و لەوێ چاوی بە "ناسر قەشقایی" کەوت. ناسرخان گوتی هەرگیز هەستی تۆڵەسەندنەوەی لە ئینگلیزەکان بە تاوانی کوشتنی باوکی دانامرکێتەوە، بەڵام ناتوانێت باوەڕ بە یەکیەتی سۆڤیەت بکات. کردەی ڕوسەکانی لە کاتی شۆڕشی گیلاندا لە بیر نەچووبوو. لەو ڕوانگەیەوە دەرەتانێک بۆ خێڵەکانی باشور نەمابوو کە لایەنگریی لە یەکیەتی سۆڤیەت بکەن. ناسرخان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "**ئەگەر یەکیەتی سۆڤیەت هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە، بەتایبەتیی ئەگەر دەست لە پشتیوانیی کردنی بزوتنەوەی ئازەربایجان هەڵبگرێت، ئیتر باوەڕپێهێنانیان لە کیس دەچێت**[1]."

بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی سەرهەڵدان و دڵەدانەوەی ڕێبەرانی فیرقە دیموکرات، ڕۆژی ٧ ی خاکەلێوە - ٢٨ ی مارس، باقرۆڤ لە جولفا چاوی بە پیشەوەریی، شەبستەریی و جاوید کەوت. سەبارەت بەو هەلومەرجەی دوا کە بە فەرمانی ستالین سەریهەڵدابوو، ڕێبەرانی فیرقەی ڕاسپارد کە دەربارەی پاراستنی ئەوەی لە ئازەربایجاندا هاتووەتەدی، پێدانەگرن. باقرۆڤ ڕێبەرانی فیرقەی لە دەقی پێشنیازی سادچیکۆڤ بە قەوامولسەڵتەنە سەبارەت بە ئازەربایجان ئاگادارکردەوە. پاشەکشە کە وەک هەنگاوێکی سەرەتایی لەو پێشنیازەدا ڕەنگیدابووەوە، ڕێبەرانی ئازەربایجانی بە توندیی نیگەران کرد. گوتیان: "**دوای دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات و پێکهێنانی حکومەتی نەتەوەیی، زۆر بەڵێنمان بە خەڵک داوە، بەشێک لەو بەڵێنانەمان دابین کردوە و ئێستا پاشەکشە لە بەڵێنەکانمان زۆر دژوارە.**"

باقرۆڤ دەربارەی ئەو دیدارەی لەگەڵ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات، لە نامەیەکدا بۆ ستالینی نوسی: (**ئەوان باوەڕ بە قەوامولسەڵتەنە ناکەن. دڵنیان بەڵێنەکانی قەوام، تەنانەت ڕێککەوتنە واژۆکراوەکانیشی سەبارەت بە مافی نەتەوەی ئازەربایجان، دواتر بە بەستنەوەی بە دەستوری هەمیشەییەوە، پوچەڵ دەبێتەوە. ئەوان لە هێزە چەکدارەکانی ئێران ناترسن، بەڵام دڵنیان قەوام بە هاندانی بازرگانان، موڵکداران و پیاوانی ئاییینی ئازەربایجان، شەڕی ناوخۆیی هەڵدەگیرسێنێت و لە نێوان کورد و ئازەرییەکاندا ئاگری شەڕی ڕەگەزیی دروستدەکات. لە یەکەم هەنگاودا ئینگلیزەکان لە کارەکانیدا یارمەتی دەدەن. ئەوان بۆ دەستەبەر کردنی بە لایەنی کەمەوە، مافەکانی گەلی ئازەربایجان، داوای ناوبژییکردنی یەکیەتی سۆڤیەت دەکەن.**)

---

1- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 163, v. 38

ڕێبەرانی فیرقە داوایان لە باقرۆڤ کرد کە بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانی ئابووری و پێکهێنانی بە پەلەی سوپای نەتەوەیی، بە لایەنی کەمەوە دە ملیۆن تمەن، سەد ئوتۆمبیلی بارهەڵگر، دەرمان و کەرەستەی تریان بدرێتێ و بیست ئەفسەری ئازەربایجان بۆ پەروەردەکردنی پاسەوانیی سنور، بنێرن بۆ ئازەربایجان. باقرۆڤ لە کۆتایی نامەکەیدا بۆ ستالن، نوسی: (**قبوڵکردنی داواکارییەکانیان بە پێویست دەزانم**[1].)

لە کۆتایی مانگی مارسدا و چەند ڕۆژێک پێش کۆتایی وتووێژەکانی سۆڤیەت و ئێران کە لە تاران کرا، ستالین فەرمانیدا سەبارەت بە سوپای ئازەربایجان ڕاپۆرتێکی بۆ بنێرن. ئەو ڕاپۆرتە لە لایەن باقرۆڤ و ماسلنیکۆڤەوە ئامادەکرا و ناردیان بۆ ستالین. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا داوایان لە ستالین کردبوو کە ڕێ بدرێت، کاتی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، ٤٢ ئەفسەر و ٥٩ پلەداری ناوچەی سەربازیی باکۆ، تا ڕۆژی ١٣٢٥/٥/١٠- ١٩٤٦/٨/١ بۆ پەروەردە کردن و مەشقی سەربازیی سوپای نەتەوەیی بمێننەوە و چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو سوپایە بنێرن و تا ڕۆژی ١٣٢٥/١/٣١- ١٩٤٦/٤/٢٠، ٢٧٠ خوێندکاری زانکۆ بۆ مەشقی سەبازیی بنێرن بۆ باکۆ. هەروەها داوا کرابوو لە جبەخانەکانی سوپای سۆڤیەت، پێویستیی سێ مانگی سوپای ئازەربایجانی باشور، دەرمان و کەرەستەی پێویستی پزیشکی دابنرێت[2].

ئێوارەی ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٠- ١٩٤٦/٣/٣٠، سادچیکۆڤ بە قەواموسەڵتەنەی ڕاگەیاند کە دەوڵەتی سۆڤیەت پێشنیازەکانی ئێوەی سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان، وەک بنەمای وتووێژ لەگەڵ ئازەربایجانییەکان قبوڵ دەکات. "ئاشورۆڤ" کە بەشدار بوو لە وتووێژەکانی نێوان قەوام و سادچیکۆڤدا، نوسی قەوام مرۆڤێکی تورە، دووڕوو و بێ پرینسیپە و لە بەرامبەر هەموو داواکارییەکانماندا تەنیا ئەم وەڵامەی دەدایەوە: (**بیروبۆچوونی هەیئەتی وەزیرانتان پێڕادەگەیەنین**.)

کۆبوونەوەی هەیئەتی وەزیران لە کاتژمێر ٢٠:٠٠وە تا ٢٤:٠٠ ی خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا سنوری ناوچە پێشنیازکراوەکانی سۆڤیەت بۆ بەرهەمهێنانی نەوت، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک قبوڵ کرا. هەیئەتی وەزیران دژی پەسندکردنی پێشنیازەکانی دەوڵەت لە لایەن شاوە هەڵوێستی وەرگرت و ڕایگەیاند کە ئەو کارە پێگەی شا بەهێز دەکات و نفوزی دەوڵەت دادەبەزێنێت، بەڵام لە ڕاستییدا هۆی

[1]– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89.i,112,v, 40-42

[2]– هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 46- 50

دژایەتی کردنەکە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەگەر لە ئایندەدا، کاتێک مەجلیس پێشنیازی قەوامولسەڵتەنەی سەبارەت بە نەوت ڕەدکردەوە، شا ناچار نەبێت بەرگریی لەو پێشنیازە بکات.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن کارمەندانی سۆڤیەت لە کابینەی قەوامدا بەدەستدەهاتن، هەموو وەزیرەکان لەگەڵ ئەو سیاسەتە بوون کە دەبێ لە لایەن شورای ئەمنییەتەوە گوشار بخرێتە سەر سۆڤیەت کە بتوانین دەستکەوتی پتری لێ بەدەستبهێنین. ئەو کارمەندە هەواڵدەرەی سۆڤیەت پێشنیازی دەکرد کە سۆڤیەت دەبێت بە هەموو هێزیەوە گوشار بۆ سەر سەرۆکوەزیران بهێنێت، تا بە زوویی ڕێککەوتنەکەی پێ واژۆبکەن[1].

لە مانگی خاکەلێوەدا کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بە ڕاست گەڕا. لەگەڵ ئەوەشدا یەکیەتی سۆڤیەت و ئێران بە بەردەوامیی لە وتووێژدا بوون و بەرەبەرە بۆچوونەکانیان لە یەکتر نزیک دەبووەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕووداوی تاڵ و چاوەڕوان نەکراو لە ئازەربایجان و کوردستاندا. پیشەوەریی دوای دیداری لەگەڵ باقرۆڤ لە مانگی خاکەلێوەدا، لە نزیکەوە هەستی بە مەترسی دەکرد. ئازەربایجان لە جۆش و خرۆشدا بوو، سەرۆکوەزیران لە دۆخێکی دژواردا دەژیا. لە مانگی خاکەلێوەدا، هێزەکانی سۆڤیەت کەرەج، زەنگان، بابولسەر، بابل و نەوشەهریان چۆلکرد.

ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٢ - ١٩٤٦/٤/١، "شاهی" و "میانە" و ڕۆژی ١٣ ی خاکەلێوە "بەندەرشا"یان بەجێهێشت. لەو ڕۆژەدا مۆلۆتۆڤ تەلەیفۆنی بۆ باقرۆڤ کرد و گوتی پیشەوەریی خۆی بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی تاران و وەرگرتنی ئیمتیازاتی چاوەڕوانکراو ئامادەبکات و لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت لە تەورێز هاوئاهەنگیی بکەن[2]. باقرۆڤ بەپێی ئەو فەرمانەی مۆلۆتۆڤ بە نوێنەرانی خۆی لە تەورێز "میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ" ڕاگەیاند کە لەو بوارەدا کاربکەن و دووپاتی کردەوە کە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی ئازەربایجان لە چوارچێوەی دیارییکراودا، بۆ ئێوە ئەرکێکی زۆر گرنگە بەرامبەر ڕێبەرانی فیرقە و حکومەتی نەتەوەیی، هەروەها بۆ خۆشتان. ئەو هۆشیاریی کردنەوەیە کە چارەنوسی بزوتنەوەی ئازەربایجان بەوەوە بەستراوەتەوە کە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و حکومەتی نەتەوەیی چۆن کارەکانیان ڕادەپەڕێنن و چۆن هەڵسوکەوتێکیان دەبێت. بە ڕای باقرۆڤ بەتایبەتیی دەبێت ڕابگەیەنرێت کە بیری

---

[1]- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89.i.113,v,104-1096

[2]- دەستپێکردنی شەڕی سارد، هەمان سەرچاوە AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 53

پێکهێنـانی فیرقـەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان لـە بنەڕەتـدا بیرێکـی دروسـت بـووە. پاڵپشتییکردنی هـەموو چینـەکانی گـەل لـە فیرقـەی دیمـوکرات و توانـا بەخشـین پێـی، گەشەپێدانی پرۆسەی خۆناسینی نەتەوەیی بەهێز کرد.

بـە ڕای بـاقرۆڤ، دەبـێ لـە هەڵـەی چـەپڕەویی دووربـن، کۆمـەڵانی گـەل بـۆ داکۆکیی کـردن لـە حکومـەت ئامـادەبکرێن، یارمەتییـە تایبەتییـەکانی فەرمانبـەرە بـە ئەزمونــەکانی ئازەربایجــانی ســۆڤیەت بــە بیــر ڕێبــەرانی حکومــەتی نەتــەوەیی بهێنرێتەوە، پشتگریی ڕێکخراوەیی و ئابووری ئازەربایجانی سۆڤیەتیان بیربخەنـەوە و بـوونی هێزەکـانی سـۆڤیەت لـە ئازەربایجـان بـە بـەرگرێک بـزانن لەسـەر ڕێـی سەربەرز کردنەوەی کۆنەپەرستاندا.

باقرۆڤ دەیگوت ڕێبەرانی حکومەتی نەتەوەیی ئێستا لە دۆخێکی تردا خـەبات دەکـەن. تەنانـەت ئەگـەر بـە ڕواڵـەت دەسـەڵات لـە دەسـت حکومـەتی ئێرانـدا بێـت و فەرماندەی لەشکر لە لایەن ئێرانەوە دیاریی بکرێت، دیسـان هەلومـەرجێکی باش بۆ ئازەربایجـان دەمێنێتـەوە کـە بریتییـە لـە چـالاکیی ئازادانـەی فیرقـەی دیمـوکرات و سـەندیکاکانی کارگـەریی. پێکهێنـانی هێزی چەکدار بـە توانـای جـەنگیی و پشـتوانیی مەعنــەویی یەکیــەتی ســۆڤیەت و ورەی بــاڵای گــەلی ئازەربایجــان. میــر جەعفــەر باقرۆڤ لـەو باوەڕەدابوو کـە کەسـانێک چەکدار بکرێن کـە لـە بواری مەعنەوییەوە پلـەی بـەرزتریان لـە ئەندامانی سوپای ئێران هەیـە و لـە ڕابـردوودا پێشـکەوتوویی خۆیان لە سوپا و ژاندارمەییدا پێشـانداوە. بە هەیئـەتی سـێ کەسـیی ڕێبـەرییکردنی کاروباری تەورێزی ڕاگەیاند: (**دەبێت ئێوە بە جۆرێک بجوڵێنـەوە کە ئـەوان بـە بـێ یارمەتی ئێوە بتوانن لە ئەو تاقیکردنەوە دژوارەدا سـەرکەوتووبن. هێزە چەکدارە کـانی ئازەربایجـانی باشـور، دەبێت چـاوەڕوانی ڕووداوی ناچـاوەڕوانکراو بـبن و ئەگـەر پێویسـت بکـات، لـە جیـاتی خـەباتی ئاشـکرا، ڕوو لـە خـەباتی نهێنـی بکـەن.)**

باقرۆڤ دواتر نوسـی: (**لە هەموو بوارێکدا ئێوە بەرپرسن. ئێوە ماوەیەکی کەم لەوێ دەمێننەوە. لەو ماوەیەدا دەبێت لە هەل کەڵکوەربگرن کە دوای کشانەوەی تەواوی هێزەکانمان و گەڕانەوەی ئێوەدا، فیرقە، سندیکاکانی کارگەریی و گەلی ئازەربایجان لە ڕیزێکدا بمێننەوە. دەبێت ئێوە خۆتان ڕێیەک بدۆزنەوە کە پێوەندیی خۆتان لەگەڵ کەسانی خەباتکەر بپارێزن و زانیارییـان لـێ وەربگرن. بـە کورتی ئێوە تـا ئـەمرۆ ئەرکی خۆتان بە باشیی بەڕێوەبردووە و ئێستاش دەبێت بە جۆرێکی باش کۆتایی پێبهێنن[1].)**

---

[1]– هەمان سەرچاوە : AR SPIHMDA , f,1,s,89,i, 114,v. 82-86

ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٤- ١٩٤٦/٤/٣ باقرۆڤ چەند فەرمانێکی بە پەلەی بۆ ژەنەڕاڵ گلینسکی، ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و زینالۆڤ نارد و نوسی: (**بە پیشەوەریی و بە هۆی ئەوەوە، بە ڕێبەرانی تر ڕابگەیەنن کە حکومەتی تاران پێوەندییان پێوە دەکات، تا بەبێ مەرج وتووێژیان لەگەڵ بکات. بۆ ئەو وتووێژە کەرەج پێشنیاز دەکەن. ئەوە بەو واتەیەیە کە حکومەتی تاران بە شێوەیەکی جیددیی حساب بۆ ئازەربایجان دەکات. دەبێت حکومەتی نەتەوەیی لەخۆباییبوونی خۆی ڕابگرێت و لە وتەکانی پێشووی خۆی پاشەکشە نەکات. لە هەمان کاتدا هێزە چەکدارەکانی حکومەتی نەتەوەیی، دەبێت بە توندیی لە مەتەرێزەکانیاندا بمێننەوە و دوای دەرچوونی هێزەکانی سوپای سور و کۆتایی وتووێژەکان و ڕێککەوتن، نەهێڵن سوپا، پۆلیس و ژاندارمەریی بە بێ ڕێپێدانی تایبەتیی حکومەتی نەتەوەیی، بگەڕێنەوە بۆ ئازەربایجان**[1].)

پێشنیازەکانی سۆڤیەت دەربارەی وتووێژی ڕێبەرانی فیرقە لەگەڵ حکومەتی ئێراندا، بە هۆی باقرۆڤەوە بە میرزا ئیبراهیمۆڤ و کەریمۆڤ جێگری وەزیری ئەمنییەتی ئازەربایجان ڕاگەیاندرا بوو. فەرمانەکانی تری باقرۆڤ ڕۆژی سێی ئاپریل لە ڕێی پێوەندییە سەربازییەکانەوە نێردران. شەوی سێ لەسەر چواری ئاپریل میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ، ئاتاکیشیۆڤ و کەریمۆڤ چاویان بە پیشەوەریی کەوت و پێشنیازەکانی سۆڤیەت کە دەوڵەتی ئێران پێیان ڕازیی بوو، بە پیشەوەریی ڕاگەیاند. میرزا ئیبراهیمۆڤ دەقی ڕەشنوسی قسەکانی باقرۆڤ و فەرمانەکانی دەربارەی هەڵسوکەوتی حکومەتی نەتەوەیی لەو هەلومەرجەدا خوێندەوە.

پیشەوەریی دوای بیستنی ئەو ئامۆژگارییانە، گوتی: (**بە بیستنی ئەو بەڵگەیە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠ی گیلان کەوتنەوە بیرم. ئەو کاتەش دۆستە شۆڕشگێڕەکانمان ئێمەیان فریودا و کۆنەپەرستانی ئەو سەردەمەش بەرەبەرە گوشارەکانیان خستە سەر ئێمە و لە ناویان بردین و کەسانێک ڕزگاریان بوو کە توانییان بەرەو وڵاتانی تر کۆچ بکەن. ئێستاش هەمان دۆخ دووپات دەبێتەوە و ...تد.**)

بڕیاردرا ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٦- ١٩٤٦/٤/٥ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ پیشەوەریی، شەبستەریی و پادگان پێکبهێنن. ئاتاکیشیۆڤ هەر ئەو ڕۆژە وتووێژکانی بە تەواویی لە تەورێزەوە ڕەوانەی باقرۆڤ کرد. لەو ڕاپۆرتەدا نوسرابوو:

---

[1]- هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 47- 53

**(پیشــەوەریی کــاتی قســەکردن تــوڕە بــوو. بــە وزەیــەکی زۆرەوە دەربــارەی ســەربەخۆیی دیموکراتــەکان و ڕۆڵــی خایینانــەی قــەوام قســەی دەکــرد و داوای گواستنەوەی چالاکانی حکومەتی نەتەوەیی، بۆ یەکیەتی سۆڤیەت کرد.)**

ڕۆژی ٥ ی ئاپریل باقرۆڤ پێشنیازەکانی پیشـەوەریی بـە سـتالین و مۆلۆتـۆڤ گەیانـد. لـەو بارەیـەوە نوسـی: (**پیشــەوەریی دەڵێـت ئامــانجی قەوامولســەڵتەنە لــەناوبردنی بزوتنــەوەی دیمــوکراتی و هــەموو ئــەو دەســتکەوتانەیە کــە گــەلی ئازەربایجـان تـا ئێسـتا بەدەسـتیهێناون.**) لـە کۆتـایی نووسـینەکەیدا دەڵێت: (**هـەموو فەرمانەکانی ئێمە جێبەجێ دەکات و لەمپەر ناخاتە ڕێی کارەکان. لە هـەمان کاتدا نایشارێتەوە کە ئێستا تـەنیا بەڕێوەبـەریی فەرمانەکانـە و لـە ناخـەوە دژی هـەموو کارەکانە[1].)**

لە هەموو ئەو باسانەی کە لەنێوان نوێنەرانی باکۆ، تەورێز و تاراندا ئەنجامی گـرت، وتـوویژکەران بـۆ جارێـک ئاماژەیـان بـۆ دۆخـی کوردسـتان و کۆمـاری کوردستان نەکرد. پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردسـتان و حیزبی دیمــوکراتی کوردســـتان لەو بــاوەڕەدا بـــوو کە ئەگەر تەورێـــز بەرگریـــی لە دامەزراوەکەی خۆی بکات، کۆماری کوردستان دەتوانێ خۆی و خـاکی کوردسـتان بپارێزێت، بەتایبەتی کە مەلا مستەفا و هێزی تۆکمەی بارزانییەکان پشتیوانی بوون.

ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٤ (١٩٤٦/٤/٣)، لـە وتـوویژی نێـوان ئێـران و سـۆڤیەتدا لـە تـاران، ســەبارەت بــە کشــانەوەی هێزەکــانی ســۆڤیەت، کۆمپانیــای تێکــەڵاو بــۆ بەرهــەمهێنانی نــەوت و کێشــەی ئازەربایجــان، بڕیاریــان لەســەر درا. دەربــارەی کێشــەی ئازەربایجــان، قــەوام پێــی بــاش بــوو بــۆ پاشەکشــەکردنی ســۆڤیەت لــە دەسـتێوەردانی کێشـەی ئازەربایجـان، هـیچ بەڵگەیـەک واژۆ نـەکرێت و کێشـەکە بـە شێوەی نارەسمیی بمێنێتەوە. سادچیکۆڤ باڵیۆزی سۆڤیەت لـە تـاران بەڵێنیدا بـە لـە ڕێی وتوویژەوە هاودەنگیی سۆڤیەت وەربگرێت و ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٤ ڕێککەوتنەکە واژۆبکرێت. قەوام بۆ نەهێشتنی گومانی ڕوسەکان، ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٤ لـە نامەیەکدا هەموو پێشنیازەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی دەربارەی دامەزراندنی کۆمپانیـای تێکـەڵاو بۆ بەرهەمهێنانی نەوت قبوڵکرد.

شەوی ١٤ بۆ ١٣٢٥/١/١٥، مۆسکۆ ڕازیی بوو بە پێشـنیازە ئاراستەکراوەکانی بـــاڵیۆز و هـــەر لـــەو ڕۆژەدا "ڕێککەوتنامـــەی دوو لایەنـــە" واژۆکـــرا. لـــەو ڕێککەوتنامەیەدا هاتبوو:

1– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f, 1,s,89.i, 112,v, 54-55

١- یەکەکانی سوپای سور لە ماوەی مانگ و نیوێکدا لە ڕۆژی ١٣٢٥/١/٤- ١٩٤٦/٣/٢٤ وە هەموو خاکی ئێران بەجێدەهێڵن.

٢- پەیمان دەربارەی کۆمپانیای تێکەڵاوی نەوتی ئێران - سۆڤیەت، حەوت مانگ دوای ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٤- ١٩٤٦/٤/٢٤، بۆ پەسندکردنی خولی پانزەیەمی مەجلیس دەکرێت.

٣- کێشەی ئازەربایجان وەک کێشەیەکی ناوخۆیی بەگوێرەی یاساکان، بە بۆچوونێکی خێرخوازانە سەبارەت بە خەڵکی ئازەربایجان بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازیی، لە نێوان دەوڵەتی ئێران و خەڵکی ئازەربایجاندا، بە ئاشتییانە چارەسەردەکرێت[1].

---

[1]- دەستپێکردنی شەڕی سارد هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 91-92

## سوپای ئێران پەلاماری هێزەکانی فیدایی ئازەربایجان دەدات

قەوامولسەڵتەنە دەیویست دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، دەستبەجێ هێزە چەکدارەکانی ئێران لە شارەکانی ئازەربایجاندا جێگیر بکات. سەرەتا، سێ هەزار سەرباز کە لە شارەکانی شیراز، ئیسفەهان و ئەهوازەوە هێنرابوون بۆ تاران، ڕۆژی ١٣٢٥/١/٢٦- ١٩٤٦/٤/١٥ ڕەوانەی قەزوێن کران و بۆ ڕاکێشانی خەڵکی ئەو شارە بۆلای خۆیان، بە پەلە ١٩ بارهەڵگر ئازوقەیان لەگەڵ چوار تانک، بۆ پیشاندانی هێز، نارد بۆ قەزوێن. بە فەرمانی سەرکردایەتی سوپا، سەرتیپ "پورزەند" فەرماندەی لەشکری هەمەدان، هات بۆ قەزوێن.

کشانەوەی سۆڤیەت و پیشاندانی هێز لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، کاری کردە سەر خەڵکی ئازەربایجان. بە تەنیا لە شاری ئەردەوێڵ، پتر لە ٢٤ هەزار کەس بۆ وەرگرتنی هاووڵاتیی بوونی سۆڤیەت و چوونیان بۆ ئەوێ، پێوەندییان بە جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەتەوە کرد و دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە قەزوێن، سی بنەماڵە گواسترابوونەوە بۆ تەورێز[1].

ژەنەراڵ عەزیمی فەرماندەی تیپی مەراغە لە بروسکەیەکی نهێنیدا کە بۆ "جەعفەر کاویان" وەزیری سوپای نەتەوەیی ناردبوو، نوسیبووی: ڕۆژی ١٣٢٥/١/٢٨- ١٩٤٦ ٤/١٧ گروپێکی ٨٠٠ کەسیی لە هێزەکانی پیادە و سوارەی سوپای ئێران لە جادەی "تیکان تەپە" و "ساینقەڵا"، لە گوندەکانی "ئێنجە" و "قەڵا-بۆرون"ەوە پەلاماری هێزەکانی فیداییان داوە. لە شەڕێکدا کە تا ئێوارەی ڕۆژی دوایی بەردەوام بوو، فیداییەکان بە توندیی داکۆکییان لە شوێنەکانی خۆیان کرد. هێزەکانی ئێران پازدە کوژراو و برینداریان لێ بەجێماوە. پیشەوەریی لە هێرشی سوپای ئێران بە خرۆش هاتبوو. بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەو، بۆ بەرگرییکردن لە پێشڕەویی سوپای ئێران، حکومەتی ناوەندیی دەستە و گروپی فیدایی و تۆپ و کەرەستەی جەنگی ڕەوانە کرد. کۆنەپەرستانی ئێران دەیانویست لەو شەڕە تێکدەرانەیەدا، وەک بیانوویەک بۆ بەرینکردنەوەی شەڕ دژی ئازەربایجان، کەڵکوەربگرن.

ڕۆژی ١٣٢٥/١/٣١- ١٩٤٦/٤/٢٠، هەیئەتی وەزیرانی دەوڵەتی ناوەندیی کۆبووەوە. سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی وەزیری جەنگ، ڕووداوەکانی تیکان تەپە و

[1]- دەستپێکردنی شەڕی سارد هەمان کات: AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 76-77

ساینقەڵای خستە ئەستۆی دیموکراتەکان و گوتی دیموکراتەکان هێرشیانکردوەتە سەر سوپای ئێران. پێشنیازی کرد هەیئەتی دەوڵەت بە لێکۆڵینەوەی بروسکە گەیشتووەکان لەو ناوچانە، بڕیارێک دەربارەی پاشەکشەی دیموکراتەکان بدات. میر جەعفەر باقرۆڤ دەربارەی ئەو ڕووداوە بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤی نوسی:

**– (بە ڕای ئێمە، قەوام بەو کارەی ویستی لە لایەک توانای جەنگیی حکومەتی نەتەوەیی تاقی بکاتەوە و لە لایەکی ترەوە هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆی ئازەربایجان بەرەو کاری تێکدەرانە هان بدات. پیشەوەریی دەڵێت ئەگەر هەلومەرج ڕێگە بدات، یەکەکانی سوپای نەتەوەیی لە بەرامبەر هێرشەکانی سوپای ئێراندا درێژە بە بەربەرەکانیی دەدەن[1].)**

لە ڕاستییدا میر جەعفەر باقرۆڤ سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان لەگەڵ پیشەوەرییدا هاودەنگ بوو. بە ڕێبەرانی حکومەتی نەتەوەیی دەگوت چۆنیەتی پێکهاتنی پێوەندییەکانتان لەگەڵ تاران دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی توانای بەربەرەکانیی ئێوە لە بەرامبەر گوشارە جەنگییەکانی حکومەتی تاراندا **(ئەگەر ئێوە بەهێز بن، زۆر شت بەدەست دەهێنن و بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لە بەرامبەر سوپای ئێراندا ڕابکەن، هیچتان دەست ناکەوێت. حکومەتی تاران دوای ناردنی چەند گوردانی ژاندارمە بۆ ئازەربایجان، وتووێژتان لەگەڵ دەکات. ئەگەر ئێوە ئەو ژاندارمانە لەناوببەن، پێتان دەڵێت بەڕێز پیشەوەریی و لەگەڵتان وەک مرۆڤ دەدوێت و بە زمانێکی تر قسەتان لەگەڵ دەکات. ئەگەر لە بەرامبەر ژاندارمە و سەربازە ڕەوانەکراوەکانی قەوامدا پاشەکشە بکەن، ئەو کاتە قەوام وتووێژ لەگەڵ پیشەوەریی ناکات[2].)**

پەلاماری هێزەکانی ئێران بۆسەر هێزەکانی فیدایی ئازەربایجان، پیشەوەریی و ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجانی هۆشیار کردەوە کە جگە لە پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هیچ کەسێکی تر لە ناچەکەدا نییە کە حکوومەتی ئازەربایجانی قبووڵ بێت و تەنیا ئەوانن کە دڵسۆزن بە چارەنوسی خەڵکی ئازەربایجان و چارەنوسی هەردوو حکوومەت و کۆمار بە یەکەوە بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوە، پیشەوەریی و ڕێبەرانی ئازەربایجان دەستبەجێ داوای پەیمانێکی هاوبەشیان لە نێوان ئازەربایجان و کوردستان کرد.

---

1– هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 74- 75

2– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89.i, 110,v, 63-64

## پەیمانی هاوکاریی لەنێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان دا

کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە ئێران بە گشتی، دۆخێکی چاوەڕوان نەکراوی خستە بەردەم ڕێبەرانی ئازەربایجان و کوردستان. پێشەوەریی و ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجانی ناچار کرد، کێشەکانیان دژی پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان بەلاوە بنێین و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی پلان و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان کە گومان دەکرا پتر سەرهەڵبدەن و هاوهەڵوێستیی لە نێوان هەر دوو حکومەت و کۆماردا، لە بواری وتووێژکردن لەگەڵ تاران و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە، ملیان بۆ ڕێککەوتنێکی دۆستانە و واژۆ کردنی پەیمانێکی هاوکاریی ڕاکێشا. لەو چوارچێوەیەدا، ڕۆژی ۱۳۲۵/۲/۳- ۱۹٤٦/٤/۲۳ لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و ئەندامیەتی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەید عەبدوڵلا گەیلانی، عومەرخانی شەریفی، ڕەشید بەگی جیهانگیریی، زێرۆ بەگی بهادوریی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و قازی محەمەدی خزری نوێنەری خەڵکی شنۆ، چوون بۆ تەورێز و لەگەڵ سەید جەعفەر پیشەوەری سەرۆک وەزیران، حاجی میرزا عەلی شەبستەری سەرۆکی پەرلەمانی میللیی ئازەربایجان، سادق پادگان جێگری سەرۆکی فیرقەی دیموکرات، دکتۆر سەلامولا جاوید وەزیری ناوخۆ و محەمەد بێریا وەزیری فەرهەنگی حکومەتی میللیی ئازەربایجان کۆبوونەوە و لەسەر ئەم حەوت خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن. ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو ڕێککەوتنەدا، نوسی:

– چونکو ملتی آذربایجان و کوردستان هەموو کاتیک لە قازانج و زیاندا پیکەوە شریک بوون و لەعینی حالیشدا تاویستا بە دەست استعمار و استیلا جویایەوە بو ئەو دوو ملتە بە یەک اندازە فشار و لطمە وارد کراوە. ملتی آذربایجان بو رزگاریی تەواوی دانیشتوانی ایران لەژیر استبداد و دیکتاتوری هەولی داوە. هەروەها ملتی کوردیش لە ریگای آزادیدا فداکاریکی زوری کردوە و قوربانیکی بی ئەژماریشی داوە. بەلام فتنە و دسیسەی دلالەکانی سیاسی استعماری بوتە سبب و بەرهەلستی نەگەیشتنی ئەم دوو ملتە بە آواتی خۆیان.

هەتاکوو ئەو شەری آخری دنیایە دەست پیکرا و بە هیزی بە قوتی دەولەتی علمداری آزادی دەستگای فاشیستی کە آلتی دەستی استعمارچیان بوو تیکوپیک

چوو و ئەو دوو ملتە آزادی خواهانەش هەل هەلکەوت لەنیو خویاندا بو لەبین بردن و محو کردنەوەی فاشیستی و دیکتاتوری قدی پیاوەتیان بەرز کردەوە و شان بەشانی یەک بەربەرە کانیان درست پیکرد و آلای بەراستی دیموکراسی و آزادیان بلیند کرد و لەبەر ئەوەی ئەو دوو ملتە برایانە نەهەر بو جیکردنەوەی آزادی خویان بەلکو بو دامەزراندنی آزادی لە سەرتاسەری ایران بو هەموو وەختیکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی.

جا لەبەر ئەوە لە روژی (سی شەموو ۳ ی بانەمەر اردیبهشت)ی ۱۳۲۵ ساتی ۵ ی تەوای ئیوارە لە شاری تەوریز لە عمارتی ملی آذربایجان بە حضوری سەرانی حکومەتی ملی کوردستان: رئیسی حکومەتی میلی کوردستان جنابی آغای قاضی محمد- آغای سید عبداللە گیلانی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان- آغای عمرخانی شەریفی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان و رئیسی عیلی شاکاک- آغای محمد حسینی سیفی قازی وەزیری هیزی حکومتی میلی- آغای رەشید بەگی جهانگری عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان و رئیسی عیلی هەرکی- آغای زیرو بەگی بهادوری عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان - نوێنەری کوردی شنو آغای قازی محمد خضری- بە حضوری سەرانی حکومەتی میلی آذربایجان: رئیسی مجلس ملی آذربایجان جەنابی آغای حاجی میرزا علی شبستری – سەروک وزیری حکومتی میلی آذربایجان آغای سید جعفر پیشەوەری-معاونی صدری فرقەی مەرکەزی حزب دیموکراتی آذربایجان آغای پادگان- وەزیری داخلەی آذربایجان دوکتور سلام الله جاوید- وەزیری فەرهەنگی آذربایجان آغای محمد بی ریا - بو قایم و محکم کردنی دوستایەتی کە لە بینی آذربایجان و ملتی کوردستان دا بوو بو پایەداری صمیمیت و دوستایەتی زیاتر بوون لە بینی ئەو دو میللەتەدا ئەو قرارانەی خوارەوەیان قبول کرد و هر دووکیان لە آیندەدا لەگەڵ ژیانی خویان تطبیقی دەکەن.

**١- لەو جیگایانەی پی ویست بزانری هردووک حکومەتی میلی نوینەر دەگورنەوە.**

**٢- لە آذربایجاندا ئەو جیگایانەی کە دانیشتوانی کورد بن کاری ایداراتی دەولەتی بە کوردان دەبی. و هەروەها لە کوردستانیش لەو جیگایانەی کە بەشی زوری دانیشتوان آذربایجانی بن لە طرەف مأمورانی حکومتی میلی آذربایجان ایدارە دەکریە-**

**٣- بو حەل بونی موضوعی اقتصادی لە بینی هردوک میلەتان کومیسیونیکی تیکەلاو دادەمزری وە قراری ئەو کومیسیونەی بە کوششی سەرانی ئەو دوو حکومەتی اجرا دەکری.**

**٤- لە کاتی پی ویست دا لە بینی حکومەتی میلی آذربایجان و کوردستان هاوکاری پیشمەگەیی دەکری و دەبی ئەوی لازم بی بە کومەگی یەک تری ئەنجام بدری.**

**٥- هەرکاتیک پی ویست بی لەگەل حکومەتی تاران گوفتاری بکری دەبی بە موفق نظری حکومت میلی آذربایجان و کوردستان بی-.**

**٦- حکومتی میلی آذربایجان بو ئەو کوردانەی کە لە خاکی آذربایجاندا دەژین تا ئەو اندازەی لە بتوانی بو پیشکەوتنی زمان و تەرەقی پیدانی فرهنگی میلی وان هەول دەدا-،**

**هروەها حکومتی میلی کوردیش بو ئەو آذربایجانیانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین بو پیشکەتنی زمان و تەرەقی پیدانی فرهنگی میلی وان ئەو اندازەی کە بتوانی هەول بدا-،**

**٧- هر کەس بو تیکدانی دوستایەتی تاریخی نەتەوەی آذربایجان و کورد و لەبین بردنی برایەتی وە دیموکراتی میلی و یا لەکەدار کردنی یەکدی وان هەول بدا هردوولا بە یک دەست ئەو مرتکبانە بە جزای خویان دەگەیین.**

آغای حاجی میرزا علی شبستری رئیسی مجلس میلی آذربایجان

آغای پیشەوەری سەروک وزیری حکومتی میلی آذربایجان

آغای پادگان معاونی صدری کومیتەی مەرکەزی فەرقەی دیموکراتی آذربایجان

آغای دوکتور جاوید وەزیری داخلەی حکومت میلی آذربایجان

آغای بی ریا وەزیری فەرهەنگی آذربایجان

قاضی محمد رئیسی حزبی دیموکرات کوردستان و رئیسی حکومتی ملی

محمد حسین خانی سیفی قاضی وەزیری هیزی حکومتی میلی کوردستان

سید عبدالله گیلانی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان

ئەمرخانی شەریفی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان رئیسی عیلی شکاک

رەشـید بـەگی جهـانگری عضـوی کومیتـەی مرکـەزی حزبـی دیمـوکراتی کوردستان و نمایندەی عیلی هەرکی

زیرو بەگی بهادوری عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان و نوینەری عیلی هەرکی[1]. (پاشبەندی ٢٣)

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٥، لاپەڕەی ٣، چوار شەممو ١٨ بانەمەر ١٣٢٥، ٨ مە ١٩٤٦.

## دانانی ڕادیۆ لە تەورێز و ڕادیۆ و سینەما لە مەهاباد

ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٦- ١٩٤٦/٤/٢٦ یەکیەتی سۆڤیەت ئیستگەیەکی ڕادیۆی لە تەورێز دانا. هەر لەو ڕۆژەدا فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، بە بەشداریی عەلی شەبستەریی سەرۆکی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان و سەرانی حیزبیی و حکومیی ئازەربایجان و بە بەشداریی پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان، ئاهەنگێکی شایستەی بۆ دانانی ڕادیۆ لە تەورێز کرد. لەو ئاهەنگەدا شەبستەریی و پێشەوا قازی محەمەد بە بۆنەی کردنەوەی ڕادیۆ لە تەورێز، وتارێکیان پێشکەش کرد. ڕۆژنامەی ئازەربایجان دەقی وتاری پێشەوا قازی بڵاوکردەوە. نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان وتارەکەی پێشەوایان بۆ زمانی کوردیی وەرگێڕایەوە:

**کردنەوەی ایستاسیونی رادیوی حکومتی ملی آذربایجان**

**لە روژنامەی آذربایجان**

**روژی هەینی ٦-١٣٢٥/٢ ساتی ٥ و نیو ایستاسیونی حکومتی ملی آذربایجان بە رسمی کرایەوە و بە شانازی ئەم موفقیتە برایانی آذربایجانی هەستیکی لە ئەندازە بەدەریان نواند. چونکو جەنابی آغای پیشەوەری سەروزیری حکومتی ملی آذربایجان کەسالەتی هەبو، رادیو توسطی جەنابی آغای شبستری رئیسی مجلسی ملی افتتاح کرا و نطقیکیان ایراد فەرمو کە بە چوار زمانی (کوردی، فارسی، روسی، فرانسە) بە هەموو دنیا راگەیاندرا و بەرنامەی جیژن لەنیو هەست نواندن و هورا کیشانیکی لە ئەندازە بەدەر لە ساتی ٨ دوایی هات.**

**حضرتی محمد قازی پیشوای بەرزی کوردستان کە دە جیژنی ئەو برا خوشەویستانەی آذربایجانیدا شرکتی فەرموو بوو بە هوی کردنەوەی رادیو آذربایجان نطقیکی ایراد فەرموو کە وەرگەراوی ئەو نطقە لە ژیرەوە بە عەرضی خویندەوارانی خوشەویست دەگا:**

**ایستا کە ایستاسیونی رادیوی حکومت ملی آذربایجان بە رەسمی دەکریتەوە لە قولایی دلمەوە پیروزە و مبارکبادی بە گشت ملتی رشید و آزادی خواهی آذربایجان عەرز دەکەم و چونکو وەخت دیاری کراوە کە لەلایەن کوردستانیشەوە قسە بکەم بە پیویستم زانی کە ئەم کردنەوەیە بە ملتی کوردیش تبریک بکەم.**

**هومید دەدەم کە روژ بە روژ یەکەتی و دوستایەتی محکمتر و قایم تر دەبیت لە سایەی یەکەتی و برایەتیدا بو وەچنگ هینانی آزادی و راگرتن و پاریزگاری**

**بدین و پیکەوە پیاوانە هەول ددەین کوتایی نەکەین، باقی نواقصاتی اجتماعی و مدنی بە یارمەتی یەکتر لەنیوان هەلدەگرین و زوو بە تالوکە بو لایەن کانونی سعادت و خوشبەختی دەچینە پیش وەها سعی و کوشش بە خەرج دەدەین کە لە ملتە سەرکەوتوەکانی دنیا نەمینینەوە. هەژاری و فقیری ییەک کە لەبەر بی خاوەنی داوین گری ایمە ببوو بەهوی علم و صنعت لای بەرین. بە پوختی، ئەو دو ملتە بو هاوکاری و برایەتی بانگ دەکەین و لە موقع استفادە دەکەم ئەو مسئلە وەبیر دینمەوە کە دنیای ئەورو لە سایەی زانست و معرفتدا زەوی و آسمانیان تسخیر کردوە و ایستا بە دوزینەوەی اسراری ئەستیران خەریکن کە وابوو ریگای رزگاری ایوە (کورد و آذربایجانی) فیربوونی علم و معرفتە لەم صورتەدا هەرچی هەتانە لە ریگای وەچنگ هینانی علم و معارف و باسواد کردنی خوتاندا خەرجی بکەن و دلنیا بن کە بە آرەزووی کونی خوتان دەگەن. و دەمەوی ملتی کورد لەم مسئلە خبردار بکەم: لە ماوەی ئەو چەند روژەدا کە هاتوومە تەوریز دەگەل سەرانی آذربایجان پیشمەرگەخانە و مدرسان و کارخانانم چاوپیکەوتووە، ملتی آذربایجان لە ریگای بەرزبونەوە و خوشبەختی خویاندا هەنگاوی گەورەیان هەلیناوە و دیتم کە بو بەشداربوون لەم ترقیاتە لیاقەتیان هەیە. لە تەوریز و باقی گوندەکانی آذربایجان بو لابردنی نوقصانی مادی و معنوی و بالابردنی سطحی اجتماعی و اقتصادی جولانەوەی گەورە دەبیندری**[1]. (پاشبەندی ٢٤)

چوار ڕۆژ دوای دانانی ڕادیۆ لە تەورێز واتا ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١٠– ١٩٤٦/٤/٣٠، لە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەواندا بە بەشداریی سەید محەمەد تەهازادە جێگری حیزبی دیموکرات، حاجی سەید بابا شیخ سەرۆکی هەیئەت ڕەئیسەی میللی حکومەتی کوردستان، ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانیی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و نوێنەرانی یەکیەتی سۆڤیەت، ڕادیۆ و سینەمان کوردستان بە شێوەی ڕەسمیی دەستیان بە بڵاوکردنەوەی فیلم و پرۆگرام کرد.

پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، بیریان لە دانانی ڕادیۆیەک و سینەمایەک بۆ کوردستان کردەوە کە هاوکات لەگەڵ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی، پروپاگەندەی حیزبی و حکوومەتی پێ بکات و ئاگاداریی و ڕاگەیاندن و داخوازییەکانی بە گوێی

---

[1]– ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٤، لاپەڕەی ١ و ٢، دوشەممو ١٦ بانەمەر ١٣٢٥، ٦ مە ١٩٤٦.

خەڵک بگەیەنێت و بە هۆی پێشاندانی فیلمی هەمەجۆرەی ئەو سەردەمەوە، کاتێکی خۆشگوزەرانیی بۆ خەڵک دابین بکات.

یەکەم پێشنیازی دانانی سینەما لە مەهاباد و وەرگرتنی مۆڵەتی دانانی لە لایەن جەعفەری ئاغای کەریمی‌یەوە ئاراستەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات کرا. حیزبی دیموکرات داواکەی بە پێشەوا قازی گەیاند و پێشەوا پێشوازیی لەو هەوڵەی جەعفەر ئاغای کەریمی کرد. لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان نوسی:

سینەمای کوردستان:

**برای خوشەویست آغای جعفر کریمی لە حزب دیموکرات کوردستان داوای کردوە کە امتیازی سینماییکی بەنیوی سینمای کوردستان بدریتی داخوازی وی مورد توجهی پیشەوای معظمی کوردستان قراری گرتوە و فوری بە ژمارە ٩١-١٤-١١-٢٤ امتیازی دراوەتی و زور تقدیری لی کراوە و لەسەر ئەمری ریاست معظمی جمهور یانەی قەپانی توتن کیشان کە لە ادارەی توتنی دامەزراوە بو کانگای سینما هەلبژیردراوە و دەستور دراوە آغای حسن ارجمندی مودیری سینمای کوردستان خەریکی ساز کردنی اسباب و بەجی هینانی وظیفە بیت[1].**

پێش ئەوەی کۆماری کوردستان بتوانێت دەزگایەکی ڕادیۆ بە شەپۆلی کورت و دەزگایەکی سینەمای گەڕۆک لە ڕوسەکان وەربگرێت، پێشتر فیرقەی دیموکرات لە ئیستگەیەک لە تەورێز پرۆگرامی بڵاودەکردەوە. حکوومەتی ئازەربایجان لەسەر پێشنیازی ڕوسەکان، ڕێیاندابوو بە حیزبی دیموکرات کە ڕۆژانە بۆ ماوەی ٤٥ خولەک بەرنامەی کوردیی لەو ئیستگەیەی ئەوانەوە بە زمانی کوردی بڵاوبکاتەوە کە شەوانە لە کاتژمێر ٢١:٤٥ بە کاتی مۆسکۆ، لەو ڕادیۆیەوە پرۆگرامی بڵاودەکردەوە. ڕۆژنامەی کوردستان دەربارەی ئەم پرۆگرامە نوسی:

**ایستگای رادیوی تەوریز**

**ایستگای رادیوی تەوریز هەموو شەو ساتی ٤٥ - ٩ دقیقە بە وەختی مسکو بە زمانی کوردی قسە دەکا[2].**

بێژەری بەشی کوردیی ڕادیۆی ئازەربایجان لە تەورێز، هەژار موکریانیی بوو. ناوبراو دەربارەی پرۆگرامەکانی ئەو ڕادیۆیە، دەڵێت: (لە تەورێز ڕادیۆی

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٢، لاپەڕەی ٣، شەممو ٢٠ ریبەندان ١٣٢٤، ٩ فیوریە ١٩٤٦.

[2]- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٠، لاپەڕەی ٤، شەممو ٧ بانەمەر ١٣٢٥، ٢٧ ئەپری ١٩٤٦.

پیشەوەری هەبوو. بریاردرابوو ڕۆژێ نیوسەعات ئێمەش قسەی لەسەر بکەین و بەرنامەی تایبەتی خۆمان هەبێ. من بۆ ئەو کارە چومە تەورێز. وەتاغێکم لە ماڵی شازدە خانمی میرپەنج بەکرێ گرت. شەوانە تا نیوەشەو، ڕۆژانە هەر لە بەیانەوە تا نوێژی شێوان بەتەنیا خەریکی بەرنامە نیو سەعاتەکە دەبووم و دەچوم دەم خوێندەوە. پازدە ڕۆژ ئەو کارەم کرد. ڕۆژێک هاتن بە ترومبێلێکەوە و بردیانمە لای ئالاقاپو "نشیمەنی پیشەوەری" کە چوم پیشەوەری لەوێ بو. پیشەوەری گوتی: ئێمە نازانین تۆ چدەخوێنیەوە، پێویستە بەرنامەکەت تەرجەمە بکەی و ئێمە بیبینین.

گوتم: من وەمزانی بەرنامەی خۆمانە، ئەگەر بەرنامەی ئێوە بێ من کاری لێ ناکەم.

گوتی: ئاخر نازانی هەر چارەگە سەعاتەی سێ تمەن حقوقی گویەندەیە؟!

گوتم: من لە موعامەلەی خۆم زۆر پەیدا دەکەم، ئەو کارە بە کەسێکی تر بسپێرن. ئیتر تازە نەچومەوە ڕادیۆ تەورێز[1].)

دوای دانانی ئیستگەی ڕادیۆ لە تەورێز، ڕوسەکان کاتی بەجێهێشتنی ئێران، بە ناوی یارمەتی فەرهەنگییەوە، دەزگایەکی سینەمای گەڕۆکیان کە لەسەر ئوتۆمبیل دانرابوو، لەگەڵ دەزگایەکی ڕادیۆ و پێنج بڵندگۆ بە کەرەستەی پێویستەوە، دا بە حیزبی دیموکرات. ڕۆژنامەی کوردستان لەم بارەیەوە نوسی:

**کوردستان قسان دەکا**

**روژی سێشەممە ١٠ بانەمەر ١٣٢٥ ایستاسیونی رادیۆی مەهاباد پایتختی حکومەتی ملی کوردستان دەگەل ٥ دەستگا بلیندگو کە (١- لە حەوشی کانگای حزبی دموکرات ٢- لە پیش مەرگەخانە ٣- رووبەرووی شارەوانی ٤- لە رووبەرووی خانوی حضرتی پیشوا ٥- رووبەرووی مزگەوتی عباس آغا نصب کران) دانران و رسما کرایەوە و جیژنیکی جوان گیرابوو لەم جیژنەدا جەنابی حاجی سید باباشیخ رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی مللی کوردستان و ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی و کاربەدەستانی حزبی دموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە آغایانی دەوروبەر و رجال و محترمینی شاری مەهاباد حضوریان بوو لە ساتی ٤ ی پاش نیوەرو آغای سەید محمد طەزادە معاونی حزبی دموکرات جلسەی دەست پی کرد و لە ترقیات و پیش کەوتنی پیشە لە اتحادی جماهری شوروی دا بیاناتیکی چاکی کرد پاش ئەو جنابی حاجی سید باباشیخ لەلایەن هەیئەتی رەئیسەی مللی -**

[1]- چێشتی مجێور، لاپەڕەی ٧٩، عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی هەژار، ئامادەکردن و سەرپەرشتی چاپ: خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس- ١٩٩٧.

آغای محمد افندی له لایەن ژنرال مەلا مصطفی بارزانی، جنابی قازی محمد لەلایەن کمیتەی لکی بوکان - آغای صلاح له لایەن هیزی کوردستان – آغای علی خسروی له لایەن اتحادیەی جوانان آغای دلشاد رسولی لـه لایـەن کمیتـەی ناوەندی آغـای احمد الهی لەلایەن زەحمتکیشان و جوتیرانی کوردستا آغای کوری کورد له لایەن مدرسـەی کوران آغـای حسـن داودی لـەلاین بازرگانـان- آغـای مـایور علـی زادر هینـەری چتـەکان لەلایـەن دەولـەتی بـە شـهامتی اتحـادی شـوروی- ایضـا آغـای دلشادی رسولی له لایەن وەزارتی فرهـەنگ لـه بەرانبـەر میکروفون ووتـاری زور بـەتینیان خوینـدەوە و مراتبـی سـپاس گـزاری خویـان نسـبت بـە اتحـاد جمـاهری شوروی که استاسیونی رادیو دەگەل پیداویستەکانی و دەگەل یەکدەستگا ماشـینی سینمای سیاریان به نیوی انجمنی روابطی فرهنگی به کوردستان بەخشیوه بـەجی هینا.

پاشان آغای سید محمد طه زاده دەستگاکانی له آغای مایور علی زاده تحویل وەرگرت و دیسان مراتبی سوپاسگزاری لەلایەن ملتی کوردستانەوه نسبت به اتحاد جماهری شوروی نواند و به تایبەتی له زحماتی آغای مایور غنی زاده که زەحمتی هینانی ئەو چتانه ی قبول کردبوو زوری تشکر کرد و هەردوکیان دەسـتیان دەنیو دەستی یەکتر نا و مهری متقابلیان دەرحق به یەکتر اظهار کرد و جیژ له سـاتی ٦ پاش نیوەرو دوایی هات.

کوردستان له کۆتاییدا دەنوسێت: لیرەدا بی مناسب نـازانم کـه مختصـریک راجع به آثـاری مهر و محبتـی بـاطنی خـەلکی شـوروی بـه عرضـی خوینـدەوارانی خوشەویست بگەیەنم: دانیشتوانی نیشتمانی شوروی یانی ئەو مملکته زلەی که لـه باکوری کوردستان و خورهەلاتی اروپادا هەلکەوتووه هەمو چت و گشت هیزیکیان بـو بـەرز کردنـەوه و نجـات دانـی نەتـەوەکانی لیقـەوما و آشـنا کردنـی ئـەوان بـه شارستانیت و سەرخستنی پایەی ژیانی ملته هەژارەکان بخت کردووه وا ایستاش هەر بەختی دەکەن ئەمەیه ئەو شعاره مقدس و پاکەی که خەلکی شوروی هەیانه... تد[1].

کاتی دانـانی ڕادیـۆ لـه مەهاباد، پێشـەوا قـازی محەمـەد لـه تـەورێز بـوو. دوای گەڕانەوەی له تەورێز، وتارێکی زۆر گرنگی له ڕادیۆدا بڵاوکردەوە که بـه ڕادەیـەکی زۆر ئاوێتـەی پەرۆشـیی پێشـەوا و ڕێبـەرانی کۆمـاری کوردسـتان بـوو لـه دۆخـی

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٣، لاپەڕەی ٢، شەممو ١٤ بانەمەر ١٣٢٥، ٤ مای ١٩٤٦.

داسەپاو بەسەر کوردستاندا و چالاکبوونی جاسوس و پیاوانی ڕژێمی ئێران لە کوردستان و لە ناو سەرۆک خێڵەکاندا. ڕۆژنامەی کوردستان دەقی ئەو وتارەی پێشەوای بڵاوکردووەتەوە:

**نطقی حضرەتی پیشوای کوردستان لە پیش رادیو**

**رۆژی ١٢-٢-١٣٢٥ سات ٦ پاش نیوەرو حضرەتی محمد قاضی پیشوای معظمی کوردستان نطقی ژیروی بە هوی رادیو بە گوی دانیشتوانی کوردستان گەیاند و بە بلیندگو بلاوکرایەوە:**

**برایانی خوشەویست: لە دامەزراندنی دەستگای رادیو و ئەم موفقیتەی کە دەستتان خستووە تبریکتان لی دەکەم چونکو لە وەختی کردنەوەی دەستگای رادیو لیرە نەبووم ایستا احساساتی خوم نسبت بە پیشکەوتنی ایوە اظهار دەکەم. ئومیدەوارم کە لیرە بە دووا روژ بە رۆژ بتوانین لە مسایلی مدنیدا پتر ترقی بکەین.**

**لە هەمو شتیک چاکتر بو ایمە ئەوەیە کە بتوانین قسەی خومان بە گوی دونیا بگەیەنین و تصدیق دەفەرمون کە هەمو شتیک وورده وورده ترقی پیدەدری. دیسان دەتوانین بە هوی ئەم دەستگایە دەرسی اخلاقی فلاحتی و... بە برایانی خوشەویست بلیین و لە آیندەش دا بەرنامەیەکی باش بو رادیو کەمان دیاری دەکەین. ئەوەش بزانن کە ایمە آغای محمد حسین خانی سیف قاضی و آغای صدری قاضیمان بە نوینەری کوردستان دەگەل نوینەرانی آذربایجانی بو تاران ناردووە و گفتوگو دەوامی هەیە تا لە تەوریز بوم روژ بە روژ خبرم دەزانی و ممکنە بو ئەوەی لە مذاکرات بی خبر نەبم ئەو روژانە بچمەوە تەوریز و چونکە هیندی خبرم لە وەلاتی خومانەوە بو هاتبو و بو خبردار بوون لە چلونەتی اوضاع هاتمەوە.**

**حکومەتی کوردستان ئەورو زور بە هیزە ئەو کەسانەی کە دەیانەوی دەگەل دوژمنانی کورد ببنە یەک کوردستان دەتوانی زور چاکیان چارە بکا بەلام ئەمن تا ممکن بیت ریگای مسالمت بەرنادەم ئەگەر هیچ چارەش نەما حکومەتی کوردستان بەهیزی خوی سەری وان لە هەردی دەخا[1].** (پاشبەندی ٢٥)

هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان دەربارەی سینەمای کوردستان و دەستبەکارکردنی نوسی:

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٤، لاپەڕەی ٢، دوشەممو ١٦ بانەمەر ١٣٢٥، ٦ مە ١٩٤٦.

سینمای کوردستان

صحنەی سینمای کوردستان کە چەندی لەوەی پیش لە لایەن وەزارتی بەرزی تبلیغاتەوە دەست بە سازکردنی کرابوو دوایی هات و فیلمی نویی زور اعلای اخلاقی کە ئەندازەی لەخوبووردن و نیشتمان پەرستی قارەمانانی جماهیری شورەوی نیشان دەدا و دەنوینی کە ئەم ملتە آزایە بو پارازتنی نیشتمانی خوشەویستیان چە فیداکارییکیان بە خەرج داوە، وارد کراوە و دەستی بەکار کردووە پیویستە برایانی نیشەجیی مەهاباد و دەوروبەر استفادەی لی بکەن و بە تایبەتی لە لایەن وەزارتی تبلیغاتەوە راگەیەندراوە کە لە کاتی چوون بو سینما و لە وەختی وارد بوون و دانیشتندا مراعاتی انضباط بفەرمون[1].

ئارچی ڕۆزڤێڵت کە دوای دانانی ڕادیۆ لە ئازەربایجاندا سەردانی تەورێز و مەهابادی کرد، لە بیرەوەرییەکانی دەڵێت: (پلە بەرزترین کەسایەتی کۆمەڵایەتی مەهاباد قازی محەمەد بوو. ئەو ئەرکی دادوەری شەرعیی شاری مەهابادی لە ئەستۆ بوو. قازی کتێبخانەیەکی لە باوکانی بۆ مابووەوە کە بە حەوت زمان کتێبی تێدابوو. ئەو کەڵکی زۆری لەو کتێبخانەیە وەرگرتبوو، لە بواری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و بابەتی تریش گەشەی بە زانیارییەکانی خۆیدا بوو. بەم بۆنەیەوە لە یەکەم ساڵەکانی چوارەم دەیەی ژیانیدا سەرەڕای پلەی شەرعی، کەسایەتییەکی بەهێز و خاوەن هەلومەرجێکی ممتاز بوو. .... لە یەکەم دیدارمدا لەگەڵ قازی محەمەد، پێمگوت ئێمە هاتووین بۆ کوردستان توێژینەوە لە



بارودۆخی کوردەکان بکەین و ڕاپۆرتەکانمان ئاراستەی دەوڵەتەکەمان بکەین. هیواداریین دۆخی کوردەکان چارەسەر بێت و بە جۆرێکی تر دیکتاتۆریەت بەکار نەهێنن. قازی لە وەڵامدا گوتی: "خەڵک لە هەموو بەشەکانی ئەم وڵاتەدا کە

1- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٦٢، لاپەڕەی ٢، چوارشەممو ٥ پوشپەر ١٣٢٥، ٢٧ ژوئن ١٩٤٦.

لەژێر دەستی مندایە، ئازادە و هەرچی دەیانەوێت دەیڵێن." من وەڵامم دایەوە و گوتم: من بە چاوی خۆم ئەوەم دیوە. لە ئازەربایجانی دیموکراتدا، خەڵک تەنیا دەتوانن گوێ لە ڕادیۆ تەورێز و ڕادیۆ مۆسکۆ بگرن، کەچی دوێنێ شەو من لە شەقامەکانی مەهاباددا دەنگی ڕادیۆ لەندەن و ڕادیۆ ئەنقەرەم بیست.... کاتێک دەربارەی پۆستێرە هەڵواسراوەکانی سۆڤیەت لە شەقامەکانی مەهاباد قسەم کرد و گوتم بە بینینی ئەوانە سەرسام بووم، قازی گوتی: "کوردەکان ناچارن لە هەرکەسێک یارمەتی وەرگرن و قبووڵی بکەن، بەڵام ناچنە ژێر بار و فەرمانی هیچ کەسێکەوە. ئێمەی کورد سکاڵای خۆمان بە سێ لایەنی سەرکەوتوو لە کۆنفرانسی پۆتسدام ڕاگەیاند، بەڵام ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان ئاوڕیان لێ نەداینەوە[1].)

[1]– ئارچی ڕۆزڤێلت، شوق آموختن، وەرگێڕانی سەبا سەعیدی، انتشارات اطلاعات تهران ۱۳۷۱.

# وتووێژی نوێنەرانی کورد و ئازەربایجان لەگەڵ حکوومەتی ئێران

ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٨- ١٩٤٦/٤/٢٨، پانزە هەزار کەس لە خەڵکی تەورێز بۆ بەڕێکردنی لیژنەی وتووێژکەر لە فڕۆکەخانەی تەورێز کۆبوونەوە. لە فڕۆکەخانەی تاران، موزەفەر فیروز جێگری سەرۆک وەزیران و سەرتیپ سەفاریی پێشوازیی لە پیشەوەریی و یاوەرانی کرد. بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ئەندامانی لیژنە، پەنجا ژاندارم و ژمارەیەک پۆلیس بە بەرگی ئاساییەوە دانرابوون. بە ڕاپۆرتی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، لە تارانیش ژمارەیەکی زۆر لە ئازادییخوازان بۆ پێشوازیی کردن لە نوێنەران کوردستان و ئازەربایجان لە فڕۆکەخانەی مێهرئاباد کۆببوونەوە کە دوو کەسیان لە لایەن ژاندارمە بەنا چاودێرەکانەوە کوژرابوون و چەند کەسیشیان بریندار ببوون.

ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٩- ١٩٤٦/٤/٢٩ وتووێژی دوو لایەنە دەستیپێکرد و دوو هەفتەی خایاند و هیچ لایەنێکیان پاشەکشەیان لە داخوازییەکانیان نەکرد. دوارۆژی وتووێژەکان هاوکات بوو لەگەڵ دەرچوونی دوا هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان کە ئەوەش بوو بەهۆی لاوازکردنی لیژنەی ئازەربایجان.

ڕۆژێک پێش چوونی لیژنەی ئازەربایجان بۆ تاران، باقرۆڤ دەربارەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، ڕاپۆرتێکی نارد بۆ ستالین و نوسی: **(بڕیاریداوە ٦٢ تۆپ، ٣٤٨٥٤ گوللە تۆپ، ٤٩ دۆشکە و چوار ملیۆن فیشەک لە ئازەربایجان بەجێ هێڵرێت.)** هەروەها ڕازیی بوونی مۆسکۆی وەرگرت سەبارەت بە هێنانی ٢٠٠ بنەماڵەی دیموکراتەکان بۆ یەکیەتی سۆڤیەت، کەم نەکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانی دیپلۆمات و بازرگانەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، لە پێوەندیی لەگەڵ چالاکییەکانی نەوت لە ئایندەدا، هێشتنەوەی نەخۆشخانەی سۆڤیەت لە تەورێز، زیادکردنی ژمارەی کارمەندانی خانەی فەرهەنگ تا پانزە کەس، گواستنەوەی چاپخانەی ڕۆژنامەی "وەتەن یۆڵندا" بۆ خانەی فەرهەنگ، درێژەدانی چاپەمەنی و چاپی ڕۆژنامەی ئازەربایجان لە باکۆ بۆ ئازەربایجانی ئێران، گواستنەوەی کارخانەی چنین و ڕستنی کەشی تەورێز بۆ کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات و هێشتنەوەی خوێندنگەی ناوەندیی و ئامادەیی ئازەربایجان لە

تەورێز[1]. باقرۆف لە کۆتاییهاتنی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، بۆ ستالینی نوسی:

**- (جوتیاران، کارگەران، ڕۆشنبیران و هەموو گروپە دیموکراتەکان پەژارەی خۆیان لە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران دەردەبڕن. زۆر بە پەرۆشن بۆ چارەنوسی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان. لە لایەکی ترەوە کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە نێوان گروپە کۆنەپەرستەکان و لایەنگرانی ئینگلیزەکاندا کاریگەریی پێچەوانەی دروستکردووە. ئەوانە پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بە هۆی گوشاری ئەمریکا و ئینگلیزەوە دەکرێت و ئەوە بە سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا و ئینگلیز دادەنێن. کشانەوەی هێزەکانمان، دەستە و گروپە کۆنەپەرستەکانی هیوادار کردووە کە ڕێبەرایەتی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و بزوتنەوە ئازادییخوازانە نەتەوەییەکە بە تەواویی لەناوبچن[2].)**

محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان کە ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٨- ١٩٤٦/٤/٢٨ بە نوێنەرایەتی گەلی کورد لەگەڵ لیژنەی نوێنەرایەتی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان چووبوو بۆ تاران، ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٢٣- ١٩٤٦/٥/١٣ گەڕایەوە بۆ مەهاباد و لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بۆ چۆنیەتی گەشتەکەی و سەرنەکەوتنی وتووێژەکانی نوێنەرانی کورد و ئازەربایجان لەگەڵ تاران کرد. ڕۆژنامەی کوردستان دەقی ڕاپۆرتی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانی بڵاوکردوەتەوە:

**- رۆژی یەک شەممو ٨ بانەمەر سەعات ٩ و ٢٠ دەقیقە لە ایستگای تەورێز دەگەڵ نمایندگانی آذەربایجان کە عبارەت بو لە آغای پیشەوەری سەروکی حکومەت میللی آذەربایجان و رەئیسی هەئیەتی نمایندەگی و آغای صادق پادگان و آغای دکتر جهانشاهلو و آغای ابراهیم دیلمقانی و ١٤ نەفەر فیدایی بە رەیاستی یەک نەفر کاپیتان حەرکەتمان کرد و لە ساتی ١١ و ٢٠ دەقیقە واریدی ایستگای (مهرآباد) بوین لە لایون آزادی خواهان و اهالی آذەربایجان ساکن تاران کە ساعاتیک پیش وارید بونی مە بە وسیلەی مامورینی دەستگای دیکتاتوری عبارت بو لە لەفرادی ژاندارمری بی شەرمانە ممانعەتیکی مسلحانە بو پیشوازی نەکردن لە ایمە بە عەمەل هاتبو و دو نەفەر لەو آزادی خواهانە کوژرابون چەند نەفەریشیان**

1- دەستپێکردنی شەڕی سارد، هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s, 89. I,112,v. 91- 92

2- هەمان سەرچاوە : Ibid, v. 100- 102

بریندار کردبون. دیسان جمعیتیکی یەکجار زور کە خویان لە چەنەگی مستحفظین ژاندارم خلاص کردبو بە دەسکە گولەوە خویان گەیاندبووە مەیدانی طیارەی و شور و شعف و احساساتیکی وایان بە خەرج دا کە روحی مەیان وەلەرزە خست و بە دەنگێکی بلند چەپلەیان لیدەدا و هاواریان دەکرد ئەنگو ئەمەو نەجات دا. ئەما وشیار بن اشتباهی نەکەن آزادی ایمە بە حرکاتی راست و بی خطای ایوە پەیوەندە. هورایان دەکیشا و لیکرا دەیانگوت (بژی خەلکی آذربایجان) (بژی مشعلداری آزادی ایمە آزادی خواهانی کوردستان...)

آغای مظفر فیروز معاون سیاسی نخست وەزیری ایران و سەرتیپ صفاری رەئیسی تشکیلاتی کل شارەوانی لە طرف دەولەتەوە بو استقبال حاضر بون و بە شارەزایی وان بو قصری جوادیە کە لە دوازدە کیلومتری تارانی یە و لە پیشدا بو پذیرایی حاضر کرابو حەرکەتمان کرد. وسایکی پذیرایی مە لە طرف وەزارەتی امور خارجەوە بە عەمەل دەهات. لە روژی دوشەممو یە مذاکرات دەست پیکرا نومایندانی دەولەتی تاران عبارت بون لە (آغایان مستشاردولە. محمد ولی میرزا. فرمافەمائیان. لنگرانی. اپیکچیان و آغای مورخ الدولە سپهر و هنر و مظفر فیروز معاونی سیاسی و پارلمانی نخست وەزیر.)

پاش گفتگویەکی زور لە اطراف نهضتی دموکراسی کوردستان و آذربایجان داخواز و تقاضای ٥ ملیون کورد و آذربایجانی (کە بە خوینی هەزران لاو و پیر و جوان میللەتی قارەمانی کورد و آذربایجانی) کە سالهای سال لە ری یەدا لە ملە و مبارزەدا بون و بە دەستیان هیناوە و دە مقابلی ابلاغیەی پوچ بی مەعنای حەرەتکانی دەولەتی تاران. لەبەر ئەوەی کە دنیا بزانی کە میلەتی قارەمانی کورد و آذربایجان حاضر بە خوین ڕشتن و براکوژی نین. و لە دەمدانی ارتجاع و خوین مژە حاکم و گەورەکانی دنیایە کە دەو ری یەدا هەزران افترا و بوختانیان بو ساز کردبووین. بە دەولەتی تاران پیشنهاد کرا کە بو آگاداری ایوە عرض دەکرین.

پاش گفتگو و کیشە کیشیکی زور و چەند روژ مذاکرە بە استناد درو و قسەی پوچی قانونی اساسی موافقت حاصل نەبوە. .... معلوم بوو قانونی اساسی بە تعبیری دەولەتی تاران، عبارتە لە پامال کردنی حقوقی میللەت، و دەست و پی بەستنی وان. و بەرەلا کردن و تی بەردانی عدەییکی محدود بە عنوانی جوی جوی مامورینی لەشکری و کشوەری و ژاندارم کە لە پامال کردنی حەق و عدالەت، کە مضایق قانون اساسی حقیقی، بە تەواوی نەتەوانی ایران قابل بووە، داندراوە دریغیان نەکردووە هەروەکوو بوخویان دیوتانە لە تعرض بە گیان و مال و حیثیت

و ناموس نەتەوانی ایران مخصوصاً میللەتی کوردی. ده کەمالی بی شەرمی و بت حیایی دا له مدەتی ٢٠ سالەی دیکتاتوری رضاخان دا مضایقەیان نەکردوه و ئەوان ایران فقط به تاران دەزانن. تارانیش چه تاران مەرکز و بناغەی فەساد لاوبالی و بی علاقەیی و بی خەبەری و حقیقت دا، مەرکزیکی زور کەثیف به قصر و قصوری زور عالی و مجلل که به خوێن و زەحمەت و رەنج و آرەقی نیوچاوانی هەزاران هەزار بەدبخت و بیچارەی نەتەوانی زەحمەت کیش ایرانی بناغەی داندراوه و رازاوەتەوه....

پیشنیادی خومان ده ١٤ مادەدا تا اندازەیەک موافقت حاصل بو، بەلام چەند نەفەر لە وەزیران کە وا مەعلوم بوو نەشەیان گولی کردبوو یا بە استناد بە فەرمایشی آغای پیشەوەری له اثری قانونی منعی تریاک له آذربایجان دا عصبانی ببوون، نەیان هیشت که دەوڵەتی آغای قوام لەو موقعه استفاده بکا. و ئەو مسئله به خوشی تەواو ببی. لەبەر ئەوه ناچار بوین بەبێ اخذی نەتیجه روژی (دوشەممو ٢٣ ی بانەمەر هەیئەتی نمایندگی کوردستان آذربایجان سەعاتی ٧ و ٥ دەقیقە لە تاران گەڕایەوه و له پاش گەرانەوەی مە دەولەتی قەوامولسەڵتەنه اعلامیەکی لە تاریخی ٢٥/٢/٢٣ دا انتشاردا. ئەوا عرض دەکری هەروەکو لە تەوریز لە طرف هەیئەتی نمایندگیەوه بە وەسیلەی ئاغای پیشەوەری جوابی دراوەتەوه و ئەمن نامەوی دەو موضوعەی جیدی بدویم.

بژی کورد و کوردستانی گەوره
بژی پێشەوای معظم و محبوبی مه
بژی فرقەی دیموکراتی کوردستان
بەرقرار بی یەکەتی و برایەتی کوردستان و آذربایجان
بژی و راوەستاو بی لاوان و جەوانانی رەشیدی کوردستان[1] (پاشبەندی ٢٦)

دوای گەڕانەوەی لیژنەی نوێنەرایەتی کورد و ئازەربایجان له تاران، ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١٥- ١٩٤٦/٥/٥ پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ حاجی بابا شێخ چوون بۆ تەورێز که چاویان به پیشەوەریی و ئەو نوێنەرانه بکەوێت که چووبوون بۆ تاران و له نزیکەوه ئاگاداری ئەنجامی وتووێژەکان ببن. پێش چوونی بۆ تەورێز، پێشەوا قازی محەمەد لە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەواندا، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان ژمارە ٥٠، لاپەڕەی ١ و ٢، ٢ شەممو ٦ جوزەردان ١٣٢٥، ٢٧ مه ١٩٤٦.

سۆڤیەت لە ئێران، بە پێشێلکارییەکانی حکومەتی ناوەندیی، دەستبەردار نەبوونی گەلی کورد لە مافەکانی و ئەگەر بە ئاشتیی نەیتوانی، وەرگرتنیان بە شەڕ، وتارێکی گرنگی ئاراستەی بەشداران کرد.

پێشەوا قازی محەمەد لەو هەست و ئیمانەوە دەیڕوانییە بەڵێنی سەرۆک عەشیرتەکان کە خۆی سەبارەت بە نەتەوە نیشتمان و خەڵکەکەی هەیبوو، بەڵام دواتر حیسابەکانی بە هەڵە دەرچوون و ئەوانەی کاتی بەڕێکردنی پێشەوا بۆ تەورێز دەستیان ماچ دەکرد و بڵێنی پاراستنی کوردستانیان پێدا، هەر ئەوانیش بوون بە جاش و کەوا سووری بەرلەشکری دوژمن کە لە جێی خۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەم. ڕۆژنامەی کوردستان نوسی:

**- روژی یەکشەممو ١٣٢٥/٢/١٥ حضرتی پێشەوای معظمی کوردستان لە کاتی تشریف بردنی بۆ تەورێز لە نیوان تەوا سەرانی عشایری مەنگور مامەش زەرزا گەورک دیبوکری و قەرەپاپاق و افسرانی بیباکی هیزی دیموکرات فەرمووی:**

**برایانی خوشەویست، لە کاتیکی دا کە اوردوی سوور لەنیوان دابو دوژمنانی ئیمە هەمیشە وایان بلاودەکردەوە کە داوا و ادعای کوردان هەموو بە هوی سیاستیکی خارجییە کە مقصودیان اردوی سوور بو – بەلام ئەورو بە ئاشکرایی لە هەموو کەسیک معلوم بووە کە کورد آزادی دەوی و دەست لەو مەرامە هەلناگری و وجودی ئەو عشائرانە لەو رودا کە بە گیان و مال آمادەن، آخرین دلوپی خوینی خویان بو ئەو مەرامە بریژین شاهیدیکی زور گەورەیە بۆ ئەوەی کورد آزادی دەوی و دەستی لی هەلناگری و بۆ وەچەنگ هینانی آزادی اعتمادی هەر بە خویە.**

**ئەمن زۆر سوپاسی برا مەنگوڕەکان دەکەم کە هەر بە بیستنی ئەوەی کە زانیویانە اوردوی سوور ولاتی تخلیە کردوە و رۆژی کارە، گەورە و چوکیان بۆ پاراستنی وڵات آمادەی خزمەت بون، برایانی مامەش هەرکە زانیویانە کە رۆژی ئەوەیە دەبێ ولاتی کوردەواری نفوذی بیگانەی تێدا نەمێنێ و دەستی استعماری لەسەر لابری هەموی بە گیان و دل حاضر بوون هەروەها برایانی گەورک، دیبوکری، زەرزا و آغایانی قەرەپاپاق هەموو ئەورۆ وەک گورد لە مەیدانی دا راوەستاون و چاوەنۆری فەرمانن کە هەموی شاهیدیکی گەورەیە لەو رۆژەدا کە اوردوی سوور ولاتی تخلیە کردوە، ئەوان واجبی مقدسی خۆیان بەجێ دێنن و بەڵگەییکی زۆر زلە بۆ ئەوەی هەستی نیشتمان پەرەستی و آزادی لە دلی هەموو کوردێک دا جێگیر بووە و دەست لی هەلگرتنی نییە.**

برایـانی خۆشەویسـتی بـارزانی کە لە ڕێگـای وەدەسـت خسـتنەوەی ئازادی کوردستانی مەزن وڵات و ماڵ و منداڵیان لەپیش چاو نییە و هەموویـان لە پێنـاو ئەو مطلبە ناوە، مەردانە لە کوشش دان و جێگەی شانازیە و ئازادی خواهی میللەتی کـوردەواری و هەوڵ دەدەن و شـارەزایی وان لە عملیـاتی جەنگـی و ئازادی و رشیدیان لە صفاتی کوردانە لە شەڕی صالح ئاوادا معلوم بو کە عدەیکی ٧٠٠ نفری اردوی فارسەکان دەیەویست بۆلای سەرایە بێت، ئەوان- ١٧٠ نفر پیشیان پێ گرتن و ١١٠ نفریان لێ کوشتن و ٤٠ اسیریان لێ گرتن و تلفاتیکی زۆریان لی دان بەبێ ئەوەی یەک نەفریان خوینی لە کەپۆی بێ.

جەنابی حەمە رشید خان کە چەند وەختە لەو ڕێگـایەدا امتحـانی خـۆی داوە، هەموی ئەوانە بەلگەییکی زۆر گەورەن کە جنبشی ئازادی خواهی کوردستان سەر بە سیاسەتی خارجی نەبوە، بەلکو هیزێکە لە دلی هەمو کوردیک دا موجـودە و لە سایەی خودا ئەو هیزەش ئەوەندە بە قووتە کە دەتوانی دەستی ظـالم ببری، بەڵام میللەتی کورد زۆر خاوەنی انصاف و روحمە و لەسـەر ئەو حالەشـەوە کە هێزی مەزن و کافیە بۆ ئەستاندنەوەی وڵاتی خۆمـان و تـۆلە سـتاندنەوەمان لەسـەر ئەو شەرە ئەوا خەریکین بە ڕیگاییکی صلح و مسالمەت حقوقی خۆمان وەردەگرینەوە اگر هـاتوو هەر بە مسـالمەت لەگەڵمـان نەهـاتن و ادعـای ئیمەیـان قبـول نەکرد کە نمایندەی کوردستانی آزاد بۆ ئەو جامعە لە تاران مشەولی مذاکرەن ئەو وەختی بە هومیدی خودای بەگشتی عالەم و بە تایبەتی بە دەولەتە ظالمەکانی کە ولاتمان لی داگیر دەکەن نیشـان دەدەیـن کە کـورد چەنـدە بەهێزە و لییـان معلـوم دەکەیـن کە توڵەستاندنەوە چلۆن دەبێ.

لەنێوانی هورا و چەپلە لیدانی تەواوی آغایان و احساساتی گەرمی دانیشتوانی مەهاباد فەرمایشاتی پێشەوای معظم تەواو بوو لەلایەن آغای عبداڵله آغای بایزیدی بە نوێنەری لە لایەن ایلی غیوری منگور لە وەڵامی حضرتی پیشوا دا نطقیکی بەتین ایراد کرا و قەولیان دا بە گیان و ماڵ تا آخر بۆ پارێزگاری کوردستان هەوڵ بدەن، سەرانی قبایل گشت عازمـی سنوور بون و دەستی حضرتی پیشوایان مـاچ کرد و خودا حافیظیان لیکرد.[1] (پاشبەندی ٢٧)

هـەروەها ڕۆژنامـەی کوردسـتان لـە ژمـارەی ٤٧ یـدا ئامـاژەی بـۆ گەڕانـەوەی پێشـەوا و حـاجی بابا شێخ کردووە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەقی وتارێکی تریدا.

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردسـتان، هەمـان سـەرچاوە، ژمـارە ٤٦، لاپـەڕەی ١، شـەممو ٢١ بانەمـەری ١٣٢٥، ١١ مە ١٩٤٦.

بەهەر حـاڵ، پیشـەوەریی و یـاوەرانی، ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٢٣- ١٩٤٦/٥/١٣ لـە تاران گەڕانـەوە. لـە گەڕانەوەیدا بـە وەرگرتنی نامەیـەکی سـتالین، لەگەڵ دووەمـین ناکـامیی خـۆی، دوای سـەرنەکەوتنی وتووێژەکـانی تـاران ڕووبـەڕوو بـووەوە. زنجیرەیەک ڕەخنەی ڕاشکاوانەی پیشەوەریی لـە سیاسـەتی سـۆڤیەت لـە مانگەکانی خاکەلێوە و بانەمەڕدا: ئاماژەکردنی بۆ هەڵسوکەوتی سۆڤیەت لە شۆڕشی گیلان لـە ساڵی ١٩٢٠ دا، بێباوەڕیی بـە سیاسـەتی سـۆڤیەت و ڕێبـەرانی سـۆڤیەت کـە ئـەویان فریوداوە، توڕەبوونی ستالینی بە دواوە بوو. ناوبراو دوای کۆتاییهاتنی کشـانەوەی هێزەکـانی یەکیـەتی سـۆڤیەت لـە ئازەربایجـان، ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١٨- ١٩٤٦/٥/٨، نامەیەکی تایبەتیی بۆ پیشەوەریی نارد کە دەقەکەی بەم جۆرە بوو:

**هاوڕێ پیشەوەریی!**

**بە ڕای من ئێوە ئەم دۆخەتان باش هەڵنەسەنگاندووە کە لە ئێران و جیهانـدا سـەریهەڵداوە. سـەرەتا: ئێـوە دەتانـەوێت دەسـتبەجێ هـەموو داخوازییـە شۆڕشگێڕەکانی ئازەربایجان دەستەبەر بکەن، لە کاتێکدا هەلومەرجی ئێستا ڕێ بە پرۆگرامێکی لەم جۆرە نادات. لینین داخوازییە قوڵە شۆڕشگێڕەکان بـە خواسـتێکی بە کردەوە - تەئکیدی دەکەمەوە بە خواستی بە کردەوە- تەنیا لە کاتێکدا دەخستە بەر باس کە وڵات توشی قەیرانی شۆڕشگێڕانە بووبێت و لە جەنگ لەگەڵ دوژمنی بێگانەدا توشی ناکامیی بووبێت، وەک جەنگە ناسراوەکانی ژاپۆن لە ساڵی ١٩٠٥ و لەگەڵ ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩١٧ دا. ئێستا ئێوە دەتانەوێت لاسایی لینین بکەنەوە، زۆر باشە و ئەو کارە جێی دەستخۆشییە، بەڵام ئێستا هەلومـەرجی ئێران بـە جـۆرێکی ترە.**

**ئێران ئێستا هیچ قەیرانێکی قوڵی نیە. لە ئێران کارگەران ژمارەیان زۆر کەمە و بە ڕادەی پێویست ڕێکنەخراون. جوتیارانی ئێران ئێستا چالاکیی جیددییان لـێ نەبینراوە. ئێران لەگەڵ دوژمنی بێگانەدا لە شەڕدا نیە کە گروپە کۆنەپەرستەکان بە هۆی ناکامییەوە لە جەنگ لاواز بووبن. کەواتە ئێران هەلومەرجێکی لەو جۆرەی نیە کە ڕێخۆشکەر بێت تاکتیکێکی وەک تاکتیکی لینین لە سـاڵی ١٩٠٥ و ١٩١٧ ی لێـی بکرێت.**

**دووەم: دیارە ئەگەر هێزەکانی سۆڤیەت لـە ئێرانـدا بمانـەوە، ئێوە دەتـانتوانی هیـوادار بـن کـە خـەباتی ئێوە بـۆ دابینکردنـی داخوازییـە شۆڕشـگێڕانەکانی گـەلی ئازەربایجان سەربکەوێت، بەڵام ئێمە نەماندەتوانی پتر لەوە هێزەکانمان لە ئێرانـدا بهێڵینەوە، چونکە بوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، زیانی بە بنەماکانی سیاسـەتی**

ڕزگارییخوازانەی ئێمە لە ئەورووپا و ئاسیا دەگەیاند. ئینگلیزەکان و ئەمریکاییەکان بە ئێمەیان دەگوت، ئێستا کە هێزەکانی سۆڤیەت دەتوانن لە ئێران بمێننەوە، بۆچی ئینگلیز نەتوانێت هێزەکانی خۆی لە میسر، سوریا، ئیندۆنیزیا و یۆنان بهێڵێتەوە و ئەمریکاش سوپای خۆی لە چین، ئایسلەند و دانمارک بهێڵێتەوە. بەو هۆیەوە ئێمە بڕیارماندا هێزەکانمان لە ئێران و چین بکشێنینەوە، تا ئەو بیانووە لە دەست ئینگلیز و ئەمریکا دەربهێنین و بزوتنەوە ئازادییخوازەکان لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا بخەینەگەڕ و لە ئەنجامدا سیاسەتی ڕزگاییخوازانەی خۆمان ڕەواتر و بەتواناتر بکەین.

سێیەم: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، دەربارەی دۆخی ئێران دەکرێت ئەم ئەنجامە ببینین: ئێران توشی قەیرانێکی قوڵی شۆڕشگێڕیی نەبووە. ئێران لە جەنگی دوژمنی دەرەکیدا نیە و توشی ناکامیی نەبووەتەوە کە کۆنەپەرستیی لاواز بکات و قەیرانەکان قوڵتر ببنەوە. بوونی هێزەکانی سوڤیەت لە ئێراندا دەرەتانی بۆ ئێوە ڕەخساند، تا لە ئازەربایجان خەباتبکەن و بزوتنەوەی دیموکراتیی بە داخوازیی هەمەلایەنە ڕێکبخەن، بەڵام هێزەکانی ئێمە دەبووایە لە ئێران بچنە دەرەوە و چووشن.

ئێستا ئێمە ڕووبەڕووی چۆن کارێک لە ئێراندا بووینەتەوە؟ شەڕێک لە نێوان قەوام و "ئەنگلۆفیل"ەکان "لایەنگرانی سیاسەتی ئینگلیز- وەرگێڕ" سەریهەڵداوە کە نوێنەرایەتی کەسانی هەرە کۆنەپەرست دەکەن لە ئێراندا. قەوام هەرچەندە بە هەر ڕادەیەک کە لە ڕابوردوودا کۆنەپەرست بوو، ئێستا ناچارە بۆ داکۆکییکردن لە خۆی و لە حکومەتەکەی، هەندێک چاکسازیی دیموکراتیی بکات و لە هەوڵی پێگەیەکدا بێت لە نێوان گروپە دیموکراتەکانی ئێراندا. لەو هەلومەرجەدا دەبێت تاکتیکی ئێمە چۆن بێت؟ من بیردەکەمەوە کە ئێمە دەبێت بە کەڵکوەرگرتن لەو شەڕە، قەوام ناچار بە پێدانی هەندێک ماف بکەین، بە پشتیوانیی خۆمان لەو ئانگلۆفیلانە جیایبکەینەوە و بەو جۆرە زەمینەیەک بۆ بە دیموکراتیکردنی داهاتووی ئێران دەسەتەبەر بکەین. هەموو ڕاسپاردەکانی ئێمە بۆ ئێوە لەو ڕوانگەیەوەیە. دیارە دەکرێت تاکتیکێکی تر بگرینەبەر و تف لە هەموو شتێک بکەین "لە فەرهەنگی ڕوسییدا بە واتەی گوێنەدانە- وەرگێڕ" و لە قەوام بکشێینەوە، بەڵام ئەوە تاکتیک نیە، بەڵکوو نەزانییە و لە ڕاستییدا ئەو کردەوەیە دەتوانێت کارەسات بێت بۆ ئامانجی گەلی ئازەربایجان و دیموکراسیی لە ئێراندا.

چوارەم: ئەوەی گوتووتانە کە ئێمە لە سەرەتادا ئێوەمان گەیاندووەتە عەرشی ئەعلا و دواتر لەوێوە فڕێمانداونەتە خوارەوە و ئابڕووی ئێوەمان بردووە، ئەگەر ئەو وتانە ڕاست بن، ئێوە، ئێمە توشی سەرسوڕمان دەکەن. لە ڕاستییدا چی ڕوویداوە؟ ئێمە لێرە شێوەیەکی ئاسایی شۆڕشگێڕییمان گرتووەتەبەر کە بۆ هەر تاکێکی شۆڕشگێڕ دیاردەیەکی ڕون و ئاشکرایە، لە هەلومەرجێکی وەک هەلومەرجی ئێستای ئێراندا، بۆ بەدیهاتنی داواکارییە کورتخایەنەکان، بە لایەنی کەمەوە هەنگاوی بەرزتر نرا و بە هەڕەشەکردن لە حکومەت، دەرەتانی بەدەستهێنانی ماف لە دەوڵەت دەستەبەربکات. ئەگەر ئێوە بەرەو پێشەوە نەچوونایە، لە هەلومەرجی ئێستادا دەرەتانتان نەدەبوو کە قەوام ناچاربکەن داواکارییەکانتان دەستەبەربکات.

ئەمەیە یاسای بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە. باسی بێ ئابڕووکردنی ئێوە، وتەیەکی بێجێیە. زۆر جێی سەرسوڕمانە کە ئێوە بیربکەنەوە، ئێمە ویستبمان ئێوە بێ ئابڕوو بکەین. بە پێچەوانەوە ئەگەر عاقڵانە هەڵسوکەوت بکەن، لە دۆخی ئێستادا، ئێوە دەتوانن بە پشتیوانیی مەعنەویی ئێمە، لە ئازەربایجاندا لایەنی یاسایی بە داخوازییەکانتان ببەخشن. ئەو کاتە هەم ئازەربایجانییەکان و هەم ئێران، ئێوە بە پێشڕەوانی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانە - دیموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دائەنێن و دوعای خێرتان بۆ دەکەن.

ی. ستالین[1]

[1]- گۆڤاری خودائافرین، جانواری- مارس ١٩٤٦، ژمارە ١، لاپەڕەی ٣٦- ٣٧، ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی فیدراسیۆنی ڕوسیە: بابەتی ٦، پێرستی ٧، بەرگی ٣٤، دۆسییەی ٥٤٤، لاپەڕەی ٨-٩. فەسڵنامەی وتووێژ، ژمارە ١٧، ساڵی ١٩٩٨، "پاییزی ١٣٧٦" وەرگێڕانی ناتالیا یگۆرڤا.

## یەکەم پەلاماری سوپای ئێران بۆ سەر کوردستان

هەروەکو پێشتر ڕامگەیاند، ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٨ لیژنەیەک بەنوێنەرایەتی هەردوو حکوومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بۆ وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران چوون بۆ تاران. ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٩ کە نوێنەرانی کورد و ئازەریی لە تاران خەریکی وتوویژ کردن بوون، چەند یەکەیەکی سوپای ئێران هەلیان قۆستەوە و بە فەرمانی سەرتیپ هومایونی بە چەکی سوک و قورس لە سێ لایەنەوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانی کوردستان لە بەرەی "قاراوا" کە گوندی "سەرا" لەسەر جادەی سەقز بۆ بۆکان بگرن، بەڵام لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی بارزانییەوە زەبری قورسیان لێدرا و پاشەکشەیان پێکردن. لەو شەڕەدا نزیکەی ١٠٠- ١١٠ چەکداری سوپای ئێران کوژران و ٤٠ کەسیشیان بەدیل گیرا. پێشمەرگەکان دیلەکانیان بە ڕێگای گوندی "حەمامیان" دا گواستەوە بۆ مەهاباد. خەڵکی گوندەکانی سەر ڕێگا، بە بینینی ئەو دیلانە، سەریان سوڕما بوو. هەستی نەتەوەییان دەجوڵا و شانازییان بە بوونی خۆیان و لێهاتوویی بارزانییەکانەوە دەکرد و فرمێسکی شادییان هەڵدەڕشت[1].

هەروەکوو لە بەشی پێشوودا ڕامگەیاند کاتێک پێشەوا قازی محەمەد ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١٥- ١٩٤٦/٥/٥ لەگەڵ حاجی بابا شێخ دەچوو بۆ تەورێز، لە وتارێکیدا بۆ عەشیرەتەکانی کوردستان ڕایگەیاند برایانی خۆشەویستی بارزانیی لە شەڕی ساڵح ئاوادا کە هێزێکی ٧٠٠ کەسیی فارسان دەیانویست بۆلای سەرا بێن، پێشیان پێگرتن و لە شەڕێکی قورسدا، ١١٠ کەسیان لێ کوشتن و ٤٠ کەسیشیان لێ بەدیل گرتن و زیانێکی زۆریشیان پێ گەیاندن، بەبێ ئەوەی کە یەک پێشمەرگە لوتی لە خوێن بێت. لەو شەڕەدا کە لەژێر ئاگری تۆپخانە و دوو فڕۆکەی بۆمبهاوێژدا ئەنجامی گرت، تانکێکی دوژمن تێکشکێندرا. ژەنەراڵ حەمە ڕەشید خان فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا، ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٢ لە نامەیەکیدا بۆ پێشەوا قازی محەمەدی نوسی:

**بابەت: سوپاس کردن لە قارەمانەتی هێزەکانی بارزانی**

**١- بە کەمالی ڕوو سوری و سەربەستی و سەربەرزی کردەوەی خارەق العادەی هێزی بارزانی و ئەفسەر و سەرکردەکانتان بە عەرز دەگەیەنم. هەرچەندە بە نووسینی ژمارە ١٤٦- ١٣٢٥/٢/١١- ١٩٤٦/٥/١ موختەسەری ئەوم تقدیم بە ستادی کل کردوە بەڵام بۆ ئەوەی پێشەوای بەرزیش لە ڕشادەتی ئەم برا**

---

[1]- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ١٥٤ و ١٥٥، نووسینی مەسعود بارزانی.

**بەقیمەتانەم ئاگادار بکەم ئەوە نمونەیەکی قابیلتان عەرز دەکەم.**

**٢- لە ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٩ سەعاتی ١١:١٠ پێش نیوەڕو دوژمن بۆ جیهەت سەرا لە ناکاو هجومی کردە سەر قاراوا کە لەژێر نظارەتی بەکر ئاغای حەویزی دا بوو و لە جیهەتی سەرا هجومی استحکاماتی سەرای کرد کە لەژێر نظارەتی میرحاج دابوو. جیهەتی تریشیان ڕووی کردبووە ئەو شانەی کە جناحی ڕاستە کێوی بالوقای پی دەڵێن و لەژێر نظارەتی مستەفا خۆشناودا واقع بوو. لەو وەختەی کە دوژمن لە هەموو لایەکەوە خەریکی تقدم-پێشڕەوی) و ئاگرباران بوو، پێشمەرگەکانی هێزی بارزانی یەک بە یەک بە نهایەتی حەماسەتی و نەشڵەژان گوێیان لە اوامری فەرماندە و قیادی خۆیان ڕاگرت و بە وێنەی نظامی مودەربی دەوڵەتی و صرفا تەتبیقی ئەو پروگرامانەیان دەکرد کە لە تەرف قیادە و سەرکردە و افسران دەبێژرا بە اندازەیەک لە ئیقدام و فنونی جەنگ و نیشان گرتن و هەڵمەت بردن شارەزا بوون کە قەڵەم لە نووسینی عاجزە.**

**٣- سەرکردەی بارزانی، ئاغای میرحاج، ئاغای بەکر ئاغای حەوێزی، ئاغای مستەفا خۆشناو و وەهاب ئاغای ناوە فوق العادە سەربەرزیان کردم حقیقتەن خزمەتی ئەو چوار زابتە گنجە بە هەموو مەعنایەکەوە تقدیر دەکرێ. ئەوە لە شەرەفیکی سیاسەتی خاوین دین و هەر چواریان شایستەی سوپاس و خەلات کردنن و ڕێوڕەسمی سەربازی حوکم دەکات بە بارەگای مەزنی کۆمار بناسرین و سوپاس لە پالەوانەتیان بکری. لەبەر ئەوە داوا دەکەم چۆنیەتی ئەو عەمەلیاتە سەرکەوتووە لە دۆسیەی پێشمەرگایەتی ئەواندا ڕاگرن. بە پێویستی دەزانم کە جەنابتان بە شێوەی ڕەسمی ئەم فەرماندانە خەڵات بفەرموون.**

**٤- جێگرەکانی ئەو فەرماندانە، بەرێزان محمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساکۆ و خۆشەوی خەلیل کە ئەوپەری نیشتمانپەروەریان پیشاندا، خەڵات کردنیان پیویستە. لەبەر ئەوە داوای دانی پلەی باڵا بۆ ئەو پاڵەوانە حەماسە خولقینەرانە دەکەم، کە لە عەمەلیاتی ئەوان سوپاس بکرێ.**

**٥- لەم بارەیەوە لەگەڵ زەعیمی گەورە مەلا مستەفا قسەم کردوە، بەڕێزیان لەگەڵ ڕای من هاودەنگن.**

**فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا**[1] (پاشبەندی ٢٨)

---

1- دەوڵەتی جمهوری کوردستان-نامە و دۆکومێنت)، کۆکردنەوەی مەحمود مەلا عزەت. چونکە نامە دەستنوسەکەی حەمە ڕەشید خان لە کتێبی دەوڵەتی جمهوری کوردستان-نامە و دۆکومێنت)، بە تەواویی نەدەخوێندرایەوە، بەشێک لە نامەکەم لە وەرگێڕاوی فارسی وەرگرتووە. بڕوانە لاپەڕەی ١٠٢ و ١٠٣، کتێبی قازی محەمەد و کۆمار لە ئاوێتەی بەڵگەنامەدا، نووسینی بەهزاد خۆشحاڵی، هەمەدان ١٣٨٠.

## سوپای ئێران ئەم جارە خۆی لە ناوچەی سەردەشت تاقی دەکاتەوە

دوای شەڕی قاراوا و گەڕانەوەی لیژنەی نوێنەرایەتی کورد و ئازەربایجان لە تاران و بێ ئەنجام بوونی وتووێژەکان، ئەم جارەیان سوپای ئێران بە هێزێکی زۆر و پۆشتەوە لەگەڵ ژمارەیەک جاشی خۆماڵیی خەڵکی بانە، هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی کۆمار لە ناوچەی سەردەشت، کەچی دیسانیش بە بەکوشتدانی ژمارەیەک کە چواریان جاش بوون، پاشەکشەیان کرد. ٣٠ چەکداری ڕژێم بە دیل گیران و ١٤ تفەنگ، چوار دەمانچە، دووربینێک و ٦ ئەسپیش کەوتە دەست پێشمەرگەکان. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی سەعید بەگ شەهید و پێنج پێشمەرگەش بریندار بوون. ڕۆژنامەی کوردستان بە سەردێڕی (**هێرشی ارتجاع**)، دەربارەی ئەو شەڕە نوسی:

**هیرشی ارتجاع**

**بەرانبەر راپورتیکی روژی ١٣٢٥/٢/٢٨- ١٩٤٦/٥/١٨ گەیشتووە لە بەشی سەردەشت هوردووی فارسە مرتجعەکان کە عدەییک بانەیان دەگەل بوون هیرشیان بو عدەی حسن آغای هەنارە و زیرو بەگ و گەورکەکان هیناوە لە نەتیجەی دفاعدا مرتجعەکان زۆر خراپ شکاون و تلفاتیکی زوریان داوە: ٣٠ کەس لە هیرشکەران بە دییل گیراون دوو آغا و دوو نوکەراین کوژراوە و ١٤ قبضە تفەنگ ٤ قبضە طپانچە و یەک دوربین و شەش ئەسپ بە غنیمت گیراون و بە شپرزەیی گەرانەوە دوواوە. بەوەرا دیارە کە خودا دەگەلمانە بکوشن پیرۆز دەنن[1].**

**دوای ئەو هێرشەی سوپا، ئێران لە هەڵوێستی دوژمنکارانەی پاشگەز نەبووە و بۆ زەبروەشاندنی لە پێشمەرگەکانی کوردستان، جارێکی تریش هێرشی کردەوە سەر پێگەی پێشمەرگە لە ناوچەی سەردەشت کە دیسان بە توندیی شکا و پاشەکشەی کرد. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاویکردەوە:**

**خەبەر گەیشتوە کە شەوی چوار شەممویە پێشمەرگەکانی ارتجاع - مەبەست لە سەربازی دوژمنە. نووسەر- بە مەداری نزیکی سەردەشت کە پوستی کوردستانی لی دەبی پەلاماری ددەن و پۆستەکە دەور دەدەن و بە خەیالی خاوی**

---


[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٩، لاپەڕەی ٤، شەممو ٤ جوزەردان ١٣٢٥، ٢٣ مە ١٩٤٦.

خویان بە دەرفەتی دەزانن و پەلاماری بولبلی آزادی گەورک کە کاک اللە آغا فەرماندەیان دەبی دەدەن لە پاش شەریکی زور هیزی ارتجاع و کورانی بە زور هاتوی ایران ٤٤ کەسیان لیدەکوژری و نزیکەی ٤٠ کەسیان بریندار بووە و زور بە شپرزەیی دەشکین و هەلدین . لە هیزی کوردستان ٥ کەس برینداره و سعید بەگ پیاوی حمدی وسین آغا بە درجەی شهادت گەیشت و گیانی پاکی دەگەل گیانە پاکەکانی شهدای آزادی بو بە هاودەم، دیسان هیزی حق هیزی دروزنی ارتجاعی رەپی ناوە و تا ویستا خبریکی تر نەگەیشتوە[1].

دوای ئەو شەڕە، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆمار و ژەنەڕاڵ بارزانیی بڕیاریاندا لە پێشمەرگەکانی ئیحتیاتی هێزی بارزانیی، بەتالیۆنێکی تر پێکبهێنن و ڕەوانەی ناوچەی سەردەشتی بکەن کە دوژمن نەتوانێت لەو ناوچەیەدا زیان بە خەڵک و پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە بگەیەنێت. ئەو بەتالیۆنە بە فەرماندەیی بەکر عەبدلکەریم حەوێزیی لە ناوچەی سەردەشت جێگیرکرا.)

1- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٥٠، ٢ شەممو ٦ جوزەردان ١٣٢٥، ٢٧ مە ١٩٤٦.

## وتووێژی نوێنەرانی کورد و ئازەریی
## لەگەڵ فەرماندەکانی سوپای ئێران لە سەقز


سەرلەشکر حاجیعەلی ڕەزمارا


سەرتیپ فەزولولا هومایونی

دوای شکانە یەک لە دوای یەکەکانیدا لە کوردستان، ڕژێمی ئێران پەنای بۆ وتووێژ لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد و سەرکردەکانی کۆمار و حیزبی دیموکرات برد کە بە ڕواڵەت لە ڕێی ئاشتییەوە پێویستییەکانی سوپا لە ناوچەی سەقز، بانە و سەردەشت دەستەبەربکات. هەر لەو کاتەشدا دەیویست هێز و توانای پێشمەرگەکانی کۆمار هەڵبسەنگێنێت، تا نەخشە بۆ هێرشەکانی دواتری بکێشێت. بەو مەبەستە داوایان لە حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان کرد کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەربازییەکان، لەگەڵ ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان کۆببنەوە. ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٥-١٩٤٦/٥/٢٦ بە سەرۆکایەتی جەعفەر ئاغای کەریمی و ئەندامیەتی سەرهەنگ دووەم عیزەت عەبدولعەزیز و رائد ئیبراهیم ساڵح لە ماڵی سەرتیپ هومایونی لە سەقز پێکهات. ڕۆژنامەی کوردستان دەربارەی ئەو وتووێژە و ئەنجامەکەی نوسی:

نوێنەرانی کوردستان و تاران لە سەقز

روژی یەک شەممو ١٣٢٥/٣/٥ هیئت نمایندگانی حکومتی کوردستان گەینە سقز لای روژئاوا سرلشکر رزم آراش لەگەڵ سی نفر نمایندگانی آذربایجان: ١- آغای جودت وەزیری کار ٢- آغای علی زادە مفتیش مخصوسی جنابی پیشەوەری ٣- آغای آذرابادگان فەرمانداری مراغە لە تارانەوە واردی سقز بون سعاتیک لە شەو چو بو جلسە لە منزلی سرتیپ همایونی تشکیل بوو مذاکرە تا سی سعات و نیو طولی کیشا:

١- سەهنگ ٢ عزت عبدولعزیز بو کردنەوی جلسە بە زمانی کوردی بیاناتیکی زور باشی کرد کە جملە بە جملە بە زمانی فارسی ترجمە دەکرا بنای ئەو بیاناتە لەسەر ئەوە بو کە زور جی ی خوشوەختیە لەگەل برایانی آذربایجانی دا دوستیکی محکم و برایەتیکی تەواومان بو حاصل بوە و لەم جلسەشدا وادیارە کە برایانی فارس مەیلیان لەسەر حسنی تفاهمە کە تقاضایان کردووە ئەمە بینە سقز و آغای سرلشکریش بو مذاکرات لە تارانەوە هاتوتە ایرە تا ایستا کە دوو برای آذربایجانی و کورد دەستیان پیک دا بو هیوامان هەیە کە لەگەل برایانی فارسیش دا لەسەر اصلی برایەتی موافقت حاصل ببی و ببیتە سی برا.

٢- آغای سرلشکر رزم آرا لە پاش بیاناتی برای خوشەویست سرهنگ ٢ کاک عزت منظوری جلسەی بیان کرد کە: چونکو بەم زوانە دوبارە مذاکرات بەینی دەولەتی مرکزی تاران و نمایندەگانی آذربایجان و کوردستان دەست پیدەکری تەوە لەبەر ئەوە کە مذاکرە لەسەر اصلی حسن تفاهم قرار بگری وا بە چاک زانرا کە ئەم مجلسە لیرە تشکیل ببی و کاریکی وا بکەین لە تەواوی جبهەدا تا دوای مذاکرە آرامی برقرار بیت.

٣- سرهنگ ٢ کاک عزت جوابی داوە کە اصلی هاتنی ایمە لەسەر اعتبار نامەیەکە بە ایمە دراوە و ئەوەیە کە ثابت بکری شەڕی قاراوا برواری-٩ بانەمەر) هەوەل جار حملە لە طرف ئیوە بوە جا لەسەر ئەم اصلە چەندین دلیلی بیان کرد لەوانە یەکیک ئەوە بوو: بە هەموو قاعدییکی حزبی هەمیشە تلفات لە عدەی مهاجم زیاتر دەبی چون لە عدەی نظامی ایران لەو شەرەدا تلفاتیکی زور بوە و لە عدەی ئەمە یەکیک خوینی لە قامکی نەهاتوە ئەوە خوی دلیلە کە عدەی نظامی ایران حملەی کردوە بویە لی یان تلف بو اما هی ایمە چون لە سنگری خویان دا بون گوللە نەیگرتون. دەلیلیکی دی ئەوەیە لە اسیران خوتان کە لە مەهاباد و تەوریزن بپرسن تا لیتان معلوم بیت کە نظامی ایران حملەی کردوە. سەرتپ همایونی گوتی: من عدەیەکم بو شمالی سقز ناردوبو اما نەچوبونە خاکی مەهابادەوە لەو صورەتەدا ئەوە بە حملە محسوب نیە. سرهنگ ٢ کاک عزیز لە جوابی دا ووتی: سقز و مەهاباد لە یەک جوی نین هەردوک خاکی کوردستانن هەرکوی کوردی لی یە ایمە بە هی کوردی دەزانین لەو بەیبەدا برای خوشەویست کاپیتان سعید زادە لەسەر دو سی مطلبی دی لە قبیل فرینی طیارە و هیندی شتی دی پیلەی بە سرتیپ همایونی گرت چون سرتیپ همایوتی دەلیلی حەقی بەدەستەوە نەبوو ناچار لە مجلس دەرکەوت ایدی نەهاتەوە لە آخردا آغای سرلشکر رزم آرا اقراری کرد کە

لەوەدا عدەیەک لە سقزەوە نیردراوە بوسەر عدەی کوردستان هیچ قسـەی تیدا نیە موضوع حملە بەو جورە لـە جلسـەی رسمی دا معلوم بو کە خطای نیروی ایران بوە.

٤- موضوع برقەراری آرامی لە جبهەدا لە پاش گفتوگویەکی زور و مطابعـەی نخشـەجاتی نظامی ایران باتفاق آرا قـەرار کرا تـا تـەواو بونی مذاکرە هیچ لایـەک حەقیان نیە بچنە پیشەوە دەبی هەرکەس لە هـەر جی یـەک هەیـە رابوەستی و هیچ لاش حـەقیان نیـە تەقـە بکـەن ضـمناً سرلشـکر رزم آرا تقاضـای کـرد کـە هیـزی کوردستان چوار هـەزار گـەز لـە دەوری سـقز دوور کـەون و سـی هـەزار گـەزیش لەسـەر جادەی بـەینی بانـە و سـقز بکشینەوە و بولای خوارەوە تـا نظامیانی ایران بتوانن بە آزادی بو عدەی بانە و میرەدی آذوقە بەری بکەن و لە مقابل دا امضـایان دا کە طیاراتی ئەوان هەر بەسەر جادەدا حەقی حەرەکەتی ببی و عـلاوە سـی نەفـەر نمایندەی خوتان هەمیشە لە سقز و بانە و سـەردەشت دا هەبی و ناظر کاری ئـەوان بن کە عدە و مهمات بو ئەو سـی نوخطـە لـە طرف دەولـەتی ایرانـەوە بـەری نـەکری ئەمما ئەگەر عدەیان بو عوض کردنی نفراتیک کە وادەی خزمـەتیان تـەواو بوە بیت مانع نەبن. ئەم موضوعە بە مقاماتی بەرزی مەرکەزی خومان عەرض کرا لە جواب دا فەرمویان کە لەسەر اصلی احترام دوو طەرەفـە ایمـە هەرچەندە بکشیتەوە دواوە نظامیانی ایرانیش هەر بەو قەرارە دەبی بکشیتەوە دواوە تـەنیا غـەیرە ممکنـە و هـەر جی یەک کە اشغلمان کردوە هەر لـە دەست ایمـەدا دەبی و جادەش بـەجی ناهیلین هەر بەو جورە لە جلسەی رەسمی دا بە آغای سرلشکر رزم آرا جواب دراوە.

٥- لـە مدت ٣٨ سـعات دا کە ایمـە لـە سـقز بووین فەرماندەی نظامیـان ایران چەند جار هاواریان بو ایمـە نـارد کـە ئـەوا لـە میرەدی شـەرە و وەرن مـەهیلن ئـەوا جادەی بەینی سقز و سـنە هیزی کوردستان داگیری کرد بچن بیان گیرنـەوە ئـاوا بوو بوەوەی نەهیلین تەقە بکری نوینـەرەکانی کوردستان لـە ماشین دا کـە بەیداغی شـهامەتی کوردسـتانی لەسـەر دەلاراوە لـە سـقزەوە بەسـەر جادەی بانـەدا هاتینـە حرکت و لە پشت سەری ئەوانەوە ماشینی نظامیان ایران کە یـەکیک لـە نمایندەگان و دوو سـەرهنگی ایرانی تیدابوو لەژیر پنا و حمایەتی بەیداغی بەرزی کوردستان دا هیواش بە دووای ایمەدا دەهاتن لە آیچی لە تەموغـە لـە بەلـەجار و لـە اغلب کیو بـە چاوی خویان عدەی منظم پیش مەرگان و سـەرکردانی کوردیـان دەدی کە چـون لـە کمـالی شـهامت و بی بـاکی دا ئـەو جی یانـەیان داگیـر کـردوە و منتظرن بـە محـض صادر بوونی فەرمان قلب دوژمن هەلدرن.

یەکیک لە نوینەرەکان ابراهیم صلاح

بە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕەی ٢ی ژمارەی ٦٠یدا، ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٦- ١٩٤٦/٦/١٣، پێشەوا قازی محەمەد کە سەردانی تەورێزی کردبوو، لەوێوە چوو بۆ سەرا و لەگەڵ سەرتیپ ڕەزمئارا گفتوگۆی کرد و دوای ئەو چاوپێکەوتنەی سەردانی بەرەکانی جەنگی کردوە کە لە بەشەکانی دواییدا ئاکامەکەی ڕادەگەیەنم[1].

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان ژمارە ٥٣، ٢ شەممو ١٣ جوزەردان ١٣٢٥، ٤ ژوین ١٩٤٦.

## فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ئێران

ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٣١- ١٩٤٦/٥/٢١، میر جەعفەر باقرۆڤ لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ پیشەوەریی، دەربارەی گۆڕینەوەی بروسکە لە نێوان قەوام و پیشەوەرییدا گوتی: (ئەو بروسکانەم خوێندەوە و پەسندم کردن. دەقی بروسکەکان دەیسەلمێنن کە ڕەوتی کارەکان لە تاران بە جۆرێکی ترن. قەوام نایەوێت دەرز بخاتە ناو پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێوە.) دواتر باقرۆڤ بە لێکدانەوەی سیاسەتی قەوام، گوتی: (ڕەنگە ئەو بیەوێت سیاسەتێکی دوو لایەنە لەگەڵ ئێمە بکات، واتە کارێک بکات بۆ خۆشحاڵیی ئێمە و "دۆستانی ئێمە"، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کار گەیشتووەتە جێیەک کە نەتوانێ سیاسەتی فریوکارانەی سەربخات، یان دەبێ لەگەڵ ئێمە بێ، یان لەگەڵ ئەوان. دەبێ دەمامک لەسەر ڕووی خۆی هەڵبگرێت و سیاسەتی ڕاستیی خۆی پێشان بدات.) باقرۆڤ دواتر بە پیشەوەریی دەڵێت: (جەعفەر! گومان لەوەدا نیە کە قەوام پێش هەموو شتێک لە بیری سەرمایەکانی خۆیدایە. سەرمایەکانی خۆی لە ئیمام، پێغمبەر، تۆ و من پتر خۆش دەوێت. ئەو دەیەوێ پارێزگاریی لە سامانی خۆی بکات. تێدەگەیت، یان نا؟ ئەو سۆسیالیستێکی ڕاستین نییە و ناتوانێت ببێت. ڕەنگە لە دڵی خۆیدا لە ئێمە نزیک بێت. دەیەوێ بە مانەوەی لە پۆستی باڵای دەوڵەتدا، پارێزگاریی لە سەرمایەکانی بکات، بەڵام ئەوەش دەزانێ کە چارەنوسی زۆرێک لەو دیاردانەی بە دراوسێکەیەوە بەستراوەتەوە. لەبەرئەوە ناچارە سازش بکات، بەڵام وا دیارە ئەوانی تر، ئەوەیان ناوێت. ئەوان کەسانی خۆیان هەیە. ئینگلیزەکان بە گشتیی خانمەکەی ئەویان - مەبەست لە شایە و ئاماژەیە بۆ فەوزیە کە لە قاهیرە نیشەجێ بوو. وەرگێڕ- و وەک کاڵایەک کە لە گرەوی کەسێکدا بێت، هێشتووەتەوە[1].)

میر جەعفەر باقرۆڤ داوا لە پیشەوەریی دەکات و دەڵێت: (قەوام ناڕەحەت مەکە. بە بڵاوکراوەکانیش ڕابگەیەنە شتێک نەنوسن کە ببێ بە هۆی پەرۆشکردنی. ئێوە بەیاننامەی هەژدەی مانگی مایتان بیستووە؟ بەشێک لە ڕۆژنامەکان دەنوسن پێویستە یارمەتی قەوام بدرێ کە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات. خۆشی چاوەڕوانی یارمەتییەکی لەو جۆرەیە، لە هەموو وڵاتان. ئێمەش دەبێ یارمەتی بدەین. منیش

[1]- دەستپێکردنی شەڕی سارد هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f.1,s,89,i. 117,v. 73

**وەک برایەک داوات لێدەکەم کە ئەو کارە بکەیت ... دەبێ تۆ بزانی کە ڕێبەری مەزن و هۆشمەندی ئێمە هەموو ڕۆژێ بۆ خۆی لە دیاردەکان دەکۆڵێتەوە. ئەو شەوەی کە من سەرەڕای نەخۆش بوونم، لەگەڵ تۆ بە تەلەفۆن قسەم کرد، دوو کاتژمێر پێشتر قەوام تەلەفۆنی بۆم کرد و داوای لێم کرد کە بە تۆ بڵێم ئەو مەسەلەیە - سازش لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی. نووسەر- بە ئەنجام بگەیەنێیت[1].)**

میر جەعفەر باقرۆڤ دوای هاودەنگیی کردنی لەگەڵ مۆلۆتۆڤ دەربارەی دوا پلانی ڕێککەوتنی سادچیکۆڤ - قەوام، لەسەر کێشەی ئازەربایجان، ڕۆژی ١٣٢٥/٣/١٨- ١٩٤٦/٦/٨ لە نەخجەوان چاوی بە پیشەوەریی، شەبستەریی، جاوید و پادگان کەوت. نوێنەرانی فیرقە جگە لە خاڵێک، لەگەڵ ئەو پلانە هاودەنگییان کرد. داوایان دەکرد کە زەنگانیش لە سنوری ئازەربایجاندا بمێنێتەوە، بەڵام قەوام دژی ئەو داوایە بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا پەرە بە پێوەندیی نێوان دیموکراتەکان و حیزبی تودە بدرێت و بە یارمەتی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران، لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودەدا گۆڕان پێکبێت و کامبەخش، یان کەشاوەرز ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بگرنە دەست. لەگەڵ ئەوەشدا بە چاک زانرا کە ئازەربایجانییەکانیش بەشداربن لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەدا. هەروەها بڕیاردرا هەموو ئەرشیڤەکانی فیرقەی دیموکرات و حکومەتی نەتەوەیی لە تەورێزەوە بگواسترێنەوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت[2].

دوای قبوولّ کردنی پێشنیازەکانی سازش، ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٠- ١٩٤٦/٦/١٠ موزەفەر فیروز جێگری سەرۆک وەزیران، عەبدولحەسەن سادقی جێگری وەزیری ڕێگا و موسەوی زادە ڕەوانەی تەورێز کران. ئەو ڕۆژە، لیژنەیەکی سەربازیی کە لە سەرلەشکر هیدایەت و سەرهەنگ عەلەویی موقەدەم پێکهاتبوو، هاتە ئازەربایجان. ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٣- ١٩٤٦/٦/١٣ ڕێککەوتنێک لە پانزە ماددەدا بە ئیمزای نوێنەرانی دەوڵەت و ئازەربایجان گەیشت. ڕێککەوتننامەکە کە بە دڵی سۆڤیەت نوسرابوو، ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٤- ١٩٤٦/٦/١٤ لە لایەن پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجانەوە پەسندکرا.

ڕۆژی ٢٤ ی جۆزەردان، پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان، لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئەیالەتییدا دەستی بە چالاکییەکانی کرد. ڕۆژی ٢٦ ی جۆزەردان پیشەوەریی داوای لە ئەنجومەنی ئەیالەتیی کرد کە ڕازیی ببن بە دەست لە کار

---
1- هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 74- 75

2- هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 79- 81

کێشـــانەوەی. ئەنجومـــەن بـــە سوپاســـەوە بـــۆ خزمەتـــەکانی پیشـــەوەریی، خۆکێشـانەوەکەی پەسـندکرد و بڕیاریـدا کـە لـە سـەرۆکایەتی فیرقـەدا درێـژە بـە چالاکییـەکانی بدات. ئەنجومـەنی ئەیالـەتیی لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی خۆیدا داوای لـە وەزارەتـی نـاوخۆی ئێـران کـرد کـە ٢٣ ملیـۆن ڕیـال بودجـە بـدات بـە ئازەربایجـان. وەزارەتی ناوخۆ بە شێوەی کاتیی هاودەنگیی کرد لەگەڵ ٨ ملیۆن ڕیال و بـە بـانکی میللیی ڕاگەیاند کە لقی بانکی میللیی لە ئازەربایجان بکاتەوە.

دوای هەڵوەشـاندنەوەی حکـوومەتی ئازەربایجـان، دکتـۆر جاویـد کـرا بـە پارێزگـاری ئازەربایجـان، دکتـۆر مـەهتاش وەزیـری کشـتوکاڵی ئازەریجـان، کـرا بـە فەرمانداری تەورێز، دکتـۆر جهانشـاهلو جێگری وەزیـری حکومـەتی نەتـەوەیی، بـوو بە سەرۆکی زانکۆی تەورێز و فەرەیدون ئیبراهیمیی بە دادوەری باڵا مایەوە.

محەمـەد ڕەزا شـا ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٧- ١٩٤٦/٦/٧ لـە کۆشـکی سـەعد ئابـاد پێشـوازیی لـە دکتـۆر جاوید کـرد، بەبێ هـیچ وتووێژێـک هـاودەنگیی لەگـەڵ دانـانی دکتـۆر جاویـد لـە پۆسـتی پارێزگـاردا کردبـوو، گـوتی: "**مـن هەمیشـە لایـەنگری دیموکراسیی و بیری پێشکەوتنخوازانەم.**" لەو دیدارەدا محەمەد ڕەزا شا خۆشحاڵیی خـۆی سـەبارەت بـە بزوتنـەوەی دیمـوکراتیی ئازەربایجـان دەربـڕی و فەرمانیـدا بـۆ دابینکردنـی ئـاو بـۆ شـاری تـەورێز، یـەک ملیـۆن تمـەن بدرێـت بـە دکتـۆر جاویـد[1]. هەروەها محەمەد ڕەزا شا ئوتۆمبیلێکی بە دیاریی بە پارێزگاری نوێی ئازەربایجـان بەخشی.

پێشـەوا قـازی محەمـەد سـەرۆک کۆمـاری کوردسـتان ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٣٠- ١٩٤٦/٦/٢٠ لـە نـوێژی هەینییدا، ئامـاژەی بـۆ ڕێککـەوتنی حکومـەتی ئازەربایجـان و تاران کـرد. ڕۆژنامـەی کوردسـتان لـە ژمـارە ٦٠یدا ئامـاژەی بـۆ وتـەکانی پێشـەوای کرد. پێشەوا لە بەشێکی وتەکەیدا گوتی ڕێککەوتن و پەیمانێک لە نێوان ئازەربایجان و تاراندا لە ١٣ خاڵدا واژۆکرا. پیشەوەریی ڕایگەیاند (**دەوڵەت هاودەنگیی دەکات کە کوردەکانی نیشتەجێی ئازەربایجان لـە دەسـتکەوتەکانی ئـەم ڕێککەوتنـە سـودمەند ببن. بەپێی مادەی ٣ ی ڕاگەیاندنی دەوڵەت، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمـانی خۆمان بخوێنین.**) پیشەوەریی گوتی لەم ماوەیەدا دانیان بە ڕاستیی و بوونی ئێمەی داناوە و دیارە ئێمە دەمانـەوێ هـەموو کوردسـتان لـەم دەسـتکەوتە و لـە ئازادییـەک کە لـە سـەرتاسـەری ئێراندا بـە دەسـتی کـورد و بـە زۆر پێکدێت، هـەموو براکانمـان سود وەربگرن. لە بەشی دواییدا دەقی وتارەکەی پێشەوا بڵاو دەکەمەوە.

---

[1]– هەمان سەرچاوە: AR MDYTA , f. 28 ms,4 i, 28,v. 101-102

## سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە بەرەی سەقز، گردی مامەشە و میرەدێ

دوای شەڕی قاراوا، سوپای ئێران بە هێزێکی زۆر و بە پشتیوانیی تانک، تۆپ و فڕۆکەوە، هێرشیکردە سەر دوو بەرەی شەڕی مامەشە و میرەدێ و لە شەڕێکی سەخت و دژواردا کە سێ جار شکا و زیانێکی زۆری لێکەوت، نزیکەی ٥٠٠ چەکداری کوژران و ٢٠٠ چەکداریش برینداربوون، لەگەڵ تێکشکانی دوو تانک و کەوتنەخوارەوەی دوو فڕۆکە و لەدەستدانی چەندان تفەنگ و بە ڕادەیەکی زۆر تەقەمەنی. لەو دوو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوی محەمەد ئاغای شقۆیف لە میرەدێ و خۆشەوی کوڕی خەلیل خۆشەوی لە مامەشە شەهید بوون و دە پێشمەرگەش بریندار بوون کە یەکێک لەوان محەمەدی قادریی مامەش بوو. ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارێکیدا بە قەڵەمی سەید محەمەد حەمیدی سەرنووسەر، دەربارەی شەڕی بەرەی سەقز نوسی:

**– (بەهوی دەنگ و باسی کە لە جبهە گەیشتووە بو جاری چەندەم روژی ١٣٢٥/٣/٢٥ پیشمەرگەکانی- مەبەست چەکدارەکانی ڕژێمە. نووسەر- مرتجعین و سەربازانی بلەوەزەکان لە جبهەی سقز بە پیادە و تانک و توپەوە پەلاماریکی زور سەختیان بو هیزی دیموکراسی کوردستان هیناوە و هیزی کوردستانیش لە بەرامبەر ئەم دەست دریژیەدا پاریزگاری کردووە و جەنگ حالتیکی راستەقینەی وەخو گرتوە. ئەمجا ناچار لە لایەن هیزی کوردستانەوە پەلاماری متقابل براوە دوای جەنگیکی زور سەخت هیزی فاشیست بە کوژراو و زیانیکی زورەوە لە نهایەتی ریسوایی دا هالاتووە و زیانی کە داویانە بە ترتیبی ژیرەوەیە:**

**١- لە میزانی هەزار کەس کوژراو و بریندار**

**٢- دوو تانک شکاوە**

**٣- دوو فروکە شکاوە و سوتاوە**

**٤- مقداریکی زور تفەنگ و فیشەک و مسلسل وەچەنگ کەوتووە لە لاین هیزی کوردستانەوە تەنیا ١١ کەس بریندار بوون.**

**هەموو دونیا دەزانی کە ماوەی سی مانگە هیزی کوردستان لە دەوروبەری سردشت و بانە و سقز بو پاریزگاری سنوور دانیشتوون. لەم ماوەدا تا ئەورو سەربەخو لەلایەن هیزی کوردستانەوە چکولەترین دەست دریژیک نەکراوە بەلام**

**ئەو بی شەرمانە دەگەل ئەوەش لەم مدەتەدا بی ووچان دەگەل کوردستان و آذربایجان خەریکی گفتوگوی ریک کەوتن بوون[1] پەلاماری هیزی دیموکراسی کوردستانیان دا.. تد.)**

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ٦٠ یدا ڕایگەیاند، ڕادیۆی کوردستان ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٦ بڵاویکردەوە حضرتی پیشوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان کە لە تەوریز ڕا بۆ پێراگەیشتن بە مەڵبەندەکانی جبهە تشریفی چوو بوو گەڕایەوە و بەیانی ساتی ٨ لە عیمارتی پیشوا حاضر بوو و بە کارەکانی بەردەستی ڕاگەیشت و ساتی (١)ی دوای نیوەڕۆ بۆ بەجی هینانی فریضەی جمعە چوو بۆ مزگەوتی سوور دوای تشریفی بردە سەر منبر و نطقی ایراد فەرموو. لە پێشدا حضرتی پیشوا لە بابەت پەیمانێکەوە کە لەنێوان آذربایجان و تاراندا بەسترا گەلێک دووا و پتری موادی پەیمانەکەی تشریح فەرموو و بەتایبەتی اشارەی بە مادەی ١٣ی پەیمانەکە کرد و دەلی: **(دولت موافقت دەکا کە کوردەکانی نیشتەجیَ ی آذربایجان لە مزایای ئەم موافقتنامە استفادە بکەن و بە پیی مادەی (١٣) ابلاغیەی دولت تا کلاسی ٥ ابتدائی بە زمانی خۆمان بخوێنین.)** فەرمووی: **(لەم ماوەیەدا اقراریان بە حقانیت و موجودیتی ئیمە کردوە و البتە ئیمە دەمانەوی تەواوی کوردستان لەم مزایایە و لە آزادییکی کە لەسەرتاسەری ایران بە دەستی کوردان بە زویی بەرقرار دەکرێت هەمو براکان بهرەمند بن و...)**

هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٢ یدا دەقی وتارەکەی پێشەوای پێشەوای لە نوێژی هەینی ١٣٢٥/٣/٣٠- ١٩٤٦/٦/٢٠دا سەبارەت بە شەڕی مامرشەی سەقز بڵاوکردوەوە. پێشەوا لە بەشێکی وتارەکەیدا، ئاماژەی بۆ شەڕی ١٣٢٥/٣/٢٥- ١٩٤٦/٦/١٥ کرد و گوتی ئێران نزیکەی سێ هەزار سەربازی پیادەی ناردبووە سەر مامەشە و بە هەشت تۆپ و دوو فڕۆکە و دوو تانکەوە پشتیوانیی دەکردن، فەرماندەی ئێمە لە مامەشە، مستەفا خوشناو لە هێرشی سوپای ئێران ئاگادار دەکاتەوە و ئەویش فەرمانیان پێدەدا تا دەگەنە سەر سەنگەرەکانیان، دەست نەکەنەوە. ٣٠ پێشمەرگە لەوێ دەبن و کە دوژمن دەگاتە ناو سەنگەرەکانیان، ئیتر لێیاندەدەن و ژمارەیەکیان دەکوژن. پەنجا هەزار فیشەکیان لێ دەگرن، دوژمن دەشکێت، بەڵام دووبارە هێرش دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا نزیکەی ٣٠ کەس لە پۆلی سەرکردە میر حاج ئەحمەد بە یارمەتییانەوە دێن و شەڕێکی قارەمانانەیان لەگەڵ

1- ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان ژمارە ٦٠، لاپەڕەی ١، ٤ شەممو ٢٩ جوزەردان ١٣٢٥، ٢٠ ژوین ١٩٤٦.

دەکەن و یەکەیەکیان لێ بە دیل دەگرن، بەڵام چونکە ژمارەی پێشمەرگەکان لە ٧٠ کەس تێنەدەپەڕی، کەسیان نابێت کە دیلەکان دوربخاتەوە. دووبارە بە بەدەستخستنی چەند تفەنگ و کوژراوێکی زۆر، دوژمن دەشکێت و بۆ جاری سێیەم دوژمن هێرش دەکاتەوە، لەبەرئەوەی کە پێشمەرگەکان ژمارەیەکیان بریندار دەبن، بە ناچاریی بۆ ڕزگارکردنی پێشمەرگە بریندارەکان پاشەکشە دەکەن و گردی مامەشە بەجێدەهێڵن. لە سەربازەکان ٥٠٠ کوژراو و ٢٠٠ کەسیان بریندار و دوو تانک و دوو فڕۆکەیان سوتا و شکاوە. (پاشبەندی ٢٩)

هەروەها پێشەوا ڕایگەیاند کە دوژمن لە بەری میرەدێشەوە پەلاماری پێشمەرگەکانی دا کە سوارەکانی ئاغای ئەحمەدخانی فاروقی فریای پێشمەرگەکان دەکەون و لە هەر دوو بەرەی شەڕ، دوژمن زیانێکی زۆری لێ دەکەوێت. لە بەرەی شەڕی میرەدێ، محەمەد ئاغای شقۆیف شەهید بوو. پێشەوا سوپاس و دەستخۆشیی لە پێشمەرگەکانی هێزی بارزانیی کرد و گوتی لە یارمەتیدانی ئابوری ئەو پێشمەرگانە، کۆتایی ناکرێت.

جگە لە محەمەد ئاغای شقۆیف کە لە شەڕی میرەدێدا شەهید کرا، لە ناو بریندارەکانی شەڕی مامەشەشدا، پێشمەرگەیەک بە ناوی "خۆشەوی خەلیل خۆشەوی" شەهید بوو. هێمن سەبارەت بە شەهیدبوونی ئەو پێشمەرگەیە کۆپلە شیعرێکی لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢ دا بڵاوکردووەتەوە و لە بەشێکیدا دەڵێت:

دوینی ایواری چومە سەیر و گشت
تا بانگی شەوان گەرام کیو و دەشت
شەو هات، تاریکی پەیدا بوو کەم کەم
دلی داگرتم وردە وردە خەم
بە سەر دنیادا کشا پەردەی رەش
هەلاتن یەک یەک ئەستیرەی گەش گەش...

پێشەوا لە کۆتایی وتاری ڕۆژی هەینیدا ئاماژەی بۆ پێشمەرگەکانی هێزی بارزان کرد و گوتی: (**ئەم ایلە آزایە دەگەڵ وەش کە نیشتگای خۆشەویستیان بەجێ هێشتوە و هەموو لە ماڵ و منداڵیان دوورن و گەلی نارەحەتی دیکەشیان هەیە زەرەیەک لە گیانی ئەوانی تاثیر نەکردوە و رۆژ بە رۆژ لە نیشتمان پەرستی خۆیان دا بەتین ترن تەنیا داخی کە هەیانە ئەوە بوو خەیالیان بوو پەلامار بۆ سقز بەرن و داگیری بکەن بەلام ئەمن منعم کردن. شەریک کە ایلی بارزان کردوویانە لە**

**میژوودا وێنەی نییە و دەگەڵ آزادیی رۆستەم و اسفندیار بەرجەوند ناکری لەسەر ئێمە هەموومـان پیویسـتە کە بـا مـال و دارایـی مـانەوە لە کۆمەک بە هەمـوو ایلـی بارزان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە جبهە رادەبویرن بەتایبەتی ئەوانەی کە لە شـەری دواییدا بریندار بوون نسبت بە خۆیان و بە ژن و مندالیان کوتایی نەکەین و بەلکو ئەوان لە خۆمان و ژن و مندالی خۆمان لەپیش تر بزانین.)**

شایانی باسە، هەر یازدە پێشمەرگە برینداره‌کەی شـەڕی گردی دێـی مامەشـا، لەلایەن پێشـــەوا قــازی مــحەمەدەوە میــدالیای قارەمانیــان وەرگــرت. یەکێـک لەو پێشمەرگە قارەمامانە محەمەد قادری بوو.

بە ڕاسپاردەی سۆڤیەت، قەوامولسەڵتەنە بە ڕواڵەت لەگەڵ ڕێبەرانی ئازەربایجان ڕێککەوت. هەرچەندە محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەرزیری جەنگی کۆماری کوردستان بە نوێنەرایەتی پێشەوا و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، وەک لایەنێکی وتووێژکەر لە کۆبوونەوەکانی نێوان تاران و تەورێزدا بەشدار بوو، بەڵام ڕژێمی ئێران وەڵامی داخوازەکانی ئەوی نەدایەوە و ناوبراو ناچار بوو بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد.

لە ڕێککەوتنی تاران و فیرقەی دیموکراتدا هەروەکو پێشتر زانیمان جگە لە پیشەوەریی، ڕێبەرانی تری حکوومەتی ئازەربایجان لە چوارچێوەی پارێزگا و ئۆرگانەکانی حکوومەتدا جێیان گرت و هەروەکو پێشەوا لە کۆبوونەوەی نوێژی هەینیدا گوتی: (**بەپێی مادەی ۳ ی ڕاگەیاندنی دەوڵەت، بڕیارە کوردەکانی نیشتەجێی ئازەربایجان لە دەسکەوتی ئەو ڕێککەوتنە سودمەند دەبن و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆمان دەخوێنن.**) لە هەمان کاتدا قەوامولسەڵتەنە هیچ مافێکی بۆ هەرێمی کوردستان لەبەر چاو نەگرت. لەبەر ئەوە پێشەوا قازی محەمەد ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٣١- ١٩٤٦/٥/٢١ بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوان لە مەهاباد کرد. هەموو سەرکردە و ژەنەڕاڵەکانی کۆمار، مەزنانی کوردستان و چەند هەزار ژن و پیاو لە مەهاباد و دەوروبەری بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا پێشەوا ئاماژەی بە قازانجەکانی یەکیەتی و تەبایی لەناو گەلی کورددا کرد و گوتی: (**برا خۆشەویستەکان معلوم تصدیقی دەفەرموون کە دەگەڵ ئەو هەموو ئیختلاف و دووبەرەکییەی کە دەنێو کورداندا هەبوو کە نێوان ناخۆشی وای لێهاتبوو تەئسیری دەخانەوادانیش کردبوو نێوان برایانیش تێک چوو بوو، تەنانەت باب و کوڕیش پێکەوە یەک نەبوون. پێشڕەفتی کار و دانانی تەشکیلات چەندە دژوار بوو، وەلێ چونکە لە مەردان کار عاسی نابێ و مێر بەسەر هەموو جۆرە چەوت و چەڵەمەیەک دا فایق دەبێ بەهۆی ڕنج و زەحمەت و هەوڵدانی چەند کەسی ساحێب ئیمان و ڕاست، تەشکیلاتیش ساز کرا و نەزم و تەرتیبیش دەنێو میللەتدا بەرقەرار کرا و دە ماوەیەکی کەمدا ئیختلافات و ناتەباییش دوایی پێدرا، تۆ خودا چ شاهید و دەلیکێک لەوە گەورەترە، هەر ئەوەندە کە خەبەری مەترسییەک لە بەرەی سەقز و سەردەشت و تجاوزی دوژمن بە خاکی کوردستانی ئازاد بە کوردان گەیشت، هەموو پێکەوە لە دوورترین شوێنەوە خۆیان گەیاندە حدودی**

کۆماری میللی کوردستان و وەک شێر دە یەک سەعاتدا تەواوی دوژمنیان شکاند و تا شاری کرماشان وەک ئەژدها هەرچی لێیان نزیک بووایە، هەڵیاندەلوشی. ئەگەر ئەو دووبەرەکییەی جاران بەردەوام بووایە، چۆن لەبەر کزیی دەیانوێرا ماڵی خۆیان بەجێ هێڵن و لێی دوور بکەونەوە. دەجا دوژمنان تا کەنگێ دەبێ چاوی خۆیان بنوقێنن و تا کەنگێ لەسەر نەفامی بڕۆن و نەزانن تا ئێستا کە کورد هەر زللەت و بەدبەختییەکی بەسەر هاتبێ لەبەر ناڕێکی و ناتەبایی بووە، دەنا ئەگەر کورد تەبا بێ کێ پێی دەوێرێ. پێم وایە دوژمنانی خاریجی لەوە گەیشتوون بۆیە وەجوڵە کەوتوون و ملیان لە دوورەوەی ناوە، بەڵام دەسکەوتی دیکتاتۆری تاران هندێکیان هێندەیان خوێن خواردووە کە بێهۆشییەکی وا دایگرتوون کە ئێستاش نازانن لە دنیادا چ باسە. هێندێکیان بە نەشەی تریاک سەرخۆشن و عدەیەکیش بە مەستی ئارەق و شەراب لەگەڵ دڵبەرانی مەدهۆش خەریکی عەیش و نۆشن و دەڵێن:

مارا بجهان خوشتر از این یکدم نیست
گر نیک و بد اندیشد و از کەس غم نیست)

پێشەوا قازی محەمەد لە درێژەی وتارەکەیدا پەنجەی بۆ فێڵ و زوڵم و ستەمی قاجارەکان و ڕەزاشا و داگیرکەرانی کوردستان ڕاکێشا و گوتی: (کێ بێ نەیبیستبێ کە بەچ فێڵ و نامەردییەک لە سەردەمی قاجاردا، جەعفەر ئاغای شکاک لە تەورێز کوژرا، کوشتنی هەمزاغای مەنگوڕ و هەزاران نمونەی وایان نەبینیبێ؟ کێ بێ نەیبیستبێ کە بە چ نامەردیەک قشونی ڕەزا خانی پەهلەوی لە وەختێکدا کە ئارارات گەرمی شەڕ لەگەڵ تورکان بوو، چۆن ناپیاوانە و ناجوانمێرانە دەنێو ژن و منداڵی کوردان کەوتن و نعوزوبیلا چیان بەسەر هێنان، چیان لێ کردن، خێڵی جەلالی چۆن بار کران و لەگەڵ هەزاران بنەماڵەی کوردی ناوچەی وان، هەریەکەی ڕەوانەی ناوچەیەکی ئێران کران و کەس نەیزانی بەشی زۆریان چییان لێهات و چۆن لەناو چوون. ئەو دەردەی بەسەر گەڵباغیان هێنا بە زستان باریان کردن و سەدان منداڵیان لە بەفردا قڕ بوون پیاوان دەست و پێیان سەرما بردی و گەێندرانە شارانی هەرە دووری ئێران و لە ژێر ئازاردا بەشی زۆریان لەناو چوون، هەتکی ناموسی و بێ عیفەتییەکی کە لەو کارانەدا بەسەر کورد هات ئەگەر باسی بکەم تا ئەمڕۆ بەشەر نەیکردووە. ... دۆست و دوژمن شاهیدی تاوان و کارەسات و هەتکی ناموسی ئەوانەن ئەوان تەنانەت دەستدرێژیان کردە سەر پیاوانیش. شارەبانی و نزمییەیان سەد قات لە ئەمنیە خراپتر و عەدلیەی مرکزی شوێنی تاڵان و بڕۆ و

ڕووتاندنەوەی خەڵک بوون. لە پاڵەوانیدا لە بەرامبەر بڕیاری شەهریوردا[1]، هەروەک لە شانامەدا هاتووە:

**هەمە سەر بە سەر پشت بدشمن دهیم     از آن بە کە خودرا بە کشتن دهیم)**

پێشەوا لە بەشێکی تری وتارەکەیدا ئاماژە بۆ ترس و دڵەڕاوکێی کوردان لە ڕابردوودا لە بەرامبەر ستەمی دوژمندا کرد و داوای کرد کێشەی کوردان لە ئێران بە ڕێی ئاشتی و دیموکراتی چارەسەر بکرێت و ڕێگە بدەن گەلانی ئێرانیش وەک دانیشتوانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا و سویس "سویسرا" پێکەوە بە برایەتی بژین و گوتی: **(لەبەر ئەوەی چاوترسێن بووین، حازر بووین هەموو خۆمان بە کوشت بدەین و موتیع و فەرمانبەری ئەو دەزگایانە نەبین، دەنا ئەگەر بێتو ئازادی لە ئێراندا بەرقەرار بێت، چ مەنعێک هەیە ئەوەی لە ئێراندا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتر، بزانن شورەوی چل پەنجا دەوڵەت و میللەتی تێدایە کە عەدالەت کردوونی بە برا، ئەمریکا چل و چەند جمهورییە، سویس دوو سێیەکن بە یەک ڕۆح و گیان پێکەوە دەژین. بۆ ئەوەی کە ئێمە نیشان بدەین لە وادەی خۆماندا ڕاستگۆین با وەسفی ئەو لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئازەربایجان بکەین کە هیچ شتێکیان یەک نەبوو، چونکە ئەوانیش بوونە ئازادیخواز و دیموکرات و هەر دوو بووینە یەک و یەکیەتێک لە ژیان و مردنماندا پێک هاتووە و بۆ ئەوەی لە نەتەوەکانی تری ئێرانیش مەعلوم بکەین کە برایەتیمان لەگەڵ ئەوانیش تێک نەداوە، دوو نوێنەرمان دەستنیشان کرد کە بچنە بەر دەرگای ئەوان و بڵێن خۆتان بگۆڕن و ڕێگای دیموکراسی هەڵبژێرن، چۆن ئێوە دەڵێن برایەتیو دەکەین و هەرکە خۆتان نەگۆڕن و تەشکیلاتتان نەکەن دیموکرات، دیسان ئێمە دژایەتیمان لەگەڵ ئێوە نییە و برایەتیمان برایەتی و کیسەمان جودایەتی. ئێمەش ساڵهای ساڵە بۆ ئازادی هەوڵ دەدەین و پیاوی چاک بن چیدیکە بە تانک و تۆپ و تەیارە لێمان تێک مەدەن، ئێمەش بەشەرین و و حەقمان لە مرۆڤایەتیدا هەیە و چ میللەتێک لە ئەسارەتدا ماوە؟)**

پێشەوا هەموو پێشکەوتنەکانی دنیا لە ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەدا دەبینێت و ڕای وایە ئاشتی و ئارامی ئەو کۆمەڵە دەستکەوتانەی خستوەتە دەست مرۆڤ و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ئەوانەی ئەو هەمووە کارخانە مەزنەیان دروست کردوە، ئەو هەمووە شتە سەیرەیان لەژێر دەستە، دەمێک وەک تەیر بە ئاسماندا**

---

[1]- مەبەستی پێشەوا هاتنی هاوپەیمانانە بۆ ئێران لە خەرمانانی ١٩٤١ و ڕاکردنی فەرماندەکانی سوپای ئێرانە لە ئازەربایجان.

دەفڕن و لە ماوەیەکی کەمدا لە ڕۆژهەلاتەوە دەچن بۆ ڕۆژئاوا، جارێک وەک ماسی هەر ئەوەنـدەی بلێـی یەک و دوو دەریـا دەبـڕن، ئەو تـونێلانەی زەویـان پەڕ پەڕ کردوە و بە ڕێی ئاسندا سەدان شار تێک دەخەنەوە، ئوتۆمبیل ببینن و لە ڕادیۆ و تلگراف و تەلیفۆن خورد بنەوە کە لە هەزاران مەنزڵ ڕێگەوە قسە بەیەکەوە دەکەن و چرای بەرق چاو لێبکەن چۆن شەوتان دەکاتە ڕۆژ. بە کورتی هەر لە ئێستاوە تا ساڵێک باس لە یەک یەکی ئەو دۆزینەوانە بکەم کە لە سایەی خوێندن و سەنعەت بەدەست هاتوون، تەواو نابن. دۆزەرەوانی ئەو شتانەش وەک ئێمە بەشەرن، بەلام چونکە کاری خۆیان بەدەست خۆیانە و خەمی خۆیان بۆخۆیان دەخۆن، ئەوەی دەیخوێنن تێدەگەن و پێشکەوتن، لێمان گەڕێن با ئێمەش تەکانێک بە خۆمان بدەین و دوای خوێنـدن و سـەنعەت کەویـن و کشـتوکاڵی خۆمـان وەک خەڵکـی تـر بەڕێوەبەرین و میللەتی خۆمـانی پێ دەوڵەمەند بکەین و کارخانـان بێنین و ئەو هەمووە کانگا و مەعدەنانەمان هەیە با وەڕێیانی بخەین و بە مەنتقی ئەوانە ولاتی خۆمانی پێ برازێنینەوە.)

پێشـەوا قـازی محەمەد لە ڕەوتی وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ چوونی نوێنەرانی کورد بۆ تاران کرد و گوتی: (ئاغای محەمەد حوسێن خان نمایندەی ئێمە پێشانیدا کە کورد لە براکوژی و ئیختلاف خۆی دەپارێزێ. کورد کە لە ئێراندا ئەکسەریەتی هەیە بە کەمـایەتێکی ئازەربایجـان، وەک ئەرمەن و ئاسـوری دادەنـران و دەنگـی نەکرد، دیسان حکوومەتی تاران لە دیتنی ئەو دیمەنەی کە دایک بۆ کوڕی کوژراوی قوڕ وەسەر سەری خۆی دەکات، بە کەیف دێن و بە بیستنی ڕۆ ڕۆی هەتیو و باب کوژراوان وە دەماغ دەکەون و بە بەچاو کەوتنی خانووی وێران و گڕ گرتوو شاد دەبـن و بە نـاڵە نـاڵی برینـداران نەشـە دەبـن و دەخـوێن تـلانەوەی نەوجەوانـان خۆشحاڵیان دەکا کە بە هەموو گوزەشتەی کوردان ئەهمیەت نەدا، نمایندەی ئێمە بە مەئیوسی ناردەوە و ئێستا تەکلیف چییە؟)

لە کۆتایی وتارەکەیدا پێشـەوا قـازی لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەپرسـێت و دەڵێت: (میللەتی کورد چۆنی پێ مەسـڵەحەتە؟ بلێن بزانم حەقمـان نییە بلێین ئەی تاران ئەو هەمووە قەسر و قسورەت کە بە ماڵی ئێمە دروست کردوە بەست بێ، با ئێمەش فکرێک بۆ خانووە گڵێنەکانمـان بکەینەوە کە لە غـاری بەردیی دەچـن، ئەو هەمووە خیابانی ئیسفاڵت و کۆلانی ڕازاوەت کافیە و ئێمەش لە کوچەی پڕ لە تۆز بە وشکانی و قوڕ بە تەڕی کە ناکرێ پێیاندا بڕۆین و دەبا ئێمەش چاکسـازییەکی بکەین.)

به نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان، بەشدارانی کۆبوونەوەکە، دوای کۆتایی هاتنی وتاری پێشەوا، پەنجەرەی دڵیان کردەوە و هاتنە جواب و لە وەڵامی پێشەوای خۆشەویستی خۆیاندا گوتیان: (**ئاوری نیشتمانپەرستی و ئازادیخواهی ئێمە کوژاندنەوەی نییە و ئێمە مەرامی پیرۆزی "یا مەرگ یا ئازادی"مان لەپێش گرتووە و ئازادی خۆشمان وەچنگ هێناوە و ئێستاش هاسانە ئازادی خۆمان زۆر مەردانە بپارێزین**[1].) (پاشبەندی ٣٠)

[1]– ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٠، دوو شەممو ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥– ٢٧ مە ١٩٤٦.

## وتوویژی پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ قەوامولسەڵتەنە

دوای گەڕانەوەی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی لە تاران و کۆبوونەوە بەرفرەوانەکەی ١٩٤٦/٥/٢١ مەهاباد، قەوامولسەڵتەنە داوای دیدار و وتوویژی لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد کرد. بەم بۆنەیەوە سەرۆک کۆماری کوردستان دوای هاوئاهەنگی کردنی لەگەڵ رێبەرانی حیزبی و کۆماری کوردستان، ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٣- ١٩٤٦/٦/٢٤ بە یاوەریی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆمار، مستەفا سوڵتانیان کە سەعید هومایونیشیان لەگەڵ بوو، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لەگەڵ تاران، چوو بۆ تەورێز و ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٥ ئەندامانی هەیئەتی وەزیرانی کۆماری ئازەربایجان و ژمارەیەک پیاوماقوڵانی تەورێز، لە فڕۆکەخانەی تەورێزەوە بە فڕۆکەیەکی سی کەسەی یەکیەتی سۆڤیەت بەرەو تاران بەڕێکەوت. بە ڕاپۆرتی ڕادیۆی تاران، کاتژمێر ١٠:٠٠، پێشەوا گەیشتە فڕۆکەخانەی مێهرئاباد. پێشەوا و هاوڕێیانی لەوێ لەلایەن لیژنەیەکەوە بە نوێنەرایەتی سەرۆک وەزیرانی ئێران و ژمارەیەکی زۆر ئازادیخوازەوە پێشوازیی کران و لەگەڵ کاروانێک ئوتومبیل چوو لە هۆتێل دەربەند لە شیمیران دابەزی و لە هۆتێلە ڕێوڕەسمی پێشوازییکردن بەجێ گەیشت.

لەو گەشتەیدا، پێشەوا قازی لەگەڵ دکتۆر هاشم شیرازی سەردانی ئیحسان نوری پاشا سەرۆکی حیزبی خۆیبوون و بزوتنەوەی ئارارات لە ساڵی ١٩٢٧ی کرد و بۆ ماوەی نزیک بە سێ کاتژمێر لەگەڵ ناوبراو گفتوگۆی کرد. لەو بارەیەوە دکتۆر شیرازی لە لاپەرەی ١٢٤ی کتێبی بیرەوەرییەکانی دا ئاماژە بۆ ئەو چاوپێکەوتنەی پێشەوا قازی محەمەد و ئیحسان نوری پاشا دەکات و دەڵێت:
**(ئیحسان نوری پاشا گوتی زۆر لەمێژ نییە کە دوو شاری ورمێ و میاندواو جگەلە کورد و هێندێک ئەرمەن کەسی تری تیدا نەبوو. ئێحسان داوای لە قازی کرد کە دوای تەواو بوونی کارەکان بنچینەی دەزگا و ژێرخانی وڵات دابرێژە دەنا خەڵکی کورد بە خاتری ڕەنگی ژوورەکان پێکهەڵدەپرژێن و دەکەونە گیانی یەکتر و شەڕ دەکەن.)**

بە وتەی سەعید هومایون لە لاپەڕەکانی ١٠٧- ١٠٩ی کتێبەکەیدا، تا ئەو کاتەش ئاڵای کوردستان بە دیواری ژوورەکەی و ئارمی خۆیبوون لەسەر مێزی کارەکەی ئیحسان نوری پاشاوە بوو[1].



قازی محەمەد لە ماوەی حەوتوویەکدا کە لە تاران بوو، دوو جار چاوی بە قەوامولسەڵتەنە کەوت و چەند جار موزەفەر فیروز جێگری سەرۆک وەزیران و سەرلەشکر رزمئارا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێرانی بینی. قەوام دەیویست کێشەی کوردستان بە چەشنی کێشەی ئازەربایجان چارەسەر بکات. بەو واتایە کە سێ پارێزگای کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە پارێزگایەکدا کۆ بکاتەوە و پێشەوا قازی محەمەدیش وەک دکتۆر جاوید کە کرابوو بە پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، سەرۆکایەتی ئەو پارێزگا نوێیە بکات و ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانیش لە ئۆرگانەکانی پارێزگادا جێ بگرن کە پێشەوا قازی وەڵامی ئەو داوایەی بۆ بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و ڕێبەرانی کۆمار هێشتەوە.

پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی دوای دە ڕۆژ مانەوە لە تاران، ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٢٥- ١٩٤٦/٧/١٦ بە هەمان فڕۆکەی سۆڤیەت گەڕانەوە بۆ تەورێز. لەوێ ئاکامی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و سەفیر و کاربەدەستانی سۆڤیەت خستەبەرباس. ڕێبەرانی فیرقە لەگەڵ ئەوە نەبوون کە کێشەی کوردستان لە دەرەوەی ئازەربایجان چارەسەر بکرێت، بە تایبەتی کە بەو

[1]- ڕاپەڕینی ئارارات لە لایەن کۆمەڵەی "خۆیبوون"ەوە سەرۆکایەتی دەکرا. خۆیبوون ڕێکخراوێکی سیاسی کورد بوو کە بە ئامانجی ئازاد کردنی کوردستان، بە یەکگرتنەوەی چەند کۆمەڵەی کوردیی بە سەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا دامەزرا. خۆیبوون یەکەم کۆنگرەی خۆی لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٢٧ دا لە "بحمدون"ی لبنان بەست. ئیحسان نوری پاشا ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ئاڵای کوردستانی، بە ئارم و نیشانی ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان، لەسەر چیای ئاگریی هەڵکرد. خۆیبوون تا ساڵی ١٩٣١ خەباتی کرد و بە شکانی بزوتنەوەی ئارارات لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە، بە هاوکاریی ڕەزاشای پەهلەوی لەناوچوو.

پـلانە، ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا لە ئازەربایجـانی ڕۆژهەڵات دەبـووە کە فیـرقەی دیمـوکراتی خـۆی بە خـاوەنی دەزانـی. ڕوسـەکانیش لەو بـاوەڕەدا بـوون کە قەوامولسەڵتەنە دەیەوێت ناکۆکی بخاتە ڕیزی ڕێبەرانی ئازەربایجان و کوردستان.

پێشـەوا قـازی هەروەهـا لە تەورێز چـاوی بە ئـارچی باڵد ڕۆژڤێلت سـەفیری ئینگلیز کەوت و بۆ چارەسەر کردنی کێشـەی کوردسـتان داوای هاوکـاریی لێ کرد. دکتـۆر هاشـم شـیرازی لە بیرەوەرییەکانیـدا پەنـجەی بـۆ دیـداری پێشـەوا لەگەڵ ئیحسان نوری پاشا و سەفیری ئینگلیز ڕاکێشاوە.

پێشـەوا قـازی مـحەمەد و یـاوەرانی دوای دوو ڕۆژ مـانەوە لە تەورێـز ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٢٧ گەڕانـەوە بـۆ مەهابـاد. بەرلە گەیشـتنەوەیان بـۆ مەهابـاد، ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبـی دیمـوکرات و سـەرکردەکانی کۆمـار تـا میانـدواو بـە پیریانـەوە چـوون. هەروەهـا نزیکەی دە هـەزار کـەس لـە ژن و پیـاو و خوێندکارانی خوێندنگـەکانی مەهابـاد، تـا دە کیلۆمـەتری مەهابـاد بـە پێشـوازیی پێشـەوا و هاوڕێیـانەوە چـوون. لـە تـاران کەسـێک بـە نـاوی "قورەیشـی" ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامـەی ڕەهبـەر، ئۆرگـانی حیزبـی تـودەی ئێـران، وتـووێژێکی سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکانی پێشـەوا قـازی لەگەڵ قـەوام و سـەرکردەکانی ئێران کرد و دەقـی وتووێژەکـەی لـە ژمـارە ٥ ی ڕەهبـەردا بڵاوکردەوە. حەسـەن قزڵجـی وتووێژەکەی وەرگێڕایەوە بۆ زمانی کوردی. پێشەوا قـازی دەربـارەی وتووێژەکـانی لەگـەڵ قەوامولسـتەنە، دەڵێت: (**چەنـد جـار لەگـەڵ بـەڕێز موزەفـەر فیـروز جێگـری سیاسی بەڕێز قەوامولسەڵتەنە سەرۆک وەزیـران و بـەڕێز سەرلەشـکر رزمئـارا و دوو جـاریش لەگـەڵ جـەنابی سـەرۆک وەزیـران وتـووێژم کـردووە. نییـەتی بـەڕێز سـەرۆک وەزیـرانم زۆر تێکـەڵاو و بـە تفـاهم بینـی. داخەکـەم بەرهەڵسـتێک کـە وتووێژی ئێمەی دواخست، نەخۆشکەوتنی جەنابی قەوامولسەڵتەنە بوو. داوا لە خوا دەکـەم زووتـر چـاک ببێتـەوە، تـا وتووێژەکانمـان بـە خێـر و خۆشـیی و قـازانجی ئازادیی کۆتایی بێت.**)

هــەروەها ڕۆژی ١٣٢٥/٥/٤- ١٩٤٦/٧/٢٦، پێشــەوا قــازی محەمــەد ســەرۆک کۆماری کوردستان کە دەیویست بۆ چارەسـەرکردنی هەندێک گیروگرفت لـە نێوان کورد و ئازەرییەکانی ناوچەی ورمێ، بچێت بۆ ئەو شارە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاغاکانی مامەش، زەرزا و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتدا ئامـاژەی بۆ پێشـنیازێکی قەوامولسـەڵتەنە کرد و گـوتی: (**لـە سـەفەری تارانمـدا دەگـەل آغـای قەوامولسەڵتە نە زورم گفتوگو کرد آغـای قوام نظریکـی مسـاعدی دەگـەل کوردان**

هەیـە روژێـک آغـای قـوام پیـی گـوتم: ئـەوە ایمـەش بوینـە دیمـوکرات و حزبـی دیموکراتی ایرانمان دامەزراندوە وا بـە بـاش دەزانـم کـە نیـوی "حزبـی دیمـوکراتی کوردستان" بگۆرن و نیوی بنین حزبی دیمـوکراتی ایـران منیش وەڵامـم داوە: کـە ئەمن بەبی تصوییی کمیتەی مرکزی هیچ کاریکی ناکەم چونکە دیمـوکراتی مانـای ئەوەیە کە شخص ناتوانی مصلحتی ملت بی مشاورە بگریتە دەسـتی خـوی. آغـای قوام دانی بەوە دا هینا کە کوردستان شایانی تقدیرە و ملتی کـورد آمـادەی هـەمو جورە فداکاریە بـو گەیشـتن بـە آزادی و دیمـوکراتی و گـوتی: نهضـتی دیمـوکراتی کوردستان بە پشتیوانیکی گەورەی خومان دەزانین و ئومیدمان ئەوەیە کە بەهوی ئیوەوە دیموکراتی لە تەواوی ایراندا بلاوبیتەوە. العان لە عراقیش دەستیان کـردوە بە مبارزە کە دەستی زورداری لە ملی خویان دەربینن ئیمـە آمـادەین بـە تـەواوی ایـران کومـەگ دەکـەین و ئەگـەر بیتـو آزادیخـوازانی عـراقیش پیویسـتیان بـی و کومـەکمان لـی بخـوازن کومـەگیان پـی دەکـەین و بـەلکو بـو یارمـەتی هـەمو آزادیخوازانی دنیا آمادەی فیداکاریم[1].)

ڕۆژنامــەی کوردسـتان لـە ژمـارە ٦٩، ڕۆژی ٣٠ پوشـپەڕی ١٣٢٥ دا دەقـی وتـووێژی پێشـەوا قـازی محەمـەدی لەگـەڵ ڕۆژنامـەی حیزبـی تـودە بڵاوکـردەوە. ئەمەی خوارەوە وەرگێڕاوی وتووێژی پێشەوا قازییە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیەدا:

پرسیار- مەلبەند و قلەمروی ایسـتای نهضـتی دیمـوکراتی کوردسـتان تـا کـوی دەروا؟

وولام- مەلبەنـدی نفـوذی حزبیـک کـە بـەناو کومـەلیکی زور و زەونـددا بلاوبویتـەوە زەحمەتـە معلـوم بکـری، بـەلام نهضـتی ایمـە راسـتەوخو کـوردی دەوروبەری ماکو. شـاپور. خـوی رضـائیە. شـنو. سـندوس. سـقز و سـەردشـت کـە نزیکەی حەوت سەد هەشت سەد هەزار کەسن شارەزایی و رهبەری دەکا.

پرسیار- هیندی لە سابقە و رابردووی تاریخی نهضتی خوتان شرح دە.

وولام- حزبی دیموکراتی کوردستان سەرەتای لە مظلومی و نارضایی قدیم و کونەوەیە، هەرچەند سابقەی زورە بەلام لە نو مانگ بـەم لاوە دەسـتی بـە فعـالیتی عملی کردوە (کمیتەی مەرکەزی حزب لـە مەهابـادە) دەسـت پـی کردنـەوەی حزبـی ایمە عکس العملی زور بو هینانی دەولـەتانی مرتجعـە کـە لـەپیش دەولـەتی ایسـتادا

[1]- ڕۆژنامــەی کوردسـتان، ئورگـانی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، ژمـارە ٧٢، لاپـەڕەی ٣، ٨ گەلاوێژی ١٣٢٥، ٣٠ ژوئیە ١٩٤٦.

لەسەر کار بون و دەیانەویست دەگەل هەمو نهضتیکی لاگیری آزادی و استقلالی ایران بەربەرەکانی بکەن.

پرسیار- چە اقداماتیک تا ایستا لەو ناحیە و منطقەدا کراوە؟

وولام- کاریکی هەرە گەورە کە نهضتی ایمە لە مەلبەندی دەسەلاتی خوی کردویە ایجادی گیانیکی صمیمیت و بە یەکەتیەکی بی نظیرە لەنیوان چەند سەد هەزار نەفەر برایانی ایرانی ایوەدا. امنیەت و آرامیەکی کە لەو مەلبەندەدا هەیە قەت نەبوە و ملتی ایمە لە خورا لە ایجاد و ابداع و دەست کردنەوەیەکی بەشەرەفانە لە حیثیت ملتی ایران زور شاکاریان کردوە. دەگەل ئەو وەختە کەمە و نەبونی وەسائلی چاک کردنی ریگایان. دامەزراندنی مەدرەسان دامەزراندنی چاپخانە و بلاوبونەوەی روژنامە و گووار و تربیتی سیاسی و نظامی کە مەلیکی زور لە کوردانی هاونیشتمانی ایوە بەرەو تەرەقی رویشتوە.

پرسیار- آگات لە حالی کوردانی جنوب کە ری و راست لەژیر نفوذی معنوی نهضتی ایوەدا نین هەیە؟

وولام- لەو جیگایانە لە هەمو جورە بزوتنەویەکی دیموکراتیک پیش گیری کراوە بەلام ایمە دەزانین لە هەمو جیگایەک هەمو کوردیکی زور لی کراو و عاشقی آزادی لاگیری نهضتی بەرەو ترقی ایمەیە.

پرسیار- وضعی ایستای کوردانی دنیا بو ایمە شرح بدە.

وولام- بیجگە لە کوردانی ساکنی ایران نزیکەی دو ملیون و نیو کورد لە تورکیا دارای دە بوین. لە ترزی بزوتنەوە و رفتاری ایستای دەولەتی تورکیە نسبت بە کوردانی ساکنی ئەوی خەبەریکم نیە بەلام لەوەییش کشتار و عەزیەت و آزاریان دەکردن و ئەمەش کە دەولەتی تورکیە ادعا دەکا کە (مسئلەی کوردی لەو مملکتەدا حل کردوە) لە لای من قابیلی قبول نیە. مەگەر پیمان وابی کە ئەو حل کردنە بە یاری هەلکوشین و دامرکاندنی آرەزوی ملی ئەواندا بوبی... بیجگە لەوەش نزیکەی ملیونیک و دوسەد هەزار کوردی دیکەش لە عراقدا دەژین. آکار و بزوتنەوەی حکومتی عراقیش دەگەل ئەوان لە فرار و هەلاتنی بە پول و کومەلی کوردانی عراق بو منطقە و مەلبەندی دیموکراتیکی ایمە روناک دەبیتەوە و وەدەر دەکەوی. بەلام دەبی بلیم کە دەولەتی فرانسە دەگەل حەودسەد هەزار کورد کە لە سوریەدا دەژین باش بوە.

پرسیار- چە روابطیکی معنوی لە نیوان نهضتی کوردستان و آذربایجاندا هەیە؟

**وولام- هـەردک لامـان بـو آمانجیـک کـە آزادی و سـەربەخویی حقیقـی و بەراستی ایرانە کار دەکەین.**

پرسیار- دەکری لە گفتوگوی تاران یا کلیاتی ئەو آگادارمان بکەی؟

**وولام- ئەمن چەند جلسە دەگەل آغای مظفر فیروز معاونی سیاسـی آغـای قوام لسلطنە سەرەک وەزیر و آغای سەرلشکر رزم آرا و دوو جار دەگەل جنابی سەروک وەزیر ملاقاتم کردوە نظری آغای سەروک وەزیرم زور تیکەل بـە حسـن ظن و چاک نیتی دیوە. داخەکەم بەرهەلستیکی کە گفتوگوی ایمـەی وەدوا خست نەخوشی جنابی آغای قوام لسلطنە بوو. لە خودام طلبە زوتر چابیتەوە تـا مزاکرە بە خیر و خوشی و نفع و قازانجی آزادی دوایی بیت.**

پرسیار - آیا لەو ناوەدا چلوچوبی مرتجیع و پاشەکشـەکان قـابلی توجـە و لـی ووریا بون نیە؟

**وولام - وەختیکی ارادەی ملت و دەولتیک لە کـاریکی صـحیح و چاکدا ریک کەوی. هیچ شتی ناتوانی پیشی لی بگری. من آتیەیەکی زور چاک تیبینی دەکەم و هیوادارم دەولەتی مرکزی بتوانی دیموکراسی بە هەمو ایران دا بلاو بکاتەوە.**

پرسـیار- نهضـتی دیمـوکراتیکی کوردسـتان تـا چـە ئەنـدازەیک یارمـەتی دیموکراسی آتیەی ایران دەدا؟

**وولام- نهضـتی ایمـە لـە آزادیخـوازانی تارانـەوە الهـامی گیـر کـەوت، ایمـە شـاعریکی مللـی بـە ناوبانـگ مـان هەیـە بـە نیـوی هـەژار کـە قصیدەیەکیشـی لـە روژنامەی رهبەردا چاپ کرابو. لەم قصیدەیەدا گوتویە (ایمە بە شمشیری ئەوان بە قلم) ئەمن ئەو قسەیە وا بەیان دەکەم کە قلمی ایوە لە تـاران کـاری سـەد شمشـیر ایمـەی لـە منطقـەی خومـان کـرد. ملتـی ایمـە زوریـان دل بـە نهضـتی آزادیخـوازی ایرانەوەیە. روژنامە آزادیخوازەکانی تاران بە اشتیا دەخویننەوە و تف و لعنت لـە روژنامەی ارتجاعی و پاشەکشە دەکەن.**

پرسـیار- لـەو مانگانـەی دوایـی دا لـەنیوان دەولـەتی مرکـزی و نهضـتی کوردسـتاندا بـەر هەلسـتیکی وابـوو کـە نـەیلی هـەردک لا لیک نزیک ببنـەوە و ریـک کەوون یان نە ؟

**وولام - پیش دەولەتی جنابی قوام السلطنە ئەم جورە بەرهەلستانە زور بون بـەلام دوای ئـەوە کـە ئـەو دەولەتـە هاتـە سـەرکار. دەولـەتی مەرکـەزی هـەول و تەقەلای دا بو ریک کەوتن و سازان.**

پرسیار- بوچی فرانسەوی راجع بە مسائل کورد زور علاقە دەنوینن و آیا ئەو خبرەی مخبری فرانسەوی بە زمانی تۆوە گوتویەتی: (**ایمە هەر وەختیک کە کیفمان لی بی کرماشان دەدەست گرین**) راستە یان نا؟

**وولام- من پیم وایە فرانسەوی دەگەڵ کوردان نظریکی خراپیان نیە لە سوریە ئەوەنەی لە دەستیان هاتبی کومەگیان بە کوردان کردوە. راجع بە خبریکی مخبری فرانسە لە زمانی منەوە گوتویە، هەوەل ئەوەیە کە ئەم قسەیە کە ئیستاکە ایمە لاگیری ئەوەین مسئلەکە بە مسالمەت حل بی مربوط نیە. دوەمیش امپریالیستی نەبووە بەلکو مقصود آزاد کردنی بەشیک لە هاونیشتمانان و کومگیکی پتر بە آزادی تەواوی ایران بووە و دیسانیش دەلیمەوە کە دەولەتی ایستا ئەو جورە نظریاتە کە هی زەمانی حکومەتە ارتجاعیەکانی پیشووە لەناو دەبا**[1].)(پاشبەندی ٣١)

[1]- رۆژنامەی کوردستان، ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٦٩، ٣٠ پوشپەری ١٣٢٥.

## ئازەربایجان و کوردستان بەرەو مەترسی

محەمەد ڕەزا شا و قەوامولسەڵتەنە بە ڕەواڵەت بەرەوە خودموختاریی فەرهەنگیی لە چوارچێوەی پارێزگادا هەنگاویان دەنا. بەو پرۆژەیە ئازەربایجان و کوردستان لە چوارچێوەی دوو پارێزگای کوردستان و ئازەربایجاندا بە خودموختاریی فەرهەنگی دەگەیشتن. یەکەم هەنگاوی ڕەواڵەتی و فریوکارانەی قەوام، دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئازەربایجان، گرنگیدان بوو بە هەڵبژاردنی خولی پازدەیەمی مەجلیسی شورای میللیی کە هەم بۆ ئەو سیستمە نوێیە و هەمیش بۆ دانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران بە سۆڤیەت بڕیار وەربگرێت.

حیزبە سیاسییەکان خۆیان بۆ بەشداریی کردن لە هەڵبژاردندا ئامادەکرد. حیزبی تودە و حیزبی ئێران بەرەی "جبهە موتلفە احزابی آزادی خواە"یان پێکهێنا. ڕۆژی ٨/٤/١٣٢٥- ٢٩/٦/١٩٤٦ قەوامولسەڵتەنە بە ۆلانێک کە پێشتر لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد خستبوویە بەرباس، دامەزراندنی "حیزبی دیموکراتی ئێران"ی لە ڕادیۆی تارانەوە ڕاگەیاند. لە پرۆگرامی ئەو حیزبەدا زنجیرەیەک چاکسازیی دەبیندرا. بە وتەی ژمارەیەک لە چاودێرانی هەڵبژاردن، ناوی "دیموکرات" بۆ حیزبی قەوام، ناوێکی بە هەڵکەوت نەبوو، بەڵکو "حیزبی دیموکراتی ئێران" لە بەرامبەر "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" و "حیزبی دیموکراتی کوردستان" دا، دانرابوو.

تا ئێستا هەواڵێک لە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی قەوام دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئازەربایجان نەبووە: ئابلۆقەی ئابووری لەسەر ئازەربایجان و کوردستان درێژەی هەبوو، لقی بانکی میللیی ئازەربایجان نەکرابووەوە، بودجەی پێویست بۆ سوپای ئازەربایجان نەدرابوو بە کاربەدەستانی ئازەربایجان. لەگەڵ ئەوەشدا خەریکبوون بەرەکانی سوپای ئێرانیان لە قەزوینەوە تا ئاستارا و سەردەشت بەهێز دەکرد. ئەو بەرگرانەی کە لە بەرامبەر قەوامدا هەبوون لە کوردستان و ئازەربایجاندا، بریتی بوون لە: فیرقەی دیموکرات، ئەنجومەنی ئەیالەتیی، سوپای نەتەوەیی و گروپە چەکدارەکانی فیدایی و حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی هێزی بارزانیی.

یەکیەتی سۆڤیەت بە وردیی چاودێریی ئەو ڕووداوانەی دەکرد کە لە ئازەربایجان و کوردستاندا ڕوویاندەدا. بە فەرمانی مۆسکۆ، هەموو وتە و نوسراوەکانی پیشەوەریی و پێشەوا قازی محەمەد و هەموو وتار و نوسراوی

ڕۆژنامـەکانی تـەوریز و مەهابـاد و بڵاوکراوەکـانی ڕادیـۆی تـەوریز و مەهابـاد، دەسـتبەجێ بـە ڕێبـەری سـۆڤیەت دەگەیشـتن. نووسـینە ئاشـکراکانی پیشـەوەریی لـە لایەن کۆنسوڵخانەی سۆڤیەتەوە دێڕ بە دێڕ دەخوێندرانـەوە و ئەگـەر شـتێکی دژ بـە حکومـەتی ناوەنـدیان تێـدا بووایـە، وەزارەتـی دەرەوەی سـۆڤیەتیان لـێ ئاگـادار دەکردەوە. میر جەعفەر باقرۆڤ بایەخی بە ڕاپۆرتی دیپلۆماتکارەکانی سۆڤیەت دژ بـە پیشـەوەریی نـەدەدا. ڕۆژی ١٣٢٥/٣/١٥- ١٩٤٦/٦/٥ بـاقرۆڤ لـە نامەیەکیـدا سـەرەڕای دژایەتی کردنی پێشـەوا قـازی محەمەد و گەلی کوردسـتان بـۆ سـتالینی نوسی:

**- (دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامـە لەگـەڵ دەوڵـەتی ئێـران، ئێمـە لـە وتـە و وتارەکانی پیشـەوەرییدا هەسـتمان بـە هیچ چەشـنە وتەیـەکی توند، یـان وتەیـەکی دوولایەنـە نـەکردوە، بـەڵام فەرمانبـەرانی کۆنسـوڵخانەی ئێمـە، چونکـە زمـانی ئازەربایجانیی و فارسیی باش نازانن، بە بەردەوامیی ڕەخنەی بێواتە لە وتارەکانی پیشەوەریی دەگرن و ڕاپۆرتی بێواتە و ناڕاسـت بـۆ وەزارتـی دەرەوە دەنێرن. لـە ئەنجامدا لە وەزارەتی دەرەوەوە فەرمان دەگات کە پیشەوەریی هۆشیار بکرێتـەوە و داوا لە ئێمەش دەکەن کە دەربارەی بەشێک لە وتەکانی ڕوونکردنەوە بدەین. ئەو جۆرە کردەوەیە زیان بە پیشەوەریی دەگەیەنێت و کاریگەریی خراپی دەبێت لەسـەر ئەو و هاوڕێیانی. ئەوانە لە کاتێکدا دەگوترێن کە ئینگلیزەکـان و ئەمریکیـەکان لـەم دواییانەدا لە ئازەربایجانی ئێران پەرەیان بـە دژایـەتی کردنـی زیانبـەخش بـە ئێمـە داوە و خەریکن بە پشتیوانیی کردن لە گروپ و دەستە کۆنەپەرستەکان، خۆیان بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس ئامادە دەکەن. قەوام کە بە وتەی خۆشەویستیی و پێشنیازی باڵیۆزی ئێمە، قازی محەمەدی سەرۆکی کوردستانی بۆ وتووێژ بانگ کرد بۆ تاران، هۆی گومان لە پێوەندیی لەگەڵ ئازەربایجان پێکدەهێنێت. قـەوام بـە پێدانی بـەڵێنی هەمەجۆرە بە قازی محەمەد، هەوڵدەدات کوردەکان لە پەیڕەویی کردن لە تـەوریز پەشیمان بکاتەوە. لە هەلومـەرجێکی لـەم جۆرەدا، ئایا یاسـاخ کردنـی پیشـەوەریی ڕێبەری فیرقەی دیموکرات لە قسە کردن سـەبارەت بـە گرفتـەکانی خـەبات بـۆ بـە دیموکراتیی کردنی ئایندەی ئێران دروستە؟**[1]**)**.

لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەدا، ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٢٩- ١٩٤٦/٧/٢٠ ستالین پێشـوازیی لـە ئەشـرەف پەهلـەوی خوشـکی محـەمەد ڕەزا کـرد. مۆلۆتـۆڤ وەزیـری دەرەوەی

---

[1]- دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان لە ١٩٤٥- ١٩٤٦:,AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112 v. 118-121

سۆڤیەت بەشدار بوو لەو دیدارەدا. ڕۆژ ١٩٤٦/٧/٢٧ بە فەرمانی شورای باڵای یەکیەتی سۆڤیەت، ئاڵای سووری یەکیەتی سۆفیەت درا بە ئەشرەف پەهلەوی. بەخشینی ئەو هێمایە بە بۆنەی "خزمەتی بەرجەستە"ی ئەشرەف پەهلەوی بوو لە کۆکردنەوەی خێرات و یارمەتی بۆ ئەو منداڵانەی کە باوکانیان لە سوپای سۆڤیەتدا و لە جەنگی دووەمی جیهاندا کوژرابوون.

ئەشرەف دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، لە کۆشکی سەعدئابادی تاران بەشداریی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیی کرد و گوتی: (**ژەنەڕاڵ ستالین سەبارەت بە نەتەوەی ئێران هەستی خێرخوازانەی هەیە. بەگشتیی ڕێبەرانی سۆڤیەت بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە نەتەوە چووکەکان و داکۆکیی لە ماف و سەربەخۆیی ئەوان دەکەن**[1].)

هاوینی ساڵی ١٩٤٦- ١٣٢٥ خولی سێیەمی وتووێژەکانی ئازەربایجان دەستی پێکرد. لیژنەی وتووێژکەری ئازەربایجان بریتی بوو لە: دکتۆر جاوید، شەبستەریی، پادگان و ژمارەیەکی تر.

قەوام بە باڵیۆزی ئەمریکای ڕاگەیاند کە لەو ڕۆژانەدا چاوەڕوانی هاتنی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی جاوید پارێزگاری ئازەربایجان دەکات. گوتی دەیەوێ بزانێت ئایا حکومەتی تەورێز دەیەوێ ئازەربایجان لە سنوری ئێراندا بمێنێتەوە، یان نا؟ هەروەها قەوام ڕایگەیاند ئەگەر ئەو وتووێژە ئەنجامی نەبێ، هەڵوێستی توند دەبێت و لەوە ناترسێ پەنا بۆ هێز ببات. لەو بارەیەوە "جۆرج ئالین" باڵیۆزی ئەمریکا بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکای نوسی:

– (**قەوام لە ڕژانی خوێنی ئێرانییەکان، خۆی دەپارێزێت، بەڵام ئەگەر کار بگاتە بەکارهێنانی هێز، تەنیا نیگەرانیی ئەو لەو بوارەدا ئەوەیە کە یەکیەتی سۆڤیەت چەک، فڕۆکە و پارە بۆ ئازەربایجان بنێرێ و ئەندامانی سوپای سۆڤیەت بە بەرگی ئاساییەوە، وەک کەسانێک ڕەوانە بکات کە گوایە خۆیان خوازیاریی چوون بۆ ئازەربایجان بوون. من پێشنیازم بۆ قەوام کرد کە ئەگەر وتووێژەکان شکستیان هێنا، بە هەموو جیهان ڕابگەیەنێت کە حکومەتی تەورێز نایەوێ ئازەربایجان لەگەڵ خاکی ئێران بمێنێتەوە. لە حاڵەتێکی لەم جۆرەدا، بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، هەڵدەسەنگێندرێت و دەتوانێ بە چەندان هۆ ئەوە بسەلمێنێ کە دەقی ڕێککەوتننامەکەیان لە لایەن ئازەربایجانییەکانەوە پێشێل کراوە و خاڵەکانی جێبەجێ نەکراوە. من بۆ یەکەم جار قەوامم بەو جۆرە بە**

---

[1]- گۆڤاری کۆمونیست، ١٩٤٦، ٤ ی ئاگۆست.

**ئیرادەوە بینی. قەوام دەیگوت بێگومان لیژنەی ئازەربایجان و بڵاوکراوەکانی سۆڤیەت بە کەسێکی کۆنەپەرستی فاشیست ناوی دەبەن، بەڵام ئەو خۆی بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئامادەکردوە. دەیگوت نەرمیی ئەو سەبارەت بە حکومەتی ئازەربایجان و تودەییەکان، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە نەیدەتوانی پشت بە سوپای ئێران ببەستێت، بەڵام ئێستا بە پشتبەستن بە سوپا لەو قسانە ناترسێ، بەو مەرجەی یەکیەتی سۆڤیەت دەست لە کارەکانی وەرنەدات[1].)**

لە وتوویژی تاراندا سەبارەت بە دۆخی ئەفسەرانی سوپای ئازەربایجان و کێشە ئابوورییەکان، سەرکەوتن بەدەست نەهات. جاوید دژی پیشەوەریی، چووە لای باڵیۆزی سۆڤیەت و شکاتی لێکرد و گوتی پیشەوەریی بە هەڵسوکەوتی خۆی وتوویژی لیژنەی ئازەربایجان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی دژوار دەکات[2].

ڕۆژی ١٠/٥/١٣٢٥- ١/٨/١٩٤٦ قەوام کارێکی دوور لە چاوەڕوانیی کرد و سێ وەزیری تودەیی خزاندە ناو کابینەکەیەوە. ئەو سێ وەزیرانە بریتی بوون لە: ئەسکەندەریی وەزیری بازرگانیی و پیشە و هونەر، فەرەیدون کەشاوەرز وەزیری پەروەردە و مورتەزا یەزدی وەزیری تەندروستیی.

قەوام بە ئەمریکاییەکانی گوتبوو کە ئەوە هەنگاوێکە لە دوا هەوڵەکان بۆ ئەوەی کە ڕەزامەندیی ڕوسەکان دابین بکات.

دەوڵەتی بریتانیا کە لە کردەوەی ئەو دواییانەی قەوام توڕە ببوو، بە واشنتۆن پێشنیازی کرد کە ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان دەبێ هەوڵبدەن قەوام دژی سۆڤیەت هەڵوێست وەربگرێت، بەڵام جۆرج ئالین باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران، لەگەڵ ئەو پێشنیازە نەبوو و لەسەر داوای ئەو، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش پێشنیازی بریتانیا قبوڵ نەکرد. بۆ جۆرج ئالین ئەو فیکرە سەریهەڵدابوو کە بریتانیا بۆ پێکهێنانی ڕژێمێکی وەفادار بە سۆڤیەت و دابەشکردنی ئێران لەو هەلومەرجەدا، ئامادە دەبێت[3]. زانیارییە گەیشتووەکان لە تەورێز، ئەو فیکرەیان لەناو ئەمریکییەکاندا بەهێز کردبوو. کۆنسوڵی بریتانیا لە تەورێز، دەربارەی پەرەسەندنی نفوزی نێودەوڵەتیی سۆڤیەت و بەرز بوونەوەی بیری هاودەنگیی لەگەڵی، بۆ کۆنسوڵی ئەمریکا دوابوو، گوتبووی ئینگلیزەکان سیاسەتی دوورخستنەوەی خەڵکیان گرتووەتەبەر. بە بۆچوونی کۆنسوڵی بریتانیا، دەبێت ئەوان بە ڕواڵەت

---

1- دەستپێکردنی شەڕی سارد، هەمان سەرچاوە Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p.511- 512

2- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1, s. 89, i. 114, v. 278-280v.

3- هەمان سەرچاوە: Richard Cottam. Iran and United States, p. 75

پێشانبدەن کە لایەنگری سەربەخۆیی نەتەوە بچووکەکانن و بۆ ڕاگرتنی نفوزی خۆیان و بەربەرەکانیی دژی سیاسەتەکانی ڕوسیا، پشتیوانیی کردن لە گەلە جیابووەوەکان لە یەکتر، پێوستە. لە هەمان کاتدا ئامۆژگاریی "سرور بەگ" کۆنسوڵی تورکیای لە تەورێز کردبوو کە پێویستە ئەو بیرە لە نێوان دیموکراتەکاندا زەق ببێتەوە کە ئینگلیزەکان و تورکەکان پشتیوانیی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجانن و بەو جۆرە پێوەندیی نزیکیان لەگەڵدا دروست بکەن[1].

جۆرج ئالین لەو بوارەدا، تەنانەت گومانی لە قەوامیش هەبوو. لە کاتێکدا وتووێژ لەگەڵ لیژنەی ئازەربایجان لە تاران بەردەوام بوو، جۆرج ئالین بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکای نوسی: **(من بە شێوەی دۆستانە، بەڵام بە ڕاشکاویی بە سەرۆکوەزیرانم گوت، بەو بۆنەیەوە کە لە وتووێژەکاندا لەگەڵ لیژنەی ئازەربایجان سەبارەت بە پاراستنی یەکیەتی خاکی ئێران، سەرنجتان بە ئامۆژگارییەکان نەداوە، لێتان تورەم. گوتم ئەگەر زانیارییەکانم لەو پێوەندییەدا نادروستن، سوپاستان دەکەم ئەگەر هەڵەکەم بۆ ڕاست بکەنەوە. بەگوێرەی زانیارییەک کە هەمە، ئەو دەیەوێ داخوازییەکانی ئازەربایجان سەبارەت بە هێشتنەوەی سوپای ئازەربایجان و هێزەکانی فیدایی لە قەوارەی ئێستادا و لەژێر چاودێریی پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت، بەراورد بکات. دەبێ هۆشیاری بکەمەوە کە بۆ لە دەستدانی سەربەخۆیی ئێران، ڕێگەیەکی توند و متمانەتر لەوە نابیندرێت. قەوام قبووڵی کرد کە دژی بە ناوەندبوونی ئازەربایجان نیە و ئەوەشی ڕەتکردەوە کە لەو بوارەدا هەندێک بەڵێنی بە ئەوان دابێت. بە لێکدانەوەی من، قەوام سەرەڕای هەڵبژاردنی ڕێگەی ئاشتیی خوازانە، بیرێکی تریشی لە مێشکدایە و سەرئەنجام پەنا بۆ هێز دەبات.)** هەروەها جۆرج ئالین دەڵێت: **(لە وتووێژەکانماندا لەگەڵ قەوام، باسی کێشەی نەوت کرا. قەوام گوتی بە ڕای من نەوت ئامانجی سەرەکیی سۆڤیەتە لە ئێراندا، بەڵام ئەگەر بتوانێ داواکارییەکانی سەبارەت بە نەوت و کێشەی ئازەربایجان سەربخات، لێی پاشگەز نابێتەوە. قەوام دڵنیایە کە ئەگەر سۆڤیەت ناچار ببێ یەکێک لەو دووانە هەڵبژێرێ، چاو لە ئازەربایجان دەپۆشێت[2].)**

---

1- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1, s. 89, i. 114, v. 169-170

2- هەمان سەرچاوە: Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 512- 514

## شەهیدبوونی محەمەد نانەوازادە

دوای وتوویژی پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ سەرتیپ ڕەزمئارا لە سەرا لە ١٣٢٥/٣/٢٥- ١٩٤٦/٦/١٥دا کە لە بەشی "**دووبارە شەڕ لە بەرەی سەقز لە مامەشە و میرەدێ**" دا ئاماژەم بۆ کرد. پێشەوا قازی هاودەنگیی کرد لە ڕێی کاربەدەستانی کۆماری کوردستانەوە، ئازوقە و خواردەمەنی بۆ یەکەکانی سوپای ئێران لە بانە و سەردەشت بچێت و ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ڕەزمئارا واژۆکرد:

**١- ڕێگە بە هێزەکانی سوپای ئێران دەدرێت کە لە سەقزەوە بۆ هێزەکانیان لە میرەدێ و بانە و سەردەشت ئازوقە ببەن.**

**٢- هێزەکانی سوپای ئێران مافیان نیە چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو ناوچانە بەرن و ئەفسەر و سەربازی ئەو جێیانەش بگۆڕن، مەگەر بە هۆی نەخۆشیی و بریندار بوونیانەوە.**

**٣- نوێنەرێک لە حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەو ئازوقانەی حکومەتدا، لە ڕێگاکاندا دەبێت.**

**٤- ئەگەر سوپا ئەو پەیمانە پێشێل بکات، ئەوە کوردەکان مافیان دەدرێتێ کە پێش بە هەموو هاتوچۆ و ڕاگواستنێکی سوپا بگرن و ڕێگا بگرن[1].**

بۆ ئەو مەبەستە محەمەد نانەوازادە[2] فەرماندەی هێزی ناوەندیی کۆماری کوردستان، ڕاسپێردرا کە چاودێریی بەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە بکات.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٩ یدا سەرەڕای ئاماژەکردنی بۆ مێژووی ژیانی نانەوازادە، ڕایگەیاند بۆ مانگێک دەچوو کە وەزارەتی هێزی پێشمەرگە بەرپرسیاریی دابوو بە نانەوازادە کە چاودێریی بکات بەسەر ناردنی ئازوقە و خواردەمەنی سوپای ئێران لە سەقزەوە بۆ یەکەکانی لە بانە و سەردەشت کە لە گەمارۆی پێشمەرگەدا بوون.

---

1- قازی محەمەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکاندا، لاپەڕەی ٢٤٨، نووسینی بەهزاد خۆشحالی، هەمەدان ١٣٨٠.

2- محەمەدی نانەوازادە، بەرلە داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانانەوە، پلەداری سوپای ئێران بوو، دوای بڵاو بوونەوەی کۆمەڵەی ڕزگاریخوازی کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ناوبراو یەکێک بوو لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵە و لە پێکهاتنی کۆماریشدا کە محەمەد حوسێن سەیفی قازی پۆستی وەزیری جەنگی وەرگرت، ناوبراو پلەی فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی درایە و یەکێک بوو لە کەسایەتییە چالاکەکانی کۆمار و حیزبی دیموکرات.

ڕۆژی دوو شـەممە ١٣٢٥/٤/٢٤– ١٩٤٦/٦/١٤، محەمـەد نانـەوازادە بـە حامید مـازوچی سـەرۆکی دیژبـانی ناوەنـدیی کۆمـار لـە مەهابـاد فـەرمان دەدات لەگـەڵ ژمارەیـەک بارهـەڵگری خواردەمـەنی لـە سـەقزەوە بچێت بـۆ بانـە و سەردەشـت. خۆشـی بـە فڕۆکـە دەچێت بـۆ سەردەشـت و بـەیانیی ڕۆژی دوایـی، سـێ شـەممە ١٣٢٥/٤/٢٥ دەگەڕێتـەوە بـۆ بانـە. لـە بانـە چـاوی بـە مـازوچی دەکـەوێ و دواتـر سـواری فڕۆکـە دەبـێ کـە بگەڕێتـەوە بـۆ سـەقز، بـەڵام فڕۆکەکـەی لـە نزیک گونـدی "سنجو" لـە بەرزاییـەکانی کـەلیخان دەکەوێتە خـوارەوە و دەسـتبەجێ ئـاگر دەگرێت. فڕۆکەوانەکە بە پاڕاشوت خـۆی ڕزگـار دەکـات، بـەڵام نانـەوازادە لـە نـاو فڕۆکەکـەدا دەمێنێتەوە و دەسوتێت.

ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٢٦– ١٩٤٦/٦/١٥، سـەروانێک و دوو پلـەداری سـوپای ئێـران، تـەرمی نانـەوازادەیان هێنایـەوە بـۆ مەهابـاد و کـاتژمێر ١٩:٠٠ ی ئـەو ڕۆژە، بـە بەشداریی نزیکەی دە هەزار کەس، تـەرمی نانـەوازادەیان لـە گۆڕستانی مـەلا جـامی بـە خـاک سـپارد. شـاعیری کۆمـاری کوردسـتان "قـانع" سـەبارەت بـە شـەهیدبوونی محەمـەد نانـەوازادە، پارچـە شـیعرێکی لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان ژمـارە ٦٩ دا، بڵاوکردەوە:

**شیعری قانع بو قارەمانی کوچ کردو نانوازادە**

**کورد وا دیسان شین و زارییە**

**زایلەی جەمەر بی قەرارییە**

**قارەمانی کورد زادەی کوردستان**

**نانوازادە شیری نیشتمان**

**بو آزادی کورد بە مهربانی**

**گیانی شیرینی کرد بە قوربانی**

**هەر ئەو شربتە شیخ سعید نوشی**

**دوکتور فوادی خستە سەرخوشی ...**

جـادەی سـەقز بـۆ بانـە بـە تـەواویی لـەژێر چـاوێریی پێشـمەرگەکانی هێـزی بـارزانیدا بـوو. هـیچ کەسـێک جگـە لـە خـەڵکی ناوچەکـە، بـە بـێ بڕیـاری ڕێبـەرانی کۆمـاری کوردسـتان، نەیـدەتوانی لـەو جادەیـە نزیـک ببێتـەوە، تەنانـەت ئەگـەر بەرپرسانی کۆماریش بەو جادەیەدا هاتوچۆیان بکردایە، ئوتۆمبیلەکانیان دەپشکنین. بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر دیسیپلینی پێشمەرگەکانی کۆمار لـەو ناوچەیـەدا، سـەرنج بدەنە ئەم ڕووداوەی خوارەوە:

له یەکێک لە ڕۆژەکانی ناوەڕاستی مانگی مای ساڵی ١٩٤٦، پێشمەرگەکانی بازگەی مامەشە لە کاتژمێر ١٢:٠٠ دا ئوتۆمبیلی سەدری قازی ڕادەگرن. سەدر دەڵێت: من برای پێشەوا قازیم و لێیان دەپرسێت: ئەگەر منتان بناسیایە، هەر سەیری ئوتۆمبیلەکەمتان دەکرد؟ پێشمەرگەکان دەڵێن بەڵێ! چونکە ئێمە دەبێت بە توندیی دەستوری فەرماندەکەمان جێبەجێبکەین. سەدر بە بیستنی ئەو قسەیە، بە خۆشحاڵییەوە ناوی فەرماندەکەیان دەپرسێت. ئەوانیش دەڵێن فەرماندەی ئێمە بەکر عەبدولکەریمە. سەدری قازی سوپاسیان دەکات و ئەم نامەیەی خوارەوە دەنوسێت و دەیدات بە یەکێک لە پێشمەرگەکان کە بگەیەنێت بە فەرماندەکەیان:

**- پێشمەرگەکانی کوردستانم بینی. لە خۆشیان لە پێستی خۆمدا نەدەگونجام، باوەڕ بکە بیست ساڵ جوانتر بوومەوە. نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک سوپاسی خۆمتان ئاراستە بکەم. دیسیپلین و ئەرکشناسیی پێشمەرگەکانی کوردستان جێی سوپاس و پێزانینە. پێمخۆشبوو لە نزیکەوە بە خزمەتتان بگەم، بەڵام چونکە دەبێ بچمە بۆکان و مەهاباد، هەلی ئەوەم بۆ ناڕەخسێت. ئوتۆمبیلەکەم دەنێرمە لاتان، دیتنی ئێوە بۆ من زۆر جێی خۆشحاڵییە.**

**سەدی قازی[1]**

---

[1]- قازی محەمەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکاندا، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٣٧- ٢٣٨.

## گەشتی پێشەوا قازی محەمەد بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی ١٣٢٥/٥/٤- ١٩٤٦/٧/٢٦، پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان بە یاوەریی حاجی باباشێخ سەرۆک وەزیران و چەند ئەندامی تری سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و سەعید هومایون لەگەڵ دوو بارهەڵگر پێشمەرگە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک گیروگرفت لە نێوان کورد و ئازەرییەکانی ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شارەکانی ورمێ، خۆی، ماکۆ و سەڵماسی بەسەر کردەوە. پێش بەڕێکەوتنی، لە بارەگای حیزبی دیموکراتدا، چاوی بە ئاغاکانی مامەش، زەرزا و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات کەوت و لەوێ وتارێکی گرنگی سەبارەت بە مێژوو و بەسەرهاتەکانی گەلی کورد و چارەنوسی، هەروەها دزیی و گەندەڵیی کاربەدەستانی کۆمار ئاراستە کرد. سەعید هومایون سەبارەت بەو گەشتەی پێشەوا و یاوەرانی دەڵێت: (**پێشەوا قازی و حاجی بابا شێخ لە کورسی پشتەوەی ئوتۆمبیلەکە دانیشتن و منیش لە کورسی پێشەوە لەلای شۆفێرەکە جێم گرت. ژمارەیەکی زۆر تا پێنج کیلۆمەتری مەهاباد بۆ ورمێ هاتن و ئێمەیان بەڕێ کرد. پێشەوا دوو ڕۆژ لە ورمێ مایەوە و چاوی بە پیاوماقوڵانی ئەو شارە و دەوروبەری کەوت. "حاجی ئەمیر نەزمی ئەفشار" بە شانازیی پێشەوا ئێوارە خوانێکی لە باخەکەی خۆی لە دەرەوەی ورمێ پێکهێنا. عومەر خانی شەریفی سەرۆکی خێڵی شکاک لە سەڵماسەوە، بۆ پێشوازیی کردنی پێشەوا هاتە ورمێ و ئێمەی برد بۆ سەلماس و لەوێ پێشەوا چاوی بە بەگزادەکانی شکاک کەوت و لە لایەن ژمارەیەکی زۆر سەرۆک و ئەندامانی عەشیرەتەکانی خلکانلو، میلان، جەلالی و ئەرمەنەکانی دانیشتووی ناوچەکە و عومەر خانی جەلالی، شێخ حەسەنی جەلالی، عەبدوڵا ئاغای سەرۆکی خێڵی میلان، حەسەن ئاغای سەرۆکی خێڵی خلکانلو و بنەماڵەی سەرداری ماکۆوە پێشوازی کرا. گەشتی پێشەوا بۆ ناوچەی ورمێ، خۆی و ماکۆ و سەلماس دە ڕۆژی گرت و لە گەڕانەوەدا لە مزگەوتی جومعەی ورمێ و مزگەوتی سوننەکانی ورمێ، کورد و تورکەکانی ئەو شارەی بەسەر کردەوە**[1]).

ڕۆژنامەی کوردستان بە ناوونیشانی (**نطقی حضرەتی پیشەوای معظمی کوردستان**)، دەقی ئەو وتارەی پێشەوای بڵاوکردەوە کە بەرلە گەشتەکەی بۆ

---

[1]- ڕەوانشاد سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١١٢- ١١٧.

سەرۆکی عەشایری و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و سەرکردەکانی کۆمار کردبووی. لەو وتارەیدا پێشەوا قازی دوای خوێندنەوەی ئایەتێکی قورئان، ئاماژەی بۆ مافی گەلی کورد و بزوتنەوەکانی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا کرد و سوپاسی لەخۆبوردەیی بارزانییەکان و ئاغاکانی مامەش، پیران، زەرزا و دیبوکریی کرد و گوتی: (پول پول بە شەرافتمندانە چونە بەرەکانی شەر. مەنگورەکان خزمەتیکی زور بە ئەمەگیان کردوە هەرچەندە پیکەوە ناکوکیان هەبو کە من گوتم کیشەی ئیوە لەسەر ئیستکانی چایە کە پیشتر لە پیش کامەتان دابنری و گوتم ئەمرو بو ئیمە یەکەتی پیویستە کە بە آزادی بگەین.)

پێشەوا گوتی: (هیندیک لە براکانمان بە قسە کیو بوون بەلام بە کار میشولەش تەواو نەبوون.) بە بێ ئەوەی کە ناوی کەسێک بهێنێت، ڕەخنەی لە هەندێک سەرۆک هۆز گرت و گوتی:

- (کورد ٣ شتی گەورەی لە ژیاندا پیویستە: ١- خویندن ٢- تربیی باش ٣- فیداکاری) بەلام سەد مخابن کە ماوەی ئیمە و ئەوان وەکو عەد و ئاسمانە.... دەبێ مانای تربیت فیر بین و سەرکردەکانمان دەبی معلومات نظامی زور کوکەنەوە و دەبی شارەکانمان زور پاک و خاوین رابگرین کە ملت لە نەخوشی و هەژاریدا نەمری "پیویستە کار و ادعامان وەکو یەک بن" ...تد.

ئەی خوشەویستەکانم وەختی میلتی کورد بەختیار دەبی کە ئیمە واز لە منافعی شخصی بهینن ... هەروەکو کاری خومان جی بە جی دەکەین کاری ملتیش وا بخەینە ری. کاری شخصی وەپیش کاری عمومی نەخەین.

دروستکار ئەو کەسەیە کە پول و ملک و مقامی منظور نەبی جا تکام وایە کەچی دیکە چاوتان لە منافعی شخصی نەبی مدرسە لە دیهاتەکان بکەنەوە بیمارستان دروست بکەن یارمەتی هەژاران بدەن کارخانە بکرن ... دنیا پینج و دوو روژیکە پول نیوی انسان بلیند ناکا بەلکو خذمت بە ملت و نیشتمان ئەستیرەی سەرشانی انسانە. بوخوتان دەزانن کە ئەمن بو وەرگرتنی حقوقی کورد شەو و روژ ووچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فخر دەزانم تا یەک روژم لە دنیا مابی دەست لە فداکاری هەل ناگرم و بە هەمو کەسیکی دەسەلمینم کە کورد شایانی ژیانە و دیسان بوخوتان دەزانن کە لە پیشدا ئیمە بە هیچ جوریک داوای تجزیەی ایرانمان نەکردوە و تەنیا مەبەستمان آزادی خومان و پاراستنی دیموکراتی بو، بەلام لە پیشدا کاربەدەستانی ایران بیجگە لەوەی جوابیان نەداینەوە شوخیشیان بە داوای ئیمە کرد و ناچار بووین حکومتی ملی مان دامەزراند و هیزی خومان لە

بەرامبەر ئەوان دا تاقی کردەوە و ئەوان کە ویستیان لەمە بینەپیش ئیمەش لەوان چوینەپیش ئیستاش ئەوان حاضر بوون پاشەکشە بکەن ئیمەش آمادەین بکشی ینەوە ئەوان دەگەلمان هاتونەتە باری پیاوەتی و ئیمەش گویان بو ڕادەگرین.

له سەفەری تارانمدا دەگەل آغای قوام السلطنه زورم گفتوگو کرد آغای قوام نظریکی مساعدی دەگەل کوردان هەیە روژێک آغای قوام پی ی گوتم: ئەوە ایمەش بوینە دیموکرات و حزبی دیموکراتی ایرانمان دامەزراندوە وا بە باش دەزانم کە نیوی "حزبی دیموکراتی کوردستان" بگورن و نیوی بنین حزبی دیموکراتی ایران منیش وەڵامم داوە: کە ئەمن بەبی تصویبی کمیتەی مرکزی هیچ کاریکی ناکەم چونکە دیموکراتی مانای ئەوەیە کە شخص ناتوانی مصلحتی ملت بی مشاورە بگریتە دەستی خوی. آغای قوام دانی بەوە دا هینا کە کوردستان شایانی تقدیرە و ملتی کورد آمادەی هەمو جورە فداکاریە بو گەیشتن بە آزادی و دیموکراتی و گوتی: نهضتی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانیکی گەورەی خومان دەزانین و ئومیدمان ئەوەیە کە بەهوی ئیوەوە دیموکراتی لە تەواوی ایراندا بلاوبیتەوە. العان لە عراقیش دەستیان کردوە بە مبارزە کە دەستی زورداری لە ملی خویان دەربینن ئیمە آمادەین بە تەواوی ایران کومەگ دەکەین و ئەگەر بیتو آزادیخوازانی عراقیش پیویستیان بی و کومەکمان لی بخوازن کومەگیان پی دەکەین و بەلکو بو یارمەتی هەمو آزادیخوازانی دنیا آمادەی فیداکاریم.

و ئەگەر لەم سفرەی منیش دەپرسن: بوخوتان دەزانن کە آذربایجانی برا و پشت و پەنای ئیمەن و ئەم روژانە بیستومە کە لە اطرافی ورمی هیندی لە برا کوردەکانمان اسپابی زەحمتی هیندی لە برا آذربایجانیەکانیان فەراهەم هیناوە و تاریکیکیان کەوتەتە نیوان ئەمە کاریکی یجگار خراپە ممکن نیە تعدی بە حقوقی هیچ فردیک آذربایجانیەکان یا کورد بکری بە پی ی پەیمانی نیوان کورد آذربایجان خیانت بە افرادی آذربایجانی خیانت بە افرادی کوردە جا دەچم بزانم مەبەستیان لەم جورە کارە ناحەزانە چیە و بوچی وادەکەن.

براکانم وەکو بیستومە گەلی کەس رشوەت دەخون، کومەک دەستینن و نای دەن بە مالیە، شتی دەکرن بە تمەنیک دوو تمەن لەسەر حکومەت دەنوسن. خیانت و دزی کردن لە پیس ترین دەردی ملتە دەبی لەو خوو پیسانە خوتان بپاریزن و هومیدم هەیە کە هەمو پیکەوە شەو و روژ بو مصلحتی ملت تی بکوشین پولتان منظور نەبی بغض و دوبەرەکی بمرینین تا بتوانین دە دنیای ئەو رودا (کە ترقی

**گەیشتوتە رادەیەک بیجگە لە برق دەیانەوەی اتوم بکەنە نارنجیک مملکتیکی پی گەرم دابینن یا بیکەنە شوتییک نیشتمانی پی تیک دەن[1].)** (پاشبەندی ٣٢)

ڕۆژی ١٣٢٥/٥/١٨ پێشەوا قازی گەڕایەوە مەهاباد و کاتژمێر ٢٢:٠٠ لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی گەشتەکەی، سوپاسی پێشوازییکەرانی کرد و ڕایگەیاند لە ورمێ چاوی بە پیشەوەریی سەرۆکی فیرقەی دیموکرات کەوتووە و سەبارەت بە برایەتی کورد و ئازەریی وتووێژیان کردوە. پیشەوەریی ڕایگەیاندوە: ئێمە ئامادەین لەسەر خوێنی کوردان، خوێنی خۆمان بڕژێنین[2].

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، هەمان سەرچاوە، ژمارە ٧٢، لاپەڕەی ٣، ٨ گەلاویژی ١٣٢٥، ٣٠ ژوئیە ١٩٤٦.

[2]- ڕۆژنامەی کوردستان، هەمان سەرچاوە، ژمارە ٧٦، لاپەڕەی ٣، ٢٢ گەلاویژی ١٣٢٥.

# حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەو پاشەکشە

لە بەشی "**ئازەربایجان و کوردستان بەرەو مەترسی**" دا ئاماژەم بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی ئێران لە لایەن قەوامولسەڵتەنەوە لە ١٣٢٥/٤/٨-١٩٤٦/٦/٢٩دا کرد. هەروەها گوتم حیزبی تودە و حیزبی ئێران "جبهه موتلفه احزاب آزادی خواه"یان پێکهێنا. ئەو دوو حیزبە و بەتایبەتی حیزبی تودەی ئێران کە لە هەرێمەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا ئەندام و لایەنگری هەبوو، لە سەرەتاوە دژی سەربەخۆیی ئازەربایجان و کوردستان بوون و بە هەموو شێوەیەک کاریان بۆ ئەو بۆچوونەی خۆیان دەکرد. بەم بۆنەیەوە دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی ئێران لە لایەن قەوامولسەڵتەنەوە، هەل کەوتە دەست ڕێبەرانی حیزبی تودە کە شێلگیرانەتر لە جاران، بخزێنە ناو کێشەکانی ئێران و بەتایبەتی کوردستان و ئازەربایجانەوە.

بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ئەندامی حیزبی تودەی ئێران بوون. هەروەها ڕێبەرانی حیزبی تودە شارەزای بیری ئاشتیخوازانە و ڕێکاری بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەکانی کوردستان، لەلایەن پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بوو. بەو زانیارییانەی، ڕێبەرانی ئەو دوو حیزبەی ڕازی کرد کە هادەنگ بن لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی کە قەوامولسەڵتەنە پێشکەشی کردوە بۆ دیموکراتی کردنی ئێران و گەشتنی گەلی کورد بە خودموختاریی فەرهەنگی لە چوارچێوەی ئێراندا. ئەوە بوو پێشەوا قازی و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕازی بوون بەشداریی ئەو بەرەیە بکەن و وەک چۆن حیزبی دیموکرات بەشداریی خولی چواردەی پەرلەمانی ئێرانی کرد، ئەم جارەش بەشداریی بکات لە خولی پازدەی پەرلەماندا.

بەم بۆنەیەوە پێشەوا قازی و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بە کردەوە پاشەکشەیان لە دروشمەکانیان کرد. پێشەوا قازی محەمەد ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نامەیەک ئامادەیی حیزبەکەی بۆ بەشدارییکردن لەو بەرەیەدا ڕاگەیاند و بەرپرسایەتی دا بە ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە خولی چواردەی پەرلەمانی ئێراندا کە بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات لەو بارەیەوە لەگەڵ ڕێبەرانی ئەو حیزبانە بدوێت و پرۆتۆکۆڵی ئەو بەرەیە ئیمزا بکات. ڕۆژنامەی کوردستان لەو بارەیە بروسکەیەکی قازی محەمەدی بە شێوەی خوارەوە بڵاوکردەوە:

تلگرافیک به مضمونی ژیرەوە لە لایەن جنابی آغای قاضی محمد پیشوا و رەهبەری حزبی دیموکراتی کوردستان مخابرە کراوە تاران.

جنابی اشرف آغای قەوام رەهبەری حزبی دیموکراتی ایران، روونووس جنابی آغای کشاوەرز رەهبەری تودەی ایران، روونووس جنابی آغای صالح رەهبەری حزبی ایران، روونووس تبریز جنابی آغای پیشەوەری رەهبەری فرقەی دیموکراتی آذربایجان، روونووس تاران آغای پادگان معاونی صدری فرقەی دیموکراتی آذربایجان.

بە احترامەوە حزبی دیموکراتی کوردستان آمادیی خوی بو ائتلاف دەگەل احزابی آزادخواه (دمکرات ایران)، تودە ایران، دیموکرات آذربایجان (حزبی ایران) رادەگەینی و ئەم ائتلافە موجبی سعادت و عظمتی ملت ایران دەزانم و بەم وسیلە جنابی آغای صدر قاضی لە لایەن حزبی دیموکراتی کوردستانەوە بو گفتوگوی پیویست و امضای ائتلاف نامە بە نمایندیی معرفی دەکەم.

رهبەری حزبی دیموکراتی کوردستان

**محمد قاضی**[1] (پاشبەندی ٣٣)

[1]- رۆژنامەی کوردستان، هەمان سەرچاوە، ژمارە ٨٥، یەک شەمموو، ٢١ خەرمانا ن ١٣٢٥.

## فەرمانداری مەهاباد یادی شۆڕشی مەشروتەی ئێران دەکاتەوە

دوای ڕازیبوونی پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بۆ بەشداریی کردن لە دیموکراتی کردنی ئێران، ستروکتور و قەوارەی سیاسیی کۆماری کوردستان لە سەربەخۆییەوە گۆڕا بۆ ئۆرگانێک لە چوارچێوەی حکوومەتی ئێراندا. محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی کە وزیری جەنگی کۆماری کوردستان بوو، کرا بە فەرمانداری مەهاباد و ئەندامانی تری ڕێبەرایەتی کۆماریش، دەستیان لە پۆستەکانیان هەڵگرت و چاوەڕوان بوون لە پۆستی نوێی حکوومەتی ئێراندا جێ بگرن و بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی شۆڕشی مەشروتەی ئێران و وەرگرتنی دەسەڵاتی ناوچەیی هەوڵ بدەن.

لەو چوارچێوەیەدا، ڕۆژی ١٣٢٥/٥/١٤- ١٩٤٦/٨/٥ فەرمانداری نوێی مەهاباد بە بۆنەی چل و یەکەمین ساڵی شۆڕشی مەشروتەی ئێران، ئاهەنگێکی گەورەی بەڕێوەبرد. ژەنەڕاڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی فەرمانداری مەهاباد لەو ئاهەنگەدا بە شەربەت و میوە پێشوازیی لە چینە جیاوازەکانی مەهاباد و دەوروبەری و کەمایەتییەکانی ئەرمەن و یەهودی کرد و تا شەو درەنگانێک لە شکۆمەندیی شۆڕشی مەشروتەی ئێران دوان[1]. ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو بارەیە لەژێر سەردێری "جێژن و پەذیرائی لە فەرمانداری مەهاباد"، نوسی:

**- (شەوی دوو شەممو ٢٥/٥/١٤ بە بۆنەی چل و یەکەمین ساڵی مشروطیت ایران جیژنیکی گیرا لەم جیژنەدا بەپی بەرنامە کە لە پیشدا دیاری کرابوو و بەهۆی بانگ هیشتیک کە لە خەلکی بە عەمل هاتبوو و بە ترتیبی ژیرو تەواوی طبقاتی اهالی لەم جیژنەدا شرکت و تیکەلی هەبوو:**

**١- لە ساعەتی ٥- ٢٠ تا ٥- ٢١ نوینەرەکانی خارجی و هیتی مدیرەی انجمنی رەوبطی فەرهەنگی و خلیفەی ارامنە و جولەکان و معاونەکانیان و ئەندامانی کمیتەی مرکزی و ئەندامەکانی هیتی شاری و ئەندامەکانی یەکەتی جەوانان و**

[1] - شۆڕشی مەشروتەی سەڵتەنەتیی ئێران لە سەردەمی پاشایەتی موزەفەرەدین شای قاجار و دواتر لە سەردەمی محەمەد عەلی شای قاجاردا بەرپا بوو، بۆ گۆڕینی حکومەتێکی ڕەها لە دەسەلات، بە حکومەتێک کە کۆنترۆڵ بخاتە سەر دەسەڵاتی پاشا. موزەفەرەدین شای قاجار ڕۆژی ١٢٨٥/٥/١٤- ١٩٠٦/١٠/٧ فەرمانی مەشروتەی سەڵتەنەتیی ئیمزاکرد و بەو فەرمانە، بۆ یەکەم جار لە ئێراندا پەرلەمان دروستبوو.

سـەروکەکانی ادارات، ئەندامـەکانی شـورای فەرهـەنگ و دەبیـران و دکتـوران و مدیرانی جرائد. ئەفسەارنی ارشد، ئەندامەکانی انجمنی بلدیـە مهندیسـین و قضـات، پەذیراییان لی کرا.

٢- لـە سـاعەتی ٥- ٢١ تـا ٢٢ علمـا و روحانیـان و تجـار و اعیـان و مالـک و اصناف بۆ پیروزبایی حاضر بون.

٣- لـە سـاعەتی ٢٢ بـاقی طبقـاتی شـاری لـە فەرمانـداری حاضـر بـون و پیروزبـایی خویـان بـە فەرمانـداری خوشەویسـت پیشـکەش دەکـرد و مراسـمی مصافحەیان بەجی دەهینا.

لە لایەن آغای ژنرال محمد حسین خانی سیف قازی فەرماندار مەهاباد و باقی کاربەدەستانی فەرمانداری پذیرایی گـەرم و گور لـە تـەواوی انوادی طبقـاتی اهالی بەجی هات هەر طبقەی پاش پیش کەش کردنی پیروزبایی (و حرف) انـواعی میوە و شربت کە لە ری وەخت دا هەلدەستان صندەلی خویـان بـو طبقەیـەکی دی بەجی دەهیشت جنابی آغای ژنرال سیف قازی نطقیکی بەتینی راجع بە مشروطیت و قانونی اساسی ایران لە بەرانبەری میکروفون ایراد کرد لە دوای ئەو آغای علی خسروی آغای ابراهیم نادری آغات جعفر کریمی آغای عبدولقادری دەباغی هەریک نطقیکیان لە خصوصی مشروطیت و آزادی ملتی ایران خویندەوە لە دوای هەموان آغـای ابـراهیم صـلاح فەرمانـدەی هێزی ناوەنـدی کوردسـتان نطقیکـی لـە بابـەت مشـروطیت و دیمـوکراتی لـە پیشـدا بـە زمـانی کوردی خوینـدەوە و پاشـان عینـی نطقەکەی بە زمانی اینگلیزی تکرار کردەوە. لە نیهایتی خوشی و شادمانی جیژن لە ساعاتی ٢٤ دوایی هات[1].)(پاشبەندی ٣٤)

ئەم ئاهەنگە لە چەند لایەنێکەوە جێی سەرنج بوو:

١- یەکەم جار بوو لە کۆماری کوردستاندا ڕێز لە شۆڕشی مەشروتەی ئێران دەگیرا کە پشتیوانیی لە سیستمی پاشایەتی دەکرد.

٢- لەو بۆنەیەدا، بەرپرسانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان، وازیان لە دروشمەکانی پێشوویان، وەک سەربەخۆیی، یان ئازادکردنی کوردستانی گەورە، هێنـابوو. بـە چەشـنی کۆمـاری ئازەربایجـان، هەوڵـەکانی کۆمـاری کوردسـتانیان لـە چوارچێوەی ئێران و ئازادیی و دیموکراسیی بۆ ئێران، چڕکردبووەوە.

---

[1]- ڕۆژنامـەی کوردسـتان، اورگـانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، ژمـارە ٧٥، یـەک شـەموو، ٢٠ گەلاویژی ١٣٢٥.

٣- محەمـەد حوسـێن خـانی سـەیفی قـازی پۆسـتی فەرمانـداری مەهابـادی وەرگرتبوو، وتارێکی دەربارەی شۆڕشـی مەشـروتەی ئێران پێشکەش کرد و هـەر وەک لـە کۆمـاری ئازەربایجانـدا وەزیرەکـانی حکومـەت، دوای پشـتکردنی سـۆڤیەت لێیـان، نـاوی وەزیرییـەکانیان گـۆڕی بـۆ "فەرمانبـەر"ی هەمـەجۆرە لـە ئەنجومـەنی ئەیالەتدا. (پاشبەندی ٣٥)

٤- ئیبراهیم سەلاح لە جێی شەهید محەمەد نانەوازادە، کرابوو بـە فەرمانـدەی هێـزی ناوەنـدیی کۆمـاری کوردسـتان. واتـا حیزبـی دیمـوکرات لە سیسـتەمی نوێـدا هێشتا هێزی پێشمەرگەی خۆی ڕاگرتبوو.

هـەروەها پێویسـتە ئـەوەش بڵێـین کـە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان ژمـارە ٦٥، یـەک شـەممە، ٢٣ ی پوشـپەڕی ١٣٢٥ وە، نـاوی "کوردسـتان بیـری حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان" ی لەسـەر ڕۆژنامەکـەی لابـرد و کردی بە (اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان).

## نومایشی سەربازیی بە بێ دروشمی سەربەخۆیی کوردستان

بەیانیی ڕۆژی ۱۳۲٥/۷/٥- ۱۹٤٦/۹/۲۷، لاوانی مەهاباد لە کاتێکدا بە چەکی جۆراوجۆر و قەتاریی فیشەک سنگی خۆیان ڕازاندبووەوە، لە پێنج گەڕەکی شاری مەهابادەوە بەرەو میتینگێک چوون کە بڕیار بوو لە چوار چرای شار بکرێت. ژمارەی ئەو خەڵکە، کە بە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان دەگەیشتە نزیک بە دە هەزار کەس، لە چوارچرا کۆبوونەوە، تا گوێ لە فەرمان و ئامۆژگارییەکانی پێشەوا قازی محەمەد بگرن. لەو بۆنەیەدا سرودی منداڵان و ئاهەنگەکانی دەستەی میوزیکی کۆمار لە شارستانیەتی گەلی کورد دەدوان. لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ۹۲ یدا نوسی:

**- (... بە تەواوی سەری سەعاتی هەشتی بەیانی کە بە سەروەختی میتینگ داندرا بوو لە طرف حاجی مصطفی داودی معاونی انجمنی کوردستانەوە میتینگ افتتاح کرا ... محبوبترین رولەی نیشتمانی کورد حضرەتی پیشەوای معظم وەک فریشتەی رحمت لەسەر تریبون خوی نواند بە چەپلەریزان و هورای زور بەتین و احساساتی زور بە شدت کە لە نیو کەم ملتان وەگیر دەکەوی لە لایەن جماعەتەوە پذیرایی لی کرا.**

**نطقیکی زور بەتین و متین و پر پەند و آموژگاری ایراد فەمو کە دلی دوستانی خوش و پر هومید کرد و پشت و اژنوی خائنانی شکاند و لەرزاند و گوی گرەکان هەر لە مابەینی چەند جوملەیەکدا بەهوی چەپلە و هورا اظهارات و محبت و عرضی رضایتی یان تەقدیم بە پیشەوای خویان کرد.**

**۲- هەژار مقالە و شیعری خویندەوە.**

**۳- آغای حاجی مصطفی داودی مقالەی خوێندەوە.**

**٤- آغای سرهنگ ۲ مصطفی خوشناو نطقیکی بەتینی ایراد کرد.**

**٥- عبدولرحمن ذبیحی مقالەی خویندەوە.**

**لە مابینی هەر یەک لەو نوطق و خطابانەدا سرود و موزیکان آگری احساساتی خلکیان خوشتر دەکرد و آمادەتری دەکردن بو بیستنی ئەوی دی. لە ساعات ۱۱ دوایی میتینگ خەبەری درا و میتینگ دوایی هات.**

**هیئتی کمیتەی مەرکزی و روسای دوایر لە پیشەوە و بە ترتیب ئەهلی هەر پینج ناحیە هەر یەکە بە دوی رئیس ناحیەی خویاندا کە هەموی مسلح و لە**

چەکەکاندا خویان ڕەش کردبوو زور بە آرام و متینی زور بە نظم و ترتیب بە مشقیکی سربازی و بە رژە بەپیش پیشەوای خوشەویستیان دا هاتن و بە اندازەیەک شەوق و کەیف خوشی لە سیمایان دیار بو کە هەر تماشاچیەک چاوی پی رون دەبووە و بی اختیار فرمیسکی شادی بە سەر رومەتی خویەوە دەدی و دلی هەر غەمدیدیکی دەخستە پیکەنین و خوشیەوە[1].) (پاشبەندی ٣٦)

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٩٢، ١١ رەزبەر ١٣٢٥، ٣ اکتبر ١٩٤٦.

## ڕۆژە دژوارە چاوەڕوان نەکراوەکان هاتن



ڕۆژی ١٣٢٥/٧/٢٨- ١٩٤٦/١٠/٢٠ میر جەعفەر باقرۆڤ لە نەخجەوان چاوی بە پیشەوەریی، پادگان و غولام یەحیا فەرماندەی فیداییەکان کەوت. لەو دیدارەدا پیشەوەریی گوتی دۆخێکی دژوار و مەترسیهێنەری سیاسی بۆ ئازەربایجان پێکهاتووە. ئێمە یەکەم، دەبێ توانای جەنگیی هێزەکانمان پتەو بکەین. ئینگلیزەکان و گروپە کۆنەپەرستەکانی ئێران بە ڕێبەرایەتی قەوام، دەیانەوێ دەستکەوتەکانمان لەناو ببەن. من ڕایدەگەیەنم کە ئەگەر ئەو هێزە شەیتانییانە هێرش بکەنە سەر ئازەربایجان، لە هەلومەرجی ئێستادا، ئێمە ناتوانین پێشیان بگرین. پیشەوەریی کەمیی چەک و کەرەستەی سوپای ئازەربایجانی بە هۆی سەرەکیی ئەو دیاردەیە دانا و گوتی لە هێزەکانی فیداییدا کەسێکیان نیە کە بتوانێت تۆپ بەکار بهێنێت. داوای کرد چەند کەسێک بۆ ڕاهێنان لەسەر تۆپ، ڕەوانەی ئازەربایجان بکەن. پیشەوەریی گوتی گومان لەوەدا نیە کە کاتی هێرشکردن بۆ سەر ئازەربایجان، پلانەکەیان لە زەنگانەوە بۆ مەراغە دەست پێ دەکەن. دواتر گوتی لە بەرەی زەنگاندا بە هۆی نەبوونی لەمپەری سروشتیی، هێزەکانمان لە دەشتاییدا سەنگەریان لێداوە. پیشەوەریی ڕایگەیاند ژمارەیەک کورد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانیی هەن کە دەتوانن پشتیوانیی لە دیموکراتەکان بکەن کە ژمارەیان لە ١٥٠٠ چەکدار تێ ناپەڕێت. پیشەوەریی لە کۆتاییدا گوتی بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نالەباری ئابووری و بەرز کردنەوەی توانای جەنگیی هێزەکانی ئازەربایجان، پێویستمان بە بیست ملیۆن تمەن هەیە.[1]

سەرئەنجام ڕۆژە دژوارە چاوەڕوان کراوەکان هاتن. قەوامولسەڵتەنە ڕۆژی ١٣٢٥/٨/٣٠- ١٩٤٦/١١/٢١ ڕایگەیاند کە بۆ دابین کردنی ئارامیی و ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردنی ١٣٢٥/٩/١٦- ١٩٤٦/١٢/٧دا، هێزەکانی پاراستنی ئارامیی، بە بێ

[1]- دەستپێکردنی شەڕی سارد، هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f.1,s,89,i. 112,v. 133-134

جیاوازیی لە هەموو ئێراندا جێگیر دەکات. لە بەیاننامەکەیدا هاتبوو، دەیەوێ بۆ هەموو ناوچەکانی هەڵبژاردن، هێزی ژاندارمەریی و ئەگەر بە پێویستی بزانێ، هێزەکانی سوپا ڕەوانە بکات. هەر لەو ڕۆژەدا بەیاننامەکەی بە بروسکە بۆ سەلامولا جاوید پارێزگاری ئازەربایجان ڕەوانە کرد.

پێش بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە، سوپای ئێران بڕیاریدابوو چەکە قورسەکانی لە سەردەشت بکێشێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ سەر سنوری پێش مانگی جولی ساڵی ١٩٤١، کەچی ئەو بەڵێنەی نەبردەسەر، تەنانەت یەکەکانی لە سەردەشت بەهێز کرد. لەو بارەیەوە پێشەوا قازی محەمەد لە بروسکەیەکدا بۆ قەواموسەڵتەنە، سەرکردایەتی سوپای ئێران، سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران و نوێنەرانی ئازەربایجان، ڕایگەیاند:

**– (لە درێژەی بروسکەکانی پێشوودا، سەقز، بانە و سەردەشت کە لە دابەشکردنەکانی پێشوودا لەگەڵ گەروس سەربە ئازەربایجان بوون، سەردەشت سەربە ئازەربایجان ماوەتەوە. دەوڵەت چەند لەشکر و ژمارەیەکی زۆر فڕۆکە، تانک، زرێپۆش و تۆپی لێ کۆکردوەتەوە و هەموو ڕۆژێ ژمارەیەک چەکداری لێ زیاد دەکات و خەریکی پیلانگێڕیی و هاندانە. بە نوێنەری ئێمەیان گوتووە ئامادە نین، تەنانەت یەک سەربازی خۆیان لەوێ لاببەن و گشت تانک و فڕۆکە و زرێپۆشەکانمان لەو جێیە دەمێننەوە. کەوا بوو، بۆ ئێمە دەرکەوت دەوڵەت کە بەڵێنی دابوو دوای وتوویژ دەستبەجێ هێزەکانی لەو ناوچانە بگوازێتەوە سەر دۆخی پێش شهریوری ١٣٢٠، بۆ ئەوە بوو کە بڵاوە بە هێزەکانی کورد بکات و سوپای شاهەنشاهی وەک پێشوو ئازاد بێت لە کوشتنی براکانی، ئەگەرنا بۆچی بەڵێن و پەیمانەکانیان نابەنەسەر؟**

**١٣٢٤– ١٣٢٥/٥/٣١– ١٩٤٦/٨/٢٢** [1]

هێزەکانی سوپای ئێران لە سەرەتای مانگی سەرماوەزەوە لە ناوچەی سەردەشت و سەقز دەستیان بە جموجوڵ کرد. زەوی و گوندی خەڵکیان سوتاندن، تاڵانیان کردن و ناچاریان کردن گوندەکانیان بەجێهێڵن. لەو بارەیەوە پێشەوا قازی محەمەد بۆ قەوام دەنوسێت:

**– (جەنابی سەرۆک وەزیران. هەرچەندە لە نامەی ژمارە ٢٩١٧ دا بە ڕاشکاویی فەرمووتان لە ڕووداوی دەستدرێژیی کردنی سەربازگەی سەردەشت و**

---

[1]– بروسکەی پێشەوا لە کتێبی (اسرار محاکمە قاضی محمد و یارانش)، لە کۆکراوەی محەمەد ڕزا سەیف قازی وەرگیراوە. بەڵگەکە بە ژمارە ١٤٩٨ – ١٥– ١١٦٠٠٧، لە ئەرشیڤی ڕێکخراوی بەڵگەنامەکانی نەتەوەیی ئێران دایە.

قەتڵی عام و تاڵان کردنەکانی دەکۆڵنەوە، بە داخەوە هێشتا ئاوڕتان لەو مەسەلەیە نەداوەتەوە.

خەڵکی گوندی کەڵوێی سەردەشت بە هۆی پەلاماری هێزەکانی دەوڵەتەوە، ڕایانکردوە. چەند گوندی تریش تاڵان کراون و سوتێندراون و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکی سەردەشت هێشتا لە زینداندان و ئەشکەنجە دەدرێن. لە تارانەوە فەرمانتان بە لەشکری چوار دا کە کۆتایی بە دەستدرێژییەکان و پەلاماردانەکانی بهێنێت، کەچی بە داخەوە هەنگی سوارە هێشتا بەگزادە و فەیزوڵابەگی و ئەوانی تری بۆ سەقز بانگ نەکردوە و بەشێک لە موڵکدار و دانیشتووان بە ژن و منداڵەوە، ڕایانکردوە و پەنایان بۆ مەهاباد هێناوە. کاتی هێرشکردن بۆ سەر خەڵکە هەژارەکان، سێ سەد تن کای ئەوانیان بە وڵاخی گوندییەکان بردوە بۆ سەقز. لەبەرئەوەی لە بەهاری ئەم ساڵدا بە هۆی لەشکرکێشیی هێزەکانەوە گیا نەما، ڕەنگە بردنی کای گوندییەکان ببێت بە هۆی لەناوچوونی ئاژەڵەکانیان. لەبەرئەوە داوای ڕەحم و تێڕوانینتان دەکەم.

٤٢٠٤ – ٢٥/٩/٧- ١٩٤٦/١١/٢٩

محەمەد قازی[1])

بەپێی ڕێککەوتننامە واژۆ کراوەکەی نێوان دەوڵەتی ئێران و نوێنەرانی ئازەربایجان، ئەنجومەنی ئەیالەتیی ئازەربایجان ڕۆژی ١٣٢٥/١٠/٢١- ١٩٤٧/١/١١ دەستی بەکار کردو فەرمانیدا کە سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان و فیداییەکان، زەنگان بەجێبهێڵن. ڕۆژی ١٣ ی نۆڤێمبەر شاری زەنگانیان بەجێهێشت و بەو جۆرە دەوڵەتی ئێران زەنگانی داگیر کردەوە. ڕۆژنامە ڕاستڕەوەکانی تاران، دەستیان کرد بە پروپاگەندە و کۆمەڵێک هەواڵیان سەبارەت بە کردەوەی دڕندانەی دیموکراتەکان لە زەنگان بڵاوکردەوە. لە بەرامبەریاندا بڵاوکراوە چەپڕەوەکانی وەک "رهبر" و "ایران ما" ئەو هەواڵانەیان بە درۆ خستەوە. دوو هەزار چەکداری سەربە "مەحمود زولفەقاری"ی لە زەنگان دانران و هێزەکانی سوپای ئێران شار و ناوچەکانی دەوروبەریان داگیرکرد. بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی حکومەتی ناوەندییەوە، دەستە و گروپی چەکداری دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان ڕەوانەی زەنگان کران و تاوانی مەزنیان کرد[2].

---

[1]- هەمان سەرچاوە بە ژمارە بەڵگەنامەی ١٥٠١- ١٥- ١١٦٠٠٧.

[2]- فراز و فرود فرقه دموکرات آذربایجان، نووسینی جەمیل حەسەنلی، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی، منسور همامی، چاپ نشر نی، لاپەڕە ١٩٢،ساڵی ١٣٨٣.

## مۆسکۆ قەیرانی ئازەربایجان بە کێشەیەکی ناوخۆیی دادەنێت

قەوامولسەڵتەنە ڕۆژی ١٣٢٥/٨/٣٠- ١٩٤٦/١١/٢١ ڕایگەیاند، بۆ دابینکردنی ئارامیی و ئاساییش لە کاتی هەڵبژاردنی ١٣٢٥/٩/١٦- ١٩٤٦/١٢/٧ دا، هێزەکانی پاراستنی بە بێ جیاوازیی لە هەموو ئێراندا جێگیر دەکات. دکتۆر جاوید لە بروسکەیەکدا پرسیاری لە قەوام کرد کە ئایا هێزەکانی سوپای ئێران ڕەوانەی ئازەربایجانیش دەکرێن، یان نا؟ قەوام ڕۆژی ١٩٤٦/١١/٢٤- ١٣٢٥/٩/٣ وەڵامی پارێزگای ئازەربایجانی دایەوە و نوسی: (**دەوڵەتی ئێران بڕیاریداوە بۆ پاراستنی ئارامیی لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسدا، هێز ڕەوانەی ئازەربایجان بکات.**)

ئەو بروسکەیەی قەوام هەڵوێستی پێچەوانە و دژەکردەوەی پێشەوەریی بە دواوە بوو. هەڕەشەی لە کۆنەپەرستان کرد کە ئازادیی ئازەربایجان لە سەرانسەری ئێراندا بڵاودەکاتەوە و حکومەتی تاوانبارانی تاران لەناو دەبات و حکومەتی دیموکراتیی نەتەوەیی لە جێی دادەنێت. لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان ژمارە ٦٨ دا بڵاوکرایەوە، مـوژدەی بەرگریی هێزەکانی سوپای ئازەربایجانی ڕاگەیاند.

سادچیکۆڤ باڵیۆزی سۆڤیەت، داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ قەوام کرد. لەو دیدارەدا گوتی بروسکەیەکی لە مۆسکووە بۆ هاتووە و گوتراوە، حکومەتی سۆڤیەت هاتنی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان بە باش نازانێت، چونکە ئەو کارە لە ئازەربایجان و سنورەکانی ئێران و سۆڤیەتدا کێشە و گرفت پێکدەهێنێت. باڵیۆزی سۆڤیەت چەند جارێک بە تەلەیفۆن قسەی لەگەڵ قەوام و شا کرد و گوتی ئەو جموجوڵانە لە سنورەکانی باشوری سۆڤیەتدا قبوڵ ناکات. باڵیۆز لە یەکێک لە وتووێژەکانیدا بە قەوامی ڕاگەیاند، ئەگەر درێژە بەو هەڵوێستەی بدات، یەکیەتی سۆڤیەت دەربارەی شەخسی خۆی پەنا بۆ بڕیاری نوێ دەبات. قەوام داوای لە باڵیۆزی ئەمریکا کرد کە بە پەلە ڕای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای سەبارەت بە ئاگادارکردنی شورای ئەمنییەت لە وتەکانی باڵیۆزی سۆڤیەت پێ بگەیەنێت. قەوام تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەرکی ئێرانە شورای ئەمنیەت لە هەر چەشنە بەرهەڵستکارییەک ئاگادار بکاتەوە کە لەوانەیە ئاشتیی جیهان بخاتە مەترسییەوە. قەوام بە باڵیۆزی ئەمریکای ڕاگەیاند تا گەیشتنی هەواڵ لە واشنتۆنەوە، وەڵامی

باڵیۆزی سۆڤیەت ناداتەوە. سەبارەت بەو کێشەیە، پێشتر لەگەڵ باڵیۆزی بریتانیا لە ئێران دوابوو[1].

ڕۆژی ١٩٤٦/١١/٢٨- ١٣٢٥/١٠/٧ دکانــازۆڤ جێگــری وەزیــری دەرەوەی سـۆڤیەت، بروسـکەیەکی نهێنـی بـە ژمـارە ١٧٢ ڕەوانـەی بـاکۆ کـرد و لـە هـەمان ڕۆژیشدا بروسکەیەک لە لایەن باقرۆڤەوە ڕەوانەی تەورێز کرا. لەو بروسکەیەدا گوترابـوو: جاویـد پارێزگـاری ئازەربایجـان دەربـارەی ڕەوانـەکردنی هێـز بـۆ ئازەربایجان دژی قەوام بوەستێت و پێی بڵێت ئەو کارەی دەوڵەت بە پێچەوانەی دەقـی ئـەو ڕێککەوتننامەیەوەیـە کـە لەگـەڵ نوێنـەرانی ئازەربایجـان واژۆکـراوە. هەروەها دژایەتی هەیە لەگەڵ نامەی ڕۆژی ١٩٤٦/١٠/٢٩- ١٣٢٥/٨/٧ی قەوام. بە قــەوام بگــوترێ خــەڵکی ئازەربایجــانی ئێــران دەیانــەوێ ڕێککەوتننامــەی ڕۆژی ١٩٤٦/٦/١٣- ١٣٢٥/٣/٢٣ لە لایەن مەجلیسی نوێوە پەسند بکرێت. پێویستە قەوام ئاگادار بکەنەوە کە لە ئازەربایجان یەکەی سوپا و ژاندارمە نیە کە لە تارانەوە فەرماندەیان بۆ دیاریی کردون. پێشنیاز بۆ قەوام بکەن کە بۆ چاودێریی کردنی هەڵبژاردنی ئازەربایجان، دەتوانن کۆمیسیۆنێکی تایبەت ڕەوانە بکەن. بە ڕادیۆی تەورێز و بڵاوکراوەکان گوترا بوو سەبارەت بە ڕەوانە کردی هێز بۆ ئازەربایجان، دژی دەوڵەتی ئێران پەرە بە پروپاگەندەکانیان بدەن[2].

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/١٠- ١٩٤٦/١٢/١ پیشـەوەریی، شەبسـتەریی، جاوید و پادگـان نامەیــەکیان ئاراسـتەی بــاقرۆڤ کـرد و لــەو نامەیــەدا داوای یارمــەتییان کـرد و نوسـییان: (**چـۆن دەکرێت برادەرانـی ئەوبـەری ئـاراس چـەک بـۆ ئێمـە نـەنێرن و پشتیوانییمان نەکەن؟ چۆن دەکرێت قەوامی خوێنمژ لە بەرچاوی دەوڵەتی گەورەی سۆڤیەتدا، وەک دڕندەیەک ئێمە لەناو ببات؟**[3].)

ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات داوایان لە باقرۆڤ کرد کە ئەو نامەیە بە ستالین بگەیـەنێت. ئـەویش داواکـەیانی بەجێگەیاند و لـە ڕۆژی دووی دیسـێمبەردا نامەکـەی نارد بۆ ستالین. هەمان ڕۆژ بە داوای وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت، کۆنسـوڵخانەی سۆڤیەت لە تـەورێز ڕاپۆرتێکی دەربـارەی ورەی جـەنگیی دانیشـتووان بـۆ وەزارەت نارد.

---

1- دەستپێکردنی شەڕی سارد، هەمان سەرچاوە:
Forein Relation of the US,1946 , Volume VII, p. 551-553

2- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f.1,s,89,i,117,v.129- 130

3- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,114,v.212- 215

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/١١- ١٩٤٦/١٢/٢ میر جەعفەر باقرۆڤ دەربارەی ناردنی ئەفسەران و خوێندکارانی زانکۆی ئەفسەریی بۆ تەورێز، بروسکەیەکی نارد بۆ ستالین. لەو بروسکەیەدا ڕایگەیاند: (**لە مانگی مای ساڵی ١٩٤٦، ئەفسەران و خوێندکارانی ئازەربایجانی ئێران لە زانکۆکانی باکۆ و گیرۆڤ ئاباد خەریکی خوێندنن. بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانی هەلومەرج لە ئێراندا، بە پێویستی دەزانم لەوانە ژمارەیەک بۆ بەرگریی لە یەکەکانی زرەهی و ژمارەیەکیش بۆ یەکەکانی تۆپخانە لە نەخجەوان پەروەردە بکرێن و بە چەکی دژە تانک، خۆمپارەهاوێژەکان و تۆپەکان کە لە شەڕەکانی ئەڵمانیا بەدەستهاتوون، پڕچەک بکرێن و ئەگەر پێویست بکات، بە فەرمانی ئێوە ڕەوانەی لای دیموکراتەکانی ئازەربایجان دەکرێن**[1].)

ڕێبەرانی سۆڤیەت کە هێشتا هیوایان بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی ئازەربایجان مابوو، باوەڕیان نەدەکرد کە قەوام هێرش بکاتە سەر ئازەربایجان. لەبەرئەوە بە باڵیۆزی خۆیان لە تاران ڕاگەیاند کە چاوی بە قەوام بکەوێت. لەو دیدارەدا باڵیۆزی سۆڤیەت جارێکی تریش ئاماژەی بۆ کێشەی ناردنی هێز و پێکهێنانی ئاژاوە لە سنوری سۆڤیەتدا کرد و گوتی: (**یەکیەتی سۆڤیەت ناتوانێت لەو بارەیەوە بێ هەڵوێست بمێنێتەوە.**) قەوام لە بەرامبەر هەڕەشەکانی سادچیکۆڤدا هەڵوێستی توندی گرت و گوتی ئامانج لە ڕەوانەکردنی هێز بۆ ئازەربایجان، دەستەبەر کردنی ئاسایشە لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسدا و من ئەو کارە دەکەم[2].

پیشەوەریی و هەندێک لە دیموکراتەکان لە دواکاتەکاندا بەو ئەنجامە گەیشتن کە پێش ئەوەی هێزەکانی تاران هێرشیان بۆ بکەن، ئەوان بە هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان پەلاماری کتوپڕیان بدەن و بەو جۆرە پلانەکانی دوژمن پوچەڵ بکەنەوە. لەو پێوەندییەدا باقرۆڤ لە نیوە شەوی ١٣٢٥/٩/١٣- ١٩٤٦/١٢/١٤ دا، بەم بروسکەیە بە پیشەوەریی ڕاگەیاند:

**- (من بە تەواویی لەگەڵ بۆچوونەکانتم، هەست بە ورەی خراپ و خەم و پەژارەی ئێوە دەکەم، بەڵام جارێکی تریش دەڵێم کە ئێوە بیر لە هێرش بۆ سەر سوپای ئێران مەکەنەوە. کۆنەپەرستانی تاران و نێونەتەوەیی و فەرمانبەدە سەربازییەکانی ئێران، چاوەڕوانی کارێکی لەو جۆرەن. لەبەرئەوە بیانوو مەدەنە دەست دوژمن. لە هەلومەرجی ئێستای ئێوەدا، هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران و دیموکراتەکانی جیهان لەگەڵ خواستی ڕەوای ئێوەن. لە لایەن ئێمەوە هەموو**

---

1- هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 146

2- هەمان سەرچاوە: - Forein Relation of the US,1946, Volume VII, p.556-557

**کارێکی پێویست ئەکرێت. سەبارەت بە بەهێز کردنی خۆتان و هێزەکانتان و خەباتی ڕاگەیاندن، سەرنجی تایبەتیی بدەن[1].)**

سـوپای ئێـران دوای کـارە سـەرەتاییەکان، کـاتژمێر ۰۷:۰۰ ی ڕۆژی ۱۳۲۵/۹/۱۳- ۱۹٤٦/۱۲/٤ هێرشـی کـردە سـەر ئازەربایجـان. سـێ کـاتژمێر دوای هێرشەکە، ڕادیۆی تەوریز هەواڵی هێرشی سوپای ئێرانی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند بە تانک، تۆپ و خۆمپارەهاوێژ لە گوندی "تازەکەند"ییەوە بەرەو گوندی "ڕاشئین" هێرشیان هێناوە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بێنە ناو خاکی ئازەربایجانەوە. بەو بۆنەیەوە کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە بەیاننامەیەکدا داوای لە گەلی ئازەربایجان کرد کە بەرگریی لە هێرش و داکۆکیی لە ئازادیی و نیشتمانی خۆیان بکەن. لەو بەیاننامەیەدا گوترابوو، هێزە چەکدارەکانی حکومەت و یەکەکانی ژاندارمەریی لە نزیک زەنگانەوە سنوریان بەزاندوە و هێرشیان کردوەتە سەر سەرباز و فیداییەکانی ئازەربایجان.

دوای هەڵگیرسانی شەڕ، فڕۆکەکانی حکومەتی ناوەندیی خۆیان گەیاندە سەر شـارەکانی ئازەربایجـان و بڵاوکراوەیـەکیان بڵاوکـردەوە و داوایـان لـە خـەڵکی ئازەربایجان کرد کە ڕژێمی دیموکراتەکان بڕوخێنن.

لەو ڕووەوە دەوڵەتی ئێران لە یادداشتێکدا بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤیەت، بە بیری هێنانەوە کە ناردنی ئەو هێزە بۆ ئازەربایجان، تەنیا بۆ چاودێریی کردنە بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردندا و بە هیچ کلوجێک دژی بەرژەوەندەکانی سۆڤیەت نیە. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەکانی مۆسکۆ قەیرانی ئازەربایجانیان بە کێشەیەکی ناوخۆیی دانا.

ڕۆژی ۱۳۲۵/۹/۱۳- ۱۹٤٦/۱۲/٤ بـاڵیۆزی ئـەمریکا لـە تـاران ڕایگەیانـد، ئازەربایجان بە بەشێک لە خاکی ئێران دەزانێت و ناتوانێت لەوە بگات کە بۆچی چوونی هێزەکانی سەربازیی لە ناوچەیەکی کیشوەرەوە بۆ ناوچەیەکی تر، ڕوسیا بـە پـەرۆش دەکـات؟ دوای دوو ڕۆژ "دیـن ئاچسـەن" جێگـری وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە هەموو جۆرە کردەوەیەکی ڕوسیا لە دژی دەوڵەتی ئێران، هەڕەشـەی لـە ڕوسـیا کـرد. ترومـان سـەرۆک کۆمـاری ئـەمریکاش فەرمانیـدا بـە وەزارەتی دەرەوە کە ڕوسەکان هۆشیاربکاتەوە و گوتی ئەمریکا لە بەرامبەر هەر چەشنە دەستێوەردانێکی ڕوسیە لە ئازەربایجاندا، دەستەوئەژنۆ دانانیشێت[2].

[1]- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,112,v.117- 131

[2]- هەمان سەرچاوە: N. s. Fatemi. Oil Diplomacy. p. 322 .

لــە کاتێکــدا شــەڕ لــە بــەرەی زەنگــان - میانــەدا بــەردەوام بــوو، ڕۆژی ١٣٢٥/٩/١٧- ١٩٤٦/١٢/٨، پیشەوەریی، شەبستەریی، پادگان، دکتۆر جاوید و غولام یەحیا بە هۆی کۆنسوڵی سۆڤیەتەوە لە تەورێز، نامەیەکیان بۆ حکومەتی سۆڤیەت و باقرۆڤ نارد و جارێکی تریش ئامادەیی خۆیان بۆ بەرگریی کردن لە هێرشی سوپای ئێران ڕاگەیاند. لە نامەکەیاندا بۆ ڕێبەری سۆڤیەت، سەبارەت بە بەراورد کردنی بە پەلەی دوو داوا، هیواداریی خۆیان ڕاگەیاندبوو:

یەکــەم: تــا ئــەو کاتــەی ســنورەکانی ســۆڤیەت کــراوەن و دیموکراتــەکانی ئازەربایجان، سوپای نەتەوەیی خۆیان هەیە، ژمارەیەک چەکیان بۆ بنێرن. نوسییان: **(ئێمە دەتوانین وەرگرتنی ئەو چەکانە بە نهێنی بهێڵینەوە، ژمارەیەکی زۆر چەکمان ناوێت. هەر ئەوەندە بەسە کە پێویستیی فیداییەکانی پێ دابینبکەین.)**

دووەم: **(ئەگەر قەوام لە شەڕدا دژی ئێمە خوێن بڕێژێ، ئێمە دەتوانین لە هەندێک ناوچەی شیاودا شەڕ بکەین و بە ڕوخاندنی حکومەتی کۆنەپەرستی تاران، هێــزە ئازادییخوازەکــان ڕێکبخــەین و حکومــەتێکی دیمــوکراتیی دابمــەزرێنین. ئومێدەوارین ئێوە دژ بەو کارەمان نەوەستن. ئەگەر ئەو کارە بە چاک نازانن، ڕێ بدەن هەموو پێوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بپچڕین و دووبارە حکومەتی نەتەوەیی خۆمان ڕابگەیەنینەوە.)**

دواتــر نوســیبوویان: **(ئەگــەر قــەوام و ئینگلیــز و ئــەمریکا دەڵــێن کێشــەی ئازەربایجان کێشەیەکی ناوخۆیی ئێرانە، ئێمەش بە دروستیی هەر ئەوە دەڵێین کە وابوو لێگەڕێن کاتی هێرش بۆ سەر ئازەربایجان، فیداییەکان سەرکوتیان بکەن و ئێمــە ڕایدەگەیــەنین کــە کێشــەی ئازەربایجــان کێشــەیەکی ناوخۆییــە و ئێمــە سەربەخۆیانە بڕیارمانداوە کە لە بەرامبەر سوپای ئێراندا داکۆکیی لە خۆمان بکەین. بەو بۆچوونە لە شورای ئەمنییەت و کیشوەرەکانی تردا، ناتوانن دژی یەکیەتی سۆڤیەت ئاژاوە بنێنەوە. ئەگەر یەکیەتی سۆڤیەت بە نهێنی یارمەتیمان بدات، دەوڵەتی ئێران بەڵگەیەکی نابێت کە ئاراستەی شورای ئەمنییەتی بکات."** لە کۆتایی نامەکەیاندا نوسییان: **(گەلی ئێمە و ڕێبەرانی، هەموو پێکەوە ئومێدیان بە چەک بەستووە و ڕزگاریی خۆیان لە پڕچەک کردنی خۆیاندا دەبینن. سەرکەوتن لەو کارەدا بە یارمەتی ئێوەوە بەستراوەتەوە[1].)**

ژمارەیەک لە توێژەران لەو باوەڕەدابوون کە ئەگەر تەنانەت بە زۆریش بێت، یەکیەتی سۆڤیەت پێش بە بڕیاری قەوام دەگرێت. ئەوە بوو، ڕۆژی ١٩٤٦/١١/٢١

---

[1]- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,114,v.218- 230

جۆرج ئالین سەفیری ئەمریکا بە ئاشکرا ڕایگەیاند: ئێران ناچارە بۆ دابینکردنی ئەمنیەت، هێزە سەربازییەکانی لە هەموو ئێراندا بڵاوبکاتەوە و ئەمەش دیاردەیەکی بە تەواو سروشتییە. هەرلەو ڕۆژەدا قازی محەمەد بە بروسکەیەک دژایەتی خۆی لەگەڵ ڕەوانە کردنی هێزەکانی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان بە قەوام ڕاگەیاند، بەڵام قەوام لە بڕیارەکەی پاشگەز نەبووەوە[1].

سەرەڕای هەوڵ و کۆششی ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و باقرۆڤ، ڕێبەرانی سۆڤیەت لە وەڵامی داواکانی ئازەربایجانییەکاندا ڕایانگەیاند کە جگە لە پشتیوانیی مەعنەویی، ناتوانن یارمەتییەکی تریان بدەن[2].

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٠- ١٣٢٥/٩/١٩، قەوام بروسکەیەکی بۆ پارێزگاری ئازەربایجان نارد و داوای لێکرد کە هێزەکانی ئازەربایجان خۆیان بەدەستەوە بدەن. هەر لەو ڕۆژەدا باقرۆڤ لە بروسکەیەکدا بۆ ستالین نوسی: (**لەم ڕۆژانەدا هێزەکانی ئێران بە خۆمپارەهاوێژ، تۆپ، تانک و فڕۆکە، هێرشیان کردوەتە سەر ئازەربایجان و هێزەکانی ئازەربایجان بە زیانێکی زۆری گیانیی لە مەراغە، میاندواو و میانەوە بەرەو تەورێز پاشەکشەدەکەن. دەبێ چاوەڕوانی هێرشی هێزەکانی ئێران بین بۆ سەر ناوچەکانی ئاستارا و ئەردەوێڵ. بەو هەلومەرجەی کە پێکهاتووە ئازەربایجانییەکان ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوامبن. دور نیە بەشێک لە ئازەربایجانییەکان بەرەو سنورەکان پاشەکشەیان پێ بکرێت و ناچاربن خۆیان بگەیەننە ناو خاکی ئێمەوە. لە کاتێکی ئاوادا، داوادەکەم ئیزن بدەن ئێمە ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە لایەن سوپای ئێرانەوە پاشەکشەیان پێ دەکرێت، وەریانبگرین**[3].)

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١١- ١٣٢٥/٩/٢٠ قولیوۆڤ جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز نامەیەکی ستالینی بە پیشەوەریی، شەبستەریی، جاوید و پادگان گەیاند. لەو نامەیەدا نوسرابوو: (**قەوام وەک سەرۆک وەزیرانی ئێران، مافی ناردنی هێزی بۆ هەر خاڵێکی ئێران هەیە و لەوانەش بۆ تەورێز. لەبەرئەوە درێژەدان بە بەرگریی چەکدارانە، نە بەرژەوەندە و نە پێویستە و نە سودی هەیە. ڕابگەیەنن کە ئێوە بۆ دابینکردنی ئارامیی لە کاتی هەڵبژاردندا، دژی هاتنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ ئازەربایجان نین. ئێوە ئەو کردەوەیەتان ببەستنەوە بە هاوپەیمانیی گەلانی ئێران و**

[1]- ویلیام ئیگڵتن، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٠٤ و ٢٠٥.
[2]- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,157,v.105
[3]- هەمان سەرچاوە: Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p.561

**ئازادیی و سەربەخۆیی ئێرانەوە. هەموو ئەوانە لە وەڵامی جاویددا بۆ بروسکەی قەوام بگونجێنن و بە ئیمزای جاوید پارێزگار و شەبستەریی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتیی، بە زوویی بۆ شا و قەوامی بنێرن[1].)**

بە گەیشتنی فەرمانی ڕێبەری سۆڤیەت، کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز، ڕێبەرانی ئازەربایجانی خستە ژێر گوشارەوە کە دەست لە بەرگریی هەڵبگرن و ڕێگە لە هاتنی هێزەکانی دەوڵەت نەگرن. فەرمانبەرانی کۆنسولخانە بە گوێرەی بەڵێنەکانی قەوام، ڕایانگەیاند کە هێزە دەوڵەتییەکان لێپرسینەوە لە دیموکراتەکان ناکەن. ڕێبەرانی فیرقە هەر چەندە پێشنیازەکانی سۆڤیەتیان بە لاوە پەسند نەبوو، بێباوەڕیی تەواوی خۆیان سەبارەت بە قەوام ڕادەگەیاند، بەڵام ناچاربوون ئەو پێشنیازانە قبوڵ بکەن. لەو ڕۆژەدا ئەنجومەنی ئەیالەتیی ئازەربایجان بڕیاری بەرگریی نەکردنی لە هاتنی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان دا و بڕیارەکەشی بە ئیمزای شەبستەریی و جاویدەوە ڕەوانەی شا و قەوام کرد. بە پەیڕەویی کردن لەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئەیالەتیی، ئازەربایجانییەکان وازیان لە خەباتی چەکداریی هێنا و کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، باکۆیان لە بڕیارەکەیان ئاگادارکردەوە[2].

بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتیی سەبارەت بە وازهێنانی دیموکراتەکان لە بەرگریی کردنی لە هاتنی سوپای ئێران، ڕەخنەی زۆربەی کادیرانی فیرقە، کارگەران و ئەفسەرانی سوپای دیموکراتی بە دواوە بوو. ژمارەیەک ئەفسەری فیرقە چوونە لای ژەنەڕاڵ پەناهیان سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای ئازەربایجان و بە خەیانەت تاوانباریان کرد. هەندێکیان ڕایانگەیاند کە فەرمانی سەرکردایەتی سوپا بەڕێوەنابەن و درێژە بە خەباتی پارتیزانیی دەدەن. ژمارەیەک لە فەرماندە باڵاکان و چالاکانی فیرقە و ژەنەڕاڵەکان چوونە کۆنسولخانەی سۆڤیەت و دژی بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتیی ڕاوەستان. لە کۆنسولخانە بە نەرمیی و ڕێزەوە پێیانڕاگەیاندن کە دەبێت ملکەچی بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتیی ببن و بەرگریی نەکەن. زۆربەیان گوتیان نایانەوێت خۆیان بدەنە دەست قەسابەکانی قەوام و لە سنوری سۆڤیەت دەرباز دەبن.

کاتێک سوپای ئێران خەریک بوو ئازەربایجانی دەخستە دەست خۆی، ڕێنوێنیکەران و یارمەتیدەرانی ڕوسیا لە ئازەربایجان و کوردستان، بێدەنگ مانەوە.

---

[1]– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,114,v.153

[2]– هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,112,v.147- 154

لەبەر ئەوە قازی محەمەد لە سەرەتای مانگی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٦دا لیژنەیەکی ڕەوانەی ورمێ کرد کە چاویان بە هاشمۆڤ بکەوێت، ئەندامانی لیژنە، چاویان بە هاشمۆڤ کەوت، ناوبراو بەڵێنی پێدان کە دەوڵەتی ئێران هێزێکی کەم بۆ پاراستنی ئەمنیەتی هەڵبژاردن ڕەوانەی کوردستان دەکات و ئەو هێزەش تەنیا تا کۆتایی هەڵبژاردن دەمێنێتەوە و دواتر لە ناوچەکە پاشەکشە دەکات. لەبەر ئەوە قازی محەمەد ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٥، شورایەکی لەژێر ناوی "شورای جەنگ" پێکهێنا کە دە ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات، لەوانە محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە پەرلەمانی ئێراندا ئەندامی بوون. شورا بڕیاریدا هێزە چەکدارەکان و عەشایری کوردستان لە بەرامبەر دەوڵەتدا بەرگریی بکەن[1].

لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەدا، هاوکات پێشەوا قازی محەمەد و ئەندامانی شورای جەنگی کوردستان، چاوەڕوانی بەرگریی کردنی فیرقەی دیموکرات لە ئازەربایجان بوون. بە بەرگریی کردنی ئازەربایجان، سوپای ئێران نەک هەر توانای هاتنی بۆ ئازەربایجان نەبوو، بەڵکوو ئەو پرۆژەیەی مەلا مستەفای بارزانیش بە ئەنجام دەگەیشت کە پێشەوا قازی محەمەد لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرد سەبارەت بە چەک کردنی هێزەکانی سوپای ئێران لە سەردەشت، بانە، سەقز و سنە تا کرماشان، بەڵام نە ڕێبەرانی ئازەربایجان ئەو توانایەیان لە خۆیاندا بینی و نە باقرۆڤ و ستالین بۆ لەو ڕێگەیەدا، هاوکاریی ئەوانیان کرد.

---

[1]- ویلیام ئیگڵتن، هەمان سەرچاوە.

## چرای حکوومەتی ئازەربایجان کوژایەوە

ڕۆژی ۱۳۲۵/۹/۲۰- ۱۹٤٦/۱۲/۱۱ پیشەوەریی و ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات کۆبوونەوەیەکی کتوپڕیان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا بە چاکیان زانی کە پیشەوەریی و پادگان لە ڕێبەرایەتی فیرقەدا نەمێنن. پیشەوەریی کە دژی پاشەکشەی هێزەکانی ئازەربایجان بوو لە بەرامبەر سوپای ئێراندا، هەستیکرد کە کەوتووەتە دۆخێکی نالەبارەوە. فەرمانی بە سوپای نەتەوەیی و فەرماندەکانی فیدایی نەدا کە بەرگریی لە هاتنی سوپای ئێران نەکەن و بە تەنیا ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕێبەرانی نوێی فیرقە ڕاگەیاند. محەمەد بێریا بە سەرۆکی کاتیی فیرقە و فەرەیدون ئیبراهیمی و میر ڕەحیم وەلایی بە جێگری سەرۆک هەڵبژێردران. سەرەڕای پەرەسەندنی کاری ترۆریستیی و گوشار بۆ سەر ئازەربایجان، لەگەڵ هاتنی سوپای ئێران بۆ ئەوێ، بڕیاردرا دکتۆر جاوید پارێزگاری تەورێز، شەبستەریی و بێریا لە تەورێز بمێننەوە، بەڵام مانەوەی پیشەوەریی، کاویان، پادگان، کەبیری، جهانشاهلو، غولام یەحیا، ڕامتین، محەمەدی وەند، میر ڕەحیم وەلایی و ئارام زادیکیانیان بە باش و لە بەرژەوەندییدا نازاننی کە لە تەورێز بمێننەوە. کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت لە تەورێز داوای لە بەرپرسانی پێوەندییدار کرد کە شەوی ۲۰ بۆ ۲۱ ی سەرماوەز، ئەو ژمارە سەرکردەیە لە سنور دەرباز بکەن. لەو بارەیەوە، باقرۆڤ لە بروسکەیەکدا بۆ ستالین، نوسی:

**- (لە پرۆسەی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجاندا، ئەم کەسانە ڕێکخەری چەک کردنی سوپا و ژاندارمەریی ئێران و کردەوەی سەرکوتکەرانەی کەسانی کۆنەپەرست بوون. لەبەرئەوە لەگەڵ داوای تەورێز بۆ هاتنیان بۆ سۆڤیەت، ڕازییم[1].)**

کاتژمێر ۲۱:۰۰ ی ڕۆژی ۲۰ ی سەرماوەز، چوونی ڕێبەرانی فیرقە، ئەفسەرانی سوپا، تەنانەت ئەندامانی پلەی خوارەوەی فیرقە، بەرەو سنوری سۆڤیەت دەستی پێکرد و تا ڕۆژی ۲۱ ی سەرماوەز درێژەی کێشا.

ڕۆژی ۱۳۲۵/۹/۲۱- ۱۹٤٦/۱۲/۱۲، باقرۆڤ بۆ ستالینی دەنوسی: **(هەواڵی ناردنی بروسکە بۆ قەوام سەبارەت بە بەرگریی نەکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی فیرقەی دیموکرات لە ڕادیۆ، ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی پێکهێناوە.**

---

[1]- دەستپێکردنی شەڕی سارد هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,112,v.155- 156

**سەرەڕای ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە لە لایەن پارێزگار و ڕێبەرانی فیرقەوە، بەشدارانی بزوتنەوەی دیموکراتیی و بەشێک لە چالاکانی فیرقە کە چاوترس بوون لە کوشتارەکانی زەنگان، بە کۆمەڵ ڕوویان لە سنورەکانی ئێمە کردوە. هەواڵی گەیشتوو باسی ئەوە دەکات کە چەند سەد کەس کە ئافرەت و منالیشیان لە ناودایە، لە جولفا کۆبوونەتەوە. دژوارە بگوترێت کە سبەێنێ لە ناوچەکانی تری سنورەوە، وەک ئاستارا و پیلەسوار دۆخەکە چۆن دەبێت. هێشتا جگە لە کەسانی دیار و بنەماڵە و پارێزگارەکانیان کە نزیکەی ١٧٠ کەسن، کەسی تر وەرناگرین. هەلومەرجێکی دژوار پێکهاتووە، یان دەبێت بە چەک ڕێ لەو کەسانە بگرین، یان دەبێت وەریانبگرین. چاوەڕوانی بڕیاری ئێوە دەکەین[1].)**

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٠- ١٩٤٦/١٢/١١، کاتژمێر ١٨:٠٠ سادچیکۆڤ بۆ بەرگرییکردن لە کردەوەی کەسانی کۆنەپەرست، چاوی بە محەمەد ڕەزاشا کەوت. پێش ئەو دیدارە، شا پێشوازیی لە "جۆرج ئالین" باڵیۆزی ئەمریکا کردبوو و پێیڕاگەیاندبوو کە ڕێگە بە باڵیۆزی سۆڤیەت نادات کە هەڕەشەی لێ بکات و هیچ شتێک پێش بە هەڵوێستی ئەو بۆ گەڕاندنەوەی ئازەربایجان بۆ ژێر دەسەڵاتی ئێران ناگرێت[2].

شەوی بیستی سەرماوەز، گروپە کۆنەپەرستەکان بە کۆکردنەوەی کەسانی ناڕازیی، هێرشیان کردە سەر سەربازگەی تەورێز و سەربازە بێ فەرماندەکانیان چەک کرد. ئیتر هیچ شتێک پێشی بە کردەوەی ئەو گروپە چەکدارانە نەدەگرت.

بەیانیی ڕۆژی بیست و یەکی سەرماوەز، لە شاردا دوو حکومەت دروستبوو. لە لایەک محەمەد بێریا، شەبستەریی و فەرەیدون ئیبراهیمی ڕێبەرانی فیرقە لەگەڵ ژمارەیەکی چەکدار هەوڵیاندەدا، ئارامیی شار ڕابگرن و لە لایەکەی ترەوە ئەسغەربەقاڵی موحسینی گەورە بازرگان، جەمشید سادقی گەورە دەرەبەگ، سادقی دەرەبەگ، حاجی محەمەد حەیدەرزادە گەورە دەرەبەگ و تەقی بەیتوڵایی بازرگان کە لە ئەندامانی پۆلیس و ژاندارمەریی گروپی چەکداریان پێکهێنابوو، پەلاماری ڕێکخراوەکانی دیموکراتەکانیان دەدا و لەناویاندەبرن.

دوای ڕاگەیاندنی ڕاگرتنی بەرگریی لە لایەن ئازەربایجانییەکانەوە، هێزەکانی سوپای ئێران بۆ هاتن بۆ ناو شارە گەورەکان، پەلەیان نەکرد. لە کاتێکدا گروپە سەرەڕۆکانی سەر بە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان و ژاندارمەکان بە بەرگی مەدەنییەوە پێش هێزە سەربازییەکان کەوتبوون، خۆیان خزاندە ناو شارە

1- هەمان سەرچاوە : AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,112,v.156

2- هەمان سەرچاوە : Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 56

گەورەکانەوە. ڕادیۆی تاران و ڕۆژنامەکان ئەو سەرەڕۆییانەیان کە بە فەرمانی ئەفسەرانی بەرگ مەدەنیی دەجولانەوە، بە "نیشتمانپەروەرانی ئێران" ناودەبرد. کاری بنەڕتیی ئەو گروپە کۆنەپەرستانەی ناوچەکە، پاککردنەوەی ئازەربایجان بوو لە دیموکراتەکان و پێشوازییکردنی بە شکۆ بوو لە "سوپای سەرکەوتووی شاهەنشاهی".

لە تەوریز و شارە گەورەکانی ئازەربایجان، کوشتار و تالانیی بە واتەی تەواوی وشە، دەستیپێکرد. ڕۆژی ٢٢ ی سەرماوەز، گروپە تالانچییەکان پەلاماری خوێندنگەی سۆڤیەت، نەخۆشخانەی سۆڤیەت، گاراجی "ئێران سوترانس" و گەنجینەکانی نوێنەرایەتی بازرگانیی سۆڤیەتیاندا. هەر ئەو ڕۆژە، جاوید پارێزگاری ئازەربایجان بۆ بەرگرییکردن لەو کردەوانە، چوو بۆ "بستان ئاوا" ٦٣ کیلۆمەتر دوور لە تەوریزەوە کە چاوی بە سەرتیپ هاشمی فەرماندەی هێزە پەلاماردەرەکانی ئێران بکەوێت.

ڕێبەرانی فیرقە کە لە تەوریز مابوونەوە، ناچاربوون کە خۆیان بشارنەوە. "بێریا" و "وەلایی" لە ڕێبەرانی فیرقە و "میر قاسم چشم ئازەر" بەڕێوەبەری ڕادیۆی تەوریز و نزیکەی ٢٠ – ٢٤ کەسی تر لە چالاکانی فیرقە، پەنایان بۆ ئۆرگانەکانی سۆڤیەت لە تەوریز برد. کراسنی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەوریز، پێشنیازی خۆی ئاراستەی باکۆ کرد: لە پلەی یەکەمدا پێشنیاز کرابوو بۆ پاراستنی فیرقەی دیموکرات لە ئایندەدا، بێریا، وەلایی، ئیبراهیمی و ئەوانی تر بچنە لای سەرکردایەتی هێزە هاتووەکان و قبوڵکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتییان سەبارەت بە بەرگریی نەکردن و درێژەدان بە چالاکیی سیاسی خۆیان لە چوارچێوەی دەستوری هەمیشەیی ئێراندا، پێیان ڕابگەیەنن.

میر جەعفەر باقرۆڤ لە وەڵامی ئەو پێشنیازەی کۆنسوڵخانەدا، ڕایگەیاند: **(ئەگەر کەسێک لە ئازەربایجان ڕێبەرایەتی فیرقە نەکات، فیرقە هەڵدەوەشێتەوە. ئەو ڕێبەرانەی کە خۆیان شاردوەتەوە، سەرئەنجام لە لایەن بەکرێگیراوانەوە لەناودەچن. ڕاکردنی ئەوان بۆ سۆڤیەتیش دوور لە مەترسی نیە و ئەگەر بیانگرن، بە تاوانی بەزاندنی سنور بە شێوەی نایاسایی لە سێدارەیان دەدەن. کەواتە لێگەڕێن با هەموو بزانن کە ئەوانە چوونەتە لای هێزەکانی دەوڵەتی ئێران و بەرپرسە لە پاراستنی ژیانیان.)** بەڵام چونکە ڕووداوەکانی ئازەربایجان زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوو کە باقرۆڤ بیری لێدەکردەوە، ئەو پێشنیازە قبوڵ نەکرا[1].

[1]– هەمان سەرچاوە : AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,112,v.159- 160

پاش نیوەڕۆی ٢٣ ی سەرماوەز، هێزەکانی سوپای ئێران هاتنە ناو شاری تەورێزەوە، بەڵام ڕێیان لە تێرۆر و تاڵانیی نەگرت و بەپێچەوانەوە، کۆنەپەرستەکان توندوتیژتر بوون. سەرتیپ هاشمی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کراسنی کۆنسوڵی سۆڤیەت دڵنیای کردەوە کە ئارامیی دەزگاکانی سۆڤیەت دەپارێزێت. گوتی تەنیا کاری ئەو پاراستنی ئاساییشە لە کاتی هەڵبژاردندا و دەربارەی کێشەکانی تر، هیچ فەرمانێکی پێنەدراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، سوپا شاری خستە دەست خۆی و یەکەم دادگای سەحرایی سەربازیی پێکهێنا. سەرهەنگ زەنگەنە کە ناوی بە مرۆڤێکی توند و بێبەزەیی دەرکردبوو، کرا بە داواکاری سەربازیی تەورێز. بیرەوەریی ئەو کە سەردەمێک مناڵی شیرەخۆرەی دیموکراتەکانی فڕێدابووە ناو تەنورەوە، لە یادی خەڵکدا مابوو[1].

لە زیندانی تەورێزدا جێی کەسێکی تر نەدەبووەوە، چونکە دەرەتانی دروستکردنی زیندانی نوێیان نەبوو، چالاکانی فیرقەی دیموکراتیان گروپ گروپ گوللەباران دەکرد. سەدان سەرباز و ئەفسەری سوپای نەتەوەیی و فیدایی بە حوکمی دادگای سەحرایی لە سێدارەدران. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، ژمارەی گوللەباران کراوەکان گەیشتە سێ هەزار کەس. دوو ڕۆژ دوای هاتنی سوپا بۆ تەورێز، شەبستەریی و جاویدیان دەستگیرکرد و بردیانن بۆ تاران. هەر ئەو ڕۆژە "مەهتاش" فەرمانداری تەورێز و فەرەیدون ئیبراهیمیی کە لەگەڵ چوار فیدایی بەرگرییان لە بارەگای کۆمیتەی ناوەندیی فیرقە کردبوو، دەستگیر کرد. فەرەیدون ئیبراهیمی تا دوا گوللە شەڕی کردبوو. ئازایەتی ئەو لە کاتی لێپرسینەوەی دادگادا، وەک ئەفسانەیەکی لێهات. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: (**بۆچی کاتێک دادوەر بووی، بە فەرمانی ڕوسەکان خەڵکت لەسێدارەداوە؟**)، گوتبووی: (**هەموو لەسێدارە دراوەکان دوژمنی ئازەربایجان بوون و بە بڕیاری حکومەتی نەتەوەیی من، دادگاییکراون و سزادراون. حکومەتی نەتەوەیی زیندووە و هەر بە زیندوویش دەمێنێتەوە. من فەرمانم لە ڕوسەکان وەرنەگرتووە، ویستی گەلی خۆم و حکومەتی نەتەوەیی خۆم جێبەجێکردووە[2].**) دوا وتەی ژەنەڕاڵ عەزمی، سەرهەنگ مورتەزەوی و هەژدە ئەفسەری تر (**بژی ئازادیی و بژی ئازەربایجان**) بوو.

---

[1]- هەمان سەرچاوە : AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,160,v.16

[2]- هەمان سەرچاوە : AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,157,v.161, v.

سەرئەنجام ڕۆژی ٢١ ی سەرماوەز، مۆسکۆ ڕێیدا کە سنورەکانی سۆڤیەت لە جولفا، خودافەرین، پیلەسوار و ئاستارا بۆ پەنابەران بکەنەوە. لە ڕۆژی ٢١ وە تا ٢٨ ی سەرماوەز، ٥٧٨٤ کەس لە سنورەوە دەربازی سۆڤیەت ببوون. لەو ژمارەیە ٩٥ چالاکی حیزبیی، ٩١ مامۆستای خوێندنگە، پزیشک و نووسەر، ١٩٦ ئەفسەر، ٧٦٨ سەرباز، ١٠٥٧ فیدایی، ١٣٤ کارمەندی پۆلیس و.. تد بوون[1].

[1]- هەمان سەرچاوە : AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,156,v.1- 5

## دڵـی کۆماری کوردستان لـه لێدان دەکـەوێت

دوای داگیرکردنی ئازەربایجان، سوپای ئێران بەرەو کوردستان هات. ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماردەران، بەشێک لە هێزەکانی لە بەرەی سەقز لە سەرا هێشتەوە و خۆی لەگەڵ حەمەدەمین میرخان فەرماندەی بەتالیۆنی یەکەم، بەرەو میاندواو چوو کە بەرەیەکیش لەوێ بکاتەوە. لە میاندواو بۆی دەرکەوت کە فیداییەکانی کۆماری ئازەربایجان بەرگرییان لە سوپای ئێران نەکردوە و سەرکردەکانی ئازەربایجانیش تەوریزیان بەجێهێشتووە و ڕایانکردوە بۆ باکۆ.

بارزانیی حەمەدەمین میرخان دەنێرێتەوە بۆ سەرا و بە دوای ئەودا خۆشی دەگەڕێتەوە. لە سەرا میرخان ڕەوانەی مەهاباد دەکات کە ئاگای لە خێزانی بارزانییەکان بێت. بەشێک لە هێزەکانی لە بەرەی شەڕی سەرا دەهێڵێتەوە کە بەرپەرچی هاتنەپێشەوەی دوژمن بدەنەوە و چاوەڕوانی فەرمان بن. بەشەکەی تری دەنێرێتە دێهاتی نێوان بۆکان و مەهاباد کە خێزانی بارزانییەکان ببەن بۆ مەهاباد و لەوێ کۆیان بکەنەوە[1].

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٥- ١٩٤٦/١٢/١٦ بارزانیی دەگاتە مەهاباد و چاوی بە پێشەوا قازی محەمەد و لێپرسراوانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان دەکەوێت و بۆی دەردەکەوێت کە هیچکام لە لێپرسراوانی مەهاباد نیازی بەرگرییان نیە و هەموویان خۆیان بەدەستەوە دەدەن. دوای ئەوە بارزانیی چاوی بە پێشەوا قازی دەکەوێ و لێی دەپرسێت: **(دەتەوێت چی بکەیت؟)** پێشەوا لە وەڵامدا دەڵێت: **(دەمەوێت خۆم فیدا بکەم، بۆ ئەوەی خوێنی خەڵکی مەهاباد نەڕژێت، خۆم بەدەستەوە دەدەم، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە پێوەندییم بە ژەنەڕاڵ هومایونییەوە کردوە.)** لەو کاتەدا کە فرمێسک لە چاوی پێشەوادا قەتیس ببوو، بە بارزانیی دەڵێت: **(جگە لە پیاوەکانی خۆت، پشت بە کەس مەبەستە. زۆرن ئەوانەی سوێندیان بۆ من خوارد بوو، کەچی ئێستا بۆ خزمەتکردنی سوپای ئێران پێشبڕکێیانە. هەروەها دەمەوێت لە سەرۆک هۆزەکان وریا بی و بڕوایان پێ نەکەیت. تکاش دەکەم بە زووترین کات مەهاباد بەجێبهێڵە، تا لێرە لەگەڵ لەشکری ئێران بەگژ یەکدا نەچن.)**

بارزانی دەڵێت:

---

[1]- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٧، لاپەڕەی ١٦٨، نووسینی مەسعود بارزانی.

– (قـازی هەسـتایە سـەرپێ و بـە گریانـەوە مـاچیکردم و گـوتی: "لـە خـوا دەپاڕێمەوە بتپارێزێ و سەرکەوتوو بیت. با ژیانی من فیدای هاونیشتمانییەکانم بێ و ببێت بە هۆی دوورخستنەوەیان لـەو بەڵایـەی هەڕەشـەیان لـێ دەکات." ئـەوەی گوت و ئاڵایەکی کوردستانی دامێ و گوتی: "ئەمـە ڕەمزی کوردستانە دەتدەمێ، وەک سپاردەیەک لات بێت، چونکە پێموایە تۆ لە هەموو کـەس باشـتر پارێزگاریی دەکەیی"[1].)

بەرلە گەیشـتنی مەلا مسـتەفا بـارزانی بـۆ مەهابـاد، پێشـەوا قـازی مـحەمەد بە تێگەیشتن لە هەڵوێستی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆلای ڕژێمی ئێران و پشـت کردنیـان بە بەڵێنەکانیـان، بڕیـاری خـۆی دابـوو کە لە کۆبـوونەوەیەکی بەرفرەوانی خەڵکی مەهاباددا بڕیاری خۆی ڕابگەیەنێت و بڕیاری پێشـەوا ژیـان و مردن بوو لەناو خەڵکی مەهاباددا کە بە وتەی خۆی گۆڕی چەند بەرەبابی لێبوو. لەو بارەیەوە، عەقید بەکر عەبدولکەریم حەویزی لە کتێبی بیرەوەرییەکانی، گەشتێک بە کۆمـاری مەهابـاددا "بیرەوەرییەکـانم لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان" لاپەڕەکـانی ٩٠-٩٢، پەنـجە بـۆ ڕۆژانـی ١٩٤٦/١٢/١٥ تـا ١٩٤٦/١٢/١٧ ڕادەکێشـێت و دەڵێـت: (ئەو دەمە مـن لە ڕەبەت خەریکـی کاروبـاری پێشـمەرگەکانم بـووم، سـاڵ بەرەو تەواو بـوون دەچـوو، نـامەیەکم لە پێشـەواوە بـۆ هـات، لەویدا فەرمـوو بـووی: "تەورێـز خەیـانەتی لـێ کـرا، جەعـفەری پیشـەوەری و غـولام یەحیـا ڕۆیشـتن بـۆ ڕوسـیا. پێوەندی لەگەڵ دوژمن ببڕە، یەکێک لە جێی خۆت دابنێ و خۆشت بەرەوە مەهاباد بگەڕێوە تا چارەیەکی وەزعی خۆمان بکەین."

کە ئەو نـامەیەم پـێ گەیشـت کـات ئێـوارە بـوو، دەسـتبەجێ فەرمـانم دا ئەو ئازوقە و خواردەمەنییەی هەمان بوو، بەسەر دانیشتوان دا دابەشـی بکەین. زێڕۆ بەگم کردە جێنشینی خۆم و فەرمـانم دایە کە بۆ ڕۆژی دوایـی هێزەکەمـان بەرەو مەهابـاد بکشـێتەوە، خۆشـم لەگەڵ دوو سـێ سـەربازدا – مەبەسـت پێشـمەرگەیە. نووسـەر- بەرەو مەهاباد کەوتمەڕێ و نیوەشەو گەیشتمە گوندی "خراپە" لە دۆڵـی زمزیران.

ماشــێنێک کە ئەو ڕۆژە بەرەو مەهابــاد نــاردبووم لەوێ مــابۆوە و بــرای خێزانەکەشم ئەسعەدی حاجی حەمەئاغاشی تێدا بوو، ئەویشم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و بـۆ بەیـانییەکەی گەیشـتمەوە مـاڵی لە مەهابـاد. لەوێ دیـتم سـاڵح عەبـدولعەزیز لەگەڵ پێنج بارزانی دیکە کە مەلا مستەفا بە ئێشکچی لە ماڵمانی دانابوون، ماڵیـان

[1]- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٦٩.

گشت پێچاوەتەوە و چاوەڕوانیی من دەکەن. مەلا مستەفا لە ماڵی جەعفەری کەریم ئاغا بوو، کە دنیا تەواو ڕووناک بۆوە، ڕۆشتم بۆلای لە نزیکە ماڵمان تووشی هاتم. ئەویش هەر بەرەو لای ئێمە دەهات. پێکەوە گەڕاینەوە ماڵێ و پاش کەمێک دانیشتن بڕیارماندا بچینە دیدەنیی پێشەوا. ماڵی ئێمە و ماڵی پێشەوا لێک نزیک بوون و لەسەر هەمان شەقام بوون. کە چووینە دەرێ پێشەوای بەڕێزمان لەسەر شەقامەکە دیت، چووینە پێشوازی، ماندوو نەبوونیی لێ کردم و فەرمووی: چاک بوو گەیشتیە جێ.)

بەکر عەبدولکەریم لە درێژەی نووسینەکەیدا ئاماژە بۆ دوا وتووێژی نێوان پێشەوا و مەلا مستەفا دەکات و دەڵێت: (هەرلەبەر دەرگای سەر جادەکە مەلا مستەفا چووە پێش و بە بەڕێز پێشەوای فەرموو: "حەزرەتی پێشەوای فەرماندە-تکام ئەوەیە کە لەگەڵمان لە مەهاباد دەربچیت، ئەگەر بەتەنێ بمێنم حەوت ساڵ ئاڵاکەت لەسەر سەرم هەڵ دەگرم، مانەوەت لێرە مەترسی لە دوایە. حکوومەتی ئێران لە سێدارەت دەدات."

پێشەوا فەرمووی: "مەلا مستەفا! لە هەموو سەردەمێک دا سەلماندووتە کە تۆ دڵسۆز و کۆڵنەدەری و نیشتمانپەروەر و خەباتگێڕی، مەرد و وەفاداری، چاک دەزانم کە حکوومەتی ئێران لە سێدارەم دەدات، بەڵام من لە خۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مەهاباد بووم، لە ناخۆشی دا بەجێیان ناهێڵم. مردن و ژیانم لەگەڵ ئەوانە دایە، گەر ئێستا بەجێیان بێڵم عەشیرەتەکانی مەهاباد بەردبارانمان دەکەن. بە کوشتنی خۆم ڕازیم نەوەک مەهاباد بە وێرانی ببینم، فەرموو بابچین بۆ خانەقای نەهری "مزگەوتی هەباس ئاغا" ئەگەر میللەت بیروڕای وابوو بەجێیان بێڵم ئەوا مانیعم نییە، ئەگەرنا دەمێنمەوە تا لەشکری ئێران دێتە ناو مەهابادەوە."

پاشان ڕووی لەمن کرد و فەرمووی: "ماشێنەکەی منیش بەرن و سوودی لێ وەربگرن". پێم وت حەزرەتی فەرماندە دەبێت لێم ببوورن، چاوم بەرایی نادات کە ماشێنی پێشەوا بەکار بێنم، تکام وایە ئەو داوایەم لێ نەکەن و بۆخۆت بیسووتێنە. ئەگەر بەپێ بڕۆم ئەوا ماشێنی پێشەوا بەکار ناهێنم.

کە چووینە خانەقای نەهری، خەڵکێکی زۆری مەهاباد لەوێ بوون، تکایان لە مەلا مستەفا کرد شەڕ نەخاتە ناو مەهاباد و بەڵێنیشیان نەدا کە پێشەوا لەگەڵمان بێت و بەو هومێدەی کە حکوومەتی ئێران دەیبەخشێ. دراوسێیەکەی ئێمە "سەمەدۆف" کە نوێنەری سۆڤیەت بوو لە مەهاباد، ڕۆژی پێشووتر هەڵاتبوو و تەنانەت جیهازی بێتەلەکەشی لێ بەجێمابوو. هەروەها مستەفا خۆشناو و ئەنوەر

**دڵسۆز و خانەوادەکانیان چووبوون بۆ ورمێ بەو نیازەی لەوێوە بچنە ڕوسیا[1].)**

هەرلەو بارەیەوە ئیگڵتن ئاماژە بۆ دوا بڕیاری سەرۆک عەشیرەتەکان لە حەوشەی مزگەوتی هەباس ئاغا دەکات و دەڵێت: (**زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان و ئەندامانی ناوەندیی حیزب لە حەساری مزگەوتی هەباس ئاغای مەهابادا چاوەڕوانی دوا بڕیار بوون. سەدری قازی گوتی: "من لە تاران بووم و دەتوانم ئێوە دڵنیا بکەمەوە کە هاتنی سوپای ئێران بۆ ئەم ناوچەیە، ناتوانێ ڕێگە بە هێزەکانی سوپای کۆمار و هێزی عەشیرەتەکان بگرێت و دوژمن توانای ڕووبە ڕوو بوونەوەی هێزەکانی ئێمە نییە." ئامادەبووان پێشوازیان لەو گوتنانەی سەدری قازی کرد، بەڵام لە ناکاو لە گۆشەیەکەوە دەنگی ڕەخنە و ناڕەزامەندی بەرز بووەوە و گوتیان کاتێکی زۆر بۆ ئەم قسانە نەماوە و چارەنووسی کۆماری کوردستان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخی ئازەربایجان و زلهێزەکانەوە هەیە[2].)**

سەیید محەمەدی سەمەدی کە کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ی ئیگڵتنی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، خۆشی سەبارەت بە چەند ڕەهەندێک لە کتێبە وەرگێڕاوەکەیدا لێکۆڵینەوەی کردوە و دەربارەی ڕووداوی مزگەوتی هەباس ئاغای لە لاپەڕەی ٢٠٦دا دەڵێت: (**بە وتەی زۆربەی بەشدارانی کۆبوونەوەی حەساری مزگەوتی هەباس ئاغا، قازی محەمەد لەو ڕۆژەدا لە مزگەوتی هەباس ئاغای وتاری نەخوێندەوە، بەڵکوو تەنیا داوای لە خەڵکەکە کرد کە هێمن بن و ئارامیی خۆیان بپارێزن و گوتی: "هەر چەشنە بڕیارێکی بە پەلە، کارەساتی زۆر داخهێنەری بە دواوە دەبێت." هەروەها گوتی: "هەرچەندە مەترسی زۆر نزیکە و من هەموو دەرەتانێکم بۆ دەرچوون لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام لەنێو ئێوەدا دەمێنمەوە".)**

سەبارەت بە دوا دیداری پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و سپاردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە بە ژەنەڕاڵ بارزانی، سەعید هومایون، خوشکەزا و سکرتێری نووسینەکانی پێشەوا قازی محەمەد، دەڵێت: (**شەوی ١٣٢٥/٩/٢٦- ١٩٤٦/١٢/١٦، ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی کە لە بەرەی شەڕی سەقز بوون، بە جادەی بۆکان دا گەڕانەوە بۆ مەهاباد. ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکە و ماڵئاوایی کردن هاتە ماڵی**

---

1- از مەهاباد خونین تا کرانەهای آرس، لاپەڕەی ٨، نووسینی نجفقلی پسیان، ١٣٢٨

2- عەقید بەکر عەبدولکەریم حەویزی، گەشتێک بە کۆماری مەهابادا "بیرەوەرییەکانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لاپەڕەکانی ٩٠- ٩٢.



پێشــەوا. دوای چەنــد کــاتژمێر گفتوگـۆ و گـۆڕینەوەی بیـروڕا، ژەنەڕاڵ بـــــــارزانی داوای لە پێشەوا کرد کە لەگەڵ ئەو ئێران بەجێبهێڵێت و گوتی: "گەورەم! من ئێســـتاش ئێــوە بە ســـەرۆک کۆمـــاری کوردســـتان دەناســـم! جێی ئێوە لەسـەر سـەری منە و لە هەرجێــیەک بــی، تــۆ لەهەر جێیەک بی من لە خزمەت ئێوەدام. مانەوەی تۆ لە شاری مەهاباد لە بەرژەوەندیی و مەسڵەحەتی خۆتان و نەتەوەی کورددا نییە."

قازی محەمەد سەرەڕای ڕێزلێنانی لە ژەنەڕاڵ بارزانی گوتی: "جەنابی مەلا مستەفا، من دەزانم دەوڵەتی ئێران دوای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد، هەموو قین و تورەیی خۆی لەسـەر من بەتاڵ دەکات و من لە سێدارە دەدات، بەڵام بە ئیعدام کردنی من، ئیتر خەڵکی کوردستان ئازار نادات. بە بەڵێن و پەیمانێک کە بە میللەتم داوە، لە هەموو بارودۆخێکدا بە تەنیایان ناهێڵمەوە." ڕەوانشاد سەعید هومایون لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (لە دوا دیداری دا لەگەڵ بارزانی، قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی لەسەر مێزی کارەکەی هەڵگرت، قەدی کرد و ماچی کرد و دایە دەست مەلا مستەفا و پێی گوت: "ئومێدەوارم تۆ نەهێڵی ئەم ئاڵایە بکەوێتە سەر زەوی." ژەنەڕاڵ بارزانی ئاڵاکەی لە دەست پێشەوا وەرگرت و ماچی کرد و لە سەر سەری خۆی دانا و بەڵێنی بە پێشەوا دا، نەک هەر ناهێڵێ ئاڵای کوردستان بکەوێتە سەر زەوی، بەڵکوو ڕۆژێک دێ کە دووبارە هەڵی بکاتەوە. دیمەنی ئەو ساتە مێژووییە بە ڕادەیەک خەمبار و لە هەمان کاتدا جێی ڕێزلێنان بوو کە هەموو ئەو کەسانەی لە ژووری مەحکمەی قازی دابوون، بەتوندی گریان. ژەنەڕاڵ بارزانی، سەرهەنگ میرحاج ئەحمەد و پاسەوانەکانی بارزانی و ئەفسەرە عێراقییەکان لەنێوان خەم و پەژارەدا، یەک بە یەک دەستی قازی محەمەدیان ماچکرد و ماڵئاواییان لێکرد. قازی محەمەد فەرمووی هەرچییەک ژەنەڕاڵ بارزانی و هاوڕێیانی پێویستیانە، بۆیان دابین بکەن. من شاهیدی ئەو ڕووداوە پڕلە خەمە مێژووییە بووم کە ئەو دوو قارەمانە نەتەوەییە لە یەکتر جیابوونەوە و هەرگیز تا دەمرم ئەو دیمەنە لەبیر

ناکەم. سبەینێی ڕۆژی دوایی، بارزانییەکان بەرەو نەغەدە و شنۆ و سنوری عێراق بەڕێکەوتن[1].)

هەرلەو بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، سەبارەت بە ئالای کوردستان، دەڵێت: (لە ئەڵمانیا چاوم بە مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەوا قازی محەمەد کەوت. مینا خانم دەربارەی ئالای کوردستان و پێوەندیی نێوان بارزانی و پێشەوا قازی محەمەد گوتی: "ساڵی ١٩٥٨ بەرلەوەی بارزانی لە سۆڤیەت بگەڕێتەوە، من لە لەندەنەوە چووم بۆ ئەڵمانیا. کۆمەڵەی خوێندکاران لە شاری مونیخ کۆنگرەی هەبوو. لەوێ چاوم بە عەلی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد کەوت و ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا کرد. زانیم مینا خانمی دایکی هاتووە بۆ ئەڵمان، گوتم حەز دەکەم چاوم بە دایکت بکەوێ و زیارەتی بکەم. ڕۆژی دوایی چووم بۆ خزمەتی مینا خانم، چەند برادەرێکم لەگەڵ بوو، کە زانی ئێمە کوردی عێراقین، باسی پێوەندی نێوان پێشەوا و بارزانی نەمری بۆ کردم و گوتی: "بەرلە هاتنی بارزانی بۆ مەهاباد، پێوەندیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. پاش ئەوەی بەناچار کوردستانی عێراقیان بەجێهێشت و هاتنە کوردستانی ئێران، لەوێش بەشداریی کۆماری کوردستانیان کرد و ڕۆڵی زۆریان هەبوو لە پارێزگاری کردن لە کۆماری کوردستان و زۆریشیان شەهید دا. دەوری سەرەکیان هەبوو لە شەڕەکاندا. دوای ڕوخانی کۆمار، پێش ئەوەی سوپای ئێران بگاتە مەهاباد، بارزانی هات بۆ ماڵی ئێمە و داوای لە قازی کرد کە خۆی تەسلیمی سوپای ئێران نەکات و لەگەڵ ئەو بڕوات. بارزانی پێیگوت: "تا من هەبم، تۆ چت بەسەر نایەت" و زۆری هەوڵدا، بەڵام قازی ڕازی نەبوو و گوتی نامەوێ مەهاباد بەجێبێڵم. پاشان گوتی ئێرانییەکان بەڵێنیان پێم داوە." بارزانی پێیگوت: "باوەڕ بە بەڵێنی ئێرانییەکان مەکە. زۆری هەوڵ لەگەڵ دا، بەڵام سودی نەبوو." سەرئەنجام گوتی: "بەیداغەکەی دا دەست بارزانی و گوتی ئەم بەیداغەی کوردستانم بۆ بپارێزە." جا هەندێک دەڵێن کوا بەیداغەکە؟ بەڵام بە ڕای من واتای ئەو گوتنە ئەوەیە کە تۆ ئالای کوردستانم بۆ بپارێزە و کوردستانم بۆ بپارێزە. بەهەر حاڵ مینا خانم گوتی: "یەکتریان ماچ کرد و بارزانی خودا حافیزی کرد و ڕۆیشت."

دوای تێپەڕبوونی نزیک بە بیست ساڵ من ئەو قسەیەم لە بارزانی بیستەوە، عەرزم کرد من بیست ساڵ لەمەوبەر ئەم قسەیەم لە مینا خانمی هاوسەری قازی محەمەد لە شاری مونیخی ئەڵمانیا بیستوە. چەند ساڵێکیش پاش، هەرئەوەم لە

[1] - سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٢٧.

**محەمەد عیسا یەکێک لە هەڤالانی بارزانی بیست. محەمەد عیسا لەوکاتەدا لەگەڵ بارزانی بووە و دواتر لەگەڵ بارزانی چوو بۆ سۆڤیەت.)**

بەهەر حاڵ لەسەر داوای خەڵکی مەهاباد و ئەمری پێشەوا قازی محەمەد، بە فەرمانی ژەنەراڵ بارزانی بنەماڵەی بارزانییەکان لە ناوچەی مەهابادەوە گواسترانەوە بۆ نەغەدە و شنۆ و لە گوندەکانی ئەو ناوچانە کۆیان کردنەوە. شێخ ئەحمەدیش گەیشتە شنۆ و لەگەڵ سەرکردەکان کۆبووەوە و بڕیاریاندا دوو هێڵی بەرگریی لە نێوان نەغدە و مەهاباد و دوو هێڵی بەرگرییش لە دۆڵی "باراندوز" و دۆڵی "قاسملوو" دابنێن، تا بۆشیان بکرێت بە هۆی سەرما و سۆڵەی زستان، خۆیان لە تێکهەڵچوونی هێزەکانی جاش و سوپای ئێران بپارێزن. دیارە سوپای ئێرانیش ئەزمونی شەڕی بارزانییەکانی هەبوو، و خۆی لە قەرەیان نەدەدا.

پاشەکشەی بازانییەکان لە مەهاباد، گەڕانەوەی سوپای ئێرانی بۆ ئەو شارە و ڕوخانی کۆماری کوردستانی بە دواوە بوو. بەرلەوەی کە مەهاباد بکەوێتە دەست دوژمن، کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٦، قازی محەمەد و حاجی بابا شێخ، ژەنەراڵ هومایونی‌یان ئاگادار کردوەتەوە کە دەتوانن بە جادەی بۆکان دا بێن بۆ مەهاباد، بەڵام سەرۆکی دێبوکرییەکان کە پێشتر پێوەندیی بە سوپای ئێرانەوە هەبوو، هومایونی ئاگاداری کردەوە کە بەفر جادەی بەستووە و باشترە بە جادەی میاندواودا بگەڕێنەوە بۆ مەهاباد[1]. لەبەر ئەوە، لیژنەیەک لە سەرۆک خێڵەکان و دەوڵەمەندەکانی شاری مەهاباد، وەک سەید عەلی حوسێنی، میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، کەریم ئاغای قومقەڵا "بابی جەعفەر ئاغای کەریمی ژەنەراڵی کۆمار"، عەلی ئاغای کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش، عەلی ئاغای دێبوکری "ئەمیر ئەسعەد" سلێمان کوڕی مارف ئاغای مامەش، مام حەسەنی مەنگوڕ و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی کە نوێنەری پێشەوا قازی بوو، ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٣- ١٩٤٦/١٢/١٤ بۆ پێشوازییکردن لە سەرتیپ هومایونی چووبوونە میاندواو[2].

هەرلەو ڕۆژەدا، ژمارەیەک لە بەرپرسانی حیزبی دیموکرات و بەشێک لە بەرپرسانی پێشمەرگە کۆبوونەوە تا لەسەر ڕاکردن بۆ عێراق یان یەکیەتی سۆڤیەت گفتوگۆ بکەن. ئەوان ئامادەی دەرچوون بوون، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٢٥/١٢/١٤- ١٩٤٦/٩/٢٣ چوون بۆ ماڵی پێشەوا قازی کە داوای لێ بکەن لەگەڵ

---

1- ئیگڵتن، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٠٩.

2- از مەهاباد خونین تا کرانەهای آرس، لاپەڕەی ٨، نووسینی نجفقلی پسیان، ١٣٢٨ (١٩٤٩)

ئەوان لە شار دەرکەوێت، قازی پێشنیازی ئەوانی بۆ دەرچوون قبووڵ نەکرد و گوتی: **(هەرچی دەتانەوێت لەگەڵ خۆتانی بەرن، من لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەمێنمەوە، چونکە سوێندم خواردوە کە لەلایان بمێنمەوە و پارێزگارییان لێ بکەم. حکوومەتی ئێران بە قین و تورەیی دەگەڕێتەوە و دەست لە خەڵک ناپارێزێ، لەبەر ئەوە خەڵکی مەهاباد توشی زیانێکی زۆر دەبێ و من ناچارم لایان بمێنمەوە[1].)**

یەکێک لەو بەرپرسانەی حیزبی دیموکرات کە داوای ڕاکردنی لە پێشەوا کرد و دواتریش خۆی ڕایکرد بۆ ناسریەی عیراق، ڕەوانشاد عەبدولڕەحمانی زەبیحی بوو. دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز لە کتێبی "کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد"دا کە ساڵی ٢٠١٦ لە نووسینگەی تەفسیر لە هەولێر بڵاوی کردوەتەوە، لە لاپەڕەی ١٤٦ی کتێبەکەیدا، ئەو ڕووداوەی لە زاری عەلی کەریمی خوشکەزای زەبیحی کە لەگەڵ کەناڵی "نالیا" وتوویژی کردوە، پێچەوانە کردوە و بۆ پاساو هێنانەوە لە ڕاکردنی خاڵۆی نوسیویەتی: **(پێشەوا داوای ١٧ خێزان- لە سەرکردە بەرچاوەکانی کۆمار- لە سۆڤیەت دەکات، بەڵام بەرپرسانی سۆڤیەت پەنابەرییان نادەنێ، بۆیە "زەبیحی" و ژمارەیەک کەسی تر، ناچاری دەرچوون لە ئێران بوون و قازی پێشەوا خۆی مایەوە و...)** بۆ زانیاریی خوێنەرانی ئازیز، مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی بەرپرسایەتی باڵای لە حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستاندا نەبووە[2].

---

[1]– توێژینەوەی سەیید محەمەد سەمەدی، کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦، ئیگڵتن، لاپەڕەی ٢٠٧.

[2]– دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز لە کتێبەکەیدا "کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد" کە ساڵی ٢٠١٦ لە نووسینگەی تەفسیر لە هەولێر بڵاوی کردوەتەوە، لە لاپەڕەی ١٩٨دا ئاماژە بە نووسینی من سەبارەت بە مامۆستا زەبیحی لە کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا کردوە، بەڵام لە نووسینی بەشێک لە بابەتەکەی خۆی پاراستوە و نوسیویەتی: **(بەڵام گەوهەریی بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە، بەڵگە و دیکۆمێنتێکی ئەوتۆی نەخستۆتە ڕوو.)** ئەوە لە کاتێک دایە من نوسیومە: **(مامۆستا زەبیحی دوای شکانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ لە بەغدا مایەوە و بەرەبەرە لە بەشێک لە کا رە پێوەندیدارەکان بە کورد و کوردستانەوە هاوکاری ڕژێمی سەدام حوسێنی کرد. ڕژێمی عێراق لە زستانی ساڵی ١٩٨٠ دا زەبیحی لەگەڵ مەلا شێخ "جەلالی حوسێنی" و "حامیدی حەمە تایر بەگی جاف" بە دوو ئوتۆمبیلی "پیکاب"ی پڕلە چەک ناردبووەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە یارمەتی مەلا جەلال نوێنەری دەفتەری مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی بکات لە دامەزراندنی ڕێکخراوی خەبات. یەکێک لە ئوتۆمبیلەکان کە حامید بەگی تێدابوو، لە نێوان "باشماخ" و مەریوان لە ٤٠- ٥٠ مەتری بازگەی "بایەوە" لە بەفر چەقیبوو، و حامید بەگ و چەکەکان کەوتبوونە دەست پێشمەرگەکانی لکی مەریوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دوای پێوەندیی کردن لەگەڵ دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات، حامید بەگ بە چەکەکانەوە**

بەهەر حـــاڵ، ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٥- ١٩٤٦/١٢/١٦ قـــازی محەمـــەد، محەمـــەد حوسـێن خـانی سـەیفی قـازی و حـاجی سـەید بابـا شـێخ پـەیمانی تەسـلیم بـوونی کۆمـاری کوردسـتان و دورخسـتنەوەی بارزانییـەکانیان لـە مەهابـاد مـۆرکرد. ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٦- ١٩٤٦/١٢/١٧، پێشەوا قـازی و سـەرکردەکانی کۆمـاری کوردسـتان، تـا نزیک گوندی "گویکتەپە"، ١٢ کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد، بـە پێشـوازیی سـوپای ئێرانـەوە چـوون و هێزەکانی سـوپای ئێرانیـان بـە سـەرۆکایەتی سـەرهەنگ "غەفاری" هێنایەوە بۆ مەهاباد و لـەو ڕۆژەدا سـوپای ئێران مەهابادی داگیرکردەوە کـە سـاڵێک پێشـتر لـەوێ پێشـەوا قـازی محەمـەد ئـاڵای کوردسـتانی هـەڵکردبوو. سەبارەت بە چۆنیەتی داگیرکردنەوەی مەهاباد لە لایەن سوپای ئێرانەوە، سـەروان کەیومەرس ساڵح دەڵێت:

**- (چەند لەشکر لە سـوپای ئێران بۆ چـوون بۆ مەهابـاد سـەرەتا لە سـنە، کامیـاران و دیوانـدەرە تـا نزیـک سـەقز جێگیـر کـران و لەشـکری تـاران و چەنـد لەشـکری تـری ئێـران لە تەورێـزەوە بـۆ گەیشـتن بە لەشـکرەکانی تـر بە ڕێگـای قەزوێنـدا بەرەوە کوردسـتان ڕەوانە کـردن. ئەو لەشـکرانە ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٠- ١٩٤٦/١٢/١١ گەیشتنە سەقز و لەوێوە بە ڕێنوێنی جاشەکان بە جادەی بۆکان دا بۆ ناوەندی کۆماری کوردستانی گەورە واتا مەهاباد بەڕێکەوتن و ئەو لەشکرە ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٦- ١٩٤٦/١٢/١٧ گەیشـتە شـاری مەهابـاد. هەر ئەو شـەوە بە بروسـکە پێوەنـدییان لەگەڵ تـاران گـرت و لە دواڕۆژی کارەکەیـان و دۆخـی قازییەکانیـان پرسی و ئەوانیان لە سـەربازگەی مەهابـاد زیندانی کرد. زۆر بە پەلە لە تـارانەوە فەرمـان درا لیـژنەیەک بـۆ لێپێچینـەوە و دادگـایی کردنـی قازییەکـان لە دادگـای سەحرایی بەرەو مەهاباد بەڕێکەوتن[1].)**

دوای گەڕانەوەی سـوپای ئێران بۆ مەهابـاد، پێشـەوا قـازی محەمەد، سـەدری قازی و سـەیفی قـازی و ژمـارەیەک لەو کاربەدەسـتە سـەربازیی و سیاسـیی کۆمـار

---

**تەسلیمی مەلا جەلال حوسێنی کرایەوە..... مامۆستا زەبیحی لە ساڵی ١٩٨٢وە بێسەر شوێنە و لە سەفەرێکی نێوان عێراق و ئێراندا دیار نەما... ئە وەی زەبیحی لە دوا ساڵەکانی مەرگیدا تووشی هـاتبوو، بەشـێک لە خەبـاتگێڕان ئاگاداری نەبـوون.)** دکتـۆر عـومەر عەبدولعەزیز لە کتێبەکەیدا بەشێکی ئەو نووسینەی پەڕاندوە کە گومان بخاتە سـەر کارکردنی زەبیحی بۆ ڕژێمی سـەدام و بێسەروشـوێنی بـوونی لەلایەن ئەو ڕژێمەوە، بە تـاوانی هەبـوونی پێوەنـدی زەبیحـی لەگەڵ مـام جەلال و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

[1]- ڕاە تودە، ژمـارە ٥٦٣- ١٩٩٥/٥/٢١- ٢٠١٦/٨/١١، ڕاپۆرتی ڕاسـتەوخۆ لە دادگایی کردنـی قـازی محەمەد، ئامادە کردنی سەروان کەیومەرس ساڵح بۆ گۆڤاری مانگانەی سوپا "مهنامەی ارتش"

لەلایەن ڕژێمەوە گیران و لە زیندانی سەربازگەی مەهاباد کۆیان کردنەوە و بەرە بەرە زیندانی کراوەکانیان ڕەوانەی تەورێز و تاران کرد. بەرلە دادگایی کردنی پێشەوا و هەڤالانی و ڕوانە کردنیان بۆ تاران، عەلی قازی "کوڕی ڕەش" توانیویەتی بچێت لە زیندان چاوی بە باوکی بکەوێت. لەو بارەیەوە ناوبراو لە وتوێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(سەرەتا بابمیان لە ساختمانی دادگا لەو جێیەی ئالای کوردستانی لێ هەڵکرد، زێندنی کرد. دوای دە ڕۆژ من لەگەڵ "پارسی تەبار" فەرماندەی ئەو کاتەی مەهاباد چووم بۆلای بابم. من لەوێ بووم کە بابم بە ناوبراوی گوت: "بۆچی ئەو خەڵکەتان گرتووە، من بەرپرس بووم و ئەگەر تاوانێک کرابێت من لێی بەرپرسم. ئێمە کوردین و من برا گەورەی حەمە حوسێنم و ئەو بە فەرمانی من بووە بە ژەنەڕاڵ و نەیتوانیوە لە قسەی من دەربچێت." لە بەرامبەردا پارسی تەبار تەنیا گوێی لە بابم گرت، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.)**

## دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی

دوو ڕۆژ دوای جێگیربوونی یەکەکانی سوپای ئێران لە مەهاباد، پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی و ژمارەیەک لە وەزیران و کاربەدەستانی حزبیی و حکومیی و بەرپرسانی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، سەقز و بۆکان دەستبەسەر کران.

کاتی زیندانیی بوون و دادگاییکردنی پێشەوا قازی و هەڤاڵانی، ژمارەیەک لە سەرۆک خێڵەکانی هاوپەیمانی کۆماری کوردستان و بەشێک لە دەوڵەمەندەکانی شاری مەهاباد، هەندێکیان بە خواستی خۆیان و ئەوانی تریش بە هۆی گوشاری حکومەتی ئێرانەوە، بە نامە و تێلگراف بۆ محەمەد ڕەزا شا و قەوامولسەڵتەنە، داوای سزادان و لە سێدارەدانی قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازییان کرد. محەمەد ڕەزا سەیفی قازی لە کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش" ناوی ئەو ژمارەیەی کە لە بەڵگەنامەکانی "سازمان اسناد ملی ایران" دا بوون، بڵاوکردوەتەوە.

ڕۆژی ٦ ی ڕێبەندان لیژنەی دادگاییکردنی قازییەکان بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ غولام حوسێن عەزیمی، دادستانی سەرهەنگ حەسەن توفانیان، دادوەریی سەرگورد جەعفەر سانعی و لەژێر چاودێریی سەرهەنگ هوشەنگ خەلعەتبەریی گەیشتە مەهاباد و دادگاییکردنی قازییەکان دەستی پێکرد.

بە نووسینی ڕاە تودە، کەیومەرس ساڵح خوشکەزای سەرلەشکر "فەرەیدون جەم" مێردی "شەمسی پەهلەوی" خوشکی محەمەدڕەزا شا بوو. جەم کە دواتر پلەی ئەرتەشبودی وەرگرت، کرا بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای شاهەنشاهی ئێران، بەڵام بەهۆی هەندێک بیری کراوەی کە هەیبوو، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بە فەرمانی شا ئەرکەکەی لێوەرگیرایەوە و ڕەوانەی سەفارەتی ئێرانیان کرد لە ئیسپانیا. کەیومەرس ساڵح دەربارەی دادگایی کردنی قازی محەمەد ڕاپۆرتێکی بۆ سەرکردایەتی ئەرکانی سوپای ئێران نوسی تا لە گۆڤاری مانگانەی سوپادا "مهنامه ارتش" بڵاوبکرێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە لە گۆڤارەکەدا، گۆڤارەکەیان کۆکردەوە و ڕاپۆرتەکەیان بە ئەرشیڤی ڕوکنی دوو "ئیتلاعات و ئەمنیەتی سوپا" سپارد. ڕاە تودە دەڵێت:

**- (ئەمەی دەکەوێتە بەرچاوتان دەقی ڕاپۆرتی سەروان کەیومەرس ساڵحە کە بە وتەی خۆی بە هۆی هەوڵدانی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە لە گۆڤاری**

مانگانەی سوپادا، بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی نهێنی "دادگایی کردنی ئاشکرای قازییەکان" لە سوپا دەریان کردوە و دوای دادگایی کردن و ئیعدامی قازییەکان هەموو ڕووداوەکانی دادگای وەک خۆی لە گۆڤاری مانگانەی سوپادا بڵاوکردوەتەوە و بەشە نهێنییەکانیشی لە ویژە نامەی "تاج کیان"دا چاپ کردوە، بەڵام بەرلە بڵاوبوونەوە ڕکێشی دادگایان کردوە و بەتاوانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی نهێنی دادگایی کردنی قازییەکان بە تاوانباریان ناسیوە، پلەی ئەفسەریان لێ سەندوەوە و ساڵێکیان زیندانی کردوە و هەواڵەکەشیان بڵاو نەکردوەتەوە.) ناوبراو سەبارەت بە دادگایی کردنی قازییەکاندا، دەڵێت:

- (منیش یەکێک بووم لە بەشدارانی هەموو کۆبوونەوەکانی دادگایی کردندا. دادگایی کردنی قازییەکان چەند کاتژمێری گرت. پرسیار و تاوانەکان لەلایەن دادستان حەسەن توفانیان دەخوێندرایەوە و دەتوانم بڵێم پرسیارەکان ڕوون نەبوون. ژمارەیەکی زۆر لە تاوانە هەڵبەستراوەکان لەلایەن قازییەکانەوە ڕەد دەکرایەوە. قازییەکان زۆر ئازایانە داوای بەڵگەیان دەکرد، بەڵام چونکە پێشتر تاوانەکانیان لە تارانەوە دیاریی کرابوو و دەیانویست زۆر زوو کۆتایی بە کێشەکە بێنن و لە پرۆگرامیشیاندا نەبوو بەڵگەیەک بخەنە ڕوو، دادگایی کردنەکە زۆر زوو تەواو بوو و دوای چەند کاتژمێر حوکمی ئیعدامی قازییەکانیان دا. لە ڕاستیدا ئەو حوکمە لە تارانەوە درابوو، و هەر ئەو شەوە قازییەکانیان لە حوکمەکەیان ئاگادار کردەوە.)

بەشی سەربازیی سوپای ١٢ تاوانی بۆ پێشەوا قازی و ٣ تاوان بۆ سەیفی قازی و ٤ تاوانیشی بۆ سەدری قازی دانابوو. تاوانەکانی قازی محەمەد بریتی بوون لە:

١- بازرگانیی کردنی نەوت لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەت بە بڕی ٥١% بۆ سۆڤیەت و ٤٩% بۆ کۆماری کوردستان، بە بێ ئاگاداریی و ڕەزامەندیی حکومەتی ناوەندیی.

٢- گۆڕین و دەستکاریی کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران و جیاکردنەوەی پێنج پارێزگای ورمێ، کرماشان، سنە، تەورێز و ئیلام.

٣- دانان و دروستکردنی ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان بە ئارمی چەکوش و داس، بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت.

٤- چاپکردنی پارە بە وێنەی قازی محەمەد و بە شێوازی ڕۆبڵی سۆڤیەت.

٥- کێشــانی نەخشــەی کوردســتانی گــەورە بــە هــەر چــوار پارچــەکانی کوردستانەوە، ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا.

٦- هێنانی بێگانە بۆ ئێران و خستنە ژێردەستی بەشێک لە خاکی ئێران بۆ نمونە مەلا مستەفا بارزانی.

٧- هەڕەشەکردن لە شاهەنشای ئێران، دەوڵەتی ئێران و ڕاگەیاندنی شەڕ و هاندانی خەڵکی کوردستان دژی شاهەنشا.

٨- واژۆ کردنی پەیمان لەگەڵ حکومەتی سۆڤیەت دژی حکومەتی ئێران و هاوکارییکردن لەگەڵ ڕوسیا بۆ داگیرکردنی خاکی ئێران.

٩- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و داگیرکردنی خاکی ئێران بە ناوی کوردستان.

١٠- هاتوچۆ بۆ ڕوسیا و دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ باقرۆڤ سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت.

١١- مۆرکردنی پەیماننامەی بازرگانیی بەبێ پرس و ڕای تاران، لەگەڵ بێگانە و ناحەزانی ئێران.

١٢- گرتن و کوشتنی کارمەندانی دەوڵەت، ڕوخاندنی خانووەکانیان و سوتاندنیان و سوتاندنی ماڵەکانیان، بەتایبەت کارمەندە غەیرە کوردەکان.

هەواڵنێری "ماهنامەی ارتش" دەنوسێت: قازی محەمەد جگە لەو سێ تاوانانەی خوارەوە، تاوانەکانی تری زۆر بە توندیی ڕەد کردەوە:

**١- چوونی بۆ باکۆی ئازەربایجان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ باقرۆڤ.**

**٢- دروست کردنی ئاڵا، بەڵام نەک ئاڵایەک کە چەکوش و داسی بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت لەسەر بێت.**

**٣- هاتنی مەلا مستەفا بارزانیی بۆ مەهاباد، ئەوەش نەک قازی محەمەد ئەوی هێنابێت، بەڵکوو خۆی هاتووە، چونکە ئەو کوردە و کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک حەزبکات لە هەر بستە خاکێکی خۆیدا بژی، بێگومان مافی خۆیەتی، چونکە ئەوە مافی خاوەنماڵە.**

تاوانی سەیفی قازی یا محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگ و جێنشینی قازی محەمەد بریتی بوو لە:

١- چوون بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی ڕوسیا.

٢- هەبوونی پێوەندیی لەگەڵ پیشەوەری ڕێبەری حکوومەتی ئازەربایجانی ئێران لە تەورێز و پێکهێنانی کۆبوونەوە لەگەڵی و واژۆ کردنی پەیمان لەگەڵ دوو

ڕێبەری حکوومەتی ئازەربایجانی ڕوسیا و ئازەربایجانی ئێران، واتا پیشەوەریی و باقرۆڤ کە پێکەوە پەیمانی سەربازییان مۆر کردبوو.

٣- قبووڵ کردنی پۆستی وەزارەتی جەنگ لە کۆماری کوردستان دژی دەوڵەتی ئێران.

تاوانی سەدری قازی یا ئەبولقاسم سەدری قازی لە پلەی نوێنەری خولی ١٤ی پەرلەمانی ئێران کە لەلایەن خەڵکی مەهابادەوە هەڵبژێردرابوو بریتی بوو لە:

١- نووسینی شیعری حەماسی بەتین بۆ پێشوازیی کردنی مەلا مستەفا بارزانی کە بەو شیعرە وەک هێمای سەرکەوتن، پێشوازیی لێکرد.

٢- هاوکاریی کردن لەگەڵ قازی محەمەد و ڕێنوێنی کردنی لە شێوازی بەڕێوەبردنی حکوومەتدا.

٣- نووسینی نامە بۆ قازی محەمەد بەو تێبینییە کە خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە یارمەتی دەگات.

٤- هاندانی خەڵک دژی دەوڵەتی ئێران و دڵنیایی دان بە خەڵک کە حکوومەتی ئێران توانای شەڕ کردنی لەگەڵ کوردستان نییە.

سەروان کەیومەرس ساڵح دەڵێت: (**کۆبوونەوەی دادگا نزیکەی چوار کاتژمێری خایاند. لیژنەی دادگا دوای نیو کاتژمێر گفتوگۆ، حوکمی ئیعدامی ڕاگەیاند و پێوەندی بە سەرکردایەتی سوپاوە گرت ئەو کاتە سپەهبود هومایونی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو. لەگەڵ سەرهەنگ فەتحوڵا ئەمین ئاجودانی شا لە دەرباری شا پێوەندییان گرت و بڕیاردرا لیژنە بگەڕێتەوە بۆ تاران و هەر ئەو شەوە بە میاندواودا گەڕانەوە. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر دادگاییکردنی قازی محەمەد و هەڤاڵانیدا، سوپای ئێران دادگای پێداچوونەوە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ڕەجەب عەتایی و سەرهەنگ ڕەزا نیکوزادە دادستان، سەروان حوسێن سوڵح جو و سەروان نەبەوی پارێزەری قازییەکان دیاریی کران. هەرچەندە قازییەکان بە دروستی لە ١١٤ لاپەڕەدا تاوانەکانیان ڕەد کردبووەوە کە سەرلەنوێ بە تاوانە هەڵبەستراوەکاندا بچنەوە، بەڵام بۆ ماوەی سێ مانگ دەرگای دادگای سەحرایی سەرکردایەتی سوپا لە مەهاباد نەکرایەوە و کەس نەبوو دەرگاکەی بکاتەوە و وەڵامی قازییەکان بخوێنێتەوە.**)

کیومەرس ساڵح دەنوسێت: دەستەی دیارییکراوی دادگا ڕۆژی ١٣٢٦/١/٤ لە تارانەوە بەرەو تەورێز و میاندواو هات و ڕۆژی ١٣٢٦/١/٧ گەیشتنە مەهاباد. شەوێک لە سەربازگە پشووماندا و بەیانیی ڕۆژی دوایی دادگا دەستیپێکرد. سەرەتا

قازی محەمەدیان هێنا و هەمان تاوانە ١٢ مادەییەکەیان بۆ خوێندەوە. دیسان قازی جگەلە سێ خاڵ ئەوانی تریانی ڕەد کردەوە.

قازی محەمەد سەرلەنوێ بەڵگەی بۆ تاوانە هەڵبەستراوەکانی ویست و زۆر ئارام بوو، زۆر بە ڕێزەوە و بە هێمنیی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە. بە هۆی پێداگرتنی قازی محەمەد لەسەر بەرپەرچ دانەوەی تاوانەکانی، دادوەر بەسەریدا نەڕاندی و زۆر بە توڕەییەوە قسەی لەگەڵ قازی محەمەد کرد. قازی محەمەدیش بە توڕەیی وەڵامیدایەوە و پێیگوت:

– (**شما هم خورده دیگران را نشخوار می کنید! شما اگر دین ندارید و خدا را هم نمی شناسید و ایمان به حساب و کتاب آخرت ندارید، لااقل ذره‌ای جوانمرد باشید.**) پێی گوت ئەم درۆ و بوهتانەتان چۆن بۆ من دروستکردوە، ئەگەر ڕاست دەکەیت بەڵگەیەک بخەنەڕوو. لە وەڵامی وتەکانی قازی دا، دادوەر بۆ بێڕێزیی کردن پێی، گوتی (کوردان سەگ سفەت)، بەڵام توڕەیی و هەڕەشەی دادوەر نەیتوانی کار لە قازی بکات، بەڵکوو زیاتر هانیدا و هەڵپرژایە سەر دادوەر و پێیگوت: (**سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕو ئێوەن کە هیچ سنورێک بۆ خۆتان و بۆ خەڵک و یاسا دانانێن. ئاخر بێشەرەف، تۆ دەتوانیت بڕیارێک کە ئەو بێشەرەفەی تر داویەتی، جێبەجێی بکەی و لەوەش زیاترت لە دەست نایەت و من لە زووەوە خۆم بۆی ئامادەکردووە و بە باوەشی ئاواڵاوە و ئەمە بە ڕەحمەتی خوا بۆ خۆم دەزانم کە بە بێ تاوانیی، لە ڕێی ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم. شانازیی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیەوە دەکەم!**)

دوای ئەوە قازی هیچ وەڵامێکی پرسیارەکانی دادگای نەدایەوە و سوێندی خوارد کە وەڵام نەداتەوە و گوتی ئەم نامەردە هەر تاوانێک کە دەیەوێ، با بیکات. دادوەر بۆ ئەوەی قازی محەمەد بهێنێتەوە سەر خۆی و لە بڕیارەکانی پاشگەزی بکاتەوە، پشوودانێکی ڕاگەیاند. دوای پشوودان زۆر هەوڵیاندا کە قازی وەڵامی پرسیارەکانی سەرهەنگ نیکوزادەی دادوەر بداتەوە، بەڵام قازی محەمەد گوتی: (**ئێستا کە بڕیارە من لە سێدارە بدرێم، بە خاتری ئەو سۆز و بەڵێنەیە کە من بە میللەتەکەمم داوە. بڕیارمداوە لەگەڵ گەلەکەمدا بژیم و بۆ ئەوان بمرم. ئیتر چۆن بەڵێنی خۆم و سوێندێک کە خواردوومە بیشکێنم، بە هۆی ئەو هەموو بێشەرەفییەی سەرهەنگەوە کە کراوە بە دادوەر. من ئامادە نیم وەڵامی ئەو بدەمەوە، مەگەر کەسێکی تر پرسیام لێ بکات!**)

کاتێ ڕونبووەوە قازی محەمەد ئامادە نییە قسە بکات، دەستەی دادوەران کەوتنە ڕاگۆڕینەوە لەناو خۆیاندا و دوای پشووی نیوەڕۆ، بە ناچار بڕیاریاندا لە شوێنی نیکوزادەدا، سەرهەنگ ڕەجەب عەتایی کە سەرۆکی دادگا بوو، بکەن بە دادستان.

پرسیارەکان لە قازی محەمەد دووبارە لە یەکەمەوە دەست پێکرایەوە. قازی محەمەدیش سەرلەنوێ ڕەدی کردنەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی بەبێ پێوەندیی گرتن بە حکومەتی ناوەندییەوە، گرێبەستی بازرگانی نەفتتان لەگەڵ ڕوسیە بەستووە؟ قازی پێکەنی و گوتی" **(کامە نەفت؟ ئێمە کام بیر و کۆمپانیای نەفتمان لەبەردەستدا بووە، تا بازرگانیی پێوە بکەین؟ سەیرە، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بە ناڕەوا تاوان بدەنە پاڵ ئێمە، تاوان و بوختانێکمان بۆ هەڵبەستن کە لانیکەم وێ بچێت! ڕەنگە ئێوە ئاوی ئەم ڕوبارەی کە بەناو شاری مەهاباددا دەڕوات بە نەفتی بزانن؟ بە ڕاستی ئێوە زۆر نەزانانە و بێسەروبەرانە ئەو هەمووە تاوانەتان بۆ ئێمە هەڵبەستووە کە هیچکامیان ئەساسیان نییە!)**

هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە گوایە قازی محەمەد ڕێگەی داوە، یان داوای لە بێگانە کردووە بێتە ناو خاکی ئێران، وەک مەلا مستەفا بارزانی، قازی محەمەد هەروەک سێ مانگ بەرلە ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە و گوتی: **(مەلا مستەفا لە کوردستان بێگانە نەبوو و نییە! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە! لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس ئەوی نەهێناوە، بارودۆخ وایکردوە ئەو بێت بۆ بەشێکی تر لە ماڵەکەی خۆی، واتە لە بەشێکی ماڵەکەی خۆیدا هاتووە بۆ بەشێکی تری ماڵەکەی و وەسەلام.)**

ئەم جارە سەرهەنگ عەتایی یەکە یەکە پرسیارەکانی دووبارە پرسینەوە و قازی محەمەدیش وەک پێشو دووبارە هەموو تاوانەکانی ڕەدکردنەوە. لەو کاتەدا دیسان سەرهەنگ نیکوزادە کە دادستان بوو و قازی محەمەد زۆر بە توندیی لە بەرامبەریدا وەستابوو، وەکو مار خۆی دەخواردەوە، پارچە قوماشێکی لە هەگبەکەی دەرهێنا کە ڕەنگی سور و سپی و سەوز بوو و چەکوچ و داسێکی لەسەر کێشرابووەوە و بە قازی محەمەدی گوت: ئەدی هەموو حکومەت و پەرچەم و تەشکیلاتت ئەوە نییە؟ قازی محەمەد لە بەرامبەر ئەو کردەیەی سەرهەنگدا گوتی: **(یەکەم جار، ئەوە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئاڵای ئێمە چەکوچ و داسی تێدا نیە! دووەم ئەو هەڵسوکەوتەتان نیشانی کەم عەقڵی و بێشعوری تو دەگەیەنێ! دڵنیابن ئێوە دەستتان بە ئاڵای کوردستان ناگات کە**

بێڕیزی پێبکەن. ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەو خانوویەی کە من تێیدا دادگایی دەکرێم، ئاڵای کوردستان هەڵدرێ و بشەکێتەوە! ئاڵای کوردستانم بە مەلا مستەفا بارزانیی سپاردوە و لەسەر شانی ئەو، لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو وڵات بۆ ئەو وڵاتی دەبا، تا ڕۆژێک لە تەواوی بەرزایی و بڵندایییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە! دڵنیا بن ئەو ڕۆژە دێت!.)

ئینجا سەرهەنگ داوای لە قازی محەمەد کرد و گوتی هەرچەندە ئەم بابەتە لە دەرەوەی بەرنامە و ئیشی دادگایە، بەڵام ئەگەر بکرێ، هەندێک لەسەر تایبەتمەندییەکان و خووڕەوشتی مەلا مستەفا بارزانیی بدوێ. قازی محەمەد گوتی: (لە مەلا مستەفا بارزانی گەڕێ، تۆ خۆت گوتت کە مەلا مستەفا کەسێکی بیانییە و ئەمە لە دەرەوەی ئیشوکاری دادگایە)، بەڵام دیسان سەرهەنگ داوای لێکرد. قازی محەمەد گوتی: (ئەگەر بە تەواوی باسی مەلا مستەفات بۆ بکەم، لەوانەیە بڵێی لایەنگیریی و خۆشەویستی و دەمارگرژیی کوردانە، گرتوویەتی.) سەرهەنگ عەتایی سوێندی خوارد کە من بڕوام بە ڕاستگۆیی تۆ هەیە. هەرلەو دادگایەدا بۆم ڕوون بووەتەوە کە هەرچی گوتووتە و دەیڵێی، لە ناخی دڵتەوەیە و بە باوەڕەوە گوتووتەوە. ئینجا قازی محەمەد گوتی: (من ناتوانم هەموو تایبەتمەندییەکانی بارزانی بۆ ئێوە باس بکەم. ئێوەش هەرگیز ناتوانن بە تەواوی بارزانی بناسن. ئەگەر منیش بڵێم، ئێوە هەرگیز پەسندی ناکەن کە دوژمنتان بەو هەموو کردەوە و تایبەتمەندییە باش و جوانانە بناسن و لە ڕیزی دوژمنایەتی ئێوەشدا بێت!)

دادستان داوای لێکرد بە ڕادەی زانیاریی خۆی مەلا مستەفایان پێ بناسێنێت، هەرچی لە بارەیەوە دەیزانی بیڵێت. قازی محەمەد دیسان پێی لەسەر ئەوە داگرت و گوتی: (نە من و نە کەس ناتوانێ بارزانی وک خۆی بە ئێوە بناسێنێت. حەزدەکەم لەو باسە بگەڕێین!) بەڵام دیسان داوای لێکرد بۆیان باس بکات. قازی محەمەد گوتی: (باشە، بەڵام تەنیا لە چەند ڕەستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانییەت و شوجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و نەترسیی لە مێژوودا کەسانی مەزن بوویێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی. ئەوەی موسوڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕ و ڕاستیی و پاکیی و دڵسۆزیی بۆ خودا و ئایین و خەڵکی هەژار و داماوی میللەت بوویانە، بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە، هەروەکوو سەعدی دەڵێت: "هر آنچه خوبان همه دارند، او بتنها دارد". جا حەز دەکەن باوەڕ بکەن و پێتان خۆش بێ یا حەز دەکەن پێتان ناخۆش بێت.)

هەموو ئەوانەی لە دادگادا بوون، سەریان لەو تاریفەی قازی محەمەد سوڕما. قازی محەمەد دیاربوو هەموو ئەو قسانەی لە ناخی دڵییەوە و بە باوەڕەوە دەگوت و هیچ گومان لەوەدا نەبوو ئەو تاریفانەی کە لە مەلا مستەفای کردن، نە بە خاتری دڵخۆشیی مەلا مستەفا بوو و نە بە خاتری هەیئەتی دادگا.

عەتایی لێی پرسی ئەو هەموو توڕەییەتان لە جەنابی سەرهەنگ نیکوزادە چ بوو؟ چونکە ئێمە بیستومانە لەم وڵاتەدا کەس بە ڕادەی تۆ لەسەرەخۆ و ئارام و هێمن نییە. قازی محەمەد گوتی: (**من ئەو مافە بە کەس نادەم ئیهانە بە گەلەکەم بکات و ئێستا من لە پێناوی ئەو میللەتەدا حوکمی لە سێدارەدانم پێدراوە، تازە من بە خاتری چی حازر بم ئیهانەی هەر خوێری و ناپیاوێک قبوڵ بکەم! من تەنیا "مقابل بە مثل" وەڵامی ئەوم داوەتەوە، نە زیاتر. ئەمە کاری خودایە کە دەبێ خوێری و بێسەروپێیەک بێت و ئیهانە بە میللەتی کورد بکات. ئەمە لێهاتوویی و لێزانی ئێوە نییە. ئینجا من چم دەوێ تا قبوڵیی هەر بێحورمەتییەک بکەم؟ سەعدی دەڵێ: "هر آنکس دەست از جان بشوید، هر آنچە در دل دارد بگوید" ئەگەر من بێ نەزاکەتیم زانیبا، زۆری ترم لە دڵدا بوو پێی بڵێم! تازە ئەوەی من لە خودام داوا کردوە، پێی داوم. واتە مەرگ و شەهید بوون لە پێناوی ئایین و گەلەکەمدا و هیوادارم بە ڕوویەکی سورەوە بچم بۆ بارەگای خودای گەورە و مێهرەبان.**)

لە کۆتاییدا دادگا ئەو تاوانانەشی خستە پاڵ قازی محەمەد کە گوایە ئەم دێڕە شیعرە: "اگر سراسر پشت بر دشمن دهیم، ازان بە کە یکی بە کشتن دەهیم" بۆ کۆمەڵێک ئەفسەر و کادیری کۆمار خوێندوەتەوە و ئەوانیش کردوویانە بە دروشمی خۆیان، بەڵام قازی محەمەد لە وەڵامدا گوتی: (**جاری یەکەمە من ئەو شیعرە دەبیسم**)، دوایی دادستان خۆی گوتی نانا، ئەو شیعرە سەدری قازی گوتویەتی و قازی محەمەد شیعرێکی تری بەرامبەر هێزە چەکدارەکانی کۆماری کوردستان گوتووە و گوتوویەتی ئەرتەش و حکومەتی ئێران وەک دێڕە شیعری: "پیر مردی زنزح می نالد، پیرە زن صندلیش میمالد."

سەروان کیومەرس ساڵح دوای خانەنشین بوونی، لەژێر نوسی گۆڤارێکی تردا دەنوسێت: ئەو کاتەی هەواڵنێری ماهنامە ئەرتش بووم، وەک هەواڵنێر، لە زۆربەی دادگاکانی مەدەنی و سەربازیی و بەدویدا بەشداربووم، بەڵام هەرگیز کەسێکم بە ڕادەی قازی محەمەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە. هەرگیز لە کاتی دادگاکردنیدا نەترسابوو و زۆر بەبێ باکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، وەک ئەوە دەچوو لە کۆڕی جەژن و داوەتدا دانیشتبێت.

هەرلە سەروبەندی دادگایی کردنی قازی محەمەد بۆ جاری دووەم کیومەرس ساڵح لە ماهنامەدا دەنوسێ: (**تەوای هەلومەرج و ڕووداوەکانی دادگایی کردنەکەی وەکو خۆی نوسیوە.**) دیارە هەر بەو هۆیەشەوە دواتر بە تاوانی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی سوپا و دژی ئەمنیەت بوون، مهنامەکەیان بڵاونەکردەوە و سەروان کیومەرس ساڵحیشیان دادگایی کردوە.

لە درێژەی نووسینەکەیدا سەروان کیومەرس ساڵح دەنوسێ: (**کاتێک سەرهەنگ نیکوزادە ئیهانەی بە قازی محەمەد و گەلی کورد کرد و قازی محەمەدیش زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە، قازی محەمەد گوتی: "پێشنیان ئێمە، ئێوەیان زۆر باشتر لە ئێمە ناسیبوو. یا خوا خودا لەو شاعیرە خۆش بی کە گوتویەتی....**"!) سەروان ساڵح دەڵێ: شیعرێکی زۆر بە واتا و بەرز و گەرمی خوێندەوە کە بە فارسی بوو و ڕەگ و ڕیشەی عەجەم و شیعەی دەرهێنا. حەزم دەکرد ئەم شیعرە بنوسمەوە و بزانم شیعری کێیە، بەڵام کات، کاتی دادگا بوو و نەمتوانی شیعرەکەی پێ دووبارە بکەمەوە و لە دوای خوێندنەوەی شیعرەکە، قازی محەمەد گوتی هەزاران ڕەحمەتیان لێ بێ. دیسان سەرهەنگ عەتا پرسیاری لە قازی محەمەد کرد و پرسی لەو کاتەوە کە مەلا مستەفا بارزانی لەو ناوە ڕۆیشتووە، هیچ پێوەندییەکتان لەگەڵیدا هەبووە، ئەگەر بووە، لە چ ڕۆژێکدا و چۆن بووە؟

قازی محەمەد گوتی: (**تا بارزانی گەیشتە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە تەماس و پێوەندیمان پێکەوە هەبوو، بەڵام لەوەتە ئەو دور کەوتووەتەوە، هیچ پێوەندییەکمان نەماوە و ئاگام لێی نییە!**) دیسان لێیان پرسی، ئایا دەکرێ بڵێی ئەوکاتەی لەگەڵ مەلا مستەفادا پێوەندیت هەبوو، مەلا مستەفا چی پێڕاسپاردی، چ نەخشەیەکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو؟ لە وەڵامدا قازی محەمەد دەڵێ: (**مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵدا من لەگەڵی بچم، تا نەخرابوومە بەندیخانەوە پێیگوتم کە من دڵ بەبێ تاوانیی خۆم خۆش نەکەم! مەلا مستەفا وێنەی ڕاستینەی ئێوەی عەجەمی بۆ کێشام و حاڵی کردم کە ئێوە چۆنن و چین و کێن!!**)

سەرهەنگ عەتایی لێی پرسی: دەکرێ بڵێی ئەو وێنەیەی کە لە ئێمە بۆی کێشایەوە، چی بوو و چۆن بوو؟ قازی محەمەد گوتی: (**بە ڕاستی مەلا مستەفا ئێوەی لە هەموو کەسێک باشتر ناسیوە، ئەو پێیگوتم: هیچ گەل و میللەتێک وەک عەجەم نییە، عەجەم کاتێک دەسەڵاتی هەبوو، لە خۆی بێبەزە و بێویژدانتر و زاڵمتر نییە، بەڵام ئەگەر ژێردەست بوو، کەس ناتوانێ و نازانێ وەک عەجەم خۆی مەزلوم**

بکا و بپارێتەوە. لە کاتی بەهێزییشدا هەرچی لە دەستی دێ، دەیکا و لەکاتی بێدەسەڵاتییشدا بە هەر چییەک خۆی دەرباز کا، دەیکا و دەڵێ جا تۆ بە هیوای ئە وە مەبە کە تاوانێکت نە کردوە، عەجەم لێت خۆش ببێ.)

دیسان سەرهەنگ عەتایی پرسی پەشیمان نیت کە لەگەڵی نەڕۆیشتی؟ قازی محەمەد وەڵامیدایەوە (ئەگەر خوای گەورە ئەو شێوە مەرگەم بە خۆ بەهیلاکدان دانەنێ، نا پەشیمان نیم، چونکە بەڵێنم بە میللەتی کورددابوو لەگەڵیان بژیم و لە پێناویاندا بمرم! دڵنیام ئەگەر من ڕۆییبام و ئەمنتان نەکەوتایە دەست، کەسانی زۆرتان لە خەڵکی مەهاباد و میللەتی کورد بە تۆڵەی من دەکوشت، جا بۆیە خۆشحاڵم بەوەی یەکەم کار من بێتاوان دەکوژرێم و دووەمیش بە بەڵێنی خۆم وەفام کرد و هیوادارم ڕوسووری دنیا و قیامەت بم لە لای خودا و لە لای میللەتەکەی خۆم.)

پرسیار: ئایا کاتێک تۆ زیندانی بووی، بارزانی لە دەرەوەی مەهاباد، هیچ نەخشە و پلانێکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو یان شتی تر؟

قازی محەمەد گوتی: (بەڵێ، بارزانی خەبەری دامێ کە هەر شەوێک دەڵێی من دەتوانم ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانم بنێرم و بێنە ناو پادگان و بە هەر جۆرێک بێت لە بەندیخانە ڕزگارت بکەم! مەلا مستەفا زۆری مەبەست بوو لە بەندیخانە نەمێنمەوە و نە کوژرێم.)

پرسیار: ئەی بۆچی ئەو کارەت نەکرد؟

وەڵام: (من خۆم نەمویست.)

پرسیار: لەبەرچی؟

قازی محەمەد وەڵامی دایەوە: (لەبەر چەند هۆیەکەوە بوو.)

سەرهەنگ عەتایی پرسی: هۆیەکان چی بوون؟

قازی محەمەد گوتی: (سەرەتا لەبەر ئەو پەیمان و بەڵێنانەم بوو کە گوتم، دووەمیش بۆ ئەو بووە زیاتر لەوە خوێن نەڕژێت، بەتایبەت لە پێناو مانەوەی مندا و نیگەرانی کوشت و کوشتار بووم!).

سەرهەنگ عەتایی گوتی: بە ڕاستی نیگەرانی خۆت بووی یان بارزانییەکان یاخود نیگەرانی سەربازانی ئێمە بوو؟

قازی محەمەد گوتی: (نەوەڵا، نە نیگەرانی خۆم بووم و نە نیگەرانی سەربازانی ئێوە، بەڵکوو نیگەرانی کوردەکان و لاوە بارزانییەکان بووم، دەنا من ئەوەم بۆخۆم داناوە و دەمزانی هەر دەکوژرێم، ئەمەیان ئاواتی منە!).

سەرهەنگ عەتایی گوتی: دەکرێ بڵێی بۆ ئەوەندە نیگەرانی بارزانییەکانی؟

قازی محەمەد لە وەڵامیدا گوتی: **(لەبەر چەند هۆیەک!).**

سەرهەنگ عەتایی: ئەو هۆیانە چین؟

قازی محەمەد: **(چونکە مەلا مستەفا و بارزانییەکان هیوای دواڕۆژی میللەتی کوردن و منیش ئاڵای کوردستانم بە ئەوان سپاردوە، ئەوان پارێزگاری ئەو ئاڵایە بکەن تا ڕۆژی خۆی. ئاڵای کوردستان لای ئەوانە، نەک ئەوە کە سەرهەنگ نیکوزادە تفی لێ کرد و پێی لەسەر دانا! هیوام بە خودایە ڕۆژێک بێت، ئەو ئاڵایە بە دەستی بە توانا و بە هێزی بارزانی لەسەر ئەم خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم و هەموو شوێنە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە.)**

سەرهەنگ عەتایی: دوایین پرسیار، ئایا بە ڕاستی خۆت نەچووی یا مەلا مستەفا لەگەڵ خۆی نەیبردی و نەیویست لەگەڵیدا بیت؟

قازی محەمەد: **(وا دیارە ئەوانەی کە من تا ئێستا گوتوومە، باوەڕت پێیان نییە.)**

سەرهەنگ عەتایی: نا، حەز دەکەم ڕاستییەکەیم پێ بڵێی.

قازی محەمەد: **(سەرهەنگ پێتڕادەگەیەنم کە تۆش ئیهانە نەکەی! یانی چی ڕاستییەکەیت پێ بڵێم؟ نا من بۆکوێ دەڕۆم، ئێرە خاکی کوردستانە ؛ باب و باپیرانم لێرە ژیاون؛ خۆ من پیشەورەیی ژن سیفەت نیم وڵات و میللەتەکەم بەجێ بهێڵم و هەڵێم!)**

سەرهەنگ عەتایی لە ترسی قازی محەمەد کە دووبارە توڕە نەبێتەوە و وەک نیکوزادە ئەویش ڕیسوا نەکا بە پەلە داوای لێبوردنی کرد و سوێندی خوارد کە مەبەستی ئیهانە کردنی نەبووە، بەڵکوو قسەیەک بووە و هاتووە. قازی محەمەد گوتی: **(ئەگەر قسەیەکم گوتبی و ئێوە پێتان خۆش بووە، ئەوە دیارە زۆریانم بەپێچەوانە پێگوتون، دەنا دڵنیام ئەوەی گوتوومە هەمووی وایە!)**

سەرهەنگ عەتایی: بە ڕاستی داوات لێدەکەم وەڵامی ئەم پرسیارەشم بدەیەوە کە بۆچی ئەوەندە هۆگریت بە میللەتەکەت و وڵاتەکەت هەیە، بۆچی و چۆن بوو ئیجازەت بە بێگانەدا بێتە ئەم وڵاتە و ببێتە سەربارى گەلەکەت؟

قازی محەمەد: **(دیارە ئەوەندە ئەو وشەیە دووبارە دەکەنەوە، مەبەستتان هێزەکانی ڕوس و ئینگلیزە!).**

سەرهەنگ عەتایی: نا مەبەستم مەلا مستەفا بارزانییە!

قازی محەمەد بە پێکەنینەوە گوتی: **(دەمێکە وەڵامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە، دووبارە کردنەوەی پێناوێ، پێمگوتن بارزانی نەمن هێناومە و نە بێگانە و غەیرە**

**کوردە! مەلا مستەفا کوردە و کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە و مەلا مستەفای بارزانییش وەکوو ئینسانێک لە بەشێکی ماڵەکەی خۆی هاتووەتە بەشێکی ترەوە! هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێن و لایەکی ملّک و ماڵی خۆیدا دانیشێ و ئەوە مافی خۆیەتی. ئەوەش باش باش بزانن کە من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم، دەنا من چەند ئوتۆمبیلم لەبەر دەستدا هەبوو، هەرکات و ساعاتێک مەیلم بووایە، دەمتوانی بڕۆم و لە خاکی ئێران دەربچم، زۆر باشیش لە سەرئەنجامی کارەکەی خۆم ئاگادار بووم. ئێوەشم زۆر باش دەناسی، هەر وەک بارزانی گوتی ئێوەی عەجەم لە کاتی زەلیلیدا کەس نازانێ و ناتوانێ وەک ئێوە بپاڕێتەوە و مەزلومییەتی خۆی نیشان بدا، بەلاّم لە کاتی دەسەلاّتدارییدا، کەس لە عەجەم زاڵمتر و بێبەزەیی و کەللەڕەقتر و دڵ ڕەشتر نییە!!.)**

بەم شێوەیە دادگایی قازی محەمەد کۆتاییهات. ئینجا نۆرە گەیشتە محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و زۆر بە هەیبەت و ویقار و لە سەرەخۆیی و بوێری هاتە ژوورەوە و هەر پێی وانەبوو دادگایە.

دادگایی کردنی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی

سەرهەنگ نیکوزادە هاتە سەر جێی تایبەت بە خۆی و دەستی کرد یەکەم پرسیاری ئاراستەی سەیفی قازی کرد.

پرسیار: چۆن بووی بە وەزیری جەنگ و بەرپرسی ئەو پۆستە بێ واتایە و مەبەستی تۆ لەوە چی بوو؟

سەیفی قازی: **(من بە شانازییەوە ئەو پۆستەم وەرگرت و مەبەستم خزمەتکردن بوو بە نەتەوەکەم و هیچی تر.)**

پرسیار: مەبەستت خزمەت بوو، یان کۆکردنەوە ماڵ و سامان بۆ ژیان؟

سەیفی قازی بە پێکەنینەوە گوتی: **(سەرهەنگ مەگەر تۆ من ناناسی؟ من بۆ پارە ئەو کارەم نەکردوە، بەڵکوو من دوو ملیۆن تمەن پارەی خۆم سەرفی نەتەوەکەم و کۆماری کوردستان کردوە. تۆ شتێک لە من نازانی و دەربارەی ڕێوڕەسم و دادگا و یاساش بێئاگای.)**

لێرەدا چونکە سەرهەنگ هێشتا لە وەلاّمەکانی قازی محەمەد تووڕە بوو، ویستی بیانوو بە سەیفی قازی بگرێ، بەلاّم سەیف هۆشیاری کردەوە و گوتی: **(ئێمە دەستمان لە ماڵ و سامانی خۆمان هەڵگرتووە، ئەگەر تۆسقاڵێک دم درێژی بکەیت، من وەک قازی محەمەد نیم.)** مستی خۆی پێشاندا و گوتی: **(بە مستەکۆڵە سەر و ڕووو و ددانەکانت ورد دەکەم. سەرووتر لە مەرگ کە ئاواتی ئێمەیە، شتێکی**

**تر نییە، یەک ملیۆن درۆ و بوختـان و قسـەی پروپـوچ و بـێ بنەماتـان بـۆ ئێمە هەڵبەستوە و دەتـانەوێ غەڵەتـی تـریش بکەن. هەمـوو ئەو درۆیـانەی بـۆ ئێمەتـان هەڵبەسـتوە، بـێ بنەمـان، بەڵام مـن هەر لێرە پێتـان ڕادەگەیەنـم کە هەمـوو درۆ و بوختانەکانتان قبووڵ دەکەم و ئامادە نیم هیچ وەڵامێک بەتۆ بدەمەوە.)** بەم جۆرە دادگایی کردنی سەیفی قازی بە کۆتا هات.

دادگـایـی کـردنـی ئـەبولقـاسم سەدری قـازی

یەکەم پرسـیاری دادوەر لە سـەدری قـازی ئەوە بـوو: ئەو شـیعرە چییە کە بـۆ بارزانیت گوتووە؟

سەدری قازی گوتی: **(بەڵێ ئەو شیعرەم نوسیوە، چونکە ئەوم خۆش ویستوە و شیعرم بۆ داناوە.)**

دادوەر گـوتی: بـۆچی لە تەورێـز لەگەڵ پیشـەوەریی کۆبـوویەوە، لە میانـدواو لەگەڵ نمـازعەلییۆڤ فەرمانـداری سـەربازیی ڕوسـیا گفتوگـۆت کـرد و لە مەراغە چاوت بە ئەلکساندر کەوت و هاتوچۆی کۆنسوڵی ڕوسیات لە ورمێ کردوە؟

ئەبولقاسم سەدری قازی گوتی: **(ئەوانە پێویستی سەردەم بوون.)**

دادوەر گوتی: ئەوانە جاسوسـی کردن بـووە بـۆ ڕوسـیا. بەڵام سـەدری قـازی ئەوەی ڕەد کردەوە و گوتی: **(جاسوسی بۆچی و بۆکێ؟ لە ناچەی ئێمەدا چ شتێک هەیە کە ڕوسەکان خۆیان نەیان بینیبێت؟ ئایا شوێنێک هەیە کە ڕوسەکان خۆیـان سـەردانیان نەکردبێـت؟)** ئەم جارەیـان دادوەر چەنـد نـامەیەکی دەرهێنـا و پرسـی ئەوانە چین کە لێرە و لەوێ نوسیوتن؟ سەدر قازی گوتی: **(هەر نامەیەکم لە جێیەک نوسیوە و کۆپییەکانیشم لایە، داوا دەکەم کەسێک بنێرن تا نامە و بەڵگەکانم کە لە تارانن، بێنن تا باشتر ڕوون بێتەوە لە کوێوە و بۆ کێم نوسیون.)**

بەم جۆرە دادگای قازییەکان تەواو بوو لیژنەکە دەستیان بە ڕاوێژ و گفتوگۆ کرد و بە پێچەوانەی دادگای سـەحرایی یەکەم، ئەمەیـان نیـو کـاتژمێری گـرت و ڕای خۆیان دەربڕی، بەڵام ڕاو بۆچوونەکانی دەسـتەی دووەم دە کـاتژمێری خایاند. لەو ماوەیەدا مەهاباد و تـاران لە پێوەندیدا بـوون، تـا سـەرئەنجام کـاتژمێر ٢٤:٠٠ دادگـا حـوکمی ئیعـدامی بەسـەر هەر سـێ کەسـیاندا سـەپاند و زۆر بەپەلە بە تارانیـان ڕاگەیاند.

هەرچەندە قازی محەمەد و سەیف و سـەدری قـازی و ئێمە ئاگاداری حوکمە دراوەکە نەبـووین، بەڵام کاتێـک ڕەنگـی فەرمانـداری سـەربازی پەڕی و دەسـتی وەلەرزە کەوت و زۆر بە جددی بە بێتەل خەریکی پێوەندی کردن بوو لەگەڵ تـاران، سـزا ڕاگەینـدراو دەرکەوت و هەرچەنـدە بڕیـار بـوو ئەو شـەوە نیوکـاتژمێر لەگەڵ

تاران پێوەندیی بگیرێ، بەڵام هەمووو شەوەکە لەنێوان سەرکردایەتی سوپا و دەرباری شادا چاوەڕوانی حوکمی دادگا بوون.

لە ڕاستیدا دادگای پێداچوونەوەش هەمان بڕیاری دادگای یەکەمی ڕاگەیاند و سەرنجی نەدا بە وەڵامدانەوە و ڕەدی تاوانەکان لەلایەن قازییەکانەوە و بەڵگەیەکی بۆ تاوانەکانیان نەهێنایەوە و حوکمی ئیعدامی هەر سێ قازییەکانی پەسەند کردەوە. ئەم جارە لەو فیکرەدا بوون کە جێیەک لە شاردا بدۆزنەوە و حوکمەکەی تێدا بەڕێوە بەرن. فەرمانداری سەربازیی چوارچرا و چەند بینای تری دەستنیشان کرد. فەرماندار گوتی شوێنی ئیعدامی ئامادە کردوە.

لە سەرەتادا ویستیان حوکمەکە بە فەرمانداری مەهاباد بسپێرن و ئێمە لەگەڵ لیژنەی دادگا بگەڕێینەوە بۆ تەورێز و لەوێشەوە بۆ تاران، بەڵام لەپڕ ئاگاداریان کردینەوە کە دەستەی دادگا تا بەڕێوەچوونی حوکم دەبێ لە مەهاباد بمێنێتەوە و ئێمەش بە ناچار تا جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدامی قازییەکان لەوێ ماینەوە.

قازییەکان دوای تەواو بوونی دادگا لە سەربازگەی مەهاباد ڕاگیران و سەربازیان لە دەوروبەری بیناکە دانا. بڕیار درا یەکە یەکە سواری ئوتۆمبیلێکی بارهەڵگریان بکەن و هەر بارهەڵگرەش دە سەربازی چاودێریان لەگەڵ بێت. بە قازییەکانیان گوت ئێوە دەبەین بۆ تاران. فەرمانداری مەهاباد بە ئەفسەرێکی گوت یەکە یەکە بیانهێنن بۆ گۆڕەپانی چوار چرا. من بۆ تەواو کردنی ڕاپۆرتەکەم بۆ گۆڤار چووم بۆ زیندان، کاتێک لەگەڵ ئەفسەرەکە چووینە ژوورەوە، قازی محەمەد خەریک بوو نوێژی دەکرد. ئەفسەر، قازییەکانی ئاگادار کردەوە و گوتی خۆتان ئامادە بکەن، ئێوە ڕەوانەی تاران دەکەین. بە گوێرەی فەرمان هەرکامەیان لە ئوتۆمبیلێکدا دە سەربازی چاودێریان لەگەڵ بوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە فەرماندار حوکمی سەربازیی ڕاگەیاند کە هیچ کەسێک نابێ لە ماڵەکەی بێتەدەر و دەوروبەری شاری مەهاباد پڕ بوو لە سەرباز[1].

---

[1]– ئەم بەشەم بە پشت بەستن بە سێ ڕاپۆرتی لێک جیاواز بە مەودای نۆ ساڵ ئامادە کردوە. ڕاپۆرتی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی "سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێراندا" بەرهەڤکردنی بەدرەدین ساڵح کە ساڵ ٢٠٠٧ لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردوەتەوە. ڕاپۆرتی دووم هی سایتی ئینتەرنێتی راه تودە ئۆرگانی لایەنگرانی حیزبی تودەی ئێران لە دەرەوەی وڵات کە بە ژمارە ٥٦٣- ١٩٩٥/٥/٢١- ٢٠١٦/٨/١١، لە ژێر ناوی ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆ لە دادگایی کردنی قازی محەمەد بڵاوکردوەتەوە. ڕاپۆرتی سێیەم هی مهنامەی ارتشە بە ژمارە ٦٦- مسلسل ١٥٣ کە دەقی دادگایی کردنی "پێشەوا قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی" ی لە ساڵ ٢٠٠٩ لە ١٦ لاپەڕەدا بڵاوکردوەتەوە. هەر سێی ئەو ڕاپۆرتانە لەلایەن سەروان کەیومەرس ساڵحەوە بۆ گۆڤاری مانگانەی سوپای ئێران "مهنامە ارتش" ئامادە کراوە و لە ڕوکنی دووەمی سوپای ئێراندا ئەرشیڤ کراوە.

## لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵانی و کاردانەوەی خەڵکی مەهاباد

هەروەکوو لە بەشی پێشوودا بینیمان قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە دادگایی کردنێکی رووکەشدا، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی محەمەد ڕەزا شا سزای مەرگیان بەسەردا سەپا. بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵانی بە وتەی سەروان کەیومەرسساڵح لە ماوەی کاتژمێرێکدا هەرسێ قازییەکانیان سواری ئوتۆمبیل کرد. قازی محەمەد لە ئوتۆمبیلی یەکەمدا، سەیفی قازی، دووەم و سەدری قازی لە ئوتۆمبیلی سێیەمدا چاوەڕوان بوون. لە تارانەوە فەرمان گەیشتبوو کە بۆ چاوترساندنی گەلی کورد و هۆشیار کردنەوەیان، قازییەکان لە گۆڕەپانی چوارچرا لە سیدارە بدەن.

فەرمانداری مەهاباد پێشتر ماڵێکی سێ قاتەی لە نزیک چوارچرا بە خاوەنەکەی چۆل کرد کە لەوێوە ئەفسەر و سەربازەکان چاودێریی بەسەر شاردا بکەن. ئەو خانووبەرەیە سێ دەرگای هەبوو، یەکێک لە دەرگاکانی بەرەو گۆڕەپانی چوارچرادا دەکرایەوە و دووەمی دەچوو بۆ حەوشەی ماڵەکە و سێیەمیشی دەیڕوانییە دەرەوەی گۆڕەپانی چوارچرا.

سەرهەنگ نیکوزادە دەستی کرد بە خوێندنەوەی حوکمەکان و لە قازی محەمەدی گەیاند کە حوکمی دادگا دەبێ هەر ئێستا بەڕێوەبچێت. لەبەر ئەوە، بە قازی محەمەدی گوت ئەگەر وەسیەتت هەیە، بڵێ، یان خۆت بینوسە. قازی محەمەد داوای لە دادوەر کرد کە ئیزن بدات وەسیەتنامەیەک بۆ نەتەوەکەی بنوسێت. دادوەر ئیزنی پێدا و ئەویش داوای کاغەز و قەڵەمی کرد کە دەستبەجێ کاغەز و قەڵەمیان بۆ هێنا.

قازی محەمەد بۆ ئەوەی سەرهەنگ نیکوزادە و ئەوانەی لەوێ بوون، تێبگەن، بە مەلای مەهابادی[1] گوت: "**ئەوەی دەیڵێم تۆ بینوسە.**" مەلا گوتی: " قوربان بزانم دادوەر ئیزن دەدات." قازی محەمەد تووڕە بوو و گوتی: "**دادستان کێیە و چ کارەیە کە ئیزن بەمن بدات، یان ئیزن نەدات کە من دەمەوێ چ بنوسم؟!**"

---

[1]- بە وتەی چەند ئەندام لە بنەماڵەی قازییەکان، مەبەستی سەروان کەیومەرس ساڵح لەو مەلا مەهابادییە، مەلا سدیقی سدقی بووە.

قازی محەمەد ئەم وەسیەتەی خوارەوەی بە زمانی فارسی گوت و لە مەلا مەهابادییەکەی ویست کە ئەویش بە زمانی کوردی بینوسێتەوە. بەڵام مەلا گوتی: "قوربان من ناتوانم بە زمانی کوردی بنوسم." قازی محەمەد تورە بوو و گوتی: "**ئەوەش یەکێکە لە چارەڕەشییەکانی نەتەوەی کورد!**" قازی محەمەد خۆی دەستی کرد بە نووسینی وەسیەتنامەکەی. بەدرەدین ساڵح لە کتێبی "سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێراندا" دەقی ئەو وەسیەتنامەیەی لە سەروان کەیومەرسی ساڵح وەرگرتووە و ڕەوانشاد سەعید هۆمایونیش هەمان نوسراوی لە لاپەڕەکانی ١٤٠- ١٤٣ی کتێبەکەیدا بڵاوکردوەتەوە. بە گوێرەی ئەو نوسراوانە، پێشەوا وەسیەتنامەکەی بەشێوەی خوارەوە، بە خەتی خۆی نوسیوە:

**بسم‌الله الرحمن الرحیم**

**میللەتی کورد، ڕۆڵە و برا و ئازیزەکانم! برا بەش خوراوەکانم، میللەتە زوڵم لێکراوەکەم! وام لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا، چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم، وەرن بە خاتری خوا چیتر دوژمنایەتیی یەکتری مەکەن؛ یەک بگرن و پشتتان وەیەکتری بدەن، لە بەرانبەر دوژمنی زۆردار و زاڵم دا بوەستن، خۆتان بە خۆرایی بە دوژمن مەفرۆشن، دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ، تا کاری خۆی پێتان جێبەجێ دەکات و قەت بەزەیی پێتاندا نایە؛ لە هەر هەلێکدا بێ، قەت لێتان نابووری.**

**دوژمنانی گەلی کورد زۆرن، زاڵمن، زۆردارن؛ بێبەزەیین؛ ڕەمزی سەرکەوتنی هەر گەل و نەتەوەیەک، یەکگرتن و یەکبوونە؛ پشتگیریی تەواوی میللەتە. هەر میللەتێک یەکێتی و تەبایی نەبێ، هەر دەم ژێردەستی دوژمنانی دەبێ، ئێوە گەلی کورد! هیچتان لە گەلانی سەر ئەم گۆیەی زەوی کەمتر نیە، بەڵکوو لە پیاوەتی و غیرەت و لێهاتوویی؛ لە زۆر لەو گەلانەی ڕزگار بوون لە پێشترن. ئەو میللەتانەی کە لە چنگی دوژمنە زۆردارەکانیان ڕزگاریان بووە، وەک ئێوەن؛ بەڵام ئەوانەی خۆیان ڕزگار کردوە، یەکێتیان لە نێوان‌دا هەبووە؛ با ئێوەش وەکوو هەموو گەلانی ڕووی زەوی، چیتر ژێردەست نەبن؛ هەر بە یەکگرتن و حەسوودی بەیەک نەبردن و خۆ نەفرۆشتن بە دوژمنان لە دژی نەتەوەکەمان دەتوانن ڕزگار بن.**

**براکانم! چیتر فریوی دوژمن مەخۆن؛ دوژمنی کورد لە هەر ڕەنگ و دەستە و قەومێک بێت، هەر دوژمنە، بێ ڕوحمە، بێ ویژدانە؛ ڕوحمتان پێ‌ناکا، بە یەکترتان بەکوشت دەدا؛ تەماحو وەبەر دەنێ؛ بە درۆ و فڕوفێڵ بەگژ یەکترودا دەکا؛ لەناو هەموو دوژمنەکانی گەلی کورد، دوژمنی عەجەم لە هەموویان زاڵمتر و مەلعوونتر**

و خوا نەناستر و بێبەزەییترە؛ لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە گەلی کورد دەست ناگێڕێتەوە؛ هەر بە درێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد، غەرەز و کینەی ڕیشەداری هەبووە و هەیەتی.

تەماشا کەن، بڕوانن تەواوی گەورە پیاوانی گەلەکەتان، لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە؛ تا جەوهەر ئاغای برای و هەمزە ئاغای مەنگور و چەند و چەندین مرۆڤی دیکە، هەر هەموویان بە فریودان، ئارامیان کردنەوە و خەڵکیان لە پشت کردنەوە و ئینجا زۆر نامەردانە، کوشتیانن؛ هەموو ئەوانەیان بە سوێند و قورئان فریودان کە گویا عەجەم نییەتی خێری لە گەڵیاندا هەیە و چاکەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام هەر کوردە خۆش باوەڕە و بە سوێند و سۆزی عەجەم فریوی خواردوە و باوەڕی پێ هێناون؛ کەچی تا ئێستاش بە درێژایی مێژوو، کەس نەیدیوە تاکوو جارێکیش عەجەم بە سوێند و وادە و ئەو پەیمانانەی کە بە سەرانی کوردی داوە، وەفای پێ بکاو وادەکانی لەگەڵ کورد بەجێ بگەیەنێ؛ هەر هەمووی درۆ و فڕوفێڵ بووە. جا وا من وەکوو برایەکی چووکەی ئێوە، لە ڕێگای خوادا، بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم: یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن. دڵنیا بن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردوە. بە سوێند و بەڵێنی درۆی عەجەم فریو مەخۆن؛ کە ئەگەر هەزار جار دەست لە قورئانی پیرۆزیش بدا و بەڵێنتان پێ بدا، دڵنیا بن مەبەستی فریودانی ئێوەیە، تاوەکوو فێڵێکتان لێ بکا.

وا من لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خودای گەورە ئامۆژگاریتان دەکەم، پێتان دەڵێم و خوا بۆ خۆی دەزانێ کە من ئەوەی لە دەستم هات، بە سەرو بەگیان و تێکۆشان، بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕێگەی ڕاست نیشاندانی ئێوە، درێغیم نەکردوە. ئێستاش لەو ساتەدا و لەو بارودۆخەدا، دیسان پێتان ڕادەگەیەنم کە چیتر فریوی عەجەم نەخۆن و باوەڕ بە سوێند و دەست لە قورئان دان و بەڵێن و سۆزەکانیان مەکەن. چونکە عەجەم نە خوا دەناسن و نە باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەر هەیە و نە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەتو حسابو کیتاب هەیە. لە لای ئەوان ئێوە هەر لەبەر ئەوەی کە کوردن، با موسڵمانیش بن، تاوانبار و مەحکوومن، بۆ وان دوژمنن؛ سەرو ماڵو گیانتان بۆ ئەوان حەڵاڵەو بە غەزای دەزانن، بەڵێنم وانەبوو من بڕۆم و ئێوە بە دەست ئەو دوژمنە دڵڕەشانەوە بەجێ بهێڵم، زۆر جاریش بیرم لە ڕابردوو و گەورە پیاوانمان کردوەتەوە، کە عەجەم بە فریوو سوێندو درۆ و حیلە گرتوویانو کوشتوویانن، چونکە لە مەیدانی نەبەردیدا پێیان

نەوەستانو نەیان توانیوە لە بەرانبەریاندا ڕابوەستن، ناچار بە درۆ و فڕوفێڵ هەڵیان خەڵەتاندون و کوشتوویانن.

من ئەوانم هەر هەموویان لەبیر بوو؛ قەتیش باوەڕم بە عەجەمان نەکردوە؛ بەڵام عەجەم لە پێش گەڕانەوەیان بۆ ئێرە چەندین جار وەڵام و ڕاسپاردەیان بە نامە و بە ناردنی کەسی ناوداری کوردو فارس بە دانی بەڵێنو پەیمانی یەکجار زۆرو بۆرەوە کە دەوڵەتی عەجەمو شا خۆی نیەتی خێریان هەیەو ئامادە نین تەنانەت دڵۆپێک خوێن لە کوردستان بڕژێ.

ئێستا ئێوە ئەنجامی بەڵێنەکانیان بە چاوی خۆتان دەبینن؛ ئەگەر سەرانی هۆزو عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردباو خۆیان بە حکومەتی عەجەم نەفرۆشتبا، ئێمەو ئێوە و کۆمارەکەمان وای بەسەردا نەدەهات.

ئامۆژگاری و وەسیەتم ئەوەیە: با منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ئێمەی میللەتی کورد هیچمان لە میللەتانی دیکە کەمتر نیە، ئیللا خوێندن نەبێ؛ بخوێنن بۆ ئەوەی لە کاروانی گەلان دوا نەکەون، هەر خوێندن چەکی کوشندەی دوژمنە.

دڵنیا بن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتنو خوێندەواریتان باش بێ؛ زۆر باشیش بەسەر دوژمنانتاندا سەردەکەون، ئێوە نابێ بە کوشتنی منو براو ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ، هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکوو ئێمە لەو ڕێگایەدا "گیانی خۆیان" بەخت بکەن؛ تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان.

دڵنیام لە دوای ئێمەش زۆر کەسی دیکە هەر بە فێڵو دوو ڕوویی لە بەین دەبرێن. دڵنیام زۆر لەوانەی لە دوای ئێمەش دەکەونە داوی فڕوفێڵی عەجەمان، لە ئێمەش زاناترو لێهاتووتر دەبن، بەڵام هیوادارم کوشتنی ئێمە ببێتە پەندو عیبرەت بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد. وەسیەتێکی دیکەم بۆ ئێوە ئەوەیە کە لە خوای گەورە داوا بکەن، هەر چیەکتان بۆ سەرفرازیی ئەو گەلە کرد، کۆمەکتان لە ئەو بۆ بێ؛ دڵنیام خوای گەورە سەرتان دەخاو کۆمەکتان دەکا. ڕەنگە بڵێن ئەی بۆ من سەرنەکەوتم، لە وەڵامدا دەڵێم: بەو خوایە من سەرکەوتووم؛ چ نیعمەتێک و چ سەرکەوتنێک لەوە گەورەترە کە ئێستا وا من لە ڕێگەی گەل و میللەتو وڵاتەکەمدا، سەرو ماڵو گیانم لە پێناوی ئەودا دادەنێم، باوەڕ بکەن من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو، ئەگەر مردم بە مەرگێک بمرم کە لە حزووری خوا و ڕەسووڵی خواو گەلو میللەتەکەمدا، ڕوو سوور بم؛ بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە.

خۆشەویستەکانم! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە؛ هەر وەکوو لە ماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەر کەس لە هەر جۆرە کارو کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەو

کارەی پێدەسپێرن، ئیتر کەس مافی چاوچنۆکیی پێنیە، کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە؛ ئەگەر زانیتان کەسێک لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لە دەست دێ؛ لێی گەڕێن با بیکا. ئیتر نابێ بەرد بخەنە سەر ڕێی‌و نابێ بەوە دڵگیر بن کە یەکێک لە ئێوە بەرپرسیارەتیی گەورەی بەدەستەوەیە. ئەگەر کاری گەورە کەوتۆتە سەر شانی کەسێک و بەڕێوەی دەبا، دیارە لێی دەزانێ و بەرپرسیارەتیی گەورەتریشی لە بەرانبەر ئەو ئەرکەدا هەیە.

دڵنیابە برا کوردەکەت هەر چاکترە؛ دوژمن کینەی لە دڵەو ئەگەر من بەرپرسیاریەتیی گەورەم لە سەرشانی نەبوایە، ئێستا لەژێر داری سێدارەدا ڕانەدەوەستام. بۆیە نابێ لەگەڵ یەکتری‌دا چاوچنۆک بن. ئەوانەی فەرمانی ئێمەیان بەجێ نەدەگەیاند، نەک هەر فەرمان جێبەجێ نەکردن، بەڵکوو بە تەواوی دوژمنایەتییان دەکردین، لەبەر ئەوەی خۆمان بە خزمەتکاری خەڵکی خۆمان دەزانی، ئێستا ئەوان لەنێو ماڵ‌و منداڵی خۆیان، لە شیرین خەودان، بەڵام ئێمە بە ناوی خزمەتکردن بە میللەت، وا لە ژێر داری سێدارەین‌و خەریکم دوایین ساتەکانی ژیانم بەم وەسیەت نامەیە تەواو دەکەم؛ جا ئەگەر منیش بەرپرسیارەتی گەورەم لەسەر شان نەبووایە، ئێستا منیش وەک ئێوە لە ناو خاوخێزان و ماڵی خۆم لە شیرین خەودا دەبووم، ئەوەی کە ئامۆژگاریتان بۆ دوای خۆم دەکەم، ئەمەش یەکێکە لەو بەرپرسیارەتیانەی کە لەسەر شانمە، دڵنیام ئەگەر کەسێکی دیکە لە ئێوە؛ بەرپرسیارەتیی‌یەکانی منی وەئەستۆی خۆی گرتبا، ئێستا ئەو لە شوێنی من لە ژێر سێدارە دەبوو. وا من بە مەبەستی ڕەزایەتی خوداو بە پێی بەرپرسیارەتی سەرشانم، وەکوو کوردێکی خزمەتکاری گەل و لە ڕێگای کاری چاکدا (امر بالمعروف) ئەو چەند ئامۆژگارییەم کردن کە هیوادارم لەمەودوا عیبرەت وەربگرن‌و بە تەواوی گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگرن. بە هیوای خوای گەورە بەسەر دوژمنانتان‌دا سەرکەون.

١- باوەڕتان بە خوداو (ماجاء من عندالله) و پەرستنی خودا و پێغەمبەر (د.خ) و بەجێگەیاندنی ئەرکی ئایینی پتەو بێ.

٢- یەکیەتی و تەبایی لە نێوان خۆتان‌دا بپارێزن، کاری نەشیاو لە بەرانبەر یەکتردا مەکەن‌و چاوچنۆک مەبن؛ بە تایبەت لە بەرپرسیاریەتی‌و خزمەت کردن‌دا.

٣- خوێندن‌و زانست‌و پلەی زانیاریتان بەرنە سەرەوە؛ بۆ ئەوەی کەمتر فریوی دژمنان بخۆن.

٤- باوەڕ بە دوژمنان مەکەن، بە تایبەت بە دوژمنی عەجەم، چونکە بە چەند هۆو ڕێگاوە عەجەم دوژمنی ئێوەیە، دوژمنی گەلو نیشتمانو ئایینتانە. مێژوو سەلماندویەتی کە بەردەوام لە کورد بە بەهانەیەو بە کەمترین تاوان دەتانکوژێو لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە کورد دەست ناگێڕیتەوە.

٥- بۆ چەند ڕۆژێک ژیانی بێ قیمەتی ئەم دنیایە خۆتان مەفرۆشن بە دوژمن، چونکە دوژمن دوژمنەو جێگەی هیچ باوەڕ پێکردنێک نیە.

٦- خیانەت بە یەکتری مەکەن، نەخیانەتی سیاسیو نە گیانیو ماڵیو ناموسی، چونکە خیانەتکار لای خوداو مرۆڤ سووکو تاوانبارە، خیانەت بە ڕووی خیانەتکاردا دەگەڕێتەوە.

٧ ئەگەر یەکێک لە ئێوە توانی کارەکانی ئێوە بە بێ خیانەتکردن ئەنجام بدا، هاوکاری بکەن، نەوەک لە پێناوی چاوچنۆکیو بەخیلیدا دژی بوەستن، یان خوا نەکا لەسەری ببن بە جاسووسی بێگانە.

٨- ئەو شوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا نووسیومە بۆ مزگەوتو نەخۆشخانەو قوتابخانە؛ ئێوە هەمووتان داوای بکەن تا دەکرێو سوودیان لێوەردەگیرێ.

٩- ئێوە لە خەباتو هەوڵو تێکۆشان مەوەستن؛ تا وەک هەموو گەلانی دیکە لە ژێر چەپۆکی دوژمنان ڕزگارتان دەبێ، ماڵی دنیا هیچ نیە، ئەگەر وڵاتێکو هەبێ، سەربەستییەکو هەبێ؛ ماڵو خاکو نیشتمانەکەو هی خۆتان بێ، ئەو کاتە هەموو شتێکتان هەیە، هەم ماڵ، هەم سەروەت، هەم دەوڵەتو ئابڕو و نیشتمانیشتان دەبێ
.

١٠- من پێم وا نیە حەقی خودا نەبێ، حەقی دیکەم لەسەر بێ؛ بەڵام ئەگەر کەسێک لای وابوو، لە کەم تا زۆر شتێکی لای منە، سەروەتی زۆرم جێ هێشتوە، با بچێ لە واریسانم داوا بکاو وەری بگرێتەوە.

تا ئێوە یەکتر نەگرن، سەرناکەون؛ زوڵمو زۆر لە یەک مەکەن، چونکە خوا زۆر زوو زاڵم لەبەین دەباو نابوودی دەکا، ئەوە بەڵێنی خواوەندە بێ کەم و زیاد، زاڵم دەڕوخێ و نابوود دەبێ، خوا تۆڵەی زوڵمی لێدەکاتەوە.

هیوادارم ئەوانە لەگوێ بگرنو خوا سەرکەوتووتان بکات
خزمەتگوزاری گەل و نیشتمان
قازی محەمەد

شایانی باسە، ئەوەی خوارەوە دەقی وەسیەتنامەکەی پێشەوایە کە سەروان کەیومەرس ساڵح بەشێوەی خوارەوە بڵاویکردوەتەوە و بۆمن دیار نییە، کاتێک

کـــاک بەدرەدیـــن دەقەکەی لەوە وەرگرتـــووە، بـــۆچی درێژتـــر نوســـراوە، بەڵام هەردوویان یەک ناوەڕۆکن:

بسم الله الرحمن الرحيم

میللەت، منداڵ و برا ئازیزەکانم

نەتەوەی ستەم لێکراو، بێبەش و چەوساوەی کورد!

ئێستا لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا چەند ئامۆژگاری ئێوە دەکەم.

دەست لە دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرن، یەک بگرن و پشتیوانی یـەکتر بن و لـە بەرامبەر دوژمنی زاڵمدا بوەستن. خۆتان ئەرزان بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمـن تـا ئەوکاتە ئێوەی دەوێت تا کارەکەی بە ئێوە ئەنجام بدات و هەرگیز بەزەیی بە ئێوەدا نایەت و لە هیچ هەلێکدا دژی ئێوە چاو ناپۆشێت.

دوژمنـــانی نەتـــەوەی کـــورد زۆرن، زاڵمـــن، بە هێـــز و بـــێ بـــزەن. هێمـــای سەرکەوتنی هـەر نەتەوەیـەک یەکیـەتیی و یەک بوونـە. یەکڕیزیـی پشـتیوانی تەواو عەیاری نەتەوەکانە.

هەر نەتەوەیەک یەکڕیـــز و پـــێکەوە نەبێـــت، بەردەوام لە ژێردەســـتی دا دەمێنێتەوە. ئێوە نەتەوەی کورد هیچتان کەمتر لە نەتەوەکانی تر و نیشتمانی ئەوان نییە، تەنانەت لە پیاوەتی، غیرەت و شایستەیی دا، ئێوە لەو نەتەوانەی ئازاد بوون، زیاترن. ئەو نەتەوانەش وەک ئێوەن کە لە چنگ دوژمنی زاڵم ڕزگاریان بووە.

ئامۆژگاری و وەسیەتم بۆ ئێوە ئەوەیە کە ڕێگە بدەن بە منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ئێمەی کورد شتێکمان لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە، جگە لە خوێندن نەبێت. بخوێنن تا لە کاروانی نەتەوەکانی تر جێ نەمێنن.

ئێوە نابێ چاوتان بە کوژرانی من و برا و ئامۆزاکانم بترسـێت. هێشـتا زۆر کەســـی تـــری وەک ئـــێمە دەبـــێ لەو ڕێـــگەیەدا لە دەســـت بچـــێ، تـــا بە ئـــاوات و ئارەزووەکانمان بگەین.

کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەکوو ئەندامانی ئەو ماڵە گەر شتێکیان لە دەست بێت، کاریـان پـێ دەسـپێردرێت "واتە کارێک لە ئەسـتۆ دەگرێ" و جێـی منـەت بـۆ کەس نیـیە. کوردسـتانیش وەک ئەو مـاڵەیە، ئەگەر زانیتـان یەکێـک لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لەدەست دێ، چاوچنۆک مەبن و

ڕێگەی بدەن بەڕێوەی بەرێت، ئیتر نابێ بەردی بخەنە ژێر پێی و ڕێگەی لـێ بگرن.

ئەگەر من بەرپرسایەتی گەورەم نەبووایە، ئێستا لەژێر داری ئیعدام نەدەبووم. لەبەر ئەوە نابێ مننەت لەسەر یەکتر دابنێین.

سەعدی دەڵێت:

مراد من نصیحت بود و گفتیم "مەبەستی من ئامۆژگاری بوو و کردم"

حوالت با خدا کردیم و رفتیم "بە خودامان سپاردن و رۆیشتین"

کەیومەرس ساڵح دەڵێت: (دوای تەواوبوونی ئەم وەسیەتنامەیە قازی محەمەد لە دادوەری پرسی: "پێت خۆشە بۆتی بخوێنمەوە؟" دادوەر لە وەڵامیدا گوتی پێویست ناکات. قازی محەمەد گوتی: "زۆر باشە، بەڵام بە شەرعی ئیسلام ئیعدام بە تەناف و لە سێدارەدان ناپەسندە و ئەگەر من دەکوژن، گوللەبارانم بکەن." دادوەر داوای ئەوی قبووڵ نەکرد و قازی محەمەد بەرلە چوونی بۆ ژێر داری سێدارە، ڕووی لە قوبلە کرد و هەردوو دەستی بەرز کردەوە و گوتی: "خودایە تۆ خۆت شاهیدی کە من لە خزمەتکردن بە نەتەوەکەم کۆتاییم نەکردوە."

ئەو ڕێوڕەسم و دوعا و پاڕانەوەیە نزیکەی بیست خولەکی گرت. ئەو وشانەی قازی محەمەد بە زمانی کوردی دەیگوت، مەلا کوردە مەهابادییەکە بە فارسی بۆ منی دەگوتەوە. دوای ئەو ڕێوڕەسمە، قازی محەمەدیان بردە شوێنی ئیعدام و پتر لە دوو خولەکی نەگرت کە قازی محەمەد گیانی دا. کاتژمێر گەیشتبووە چواری نیوە شەو.)

کەیومەرس ساڵح لە درێژەی وتەکانیدا، دەڵێت: (ئەم جارەیان فەرمانیاندا بارهەڵگری محەمەد حوسێنی سەیفی قازی بەرەو گۆڕەپانەکە بێت. سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانیان هێنایە ناو هۆدەکەوە و لەوێ چاوی بە دادوەر و مەلای مەهابادی و سەرۆکی ئیدارەی تەندروستی کەوت و دەستبەجێ لە مەسەلەکە گەیشت، بەڵام وەسەرخۆی نەهێنا و ڕەنگیشی نە گۆڕا. دادوەر حوکمەکەی بۆ خوێندەوە و گوتی: "دەتوانی وەسیەت بکەی یان وەسیەتی خۆت بنوسی." سەیفی قازی دەستبەجێ چووە پشت مێزێک و وەستیەتنامەکەی لە دە لاپەڕەدا نوسی. کات لە بەیانی نزیک ببووەوە کە ئەویان بردە شوێنی ئیعدام. هەرکە چاوی بە لەشی بێ گیانی سەرۆک کۆماری کوردستان کەوت، دەستی کرد بە دروشمدان دژی زوڵم و ستەمکاران و دەنگی بمرێ شای بەرز کردەوە. دەگەیشتە هەر ئەفسەر و سەربازێک وەربەر شەق و مستانی دەدا و دەیخستە سەر زەوی. گوڕرەی شێرانەی سەیفی قازی تەواوی خەڵکی دەوروبەری چوارچرای لە خەو هەستاند. بە هەر زەبرێک کە لە ئەفسەر و سەربازەکانی دەدا،

به دەنگـی بڵنـد دروشـمی بـژی قـازی مـحەمەد، بـژی نەتەوەی کـورد و بـژی سـەربەخۆیی نەتەوەی کوردی دەگوتەوە. دەیگوت ئێمە دەمرین، بەڵام خەیاڵتان خاوە، هەرگیز کورد نامرێ.

چونکە دەنگی سەیفی قازی زۆر بەرز بوو و بۆخۆشی کەسێکی بە هەیبەت و زۆر نەترس بوو، زۆربەی خەڵکی مەهاباد بە دەنگی ئەو لە خەو هەستان، بەڵام چونکە حکوومەتی سـەربازیی ڕاگەینـدرابوو، هـیچ کەسـێک نەیـوێرا لە مـاڵەکەی بێتەدەر. تـا سـەربازەکان ئەویـان گەیانـدە ژێـر دار، چەنـد ئەفسـەر و سـەربازی عەجەمی بە شەق و مستەکۆڵان خستە سەر زەوی.

سەرئەنجام ئەویان گەیاندە ژێردار و هەڵیانواسی. دوای دوو خولەک تەنـافی دارەکەی پسـا و دووبـارە ئەویـان بەرز کـردەوە، هێشـتا دروشـمی دەدا و ئەم جارەیـان ئەویـان بە تەنـافی داری سـەدری قـازییەوە هەڵواسـی و ئیعدامیان کـرد. کاتژمێر گەیشتە پێنجی بەیانی کە گیانی دا.)

کەیومەرس ساڵح دەڵێت: (نۆرە گەیشتە ئەبولقاسم سەدری قازی، چونکە ئەو بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لە نزیک گۆڕەپانەکە لە بـارهەڵگردا ڕاگیرابـوو و هـاوار و دروشمەکانی سەیفی قازی بیستبوو، دەیزانی چ ڕوویداوە و بە تەواوی گێژ و مات بوو. ئەویش دانیشت و وەسیەتنامەی خۆی نوسی. سەربازەکان ئەویشیان بـرد و لە سیدارەیان دا.

دوای لە سێدارەدراوەکان، ئەو ئۆتۆمبیلەی کە پێشتر منی لە تارانەوە هێنابوو، کەلـوپەلی ئێمەی بـار کردبـوو و هـاتبوو هەنـدێک دوورتـر لە گۆڕەپـانی چـوارچرا ڕاوەستابوو. لیژنەی دادگا و من و چەند سەربازی هاوڕێمان بەپەلە سوار بووین و بەرەو میاندواو و تەورێز بەڕێکەوتین.

کـاتژمێر ١٠:٠٠ گەیشـتینە میانـدواو. هەرگیـز بـاوەڕم نەدەکـرد کە سـەرۆکی نەتەوەی کورد تا ئەم ڕادەیە ئازا و نەترس بێت. لە دوورەوە توانیم چەند وێنەیان لـێ بگـرم، بەڵام نەمتـوانی لێیـان نزیـک بـمەوە، دوای ئیعـدامیش چەنـد وێـنەم لە دوورەوە لێ گرتن.

قازی محەمەد بە مەلای مەهابادی گوت: "سبەینێ وەسیەتنامەکەم بۆ خەڵکی مەهابـاد بخـوێنەوە" و وەسـیەتنامەکەی دایە، بەڵام دادوەر پێـی گـوت: "ئەمە لە داهـاتوودا ئـاژاوە دەخوڵقێنێـت و ئەوی لێـوەرگرت و دای بەمـن و منـیش لە "ویژەنامە"دا چاپم کرد.)

بەم شـێوەیە پێشـەوا قـازی مـحەمەد، محەمەدحوسـێن خـانی سـەیفی قـازی و ئەبولقاسـمی سـەدری قـازی سـێ قارەمـانی نەتەوەی کـورد و کۆمـاری کوردسـتان

ڕۆژی ١٣٢٦/١/١٠- ١٩٤٧/٣/٣١ لەو جێیەی کە کۆماری کوردستانیان لێ ڕاگەیاندبوو، لە سێدارە دران. لەشکری چواری ورمێ کاتژمێر ٨ ی بەیانیی ئەو ڕۆژە ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی سەبارەت بە لەسێدارەدانی قازییەکان بڵاوکردەوە:

**سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ورمێ "ڕوکنی دووەم"**
**ژمارە ١٩١٢٥- ١٣٢٦/١/١٠- ١٩٤٧/٣/٣١ کاتژمێر ٨ ی بەیانیی**
**ڕاگەیاندن**

**لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٠ – ١٩٤١ دا محەمەد قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و محەمەد حوسێن سەیفی قازی لە مەهاباد دەستیان دایە زنجیرەیەک هەڵخەڵەتاندن و چالاکیی دژی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە و بەرە بەرە کاری پیاوکوژانەی خۆیان پەرەپێدا کە هەندێک ڕووداوی داخهێنەری وەک هێرشکردنە سەر شارەبانیی مەهاباد و کوشتنی پێنج پاسەوان، تالانکردنی شارەبانیی و لەناوبردنی بەڵگە و دەستهاوێژیی و پیاوکوژییەکانی خۆیان، کوشتنی "مەحمودیان"[1] بازرگانی مەهاباد**

---

[1]- کوشتنی مەحمودیان بە دوای ڕاگەیاندنی کۆمار و خوێندنەوەی وتار لەلایەن محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و حەمەدەمین موعینی ئەنجامی گرت. ئەوان لە وتارەکانیاندا هێرشیان کردە سەر پیاو خراپەکانی سەربە ڕژێمی ئێران بە ڕاشکاوی ناوی ئەم چەند کەسەیان وەک کەسانی دژ بە کۆماری کوردستان هێنا: عەلی عەلیار، ڕەحیمی وەستا عیزەت، غەفور محمودیان، هەمزەعەلی قاوەچی، مەلا ڕەحمان سرونجداغی، محەمەد عەباسی، عەلی نەوزەری، عەبدوڵای بابیز ئاغا، بابیز ئاغا و کاکاڵا ئاغای گەورک، قەرەنی ئاغای مامەش و محەمەد فاروقی.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ونبوودا سەبارەت بە کوژرانی غەفور مەحمودیان، دەڵێت:
**(میرزا غەفور لایەنگری دەوڵەتی بریتانیا بو و بە هیچ جۆر دانی لەگەڵ تودەیی و دەوڵەتی سۆڤیەت دا نەدەکوڵی. بەلام چون پیاوێکی لێهاتو و بە توانا بو تودەییەکان و ڕاسپاردەکانی یەکێتی سۆڤیەت هەوڵێکی زۆریان دەدا بیکەن بە لایەنگری خۆیان. هەربۆیەش سێ جار لەگەڵی دانیشتبون و بەڵێنیان پێ دابو بیکەن بە گەورە و بەرپرسی ناوچەکە و تەنانەت هەمو کوردستانی بۆ ڕێک بخەن و لە ژێر چاودێری و دەسەلاتی ئەودا بێ. ڕۆژێک نەماز عەلیۆف بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و حزبی تودەی ئێران لە میاندواو ڕا دێتە مەهاباد و دەچێتە شارەوانی. ئەو کات سەرۆکی شارەوانی سەیید پیرەی نیزامی بو. دەڵێ بنێرە لە دوای میرزا غەفور کارم پێیەتی. دوای وتووێژێکی زۆر و بەڵێندانێکی زۆر میرزا غەفور وەلامی دەداتەوە و دەڵێ گەورەیی و سەروەری تەنیا بە بەژنی قازی محەمەد براوە و هیچ کەس بۆ ئەو کارە لەو شیاوتر نییە. من تا ماوم ئەو خیانەتە بەو ناکەم. دوای ئەو قسانە زۆر بە تورەیی و بێ ماڵ ئاوایی لەکن عەلیۆف دێتە دەر و بەرەو ماڵ دەڕواتەوە. دەسبەجێ عەلیۆف بە کەسێکی نزیکی خۆیان بە ناوی سەعید حەمە قالە کە ئەندامی حزبی تودە بو دەڵێ بڕۆ میرزا غەفور بکوژە. ئەو پیاوە بونی بۆ ئێمە مەترسی دارە.**

و "قـازی زاده" بەڕێوەبـەری ئیـدارەی ئامـار کـە هـەموویان بـوون بـە قوربـانیی زیادەخوازیی ئەوان. هەروەها تالانکردنی گوندەکان و ڕووداوی تری ناوچەکە.

محەمەد قازی بە هاوکاریی براکەی بە نـاوی سـەدری قـازی کە بە ڕوالـەت نوێنـەری خـەڵکی مەهابـاد بـوو لـە پەرلـەمانی ئێرانـدا، بـەلام لـە ڕاسـتیدا مـاکی بـەڕێوەبردنی سـەرەکیی نەخشـەی گـلاوی دابەشـکردنی بەشـێک لـە ئێـران بـوو. هـەروەها سـەیفی قـازی بـۆ جێبـەجێکردنی ئامـانجی نـاپیرۆز و گـلاوی خۆیـان، سـەرۆکی هـەموو ئیدارە دەوڵەتییـەکانیان لـە مەهابـاد دەرکرد و لـە ڕۆژی ٢٤ ی سەرماوەز- ١٥ ی دیسێمبەری ١٩٤٥ دا ئالای سێ ڕەنگی شێر و هەتاوی ئێرانیان لەسەر بینا حکومەتییەکان داگرت و ئالایەکیان بە ناوی ئالای کوردسـتان لـە جێی هەڵکرد.

محەمەد قازی لـە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤- ١٩٤٦/١/٢٢ دا خـۆی وەک سەرۆک کۆماری کوردستان ڕاگەیاند و کۆمەڵێک خەیانەتکاری ڕابوردوو خراپی بە نـاوی وەزیـری حکومـەتی خودموختـاریی کوردسـتان لەسـەر ئیشـوکار دانـا کـە هەموویان هاوکاری نزیکی خۆی بـوون، ئینجـا بۆ بـەربـەرەکانییکردنی هێزەکانی دەوڵەت، تاقمێکی چەکدار لە خەڵکی مەهاباد و بارزانییەکانی پێکهێنا و ژمارەیـەک چەک و تەقەمەنی لە ناو دانیشتووان و خێڵەکاندا دابەشکرد و ناردنی بۆ سـەقز و سەردەشـت. ئـەوەش بـوو بـە هـۆی زۆر ڕووداوی خوێنـاویی. هەرچەنـدە هێـزی دەوڵەت چەند جارێک لە کوردستان داوای فەرمانبەرداریی لێیـان کـرد، بـەلام هـیچ سـودێکی نـەبوو. هـەروەها بەڕێوبـەرانی خـاوەن ڕێـزی دەوڵـەت لـە تـاران گـەلێک

---

سەعید حەمە قالە  بە دوای میرزا غەفور دا دەڕوا و لە کۆلانی جولەکان لە پشتەوە ڕا بە دەمانچە میرزا غەفور دەکوژێ. ئەوە یەکەمین کوشتنی سیاسی ئەو سەردەم لە کوردستان بو کە بە فەرمانی کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت بەڕێوەچو.

برا و کەس و کاری میرزا غەفور گومانیان لە جەنابی قازی محەمەد هەبو کە بە فەرمانی ئەو کوژرابێ بەلام جەنابی قازی محەمەد هیچ ئاگاداری ئەو کارە نەبو.

دوای کوژرانی میرزا غەفور جەنابی قازی بە ڕاسپاردە سیاسییەکانی یەکێتی سۆڤیەت ڕادەگەیەنێ کە من بەرپرسیارەتی شار و ناوچە دەدەم بە کەسێکی تر و هیچ کات ڕازی نیم بێ سوچ و تاوان خە ڵکی شارەکەی من بەهۆی ئەوەی بە قسەی ئێوە ناکەن بکوژرێن. کوژرانی میرزا غەفور بە جۆرێکی تریش خراپ بو ئەویش ئەوە بو خەڵک ترسیان لێ نیشتبو و دەیانکوت نابێ لە قسەی ئەوان بچینە دەر دەنا زۆر بە هاسانی دەمانکوژن.

میرزا غەفور پیاوێکی خێرخواز بو دەستی فەقیر و هەژارانی دەگرت و زۆر لە نێو خەڵک دا خۆشەویست بو و ڕێزی تایبەتی هەبو هەر بۆیە خەڵک زۆری بۆ بە پەرۆش بون. ئەو ڕوداوە لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی - ١٩٤٤ ی زایینی دا ڕوی دا.)

هەوڵیاندا لەو بیرە نابەجێیە دوریانبخەنەوە، بەڵام سودی نەبوو، هەمان ڕێبازی خۆیان درێژە پێدا. دانیشتووانی شار و خێڵەکانیان هاندا کە بەربەرەکانی هێزەکانی حکومەت بکەن و بە نووسینیش فەرمانی هێرشبردنە سەر هێزە سەربازییەکانی سوپایان دەدا، بەڵام بە خۆشییەوە بە بیری گڵاوی ئەوانیان زانی و گوێیان نەدانێ. ئینجا هێزە سەربازییەکان پێشرەوییان کرد و هەموو پلانی خەیانەتکارانیان پوچەڵ کردەوە. لە ئەنجامدا ئەم خەیانەتکارانە دەستبەسەر کران و کەوتنە بەر دەستی داد. دۆسییەیان ڕەوانەی "دادگای سەربازیی سەردەمی شەڕ" کرا و هەر سێکیان بە لەسێدارەدان سزادران، دادگای پیاداچوونەوە، هەروەها خاوەنشکۆ شاهەنشا حوکمەکەیانی پەسەند کرد و لە کاتژمێری ٦ ی بەیانیی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوە- ٣٠ مارس سزاکە جێبەجێ کرا.

**فەرماندەی لەشکری چوارەم و هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان**
**سەرلەشکر هومایونی**[1] (پاشبەندی ٣٧)

دوای ڕۆیشتنی لیژنەی دادگا لە مەهاباد و هەڵگیرانی حکوومەتی سەربازیی، خەڵکی مەهاباد بە ژن و پیاو و گەورە و بچووکەوە ڕژانە سەر شەقامەکانی شار و خۆیان گەیاندە چوار چرا و بە ئاگادار بوونیان لە ئیعدامی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی ماتەمینێکی سەرتاسەریی شاری مەهابادی داگرت. لەو بارەیەوە عەلی قازی "کوڕی ڕەش" لە وتوویژێکی ڕاستەخۆی پیی گوتم: (ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٠- ١٩٤٦/٣/٣٠ کە بابم لە سێدارەدرا، ئێمە لە خەودا بووین و بە گریان و هاواری خەڵکی مەهاباد لە خەو هەستاین. لەگەڵ خەڵکەکە چووین بۆ چوارچرا، هێشتا بابم و حەمە حوسێن خان و سەیفی قازی بەسەر دارەوە بوون. ڕژێمی ئێران دەیویست بۆ ماوەی سێ ڕۆژان لە داریان نەکاتەوە، بەڵام بەهۆی توڕەیی خەڵکی مەهاباد نەیتوانی بڕیارەکەی بەرێتە سەر و ناچار بوو کاتژمێر ١١:٠٠ لە داریان بکاتەوە. خەڵک دوکان و بازاڕی داخست و دوای شوشتنیان لە مزگەوتی حاجی ئەحمەد، شەهیدەکانیان بە شان و خۆپێشاندان گەیاندە قەبرستانی مەلا جامی و لەوێ بە خاکیان سپاردن.)

لەو ڕۆژەدا خەڵکی مەهاباد بە کۆڵەباری خەم و پەژارەوە، محەمەد ڕەزا شا و بەکرێگیراوانی ڕژێمی پەهلەویان ڕوڕەش کرد و بە کۆمەڵ بەرەو شوێنی ڕاگرتنی

[1]- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕەی ١٧٢- ١٧٣، نووسینی حامید گەوهەری، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤.

تەرمەکـان چـوون. لەو بـارەیەوە سـەعید هومـایون کە لە نـزیکەوە شـاهیدی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بووە، دەڵێت: (خەڵکی مەهاباد دوای دەرکەوتنی خۆر و تەواو بـوونی حکوومەتی سـەربازی، ڕژانە سـەر شـەقامەکانی شـار و بە شـەهیدکرانی قازییەکانیان زانی. لەو کاتەدا گریـان و ماتەمینی هەمـوو شـاری مەهابـادی لەخۆ گـرت. دۆخەکە بە جۆرێـک بـوو کە زمـان و قەڵەمـی مـن توانـای گێـڕانەوەی ئەو کارەساتە دژ بە مرۆڤایەتییان نییە.

دوای ئاگاداربوونم لەو هەواڵە دڵتەزێنە، چووم بۆ ماڵی شەهید قازی محەمەد، ماڵەکەیـان لە ڕۆژی مەحشـەر دەچـوو. لەگەڵ چەنـد کەس چـووین بـۆ گۆڕەپـانی چوارچرا، کۆمەڵێکی زۆر سـەرباز کە بە چەکەوە دەوری گۆڕەپانەکەیـان گەمـارۆ دابوو، پێشیان پێگرتین، دایکم و ژنەکانی بنەماڵەی قازییان گەڕاندەوە، بەڵام چونکە سەرگورد نەوایی پارێزەری دانراو بۆ سـەدری قـازی منـی دەناسـی، دەسـتی منـی گرت و تا ژێر دارەکانی بردم. منیش کە لە مردووەیەکی بەجوڵە دەچووم، بە دیتنی ئەو دیمەنە ترسناکە زۆر بە پەرۆش بووم، بەڵام هەوڵمدا بەسـەر هەسـتی خۆمـدا زاڵ بم و لە بەرامبەر چارەنوسی خەمباری نەتەوەکەم دا کە لەوکاتەدا خەریکبوون تەرمی پاکی شەهیدەکانیان لە دار دەکردەوە، بەرپرسانە هەڵسوکەوت بکەم.

سەرهەنگ پارسی تەبـار بە سـەرو و ڕوویەکـی نـاحەز و تـوڕەوە، وەک میـر غەزەب ڕووبە ڕووی داری شەهیدەکان ڕاوەسـتابوو، و فەرمـانی بە سـەربازەکان دەدا کە من بەهۆی هەلومەرجی دەرونی وتەکانیم بۆ ڕوون نەبوو.

تەرمی پاکی شەهیدەکانیان بۆ شوشتن و کفن کردن بـردە مزگەوتـی "حـاجی ئەحـمەد" لە ڕوو بە ڕووی شـارەبانی. منـیش لەگەڵ هەڵگرانـی تەرمەکـان کە لە گەمارۆی سەربازەکاندا دەگواسترانەوە و سەروانێک فەرمانـدەیان بـوو، چـووم بـۆ مزگەوتی حاجی ئەحمەدی. دوای شوشتن و کفن کردنی تەرمی پیرۆزی هەر سێ شەهیدەکان، ئەوانمان بردە گۆڕستانی شار کە ئەوکاتە لە سەرەتای شەقامی "جامی جەم"ی ئێستا و لە گۆڕەپـانی مەلا جامییەوە تـا کۆتـایی شـەقامەکە، بە گۆڕسـتانی مەلا جـامی دەناسـرا و بینـا کـۆنەکەی فەرمانـداریی مەهابـاد لە بەشـی باشـوری گۆڕەپانی مەلا جامی بوو. بەشەکەی تری گۆڕەپانەکە دار و درەختیان لێ چاندبوو و شکڵ و شێوازی بینای نەبوو.

من و ئەوانەی لەوێ بوون، تابوتی پڕلە شـانازیی شـەهیدەکانمان لە شـوێنی ئێستای فرۆشگای فەرهەنگیانەوە گواستەوە بۆ گۆڕستانی مەلا جامی. لەوێ ڕووبە ڕووی دیمەنێک بوومەوە کە تا هەم لە بیری ناکەم. خەڵکی مەهاباد بە تایبەتی ژنان

و منداڵان و مێرمنداڵان که به کارەساتی له سێدارەدانی قازییەکانیان زانی، بەتێکڕا بۆ ماڵئاوایی کردن له پێشەوای ناکامیان و به خاک سپاردنی تەرمی پاکی شەهیدەکانی کوردستان، هاتنه گۆڕستانی مەلا جامی. بەبێ زیادەگۆیی ٨٠%ی خەڵکی مەهاباد، بەشی هەرە زۆری گۆڕستانی مەلا جامیان داپۆشیبوو. تا ئەو جێیەی چاوم هەتەری دەکرد، شەپۆلی تێکەڵاوی خەڵکم به ژن و پیاو، منداڵ و پیر و گەنجەوە دەبینی. به دەرکەوتنی تابوتی شەهیدەکان، خەڵک دەستی کرد به هاوار و گریان و له خۆدان، دەتگوت ڕۆژی قیامەتە. من به بینینی ئەو دیمەنه ترسناکه و بیستنی قیژە و هاوار و گوتنەوەی دروشمی نەتەوەیی و نیشتمانی لەلایەن خەڵکی مەهابادەوە، پتر بەخۆمدا هاتمەوە و تێگەیشتم که خوێنی شەهیدەکان ئیرادەی نەتەوەی کوردی قایمتر و بەهێز و بەتین تر کردوە.

له ڕاستیدا من توانای گێڕانەوەی ئەو دیمەنه و ئازایەتی و دەربرینی هەستی نەتەوەیی ئەو خەڵکەم نییە. سەربازەکان به بینینی ئەو دەریا شەپۆلاوییەی خەڵک، خۆیان ون کردبوو، ویستیان تەقه له خەڵکەکه بکەن و خەڵکەکەیان بەرەوە پاشەوە کشاندەوە، بەڵام ژمارەیەک له ئافرەتان له داخ و پەژارەوە، وەک شێری تووڕە، پەلاماری سەربازەکانیان دا و گەمارۆکەیان شکاند و خۆیان گەیاندە تابوتەکان و خاک و خۆڵی گۆڕەکانیان بەسەر خۆیاندا کرد. خەڵک یەک دەنگ جنێویان به شا و بەکرێگیراوانی شا دەدا و تا ڕۆخی گوڕەکان لەگەڵ تابوتی شەهیدەکان هاتن و هەرچەنده سەربازەکان دەیانویست ڕێگەیان پێ بگرن بەڵام نەیانتوانی. یەکەیەکی تریان سەرباز هێنا و ئەوان به زۆری سەرنێزە و تەقەکردن خەڵکەکەیان هەندێک دوور کردەوە و تەرمی پاکی شەهیدەکانیان به خاک سپارد. سەربازەکان بەرە بەرە له شوێنەکەیان کشانەوە و خەڵکەکه به گریان و هاوار گۆڕی شەهیدەکانیان له ئامێز گرت و پەیمانیان لەگەڵ قارەمانەکانیان نوێ کردەوە که تا دوا هەناسەی گیانیان بۆ ئازادی و دیموکراسی تێبکۆشن.

دوای چەند کاتژمێرێک، سەرلەنوێ سەربازەکان گەڕانەوە و پەلاماری خەڵکەکەیان دا و ناچاریان کردن گۆڕستانی مەلا جامی بەجێبهێڵن. به فەرمانی سەرکردایەتی سوپای ئێران، هەواڵی له سێدارەدانی قازییەکان بەشێوەیەکی نادروست و ئاڵۆز له ڕۆژنامەکانی ئێراندا بڵاوکرایەوە[1].)

---

[1]- سەعید هومایون، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٤٦- ١٤٧.

## چارەنوسی سەرکردەکان و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان

لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی یەکەم کاروانی شەهیدانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان بوون بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستاندا. چارەنوسی سەرکردە و کاربەدەستانی تری حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان پاش ئەو کارەساتە، جگەلە بارزانییەکان لەو چەند گروپەی خوارەوەدا دەبیندرێت.

**یەکەم گروپ:** یەکەم گروپ لەو بەرپرسانە، سەرۆک عەشیرەتەکانی دێبوکری، مامەش[1]، زەرزا، ڕەشید بەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک و سێ لە بەگزادەکانی مەرگەوەڕ بوون کە تەوقی جاشەتیان لە ئەستۆ کرد و لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە دژی نەتەوەکەیان پڕچەک کران.

هەروەکوو پێشەوا قازی محەمەد لە وەسیەتنامەکەیدا ئاماژەی بۆ کرد، ئەوانە هێمای لێکدابڕانی گەلی کورد بوون و ڕێگایان بۆ لەناوچوون و هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان خۆش کرد و دواتریش بوونە داردەستی دوژمن و لە ناوچەکانی پیرانشار، نەغەدە، دەشتی شنۆ، مەگەوەڕ و...تد پێش سوپای ئێران کەوتن بۆ لێدانی بارزانییەکان، جاشییەتی خۆیان بە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان سەلماند.

یەکەم هەنگاوی بەکردەوەی دێبوکرییەکان، چونکە سەرۆکەکەیان پێشتر پێوەندی بە سوپای ئێرانەوە هەبوو، لە بۆکانەوە هەڵگیرا کە هومایونیان ئاگادار کردەوە جادەی نێوان بۆکان بۆ مەهاباد بەفر بەستوویەتی و باشترە بۆ گەڕانەوە بۆ مەهاباد و داگیرکردنی، بە جادەی میاندواودا بچن[2].)

یەکێک لە هۆیەکانی خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا قازی محەمەد، هەڵوێستی عەشیرەتی دێبوکری بوو کە وەپێش دوژمن کەوتبوون بۆ تالآن کردنی شاری مەهاباد و تۆڵە کردنەوە لە نەیارانیان کە پێشەوا نەیهێشت ئەوان بەرلە سوپا پێ لە مەهاباد نێن و بەم جۆرە ئاواتی ئەوانی لە گۆڕ نا و نەیهێشت پلانەکەیان سەر بگرێت.

1- مامەشەکان دابەشکراون بەسەر دوو تایفەدا. تایفەی قادری و تایفەی قەرەنی ئاغا. قادرییەکان دۆست و نزیکی کۆماری کوردستان بوون و چەندان پۆستی باڵایان لە کۆماری کوردستاندا هەبوو، بەڵام تایفەی قەرەنی ئاغا دژی کۆمار بوون و هاوکاریی ڕژێمی ئێرانیان دەکرد.

2- ویلیام ئیگڵتن جۆنز، هەمان سەرچاوە، لە لاپەڕەی ٢٠٩.

**دووەم گروپ:** گروپی دووەم لە بەرپرسانی کۆماری کوردستان، وەزیرەکان و بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی کۆماری کوردستان بوون کە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشێکیان ڕایانکرد و مەهابادیان بەجێهێشت و لە عێراق و ئازەربایجانی باکور خۆیان گرتەوە. بەشێکی تریان گیران و بەشی سێیەمیان بۆ ماوەیەک خۆیان لەبەرچاوی پیاوانی ڕژێم ونکرد و پەنایان بۆ گوندەکان برد دوای هێمن بوونەوەی بارودۆخەکە گەڕانەوە سەرجێ و کاروباری خۆیان.

ئەو ژمارەیەی کە کەوتنە دەست دوژمن، کران بە دوو بەش. لە یەکەم کاردانەوەی دوژمندا ١٥ ئەفسەری کۆماری کوردستان بەو ناوانەی خوارەوە، ١٦ ڕۆژ دوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە مەهاباد، سەقز و بۆکان لە سێدارە دران:

حامید مازوچی، ڕەسوڵ نەغەدەیی، عەبدوڵا ڕەوشەن فیکر و محەمەد نازمی، ڕۆژی ١٣٢٦/١/١٦- ١٩٤٧/٤/٦ لە مەهاباد لەسێدارە دران.

شێخ ئەمین ئەسعەدی، شێخ سدیقی ئەسعەدی، عەلی ئاغا جەوانمەردی، ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی، عەبدوڵا خانی مەتین، محەمەد خانی دانیشوەر، ئەحمەدخانی شەجیعی، عەلی خانی فاتیح، محەمەد بەگی فەیزوڵا بەگی، حەسەن خانی فەیزوڵابەگی ڕۆژی ١٣٢٦/١/١٦- ١٩٤٧/٤/٦ لە سەقز لەسێدارە دران و ئەحمەدخانی فاڕوقی ناسراو بە "سالار"، لە هەمان ڕۆژدا لە بۆکان لە سەقز لەسێدارە درا.

جگە لەو پازدە خەباتکارەی کۆماری کوردستان، ڕژێمی عێراقیش ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٢٨- ١٩٤٧/٦/١٩، چوار ئەفسەری کۆماری کوردستانیی کە لەگەڵ هێزەکانی بارزانیی بوون، بەو ناوانە لە سێدارەدا: مستەفا خۆشناو، خێروڵا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی و عیزت عەبدولعەزیز.

گروپی دووەمی گیراوەکان کە ژمارەیان زیاتر بوو لە ئیعدام کراوەکان و لە وەزیر و کاربەدەستی سیاسیی کۆمار پێکهاتبوون، بەرە بەرە لە زیندان ئازاد کران و گەڕانەوە سەر ژیانی خۆیان. لە نێوان ئازاد کراوەکاندا حوسێن فروهەر و چەند کەسی تر کۆڵیان نەدا و سەرلەنوێ بەشدارییان کردەوە لە زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکرات و خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەمەی کوردستان بە دژی ڕژێمی پاشایەتی ئێران.

شارەبانی گشتیی سەربە وەزارەتی ناوخۆی ئێران دوای لە سێدارەدانی حامید مـازوچی، ڕەسـوڵ نەغەدەیـی، عەبـدوڵا ڕەوشـەن فیکـر و مـحەمەد نـازمی، ئەم ڕاپۆرتەی خۆوارەوەی بڵاوکردەوە:

**مێژوو ٢٦/١/٢٤**

**ژمارە ٧٥٨/٤٦١/ ١ وەزارتی ناوخۆ**

**شارەبانی گشتیی ئێران**

**بە ئاگاداریی بەڕێزتان دەگەیەنین. شارەبانی مەهاباد ڕادەگەیەنێ.**

**١- حامیـدی مـازوچی ٢- مـحەمەدی نـازمی ٣- عەبـدوڵا ڕۆشـن فیکـر ٤- ڕەسووڵی نەغەدە کە ئەفسەری دیموکراتەکانی مەهاباد و هاوکاری محەمەدی قازی بـوون لە بەرەی شـەڕی سەردەشـت و شـوێنی دیـکە دژی هێزەکـانی دەوڵەت ڕاپەڕینی چەکدارانەیان بەڕێوەبردوە، لە دادگای سەردەمی شەڕدا بە ئیعدام تاوانبار و لە تەورێـز زینـدانی بـوون، شـەوی٢٦/١/١٧ هێنـرانەوە بـۆ مەهابـاد و دوای بە جێگەیاندنی ڕێورەسمی ئایینی و یاسایی، کـاتژمێر ٢٤:٠٠ - ١٢ی نیوە شـەو- لە گۆڕەپـانی پەهـلەوی هەڵکەوتـوو لە خەیابـان لە سـێدارە دران و کـاتژمێر هەشـتی بەیـانی تەرمەکانیـان هێنـرایە خـوارەوە و دوای بە جێگەیانـدنی ڕێورەسـمی ئـاینی ئیسلام نێژراون و هێمنی پارێزراوە.**

لەلایەن سەرۆکی پۆلیسی گشتیی وڵات – سەرهەنگ حیسام وەزیری

ئیمزا (پاشبەندی ٣٨)

## چارەنوسی بارزانییەکان

هەروەکوو پێشتر ئاگادار بووین، مەلا مستەفا و هەڤالانی لەسەر داوای پێشەوا قازی محەمەد و بۆ ئەوەی کە شەڕ نەکەوێتە نێو شاری مەهاباد، ڕۆژێک بەرلە گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ئەو شارە، مەهابادیان بەرەوە نەغەدە بەجێهێشت. بە پاشەکشەی بارزانییەکان و نیشتەجێ بوونیان لە ناوچەی نەغەدە و شنۆ و گوندەکانی نزیکیان، سەرلەشکر هومایونی فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ داوای بینینی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانیی کرد. هومایونی و سەرگورد غەفاری بە یەکەوە لە مالّی "قولّی خان قەرەپەپاخ" سەرۆک هۆزی قەرەپەپاخەکانی نەغەدە، چاویان بە شێخ ئەحمەد و مستەفا کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا، هومایونی لە شێخ ئەحمەدی پرسی: دەتانەوێت چی بکەن؟ شێخ ئەحمەد گوتی: (**نامانەوێت لەگەلّ سوپای ئێران بە شەڕ بێین، تەنیا ئەوەندەمان دەوێت کە وازمان لێ بهێنن، تا دەگەینە بەهار، ئەوسا خاکی ئێران بەجێدێلّین، حکومەتی عێراق ڕازیی بێت یان نا.**) هومایونی لە وەلامیدا گوتی: "**باشترە ئەو مەسەلەیە لەگەلّ کاربەدەستانی تاران باس بکەن**"[1].)

شێخ ئەحمەد پێشنیازی هومایونی قبوولّ کرد و بڕیاریدا مستەفا بارزانیی بچێت بۆ تاران. بارزانیی ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٣٠- ١٩٤٦/١٢/٢١ بەرەو تاران کەوتەڕێ. عیزەت عەبدولعەزیز، نوری تەها، میرحاج ئەحمەد، حەمەدەمین میرخان، جەمیل تۆفیق بامەڕنی و خالید زراری لەگەلّ خۆی برد و سەرگورد غەفاریش لەگەلّیان چوو. لە تاران زۆر بە ڕێزەوە پێشوازییان لە بارزانیی و هەڤالانی کرد. لەو گەشتەدا، ژەنەڕالّ بارزانی چاوی بە محەمەد ڕەزاشا، قەوامولستەنە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی سوپای ئێران کەوت. بە نووسینی نەجەفقولی پسیان، محەمەد ڕەزاشا سێ ڕێگای بۆ بارزانییەکان دانا:

١- ئەگەر بارزانییەکان بخوازن لە ئێران بمێننەوە، دەبێ چەک دابنێن و لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ شوێنێکی تر بچن کە دەولّەت بۆیان دەستنیشان دەکات. دەولّەت بۆ ماوەی ٦ مانگ لە بواری ئابوورییەوە یارمەتیان دەکات و دواتر دەبێ بۆخۆیان کار بکەن و ئابووریی خۆیان دابین بکەن.

---
[1]- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ١٧٢.



٢- لە نێــوان بارزانییەکانــدا ئەگەر کەســێک دۆسیەی حوکمدراوی لەسەر بێت، دەوڵەتی ئێران پشتی دەگرێت و ڕێی پێ دەدات لە ئێران بمێنێتەوە و ئەوانی تر دەبێ بە زوویی خاکی ئێران بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

٣- ئەگەر بارزانییەکــان ئەم دوو مەرجە قبــوڵ نەکەن، دەبێ دەستبەجێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان، ئێران بەجێبهێڵن و بەو ڕێگایەدا بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان کە پێیدا هاتوون[1] لە وەڵامدا بارزانیی دەڵێت من ناتوانم بڕیار بدەم، تا نەچمەوە بۆ لای شێخ ئەحمەد کە ئەو دەسەڵاتدارە. هەرلەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری لە وتوێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم:

- **(مەلا مستەفا دوای گەڕانەوەی لە تاران کە نوری ئەحمەد تەهاشی لەگەڵ بوو، گوتی: شا پێیگوتم ئێوە دوو ڕێگەتان لەپێشە، یان دەبێ بڕۆن و لە خاکی ئێران بچنە دەرەوە، یان وەرن خۆتان تەسلیم بکەن و من لە ناوچەی هەمەدان داتاندەنێم. ئەو دوو ڕێگەتان لەپێشە و دەبێ چەک دانێن. بارزانی گوتی چارە نەبوو، چۆن خۆم لە دەستی شا ڕزگار بکەم؟ قەناعەتم هات کە ئەگەر ئەوە نەکەم دەمگرن. گوتم جەنابی ئەعلاحەزرەت من بەتەنیا نیم و براگەورەم هەیە و تەقالید و عاداتی ئێمە وایە کە لە ئەمری براگەورەی خۆمان دەرناچین. شێخ ئەحمەد براگەورەی منە. من ئەمری جەنابتم زۆر لا پەسەندە و زۆریش حەز دەکەم. ئێران وڵاتی خۆمانە، بەڵام دەبێ بچم لەو بپرسم، بەڵام جەنابیشت یەکێک لە باوەڕپێکراوانی خۆتم لەگەڵ بنێرە کە بەناوی جەنابیشتەوە پێی بڵێین و هەردوومان قەناعەتی پێ بێنین. بارزانی بەو فێڵە خۆی نەجات دا[2].)**

حکومەتی ئێران دەیویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، مستەفا بارزانی بە بارمتە بگرێت، بۆ ئەوەی کە شێخ ئەحمەد و بارزانییەکانی پێ تەسلیم بکات. بەو مەبەستە لیژنەیەکی نارد بۆ لای شێخ ئەحمەد. لیژنەکە پێی ڕاگەیاند: **(یان بە پەلە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، یان چەک بن و ئامادەی گواستنەوە بن بۆ هەمەدان، ئەگەرنا مەلا مستەفا ناگەڕێتەوە.)** وەڵامی شێخ ئەحمەد ئەوە بوو کە دوای کەوتنی سەرما و توانەوەی بەفر، لە بەهاردا ئێران بەجێدێڵین. دەربارەی مستەفا بارزانییش، گوتی:

---

[1]- از مەهاباد خونین تا کرانەهای آراس، لاپەڕەی ٤٤- ٤٦..

[2]- عەبدوڵا ئاغای پشدەری لە وتووێژێکی تایبەتدا، دەنگی لای من پارێزراوە.

**(ئێمە سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین، هەر یەکێک لە بارزانییەکان مستەفایەکن.)**
حکومەتی ئێران بە بیستنی هەڵوێستی شێخ ئەحمەد، ناچاربوو ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٩ بارزانی و هەڤاڵانی بگەڕێنێتەوە بۆ نەغەدە[1].

لەوە بارەیەوە و سەبارەت بە چوون و گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ تاران، ڕۆژنامەی "آرس" ڕۆژی ١٣٢٦/١/٢٠- ١٩٤٧/٤/١٠، نوسی: **(مەلا مستەفا هاتە تاران و لەگەڵ کاربەدەستە جیاوازەکان وتوویژی کرد. سەبارەی بەو وتوویژانەی ڕزمئارا دەڵێت: "ئێمە سێ ڕێگەمان خستە بەردەم بارزانی و پێشنیازمان پێکرد:**

**١- ئەگەر دەیانەوێت هاووڵاتی ئێران قبووڵ بکەن و بێن لە دەرەوەی تاران لە جێیەکی تایبەتدا نیشتەجێ بن، دەوڵەتی ئێران بۆ ماوەی شەش مانگ بەخێویان دەکات کە بتوانن بە ڕێگەی کاری کشتوکاڵدا ژیانی خۆیان دابین بکەن.**

**٢- ئەگەر نایانەوێت لە ئێران بمێننەوە، ئێمە ئامادەین لە بواری ئەخلاقییەوە ١١١ کەسیان کە دەوڵەتی عێراق حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندون. لە لای خۆمان ڕابگرین و ئەوانی تر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ عێراق.**

**٣- ئەگەر ئەو دوو پێشنیازەمان قبووڵ نەکەن، دەبێ خاکی ئێران بەجێ هێڵن و بە مەلا مستەفا گوترا ڕۆژی ١٢/١- ١٩٤٧/٢/٢٠ هێزەکانی سوپا دێن و ناوچەکەیان لە دەست دەردێنن. مەلا مستەفا گوتی: "ئەو پێشنیازەی ئێوە بە عەشیرەتی خۆم دەگەیەنم و ئاکامەکەی بە ئێوە دەڵێم." ئێمە ئەومان ناردەوە لای بارزانییەکان، دەپرسن بۆچی ئەوتان لە تاران ڕانەگرت؟ یەکەمیان ڕاگرتنی ئەو کاریگەریی لە بەربەرەکانیاندا نەبوو، دووەم بەپێچەوانەی پیاوەتی بوو و ئێمە بەوجۆرە بەڵێن و شەرەفی خۆمان نەخستە ژێرپێ. بەهەر حاڵ، بارزانی گەڕایەوە لای عەشیرەتەکەی و دوای چەند ڕۆژ هەواڵ گەیشت کە بڕیاریانداوە بگەڕێینەوە بۆ عێراق...)** هەرلەو بارەیەوە هەفتەنامەی "جهان پاک" ڕۆژی ١٣٢٦/١/٢٥- ١٩٤٧/٤/١٥ نوسی: **(بارزانی پێشنیازەکانی قبووڵ نەکرد.)**

دوای گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی و هەڤاڵانی لە تاران، سەرتیپ هومایونی و سەرگورد غەفاری سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ نەغەدە تا ئەگەر بارزانییەکان ئامادەی گەڕانەوە نەبن بۆ باشوری کوردستان، بیانگوازنەوە بۆ هەمەدان. شێخ ئەحمەد لە وەڵامی هومایونیدا گوتی: **(پێشتر گوتومانە هەرکاتێک بەفر تواییەوە و ڕێگاکان کرانەوە، ئێمە خاکی ئێران بەجێدێڵین، بەڵام چەکدانانێین، ئێمە شەڕخواز نین و ئەگەر پەلاماریشمان بدەن، بەرگری لەخۆمان دەکەین.)**

1- مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە.

بێ ئاکام بوونی گفتوگۆکانی هومایونی لەگەڵ شێخ ئەحمەد، کاربەدەستانی ڕژێمی ئێرانی هاندا کە بە هاوکاری ئەو عەشیرەتانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆیان کرد، پەلاماری بارزانییەکان بدەن و ئەوان لە سنوری ئێران دوور بخەنەوە. لەبەر ئەوە ژەنەراڵ بارزانی چوو چاوی بە سەرۆک عەشیرەتەکانی مامەش، پیران و مەنگوڕ کەوت و داوای لێکردن، کاتی هێرشی سوپای ئێران بۆسەر بارزانییەکان، بێلایەنی بگرنەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا، نەغەدەیان بەجێهێشت و بەرەی بەرگریی کردنیان لە نەغەدەوە گواستەوە بۆ سنوری نێوان نەغەدە و پیرانشار و شنۆ و ورمێ و لە بەرزاییەکانی قەلاتان" و گوندەکانی دەوروبەری دابەزین.

بەڵام هەروەکوو چاوەڕوان دەکرا، سوپای ئێران سەرەتا ئەو عەشیرەتانەی پڕچەک کرد کە پەیوەست نەبوون بە کۆماری کوردستان و لایەنگرییان لە کۆمار و پێشەوا و بارزانییەکان نەدەکرد. بۆ ئەو مەبەستە ڕوویان لە قەرەنی ئاغای مامەش کرد و پلانیان بۆ مامەشەکانی سەربە قەرەنی ئاغا دانا کە داوێنی چیای "سپی ڕێز" تا دۆڵی "گادەر" بگرن. لەبەر ئەوە ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢٣ ژەنەراڵ بارزانی پانزدە پێشمەرگەی بە فەرماندەیی "سەعید وەلی بەگ" و هاوکاریی "میرزاغا ڕەشۆ، خانۆ شیخ ئومەر و حالی باپیر گەلۆکی" ناردە گوندی "سێڵوێ" کە ئەو ئاغایانە بگرن و بیانهێنن بۆ شنۆ تا وەک بارمتە ڕابگیرێن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانە. پێشمەرگەکان لە گوندی سێڵوێ لەگەڵ ئاغاکان کۆدەبنەوە و داوایان لێدەکەن چەک دابنێن و خۆبەدەستەوە بدەن کە یەکێک لە ئاغاکان دەست بۆ دەمانچەی بەرپشتی دەبات. پێشمەرگەکان نازانن کە ئەو ئاغایە دەیەوێ چەک دابنێ، یان دەست بکاتەوە و لە پێشمەرگەکان بدات. هەر لەوکاتەشدا لە دەرەوەی دیوەخانەکە دەنگی تەقە دێت، ئیدی لە هەموو لایەکەوە دەست دەکرێت بە تەقە و لە ئاکامدا ١٢ لە ئاغا و نۆکەرەکانیان دەکوژرێن و دووشیان بریندار دەبن کە دواتر ئەوانیش دەمرن. هەروەها دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید و دووی تریش بریندار بوون.

بۆ دۆزینەوەی ناوی ئاغا کوژراوەکان پێوەندیم بە ژمارەیەک لە مامەشەکانی سەربە تایفەی قادرییەوە گرت و سەرئەنجام کاک محەمەدی قادری دانیشتوی شاری "ئێسکیلستونا" لە سوید، بەهەوڵی خۆی ناوی کوژراوەکانی بۆ دۆزیمەوە کە بریتی بوون لە: مام حوسێن ئەمیر عەشایری برای قەرەنی ئاغا، سلێمان ئەمیر عەشایری و سوارە ئەمیر عەشایری کوڕی مام حوسێن و برازای قەرەنی ئاغا، عەباس ئەمیر عەشایری کوڕی مام عەزیزی گردک سپیان، ئەحمەد ئەمیر عەشایری




کوڕی عەباس و برازای قەرەنی ئاغا، هەمزە عەزیزی کوڕی عەبدوڵای خورنجی، برایم ئەمیر عەشایری کوڕی قەرەنی ئاغا، ئەحمەد خدری خەڵکی گردک سپیان، حەمەدی برایمی حەسەنە قیتی خەڵکی پەسوێ، ئەحمەدی خدرە ڕەشی خەڵکی سیێڵوێ، عەبدوڵا چاپەز خەڵکی گوندی سیێڵوێ، سمایلۆک خەڵکی دێگورجی و خدری مستەی خەڵکی شنۆزەنگ لە ناوچەی شنۆیە.
بۆ زانیاریی زیاتر لە چۆنیەتی ئەو شەڕە، سەردانی سەعید وەلی بەگ فەرماندەی پێشمەرگەکانم کرد. ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم:

**- (ئاگاداریان کردین کە مامەشەکانی سەر بە قەرەنی ئاغا چەکیان لە حکوومەتی ئێران وەرگرتووە و دەیانەوێت چیای سپێرز تا دوڵی گادەر لە ئێمە بگرن. سەرۆک بارزانی فەرمووی بچن لەگەڵیان دانیشن و ئاغاکان بهێننە ئێرە. ئێمە پانزدە کەس چووین. من و میرزاغا ڕەشۆ و خانۆ شیخ ئومەر و حال باپیر گەلۆکی بەرپرسیان بووین. کاتێک گەیشتینە گوندی سیێڵوێ، من لەگەڵ چەند پێشمەرگە لە دەرەوەی گوندەکە مامەوە و میزاغا ڕەشۆ و خانۆ شیخ ئومەر و حال باپیر گەلۆکی لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر چوون. ئاغاکان دەیانویست پێشمەرگەکان چەک بکەن کە تەقە لە نێوانیاندا پەیدابوو. ئێمە دوو پێشمەرگەمان بەناوەکانی محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید بوون و دوو پێشمەرگەشمان بە ناوەکانی حال باپیر کەلۆکی و دەروێش خانۆ شێخ ئومەر بێدودی بریندار بوون. لە مامەشەکانیش وەک من بزانم دوازدە کەسیان کوژران و دوو کەسیشیان بریندار بوون و ئەوانی تریشمان دەستگیر کرد. گیراوەکانمان بردە شنۆ، بەڵام شێخ ئەحمەد بە قەومانی ئەو ڕووداوە زۆر توڕە بوو و دیلەکانی ئازادکرد.)**

دوای ئەو تێکهەڵچوونەی گوندی سیێڵوێ، ژەنەڕاڵ بارزانی سەردانی عەشیرەتەکانی شکاک، بەگزادە، هەرکی، دەری و جەلالیی کرد کە بەڵکوو لە کاتی هێرشی سوپای ئێراندا پشتی بارزانییەکان بگرن، بەڵام هەوڵەکانی بێسود بوو، چونکە حکوومەتی ئێران هاوکات لەگەڵ پڕچەک کردنی جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکانی مامەش، جاشەکانی مەنگوڕ، دێبوکری، زەرزا، ڕەشید بەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک و سێ لە

بەگزادەکـانی مەرگەوەڕی پـرچەک کردبـوون. بە نووسـینی نەجەفقـولی پسـیان لە کتێبی "لە مەهابادی خوێناوییەوە تـا لێوارەکانی ئـاراس"، هەروەهـا مـحەمەد ڕەزاشـا فەرمانیـدا ئەم فەرمانـدە و یەکە سـەربازییانەی خـوارەوە بچـن کۆتـایی بە کێشـەی بارزانییەکان لە ئێراندا بهێنن:

– سـەرهەنگ پەرتەوی: لەگەڵ یەکەیەک لە گـوردانی ئیسـفەهان و هەنگـی سوارەی فەوزیەی تاران، لەگەڵ دوو تانگ.

– سەرهەنگ ٢ سەردادور: لەگەڵ دوو گوردانی پیـادە و یەکەیەکی تۆپخـانە و یەکەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.

– سەرهەنگ فولادوەند: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ.

– سـەروان پاشـایی: لەگەڵ گـوردانێکی پیـادە و دەسـتەیەکی تۆپخـانە و یەکەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.

– سـەرهەنگ مـوزەفەری: لەگەڵ هەنگـی سـوارەی کوردسـتان و یەکەیەکـی تۆپخانە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.

ئەمانە لە بەرەیەکدا لەژێر فەرمانی سەرتیپ زەنگەنەدا بوون

– سەرگورد کەبیری: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە.

– سەرگورد زرەپۆش: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە.

– سـەرهەنگ مەجیدی: لەگەڵ دوو گـوردانی پیـادە و دەسـتەیەکی تۆپخـانە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ.

– سەرگورد موحسینی: لەگەڵ دوو یەکەی پیادە و دۆشکە.

– لە نەغەدە: دەسـتەیەکی تۆپخـانە ١٠٥ ملیمـی درێـژی کێـوی و دەسـتەیەکی تۆپخانەی ١٠٥ ملیمی کورت و دوو تانک.

– یەکەیەکی پیادە لە گرنە.

– سەرگورد مساوات: دوو یەکەی پیادە و دوو دۆشکە.

– سـەرهەنگ ئنتسـار: لەگەڵ دوو یەکەی پیـادە و سـوارە، دەسـتەیەکی تۆپخانەی ١٠٥ ملیمی کورت.

– ستوان دووەم نەوبەهار: لە یەکەی جەڵدیان و لەگەڵ ٢٥٠ جاشی مەنگوڕ.

ئەمانە لە بەرەیەکدا لەژێر فەرمـانی سـەرتیپ بێگەریـی و سـەرهەنگ غەفـاری جێگری ئەودا بوون.

– سەرگورد دولوو: دوو یەکەی پیادە، یەکەیەکی تۆپخانەی ٣٧ ملیم.

- جاشـــە خۆبەدەســـتەوەدەرەکانی مەنگـــوڕ، مـــامەش، دێبـــوکری، زەرزا، ڕەشیدبەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخـانی شکاک لەگەڵ ٥٠٠ جـاش و سـێ لە بەگزادەکـانی مەرگەوەڕ، لەگەڵ ئەو یەکە سـەربازیيانە بوون لەگەڵ حەوت فڕۆکەی بۆمبهاوێژی هایند و تاگرمۆس[1] لەشکرکێشـی سوپای ئێران بۆسـەر بارزانییەکـان و خێزانەکانیـان بە هاوکاریی جاشـەکان کە ئەم شـەڕ و زیانـانەی خـوارەوەی لـێکەوتەوە. لەو بـارەیەوە، ڕۆژنـامەی ئیتلاعـات ڕۆژی پێـنج شەممە ١٣٢٦/١/٢٠- ١٩٤٧/٤/١٠ نوسی:

**- (ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/١٢- ١٩٤٧/٣/٣، لە هەمـــوو ناوچەکانـــدا شـــەڕ دژی بارزانییەکان دەستی پێکرد. لە کاروانەکانی تیپی ورمێ کە لە باکورەوە هاتبوون و کاروانەکانی باشور کە لە نەغەدە، خانێ، سوفیانەوە لەلایەن سەرهەنگ ئەنساری و سەرهەنگ مەجیدی بەرەو شنۆ چوون، بارزانییەکان زۆر ئازایانە هێرشیان دەکردە سەریان و بە ڕادەیەک لە شەڕدا دەمانەوە کە لە سی مەتریەوە تەقەیان لە تانکەکان دەکرد و زۆر جار دیترا کە تانک بەسەریان دەڕۆیشت و... .)**

**شەڕی نەڵۆس:** ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢، یەکەیەکی دوژمن بە فەرماندەیی سەرگورد کەلاشـی خـۆی گەیانـدە گونـدی نەڵـۆس. لە ئاکامـدا شـەڕێکی قـورس لەنێـوان هێرشـکەران و بارزانییەکانـدا ڕوویدا. لەو شـەڕەدا بارزانییەکـان بەهـۆی سـەروان "تەفریشیان"ەوە کەڵکی باشیان لە دوو توپ وەرگرت کە لە بەرەی سەقزەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. تەفریشیان یەکێک لە ئەفسەرانی حکوومەتی ئازەربایجان بوو کە لە بەرەی سەقزەوە لەگەڵ بارزانییەکان کەتبوو. لەو شـەڕەدا سـەرگورد کەلاشـی و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی دوژمن کوژران و بارزانییەکان پێگەکەیان گرت و هەشتا ئەفسەر و پلەدار و سەربازی دوژمنیان بەدیل گرت. دیلەکانیان هێنا شنۆ و لەوێ ئەفسـەرەکانیان ڕاگـرت و سـەربازەکانیان ئـازادکرد. هەروەهـا شـەش لە پێشمەرگەکانی کوردستان لەو شەڕەدا شەهید بوون. ناوی شـەهیدەکان بریتی بوو لە: سلێمان مەلا ژاژۆکی، ساڵح مستەفا بنەبیەیی، برایم مەلا حەمید بنەبیەیی، عومەر ئەحمەد وەسمان بارزانی، برایم ناوخۆش سفتی، حال بایەزدین کانی بۆتی و چەند پێشمەرگەش بریندار بوون.

**شـــەڕی گۆجـاڕ:** ڕۆژی ١٣-١٩٤٧/٣/١٤، ڕژێمـی عێـراق ڕێـگەی بە ژەنەڕاڵ بارزانی و ژمارەیەک لە بارزانییەکان نەدەدا کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق و گەڕانەوەیان مەترسـی کوشـتنی هەبـوو. لەبەرئەوە بـارزانی دەیویسـت بە هەمـوو پێشـمەرگە و

[1]- نەجەفقولی پسیان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٨.

خێزانەکانیانەوە بگاتە یەکێتی سۆڤیەت. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١١سەردانی گوندی "ئەنبێ" و ماڵی نوری بەگی بەگزادەی کرد و لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە کۆبۆوە و بەڵێنی لێوەرگرتن کە لە پەڕینەوەدا یارمەتی بکەن، کەچی یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەناوی "هەویرکۆ بەگی بەگزادە" بەپەلە خۆ دەگەیەنێتە لەشکری چواری ورمێ و هەواڵەکە بە سەرتیپ هومایونی دەگەیەنێت. هومایونی یەکەیەکی پیادەی لەگەڵ هەویرکۆ ڕەوانەی گوندی "گوجار" دەکات و شەوی ١٣-١٩٤٧/٣/١٤ گوندەکە گەمارۆ دەدەن. بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٤ ژەنەڕاڵ بارزانی هەست بە گەمارۆی گوندەکە دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت:

– **(هەوڵمدا خۆم لە لێدان دوور خەمەوە، لەبەر ئەوەی هاتنم بۆ ئەو ناوە بە مەبەستی شەڕ نەبوو و هێزێکی زۆریشم لەگەڵ خۆمدا نەهێنابوو. ویستم بەبێ شەڕ لە گوند دەرچم و بگەڕێمەوە ناوچەی مەرگەوەڕ، بەڵام هەرکە لە گوند دەرچووین لە گردۆلکەکانی دەوروبەری گوندەکە گوللەمان بەسەردا باری. هەویرکۆ بەسواری ئەسپ دوامان کەتبوو و دەینەڕاند ڕانەکەن. منیش بڕیارمدا بەشەڕ و بە خورتی ڕێگە بکەمەوە و ئەم گەمارۆیە بشکێنم. شەڕ دامەزرا، زۆری نەخایاند گەمارۆمان شکاند. هەویرکۆ و هەندێ لە دەستوپێوەندانی کوژران و ئێمەش گەڕاینەوە مەرگەوەڕ.**[1]) لەو شەڕەدا دوو بارزانی بە ناوەکانی حاجی محەمەد هۆستانی و شەوالی شندۆ شانەدەری شەهیدبوون لەگەڵ سێ بریندار بە ناوەکانی: حەسۆ میرخان خەردنی، حالی محەمەد خەلانی و مستەفا ڕەشۆ لیلۆکی.

**شەڕی قاڕنێ:** ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٨، دوژمن خەریکبوو لە دوو بەرەی نەغەدە و پیرانشارەوە پەلاماری دەشتی شنۆ بدات، بەرلە هێرشەکەی، یەکەیەکی شناسایی نارد بۆ گوندی قاڕنێ کە کەوتەبەر پەلاماری پۆلێک پێشمەرگە کە سلێمان بەگ دەرگەڵەیی فەرماندەیی دەکردن. لەو شەڕەدا زیاتر لە ٥٠ چەکداری دوژمن کوژران و ٤٠ چەکداریشیان لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بە دیل گیران. بۆ ماوەیەکی کەم بە دوای ئەو شەڕەدا، دوژمن بە تۆپ و خۆمپارە لە ناوچەکەیدا و بە هێزی پیادە و جاش لەژێر ئاگری تانک و فڕۆکەدا هێرشی کردە سەر ناوچەکە.

**شەڕی دەشتی شنۆیە:** ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٨، سوپای ئێران بە چەند یەکەی پیادە، تۆپخانە، خۆمپارە و تانک و حەوت فڕۆکەی بۆمبهاوێژی "هایند" و "تاگرمۆس"، جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکانی مامەش لە تایفەی قەرەنی ئاغا، دێبوکری و ٢٥٠ جاشی مەنگوڕ کە ستوان دووەم نەوبەهار لە یەکەی جەڵدیان

[1]– مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٢٠٩.

سەرپەرستی دەکردن، بە فەرمانی سەرتیپ بێگلەریی و سەرهەنگ غەفاری، هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر دەشتی نەغەدە و شنۆ. پاش شەڕێکی قورس و بەردەوام، دوژمن توانی بارزانییەکان لە خاڵە ستراتیژییەکان بەرەو گوندی "گوندەوێڵە" و دەوروپشتی شێخان و شیناوێ دوور بکاتەوە. لەو شەڕەدا هەرچەندە پێشمەرگەکان برسی بوون و فیشەکیان نەمابوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان ڕاگرت، تا سەرئەنجام تانکەکان گەیشتنە سەریان و دوو لە پێشمەرگەکانیان خستە ژێر زنجیری چەرخەکانیان. لەو شەڕەدا دوژمن ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا و چەند فەرمانی قارەمانی بارزانییەکانیش بەم ناوانە شەهید بوون: سوڵتان مەرعاناغای بێرسیاقی، عەلی عومەر بێرسیاقی، سلێمان فەقێ دێریشکی، حەسەن سلێمان مێرگەسوری و ئەحمەد عوسمان ئەسقیلی دوو لەو شەهیدانە بوون کە لەجێی خۆیان نەبزووتن و تانک بەسەریاندا ڕۆیشتن. بابەکر شێخ حوسێن یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت، دەربارەی چۆنیەتی ئەو شەڕە دەڵێت:

**- (من لەگەڵ بنەماڵەکەم چووم بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە مەهاباد چەکیان دامێ. دوای نزیکەی مانگێک مەشقی سەربازیی منیان نارد بۆ بەرەی سەقز و دواتر لەگەڵ ڕەئیس بەکر حەوێزی نەقلی ناوچەی سەردەشت کرام. دوای هەرەسهێنانی کۆمار، ئێمە چووین بۆ نەغەدە. کاتێک ئێران هێرشی کردە سەر دەشتی شنۆ، من لەوێ پاسەوانیی خێزانەکان بووم. سەرەتا فڕۆکە هاتن و بەشێوەی نەپساوە ناوچەکەیان بۆمباران کرد. بە دژواری توانیمان بنەماڵەکان لەژێر ئاگری فڕۆکە و تۆپخانە دوور بکەینەوە و چەند ژن و منداڵمان لێ شەهید بوون. منیش پریشکم بەرکەوت و بریندار بووم. شەڕەکە بە ڕادەیەک توند و بەردەوام بوو کە پێشمەرگەکان بە ناچار پاشەکشەیان کرد و ئێمەش خێزانەکانمان لە دەشتی شنۆ دوور کردەوە.[1])**

ڕەزمئارا سەرۆکی ئەرکانی سەرکردایەتی جەنگ سەبارەت بە بۆمبارانی بارزانییەکان گوتی: **(بارزانییەکان چونکە بە بەردەوامی لە چیا و دۆڵ و دارستانەکاندا شەڕ دەکەن، بە جۆرێک کارامەییان لە شەڕدا هەیە کە هیچ سوپایەک بە ڕادەی ئەوان شەڕکەر نییە. بە نەترسیی و ئازایانە هێرش دەبەن و بە ڕادەیەک لە شەڕدا خۆڕادەگرن کە لە مەودای سی مەتری لە زرێپۆشەکان دەدەن و زۆرجار، زرێپۆش بەسەریاندا دەڕۆیشت. ئێمە ڕووبەڕووی کەسانێکین کە بە**

[1]- وتووێژی تایبەت لەگەڵ بابەکر شێخ حوسێن، یەکێک لە بەشدارانی شەڕەکان.

پێشوازیی مەرگەوە دەچن.) هەروەها شەریف قورتاس مەلا دەڵێت: (من لەگەڵ بنەماڵەکەم چووم بۆ مەهاباد. باوکم و براکەم پێشمەرگە بوون. بە دوای هەرەسهێنانی کۆمار ئێمە هاتین بۆ ناوچەی شنۆیە. "میر ئالی"ی برام کە پێشتر لە شەڕی سەقز بریندار ببوو، بۆ جاری دووەم لە شنۆ ساچمەی فڕۆکەی لێ کەوت و دوای چەند ڕۆژ، لەبەر نەبوونی دەرمان شەهید بوو. ساڵی ١٩٤٧ کە بارزانی بڕیاریدا نەگەڕێتەوە بۆ عێراق، من چەکی باوکم هەڵگرت و بووم بە پێشمەرگە. هەروەکوو پێشتر گوتم، باوکم لە قەڵاتان بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دوایی کردبوو.[1])

– **شەڕی هەڤرین و هەلەج لە بەرەی مەرگەوەڕ:** ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٥، دوژمن بەو خەیاڵە کە گەمارۆی بارزانییەکان تەنگتر بکاتەوە و وەک بەرەی دەشتی شنۆ پێشمەرگەکان لە بەرەی مەرگەوەڕ دوور بکاتەوە، بە هێزێکی زۆر و بە هاوکاریی جاشەکانی زەرزا، ڕەشید بەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک لەگەڵ ٥٠٠ جاش و سێ لە بەگزادەکانی مەرگەوەڕ هێرشیان کردە بەرەی مەرگەوەڕ و پەلاماری بەرزاییەکانی "هەڤرین و هەلەجی"یاندا و یەکێک لە بەرازاییەکانیان گرت، بەڵام هێشتا خۆیان نەگرتبوو کە بارزانییەکان بە فەرماندەیی حەمەدەمین میرخان شێخۆ شانەدەری لە هەڵمەتێکی دوو قۆڵیدا توانیان پاشەکشە بە دوژمن بکەن و ژمارەیەکیان بکوژن و بەدیل بگرن، یەکێک کوژراوەکان "تابور" بەگی برای هەویرکۆی بەگزادەی جاش بوو کە هاتبوو تۆڵەی برا جاشەکەی بکاتەوە. هەروەها ستوان جیهانبانی کوڕی سەرلەشکر جیهانبانی بەدیل گیرا. جگەلەوە بارزانییەکان لەو شەڕەدا فڕۆکەیەکیان خستەخوارەوە کە فڕۆکەوانەکەی ستوان یەکەم غولام حوسێن نەجەفی بوو. بە دوای شکانیدا، دوژمن بە چەکی قورس لە ناوچەکەی دا و زیانێکی زۆری گەیاند و پێشمەرگەکانی ناچار بە پاشەکشە کرد. لەو شەڕەدا حەوت پێشمەرگە بەم ناوانە شەهیدبوون: ئەحمەد کەکال بێرسیاڤی، عەبدوڵڵا شەقلاوەیی، خەلیل ئاکرەیی، حەمو نەبی ڕێزانەیی، خواجە خال مەلا ڕزەیی، شەوکەت نەعمان ئامێدی و میرخان دۆری کە هەموویان لە گۆڕستانی "هەلەج" بەخاک سپێردران. هەروەها شێخۆمەر شانەدەری، عەمەراغا خەلانەیی، میر سوڵتان، خدر ڕەمۆ و وەجدی بەگ بریندار بوون. ژەنەڕاڵ بارزانی فەرماندەکانی سوپای وریا کردەوە کە ئەگەر فڕۆکەکان خەڵک و خێزانی بارزانییەکان بۆمباران بکەن، ژیانی ستوان جیهانبانی دەکەوێتە مەترسیەوە.

---

[1]– وتووێژی تایبەت لەگەڵ شەریف قورتاس مەلا.

– **شەڕی نێرگێ "بەری زەر" لە بەرەی مەرگەوەڕ:** ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٣، دوژمن بە چەند یەکەی پیادە، جاش، تۆپخانە، خۆمپارە بە فەرماندەیی سەرتیپ زەنگەنە لە ورمێوە هێرشیان کردە سەربەرزاییەکانی نێرگێ "بەری زەر" و ویستیان داگیری بکەن. بە وتەی ژەنەڕاڵ بارزانی کە بۆ مەسعود بارزانی گێڕاوەتەوە، شەڕەکە هیجگار قورس بووەو لە بەیانییەوە تا ئێوارەی کێشاوە و بارزانییەکان لەو شەڕەدا زیاتر لە شەڕەکانی پێشو کەلەڕەقییان پیشانداوە و ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوژمن پاشەکشەی کردوە. لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگە بەناوی: پیر هەسەن سێلکی، سەعید محەمەد سێلکی، سمایل خان بارزانی و عەلی بێدارونی شەهید بوون. ژەنەڕاڵ بارزانی و حەسۆ یوسف برینداربوون و برینەکەی بارزانی سوک بووە.

لەو دوو شەڕەی دواییدا دوژمن دەیویست پێش بە بارزانییەکان بگرێت کە نەتوانن بپەڕنەوە دیوی باشوری کوردستان، بەڵام تێیدا سەرنەکەوت. نەجەفقولی پسیان لە کتێبەکەیدا پەنجە بۆ زیانەکانی سوپای ئێران لە شەڕی دژبە بارزانییەکان ڕادەکێشێت و ناو و ئاماریان ئاشکرا دەکات و دەڵێت کوژراوەکان ٦٣ کەس بوون. سەرگورد کەلاشی، ستوان یەکەم سەیید محەمەد ئیمامی، ستوان یەکەمی فڕۆکەوان غولام حوسێن نەجەفی، ستوان ڕەزا قەرەباغی و گروبان یەکەم عەلی ئیفتخاری، لەگەڵ ئەفسەرێکی تر کە پسیان ناوی نەنوسیوە، لەگەڵ دوو پلەداری ژاندارمەری لە هەنگی سوارە و ٣٤ سەرباز و ٢١ جاش. بریندارەکانیش ٤٨ کەس بوون: ٤٢ ئەفسەر، پلەدار و سەرباز لەگەڵ ٦ جاش. بەدیل گیراوەکان ٩٤ کەس بوون. هەر ٩٤ کەسیان ئەفسەر و پلەدار و سەرباز بوون کە خۆیان بەدەستەوە داوە.

ڕۆژنامەی "آرس" ئاکامی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی بڵاوکردەوە کە ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٢٦/١/٢٠- ١٩٤٧/٤/١٠، سەرلەشکر ڕزمئارا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێرانی لە باشگای ئەفسەرانی تاران بەشداریی تێدا کردبوو. لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەدا، ڕزمئارا ئاماژەی بۆ شێوازی ژیان و خەبات و خۆڕاگریی بارزانییەکان کرد و گوتی: (**بارزانییەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ دژی سوپای عێراق شەڕیان کرد و لە شەڕکردندا زۆر ئازان و زۆریش قانعن. لە بەرامبەر شێخەکانیاندا زۆر گوێڕایەڵن. شێخ ئەحمەد یەکێکە لە شێخەکانیان کە لایەنی ئایینی ئەو زۆر بەرزە. شێخ ئەحمەد چەند برای هەیە کە مەلا مستەفا یەکێکە لەو برایانەی. لەنێوان بارزانییەکاندا تەنیا یەکیان چەک هەڵناگرێت کە ئەویش شێخ ئەحمەدە. بارزانییەکان لە هەموو بوارێکدا شەڕکەرن و هەلومەرجیان بەم جۆرەیە:**

١- بەشێوەیەکی باش لە زەوی کەڵک وەردەگرن و لە بەرگریکردندا لێزانن.


٢- تەقەمەنی خۆیان بە فیڕۆ نادەن و هەتا ئێستا نەبیندراوە بارزانییەک لە ٥٠٠ مەترییەوە تەقە بکات و زۆربەیان لەو مەودایە کەمتر تەقە دەکەن.

٣- زۆر زوو لایەنـی لاوازی دوژمنەکانیـان دەدۆزنەوە کە ئەوە زۆر جێـی سەرسوڕمانە.

٤- جەنگاوەرێکی چالاکن و بەبێ هەست کردن بە ماندوو بوون، چیا و بەندەنەکان دەبڕن.

ئەوان بەو تێبینیانەوە توانیان سوپای عێراق بشکێنن. بەتایبەتی کە بەشێکیان پێشتر لە سوپای عێراقدا سەرهەنگ و سەرگورد بوون و لە دەرەوەی وڵاتیش پلەی باڵایان بەدەست خستووە.)

بەهەر حـاڵ لە بەرامـبەردا ئەو ئامـارەدا کە دوژمـن بۆخـۆی ڕایگەیانـدوە، بارزانییەکانیش ٢٦ پێشمەرگەیان لێ شەهید بوو. سەرئەنجام بارزانییەکان دوای نزیکەی ساڵ و نیوێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی١٣٢٦/١/٢١- ١٩٤٧/٤/١٠ بەگوێرەی بڕیاری سەرکردەکەیان گەیشتنە سەر سنوری دەستکرد و لە ڕوباری گادەر پەڕینەوە و بۆ خوڵقاندنی حەماسەیەکی تر کە مێژووی گەلی کورد شانازیی پێوە دەکات، بە شێوەی کاتیی ئێرانیان بەجێهێشت.




ئەو بەشەی کۆماری کوردستانی لێ دامەزرابوو لەگەڵ هێڵی چوونی بارزانییەکان بۆ سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٧ دا، لە کۆماری کوردستان ١٩٤٦، ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە

## چارەنوسی بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەد بە دوای لە سێدارەدانی دا



لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، هاوسەر و دوو لە کچەکانی پێشەوا قازی محەمەد، شانبەشانی پێشەوا و خەباتکارانی کۆماری کوردستان لە خزمەت کۆمار و گەلەکەیاندا بوون. پێشتر زانیمان کە مینا خانمی قازی بەرپرسی کۆمیتەی "یایان"ن واتا ژنانی حیزبی دیموکرات و کۆمار بوو و دوو لە کچەکانیشی بە ناوەکانی عیسمەت و عیفەت لە پێشڕەوانی کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، ئەوان سەرەڕای ئەندام بوون لە کۆمیتەی "یایا"نی کۆماردا، بە ڕێگەی کۆبوونەوە لەگەڵ خانمان، نووسین لە ڕۆژنامەی کوردستاندا و بەشداریی کردنیان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان و سۆڤیەتدا، بەردەوام ئافرەتانی کوردستانیان لەگەڵ مافەکانیان ئاشنا دەکرد و هەوڵی ئەوەیان دەدا کە منداڵانی کورد بخوێنن و لە زانست و تێکنیکدا پێشکەون و خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەن.

لەو سەردەمەدا کە ئافرەتانی کوردستان لە ڕژێمی پەهلەویدا مافی دیموکراتی هەڵبژاردنیان نەبوو و بە داب و نەریتی ئەو کاتەی کوردستان، زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنگەی کچانیان نەبوو و کچان نەیاندەتوانی بچنە خوێندنگە، یان بە ویستی خۆیان هاوسەر و هاوژینی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن و تەنانەت بە پارە دەفرۆشتران، ژن بە ژنەیان پێدەکرا، لە تەمەنی منداڵیدا بە مێرد دەدران، مینا خانم و کچەکانی بە پشت بەستن بەو یاسایانەی کە پێشەوا و کۆمار بڵاوی دەکردنەوە و لە دەقی ئەم کتێبەدا بینیوتانە، لە خوێندنگەکان، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکاندا، ئافرەتان و بە گشتی خەڵکیان لە مافەکانیان ئاگادار دەکردەوە و بنەماڵەکانیان هاندەدا منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنگە و لە مافی بە ئازادی ژیان کەڵک وەرگرن و بەختەوەریی بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن.

مینا خانمی دایکیان، ئەوکاتە خۆی دەرخست کە پێشەوا لەنێویاندا نەما. لەوکاتەدا ژیانێکی زۆر خەمبار و بە ئازاریان هەبووە، خۆی و منداڵەکانی لە گەمارۆی دوژمندا بوون و ماڵ و سەروەت و سامانیان لەلایەن دوژمنەوە مۆر کرابوو، بە چەشنێک بوون کە ئەو خانمە تەنانەت پارەی کفنی پێشەوای بۆ نەدراوە و نەچار بووە، کفنی پێشەوا بە قەرز بکرێت. بە مانگان خۆی و منداڵەکانی لە برسییەتیدا ژیاون، بەڵام ئەو توانی ئەو قەیرانانە وەپشت سەر بخات و سەرەڕای گەورە کردنی منداڵەکانی، ئەوان بەرە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی پاڵ پێوەنێت و هەرگیز مل بۆ دوژمن نەچەمێنێتەوە. لەو بارەیەوە "کۆ" واتا سوهەیل خانمی کچی قازی محەمەد لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

**– (لە بیرمە دوای لە سێدارەدانی باوکم، ڕوکنی دووەمی سوپای ئێران دەوری ماڵی ئێمەی گەمارۆدا و هاتن و هیچ شتێکیان لێ نەهێشتەوە، ئەوەی مابووش بە بیانووی میراتگرانە مۆریان کرد و دایکم ناچار بوو بۆ کەڵک وەرگرتنی لە کەلوپەلی نێو ماڵمان ڕوکنی دووەم ئاگادار بکاتەوە تا ئەوان بێن و پێداویستییەکەی بدەنێ. هەرگیز لەبیرم ناچێت کە دایکم کفنی باوکمی بە قەرز لە ماڵی وەلیزادە کڕی. دایکم و ئێمە منداڵەکانی بە ڕادەیەک توشی دژواریی ببووین کە هەتا ئێستاش من خۆم بە هەتیو دەزانم و هەرگیز ناتوانم ئەو ڕۆژە ناخۆشانە لەبیر بکەم کە دایکم و ئێمە منداڵەکان بینیمان، لە هەمان کاتیشدا شانازی بە ژیانی خۆمەوە دەکەم و سەر بڵندم. دایکم لە لایەک ئاگای لە ئێمە بوو کە کچ و بێ باوک بووین کە زیانمان پێ نەگەیەنن و لە لایەکیش هەموو کێشە و گرفتەکانی کەوتبووە سەرشان. لە بیرمە، چونکە هەموو کەلوپەلەکانی ئێمە لەلایەن ڕژێمی شاوە مۆر کرابوو، من پێڵاوم نەبوو، کە چووم بۆ خوێندنگە چەکمەکانی باوکم لەپێ دەکرد.)**

عیسمەت خانمی کچی پێشەوا یەکێک بوو لەو ئەندامانەی ڕێکخراوی ئافرەتانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان کە دواتر لە ساڵی ١٣٢٨- ١٩٤٩وە بەشداریی کرد لە زیندوو کردنەوە حیزبی دیموکراتدا. لەو سەردەمەدا، ماڵی پێشەوا بە بەردەوامی مەکۆ و حەشارگەی غەنی بلوریان، سدیق خاتەمی "سەدیقە سوور"، عەزیز یوسفی، عەبدوڵا ئیسحاقی، سلێمان موعینی، ئەسعەد خودایاری، سەدیقی ئەنجیری ئازەر و....تد بووە و لە ماڵی مینا خانمەوە هەوڵی زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکراتیان داوە. لەو بارەیەوە سوهەیل قازی لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

**- (عیسمەت خانمی خوشکم دەستی هەبوو لە زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکراتدا و ئەو هاوکاریی کاک غەنی بلوریان و کاک عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" دەکرد لە زیندوو کردنەوەی حیزبدا، بەڵام کە ئاشکرا بوو بەهۆی نائومێدی خۆی کوشت کە نەکەوێتە دەست پیاوانی حکوومەت. کاک سلێمان موعینی و ژمارەیەکی تر زۆر بە ئێمەوە ماندوو بوون. ساڵی ١٣٣٢- ١٩٥٣ ماڵی ئێمە وەک بنکەی حیزبی تودەی لێهاتبوو. کاک ڕەحمان قاسملوو بۆ ماوەی نزیک بە حەوت مانگ لە ماڵی ئێمە بوو، دایکم ناوبراوی بە یارمەتی کاک "حەمە ڕەحیمی دەرزی" بە ئەسپ لە چۆمی مەهاباد پەڕاندەوە و بەڕێی کردە ئەوروپا.)**

هەروەها عەلی قازی ناوی ئەم کەسانەی خوارەوەش ڕادەگەیەنێ کە هاتوچۆی ماڵی پێشەوایان کردوە و یارمەتی منداڵەکانی پێشەوایان داوە و دەڵێت: **(من نێوی چەند کەسێکیانم لەبیرە ئەوانە بریتی بوون لە عەبدوڵڵا ئێسحاقی ناسراو بە ئەحمەد توفیق، مستەفا ئێسحاقی، خەلیل سدیقی، عوسمان یوسفی، ئەسەدی کاک ئاغازادە، عەزیز یوسفی، داریوش سوڵتانیان، سەید عوبەیدوڵا ئەیوبیان و دەیان کەسی تر.)**

جگە لە خۆ کوشتنی عیسمەت خانمی قازی بە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢- ١٩٥٣/٨/١٩دا، هاتووچۆی ئەو خەباتکارانە بۆ ماڵی مینا خانم بە بەردەوامی کێشەی بۆ ئەو و منداڵەکانی دروست کردوە و سەرئەنجام کار گەیشتوەتە جێیەک کە میوانە سیاسییەکانیش، زیانیان بەو بنەماڵەیە گەیاندوە و تەنانەت دزییان لێکردون. لەو بارەیەوە سوهەیل خانم دەڵێت: **(جارێک لەلایەن یەکێک لە میوانەکانەوە کە نامەوێ ناوی بێنم، دزیمان لێکرابوو، سەرگورد وەکیلی سەرۆکی شارەبانی مەهاباد هاتە ماڵمان، گوتی من بۆ ئەوە نەهاتووم دز ببنمەوە، بەڵکوو پتر بۆ ئەوە هاتووم کە بزانم کێ هاتووچۆی ماڵی ئێوە دەکات. بە دایکمی گوت: "ئاگاتان لەخۆتان بێ کە لەژێر چاودێری دان".)**

گرنگیی کۆماری کوردستان بۆ کورد و بێگانە، پێی ژمارەیەکی زۆر سیاسیکاری و ڕۆژنامەنوسی بیانی لە وڵاتانی جیاواز بۆ ماڵی مینا خانم کردوەتەوە. ئەو ژمارەیە، بە بەردەوامی بۆ زانیاریی پەیدا کردن لە کۆمار و چۆنیەتی لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵانی هاتوچۆی مەهاباد و ماڵی مینا خانمیان کردوە، ئەو خانمەش هەرچەندە بە داب و نەریتی ئەوکاتەی کوردستان خاوەنی خوێندنی باڵا نەبووە، بەڵام بەهۆی قاڵبوونی لە خەباتی بە کردەوەدا، هەلی بۆ ڕەخساوە کە بتوانێ وەڵامی شیاو بە پرسیاری پەرسکەران بداتەوە. لەو بارەیەوە

سوهەیل خانم دەڵێت (کە لە مەهاباد بووین، بە بەردەوامی ڕۆژنامەنوسی بیانی لە ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئوتریش و شوێنی ترەوە دەهاتن. من بۆخۆم نووسەری کتێبی "جاسوس چشم آبی"م لە ماڵی خۆمان دیوە. ئەو خانمێک بوو هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد. هاتنی ئەوانە هەندێک جار لەگەڵ مەئمور و هەندێک جاریش خۆیان بە بیانووی گەڕان بە شاردا دەهاتنە لای ئێمە و ڕوکنی دووەمیش بە بەردەوامی ئازاری دەداین.)

گوشاری ڕژێمی شا و پیاوەکانی لەسەر مینا خانم و منداڵەکانی لە مەهاباد بەردەوام بوو. لەو بارەیەوە عەلی قازی دەڵێت: (دوای هەرەسهێنانی کۆمار زۆرمان ئازار بینی لەلایەک خەڵک دڵسۆزییان بۆ دەکردین و لەلایەکی تردا کاربەدەستانی حکوومەت باوکی منداڵە هاوتەمەنەکانی منیان بانگ دەکرد و هەڕەشەیان لێ دەکردن کە نابێ کوڕەکانیان لەگەڵ من کە گوایە کوڕی تاوانبار بووم، قسە بکەن.) عەلی قازی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (ڕۆژێک لە بەردەگای ماڵی خۆمان، بەردم دەهاویشتە نێو تەویلەی ماڵەکەمان، لەو کاتەدا پاسەوانێک هات و بەتوندی لەمنی دا. چونکە ئەو لێدان و ئازار دانەم لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە بەردەوام بوو، دایکم بە ناچار منی بۆ درێژەدان بە خوێندن نارده تاران کە لە خوێندنگەی شەو و ڕۆژانەی "ئەلبورز" بخوێنم. دکتۆر هاشم شیرازی منی بە نامەیەکی سپەهبود شابەختی لەگەڵ خۆی برد کەچی کاتێک چووین، بینیمان لەسەر دەرگای خوێندنگەکەیان نوسیبوو تا دە ڕۆژی تر هیچ کەس قبول ناکەین. بەڕێوەبەری خوێندنگەکە ناوی موجتهەدی بوو، شیرازی چوو بۆ لای و نامەی شابەختی دایە، پرسی ئەو کوڕە چ پێوەندییەکی لەگەڵ سپەهبود شابەختی هەیە؟ شیرازی لە وەڵامیدا پێی گوت ئەوە کوڕی شەهید پێشەوایە. مەجتهدی بە بیستنی ناوی پێشەوا، دەستبەجێ منی ناونوس کرد، بەڵام لەوێش بەهۆی کێشەی حەزرەتی عومەر و کێشەی ئاینییەوە زۆریان ئازار دام و بە ناچار خوێندنگەم بەجێهێشت.)

سەبارەت بە دڵسۆزی کردنی خەڵکی مەهاباد بەتایبەتی خەڵکی هەژار و کاسپکاری ئەو شارە کە بەوپەڕی دڵفرەوانییەوە هاوکاریی و خزمەتی بنەماڵە پێشەوایان کردوە و ساتێک لەو بنەماڵەیە خافڵ نەبوون، سوهەیل خانمی قازی دەڵێت: (خەڵکی کاسپکار و کۆمەڵێکی زۆری لاوی مەهاباد لەگەڵمان بوون و یارمەتی ئێمەیان دەدا و پارێزەری ئێمە بوون. کاتێک دەچووین بۆ خوێندنگە و دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەکەمان، لاوەکان دووراو دوور چاویان بەسەر ئێمەوە بوو کە نەکات کەسێک زیانمان پێ بگەیەنێت. لە زستاندا ئێمە کە لە خەودا بووین و بەفر

وڵاتـی دادەپۆشـی، گەنجەکـان بەبـێ ئەوەی کە ئـێمە ئاگـادار بـکەنەوە، دەچـوونە سەربانی ماڵەکەمان بەفرەکانیان دەماڵی.

ڕۆژانـی هەینـی، ئـێمە دەچـووینە سـەر قەبـران و سـەردانی مەزاری بابمـان دەکرد، ئەوانەی ماڵیان لە قەبرستانی مەلا جامی نزیک بوو، بەو کـارەی ئێمەیـان دەزانـــی و دوای نـــوێژی بەیـــانی دەهـــاتنە لای ئـــێمە. وەرەهـــرام کە ئەفســـەر و فەرماندەی لەشکری مەهاباد بوو، گۆڕستانی مەلا جامی تێکدا و دەرەختی لێ چاند. کاتێک گەیشتە نزیک قەبری قـازی بـاوکم و هەڤاڵانی، کۆمەڵێک لە خەڵکی نزیـک گۆڕستانەکە خۆیان کێشایە سـەر قەبرەکە و گوتیـان بۆڵدزێرەکان بەسـەر ئێمەدا بێنن و قەبرەکە تێک بدەن. وەرەهرام کە ڕێز و حورمەتی بۆ ماڵی ئێمە هەبـوو، و ماڵەکەی جیرانی ماڵی ئێمە لە ماڵی کەمالی میرزا شافعی دا دەژیا، بە ڕاشکاوی بە دایکمی گوت: "تێکدانی گۆڕستانی مەلا جامی بە فەرمانی شایە و مەبەستیش ئەوەیە کە مەزاری قازی بۆ دواڕۆژ نەبێتە زیارتگەی خەڵک." وەرەهـرام لەژێر گوشـار و ڕەخـنەی خەڵکـی مەهابـاددا مەزاری قـازی تێـک نەدا و هەروەک ئەو گوتبـووی مەزاری بابم بـوو بە زیـارەتگە و کۆبـوونەوەی عاشـقانی کوردسـتان و لە هەمـوو شوێنێکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانەوە سەردانیان دەکرد.)

سـەبارەت بە مـاڵینی بەفـری بانەکـانی مـاڵی پێشـەوا قـازی مـحەمەد، مسـتەفا ئیســـحاقی بـــرای ئەحـــمەد تۆفیـــق لە پێوەنـــدییەکی تەلەفۆنیـــدا، ئێـــوارەی ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٢ پێی گوتم: (ماڵی پێشـەوا سێ دەرگا و سێ حەسـاری هەبـوو، دەرگـای حەسارێکیان لەسـەر شـەقامی شێروخورشـید، لەبەر دەم گۆمی قـازییەوە دەسـتی پێدەکرد و وەسەر بەرزاییەکەی تەنیشت مزگەوتی شادەروێشی دەکەوت. دەرگای دووەم و سێیەم لەکن مزگەوتی شادەروێشی بوون کە یەکێک لەوانە پیـاوان پێدا دەڕۆیشتن و ئەوی تریان بۆ تەویلەی حەیوانەکانیان دەچوو و ئەویش حەسارێکی خۆی هەبوو کە پێیاندەگوت حەرسای شێخ ئیمامی. دوای لە سێدارەدرانی پێشەوا، هـیچ کەس نەیدەوێرا هـاتوچۆی مـاڵی مینـا خـانم بکات. ئێمە ژمـارەیەک لە کـوڕە گەنجەکانی ئەو سەردەمی مەهاباد کە بە بنەماڵە پێوەندیمان بە کۆمار و پێشەوا و منداڵەکانییەوە هەبـوو، لە حەرسـای شـێخ ئیمـامی دا کۆترمـان ڕاگرتبـوو، هەمـوو ڕۆژێ بە بیـانووی کۆترەکانمـانەوە سـەردانی ئەو حەسـارە بەتاڵەمـان دەکـرد و زسـتانیش دەچـووین بەبـێ ئاگـادار کـردنەوەی مینـا خـانم و منـداڵەکانی بەفـری بانەکانمان بۆ دەماڵین. دیارە ئێمە ئەم چەند کەسەمان پێوەندیی ڕاستەوخۆمان بە عیسمەت خانمەوە هەبـوو. ئەو کچێکی ڕۆشـنبیر و خەباتکـار و چـاونەترس بـوو.)

مستەفا ئیسحاقی ناوی ئەم هەڤالانەی گوت کە لە بەفر مالّینی سەربانەکانی مالّی مینا خانمدا بەشدار بوون کە بریتین لە: عەبدولّا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"، مستەفا ئیسحاقی، سلێمان موعینی، ئەسەد کاکاغازادە و مەحموود خەسرەوی و گوتی: (**من تەنیا ئەو کەسانەم لەبیرە.**) هەروەها ناوبراو سەبارەت بە پێوەندیی خۆی لەگەلّ بنەمالّەی قازی دەلّێت: (**بۆ ئاگادریی ئێوە من لە دەبیرستانی محەمەد ڕەزاشا لە مەهاباد هاوپۆلی کوڕی ڕەش بووم و لە تارانیش دوو سالّی یەکەمی زانکۆی حقوقم لەگەلّ عیفەت خانم کچی پێشەوا خوێندوە.)**

کێشە و ئازارەکانی مینا خانمی قازی و مندالّەکانی تەواوبوونی نەبوو. ئەو کێشانە بە بەردەوامی شێوازیان دەگۆڕا و ئەویش هیچ ڕێگەیەکی بۆ کۆتایی پێ هێنانیان و ئاسایشی خۆی و مندالّەکانی و ڕزگار بوونیان لەو کۆمەلّە ئازارە شک نەدەبرد. لەلایەک دلّسۆزیی لایەنگرانی بێدەسەلّاتی حیزبی دیموکرات و حیزبی تودەیان لە پشت بوو، و لە لایەکەی تردا هەڕەشە و سوکایەتی پێکردنی مەئمورە شەڕئەنگیزەکانی ڕژێمی پەهلەوی و پیاوەکانی. سەرئەنجام پێنج سالّ دوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد بە فەرمانی ڕاستەوخۆی شا، "سوڕەیا"ی هاوسەری شا داوای بینینی مینا خانمی کرد. مەئمورەکانی ڕژێم چەندین جار هاتوچۆی لای مینا خانمیان کرد کە بەلّکوو مینا خانم بچێت بۆ تاران و چاوی بە سوڕەیا بکەوێت، بەلّام ئەو ڕازی بە دیتنی سوڕەیا نەبوو، تا سەرئەنجام سوڕەیا "عەلەوی کیا" یەکێک لە سکرتێرەکانی "ئاجودان" شای نارد بۆ مەهاباد و ناوبراو لە مالّی میرزاحوسێنی کاکاغازادە، کوڕی خالّی مینا خانم، چاوی بە مینا خانم کەوت و پەیامی شای ئێرانی لە زمانی سوڕەیاوە پێگەیاند. لەو بارەیەوە سوهەیل خانمی قازی دەلّێت:

**– (سوڕەیا هاوسەری محەمەد ڕەزا شا، داوای دیتنی دایکمی کرد، بەلّام دایکم ڕازی بە دیتنی نەبوو. سوڕەیا ناچار بوو عەلەوی کیا ئاجودانی شا بنێرێتە مەهاباد. ناوبراو هات و لە مالّی میرزاحوسێنی کاکاغازادە کوڕی خالّی دایکم، چاوی بە دایکم کەوت. لەو دیدارەدا، عەلەوی کیا بە دایکمی گوتبوو: "شا دەیەوێ لەگەلّتان ئاشت بێتەوە و عەلی بنێرێتە دەرەوەی ولّات کە درێژە بە خوێندن بدات." دایکم بۆ ڕزگار کردنی عەلی برام ڕازی بوو کە ئەو بڕوا و ئێران بەجێبهێلّێت و بچێ لە دەرەوەی ئێران درێژە بە خوێندن بدات. بەلّام عیسمەت خانمی خوشکم و حیزبی تودە ڕازی نەبوون کە کاک عەلی برام لەلایەن شاوە ڕەوانەی دەرەوە بکرێت. ئەوە بوو، سپەهبود ئاریانا هاتە مالّمان و گوتی: "پێویستە عەلی بڕوات، ئەگەرنا دەبێ زیندانی بکرێت و لە زیندان‌دا بمێنێتەوە." دایکم داوای لە حیزبی تودە کرد کە عەلی**

**بنێرێ و لەو کێشـەیە ڕزگـاری بکـات کە ئەو کارەیـان نەکـرد و دایکیشـم دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ ڕازی بوو کە عەلی بچێت و بخوێنێت.)**

پێداگریی مینا خانم تا ئەوکاتە بوو کە عیسمەت خانمی کچی لە ژیاندا بوو، بەڵام دواتر بۆ ئەوەی کە عەلی کوڕیشی توشی کارەساتێک نەبێ، ڕازی بوو کە شـا ئەو ڕەوانەی دەرەوە بکـات. بەم جـۆرە عەلـی پێشـەوا قـازی ڕۆژی ١٩٥٥/٣/١٠ لە ئێرانەوە ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا. لەو بارەیەوە کوڕی ڕەش دەڵێت: **(دوای دەرچوونم لە ئێران لە دوو شاری مونیخ و برلین خوێندم. ساڵی ١٩٦٣ بەشی یاسا و زانستی سیاسیم تەواو کرد و هەر لەو ساڵەدا لەلایەن ڕژێمی شاوە کرام بە دیپلۆمـات. تـا ساڵی ١٩٧٨ لە پلەی دیپلۆماتکاری ئێران، لە ئەڵمانیا کارم بۆ ڕژێمی شا کرد. ساڵی ١٩٧٨ کە ئـالۆزیی کەوتە شـارەکانی ئێـرانەوە، هەمـوو دیپلۆماتکارەکـانی ئێـران لە بەشە جیاوازەکانی بازرگانی، ئابووریی و ڕاگەیاندن، بەنگهێشتی ئێران کرانەوە و ئەڵمانیایان بەجێهێشت، بەڵام ئێزنیان بەمن نەدا کە بگەڕێمەوە ئێران و لە ئەڵمانیـا مامەوە.)**

دوای ڕۆیشـتنی کـوڕی ڕەش بـۆ ئەڵمانیـا گوشـار و ئـازاری ڕوکنـی دووەمـی ڕژێمـی شـا بۆسـەر مینـا خـانم و منـداڵەکانی بەردەوام بـوو. هەمـوو جـارێ کە ڕۆژنامەنوسـێک چـاوی بە مینـا خـانم دەکەوت، یـان میـوانێکی بیـانی، یـان کـوردی بەشــەکانی تــری کوردســتان ســەردانی ماڵەکەیــان دەکــرد، ڕوکنــی دوەم ئەوی دەکێشـایە بەر مێزی مەحکەمە و لێپێچینەوەیـان لەگەڵ دەکرد، تـا سـەرئەنجام مینـا خـانم ناچـار بـوو لە سـاڵی ١٩٥٩دا مەهابـاد بەرەو تـاران بەجێهێڵێـت و لەگەڵ منداڵەکانی بچـێ لە تـاران نیشـتەجێ بـێ کە کەمتر بدۆزرێتەوە و ژیـانێکی هەندێک ئاسایی هەبێت. لەو بارەیەوە سوهەیل خانمی قازی دەڵێت: **(نـزیکەی ١٧ سـاڵم بـوو کە بەهۆی گوشاری ڕوکنی دووەمەوە مەهابادمان بەجێهێشـت و ماڵمـان چـوو بـۆ تاران و دایکم لە ئەمیر ئاباد، نزیک نەخۆشخانەی ١٠٠ قەرەوێڵەیی خانوویەکی بە کرێ گرت. لە تـاران عیفەت خـانمی خوشـکم بەشـی یاسـای لە زانکۆ دەخوێنـد و ئێمەش تا ڕادەیەک ژیانی ئارامـان هەبوو، بەڵام کە ڕۆژنامەنوس لەگەڵ مەئموری ساواک دەهاتن، ئازارمان دەبینی و برینی دڵمـان دەکولایەوە. ئەوانەی دەهـاتن بە تێکڕا لە کتێبخـانەی بابمیـان دەکـۆڵییەوەو دەیانویسـت بـزانن بـابم چـۆن کتێبێکـی خوێندوەتەوە.)**

مینـا خـانم و کچەکـانی٢٥ سـاڵ لە تـاران ژیـان و دواتـر گەڕانەوە بـۆ مەهابـاد. ساڵی ١٩٥٨، عەلی کوڕی لە ئەڵمانیا توشـی پێکـانی ئۆتۆمبیل بـوو، و ڕژێمـی شـا لە

تارانەوە ئیزنی بە مینا خانمدا کە بچێت بۆ ئەڵمانیا و سەردانی عەلی کوڕی بکات. ناوبراو لەگەڵ کوڕێک لە بنەماڵەی ئەمیر خزری لوڕ "قەدەم خێر" بەناوی عەلی کە بنەماڵەکەی سەردەمێک دژی ڕژێمی ڕەزاشا شەڕی کردبوو، و دۆست و برادەری عەلی کوڕی بوو، چووە بۆ ئەڵمانیا. بە وتەی سوهەیل خانمی قازی لەوێ ڕووسەکان بە نهێنی مینا خانمیان بانگهێشتی مۆسکۆ کردوە و لەوێ لەلایەن دەوڵەتی سۆسیالیستی یەکیەتی سۆڤیەتەوە، پلەی "دایکی کورد"یان پێبەخشیوە و میدالیای "دایکی کوردیان" داوەتێ. چونکە چوونی مینا خانم بۆ ڕوسیا بە نهێنی بووە، ئەو نەیتوانیوە میدالیاکەی لەگەڵ خۆی بێنێتەوە و لەلای دکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی بەجێیهێشتوە. هەر لەو ساڵەدا شای ئێران چوو بۆ فەرەنسا و لە پاریس چاوی بە عەلی قازی کەوتوە[1]. شا دڵگرانی خۆی سەبارەت بە گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ عێراق پێڕاگەیاندوە و ئەویش بۆ ئارام ڕاگرتنی کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دوو پێشنیازی ئاراستەی شا کردوە. لەو بارەیەوە عەلی قازی دەڵێت:

**– (ساڵی ١٩٥٨ کاتێک مەلا مستەفای نەمر گەڕایەوە بۆ عێراق، دەوڵەتی ئێران زۆر لەوە دەترسا کە گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ کوردستان نەکا ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. لەبەر ئەوە شای ئێران داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ من کرد. سەفارەتی ئێران بۆ ئەم مەبەستە منی برد بۆ پاریس. لەوێ شای ئێران پەرۆشی خۆی بەرامبەر بە گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی دەربڕی. لە منی پرسی: "ئێمە چ بکەین بۆ کورد؟" گوتم ئەگەر ئیزن بدەن کوردەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن و ڕۆژنامە و ڕادیۆیان بە زمانی خۆیان هەبێ، دەبێتە هۆی دڵخۆشی کوردانی ڕۆژهەلات. شا "جیهانگیر تەفەزولی" سەفیری سەیاری ئێرانی مەئمور کرد بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پێشنیازانە، هاوکاریی من بکات. من جیهانگیر تەفەزولیم بە دۆکتۆر کامەران بەدرخان ناساند. دیارە دکتۆر بەدرخانیش هەمان داواکانی منی هەبوو. یەکەم هەنگاو لەو ڕێگایەدا چاپکردنی ڕۆژنامەی**

[1]- عەلی قازی سەبارەت بە دیدارەکانی لەگەڵ شای ئێران دەڵێت: (من چەند جار چاوم بە شای ئێران کەوتووە، جاری یەکەم سالی ١٩٥٥ لەلایەن شاوە بانک کرام، بەلام من هیچ ڕووداوێکی ماچکردنی دەست لە بەرنامەکەدا نەبووە و ئەو دەنگۆیە بەتەواوی ڕەد دەکەمەوە.)

**کوردستان بوو لە مانگی مای ١٩٥٩دا لە تاران و دەست پێکردنی ڕادیۆی کوردی تاران بوو لەو ساڵەدا[1].)**

ئەحمەد قازی دەربارەی گوشاری ڕژێمی شا بۆسەر بنەماڵەی قازی و ئازارەکانی ئەو بنەماڵەیە دەڵێت: (**ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان گەورە پیاوانی ئەم تایفە یا شەهیدکران یا کەوتنە زیندان و ژێر گوشاری کوشندەی داموەزگای پەهلەوی. بەجۆرێک کە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە تووشی ژیانێکی پڕلە ترس و نیگەرانی بوون و لە هەموو دەراوێکی ڕوون بێبەش مانەوە و نەیانتوانی لە بواری خوێندن و گەشەی ئابووری و ماڵ و سامان پێکەوەنان هەنگاوی پێویست هەڵبگرن و ئەم حاڵەتە نالەبارە تا ڕادەیەک بوو بە هۆی دواکەوتوویی لە بواری خوێندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.)**

دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا مینا خانم و منداڵەکانی و بەگشتی بنەماڵەی قازییەکان ژیانیان بگۆڕێ و ئیتر توشی ئازارەکانی ڕابردوو نەبنەوە، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیان پێشاندا. دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و بوژانەوەی حیزبی دیموکرات و پێکهێنانی کۆنگرەی چوارەمی ئەو حیزبە، فەوزیە خانمی کچی قازی محەمەد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا، بەڵام ناوبراو دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزب لەگەڵ ڕەوانشاد غەنی بلوریان و گروپێکی حەوت کەسی لە مانگی ماسی ساڵی ١٩٨٠ لە حیزبی دیموکرات دەرکرا[2]. مینا خانم دەرکردنی کچەکەی لە

---

[1]- یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان کە هەفتەنامە بووە، ڕۆژی چوارشەممە، ١٥٧١/٢/١٥ی شاهەنشاهی- ١٩٥٩/٦/٦ز لە تاران بڵاوکراوەتەوە. عەبدولحمید بەدیعولزەمان خاوەن ئیمتیاز و دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە سەرنووسەری بووە. ٢٠٩ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و دوا ژمارەی لە جۆزەردانی ١٣٤٢- ١٩٦٣دا بووە.

[2]- فەوزیە خانم لەگەڵ کەمایەتییەکی ٧ کەسیی لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ١٣٥٩/٣/٢٥- ١٩٨٠/٦/١٥ بڵاویانکردەوە، بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند. ئەو حەوت کەسەی بەیاننامەکەیان ئیمزا کردبوو، بریتی بوون لە: غەنی بلوریان، دکتۆر ڕەحیم سەیف قازی، فەوزیە قازی، محەمەدئەمین شێخولئیسلامیی "مامۆستا هێمن"، نەوید موعینی، ئەحمەد عەزیزی و فاروق کەیخەسرەوی. بە جیابوونەوەی ئەو ژمارەیە لە دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، بەشێک لە کادیرە دیرینەکانی حیزب، لەوانە محەمەدئەمین سیراجی و هەروەها ڕێکخراوی لاوان و ڕێکخراوی ئافرەتانی حیزبی دیموکرات چوونە پاڵ بەشە جیابووەوەکە. هەروەها ڕێکخراوکانی حیزب لە

حیزبی پێشەوادا بە یەکەم قوربانی بنەماڵەکەی دانا، بەڵام دووەم قوربانی ئەو بنەماڵەیە کاتێک سەریهەڵدا کە عەلی کوڕی قازی محەمەد ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتەوە بۆ ماوەی هەشت مانگ لە زیندانی دۆڵەتووی حیزبی دیموکراتدا لەگەڵ جاش و پاسدارانی سەربە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی زیندانی کرا، لەو بارەیەوە عەلی قازی دەڵێت: **(دوای فتوای خومەینی بە دژی گەلی کورد، سەرجەم حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت کەسانی دژبە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندیان هەبوو. حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە، خوا لێخۆشبوو مەلا شێخ عیزەدین لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە یارمەتی دەکران. لەو کاتەدا، دەوڵەتی عێراق پێوەندی بە منیشەوە گرت و داوایان کرد گەشتێکی بە غدا بکەم. من لە ئەڵمانیاوە چووم و گوتیان گروپێک پێک بێنم و دژی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەم. قبوڵم کرد و ئەوان بنکەیەکیان لە گوندی "هەڵشۆ" کە گوندێک بوو لە نزیک قەڵادزێ لەسەر سنوری ڕۆژهەلات و باشوری کوردستان بۆ کردمەوە. نزیکەی ٢٠٠ کەس پێوەندیی بەمنەوە گرت. لە هەمان کاتدا من پێوەندیم لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات وەک: مەلا ڕەسول پێشنماز، مونتەقیمی قازی، عومەری قازی و ...تد هەبوو. ئەوان ڕایانوابوو کە من هاوکاری حیزبی دیموکرات بکەم. من بۆ پێشاندانی دڵپاکی خۆم، ژمارەیەکی زۆر چەکم بۆ حیزب بە ڕێکرد و دەمویست خۆم بچم لە گوندی میشەدێ بمێنمەوە کەچی ئەوان لە جیاتی وەڵامی نیاز پاکی من بدەنەوە، ڕایانگەیاند ئەو چەکانە هی**

---

سەقز و ڕێکخراوی حیزب لە بۆکان لە دوو بەیاننامەی جیاوازدا بە مێژووی ١٣٥٩/٣/٢٩-١٩٨٠/٦/١٩ کە لە ڕۆژنامەی "مردم" ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران، ژمارە ٢٦٥ دا بڵاویانکردەوە، پشتیوانییان لە لایەنی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات کرد و لە ڕێکخراوەکانی تری حیزبیشدا ژمارەیەک بە تاک و گروپ چوونە لای جیابووەوەکان. دواتریش لە دوو قۆناخی جیاوازدا، ڕەحمان کەریمی، سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە کە هەر سێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چوارەم بوون، چوونە پاڵ ئەندامانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و لە حیزبی دیموکرات جیابوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی تودەی ئێران لە ڕۆژنامەی "مردم" ژمارە ٢٦٢یدا پشتیوانیی ڕاشکاوانەی لە جیابووەوەکان کرد. لە بەرامبەر دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەیەکی کتوپڕدا، جیابووەوەکانی بە جاش و خیانەتکار ناوبرد و لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١٨ بە ناوی **"خەیانەتی گروپی حەوت نەفەری"** بڵاویکردەوە، داوای لە گەلی کورد کرد کە ئەو گروپە خۆفرۆشە حەوت کەسییە لە ڕیزی خۆیان جیابکەنەوە. لە مەهاباد، بۆکان، سەقز، پیرانشار، سەردەشت و شوێنەکانیتر پەلاماری هەڤاڵانی دوێنێی خۆیاندا و سوکایەتییان پێکردن.



سەڵتەنەتخوازەکان بووە و دەستمان بە سەردا گرتون و دواتریش لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا منیان گرت. مەلاکانی کوردستان لەو پێوەندییەدا ڕەخنەیان لە حیزب گرت و گوتیان چۆن دەکرێ لە شوێنێک وێنەی قازی هەڵدەواسرێت، کوڕی پێشەوا لەو شوێنە زیندانی بکرێت؟ سەرئەنجام دوای هەشت مانگ لە بەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر بۆ دیداری من ڕوویان لە زیندان دەکرد. چاو پێکەوتنی زیندانیەکان بەبێ ئیزنی دەفتەری سیاسی یاساخ کرا و دواتریش بەبێ لێپرسینەوە بەو مەرجەی مـن کوردستان بەجێهێڵم و بگەڕێمەوە بۆ ئەوروپا منیان ئازاد کرد و گەڕامەوە بۆ ئەڵمانیا.)

عەلی قازی بۆ جاری دووەم لەسەر بانگهێشتی سەدام حوسین گەڕایەوە بۆ عێراق، بەڵام ئەم جارەیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیرا و دوای پێنج ساڵ ئازادیان کرد، لەو بارەیەشەوە ناوبراو دەڵێت: (ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆ باسکردن لەسەر کێشەی کورد و شە ڕی نێوان ئێران و عێراق بانگ کرام کە بچم بۆ عێراق و چاوم بە سەدام حسین بکەوێت. ڕۆژی ١٩٨٦/٨/١٦ لە ئەڵمانیاوە چووم بۆ بەغدا. لەوێ میوانی حکومەتی عێراق بووم. بڕیار بوو چاوم بە سەدام حسین بکەوێت، کەچی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ، ئەمڕۆ و سبەینێیان پێکردم، چونکە لە ئەڵمانیا کاری تایبەتم هەبوو عێراقییەکانم ئاگادار کردەوە کە چیتر ناتوانم لە بەغدا بمێنمەوە. ئەوە بوو، ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٢٦ منیان بەرەو فڕۆکەخانەی بەغدا برد، بەڵام لە جیاتی بەرێکردنم، لە فڕۆکەخانەوە سواری ئوتۆمبیلێکیان کردم و بە چاوی بەستراو بردیانم بۆماڵێک کە نزیکەی دوو کاتژمێر لە فڕۆکەخانە دوور بوو، لەوێ لە ژوورێکی تاریکدا چاویان کردمەوە. لەو ڕۆژەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە زینداندا ڕایانگرتم و ڕۆژی ١٩٩١/٤/٤ ئازادیان کردم. لە ڕاستیدا ئێستاش نازانم لەسەر چی گیرام و لەبە ر چی ئازاد کرام، بەڵام ئەوە دەزانم کە "گەینشێر" وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەڵمانیا لەگەڵ تارێق عەزیز قسەی کردبوو. یاسر عەرەفات لەسەر داوای "مادام بۆڤیلار" پارێزەر و داکۆکیکاری خەباتکارانی جیهانی سێهەم لەسەر بەڵێنیەک کە بە خێزانمی دابوو، بە یاسر عەرەفاتی گوتبوو کە لە چاوپێکەوتنی

**خۆیدا لەگەڵ سەدام حوسێن، داوای ئازاد کردنی من بکات. هەروەها دکتۆر عەلی ئەمینی و شاپوور بەختیار بە ڕێگەی مەلیک حوسێن پادشای ئۆردنەوە هەمان داواکارییان هێنابووە گۆڕێ و موکەڕەم تاڵەبانی یەکێکیتر لەو کەسانە بوو کە داوای ئازادکردنی منی لە سەدام حوسێن کردبوو.)**

عەلی قازی تەنیا کەسێک نەبوو لە بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەددا کە زیندانی کرابێت، بەڵکوو مینا خانم و فەوزیە خانمی کچیشی لە ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا توشی گەلێک ئازار و چەرمەسەریی بوونەوە. ساڵی ١٩٨٢ عەلی قازی ماڵی لە پاریس بووە و دوای ئازادبوونی لە زیندانی حیزبی دیموکرات دەگەڕیتەوە بۆ پاریس. لەوێوە مینا خانم ئاگادار دەکەنەوە کە بە ڕێگای قاچاخ بچێت بۆ تورکیا. سەفارەتی فەڕەنسا لە ئەستەمبوڵ مافی پەنابەریی دەداتێ و دەچێت بۆ پاریس. ساڵی ١٩٨٦ کە عەلی کوڕی دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و لەوێ زیندانیی دەکەن، مینا خانم لە پاریس تاقەت ناهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئێران کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دەیگرێ و بۆ ماوەی ١١ مانگ لە زینداندا دەیهێڵێتەوە. ناوبراو بەهۆی ئەشکەنجەی دەرونییو جەستەیی، لە زینداندا پێویستی چارەسەریی دەبێ و دکتۆری زیندان دەڵێت لە زیندان چارەسەریی بۆ ناکرێت و پێویستە ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی زیندان بکرێت. کە کاربەدەستانی ئیتلاعات لەژێر گوشار دکتۆری زیندان و ڕای گشتی و ڕۆژنامەکانی ئینگلیز و فەڕەنسادا، ئیزنی دەدەن لە دەرەوەی زیندان چارەسەریی بۆ بکرێت. پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا کەمالی سەدری قازی و پزیشکانی نەخۆشخانەی هیدایەت لە تاران لەو نەخۆشخانەیە نەشتەرگەریی دەکەن و دواتریش دکتۆرەکان بە ئیتلاعات ڕادەگەیەنن کە ئەو خانمە تەمەنی زۆر و زۆریش لاوازە، تاقەتی مانەوەی لە زینداندا نییە و نابێ بگەڕێتەوە بۆ زیندان. بەم جۆرە مینا خانم لە زیندان ڕزگاری دەبێت. لەو بارەیەوە سوهەیل خانمی قازی دەڵێت:

**- (بە هەوڵ ڕای گشتی و ڕۆژنامەکانی ئینگلیز و فەڕەنسا و دکتۆرەکانی نەخۆشخانەی هیدایەت کە گوتیان ئێمە سوێندمان خواردوە و پێویستە لە بەرامبەر سوێندەکەماندا سادق بین، ئەو خانمە ناتوانی بە تەمەنی ٨٠ ساڵ لە زینداندا بمێنێتەوە، گەڕانەوەی بۆ زیندان مەترسی هەیە.)**

جگەلە مینا خانم، هاوکات لەگەڵ زیندانی بوونی عەلی قازی لە بەغدا، کۆماری ئیسلامی ئێران، فەوزیە خانمی کچی پێشەوا قازی گرت. ناوبراو لەگەڵ شیرین خانمی کچی و نەوەیەکی خەریک بووە بە پاسپۆرتی ئێرانی، بە فرۆکەخانەی تاراندا

بچێت بۆ ئەڵمانیا کە لە فڕۆکەخانە گرتوویانە. کچ و نەوەکەیان دوو مانگ لە زینداندا ڕاگرتووە و بۆخۆشی بۆ ماوەی نزیک بە ساڵ و نیوێک لە زینداندا بووە. زۆرم هەوڵدا کە بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێوەندی بە مونیر خانم و فەوزیە خانمەوە بگرم، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون سەبارەت بە ژیانی ڕابردووی خۆیان شتێک بڵێن. دواتر لەلایەن سوهەیل خانمەوە بۆم دەرکەوت کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕیگەی قسەکردنی لەگەڵ ڕۆژنامەنوس و کەسانی سیاسی لێ گرتوون و ئەوان ناتوانن، لەسەر خۆیان و باوک و دایکیان و بەسەرهاتەکانیان لە دوو ڕژێمی کۆنەپەرستی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا قسە بکەن. هاوکات پێوەندیم بە مریەم خانمی قازییەوە لە وڵاتی عومان کرد. ئەویش گوتی ئەو سەردەمە منداڵ بووە و تەنیا ئەم شتانە دەزانێت کە لە دایک و خوشکەکانیەوە سەبارەت بە باوکی بیستویەتی.

بەهەر حاڵ، ژیان و بەسەرهاتی بنەماڵەی قازی محەمەد و هەڤاڵە شەهیدەکانی بەوجۆرە بووە کە ئاماژەم بۆ کرد. مینا خانم ساڵی ١٩٩١ بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی چووەتە ئەڵمانیا و دوای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد، لە ساڵی ١٩٩٧دا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە نەتەوە و نیشتمانەکەی کردوە و پەروین خانمی کچیشی دوای کەمتر لە ساڵێک بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوە. ئێستا عەلی قازی و چوار لە کچەکانی پێشەوا قازی محەمەد لە ژیاندان.

خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا قازی محەمەد بە ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران، وەک پێشەوا خۆی لە وەسیەتنامەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات دوو هۆی سەرەکی هەبووە، یەکەمیان پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی مەهاباد لە دەستدرێژیی جاشەکان کە سوێندی خواردبوو تا لە ژیاندایە بەجێیان نەهێڵێت و دووەم بەڵێنی ڕژێمی شا کە کوردستان دەکات بە پارێزگایەک و لەودا گەلی کورد خۆی، خۆی بەڕێوەدەبات و دەسەڵاتی ناوچەیی دەبێت. پێشەوا لە بیرکردنەوەی یەکەمیدا سەرکەوت و بە لەدەستدانی گیانی خۆی و هەڤاڵانی، خەڵکەکەی بەجێنەهێشت و نەیهێشت زیانی گەورە بە گیان و ماڵی خەڵکی مەهاباد بکەوێت، بەڵام لە بیرۆکەی دووەمیدا، بە وتەی مەلا مستەفا بارزانی هێشتا دوژمنانی کوردی باش نەناسیبوو. لەبەر ئەوە، دوای خۆبەدەستەوەدانی بە ڕژێمی شا و شەهید کرانیدا، دەیان بیروڕای جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا. سەرۆک مستەفا بارزانی، ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و زۆربەی سیاسیکارانی کورد و بیانی و حیزبە کوردییەکان بەهۆی خۆشەویستیی پێشەوا قازی محەمەد، لەگەڵ خۆبەدەستەوەدانی نەبوون.

هەرچەندە ژەنەڕاڵ بارزانی کاتی ماڵئاوایی کردن لێی، داوای لێکرد لەگەڵی لە مەهاباد دەرکەوێت و تا ماوە وەک سەرۆک کۆماری خۆی دەیناسێت، بەڵام پێشەوا مایەوە و لەگەڵ بارزانی نەڕۆیشت. دیارە پێشەوا بە دەرچوونی لە مەهاباد دەیتوانی گیانی خۆی و هەڤاڵەکانی لە داری سێدارە بپارێزێت، بەڵام داخوا هەربەم جۆرەی کە لە ٧٠ ساڵی ڕابردوو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خۆشەویستیی ئەو لەنێو نەتەوەی کورددا پەرەی سەندوە، ئەو کاتەش بەو جۆرە دەبوو؟ ئایا ئەگەر پێشەوا بۆ ئاسایشی گەلەکەی، خۆی بەدەستەوە نەدابا، چارەنوسی گەلەکەی بە دەست جاشەکانەوە بە کوێ دەگەیشت؟

ئایا خەڵکی مەهاباد بە چەشنی تەورێز و عەجەبشێر کە زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسیان لێ کوژرا، توشی ئەو کارەساتە و کوشتار و قەڵاچۆکردن بە دەست جاشەکانی دیبوکری نەدەبوونەوە کە لە ساڵانی بەرلە کۆمار و جەنگی یەکەمی جیهانەوە، بۆ دەسەڵاتی ناوچەیی دژی بنەماڵەی قازییەکان بوون؟ ئایا ئەگەر پێشەوا لەگەڵ بارزانی کەوتبا، لەو هەمووە شەڕ و ئازارانەدا کە لە ناوچەی شنۆ و باشوری کوردستان و پەڕینەوە لە ئاراس بەسەر بارزانییەکاندا هات، یەکیەتی و برایەتیان بەردەوام دەبوو؟ یان پێشەوا پەنای بۆ ڕژێمی عێراق دەبرد و وەک

ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا کە دوای شەڕی ئارارات چوو بۆ ئێران و دەنگی کپ کرایەوە! ئەویش لە عێراق دەنگی کپ نەدەکرایەوە.

گریمان لەگەڵ بارزانی چووبا بۆ ئازەربایجان، ئایا دەیتوانی تا سەر لەگەڵ بارزانی بێت و لێک نەدەترازان؟ یان ئایا باقرۆڤ ئەوی بە دەردی پیشەوەریی نەدەبرد؟ یان دەیتوانی لەو چەرمەسەرییەی کە بەسەر بارزانییەکاندا هات و بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ لە تەبعید و ژیانی پڕلە ئازاردا بوون، هەڵ بکات و وەک هەندێکیان تەسلیمی داخوازەکانی باقرۆڤ و بێریا و ڕێبەرانی ئازەربایجان نەدەبوو؟ ئایا دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق بە دوای کودەتای ١٤ی تەموز- ژوئینی ١٩٥٨ چارەنوسی بە کوێ دەگەیشت؟

لەبەر ئەو هۆیانە و چەندان هۆی تر، پێشەوا بە مانەوەی لە مەهاباد و ئیعدام کرانی لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوییەوە، لەگەڵ بەدیهاتنی ئەو کۆمەڵە دەرد و ئازارەی کە بۆ بنەماڵەکەی هێشتەوە، بە خۆڕاگریی لە دادگا کارتۆنییەکەی شادا، مێژوویەکی بۆخۆی، بۆ بنەماڵەکەی، بۆ نەتەوەی کورد دروست کرد کە تا کورد هەیە، لەبیر ناکرێت! ئەگەر ئەوکاتە لە دڵی سێ ملیۆن کورددا جێیگرت، ئەمڕۆ لە دڵی زیاتر لە چل ملیۆندا جێی خۆی کردوەتەوە بە بەردەوامیش ئەو خۆشەویستیی و فیداکارییەی زیاتر بۆ دۆست و دوژمنی کورد ڕوون دەبێتەوە.لەو بارەیەوە سوهەیل خانمی کچی پێشەوا ئاماژە بە ڕووداوێک دەکات کە بۆخۆی ڕوویداوە و دەڵێت:

**- (لە ژوئیە "تەموزی" ساڵی ٢٠٠٥ لە نەخۆشخانەی خاچی سوری شاری بۆن لە ئەڵمانیا نەشتەرگەری کرام. پرۆفیسۆر دکتۆر "کایزەر" ڕۆژی دوای نەشتەرگەرییەکەم هاتە سەردانی کردم و کاتێک پاشناوی منی لەسەر قەرەوێڵەکە خوێندەوە، پرسی: "تۆ کێی و لە کوێوە هاتووی؟" گوتم مەهاباد. گوتی: "تۆ لەو بنەماڵە گەورەیەی کە من ئێستا خەریکم چارەنوسیان لە کتێبێکدا دەخوێنمەوە؟" گوتم بەڵێ من کچی قازی محەمەدم. ئەو دکتۆرە بە بیستنی ئەو وەڵامە زۆر بە پەرۆش بوو و زۆریشی خزمەت کردم.)**

لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا، پێشەوا جێی فەخر و شانازیی، بنەماڵەی قازییەکان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی نەمر و هەموو نەتەوەی کورد بووە و هیچ خەباتکارێکی کورد نییە کە جارێک لە جاران لە بەرامبەر پێشەوادا کڕنۆش نەکات. لەو ماوەیەدا بە هەزاران وتار، شیعر و پەخشانی جۆراوجۆر لەسەر پێشەوا

بڵاوکراوەتەوە و چەندان کتێبی لەسەر نوسراوە. جگە لە دوژمن و پیاوانی سەربە ڕژێمی ڕوخاوی پەهلەوی و کۆماری کۆنەپەرست و گەندەڵی ئیسلامیی ئێران، کەس نییە لە گەورەیی پێشەوا نەدوابێت!

لێرەدا ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدات کە ئایا گەورەیی و خۆشەویستیی پێشەوا قازی محەمەد بۆ ئەو ١٠ مانگ و ٢٠ ڕۆژەی تەمەنی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە؟ یان هۆیەکی تری هەیە کە قازی محەمەدی کرد بە پێشەوای کورد؟ لە کاتێکدا ئەو دەیتوانی وەک شێخ مەحموودی نەمر بە سەرۆک دەوڵەت و سەرۆک کۆمار بناسرێت. لە ڕاستیدا ئەم وتە بەنرخانەی خوارەوە، قازی محەمەدیان کرد بە پێشەوای کورد و جێی شانازیی نەتەوە بەشخوراو و چەوساوەکەی بەگشتی:

**– (من دەزانم دەوڵەتی ئێران دوای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد، هەموو قین و تورەیی خۆی لەسەر من بەتاڵ دەکات و من لە سێدارە دەدات، بەڵام بە ئیعدام کردنی من، ئیتر خەڵکی کوردستان ئازار نادات. بە بەڵێن و پەیمانێک کە بە میللەتم داوە، لە هەموو بارودۆخێکدا بە تەنیایان ناهێڵمەوە.)**

**– (کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک حەزبکات لە هەر بستە خاکێکی خۆیدا بژی، بێگومان مافی خۆیەتی، چونکە ئەوە مافی خاوەنماڵە.)**

**– (ئێستا کە بڕیارە من لە سێدارە بدرێم، بە خاتری ئەو سۆز و بەڵێنەیە کە من بە میللەتەکەمم داوە. بڕیارمداوە لەگەڵ گەلەکەمدا بژیم و بۆ ئەوان بمرم. ئیتر چۆن بەڵێنی خۆم و سوێندێک کە خواردومە بیشکێنم!)**

**– (مەلا مستەفا لە کوردستان بێگانە نەبوو و نییە! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە! لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس ئەوی نەهێناوە، بارودۆخ وایکردوە ئەو بێت بۆ بەشێکی تر لە ماڵەکەی خۆی، واتە لە بەشێکی ماڵەکەی خۆیدا هاتووە بۆ بەشێکی تری ماڵەکەی و وەسەلام.)**

**– (یەکەم جار، ئەوە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئاڵای ئێمە چەکوچ و داسی تێدا نیە! دووەم ئەو هەڵسوکەوتەتان نیشانی کەم عەقڵی و بێشعوری تو دەگەیەنێ! دڵنیابن ئێوە دەستتان بە ئاڵای کوردستان ناگات کە**

بێڕیزی پێبکەن. ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەو خانوویەی کە من تێدا دادگایی دەکرێم، ئالآی کوردستان هەڵدرێ و بشەکێتەوە! ئالآی کوردستانم بە مەلا مستەفا بارزانیی سپاردوە و لەسەر شانی ئەو، لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو ولآت بۆ ئەو ولآتی دەبا، تا ڕۆژێک لە تەواوی بەرزایی و بڵندایییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە! دڵنیا بن ئەو ڕۆژە دێت!.)

– (ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانییەت و شوجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و نەترسیی لە مێژوودا کەسانی مەزن بوویێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی. ئەوەی موسوڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕ و ڕاستیی و پاکیی و دڵسۆزیی بۆ خودا و ئایین و خەڵکی هەژار و داماوی میللەت بوویانە، بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە، هەروەکوو سەعدی دەڵێت: "هر آنچە خوبان همە دارند، او بە تنها دارد". جا حەز دەکەن باوەڕ بکەن و پێتان خۆش بێ یا حەز دەکەن پێتان ناخۆش بێت.)

– (مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵدا من لەگەڵی بچم، تا نەخرابوومە بەندیخانەوە پێیگوتم کە من دڵ بەبێ تاوانیی خۆم خۆش نەکەم! مەلا مستەفا وێنەی ڕاستینەی ئێوەی عەجەمی بۆ کێشام و حاڵی کردم کە ئێوە چۆنن و چین و کێن!!.... بە ڕاستی مەلا مستەفا ئێوەی لە هەموو کەسێک باشتر ناسیوە، ئەو پێیگوتم: هیچ گەل و میللەتێک وەک عەجەم نییە، عەجەم کاتێک دەسەڵاتی هەبوو، لە خۆی بێبەزە و بێویژدانتر و زاڵمتر نییە، بەڵام ئەگەر ژێردەست بوو، کەس ناتوانێ و نازانێ وەک عەجەم خۆی مەزلوم بکا و بپاڕێتەوە. لە کاتی بەهێزییشدا هەرچی لە دەستی دێ، دەیکا و لەکاتی بێدەسەڵاتییشدا بە هەر چییەک خۆی دەرباز کا، دەیکا و دەڵێ جا تۆ بە هیوای ئەوە مەبە کە تاوانێکت نە کردوە، عەجەم لێت خۆش ببێ.)

– (ئەگەر خوای گەورە ئەو شێوە مەرگەم بە خۆ بەهیلاکدان دانەنێ، نا پەشیمان نیم، چونکە بەڵێنم بە میللەتی کورددابوو لەگەڵیان بژیم و لە پێناویاندا بمرم! دڵنیام ئەگەر من ڕۆیبام و ئەمنتان نەکەوتایە دەست، کەسانی زۆرتان لە خەڵکی مەهاباد و میللەتی کورد بە تۆڵەی من دەکوشت، جا بۆیە خۆشحاڵم بەوەی

یەکەم کار من بێتاوان دەکوژرێم و دووەمیش بە بەڵێنی خۆم وەفام کرد و هیوادارم ڕوسوری دنیا و قیامەت بم لە لای خودا و لە لای میللەتەکەی خۆم.)

- (میللەتی کورد، ڕۆڵە و برا و ئازیزەکانم! برا بەش خوراوەکانم، میللەتە زوڵم لێکراوەکەم! وام لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا، چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم، وەرن بە خاتری خوا چیتر دوژمنایەتیی یەکتری مەکەن؛ یەک بگرن و پشتتان وەیەکتری بدەن، لە بەرانبەر دوژمنی زۆردار و زاڵم دا بوەستن، خۆتان بە خۆرایی بە دوژمن مەفرۆشن، دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ، تا کاری خۆی پێتان جێبەجێ دەکات و قەت بەزەیی پێتاندا نایە؛ لە هەر هەلێکدا بێ، قەت لێتان نابووری.)

- (دوژمنانی گەلی کورد زۆرن، زاڵمن، زۆردارن؛ بێبەزەیین؛ ڕەمزی سەرکەوتنی هەر گەل و نەتەوەیەک، یەکگرتن و یەکبوونە؛ پشتگیریی تەواوی میللەتە. هەر میللەتێک یەکێتی و تەبایی نەبێ، هەر دەم ژێردەستی دوژمنانی دەبێ، ئێوە گەلی کورد! هیچتان لە گەلانی سەر ئەم گۆیەی زەوی کەمتر نیە، بەڵکوو لە پیاوەتی و غیرەت و لێهاتوویی؛ لە زۆر لەو گەلانەی ڕزگار بوون لە پێشترن. ئەو میللەتانەی کە لە چنگی دوژمنە زۆردارەکانیان ڕزگاریان بووە، وەک ئێوەن؛ بەڵام ئەوانەی خۆیان ڕزگار کردوە، یەکێتیان لە نێواندا هەبووە؛ با ئێوەش وەکوو هەموو گەلانی ڕووی زەوی، چیتر ژێردەست نەبن؛ هەر بە یەکگرتن و حەسوودی بەیەک نەبردن و خۆ نەفرۆشتن بە دوژمنان لە دژی نەتەوەکەمان دەتوانن ڕزگار بن.)

- (براکانم! چیتر فریوی دوژمن مەخۆن؛ دوژمنی کورد لە هەر ڕەنگ و دەستە و قەومێک بێت، هەر دوژمنە، بێ ڕوحمە، بێ ویژدانە؛ ڕوحمتان پێناکا، بە یەکترتان بەکوشت دەدا؛ تەماحو وەبەر دەنێ؛ بە درۆ و فرۆفێل بەگژ یەکترودا دەکا؛ لەناو هەموو دوژمنەکانی گەلی کورد، دوژمنی عەجەم لە هەموویان زاڵمتر و مەلعوونتر و خوا نەناستر و بێبەزەییترە؛ لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە گەلی کورد دەست ناگێڕێتەوە؛ هەر بە درێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد، غەرەز و کینەی ڕیشەداری هەبووە و هەیەتی.)

– (بە درێژایی مێژوو، کەس نەیدیوە تاکوو جارێکیش عەجەم بە سوێند و وادە و ئەو پەیمانانەی کە بە سەرانی کوردی داوە، وەفای پێ بکاو وادەکانی لەگەڵ کورد بەجێ بگەیەنێ؛ هەر هەمووی درۆ و فڕوفێڵ بووە. جا وا من وەکوو برایەکی چووکەی ئێوە، لە ڕێگای خوادا، بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم: یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن. دڵنیا بن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردوە. بە سوێند و بەڵێنی درۆی عەجەم فریو مەخۆن؛ کە ئەگەر هەزار جار دەست لە قورئانی پیرۆزیش بدا و بەڵێنتان پێ بدا، دڵنیا بن مەبەستی فریودانی ئێوەیە، تاوەکوو فێڵێکتان لێ بکا.)

– (وا من لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خودای گەورە ئامۆژگاریتان دەکەم، پێتان دەڵێم و خوا بۆ خۆی دەزانێ کە من ئەوەی لە دەستم هات، بە سەرو بەگیان و تێکۆشان، بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕێگەی ڕاست نیشاندانی ئێوە، درێغیم نەکردوە. ئێستاش لەو ساتەدا و لەو بارودۆخەدا، دیسان پێتان ڕادەگەیەنم کە چیتر فریوی عەجەم نەخۆن و باوەڕ بە سوێند و دەست لە قورئان دان و بەڵێن و سۆزەکانیان مەکەن.)

– (من ئەوانم هەر هەموویان لەبیر بوو؛ قەتیش باوەڕم بە عەجەمان نەکردوە؛ بەڵام عەجەم لە پێش گەڕانەوەیان بۆ ئێرە چەندین جار وەڵام و ڕاسپاردەیان بە نامە و بە ناردنی کەسی ناوداری کوردو فارس بە دانی بەڵێنو پەیمانی یەکجار زۆرو بۆرەوە کە دەوڵەتی عەجەمو شا خۆی نیەتی خێریان هەیەو ئامادە نین تەنانەت دڵۆپێک خوێن لە کوردستان بڕژێ. ئێستا ئێوە ئەنجامی بەڵێنەکانیان بە چاوی خۆتان دەبینن؛ ئەگەر سەرانی هۆزو عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردباو خۆیان بە حکومەتی عەجەم نەفرۆشتبا، ئێمەو ئێوە و کۆمارەکەمان وای بەسەردا نەدەهات.)

– (ئامۆژگاری و وەسیەتم ئەوەیە: با منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ئێمەی میللەتی کورد هیچمان لە میللەتانی دیکە کەمتر نیە، ئیللا خوێندن نەبێ؛ بخوێنن بۆ ئەوەی لە کاروانی گەلان دوا نەکەون، هەر خوێندن چەکی کوشندەی دوژمنە. دڵنیا بن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتنو خوێندەواریتان باش بێ؛ زۆر باشیش بەسەر دوژمنانتاندا سەردەکەون، ئێوە نابێ بە کوشتنی منو براو ئامۆزاکانم چاوتان

بترسێ، هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکوو ئێمە لەو ڕێگایەدا "گیانی خۆیان" بەخت بکەن؛ تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان.)

– (دڵنیام لە دوای ئێمەش زۆر کەسی دیکە هەر بە فێڵو دوو ڕوویی لە بەین دەبرێن. دڵنیام زۆر لەوانەی لە دوای ئێمەش دەکەونە داوی فڕوفێڵی عەجەمان، لە ئێمەش زاناترو لێهاتووتر دەبن، بەڵام هیوادارم کوشتنی ئێمە ببێتە پەندو عیبرەت بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد.)

– (وەسیەتێکی دیکەم بۆ ئێوە ئەوەیە کە لە خوای گەورە داوا بکەن، هەر چیەکتان بۆ سەرفرازیی ئەو گەلە کرد، کۆمەکتان لە ئەو بۆ بێ؛ دڵنیام خوای گەورە سەرتان دەخاو کۆمەکتان دەکا. ڕەنگە بڵێن ئەی بۆ من سەرنەکەوتم، لە وەڵامدا دەڵێم: بەو خوایە من سەرکەوتووم؛ چ نیعمەتێک و چ سەرکەوتنێک لەوە گەورەترە کە ئێستا وا من لە ڕێگەی گەل و میللەتو وڵاتەکەمدا، سەرو ماڵو گیانم لە پێناوی ئەودا دادەنێم، باوەڕ بکەن من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو، ئەگەر مردم بە مەرگێک بمرم کە لە حزووری خوا و ڕەسووڵی خواو گەلو میللەتەکەمدا، ڕوو سوور بم؛ بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە.)

– (کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە؛ هەر وەکوو لە ماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەر کەس لە هەر جۆرە کارو کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەو کارەی پێدەسپێرن، ئیتر کەس مافی چاوچنۆکیی پێنیە، کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە؛ ئەگەر زانیتان کەسێک لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لە دەست دێ؛ لێی گەڕێن با بیکا. ئیتر نابێ بەرد بخەنە سەر ڕێیو نابێ بەوە دڵگیر بن کە یەکێک لە ئێوە بەرپرسیارەتیی گەورەی بەدەستەوەیە. ئەگەر کاری گەورە کەوتۆتە سەر شانی کەسێک و بەڕێوەی دەبا، دیارە لێی دەزانێ و بەرپرسیارەتیی گەورەتریشی لە بەرانبەر ئەو ئەرکەدا هەیە.)

– (لە خەبات و هەوڵ و تێکۆشان مەوەستن؛ تا وەک هەموو گەلانی دیکە لەژێر چەپۆکی دوژمنان ڕزگارتان دەبێ، ماڵی دنیا هیچ نیە، ئەگەر وڵاتێکتان هەبێ، سەربەستییەکتان هەبێ؛ ماڵ و خاک و نیشتمانەکە و هی خۆتان بێ، ئەو کاتە


**هـەموو شـتێکتان هەیـە، هـەم مـاڵ، هـەم سـەروەت، هـەم دەوڵـەت و ئـابڕو و نیشتمانیشتان دەبێ.)**

بەڵـێ! ئەم بۆچـوون و لەخـۆبردوویی قـازی مـحەمەدە کە ئەوی کـرد بە پێشەوای کورد و گەورەترین پلەی ژیانی مرۆڤایەتی نەتەوەیەکی بێبەش و ستەم لێکراوی پێبەخشـێ! لە کۆتـایی ئەم کتێبەمـدا دەڵـێم گومـانم لەوەدا نیـیە کە منـیش نەمتوانیوە هەموو خاڵە ئەرێنییەکان لەسەر پێشـەوا دەرببڕم. دەبێ چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بین کە کەسانی وەک فەوزیە خـانم و مونیر خـانمی کچی پێشـەوا و بەگشـتی خەڵکانی تر لە مەهاباد و شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانن نهێنییەکانی سـنگیان ئاشـکرا بـکەن و ئەرشـیڤە خـاک کراوەکـانیش دەرکەون، تـا نووسـەرانی خـاوەن هەسـتی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی و خزمەتکـاری نەتەوەی کـورد و ڕێبـازی پێشـەوا قـازی مـحەمەد بتـوانن هـەموو ڕاسـتییەکانی ژیـانی سیاسـیی و کۆمەڵایەتی پێشەوا قازی محەمەدی سەرکۆماری کوردستان بـخەنە دەست خوێنەران و نەوەی داهاتووی کورد.

حامید گەوهەری: ٢٠١٦/٨/٢١

# پاشبەند

# پاشبەندی ١



بەنیوی خودای مەزنویی هاوتا

آبونەمان
یەکساله ٣٠٠ ریال
شەش‌مانگه ١٦٠ »
دانەی ٣ »

لەلایەن‌هیـئەتی
تەحریریەوە دەردەچی

# کوردستان

بـلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کورد ستان

زمارە –٢٥ سالی‌یەکەم یەك شەممو٢٦ رەشەمە ١٣٢٤ ١٢ربیع‌الثانی ١٣٦٥ ١٧ مارس ١٩٤٦


## ★ حضرتی محمد قاضی پیشوای کوردستان ★

حضرتی پیشوای کوردستان محمدقاضی کوری آغامیرزا علی مرحومەله ١١ بانەمەر (اردیبهشت) ١٢٧٩ هـ شمسی بەرانبەر بە ٢ محرم ١٣١٨ هـ ق لەشاری مهاباد لەدایك‌بو،ئەم ذاتە زور بە چاکی لە ژیر دەستی باب و دایکی دا بەروەردە کرا ئە تەمەنی ٧ سالیدا دەستی بەخویندن کرد و دوای خویندنی چەند رسالیکی کوردی و فارسی دەستی بە خویندنی‌سەرەدای‌نحووصرف کرد هەروا ادامەی‌بەخویندن دا تا لەعلومی معقول و منقولدا : نحو صرف ، منطق ، بـلاغه ، اصول ، فقه ، کلام ، فقەفارغ‌التحصیل بو و بەوەندە خویندنه دلی آرام نەبووبی‌ووچان لەدووی‌خویندن و زیاد کردنی‌معلومات‌و فیربونی‌زمانی بیگانە دەگەرا تا توانی بەوسیلەی ماموستای تایبەتی زمانی انگلیسی ، روسی ، فرانسە بخوینی و بیجگە لەم سی زمانە و زمانی زگماکی خوی کە کوردیە زمانی عربی ، فارسی ، و تورکیش زورباش‌دەزانی .

حضرتی محمد قاضی پیشوای کوردستان هەرلە مندالیەوە خاوەنی گیانیکی بەرز و بەهیزبو و نیشانەی گەورەیی ، شجاعت، لە خویوردن . دەوییدا دیـاری دەدا و خوو و رەوشتی دەگەل هەمو طبقەیەك ریك کەوتوه . وتیکەلی دەگەل هەموان هەیە لە ریزی کسبە ، مالك ، شیخ ، مـەلا ، جحیل ، بیر و کاربەدەستانی حکومەتدا دەبینری وهەمیشە وەکو بـابـو باپیرانی خوی سمتی ریاستی روحانیان و زانایانی مهاباد و دەور و بەری بووەوهەیەتی و بی ووچان لـه حقوقی هـەمو کوردیك بە تایبەتی هەژاران و لی قەوماوان لە هەمو جیگایەك دا دفاعی کردووە و دەیکا بو پیکهینانی کاریکی زور



چکولەی کەمیك زەحمەتیکی زوری قبول کردووە . بەطوری کەی رشتەی کار و باری مهاباد . سیاسی . کومەلایەتی و . . . و حتی دە دەورەی دیکتاتوری رضاخاندا دەدەستی‌دا بو سپاه کە گری کاری خەلکی بە وەسیلەی‌وی دەکرا بەوە کاروباری حکومەتیش بی مداخلەی

وی حل نەدەکرا و جی بەجی نەدە بوو صفاتی نیشتمان‌پەرستی . ملت‌پەروەری بە تەواوی دە جنابی محمدقاضی پیشوای کوردستان دا کوبوتەوە و پاش کەوتنی هاوخونەکانی لە فرهنگ و شارستانیت هەمیشەدلی‌وی پرینەدار دەکا بویە اکثروەخت تەمەنی خوی لەراهنمانی‌ملتەکەی‌بو شەقامی‌خویندن ، زانست،تمدن بەخت کردووەودە راهنمانی واندا لەم ریگایەدا ذریك کوتـاهی ناکا و بودانانی مدرسەلە سەر اصولی دونیای تازە لەمهاباد زوری هەول دا و چەند سال بوخوی‌عهدەداری‌سەروکی‌اداری‌فرهنگ‌بو و تەوەندەی لە طاقتی دابو دەرسی نیشتمانپەرستی بە مندالەکانی‌مدارس فیر کرد تاوای لی‌هات مهاباد لەم ریگایەدا زور وەپیش کەوت و آموزگاران و شاگردانی مدارس بە وەسیلەی رهبری خویان مناسباتی سیاسیان دەگەل احزابە آزادیخواکانی عراق . تورکیە . سوریا . بنیاد نـا تاوەختی کە رضاخانی فاشیست لە کوردستاندا نفوذی پەیدا کرد . بە دەستوری‌مقاماتی‌فاشیستی لە سەروکی فرهنگیان بەرکەنار کرد بەلام‌دیسان کاروباری فرهنگ بە دەستوری ئەو نمایە هەڵدەسورا .

ئەم ذاتە اوصافی : وقار . راستی ، فضل ، شجاعت حیاء . زانست . تی گەیشتن . حلم ،

ماوەی‌لەلاپەرە٤

**بیزیم پارتیا تشکیلاتینین تاریخچه سی** — بیزیم تشکیلاتین اساسی ۱۹۲۸ نجی ایلین ایون آیندا قویولوب
ایکن ایران حکومتین مراقبه‌سی آلتیندا جوخ آز فعالیت اولوردی چونکی البته‌ن بیتری اولماسایدی هیچ بیر
کیمسه‌یه عضویت تکلیفی اولوردی ایندیدا بیلمه‌زدی — ۱۹۳۶ نجی ایلین مای آیندا عراق کوردلری بیزایله عارف
ساخلماغ ایستدیلر بو ایشی بیز بیلدیردیلر همان آیدا بیزیم پارتیادان بیر نفر عراق — ایران سرحدینه گیده ره ک
عراق کورد افسرلرین ایکیسی ایله گوروشوب ایکی ارفادین فعالیتین آرتیرمکده قرار ویریلمیشدیر ایلاسده غیرت
نتاسی کورد لرده‌ندا ایکی نفر وارایمیش افسرلرین بیری یمین ( قایق امین ) خیانتی نتیجه سنده عراق حکومتی
او ایکلیمین داتیشیق لرینده ن خبردار اولمیشدیر سعد آباد معاهده سنی ذکره آلاراق ایران حکومتینه دا بیر
بیلدیریلمیشدیر ایران کوردستان پارچا سندا ایران حکومتی طرفندان احتیاطلار باشلاندی ایران شتابی طرفیندان
قوشونه اریته فرمان چیخدی کورد عسکرلره استخبارات وسیم حقلرده ایش ویریلمه‌سین بو احتیاط لرین تطبیقینده
بوتون ایران کوردستان پارچاسیندا عراق دولکه سنه گیتما غه ساتون آدامار حکومت طرفندان تهدید اولوندیلر
اونلارین آراسندا بیزیم پارتیا عضو لرینده ن جوخ وارایدی — حکومتین بوسیاسه‌سی وعدالتسیز عملی پارتیامیز
ایچون کسگین بیر جربه اولدی تهلیکانین دایره سنی گنیشلندیردی اما شاهلین حکومته نفرت بیله مکلری
حکومت ضدینه هر بیر حرکته امکان ویریردی

۱۹۳۹ — نجی ایلین مای ضایند ه ایران دا ... سو و ه شحکومتین ایرانین شمالی سرحدلرینده
یخینیسه وایران ایلما غ خیانتیندا اولمالاری شایعه سی وارایدی ایران حکومتین عسکری احتیاطلاری دا بو
شایعه نی تصدیق ایلیردی بیزیم پارتیا ایچون بو بیوک مژده ایدی لیکن حیاتده گیچیرمه‌دی
مالیه اداره سندا عالی فکرلی بیر آدام سووت اتفاقی حکومتی باره سندا یاخشی وگنیش معلوماتی
وارایدی او بیزه بو معلوماتی ویریرکن بیزیم ایستانمیزی جلب ایتمیشدیر — او بعضی موقعلرده بیزی سووت
اتفاقینین ایرانده کی سیاسی مأمورلرایله مربوط ایتمکدان دیبردی اما حکومت اونون باره سندا تیز شبهه‌سین
اولوب سیاسی بساد رایونونه‌ــــدان اوزاق ایلدیلر

بواثنادا ایرانین وزارت جنگ ووزارت داخله طرفندان بیزیم پارتیا نین تشکیلاتنی کشف ایتمک
گوستریشلار ویریلمیشدیر مهاباد دا ایران قوشونی حصه‌سینین پولکونیکی بانک ملی باخیجیسی واسطه سیله مهاباد اهالی
سندان بیر نفره بو سنتی اونلار ایچون کشف ایتمک و مقابلینده بول آلماغی تکلیف ایتمیشدیر او آدام بیزیم پارتیا
سینین عضولرندان ایدی بیزه خبر ویردی اوندان سونرا پارتیا مزین احتیاطلری باغلانددی حوا ساعد اولاندا
داغ لاردا ... سعد لرده پارتیا مزین اجلاسی اولوردی

حکومت طرفندان بیزی تعاقب ایتمک وبیزیم احتیاط لاریمیز ۱۹۴۱ — نجی ایلین مای آیینه ده ک
جیکدی ۱۹۴۱ نجی ایلین ۷ — سندا مهاباد ( شهربانی ) اداره سی طرفندان آلتی نفر حبس اولوندیلار اونلارین
آراسندا پارتیامزین ایکی عضوی وارایدی اونلارین ایو لرین تفتیش ایتمکده ندا حکومتین الینه بیر سند گیچمدی
بیزیم اهالی قزیل اوردو ایرانه گیرماخنده ده ن اورمیا ومهاباد شهرلرینده حبسدا قالدیلار تهران قزیل اوردو
ایرانه گیرماخنده ساخلانمیشدیر آداملار بیر اخلاقی اونلاردا آزاد اولدیلار
زیرا اوردو مهاباد شهرینه گیرماخه س ... پارتیامیز طرفنده ... ایله ... بیر
بیانات ... ایرانا ... پارتیامیز ... اوردونی ... آزاد ایتدی ... اوردو ...

مهم اولان ... قزیل اوردونون ایرانه ... سونرا ... علیهنه مبارزه آپاران تشکیلاتلارین
ان قباقجیلاری بیزیم پارتیادیر

قزیل اوردو ایراندان چکیلدیکدن سونرا پارتیامیزین علیهنده اولان ایران حکومتی ضعیف اولدوغو اوچون
پارتیامیزین علیهینه بیر اقدام ائده بیلمه‌دی لاکن عشایر آغالاری و ایران حکومتینه ... ایران حکومتینین
الینه ... ایران حکومتی آغالارین الیندن ... بول ... و ... بیزیم علیهیمیزه
تالدیردی ۱۹۴۳ ... پارتیامیزین عنوانینده ... ۳ نفر عشایر آغالاری ... ساعاده
... پارتیا ... آغالارین اقدامی نتیجه سیندا بیر ساعتدان سونرا ... بو آغالارین علیهینه ... 
اقداماتین ... ایستیفا ... عشایر گنجلرینی
پارتیامیزه جلب ائتمک ... سونرا ... آغالار ... آغالاردان بیزیم
علیهیمیزه اقدام ائتمه‌یه ... آدلارین ... سیزه تقدیم ائده ریک

**اساس پروغرامیمیز** — گئنیش پروغرامیمیز ... ان مهم ... خلاصه سینی عرض ائتمک ایسته ریک
" بیزیم پروغرامیمیز بوتون کوردستان پارچالارینی بیرلشدیرمک ... کورد خالقینی ... آزاد ایستیقلال
و ... خدمت ... عبارتدیر ".

**پارتیامیزین شعبه لری** — پارتیامیزین شعبه لری ایران ایله عراق کوردستان پارچالاریندادیر
عراقدا ( ... ) و ( سلیمانی ) شهرلرینده و ایراندا ( اشنو ) — ( نقده ) — ( بوکان ) — ( سردشت )
و ( کرمانشاه ) شهرلرینده ... اداره ... بو ... اداره ... تابع ... ایداره
... کرمانشاه اداره ... ( لورستان ) ... تعیین ... اولاندان
سونرا ... ایران و عراق کوردستان پارچالاریندا ... کندلره ... 
عنوانیمیز ... ( اورمیا ) کوردلری ... ( اشنو ) اداره سی ...
... مامور ...

**ایران و عراق کوردستان پارچالاری ایله رابطه میز** — عراقدا بیزیم تشکیلاتین اداره لرینده ... 
کورد ... ( امید ... ) آدلی بیر پارتیا وار اونین عنوانیندان
... بیزیم عنوانیمیز ... عنوانیمیزین ... 
رسمی رابطه لر ... تشکیلاتین ... اونلارین دا پروغرامینین اساسی ساده لری
بیزیم ... پروغرامیمیز ایله ... اداره ...

... اداره ... عراق کورد گنجلری ...
... بیزیم پارتیا ... 
... اداره ... 

... اداره ... تشکیلاتلار ...
... 

**ایراندا پارتیامیزین اعضالارینین سایی سی** — کوردستاندا ... معلوم ...
... اعضالارین ... استفاده ائده ...
... 

ـــ نظام‌نامه پارتیانین قورولوشی — پارتیامیزین تازه عضولری قدیم عضولر طرفیندن تقدیم اولونور [illegible]
قدیم عضو تازه عضو [illegible] معرفی ائتدیکده ضمانت ائدیر

یاخشی کچمیشه مالک اولان — ایشسیز اولماییان — پارتیا پروقرامی‌سنی قبول ائدن پارتیانین قرارینا تابع اولان — آیری بیر سیاسی تشکیلاتلا علاقه دار اولماییان (علاقه دار اولان صورتده پارتیایا خبر وئرمه‌لی [illegible] اولسا ترک علاقه یا خود پارتیالار علاقه سنه چه وریله جکدیر) آداملار پارتیانین عضوی اولا بیلرلر

هر بیر تازه اعضا پارتیایا وفادار قالماسی ایچون مقدس قرآن حضوروندا آند ایچیر. آند ایچنده پارتیانین سرّلرینی هئچ کیمسه‌یه (آتا و آنا سنه دا) دئمه‌مک — پارتیانین نظام‌نامه سنه وار قووه‌سینی صرف ائتمک — او نظام‌نامه‌ده اولان امرلری اجرا ائتمک — پارتیانین اجازه سی اولماسا آیری پارتیا یا خود سیاسی آداملار ایله علاقه دار اولماماق — پارتیا و پارتیا عضولرینین هر بیر ایشده منفعتینی رعایت ائتمک ایچون تعهد ائدیر

پارتیانین مرکزی کومیته سی و اداره سی مهاباد شهرینده دیر — پارتیا کوردستانین هر بیر رایونوندا شهرلی اداره لر آچیر. رایونلاردا اولان پارتیا عضولری [illegible] اداره لره راجع در. هر رایوندا شهرلی اداره لره تابع و ۵۵ نفر اعضالی (کمیته) آوندا فرعی اداره لر اولاجاق — هر بیر فرعی اداره بیر قسمته بولونور — بو بالالار بولمه لر / فرعی اداره لر / شهرلی اداره لر / و پارتیانین مرکزی اداره سینین — تشکیلاتی مشابه دیر. هر بیرینین ده داخلی — سکرتیری — مشاوره هیئتینین صدری — خزنه دار و مشاوره هیئتی اولاجاقدیر. بوتون ایشلر مشاوره ایله حیاته کچیریلیر.

پارتیانین داخلی ایشلرینده عضولر آراسیندا موجود اولان اختلافلار تشکیلات تعزیری مشاوره هیئتی طرفیندن حل اولونور.

پارتیانین [illegible] شهرلی اداره لر [illegible] رایونلاریندا کونفرانسلاری و اونلارین نماینده لری پارتیانین مرکزینده عالی مشورت مجلسلری اولاجاق. بو کونفرانسلاردا کچن ایلین هر بیر عملیاتینا یکون وورولوب تازه ایل ایچون ایش پروقرامی سی تعیین اولونور.

پارتیا [illegible] اعضالارین خارجده کی [illegible] و [illegible] یاخشی‌لاری پارتیانین ایچرسیندا عضولر [illegible] بیر بیرلریندن اوستون [illegible] اولا بیلمزلر

پارتیا عضولری هر آیدا اوندان ۱۰ ریال پول پارتیانین خزنه سینه وئریر [illegible] اوندان باشقا مستطیع اولان عضولر اوز قوه لرینه گوره اعانه وئریرلر. آلینمیش پوللار مقابلینده رسمی قبض وئریله جک.

**معظم سوویت اتفاقی حکومتیندن پارتیامیزین ایستدیکی** — بیزیم پارتیا سوویت اتفاقی حکومتی قونسولخانه‌سیندن ۱۲۹ — نجی مادسینه دایانارق آشاغیدا کی [illegible] دیر

۱ — پارتیامیزی رسمی صورتده تانیماق
۲ — پارتیامیزین نظام‌نامه سینه یاردیم ائتمک
۳ — ایران قونسوللرینین مهاباددا [illegible] سنده مساعدت ائتمک
٤ — عشایر آغالارینه پارتیامیزا اطاعت ائتمک یا خود [illegible] نفوذ [illegible] ساکت اوتوروب [illegible] آغالارا دئیمک
۵ — فنی و سائر [illegible] بیزیم احتیاجمیزی رفع ائتمک
٦ — پارتیامیزین کافی اولان اندازه ده [illegible] سردشت / بوکان / ساندواب / مهاباد / [illegible] سنده / اشنو و اورمیا کوردلار رایونلارینی ایرانین [illegible] حکومتی تشکیلاتیندان تمیز [illegible] —

ویرمک و لازیم اولان مساعدتلاری ایتمک

۷ - بوندان علاوه‌سی آزاد کوردستان آدلاندیریلمیش واحد - عراق و سوریه کیمی عالم کوردلاریندان بیر موقتی
حکومت تابعه‌سی تشکیل، ویریب بیجاریده‌کی آذربایجانلیلاری بونلاردا بو تازه حکومتیز اداره و اقتصادی
پرنسیپلرینی اجرا به سالماغ

۸ - معظم سووت اتفاقی حکومتی، کونستیتوسیاسینین ۱٤ - نجی ماده‌سینین "ب" بندینی بوتولکی حکومت
جاینده حیاته کیچیریلمه‌سینی و اونی بوتون سووت جمهوریتلر اتفاقینین [illegible] عضویتینه قبول
ایتمک.

۹ - کوردستانین آیری پارچالارینی و مستقلیتینی آزادا ایتمکده معظم سووت حکومتی کمک [illegible] ایتمک.

۱۰ - بوتون بو ایدیالارین حیاته کیچیریلمه‌سی اوغرینده ده‌ک بوتون سووت حکومتی ارتشدان بیزه ایکی ویا
خود اوچ تانک مستشار ویرمک

انسانیت بیزدن نجه آدینا معظم سووت اتفاقی حکومتیندان خواهش ایدیر و امید واردیر کی بو [illegible] کیمی کورد خالقینده
سوزلر حکومتینین عالم شمول عدالت و نعمتیندن محروم اولماسین. -

یاشاسین نعمت‌ماتورین ارغدار . اولان معظم سووت اتفاقینین حکومتی

یاشاسین نعمت‌ماتارین مهربان رهبری سرکرده‌سی عزیز مارشال استالین


یاشاسین کورد خالقی سووت جمهوریتلر اتفاقی [illegible] حمایه‌سینده

ک. ژ. ک - پارتیاسینین مرکزی اداره‌سی طرفینده

---

۱۹۴۲ - نجی ایلین مای آیینین ۱۲ - نه ده [illegible] پارتیامیز خارجی بیر حکومتا [illegible]
دا دور اونون "[illegible] نامه‌سی" آدلانان داغدا ۲۵ عضو ده [illegible] مرکب [illegible] اجلاسینده پروقرامیمیزی
معظم سووت اتفاقی حکومتینین کونستیتوسیاسی ایله مقایسه ایده [illegible] ترجیحا [illegible] بوقرار
دا پارتیامیز [illegible] سووت حکومتی ایله علاقه‌دار اولماغی [illegible] ایدیلمه‌سی ایچون [illegible]
عضوین [illegible] تاکید اولونمشدور [illegible] (ثبتستان) [illegible]
اونمره دا [illegible] پارتیامیز [illegible] حیاته کیچیریلمه‌سیندان [illegible] پارتیا
مزین [illegible] درجه‌ده معظم سووت اتفاقی حکومتینین [illegible] عدالت [illegible]

پاشبەندی ٤




جنابی زعیم آزادی ملا مصطفی بارزانی

١ ـ لە بەشی ... زعیم و لشکری آزادی کوردستان دە کین ـ

— ٢ —

[illegible] عێراق [illegible] کورد [illegible] ئێران لە [illegible] مەرجەکانی کورد

بە [illegible] [illegible] ئەمـــــــــا*

[illegible] کورد [illegible]

[illegible] —*

٢ـ [illegible] حزبی [illegible] لە گەڵ [illegible] حزبی [illegible]

[illegible] لە گەڵ [illegible] کورد [illegible] عێراق [illegible] *

٣ـ [illegible] کورد [illegible] سیاسی [illegible] لە گەڵ [illegible]

[illegible]

[illegible] لە گەڵ [illegible] —*

٤ـ [illegible] ئیشتیباهـ [illegible]

[illegible] ئینگلیز [illegible] لە گەڵ

[illegible] ئینگلیز لە [illegible]

[illegible] —*

٥ـ [illegible] کوردستان —

[illegible] ئێران [illegible] کورد [illegible]

[illegible] —*

[illegible] سیاسی [illegible]


[illegible] —

[illegible] تاریخ [illegible]

[illegible] لە [illegible] — [illegible] ٣ — [illegible] —

[illegible]

# پاشبەندی ٥



## رونوشت اعتبار نامه

ما امضاء کنندکان ذیل اعضاء انجمن نظارت حوزهٔ انتخابیه مهاباد

تصدیق میکنیم که آقای ابوالقاسم صدر قاضی پسر مرحوم علی قاضی که شغلش مالکیت است و سنش ... ۱۲۸۱

و ساکن شهر مهاباد است در انتخابات این حوزه انتخابیه که در تاریخ شهریور ماه ۱۳۲۲ ... واقع شده

با کثریت ۱۳۱۳۲ رای از ۱۴۸۱٤ رای دهندگان بنمایندگی برای مجلس شورای ملی

منتخب گردید و شهادت میدهیم که انتخاب مشار الیه موافق مقررات قانون انتخابات مورخه

۲۸ شوال سنه ۱۳۲۹ که بعضی از مواد آن در دوازدهم شهریور ماه و پنجم و دوازدهم مهر ماه

شمسی ۱۳۰٤ و قانون دهم مهر ماه ۱۳۱۳ اصلاح و بتصویب مجلس شورای ملی رسیده انجام

یافته و تفصیل این انتخاب در صورت مجلس انتخابات این حوزه مندرج است

مهر و امضای اعضای انجمن نظارت

این اعتبارنامه صحیح است

مهر و امضای حاکم و مهر حکومت

رو نوشت اعتبارنامه است که در تقنینیه مجلس شورای ملی بایگانی است — امضاء و مهر دفتر مجلس شورای ملی

صفحه ٤

# جریان واقعهٔ مهاباد

از شهریور ۱۳۲۰ ببعد که شالودهٔ کارها از هم گسیخته شد و دولت های وقت شرکت مطلعین و متنفذین محلی را در ادارهٔ امور حوزهٔ خود لازم دانستند در هر شهرستان بنا بموقعیت از همکاری آنان استفاده نمودند . در کرمانشاه آقای امیر کل ، در سنندج آقای آصف نماینده مجلس ، در سقز آقای مظفر السلطنه اردلان و در مهاباد آقای محمد قاضی و عده از رؤسای عشایر مامور برقراری نظم و امنیت این مناطق گردیدند و هر کدام بسهم خود در ماموریتی که بر عهده داشتند آنچه لازمه جدیت بود بخرج دادند .

بعدها که دولت موفق شد ادارات از هم پاشیده را جمع آوری نماید و تشکیلات خود را سرو صورتی دهد کم کم مامورین رسمی عهده دار امور شدند ولی مسئولیت برقراری امنیت در شهر مهاباد هم چنان بعده ای از روسای عشایر سپرده شد .

تا اواخر سال ۱۳۲۲ این ماموریت به قرنی آقا امیرالعشایر ، عبدالله آقا رئیس منگور ، علی خان نوروزی بابیر آقا منگور و بایزید آقا عزیزی رئیس ایل گورک واگذار شده بود در این موقع آقای دکتر مرزبان استاندار رضائیه چنین صلاح دانست که دو نفر دیگر امیر اسعد ابراهیم آقا منگور را نیز شرکت دهد و با این کیفیت امنیت در مهاباد برقرار بود .

بر اثر گذارش هائی که چندماه پیش مامورین نظامی داده بودند و منجر بمسافرت آقای فهیمی گشت آقای محمد قاضی و عده ای از همان روسای عشایر که مامور حفظ انتظامات شهر مهاباد بودند بطهران احضار شدند و در هنگام توقف آنان در مرکز بود که واقعه اخیر مهاباد پیش آمد کرد .

از چندی قبل در مهاباد کشف شده بود که حسین فروهر معروف به حسین زرگری رئیس جیره بندی اداره خواربار آنجا در توزیع کوپن باستناد شناسنامه های مجعول سوء استفاده های فوق العاده نموده است جریان امر مورد توجه ادارات مرکزی تبریز واقع شد از طرف فرمانده لشگر و اداره خواربار هیئتی برای رسیدگی اعزام شد پرونده تشکیل گشت و دفاتر توقیف و تحویل شهربانی گردید .

حسین فروهر با استفاده از احضار روسای عشایر بطهران موقع را مغتنم شمرده ابتداده نفر او کرمسلح استخدام نموده سپس مبلغی در حدود چهارهزار تومان به عزیز خان نامی که گویا شریک او هم در عمل تقلب در کوپن ها بوده میدهد، تا مقدمه انقلابی فراهم آورده بتوانند شهربانی را غارت کرده اسناد کشف تقلب خود را از میان ببرند .

درحالیکه مهاباد در نهایت امنیت بوده این دو نفر مشغول تهیه مقدمات کار خود میکردند پس از اینکه وسایل اجرای نقشه خود در افراهم مینمایند بغتهٔ روز ۲٦ بهمن ماه عده ای از اشخاص متفرقه و لگرد را جمع نموده به شهربانی حمله مینمایند . این عمل به پیشوائی شخص حسین فروهر انجام میگیرد . زد و خورد بین پاسبان ها و این عده در میگیرد شهربانی غارت میشود . مدارک سوء استفاده از کوپن ها ازمیان میرود پنج نفر پاسبان و سه نفر اشخاص متفرقه دیگر کشته میشوند . عمل بقدری سریع وغیرمترقبه بوده که فرصت جلو گیری را نمیدهد . خبر این ازدحام به عده ای از روسای عشایر ، کسان همان اشخاص که بطهران احضار شده بودند ، و تصادفا برای کار های شخصی بمهاباد آمده بودند میرسد . اینان بدون درنك بکمك مامورین دولتی شتافته و در حینی که فروهر و دستهٔ اوباش میخواسته اند بفرمانداری و سایر ادارات حمله کنند سر میرسند و با برحمانی این عده را متفرق میسازند و مجدداً امنیت را برقرار مینمایند .

خبر این واقعه بمحض اینکه بطهران میرسد از طرف دولت آقای محمد قاضی مامور میشود که فوراً بمهاباد حرکت نموده تا از وقوع نظایر این قضیه جلو گیری کند و نیز اقدامات دیگری شروع میشود که سایر مسببین و همدستان حسین فروهر و عزیز خان که مخفیانه با آنها همکاری کرده اند تعین و دستگیر شوند .

طبق آخرین خبر فعلا امنیت کامل در مهاباد برقرار میباشد .

وقوع چنین حادثه ناگواری که ناشی از نفع پرستی تنی چند بوده عموم اکراد را متأثر ساخته انتظار دارند از طرف دولت اقدامات مجدانه ای بعمل آید که مسببین و محرکین و آنهائیکه مخفیانه این اشخاص را تشویق نموده اند کشف شود و هر یك بفراخور تقصیر به اشد مجازات برسند تا دیگر نظیر این گونه اتفاقات رخ نداده جامعهٔ کرد بیهوده ننگین نشود .

شماره ۱۰

# قضیه مهاباد

هفته گذشته اخبار متفرقه ای رسید که در مهاباد قضیه غیر مترقبه ای رخ داده که منجر به قتل پنج نفر پاسبان کشته است اگر چه تا کنون گذارش های مفصل پستی نرسیده ولی از تلگراف های واصله کم و بیش جریان امر مشهود میگردد دو تلگراف از تلگراف‌های رسیده ذیلا از نظر خوانندگان خواهد گذشت که یکی رسمی و دیگری تلگرافی است که از طرف قرنی آقا مامش رئیس ایل مامش برای مستحضر ساختن دولت از جریان حادثه مخابره شده‌است :

## ۱ـ تلگراف از میاندواب ۴۷ر۱۱ر۲۳

شهربانی کل کشور رونوشت شهربانی رضائیه ساعت چهار بعداز ظهر ۲۶ بهمن ماه در حدود هزار نفر رجاله مسلح و غیر مسلح با تحریك عزیز نام فرزند گنجعلی مالك قریه تاستیس کندی من محال بوکان از طایفه بیك بشهربانی حمله‌ور دو نفر سرپاسبان و سه نفر پاسبان مقتول چند نفر زخمی بقیه متواری کلیه اسلحه و اثاثیه شهربانی و اثاثیه فدوی و چند نفر مامورین که در شهربانی منزل داشته‌اند غارت و درب و پنجره شهربانی را بکنی نابود آقایان منکور مامش پسران فرماندار و فدوی را از خطر نجات داده چون مهاباد تلگراف ندارد منتظر وسیله است بمیاندواب رفته مراتب را مشروحا بعرض برسانم


افشار پناه

## ۲ـ تلگراف قرنی آقا مامش از سلدوز ۱-۱۲-۲۳

خیابان سعدی چهار راه سید علی کوچه تلگرافخانه شماره ۱۰ توسط فرزندی عزیز جناب آقای فهیمی وزیر مشاور اطلاع عرض مینماید . روز ۲۶-۱۱-۲۳ عزیز خان نام بیگزاده عمو زاده احمد خان که او هم یکی از همدستان محمد رشید خان بوده که فعلا در

بقیه در صفحه ۸

# پاشبەندی ٨


KOMELHEY J. K.

Idarey Nawendy

Jimare

Berwari 2 / X / 1944

کومەلەی ژ. ک.

ئیدارەی ناوەندی

ژمارە

بەرواری ١١ ـ رەزبەر ١٣٢٣

J. K

(Remz – رەمز)

(الرمز)

بژی کوردو کوردستانی گەورە!

سیاحت ایلیوب کورد عشایر باشچی لرایله دانیشسینلار

( دعله لیگده مقصودلری مجهول در )

مهاباددان آلدیغیم خبره گوره دا بو نیبه گون عرضنده مهاباد

عشایر باشچیلری ( قرنی آغا مامش - عبدالله آغا منگور

- بایز آغا گورک - تانی کلد ) رئیسلیغیده داور دان تهرانه


گیده جکلر .

ژ. ک پارتیاسینن مطبوعات مدیری عبدالرحمن ذبیحی

## پاشبەندی ٩

ئەمە ئەو قورئان پیرۆزەیە کە قازی محەمەد سوێندی پێ خواردوە و لەلایەن ڕەوانشاد دڵشاد ڕەسوڵییەوە ڕاگیراوە و من لە سایتەکانی ئینتەرنێت وەرمگرتووە.










١١

# حزبی دیموکراتی کوردوستان

له دروای ئەوە لە هەوەلی مانگی خەزەلوەر (آبان)ی ١٣٢٤ حزبی دیموکراتی کوردوستان لە مهاباد داندراو بەیان نامەی خوی بلاو کردەوە لە روزی ٢-٨-١٣٢٤دا هەوەل کونگرەی خوی کە تیکەل بو لە سەرانو نوینەرانی کوردان بە ترتیبی ژیرو .

١- ماکو و آرارات : آغای عمرخانی جلالی . آغای شیخ حسن . آغای شیخ کی . آغای حسن آغای دلابی . آغای عبدالله آغای ملان . آغای فخری .

٢- سـ ما ـ برادوست ـ دەشت ـ مەرگەوەر : آغای عمرخان شریفی . آغای طاهرخان سمکو . آغای عباس آغای قەنەك . آغای قویطاس آغای مەمەدی . آغای حاجی وتمان . آغای شیرو . آغای عەبدی . آغای حسن تیلو . آغای تەمرخان . آغای مراد . آغای نورکو . آغای زبید . آغای عزو . آغای حسن هەنارە . جنابی آغای حاجی سید عبدالله افندی .

٣- شنو : آغای موسی خان زەرزا . آغای قرنی آغای زەرزا . آغای میرزا سعید . آغای قاضی محمد . آغای کاك حمزە .

٤- سندوس : آغای احمدی کاخضر . آغای قاسم آغای پیروتی . آغای محمد امین آغای پیروتی .

٥- لاهیجان : آغای عبدالله آغای قادری . آغای کاك مامندی قادری . آغای کاك حسین محمەدی . آغای پیروت آغای امیرعشایری . آغای محمد امین آغای پیروتی .

٦- پیران : آغای محمدامین آغا . آغای قرنی آغا .

٧- میاندواو : آغای محمد حسین خان سیفی قاضی .

٨- بوکان : آغای عبدالرحمن شرفکندی . آغای رشید علیزادە .

٩- منگور : آغای ابراهیم آغای ادهم . آغای مام حسن . آغای کاك سلیمان . آغای کاك حمزە . آغای مینا آغا .

وباقی برایانی کورد تشکیل دا ولەلایەن سەران رەوشن فکرانی حزبەوە
امالی ژورچاك دابر بەدیموکراتی ویەکەتی ایراد کرا لەم کونگرەدا هەمو
ئەکەکانی حزبی دیموکراتی کوردوستان تصویب کرا ونوینەری تایبەتیان
بو دیندرا هەریەك لەجیی خویان دامەزران و دەستیان بەکار کرد وهەزار
هوارەی جووانی کوردوستان ئەم شعرانەی خوارەوەی کە باسی دیموکرات
دەکا خویندەوە .

## دیموکراتەکان دەوی

هەوت سالی آگری شەری دونیایە دایسا
دیزەی شەری تیا دەکولی گوشتی پیرو جوان
ملیونها جوان تەرو تازە نەو نەمام
ملیونها بە علم و هونەر نابغەی زەمان
... سوان کرا بە خواردەمەنی کرم و مورومار
سەریان کرا بەگو لە مەیدان فری دران
... هەزار شار و دیهات تیکدران بە بوم
بپیستر لە وەضعی مملەکەتی کوردی (بارزان)
... جەلایسا ؟ لە بەر آسایشی بەشەر
ریشەی فەساد و ظولمی ببەتلی لە روی جهان
... . بچوك و گەورە حەقی خوی وەدەس کەوی
مأمور و شالەخوی بی چە جابی خط و زمان
کوردیش ئەخوبەشەربوو کەچی هەردەیان کوژن
وردە و ئەسیرە دی لە عراق و لە کوردسان
... هی ئەوانە لە بەر نەفعی شخصیە !!
کی راستە قەولی ثابتە، بیجگە لە روسەکان
... لەشکری کە فەتح و ظفر یاوەری وی یە
بەیداغی سوری داس و ستارەوچەکوچ نیشان

# مبارزی ازادیو دیەو کراسی ئیمەپی دەپێنجەمین سالی خوی نا

بۆ ئەوڵین جار ئیمە لەدوای چوارسال بەربەرەکانی لە ریگای آزادی و دیمو کراسی ودەگەل هەزاران گری بوچکەو مشکلانی اجتماعی وسیاسی و مادی ومعنوی ئەورو بە آشکرایی ولە کمالی قوتدا ولە کاتێکدا کە هیزی چەکدارمان دامەزراندوە هەزاران فدائیمان لە سنووری کوردستاندا بو پاسەوانی داناوە وبەحالێکی آزادو سەربەست روزنامەو گوفاری ملی خومان بەدونیا دابلاو دەکەینەوەو خویندنی زمانی بیگانەمان لەمدارسدا بەزمانی زکماکی خومان گوربوئەوە وهەزاران اصلاحاتی سیاسی وعمرانیمان لەماوەیەکی کەمدا ئەنجام داوە ودەر کەیەکی هومیدمان بەدوارۆژ لە رووی ملتی کوردەوە کردوتەوە پی دەپینجەمین سالی دامەزراندنی خوی دەنی .

مئوسسین وئەندامەکانی آزاوتی کە بشوی ئەم حزبە مقدسە چوارسال لەبەرانبەر چ گرتەو لودلی مبارزاکی مرنجعین ولەمقابل زەبر وزەنگی دیوی رقەهلستاو وبرینداری استعمارهەمیشە لەسەربی راوەستان ونیوچاوانی پاکی خویان لەبەرانبەر گولەتوپی دوژمنانی آزادیدا کردەسبەر وبە رەنگاریان لەهەربەرهەلستێك کرد کەپێچەوانەی آزادی کوردستان دەهاتە سەرریگا مرنجعین زوریان بەلەقازی کرد کە آوری نیشتمان پەرستی لەدلی ئیمەدا بکوژێنەوە بەلام هەر کەس دەدلی خوبدا خیالیکی خرابی دەر حق بەم آورەمقدسە جی کردەوە آوری غضب گرری تی بەردا ولەپیش چاوی دوستو دوژمن بوبە کوی زوخال وجگە لەبەدنیوی دنیاو آخرت

سەنجاتێکی چارەنابەڤیر لەبەر چاوی ملتی ودایکی نیشتمانی خوبدا هەتا هەتایە ذخیرە کردو وکو کردەوە هیشتا رەفتاری پیس و بەد کرداری ئەو ناحەزانەی کەبەدوژمنایتی ئەندامەلە خو بوردوەکانی ئیمە دەیان کرد ودەیانە وبست بوەستی شکرو کەللەیەك قەندەو برایانەی ئیمە دەزیندانی دوژمناندا برزین لەبیر نەچوە

ماوە لەلاپەڕەی ٣

ماوەی لاپەڕە ١

# مبارزەی آزادیو دیموکرا

## سی ئیمە پی ی‌دە پینجمین سالی خوی نا .

زرمە زرمی پی ی تفنگچیان وشقەی چەخماخی تفەنگان هیشتا لەگوێمان دادەزرنگیتەوە .

ودیمان حبو دوستایەتی ئەو کەسانەی کەپیی سیاسی روزو بوحتلی سیاسی شخصی بەظاهری دەگەل دوژمن بوون بەلام لەباطن‌دا دوستو برای ئیمە بوون ولەپشت پەردەوە پشتیوانیان لی‌دەکردین ولە اقداماتی دوژمن آگاداریان دەکردین لەبیر نەچوە وقەتیش لەبیر ناچیت .

مبارزەی ئیمە ئێستە هەر لەغیەوە بە لکو لەعالمی واقیش‌دا کوردستان بولای دوا روژیکی پرر لەشانازی و افتخار رەحنمایی دەکات وبەک مەلەو بەر بەرەکانی ی قطعی بەدوژمنایەتی استعمار هیناوەتە کایەوە وبەم بو ئەوە محبوبیت و خوشەویستیەکی لەئەندازە بەدری لەدلی هەموو کوردیك و هەرحزیکی آزادیخوای دنیادا جی کردوتەوە روژیك بوو ئیمە زمارەمان لەعدیەکی محدود سەکپاتی خوداو هەتی پیاوانەی خویان پشت و پەنایەکیان نەبوو تی‌ئەدەپەرری بەلام ئەورو ملیوتان آزادیخوای دنیا بەچاوی برایەتی تماشای ئیمە دەکەن و حقمان بەمشروع دەزانن و آمادەن خوینی خویان لەسەرمان دەربژن وئیمەش خوینی خومان لەپیناو ئەواندا ناز دەکەین جاچە حیزیك یاچە کومەلیك حدی وەی هەیە کەبتوانی بەچاوی خراپ تماشای

شورشی مقدسمان بکات ؟

ئیمە دەگەل پیشبینیەکی رووناك کەلە دنیای آزادیخوایی دەستمان خستوە ودەگەل محبوبیتی کەلەکن کومەلانی آزادیخوای دنیادا هەمانە بی‌شك لەمەودواش پترو چاتر دەتوانین لەریگای هدفی آزادخوامان بچینە پیش . ئیمە پیش قەرەوولی مبارزین ایران وآلا هەلگری . کوردستانی باستان وزیندو کەرەوەی ایرانی قدیمین . ئیمە دەمانەوی بەردو بناغەی استعمار لەایران وبەلکو لەهەموو روژهەلاتی ناوە راستدا لەبنچ و ن دەر بینین وبەکومەکی آزادیخوایان بەهەموو ئەوە استعمار کراوەکان ایرانو روژهەلات آزادی بەخشین . برایانی ئیمە کەبەآموسرەتەوە چاویان بریوەتە نەهضتی مقدسمان و هیشتا تیری استماریان لەسەر شانە ولەژیردا دەنالینن دلنیابن کەروژی آزادی ئەوانیش نزیکە .

ئیمە چی لەپیشدا وچی ئەورو بەشانازی شهدای آزادی وبەاحترامی ئەو خوینانەی کەلەم ریگایەدا رشتومانە لەریزەی آزادیخوایاندا راوەستاوین وبەربەرەکانی دەگەل دیوی .... یەکی ریگاپیشان دەری آزادیخواین آلا .... کرابکین .

ماوەی لەلاپەڕە ٣

٢ رمضان ١٣٦٥ کوردستان ٢٢ ت ٢٦ [partly illegible]

ماوەی لاپەرەی ٣

# مبارزەی ازادی و دیموکراسی

## ئیمە پی ی دە پینجمین سالی خوی نا .

دنیای متحولو مترقی ئیمرو دە گەل کوژاندنەوەی احساسات وتمایلاتی هیچ کومەلیك ریك ناکەوی وافرادی بشر بەحکمی قاعدەی طبیعی کەقطعیتی وی بەخوینی چەند ملیون جوان وپیر بەنبت گەییوە حتی نەوی ترین افرادی ناوچەکانی افریقا لەحقوقی اولیەی خویان بەشدار دەبن .

نهضتی کوردستان بە آزادی و دامەزراندنی اصولی دیموکراسی راست خذمتیکی گەورەی کردوە کەدواروژ اهمیتی ویی ثابت دەکات وزور زور امیدوارین کەلە سایەی شورشی مقدسی کوردستاندا بەزوویکی زوو تەواوی نەتەوەکانی ایران و مللە هەژار کراوەکانی روژهەلاتەکانی ناوەراست بەآرەزو وی کونەو نوویی خویان بگەن ونیری بندەیی و ذلیلی لەئەستویان داررنن .

لە آخریدا بەاخلاصیکی لەئەندازە بەدەر وقلبیکی پرر لەشوری نیشتمان پەرستی جیژنی پنجەمین سالی مقدسمان بەحضور مبارکی ذاتی اقدسی پیشوای معظم وهەموو براکوردەکانی روژ هەلات عرض دەکەم ولە خودای بی هاوان دەپاریمەوە کە پیشوای بەرزمان موفق وپیروزکات کە لەسایەی ویدا چاوی هەموو براکوردیك بەفنکیی دموکراسی ررون وهەموان لەنعمتی آزادی بەشداربن.

لەدواییدا دەلیم بژی وهەر مەزبەرزو پیروز بیت پیشوای زانا و بەرزمان .

وهەر پایەداربیت کومەلو حزبی دیموکراتی کوردستان .

ماوەی لاپەر ٣

# بەیان نامەی حزبی دموکراتی

آشتی و ئازادیە لە خەبات و تیکوشان رانەوەستی ، نەتەوەی زولم لی کراوی آزەر دلنیایە کە رزانی خوینی سوور و گەشی رولەکانی بەوەفای پەیوەندن قایمی تەواوی چینی زەحمەت- کیش و دوستەکانی میللی ئازربایجان وهەروەها یاری کاری نەتەوەی کورد و فارس لەپیناوی سەرکەوتن . سەرکەوتنی حەقیقەت بەسەر زولم . سەرکەوتنی ئازادی بەسەر چەوسانەوەدا پتەوتر چەسپاوتر ئەکا . ماویەتی

# کوردستان

بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردست
( گوواریکی ئەدەبی ، کومەلایەتی ، سیاسیه
هەر مانگی جاریك بلاو دەکریتەوه

زماره ٣    سالی یەکەم    مانگی خاکەلیوه    مارس ٩٤٦

## لەم زماره دا

١ – عکسی پیشوای معظمی کوردستان
٢ – ابن خلکان — سید محمد حمیدی
٣ – سوسیالیستی چیه — ب شیرین
٤ – فید مارشال کوتوزوف — محمد شاپسندی
٥ – سەر گوزەشتی من — دلشاد رسولی
٦ – اشعار مرحوم سیف‌القضات
٧ – یا وەطەن یا مردنم — محمد گلولانی عطری
٨ – سوزەی دەروون — محمد گلولانی عطری
٩ – وەرگەراوەلەدووشعری عربیەوه به کوردی ....
١٠ – دیاری بو دلبەر ....

مهاباد چاپخانەی کوردستان

# هەڵکردنی ئاڵای مقدسی کوردوستان

❀ لە مهاباد ❀

هەروەکو لەپێشدەرهاتی کوردوستاندا عرض کرا ڕۆژی ٢٦ سەرماوەز تەواوی نوێنەرەکانی اهالی کوردوستان لە شاری مهاباد کۆبونەوە لە سەعات ١٠ی بەیانی لەکانگای حزب ئاڵای کورد بەحضوری دە هەزار نەفەر هەڵگیرا ولەکاتێکدا دەستەی موزیك مارشی مللی لێ‌ددا ولەسەرتاسەری شەقامی وەفایی‌دا صفی نظام کەلولەی تفنگ و مسلسل و سەرنیزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوان وقوتابیەکانی مکتب «کچ و کور» لەلای ڕاستی ئاڵا لەحرکت‌دابون گەورەوچوکی مهاباد هەیئەت و نوێنەرانی حزبی دیموکرات لەپشت سەری ئاڵا سەرتعظیمیان بۆدانواندبو و بواحترام چەپلەیان لێدەداو هورایان دەکیشا، وپێشوای معظمی کوردوستان جنابی قاضی‌محمد ووتارێکی بەتینی لەبابەت ئاڵای مقدسی کوردوستان ایرادفەرمو ئەوجار لەپاش نطق و خطابە و تیر هاوێشتنێکی زور وبەجی هێنانی مراسم و نصبی ئاڵا لەسەر عمارتی هیئتی رئیسەی مللی کوردوستان جیژنەدوای هات .

کوردوستان : ئێمە ئەو موفقیتە گەورەیە بەتەواوی کوردەواری بەتایبەتی بە پێشەوای معظم جناب قاضی محمد و هەیئەتی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردوستان کەلەرێی آزادی و بەربەرەکانی لەگەل استعمار بە گیان و مال فداکاریان کردوە تبریك عرض دەکەین و امیدوارین ڕوژ بەڕوژ آوری مقدسی مللی لەدلی واندا بەتینتر و گەشتر بێ .

# پاشبەندی ١٣

## هەلکردنی آلای مقدسی کوردوستان لەنەغەدە

بەپێی دەستوری هێئەتی ناوەندی حزب دیموکراتی کوردوستان برایانی
خوشەویست آغای حسین فروهر وعلی خسروی روزی ٢٦-٩-٢۴ مأمور کران
کە آلای مقدسی کوردوستان لەنەغەدە هەلکەن دەس بەجێ او نوینەرانە وسائلی
حرکتیان ساز کرد بو جێی ئەمر کراو حرکتیان کرد وروژی ٢٧-٩-٢۴
گەیشتنە نەغەدە وبەبێ ئەوەی معطل بن دەستوری چەقاندنی صادر کرا و
جوش وخروشێکی بێ غایت لە دانیشتوانی نەغەدە ودەوروپشتی پەیدابو لەپاش
سێ سعات لە آخرین نقطەی اطراف آغایان و دێهاتی زن و مندال لە حزبی دیموکرات
کوبونەوە وفدائیانی مسلح سواروپیادە نزیکی ٧٠٠ نەفەریکیان تشکیل دابو و
وسائلی ئەو جێژنە لەهەمو قسمەتەوە بە هێئەتی ئەو نوینەرنە و آغایان احمدی
قادری رئیس حزب دیموکراتی کوردوستان لکی نەغەدە کاک محمد قادری آغای
غلامرضاخان خسروی و آغایان احمدی عذیری وابراهیم ارجمندی موکری و
سەیدآغا تجربی وقاسم آغای پیروتی وکاک بایزید ومیرزا ابراهیم رئیسی شارە-
وانی حاضر کرا روزی چوارشەمو سەعات ٩ ی بەیانی جێژنە دەست پێ کرا و
قورئانیانی کوردەوارمنی و آسوری بەسروت خوێندنەوە لە محلی جێژنەدا آمادە بون
برایانی خوشەویست آغای فروهر و خسروی آلای مقدسیان بو ئەشی سووارن کە
لەشەقام آمادە بون بر نەوەختێکی آلا کەوە دەرکەوت هەزار تیر بە افتخاری دیتنی
آلا هاویژرا سوارەکان آلایان وەرگرت و بو کانگای حزب دیموکرات چون
وەتا گەیشتنە بنای حزب هەرچەند قدم گا و گردون دەکرا خەلکی لیکدا
لیکدا چەپلەیان لێ دەدەو هورایان دەکێشا لەو وەختەدا بەجاریك هەزار نفر
بو زیارەتی آلای مقدس هیرشیان برد ، ولەپاش زیارتی عموم آلای مقدس هەل
کرا وسلامی آلا خوێندراوە ، وصد و یەك نفر فدائیانی مسلح هەریەك سێ تیر-
یان بەهەوا کرد لەپاشان آغای ابراهیم ارجمندی نوسەری حزبی دیموکراتی
لکی نەغەدە نطقێکی راجع بە آزادی وباعظمتی آلای مقدس ایراد کرد کە
بە چەپلە لێدانێکی زور دووایی هات . لەپاش وی سرودی ملی لەلایەن برا
خوشکە کوردەوارمنی و آسوریەکان خوێندرایەوە کە شەنکی زور دلشاد کرد

لاپەرەی ٢ — رۆژنامەی کوردوستان — ژمارە - ١

# هەلکردنی آلای مقدّسی کوردوستان

## لە شاری بوکان

بەپێی دەستوری هەیئەتی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردوستان وئەمری
جنابی قاضی محمد صدراعظم وپێشوای کورد وستان قرار درا آلای مقدس و
سی رەنگی کوردوستان لەبوکانیش هەلکری آغایان ، میرزا مصطفی سلطانیا۔
ن عبدالقادر مدرسی حسین فروهر میرزا محمدامین شرفی علی خسروی
محمود ولی زادە میرزا رحیم لەشکری .واعضای هەیئەتی حزبی دیموکراتی
کوردوستان و آغای شیخ الاسلامی هیمن شاعیری میللی ونمایندەی هەیئەتی رئیسە
ی میللی و آغای محمدنانوازادە فەرماندەی اوردوی میلّی بەفەرماندەری گاردی
احترام ودەستەی موزیك لەگەل آغای قاسم آغای ایلخانی زادە نمایندەی کمیتە
ی محەلی حزبی دیموکرات لکی بوکان بەماموری هەلگرتنی [آلای مقدس]
معلوم کران سەعات .١. پاش نیوەرویە روژی چوارشەمو ٢٤.١٠.٥ بەافتخاری
وەری کەوتنی هەیئەتی هەلگری آلا لەحەساری کانگای حزب مارشی میللی
کوردستان خویندراوە وموزیك لیدرا لەوکاتەدا توتموبیلی مخصوص لەنوا۔
نی هەزاران نەفەر خوشکو برایانی سابلاغی گەیشتە بەردەرکی کانگای
حزبی دیموکراتی کوردوستان راوەستا هەیئەتی هەلگری آلا لەنیو شریخە
ی چەپلە ریزا ونەعرەتەی توندو بلیندی (هوریاوبژی کوردو کوردوستان) ی بەر۔
کەرەکانەوە کەلەدلیکی گەرمو گورەوە بەکولەوە دەهات وەری کەوت
سەعات دوونیوی پاش نیوەرو هەیئەت گەیشتە میاندوواو ولەوی پیشواز
هاتوەکانی آغایان ، قاضی قزلجی حسن خانی بداقی برایم آغای ایلخانی زادە
حمدامین آغای ایلخانی زادە ابوبکر آغای ایلخانی زادە ودوونەفەر شاعیری میللی
هەژارو حەقیقی لەگەل صەد نەفەریتر لەئەعضای کمیتەی محەلی بوکان کە.
یشتنی ومراسمی احترامیان بەجی هینا مارش و موزیك خویندرا ولیدرا. ئەم
جار قطاری توتموبیلی هەلگری هەیئەتو پیشواز هاتووەکان کەوتنەرویین
تا گەیشتنە (تەقی آباد) لەوی برادەروکراتە ئەرمەنیکان بەفەرماندەی عشقی خان
لەلای راستەوەی ریگاوە خوشکە ئەرمەنیەکانیش لەلاچەپەوە راوەستابون
حترامی نیظامیو هوریاو چەپلە ریزایان کرد وعشقی خان لەطرف هەواەوە
بەبریکی هەلکردنی آلای کوردوستانی کرد (قاسم آغای ایلخانی زادە) لەلایەن
هەیئەت وتەواوی برایانی کوردەوە اظهاری مەمنونیت وسپاسی بەخوشکو
را ئەرمەنیە هاوآمانجە کان کرد (حزبی دیموکراتی کوردوستان سوپاسیان
دەکا وفاداری عشقی خان دەزانی) هەیئەت لەنیو هوریاو چەپلەریزانی برا
ئەرمەنیکان وەری کەوت تاگەیشتە فەرەموسالیان [بانی ئەودیبە کەمانگی
رەشەمەی پارەکە (سەروان خاکسار وسەربازەکانی) خەیالی خاوی دیکتاتو۔
ری بای بالی دانوبەری بواری هاتبونە ئەوبو و مزگەوتیان هەلوەشاندبوو
نیرو آەوریان سوتاندبو وخەلکی ئەویان پەرشوبلاو کردبووەوە] لەوی
میرزا مصطفی مقتدری ومحمودخان و یوسفخان وعبداللاخان ئەمیری اعضای لکی
محەلی دیموکراتی ئەوی لەگەل تەواوی خەلکی دیوچەند دیی دەوروبەریش
ریزیان گرتبو میرزا مصطفی لەجیاتی هەموان تبریکی اظهار کردو سی
دەسریژ کراوهوریاو چەپلەیەکی زورلیدرا وگاوگەردونیان کرد هەیئەت وەر
ی کەوتو سەعات چوارونیوی پاش نیوەرو گەیشتە [علی آباد] سی کیلومیتری
بوکان لەوی گاردی احترام بەفەرماندەری سەلیم آغای ایلخانی زادە وعدەی

سوار لەژیردەستوری جعفر آغاو مارف آغا ایلخانی زادە و قوتابیەکانی قوتا۔
بخانەی بوکان و آغایانی احمدبەگی فیض اللە بەگی وفیض اللەخان وعلی خان
قازلیان واحمد آغاوعمر آغا وکریم آغای عباسی وعباس آغاو خالد آغای ۔
حامی وچوارپینج هەزار نەفەر خەلکی بوکان ودەوروبەر بەپیشوازەوە ها۔
تبون لەوی هەیئەتی هەلکری آلا پیادەبون وآلای مقدس وەك روژ لەپشت
هەور بیتە دەری لەکەیف دەرکەوتو کوردوستانی گرتە ژیرشاباڵی پیرو۔
زی خوی ومزگینی سعادت و خوشبەختی بە نەتەوەی کورد دا . مارشی
ملی خویندراوە و موزیك دەستی کرد بەلیدان و لەطرف گاردی احترامی
مهاباد وبوکان وسواران سەشیلینگ کرا گاوگردون کرا وآلا لەسەرشانی
جەوانی رەشیدابوبکر آغای ایلخانی زادە لەنیو چەپلە ریزان و هوریاو بژی
کوردو کوردوستاندا گەیشتە کیلەشین دیسان گاوگەردون کراوبە خوشی و
بشارت وشادیەوە (آلا) گەیە سەرحوضی بوکان تەواوی کومەلی خەلکی لە
دەوری حەوضو مەیدانی ئەوی کوبونەوە (وقاضی محمد صادق قزلجی)
ووتاروشعری بەتینی خوی لەژیر آلادا خویندەوە وپاش وی حقیقی و هەژار
شاعیری ملی هەرکام دەستەشعریکی زورچاکیان خویندەوە وهەیئەتی هەلگری
آلا چونە عمارتی قەلاکە لەویشدا بوبەخیرهینانی ئەوان ساز کرابو .

هەژار

بی بینی ئەوکەسەی پیی وابە کوردسەر ناکەوی
کی بوپیی وابو تەنی تەگبەت لەسەرمان نا رەوی
داری آلاکەم وەکو چەقاێکە بوچاوی عەدو
هەردلی خوشی ئەوی رەبی وەبەر خەنجەر کەوی
داری آلام داری کردبوخوین مژی کوردی هەژار
پیی بلین بادا کەوی لەوخاکو آوە چی دەوی
داری آلامان برا سی دارەیە بو دوژمنان
هەرلەآسوگسەرکەوی پیوستە ژینی خوی ئەوی
پرچەکەی سی رەنگی خوی دەنوینی رەنگی سوردەلی
تاتوکیك خوینی کوردمابی فەدی من تانەوی
یان دەلی تالعشکری سوور بەر قەرارو زیندوە
قومی کورد رزگارە ئەودلشادارە بەختوناخەوی
یان دەلی لیم سوورە دیموکراسی لەعالەم سەرکەوت
مستبدو مرتجع کەوتونە گیژی گیژەوی
سپیەکەی مژدەی بەیانی بەختی کوردی کردبەیان
روژی بەختی کوردی پەیدابونەما پەردەی شەوی
دوگولی گەنمی دەلی آگات لەرزقی خوت بیی
خوت کە برسی بوچی دوژمن بیی بژین لیرمولەوی
پیودەلی نوکی قەلەم گەر ژینی خوشو پی دەوی
عەیری من دەستاکەوی بوریی تەرەقی پیش رەوی
رەنگی سەوزی یانی دایکی (نیشتمان) لەور وکەوە
جوان وسەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری نوی
ماوەی لە لاپەری سی دایە

# جیژنی کردنەوەی ادارەی روژنامەی (کوردوستان)

روژی ٢٠ ر ١٠ ر ٢٤ سانی ٥ پاش نیوەرو لە ادارەی روزنامە و کوواری «کوردوستان» بە مناسەبەتی کردنەوەی ادارە و بلاو کردنەوەی هەوەل ژمارەی روژنامەی کوردوستان جیژنیکی بە شەوکەت گیرا. علمای اعلام و اعضای حزبی دموکرات و نوینەرای نقاطی کوردوستان و تجار و محترمینی مهاباد و زور لە آغایانی طراف لەم جیژنەدا حضوریان بوو: لەپیشدا جنابی حاجی باباشیخ بە نطقیکی کورت جلسەی افتتاح فەرمو و لە ضمن دا لە جنابی آغای قاضی محمد رەئیسی حزبی دموکرات و پیشوای مللی و دینی کوردوستان زوری تمجید و تحسین کرد و فەرموی: «وجودی وی بو مە نعمەتە و هەر ئەوە دەتوانی کەشتی کوردوستان لە نیو شەپولی سیاسەت دا بگەیەنیتە ساحل.»

لە دوای ئەوە، آغای سید محمدی طه زادە عضوی حزبی دموکرات لە لایەن پیشوای معظمەوە خیر مقدمی بە جنابی حاجی بابا شیخ و سایر محترمین کە لە جلسە حضوریان بوو اظهار و مبارکبادی کردنەوەی ادارەی روژنامەی لە هەموان کرد و:

١ - آغای قادری مدرسی بە سەروکی بنگاه چاپخانە و آغای علی خسروی بە مدیری داخلی چاپخانە معرفی کرد.

٢ - آغای سید محمد حمیدی بە مدیر و سەردبیری روژنامە و کوواری کوردوستان ناساند.

لە پاش وی آغای سید محمد حمیدی لە پاش ئەوەی خیر مقدمی بە جنابی آغای حاجی بابا شیخ عرض کرد و مراتب تشکر و سوپاس گوزاری خوی بە حضوری علمای اعلام و سەرای حزبی و محترمین گەیاند و وتی:

روژی بیستەمی مانگی بەفرانبار «دی ماه» ١٣٢٤ روژیکە کە ئەستیرەی خوشبەختی کورد هاتوتە دەرەوەی، لە نتیجەی کوششی جەوانانی بەغیرەت و پیرانی صاحب تدبیر توانیمان چاپخانەیەکی وا کە بتوانی دەگەل چاپخانەی شارانی گەورە بەرابەری بکا پەیدا بکەین و لە (مهاباد) کە امیدوارم لە ماوەیەکی کەمدا ببیتە هەوەل شاری تاریخی کوردوستان وەکار خەین.

ایمە کە سالها و بەلکو قەرنەهایە آرەزوومان دەکرد کە روژی بتوانین بە زمانی شیرینی کوردی کە دەتوانی دەگەل زیندووترین زمانی دونیا بەرابەری بکا بخوینین و بنوسین و خاوەنی مطبوعات و انتشارات بین. راستی ئەم آرزووە بو ایمە خەیالی بوو و باوەرمان نەدەکرد روژی بتوانین بیهینینە جیژی عمل. وەلی حقیقتا مرحمتی

فەرمو خەیالی محالی ایمە صورتی عملی بە خوی پوشی. هەوەل ژمارەی کوردوستان چاپ و بلاو کراوە «بە هەر یەك لە حضار ١ نسخە روژنامە پیشکەش کرا» ایمە کە تا چەند سال لەمەوبەر هیچ اختیاراتمان نەبوو و حتی لباس دەبەر کردن و جلانەومان بە دەس خومان نەبوو ایستا بحمد الله بەند بەندی زنجیری اسارتمان پساند و ئەموری اموری کوردوستان بە دەستی خومان ادارە دەکەین. ئەمرو ئەمە دوو جیژنی کردنەوەی ادارەی روژنامە و کووار و بلاو کردنەوەی هەوەل ژمارەی (کوردوستان)مان گرتووە و ثابت دەکەین کە کورد هەر چەندە دولی استعماری بوبی لە بابوودی ئیمە و قوربانی ئازادی و نیوان دار و دەستان دەبینن. قەت نەمردوە و هەرگیز نامری و ئەم موفقیتە بە حضرتی آغای قاضی محمد سەروکی حزبی دموکرات و پیشوای مللی کوردوستان و جنابی آغای حاجی باباشیخ سەروکی دەولەتی خود مختاری کوردوستان تبریك پیشکەش دەکەم. و پیش کەوتنی ئەواوی برایانی حزبی و کارکەرانی چاپخانە لە خودا دەخوازم.

لە دوایدا بەم ترتیبە احساسات نوێندرا.

١ - دوو نەفەر شاگرد مدرسەی سرودی مللی کوردوستانیان خویندوە و لە ضمنی سرودەکە یادآوەر لە زوری پیاوە رابردوەکانی کورد کرد و یەکیکی سرودە کە لە مدحی پیشوای معظمی کوردوستان داو.

٢ - آغای ابراهیم آغای ادهم کە لە رؤسای عەشیرەتی گەورەیە وتی: ئەتکور آمادەیە تا آخر نەفەری دفاع لە کوردوستان بکا.

٣ - آغای قاسم آغای ایلخانی زادە کە لە اعضای فعالی قدیمی و محبوبی حزبی دموکراتە نطقیکی بەتینی دار بە برایەتی و یەکیتی ایراد کرد و لەو جەونانەی کە لە سالانی پیشودا و حتی لە دەورەی استبداد دا لە کاتیکا کە کورد هیچ ومیدی رزگاری نەما بو؛ لە کیو و هەدان کوونەتەوە و بو رزگاری کوردان هەولیان داوە سوپاس و قدردانی کرد و فەرموی: (الفضل للمتقدم)

٤ - آغای صدیقی حیدری بیاناتیکی مهیجی کرد و آفرینی لی کرا. لەم آنەدا کە حضار لە نیو شادی و چەپلە ریزاندا غرقی شادی بون چرابرق هەلبو و چاپخانە دەستی کرد بە کار و حضار بو دیتنی چاپخانە بانگ کران دەستە دەستە آغایان

## پاشبەندی ١٦

زمارەی ١ سالی یەکەم پێنج شەممەو ٢٠ - ١٠ - ...

# آمانجی ایمە

لەم کاتەدا کەخاکی کوردوستان لە هەمو وەختێك زیاتر پێویستی فیداکاری کورەکانیەتی . لەو آنەدا کەهەمو نەتەوەکانی گیتی بو راگرتن ، بووەدەس هێنانی سەربەستی و آزادی خوبان وە بو وەدەس حستنی وسائلی پیش کەوتنی هاونیشتمانەکانیان دە تەقەلادان .
لەم وەختەدا کەهەمو نەتەوکانی عالەم غەیر از سەربەستی، و گەورەیی نیشتمانەکەیان آمانجیکیان نیە و بەشەو و بەرۆژ بو گەیشتن بەم آمانجانە هەول دەدەن ؛ ایمەخەریکی چین و آمانجمار چیە ؟
پاش چەندین سال دەر بەدەری و سەرکزی و بەند و تیهەلدانی بی ژمار و قور بەسەری وهەزاری ، لەپاش ئەوەی بە اشارەی دوژمنان بەنیوی مەنگور و مامەش و زەرزا و دیبوکری و گەورك و مەلباغی و . . . کەوتوینە گیان و مالی یەکتر خوینی یەکترمان دەمژی و دەرشت و بو قازانجی شەخصی خومان هیچ شتێکمان نەدەهاتە بەر چاو و هەرخەریك بوین دوبەرەکی و تەفرەقە بخەینە نیو یەکتر ، بەکورتی پاش ئەوەی هیچ وەختێك لەبیری هاونیشتمانی خوماندا نەبوین و لە نەیو توزی زەمانەدا بەغەیری نەفعی خومان بیربکمان نەبو و دوژمنەکان نەیان دەهیشت بەزمانی خومان بخوینین و لە تیشکەی زانستی دەورەی بیستەمی بەش کرابوین بیری سەربەستی لەلامان خەیالی پوچ بو و ئەوانەش کە بیربکیان هەبو کەم بون بەنایەتی عرلی استبدادی رضاخان بەجاریك پشتی امەی شکاندبو . پیاوە نیشتمان پەروەرەکانی کوردوستان یاکوژران یا لە شیراز و تاران و خوراسان دا بەندکرا بون . لەوکاتەداکە ذلت و دەربەدەری بە نقطەی آخر گەیشت خودای بەرز هاتە سەر رحم و بزەیی بەایمە داهات شهریوری ١٣٢٠ هاتە پیش . ایمە لەزنجیری دیلی رزگارمان بو و دەستی بەستراومان کراوە چاوی نستومان وەخەبەر هات . کومەلیك لە لاوان و گەنجانی کوردوستان کوبونەوە دەستی برایەتی ویەکیەتیان دادەس یەك پیوچان سەعیان بەخەرج دا تا حزبی دیموکراتی کردوستانیان بەوجود هینا و هەر بەر هەلست و خانیك کە لەناو کوردوستاندا هەبو لە نیویان هەلگرت ؛ حزبی دیموکرات لە مەودایەکی کەمدا توانی لکی خوی لەتەواوی شارەکانی کوردستانی ایران بکاتەوە ، ایستا لە کوردوستان دا نیوی مەنگور و مامەش و زەرزا و دیبوکری و . . . و هەر پیتێی کە بونی جودایی لی بی ناکوتری . هەمو بە یەك دەنگ دەلین ایمە کوردین کوردمان دەوی ، ایمرو سەرکزیمان بە سەر بلیندی و هەژاریمان بە دەولەمەندی و دو بەرەکیمان بە یەکیتی گوربوەتەوە .
هاونیشتمانان بە چاویك تەماشادەکەین وهەمومان بو ملت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوینین ، اخلاقی خراپمان گوریوەتەوە بە اخلاقی چاك .
ایمە کە بەدلەوانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و انتشارات بین ؛ ئەوا بە یارمەتی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەوەل ژمارەی بلاو کراوە ، ئەم نامەیە کەلە لایەن حزبی دیموکراتی کوردوستانەوە بلاو دەبیتەوە دەیەوی قەلایەکی آسنین لە اتحادو برایەتی بینیتە بەرهەم کەتاغەکەی بەزانست و هونەرولەشساغی داندرابی و بتوانی دەگەل سیلاوی دوبەرەکی و بیدینی و هەمو جورە رەوشتیك کە بو سەربەستی ضرر بیت بەربەرەکانی بکا ، هیوامان وایە ئەم قەلایەی کە خەریکین قایمی بکەین ؛ وەها قایم و بەهیزبیت کە هیچ هیزیك نەتوانی بەربەرەکانی لەگەلا بکا .

سید محمد حمیدی

## پاشبەندی ١٧

زمارە ٣٧ — بروار ١٥ـ١١ـ٢٤

### ادارەی روزنامەی میللی کوردستان

بەرگەیەك لەالقابی قەدیم کەبەتازەگی لەدانیشتوی ئەفسەراندا تصویب کراوە لەگەل دەنیرد ریت پیویستە لەروژنامەیدا دستور بەچاپ کردنی دەفەرمون

| اصطلاحات قدیم | | اصطلاحات تازە |
|---|---|---|
| ١ ـ سەر باز | : | پیش مەرگە |
| ٢ ـ جوگـە | : | لیـزگـە |
| ٣ ـ گروە | : | قول |
| ٤ ـ دەستە | : | دەستە |
| ٥ ـ گورهان | : | چل |
| ٦ ـ گردان | : | لك |
| ٧ ـ هەنگ | : | پول |
| ٨ ـ تیپ | : | تیپ |
| ٩ ـ لشکر | : | لشکر |
| ١٠ ـ سپاه | : | هیـز |
| ١١ ـ وەکیل گروهی یەك | : | قولی یەك |
| ١٢ ـ : : دو | : | : دو |
| ١٣ ـ : : سە | : | : سە |
| ١٤ ـ جوگـە | : | لیـزگـە |
| ١٥ ـ سەر جوگە | : | سەر لیزگە |
| ١٦ ـ گروهبانی ٣ | : | سەر قولی ٣ |
| ١٧ ـ : : ٢ | : | : : ٢ |
| ١٨ ـ : : ١ | : | : : ١ |
| ١٩ ـ واحـد | : | گەل |
| ٢٠ ـ استواری (٢) | : | سەر دەستەی (٢) |
| ٢١ ـ . (١) | : | : (١) |
| ٢٢ ـ سەرکارو سایر دەرجە داران | : | بـرا |
| ٢٣ ـ زور باشە | : | زیاتر ـ فدا ـ کارم |
| ٢٤ ـ ئەفسەر | : | سەر کردە |
| ٢٥ ـ ستوان یەك | : | ناودار یەك |
| ١٦ ـ . دو | : | : دو |
| ٢٧ ـ : سە | : | : سە |
| ٢٨ ـ سەر وان | : | سەر بەرز |
| ٢٩ ـ سەر گرد | : | سەر لك |
| ٣٠ ـ نایب سەرهەنگ | : | سەر پولی (٢) |
| ٣١ ـ سەر هەنگ | : | سەر پولی یەك |
| ٣٢ ـ سەر تیپ | : | سەرور |
| ٣٣ ـ سەر لشکر | : | سەدار |
| ٣٤ ـ سپهبد | : | سەر هیـز |

سەروکی ستادی هیزمەرکەزی دیموکراتی کوردستان ـ مرادی

# گفتوگوی جنابی قاضی محمد

## پیشوای بەرزی کوردوستان دەگەل خاوەنانی روژنامەی تاران

هیندیی لە مدیرانی جراندی تاران : آغای تفضلی خاوەنی روزنامەی ( ایران ما ) آغای عباس شاهندە خاوەنی روزنامە ی ( فەرمان ) آغایانی بزرك علوی و هرمونوسەرانی دوروزنامەی ( رهبر و ایران ما ) بو آگاداری لە وەضعی کوردوستانی خود موختار هاتنە مهاباد و لەگەل جەنابی قاضی محمد رهبری میللەتی کورد یەکتریان دیت و گفتگویان کرد بو آگاداری خویندەوارە بەرزەکان یەك یەك پرسیاری ئەوان و وەرامی جەنابی قاضی دەنوسری :

پرسیار — لە تاران دەلین کوردان بەرەهبەری جەنابت

ماوەی لەلاپەرەی چوار

## گفتوگوی جنابی قاضی محمد

ماوەی لاپەرەی ١

جوی بونەوە و استقلالی کوردوستانیان دەوی : آیا راستە ؟

وەرام — خیر راست نیە ؛ لەبەر ئەوەی کە ایمە لەدەولەتی ایران اجرای قانونی اساسیمان دەوی و دەمانەوی بەخود موختاری لەژیر بەیداغی ایراندا بژین ؛ و خودموختاریشمان وەگیر کەوتووە .

پ — چەند وەختە ئەنگو خودموختارن .

و — چوارسالە خو دەوختاری داخلیمان هەیە .

پ — چلون خودموختاری خوتان هەلدەسورینن ؟

و — لەووەلاتەی کە توانیومانە خودموختاری نیو خومان دەکار بکەین دەگەل نوینەرانی گەورەی میللەتی کورد کە چەندیك لەوەی پیش لە مهاباد حاضر بون انتخاباتمان کرد و هەئەتیکی [ ٩ ] نەفەری بە نیوی هەیئەتی میللی هەلبژیردران و سەروکی ئەو هەیئەتە پەخومە .

پ — لە تاران دەلین جەنابت چەند کەست بو باکو ناردوە لەوی چاپخانە و کاغذ و اسلحەیان هیناوە و تشکیلی حزبی کومونیست و داوە ؛ آیا راستە ؟

و — ئەم قسانە کاربەدەسەکانی لەشکری بومان هەل دەبەستن ئەوانە راست نین . کاغذو چاپخانەمان لە تەوریز کریوە و ایوەش دەتوانن لەو جیگای لیمان کریوە آگادارین ؛ تشکیلی حزبی کمونیست درویە ؛ شتیك هەیە ایمە لە کوردوستان دا هەر وەکو قانونی اساسی ایران اجازە دەداخەلك بەتەواوی مەنی آزادی عقیدەیان هەیە و حزبیکی بە آشکرامان هەیە ئەویش فرقەی دیمو کراتی کوردوستانە .

پ — مەکن دەبی کەمەرامی فرقەی دیمو کراتی کوردوستانمان بوبەیان بفەرموی ؟

ماوەی ژمارە ٠

کوردوستان کاروباری نوسیین لەادارەکانی دەولەتیدا بە کوردی بی .

٣ ئەنجومەنی ایالەتی و ولایەتی کوردوستان وەکو قانونی اساسی دەلی جی بەجی داندری — لە هەمو کارەکانی اجتماعی و دەولەتی دا چاوەدیری بکا و بی را بکا .

٤ مأموریتی دەولەتی هەر دەبی لە خەلکی محل بی و بەپیی قانون لە نیو رعیت و مالك دا سازش بەجی بی کە دواروژی هەردوکیان تامین بکری .

٥ — حزبی دیمو کراتی کوردوستان سعی بکا کە مللتی ایران هەمو بە برایەتی و بەرابەری بژین

و — بو خوشبەختی و ترقی میهنی خویان سعی بکەن .

پ — حزبی دیمو کراتی کوردوستان لە هەمو ولاتی کوردوستاندا تشکیلاتی هەیە .

و — فرقەی دیمو کراتی کوردوستان لە هەمو جیگایەك کە دەولەتی دیکتاتور وارتجاع اجازەی دابی بە آشکرا انکی هەیە و لە جیگای دیش بەدزی بە ودەگەل هەمو کوردی ایران پەیوندمان هەیە .

پ — فرقەی دیمو کراتی کوردوستان ئەگەل کوردی غیری ایرانیش پەیوەندی هەیە آیا یەکەتی تەواوی کوردانو دەوی .

و — خیر بە هیچ وجە .

پ — ئنگو دەلین ایمە دەمانەوی قانونی اساسی لە ایراندا بەکار بهیزی ئەگەر داوای ایوە ئەگەل قانونی ئەساسی بەرابەری ئەکاچی دەکەن .

و — بەلی فرقەی دیمو کرات دەکار هینانی قانونی ئەساسی و دیمو کراسی ایرانی دەوی و هەر وەخت داواکانی مە لەگەل قانونی ئەساسی کە بخوینی گەلیکی زورلە پاوە آزادی خوایەکان تەواو بوایە قانونی ئەساسی رادەکرین .

پ — فرقەی دیمو کراتی آذربایجان لەهەل بژاردندا بەژنانیش حقی رأی دابو آیا ایوەش ئەو کارەو کردوە ؟ .

جواب — ئەمن دەگەل وەی کەئەو کردەوەی آذربایجان بەچاك دەزانم دەمی عرضتان بکەم کە ایمە ئەوموفقیەمان بوساز نبوە .

پ — ئەومدەی چوارسالەدا کە ایوە خودموختاری خوتان خەبەرداوە لەگەل دەولەتی مەرکەزی گفتو گوبوە یان نا ئەگەر بوتانە چلون بوە .

و — ئەمن دو کەرەت بو تاران چوم وەهەردوك

## ب نطقی جه‌نابی پیشه‌وا ورئیس جمهوری به‌رزی کوردستان :

کوردستان موقعیتی جغرافیائیه‌کی مخصوصی‌هه‌یه که‌بی پسانه‌وه وبی‌ئه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌وملتیکی که‌له‌نیویاندا فاصل ولیکیان بیچریته‌وه کــورد به سه‌ریه‌که‌وه وپیکه‌وه سکونیتان تیی‌داهه‌یه ودارای مالکیتی ملیندەویدا . بەسەرهاتو سوابقی تاریخیان یه‌کوعموماً تیی‌داشـه‌ریکن . خاوه‌نی آدابوعاداتو رسومی مأیه‌کی وان که هیچ جوره صدمه‌وحوادثیك نه‌ی‌توانیوه سستیه‌ك له‌بناغه‌ی‌ملیتی ئه‌واندا په‌یدابکا .

کوردله‌قدیم راهه‌زاران پادشاو حکمدارو تشکیلاتیان بووه . هه‌رله‌م کوردستانی آزادی ایستادا بنه‌مالی امرای‌مکری که سه‌رسلسله‌ی ئه‌وان **امیر سیف الدین** بووه‌تا ( ١٠٢٠هه ) بالاستقلال یه‌ك‌له‌دوای‌یه‌ك **امیر سیف الدین ـ سارم بگ ـ شیخ‌حیدر ـ امیربگ ـ امیرپاشا** ـ تاده‌گاته **قبادخان** به‌ده‌سته‌لاتو قدرته‌وه حکومه‌تیان کردووه .

ملتی‌ره‌شیدو به‌غیرتی **کورد** له‌هه‌مو ده‌وروزه‌مانیکدا هه‌رکه‌س خیالی استیلای نیشتمانی ئه‌وانی بوبی به‌ره‌نگاری بونوبه‌ربه‌ره‌کانی یان‌کردووه وله‌هیچ فداکاریك ده‌ستیان دانه‌ئه‌واندووه . له‌پاش له‌ده‌ست چونی سـلطنتو حکمداریشیان بووه‌گیر خستنه‌وی **استقلال وآزادی به‌ملیون قوربانیان داوه** وله‌به‌رئه‌وه‌ی که‌هه‌میشه له‌مبارزه وملەدابون هیچ جوره اذیت‌و آزاریك‌نماوه نه‌ی‌چه‌شتو نه‌ی‌بینن .

[illegible] ئه‌وش هه‌مو کویره‌وه‌ریو کوشتنو برینیکیان تحمل ک... وقعت له‌آمانجو آره‌زوی خویان شل‌نه‌بونه‌وه وله‌ریی ... خستنه‌وه‌ی آزادیدا ووچانیان نه‌داوه . به‌دلیکی ... هیزو عزمیکی هینده ثابته‌وه تیکوشاون تاایستا هیزیکی ... بووه بتوانی تیکرا خه‌یان بکا **میره کویره‌یان** کوشتووه ... ه‌ریان هه‌لداوه . بابایان بی‌ده‌نگ کردووه **اردلان** ... ئه‌وازان له‌عرضی‌داوه **بتلیسی** برزبونه‌وه وهه‌زاری وه‌ك‌ئه‌وان

له‌ودواییانه‌دا له‌پاش شه‌ری بین‌المللی پیشووه‌وه که ... ی ایران‌و تورکیا هاتنه‌سه‌رکار وزمانوعاداتو مذهبو ... اتی ملی کوردیان به‌جاریک لاوازو کزو که‌نه‌فت کرد وه‌حشیه‌یتو ودرنده‌ییک رانه‌ویستان خویندن ونوسینی کوردی‌ممنوع وپوشینی لباسمان قه‌دغه بو . ...ه‌یشت له‌هیچ جوره مزایاو حقوقیکی به‌شه‌ریت به‌شمان‌بیبی ریگای‌فیربونی علم‌وصنعتیان لی‌بری‌بوینه‌وه . هه‌ر روزه به‌بهانه‌یه‌کو هه‌ردەمی به‌تمشقه‌له‌یه‌ك ده‌سته‌ده‌سته‌و پول‌پول کوردی هه‌ژارو به‌دبه‌ختیان حبس‌وتبعید ده‌کرد وه‌دیان کوشتنو له‌به‌ینیان ده‌بردن حاصل‌و ده‌سره‌نجی ئه‌وملته بیچاره‌یان ده‌برد بوخویان وئه‌وانیشیان برسیوتینو روت وقوت ده‌هیشته‌وه .

تاله شهریوه‌ری ١٣٢٠دا فریشته‌ی آزادی ده‌سـتگای دیکتاتوری و فاشیستی رضاخانی تیکشکاند **کورد** سه‌ری له‌وهه‌مو فشار و اذیته کمی فارغ بو فوری احساسی کرد ، چون ده‌بی له‌فرصت استفاده‌بکات ، وریگای صلاح و وه‌ده‌ست خستنی **آزادی** ئه‌وملته چیه وچبکا ـ پیاوانیکی به‌بیروهوش وبه‌شرف که زور له‌میژبو خویناوی دلی خویان ده‌خوارده‌وه وبوذلیلی ئه‌وملته دوکه‌ل له ده‌رونیان ده‌هاته ده‌ری زور زو تشخیصیان دا که وه‌ختی کاره وله‌و فرصته ده‌بی به‌هره وه‌رگیری وئه‌وه ته‌واو ئه‌وروزه‌یه که پشتا و پشتمان چاوه‌روانی

ماوه له‌ژماره ١١

## ماوه‌ی نطقی جنابی‌پیشه‌وای کوردستان

٢

بون‌یه‌کجار خیرایی‌ووچانو راویـتان ده‌ستیان بکارکرد **حزبی دیموکراتی کوردستانیان** تشکیل داوبه‌ده‌ستوبرد خریکی کاروباری‌ملی‌بون وبه‌چاوی‌کی ووردوبه‌دقت احتیاج‌و پیداویستی کوردیان تشخیص داوپه‌دی‌کرد .

له‌پیش هه‌موشتیکدا اختلافات ودوبه‌ره‌کانی عشایری که‌به‌دسـیـسه‌و حیله‌بازی اسـتعمارچی ودیکتاتوران **بواسـتمارو** خواردنو کروساندنه‌وه‌ی ئه‌وملته به‌قولی‌خویان ( تفرقه بیاندازو حکومت کن ) ده‌به‌ینی خستبون وتاانداره‌یه‌ك ئه‌وآوره بلیـسـه‌ی‌ساندبو برای‌دایکوبابی له‌یه‌ك ترازاندبو بکلی‌له‌گوری هه‌لگیراو نیوی‌عشیره‌تو طوایف‌وهه‌رچی اسبابی ئه‌وتفاق‌و پرشوبلاویه‌و فریدراو وعموماً له‌ژیرعنوانی **حزب‌دیموکراتی کـوردستاندا** کوبونه‌وه ویه‌کدلو یه‌ك‌زمان تیکرا بەرەوآمانجی آزادی که‌وتنه‌ری .

زمانی‌زگـماکمان که‌له‌گه‌ل شیری‌دایك تیکه‌لی خون‌و گوشتی ایمه‌بووه له‌زه‌مانی‌دیکتاتوری‌دا سه‌خت‌قه‌دغه کرابوزمانو [illegible]سی بزور تحمیلی‌ایمه ومنداله‌کامان ده‌کرا [illegible] ره‌یترسیبی پاشکه‌وتنی کوردبو له‌مدار[illegible] رسمیتمان پیدا وخویندنو تحصیلمان به‌[illegible]و ترتیبی دناخسته سـه‌رباری کـوردی ـ چه‌ند مدرسـه‌ی کچان وکوراتمان کردده‌وه مه‌درسه‌ی شه‌وانه‌مان‌دابر کرد وکتیب بزمانی کوردی ترجمه‌کران چه‌ندصد کـوروکچ وپیاوی گه‌وره له‌مدارسـی شه‌وانه وروژانه بزمانی کوردی ده‌خوینن له‌جیاتی ئه‌وه‌ی شش‌حه‌وت سال‌خریکی خویندن‌و فیربونی فارسی بن‌له‌ه‌تگیك‌و دومانگدا ده‌بنه خوینده‌وارو هه‌مو شتیك ده‌خویننه‌وه وده‌نوسن . بوئاساندنی لیاقت ملی‌ووه‌ده‌رخستنی حیات‌ادبی **وفه‌رهنگی کورد** وبوراگه‌یاندنی هه‌واری خومان به‌گوی دنیای بشریه‌توعدالت محتاجی وسیله‌ی‌چاپوبلاو کردنه‌وه بوین **چاپخانه‌ی** زورچاك تأسیس کراوده‌مزراوه له‌داری خوماندا به‌زمانی خومان **به‌چاپخانه‌ی** خومان گـوڤارو روژنامه‌ده‌رده‌چی وبیروفکرو داخوازی ایمه‌له‌دنیادا بلاوده‌کاته‌وه .

حاصل‌وبه‌روبوی ایمه که مقداریکی زوروزه‌وند وبه‌قیمت‌بو و به‌فیروبی له‌ده‌ستیان ده‌رده‌هینان **وده‌ستی‌استعمار** سـدیکی له‌پیش ایمه‌وبازاری دیادوروست کردبوریگای حآمان‌دیه‌وه‌وتجارت واقتصادیات کوردستان‌زور بش تأمین کرا .

له‌زه‌مانی دیکتاتوریدا کـه هه‌مو عموارضیکیان لی‌ده‌ساندین که‌م‌وزور وه‌سیله‌ی لـه‌ش ساغی ومعالجه ئه‌حکیم نه‌ده‌رمان ئه‌مه‌ریضخانه‌ی بویان سازنه‌کردین ایمه بوخومان مریضخانی زوریاش به‌وزوانه دابر ده‌که‌ینو وله‌ش‌ساغی ولاتمان تأمین ده‌بی **هیزیکی‌ملی‌مان** تشکیل داوه که‌به شه‌جاعه‌تیکی تـه‌واو حـاضره دفـاع له **نیشتمان** بکا .

دیاره موفقیتی ایمه سه‌را سه‌ر له‌عینی مرامی **دیموکراسی** وله‌نتیجه‌ی فعالیتی حزبی دیموکراتی کوردستان وبـه‌پشتیوانی عـالمی دیموکراته له‌به‌ر ئه‌وه به‌دل‌وبه‌تاو ده‌لین : **بژی‌موتـین**

# قراریك كەلە ٣ی ری بەندانی سالی ١٣٢٤ لە لایەن بیست هەزار نفر نمایندانی

تەواوی طبقات أهالی كوردوستانی شمالی لە میتینگی شاری مهابادی دا قبول كراوە .

دەرابردوی نەتەوەی كوردیشدا وەك سابری نەتەوەكانی دیكەی دونیایە پادشایی و حاكمیت و اصولی ادارە و مدنیت و عادات بووە . بەلا لەبەر فیل و تەلەكەی دەولەتانی مرتجع لەت لەت بووە و كراوەتە عبدو دیل . وەنەبی هەر لەوا كمیتی بەلكو لەتەواوی اختیاراتی ملی بی بەش كرابون .

چەند عصرە كە كورد گرانی و اذیتی غیرە قابلی تصوری ئەسارەتیان لەسەر خویان دەرك كردوە بەتایبەتی لەپاش هاتنەسەر تەختی رضاشای خوینخوری مرتجع كوردەكان بە گرانی اسارتی زیاتر دوچاربون وئەومستبدە لە لایەن هیتاری مخبطەوە كوردی لە هەموحقوقی ملی خوی محروم كرد و هینیك لەعشایری كوردی بەتەواوی لە ریشە دەرهینا و لە نیشتمانی خویانی وەدور خستن وفارسانی مرتجع بەخاهان ودین و مندالانی كورد جنیوی غیرە قابلی شرحیان دەدا . و كوردان نەك هەر خویندن بەلكو قسە كردنودوانیش بەزمانی دایكی خویان قەدەغە كرابو .

كوردەكانی تور كیەش خصوصاً پاش هاتنەسەر كاری مصطفی كمال پاشای هەروابون ئەو درندەیە بوبیدەنگ كردنی هەرای آزادی خواهی شیخ سعید یەك ملیون ونیوی لە كوردان كوشت . !

كوردەكانی عراقیش دەردی ئەسارەتیان كەم نەكیشاوە لەلایەن كسانیك كە دەفكری سادەتی بشریدا نین بو عبدایەتی دران بەعرەبان دەگەل ئەو هەموترور وتعقیب و كوشتو كوشتار و تلفاتەش كورد هەرگیز دەمقابل ظلماتاندا سەری دانەنواندوە و دەربی استقلال و آزادی دا . بارزەی خوی دەوام پیدا و ارادەی بولابی ئەتا ابدیرە هەربووە و هەر دەمینی دەوسالانەی دوایەدا فرصت وماوەیە كی چاك هەبو كەبە آزادی یكی كەئەمە آرەزومان پی بكەین ولەمیژبووە دەستمان دە كەوت بزوتبانەوە وەك بزوتنەوی قارمانان ومەردانی پیشومان . بەبختی ئەومیە كە ایستا دەنیو كورداندا كەسانیك هەن كە وەنەبی هەر حرمەت بەوفارسانە كەچەن عصریكە ئەمەیان دەژیر ظلمی خویاندا راگرتووە بكەن بە لكو بەآشكرا میلەتی كوردی دەفروشن .

سەودای علی آغای امیراسعد دەگەل سادی ارتشی ایرانی كە هەمو كوردی فروشتون اوە مومان معلومە . لە خلكی معلومە مەلاعبدالرحمن سر نجداغی ومحمد فاروقی وحمزەلی قاوچی وغیرەجاسو سن وملت فروشن . قرنی آغا مامش ومحمد عباسی وعلی خانی منكور وعبدالە آغای منكور وچەن كەسی دی بەآشكرا بواختلاف وپارچە پارچە كردنی كوردان سعی دەكەن

## عیبەی بزانن ئەی ملەو نینە!!!!

وەخبر بین تازور درنگ نەبوە .

تماشای دوژمنانی كەچ فكر نەكەین دەزانین كورەبیشوی كوردهەرگیز ملەتی خویان وهومید و آرەزوی وانیان لە بیرنە كردوە

لاوچاكانی مە وەك رابردوان بی مضایقە قوەی صرف دەكەن كە كورد خوشبەخت وآزادیی وئەوان زانیان موفقیت وەختیك ودەست دەكەوی كەخەلك زورتوند پا اویكداویەك حزبیان ببی ودەگەل برایانی آذربایجانی پیكەوە بزوتنەوە وبی كەبشتن ئەو حزبە كە حزبی دموكرات بووبە كومەك و یاری خەلكی كوردوستان دا ندرالە مدتیكی كەمدابەموفقیتی زور گەورە گەیشتوە ضدیتیكی دەنیو عشایراندا بوهە لی كرت وە كیتیكی قایمی دەنیو وان داپەیدا كرد وهەیئەتی ملی هەلبزارد و چاپخانەی تأسیس كرد و ئەوەلە تاریخی كوردی ایراندا هەوەل جارە بەطوری عموم بلاو كردنەوەی روژنامە دەس پیكراوە و مدرسەی ملی تشكیل كردووە كە دەویدا مندالانی كورد بە زمانی دایكی خویان دەخوینن و مسئلەی خویندنی اجباری وعمومی حل دەكات وشارەوانی وعدلیەی داناوە و هیزی مسلحی ملی و.....ساز كردووە .

**بژی حزبی دیموكراتی كوردوستان !!!**
**بژی مؤسس ورهبەری وی جنابی قاضی محمد !!!.**

ئەمە دەزانین وباوەریمان هەیە كەاندامەكانی كمیتەی مەركەزی حزبی دیموكراتی كوردوستان ئەو كارە مقدسەی خویان بە موفقیت دەبەنە سەری .

ئەمە نمایندانی تەواوی طبقات و كوردانی عمالی كوردوستانی لە میتینگیك كەلەشاری (مهاباد) دا سازمان كردوە وژمارەمان بیست هەزار نەفەرە ئەورو آرەزوی عمومی خومان اظهار دەكەین ولە كمیتەی مەركەزی حزبی دیموكرات وئەنجمەنی خومان خواهش دەكەین واختیاری دەدەینی :

**١ـ لەو جیگایالە دا كە ایستا كوردی تیدا دەژین بەاستقلالی تەواو بكا**
**٢ـ انتخاباتی مجلسی شورا دەست پی بكەن.**
**٣ـ حكومتی ملی كوردوستان ووەزیران و ادارەكانی ساز بكەن .**
**٤ـ هیزی مسلحی ملی كورد تشكیل بدەن.**
**٥ـ لە گەل دەولەتانی همسایە رابطەی تجارتی واقتصادی بەرقەرار بكەن .**
**٦ـ لە گەل برا آذربایجانیەكان همكاری ودوستایەتی محكم بكەن .**

**پایدار بی كوردوستانی آزاد .**
**بژی حزبی دموكراتی كوردوستان .**
**بژی رهبری خەلكی كوردوستان جەنابی قاضی محمد .**

مارەی ـ١۴ سانی یەکەم

# ماوەی جیژنی سە

وەکو لەسەرەوە باسمان کرد لەهەوەل و آخرو یوانیوتارەکاندا و لەهەرکانیکدا نیوی (**ریاستی جمهور قاضی محمد**) بەسەرزماندا دەهات بیوچان موزیکی ملی لی دەدرا وچەپلەریزان دەکرا و بەینا بەینیش قوتابیکانی مدارسی کورو کچ سرودی ملیان دەخویندەوە. لەم کاتەدا **رئیسی جمهوری بەرز** بە ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی امرفەرمو کە قورآنی مقدس و نقشە وآلای کوردستان حاضر بکریت بیووچان هەیئەت کوبونەوە و دو بەدو لەبشت سەری یەك کەوتنەری و چونە کانگای حزبی دیمو کراتی کوردستان قورآنی مقدسیان دەگەل آلا و نقشەی کوردستان دەگەل احترامیکی فوق العادە لەسەردەستی ملاحسین شکاك داناو هەیئەت بەترتیبی هەوەل لەبشت سەری وی گەرانەوە تاگەیشتنەوە حضوری پیشوا. وپیشوا بەدەستی خوی سەربوشی لەسەر قورآنی مقدس ونقشە وآلای بەرزی کوردستان لابرد و مراسمی سویندی: **ئەمن بەخودا، بەکلامی عظیمی خودا، بەنیشتمان، بەشەرافەتی ملی کورد، بە آلای مقدسی کوردستان سویند دەخوم کەتا آخرهەناسەی ژیانم و رژاندنی آخر تنوکی خوینم بەگیان بەمال لەری راگرتنی سەربەخویی و بەرز کردنەوەی آلای کوردستاندا تی کوشم و نسبت بە رئیسی جمهوری کوردستان و**

## یەکەتی کورد و آذربایجان مطیع و وفادار بم.»

## پاشبەندی ٢٢



# نطقی محمد محمود افندی لەرۆژی هاتنی مەلا مصطفی لە حضوری حضرتی پێشەوای کوردستاندا

پێشەوای معظم گەورە بەرێزەکانم .

بەناوی کوردی وریا بوەوە لەژێر ماوەی بەیرەوی کونی زەبربەدەستی ، بەناوی سەرکردەی شورشی گەل لە بارزان ، شورشی بەرهەلستی سەرگەردانی ، شورشی نەهێشتنی ظلم واستبداد ، زروباش پیشکەشی دانشتوانی ئەم کوبونەوەیە دەکەم ، کە آلای بیر-وزبان لەسیەیەکی نیشتمانی گەورەدا بلیند کردەوە بەناوی خوینی پاکی گەلی کوشکەرەانەوە کەلە مەیدانی آزادیدا پیشکەشیان کردوە ، هاوارتان دەکەینی کە ئەم بەرەپیروزە - آزادیو سەربەخویی پی بکەیینن . بەناوی فرمیسکی چاوی بیوەژنان و آەونالینی هەتیوانەوە هاوارتان دەکەینی کەبەیمانی حقوقی گەل بدەن ، اقتصادیاتی بپارێزریت ، بشتی فەرهەنگ بگرن بەپەروەردە کردنیکی گیانی دیمو کراتیەوە ، پاریز کاری لە دیمو کراتی بفرمون کە کەرێکەی پیش خستنی گەل وسەربەخویی نیشتمان وروێشتنە بەری وەیەلە گەل کاروانی گەلانی آزادی بەرزەو تەواوەتی ومروانی .

بی گومان لەبیر ناکریت کە حکومەتی کوردستانی آزادهیشتا لەیەکەم قوناغیەتی وە کوششی ایوەی پی دەویت ، بوسەرکەوتنی کوردستانی مەزن وزگاربونی . یارمەتی گەلیشی پی ویستە ئەوبەشانەی نیشتمانی مەزنمان کەلەژێر دەستی بیگانە دان ، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بریوەتە یارمەتی ئەوآلایە کەلەسەرئەم حکومەتەدەشەکیتەوە ، دەیەویت بیتەژێرسیبەرەکەوە ، لەپیاوەکانی حکومەت دەخوازن کەبراکانیان لەوپیوەندی آسنینەرزگاربکەین کەتیدا دەنالینن .

پێشەوای معظم : گەورەکانم .

ئەو سیاسەتە حکیمە جوانەی کەپارتی دیمو کراتی کوردستان لەسەری رویشت وسەربەخویی نیشتمان و آزادی کوردی وەرگرت ، آمادەیە کەبچیت بەهاواری نیشتمانی گەورەوە ، و گەلی کوردستان تاپارێزگاربکا .

لەم کاتەدا ، لەهەمو کانی دلمانەوە وپاریدەی راستیمانەوە بەرەو گەورەترین شخصیەتی کورد ، ئەو شخصیەتەی کە گەلی کوردی بەبیری بەهێزی وسەر کردەیەکی حکیمانەوەبە ریگای دیمو-کراتیدا بردو گەیاندیە سفرەی آزادی ، بە کوششیکی عبقری وعزمیکی قایم وسەر کردەی دیمو کرات ، پێشەوای معظمی کوردستان جەنابی قاضی محمد ، خومان پیشکەش دەکەین .

باهەمو یەکەوەهاوار کەین بژی سەر کردەی مخلصی کوردستان ، بژی گەلی کوردی پشت بەست بە دیمو کراتی ، بژی پارتی آزادی کوردستان و پارتی گەل بژی پارتی دیمو کرات ، بژی نیشتمانی مەزنمان بەسەربەخوبو آزادی ، بژی یەکەتی سوفیاتی مەزن هەتابی گەلانی خوش بەختی آزادی وسەربەخویی .

# پاشبەندی ٢٣

زمارە ٤٥ — کوردستان — لاپەرە ٣

## متنی پەیمانێك کە لە نیوان حکومتی ملّی کوردستان و آذربایجاندا بەستراوە

چونکو ملتی آذربایجان و کوردستان هەموو کاتیك لە قازانج و زیاندا پیکەوە شریك بوون ولەعینی حالیشدا تاویستا بەدەست استعمارو استیلا جویابەوە بوئەو دووملتە بەیەك اندازە قنارو لطمەوارد کراوە. ملتی آذربایجان بورزگاری تەواوی دانیشتوانی ایران لەژیر استبدادو دیکتاتوری هەولی داوە. هەر وەها ملتی کوردیش لەریگای آزادیدا فداکاریکی زوری کردوە واورباتیکی بی ئەژماریشی داوە. بەلام فتنەو دسیسەی دلالەکانی سیاسی استعماری بوتە سبب و بەرهەلستی نەگەیشتنی ئەم دوو ملتە بەآواتی خویان.

هەتاکوو ئەو شەری آخری دنیایە دەست‌پیکرا وبەهیزی بەاوتی دولتی علمداری آزادی دەستگای فاشیستی کە آلتی دەستی استعمارچیان بووتیکو پیك‌چوو وبوئەو دووملتە آزادی خواهانەش هەل هەلکەوتچ لەنیو خویاندا بولەبین بردن و محو کردنەوەی فاشیستی و دیکتاتوری قدی پیاوەتیان بەرز کردەوە وشان بەشانی یەك بەربەرە کابیان دەست‌پیکرد و آلای بەراستی دیموکراسی و آزادیان بلیند کرد ولەبەر ئەوەی ئەو دووملتە برایانە نەهەر بوجیکردنەوەی آزادی خویان بەلکو بوداممەز ـ راندنی آزادی لەسەرتاسەری ایران بوهەموو وەختیکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی.

جالەبەر ئەوە لەروزی سی‌شەممو ٣ی بانەمەر اردیبهشت )ی ١٣٢٥ سالی دی تەواوی هیوارە لەشاری تەوریز لەعمارتی ملّی آذربایجان بەحضوری سەرانی حکومەتی ملّی کوردستان:

رەئیسی حکومتی میلّی کوردستان جنابی آغای **قاضی محمد** ـ ،

**آغای سید عبداللە گیلانی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان** ـ ، **آغای عمر خانی شەریفی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان ورئیسی عیلی شکاك آغای محمد حسینی سیفی قاضی وەزیری هیزی حکومتی میلی کوردستان آغای رەشید بەگی جهانگیری عضوی کومیتەی مرکزی حزبی دیموکرات کوردستان ورئیس عیلی هەرکی** ـ ،

**آغای زیروبەگی بهادوری عضوی کومیتەی مرکزی حزبی دیموکرات کوردستان** ـ ، **نوینەری کوردی شنو آغای قاضی محمد خضری** ـ ،

وبەحضوری سەرانی حکومەتی میلّی آذربایجان: **رئیسی مجلس ملی آذربایجان جەنابی آغای حاجی میرزا علی شبستری سەروك وزیری حکومتی میلی آذربایجان جەنابی آغای سید جعفری پیشەوەری معاونی صدری فرقەی مەرکەزی حزبی دیموکرات آذربایجان آغای بادگان** ـ ، **وەزیری داخلەی آذربایجان دوکتور سلام‌اللە جاوید** ـ ، **وزیری فەرهنگی آذربایجان آغای محمدبی‌ریا** ـ ،

بوقایمو محکم کردنی دوستایەتی کە لەبینی آذربایجانو و میلتی کوردستان دابوە بو پایەداری صمیمیت و دوستایەتی زیاتربون لەبینی ئەو دومیلەتەدا ئەوقرارانەی خوارەوەیان قبول کرد وهردوکیان لەآیندەدا لەگەل زیانی خویان تطبیقی دەکەن.

١ . لەوجیگایانەی پی‌ویست بزانری هەردوك حکومتی میلی نوینەر دەگورنەوە.

٢ . لەآذربایجاندا ئەو جیگایانەی کەدانیشتوانی کوردین کاری ایدارآتی دەولەتی بەکوردان دەبی ...، وەهەروها لەکوردستانیش لەو جیگایانەی کەبەشی زوری دانیشتوان آذربایجانی بن لەطرف مأمورانی حکومتی میلی آذربایجان ایدارە دەکریە ـ ،

٣ . بوحەل بونی موضوعی اقتصادی لەبینی هردوك میلەتان کومیسیونیکی تیکەلاو دادەمزری وەقراری ئەو کومیسیونەی بەکوششتی سەرانی ئەودو حکومەتی اجرادەکری.

٤ . لەکاتی پی‌ویستدا لەبینی حکومەتی میلی آذربایجان و کوردستان هاوکاری پیشمەرگەیی دەکری ودەبی ئەوی لازم‌بی بو کومەگی یەك تری ئەنجام بدری.

٥ . هەرکاتیك پیویست‌بی لەگەل حکومەتی تاران گوفتاری بکری دەبی بەموفق نظری حکومت میلی آذربایجان و کوردستان‌بی ـ ،

٦ . حکومتی میلی آذربایجان بوئەو کوردانەی کەلەخاکی آذربایجاندا دەژین تائەو اندازەی کەبتوانی بوپیشکەوتنی زمانو وتەرەقی پیدانی فرهنگی میلی‌وان هەول دەدا ...،

ـ ، هەروەها حکومتی میلی کوردیش بوئەو آذربایجانیانەی کەلەخاکی کوردستاندا دەژین بەوەپیشکەوتنی زمانو وەتەرقی پیەدانی فرهنگی میلی وان‌ئەو اندازەی کەبتوانی هەول بدا ـ ،

٧ ـ هەر کەس بوتیکدانی دوستایەتی تاریخی نەتەوەی آذربایجانو کورد ولەبین‌بردنی برایەتی وەدیموکراتی میلی ویالەکەدار کردنی بەکەتی وان هەول‌بدا هەردولا بەیەك دەست‌ئەو مرتکبانە بەجزای خویان دەگەیین.

» آغای حاجی میرزا علی شبستری رئیس مجلسی میلی آذربایجان ـ ،

» آغای پیشەوری سەروك وزیری حکومت میلی آذربایجان ـ ،

» آغای بادگان معاون صدری کومیتەی مەرکەزی فرقەی دیموکرات آذربایجان ـ ،

» آغای دوکتور جاوید وەزیری داخلەی حکومت میلی آذربایجان ـ ،

» آغای بی‌ریا وەزیر فرهنگی » » » ـ ،

» » قاضی محمد رئیسی حزبی دیموکرات کوردستان و رئیسی حکومتی ملّی ،

» » محمد حسین خانی سیفی قاضی وەزیر هیزی حکومتی میلّی کوردستان

» » سیدعبداللە گیلانی عضوی کومیتەی حزب دیموکرات کوردستان.

» » ئەمرخانی شریفی عضوی کومیتەی مەرکەزی حزب دیموکرات کوردستان رئیسی عیلی شکاك.

» رشید بەگی جهان گیری عضوی کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردستان نمایندەی عیلی هرکی.

» » زیروبەگ بهادری عضوی کومیتەی مەرکەزی ... نوینەری عیلی هەرکی.

بونو بەدەستو بی ...

# کردنەوەی ایستاسیونی رادیوی حکومتی ملی آذربایجان

## لەروژنامەی آذربایجان

روژی هەینو ٦ . ٢ . ١٣٢٥ سانی ٥ و نیو ایستاسیونی حکومتی‌ملی آذربایجان بەرسمی کرایەوە وبەشانازی ئەم موفقیتە برایانی آذربایجانی هەستیکی لەئەندازە بەدەریان نواند .

جونکو جەنابی آغای پیشەوری سەروزیری حکومتی ملی آذربایجان کسالەتی هەبوو رادیو توسطی جەنابی آغای شبستری رئیسی مجلسی‌ملی افتتاح کرا ونطقیکیان ایرادکرد و بەچوار زمان ( کوردی ، فارسی ، روسی ، فرانسه ) بەهەموو دنیا راگەیاندرا وبەرنامەی جیژن لەنیو هەست نواندن وهورا کیشانیکی لەئەندازە بەدەر لەساتی ٨ دوایی‌هات .

## حضرتی‌محمدقاضی پیشوای بەرزی کوردستان

کەدەجیژنی ئەوبرا خوشەویستانەی آذربایجانیدا شرکتی‌فەرموو بوو بەهوی کردنەوەی رادیوی آذربایجان نطقیکی ایرادفەرموو کەوەرگیراوی ئەونطقە لەژیرەوە بەعەرضی خویندەوارانی خوشەویست دەگا :

ایستا کەایستاسیونی رادیوی حکومەت ملی آذربایجان بەرسمی دەکریتەوە لەقولایی دلەوە پیرۆزە و مبار کبادی بەگشت ملتی رشید و آزادی خواهی آذربایجان عەرض دەکەم وچونکو وەخت دیاری کراوە کەلەلایەن کوردستانیشەوە قسە بکری بەپیویستم زانی کەئەم کردنەوەیە بەملتی کوردیش تبریک بکەم .

هومید دەدەم کەروز بەروز یەکەتی‌و دوستایەتی ئەمدوو میلتەنجیبە بووەچەنگ هینانی آزادی محکمترو قایم‌تر دەبیت لەسایەی یەکەتی‌و برایەتیدابو وەچەنگ هینانی آزادی وراگرتن‌و پاریزگاری‌ویی پیکەوە پیاوانە هەول دەدەین نسبت‌بەیەکتری لەهیچ‌جورە کومەگو یارمەتی کوتایی‌نەکەین ، باقی نوالصاتی اجتماعی‌ومدنی بەیارمەتی یەکتری لەنیوان هەلدەگرین وزور بەتالوکە بولایەن کانونی سعادت‌و خوشبەختی دەچینەپیش وەها سعی‌و کوشش بەخەرج‌دەدەین کەلەملتە سەرکەوتوەکانی دنیانەمینینەوە . هەژاری وفقیری‌یێک کەلەبە بی‌خاوەنی داوین گیری ایمەبیوو بەهوی علمو صنعت لای‌بەرین .

## پاشبەندی ٢٥

# نطقی حضرەتی پیشوای کوردستان
## لە پیش رادیو

روژی ١٢ - ٢ - ١٣٢٥ ساتی ٦ پاش نیوەرو حضرەتی محمدی‌قاضی پیشوای معظمی کوردستان نطقی زیروی بە هوی رادیو بەگوی دانیشتوانی کوردستان گەیاند و بە بلیندگو بلاو کرایەوە :

برایانی خوشەویست : لە دامەزراندنی دەستگای رادیو وئەموفقیتەی کە دەستتان خستووە تبریکتان‌لی‌دەکەم چونکو لە وەختی کردنەوەی‌دەستگای رادیو لیرەنەبوم ایستااحساساتی خوم نسبت بە پیشکەوتنی ایوە اظهار دەکەم . ئومیدەو ارم کە لیرە بە دووا روژ بە روژ بتوانین لە مسایلی مدنیدا پتر ترقی بکەین .

لە هەمو شتیك چاتر بو ایمە ئەوەیە کە بتوانین قسەی خومان بەگوی‌دونیا بگەیینین و تصدیق دەفەرموون کە همو شتیك وورده وورده ترقی پیدەدری . دیسان دەتوانین بە هوی ئەم دەستگایە دەرسی اخلاقی فلاحتی و . . . بە برایانی خوشەویست بلیین ولە آیندەش دا بەرنامە یەکی باش بو رادیوکەمان دیاری دەکەین . ئەوەش بزانن کە ایمە آغای محمد حسین خانی سیف قاضی و آغای صدری قاضیمان بە نوینەری کوردستان دەگەل نوینەرانی آذربایجانی بو تاران ناردووە و گفتوگو دەوامی هەیە تا لە تەوریز بوم روژ بە روژ خبرم دەزانی و ممکنە بو ئەوەی لە مذاکرات بی خبر بم ئەم روژانە بچمەوە تەوریز ، و چونکو هیندی خبرم لە وەلاتی خومانەوە بوهاتبو وبو خبردار بوون لە چلونەتی اوضاع هاتمەوە .

حکومەتی کوردستان ئەورو زور بەهیزە ئەوکەسانەی کە دەیانەوی دەگەل دوژمنانی کورد ببنە یەك کوردستان دەتوانی زور چاکیان چارە بکا بەلام ئەمن تا ممکن بیت ریگای مسالمت بەرنادەم ئەگەر هیچ چارەش لە ما حکومەتی کوردستان بە هیزی خوی سەریی وان رەهەردی دەخا .

٩٤٦ ـ ٢٧ جمادی الثانی ١٣٦٥ ـ ٢٥

# گوزارشی جەنابی محمدحسین خانی

## سیف قاضی وزیری جەنگ و نمایندەی کوردستان

**جەنابی آغای محمدحسین خانی سیف قاضی وزیری جەنگ و نمایندەی کوردستان وەکو لەساتی گەرانەوەی خوی لەتارانی بەلینی دابوو ولە میتینگی روژی ٣١ ٢ ١٣٢٥ داگوزارشی ژیروی بەاطلاعی عموم گەیاند :**

هاونیشتمان برایانی خوشەویست .

ئەمن کە بەئەمری پیشوای معظم و بەداگرمی وپشتیوانی برایانی خوشەویست مامور بەافتخاری نومایندەگی بو حکومەتی تارانی بووم بە پیویست دەزانم کە شەرحی ماموریەتی خوم اجمالا بە عرض بگەیەنم .

روژی یەك شە و ٨ بانەمەر سەعاتی ٩ و ٢٠ دەقیقە لەایستگای تەوریزەوە. گەل نماینده گانی آذربایجان کەعبارەت بواە آغای پیشەوری سەروکی حکومەتی میللی آذربایجان و رئیسی هەیئەتی نمایندگی) و آغای صادق پادگان و آغای دکتر جهانشاهلو و آغای ابراهیمی و آغای دیلمقانی و ١٤ نەفەر فیدایی بەرەیاستی بەلانەفەر کاپیتان حەرەکەتمان کردو لەساتی ١١ و ٢٠ دەقیقەواریدی ایستگای (مهرآباد) وبن لەلایەن آزادی خواهان واهالی آذربایجان ساکنی تاران) (بەاینکە کەسەعاتیك پیش واریدبونی مە بەوسیلە ماموریتی دەستگای دیکتاتوری عبارەت بو لە افرادی ژاندارمەری بی شەرمانە مەانە نیکی مسلحانە بو پیشواز نەکردن لەایمە بەعەمەل هاتبو و دونەفەر لەو آزادی خواهانە کوژرابوون چەندنەفەریشیان بریندار کردبوون دیسان جیمنیکی یەکجار زور کەخویان لەچەنگی مستحفظین ژاندارم خلاص کردبو بەدەسکە گولەوە خویان گەیاند بووەمەیدانی طیارەی شەرو شعفو احساساتیکی وایان بە خەرج دا کەروحی مەیان ولەرزە خست و بە دەنگیکی بلیند چەپلەیان ایدەداوهاواریان دەکرد ئەنگو ئەمەونەجات.ا) (ئەنگو خەلکی ایرانیو لەئەسارەت خلاص کرد ) ئەما وشیاربن اشتباهی نە کەن آزادی ایمەبەحرکاتی راست و بی خطای ایوە بەبوەندە ) . وهورایان دە کیشاوایکرادەیان گوت (بژی خەلکی آذربایجان) (بژی مشطداری آزادی ایمە آزادی خواهانی کوردستان ) .

دەواقعدا . ئەواحساساتەی وان ببوە باعیثی سەربلیندی اهالی کوردستان و آذربایجان و ئەوەیان بەتەواوی مەعاومدە کرد ود باگەیاند

کە مەعلومە کوردستان و آذربایجان خویان خلاص کردوە بەلکو لیاقەتی ئەوەیان هەیە کە آزادی تەواوی خەلکی ایرانی وەدەست بین و ئانی بکەن آغای مظفرفیروز معاون سیاسی نخ ئوزیری ایران . و سرتیپ صفاری رەئیسی تشکیلاتی کل شارەوانی لە طرف دەولەتیوە بو استقبال حاضربون و بەشارەزایی وان بو قصری جوادیە کە لە دوازدە کیلومتری تارانی یە ولە پیشدا بو پذیرایی حاضر کرابوو حەرەکەتمان کرد . و سایلی پذیرایی مە لە طرف وەزارەتی اموری خارجەوە بە عەمەل دەهات . لە روژی دوشەممویەوە مذاکرە دەست پیکرا . نومایەندانی دەولەتی تارانی عبارەت بون لە (آغایانی مستشارالدولە محمد ولی میرزا . فرمانفرمائیان . لنکرانی . ایکچیان . و آغای مورخ الدولە سپهر وەزیری پیشە و هنر و مظفر فیروز معاونی سیاسی و پارلمانی نخست وەزیر ) .

پاش گفتگویەکی زور لە اطراف نەهضتی دموکراسی کوردستان و آذربایجان داوخواز و تەمنای ٥ ملیون کورد و آذربایجانی (کە بە خوینی هەزاران لاو ویبر وجوانی میللەتی قارەمانی کورد و آذربایجان) کەسالهای سال لەو ریبە دا لە ملەو مبارەزە دابون و بە دەستیان هیناوە و دە مقابلی ابلاغیەی پوچ بی مەعنای حەونگانەی دەولەتی تاران . لەبەر ئەوەی کە دونیا بزانی کە میلەتی قارەمانی کورد و آذربایجان حاضر بەخوین رشتنو برا کوژی نین . و بو لەئەمدانی ارتجاع وخوین مژە ظالم و گەورەکانی دنیایە کەدەو ریبە دا هەزاران افترا و بوختانیان بو ساز کرد. بووین . بە ٣٣ مادان بەدەولەتی تاران پیشنهاد کرا کە ئەوەبو آگاداری ایوە عرض دە کرین .

باش گفتگو و کیشەکیشیکی زور وچەند روژ مذاکرە بە استنادی درو وقسەی بوچی قانونی اساسی موقت حاصل نەبوو .

ماوەلەلاپەرە ٢

## تحریکاتی ئەو خائنانەی کە دەیانەوی ایران محوبیتەوە

أصلی مرکەزی تحریکاتی شومی إستعماری لەایران سەرچاوەی لەجیگایەکی زور قوولە، لەایرانیدا ئەورو ولەپشت پردەی سیاسەتەوە بەمنظوری ئەوەی دولەتی قوام السلطنە سقوطی

ساوەی لاپەرە ١

# گوزارش جنابی محمد حسین خان سیف قاضی وزیر جەنگ‌و نمایندەی کوردستان

پاش گفتو گویەکی زور لەاطراف نهضەتی دیموکراسی کوردستان‌و آذربایجان داوخوازو تقاضای ٥ ملیون کوردو آذربایجانی ( کە بە خوینی هەزاران لاوو پیرو جەوانی میلەتی قارەمانی کوردو آذربایجان ) کەسالەهای‌سال لەو ریەیدا لە ماەو مبارزە دابوون وبەدەستیان هیناوە ودمقابلی ابلاغیەی پوچ‌و بی مەعنای حەوتگانەی دەولەتی تاران لەبەر ئەوەی کە دونیا بزانی کەمیلەتی قارەمانی کوردو آذربایجان حاضر بەخوین رشتن‌و براکوژی نین ، وبولە دەم‌دانی ارتجاع وخوین‌مژە ظالم‌و گەورەکانی دونیایە ، کەدەو ریەیدا هەزاران افتراو بوختانیان بوساز کردبوون بە ٣٣ مادان بەدەو لەتی تاران پیشنهاد کرا ، کەئەوە بو آگاداری ایوە عەرض دەکرین .

پاش گفتو گیشەکیشیکی زور وچەندروژمذاکرە بەاستنادی دروو قەی پووچی قنونی اساسی‌وبەو نەوعەی کەئەمن لە نزیکەوە دیومەوایم مەعلووم بووە قانونی‌اساسی بەتعبیری دەولەتی تاران ، عبارتە لە پامال کردنی حقوقی میللەت ، ودەستو بی بەستی وان .

وبەرەلاکردن‌و نی بەردانی عدەییکی محدود بەعنوانی جوی جوی مأمورینی‌لەشکری‌و کشوەری وزاندارم کەنە پامال کردنی حەق‌و عەدالەت ، کە مضابق‌قانونی اساسی حقیقی ، بەتەواوی نەتەوانی ایرانی قایل بووە ، وداندراوە دریغیان نەکردوە ، هەر وەکوو بوخوتان‌دیوتانە لە تعرض بە گیان‌و مال وحیثیت‌و ناموس نەتەوانی‌ایرانی مخصوصاً میللەتی کوردی . دە کەمای بی شەرمی وبی‌حیایی دا لە مدەتی ٢٠ سالەی دیکتاتوری رضا خان دامضایقەیان نەکردوە وئەوان ایرانی فقط بەتارار دەزانن . وبەغەیری استفادەی شخصی وخوشگوزەرانی وراگرتنی مەقام وجاو جەلالی خویان هیچ فکری دیکەیان نیە . تارایش‌چەتاران مەرکەزو بناغەی فەساد لا اوبالی وبی علاقەیی‌وبی‌خەبەری ودەحقیقت‌دا مەرکەزیکی زورزور کەثیف بە قەصروقصوری زور عالی ومجلل کەبەخوین‌و زەحمەت‌و رەنج‌و آرەقی نیوچاوانی‌هەزاران هەزار بەدبەخت‌و بیچارەی نەتەوانی‌زەحمەت کیشی ایرانی بناغەی داندراوە ورازاندراوەتەوە ، بە هیچ نەوعیکی شعلەی رووناکایی‌و ئومیدی رزگاری دەوعصری تمدن واوەم‌دا بو میللەت‌و نەتەوانی ایرانی وەبەرچاو نایە ، وەهەتاکوو ئەو سەفەرەوە دیتنی ئەودەزگایەی . مەعنای کلیمەی حکومەتی پوشالیم‌نەدەزانی . بەلام لەو مسافرەتەی تارانی‌دا کەبەچاوی خوم دەستگای هەلسووری خوین‌مژو بوچەلی حکومەتی ئرانم دی لیم حالی بوو کەحکومەتی پوشالی ئەوەیە کەالمان لە تاران بەر قەرارە . ئەمەائەوەندە هەیە ئەوروکە . ئەوەی جنبەی مەیدانی سیاسەتی بین‌المللی پەیدا کردوە ودەستگای ارتجاعی دونیایە بەوەسیلەی کاسە لیسانی خویان ، بو منفعەت بردنی وقازانجی‌داثیماخەریکی دەسیسەو آتریك‌و هەووجەنجان ، ئەمە دووبارە لەبەرئەوەی کەدونیا بزانی غەیری حقی حسابی خومان‌و خویندن‌و نوسین بەزمانی دایکی وپەرەپیدانی فەرهەنگ‌و لەش‌ساغی‌و هاتەدەر لەغارو ئەشکەوتی بەد بەختی . وخو گەیاندن بەعصری تمدن هیچ مەنظوورووەسابیکی خارجی‌نەبو گوزەشتیکی زورلەو حەقەی کەوەدەستمان هیناوە حاضر بووین ، هەر چەند بەصورەتی ظاهر شەخصی آغای قوام‌السلطنە مساعد . وە هەرەرجەییکی حاضر بوە کە دەمذاکرانی دووائیدا کەدەست بی کرابا موافقت . پیشنهادی‌خویان ، دەنەحتی ١٤ مادە دا تا ئەندازەییك موافقت حاصل بوە . بەلام چەند نەفەر لە وەزیران کەوامەعلوم بوو نەیان گولی کردبوو بابەاستناد بەفەرمایشی آغای پیشەوەری لەاثری قانونی شعی تریاك لەآذربایجانی‌دا عصبانی بوون . نەیان هیشت کە دەولەتی آغای قوام ئەو موقعە استفادە بکا . وئەو مسئلە بە خوشی تەواو بی . لە بەر ئەوە ناچار بوین بەبی اخذی نتیجەی روژی دوو شەممو ٢٣ بانەمەر هەیئەتی نمایندەگی کوردستان‌و آذربایجان سەعتی ٧ و ٥ دەقیقە لەتاران گەراینەوە . ولەپاش گەرانەوەی مە دەولەتی قوام السلطنە اعلامیەکی لە تاریخی ٢٣ ر ٢ ر ٢٥ دا انتشار دا . ئەوا عەرض دەکری هەروەکوو لەئەوریزی لەطرف‌هەیئەتی نمایندەگیەوە بەوەسیلەی آغای پیشەوەری رەئیسی هەیئەت جوابی دراوەتەوە وئەمن نامەوی دەو موضوعەی جیدی بدویم . برایانی خوشەوست حس تدبیرو ارادەی پیشوای بەرز یەکێتی‌و برایەتی کوردستان‌و آذربایجان وغیرەت‌و شەهامەت‌و جانبازی پیشمەرگانی کوردستان وفیدائیانی آذربایجان دەستگای ظلم‌و ارتجاعی متزازل کرد ولی‌یان‌مەعلوم بووە کەئەو نهضتە کەبە پشتیوانی تەواوی طبقاتی میللەتی قارەمان‌ورەشیدی کورد و آذربایجان بەوجود هاتوە شوخی پی ناکری . وبەفشەو گالتە نازمیردری‌وئەودوو میللەتە براورەشیدە دەمەیدانی مبارزەدا خویان پی ناساندون . وئەو حەقەی کەئەستاندویانە رای دەگرن . ولە لیاقەتی ایدارە کردنی خویان بەدونیای ئەوروو ثابت کرد . ایستاش مەردەومەردانە تی‌بکوشن واطمئان‌و بیی حەق بەمەیە . وخودای‌بی‌هاوتا یاری دەهەندەی مەیە .

بژی کوردو کوردستانی گەورە .

بژی پیشەوای معظم‌و محبوبی مە .

بژی فرقەی دیموکرات کوردستان .

بەرقەراربی یەکێتی‌و برایەتی کوردستان‌و آذربایجان .

بژی‌و راوەستاو بی لاوان‌و جەوانانی‌رەشیدی کوردستان .

---

**(کوهستان) ورەگیر سیدمحمد حمیدی**

# بەسەرهاتی آرارات

## ١٢

لەسەردەمی هەلستانی شیخ سعید ، حاجی موسی بیگ وخالد بیگی جبرانی لەزیندانی بتلیس دا راگیرابوون بەلام حسین پاشا هەروا لەئەو ...

# حضرتی پیشوای کوردستان

## کاتی رویشتن بوتەوریز

لەروژی یەکشەمەی ١٥ ر ٢ ر ٢٥ حضرتی پیشەوای معظمی کوردستان لەکاتی تشریف بردنی بو – تەوریز – لەنیوانی تەواو سەرانی عشائری مەنگورمامەمش زەرزاگەورك دیبوکری وقەرە پاپاق‌و افسرانی بیباکی هیزی دیموکرات کوردستان فەرموی :

برایانی خوشەویست . لەکاتیکیدا کە اوردوی سوور لەنیومان دابو دوژمنانی ئیمە هەمیشە وایان بلاو دەکردەوە کەداواو ادعای کوردان هەموی بەهوی سیاستیکی خارجیەکە مقصودیان اوردوی سوور بو – بەلام ئەو رو بەآشکرای لەهەمو کەسلك معلوم‌بوە کەکورد آزادی دەوی ودەست لەو مەرامە هەلناگری ووجودی ئەو عشائرانە لەو رودا کەبەگیان‌و مال آمادەن آخرین دلوپی خوینی خویان بوئەو مەرامە برژینن شاهیدیکی زور گەورەیە بوئەوەی کورد آزادی دەوی ودەستی لی هەلناگری وبەو وەجەنگ هینانی آزادی اعتمادی هەر بەخویە.

ئەمن زور سوپاس‌برا مەنگورەکان دەکەم کەهەر بەبیستنی ئەوەی کەزانیویانە اوردوی سوور ولاتی تخلیە کردوە وروژی کارە گەورە وجوکیان بوپاراستنی ولات آمادەی‌خذمت‌بون برایانی مامەش هەرکە زانیویانە کەروژی‌ئەوەیە دەبی ولاتی کوردەواری نفوذی بیگانەی‌تیدا نەمینی ودەستی استعماری لەسەرلابردری‌هەموی بەگیان‌ودل حاضر بوون‌هەروها برایانی گەورك دیبوکری وزەرزا وآغایانی قەرەپاپاق هەموی ئەورو وەك گورد لەمەیدانی‌دا راوەستاون وچاوەنوری فەرمانن کەهەموی شاهیدیکی گەورەیە لەو روژە دا کە اوردوی سوور ولاتی تخلیە کردوە ئەوان واجبی مقدسی خویان بەجی دینن وبەلگەییکی زور زلە بوئەوەی هەستی نیشتمان پەرستی وآزادی لە دلی هەمو کوردیك دا جیگیر بوە ودەست لی‌هەلگرتنی‌نیە .

برایانی‌خوشەویستی بارزانی کەلەریگای ودەست‌خستنەوەی آزادی کوردستانی مەزن ولاتو مالو منداليان لەپیش‌چاونیە وهەمویان لەپیناو ئەومطلبە ناوە مەردانە لەکوشش‌دان جیگای‌شاناز یەو آزادیخواهی میللەتی کوردەواری و جایش دەدەن وشارەزایی وان‌لەعملیاتی جەنگی‌و

آزادی‌و رەشیدیان کەصفتی ممیزەی، کوردانە لەهەری صالح‌آوایەدا معلوم‌بو کەعدەیکی ٧٠٠ نفری اوردوی فارسەکان‌دەیەویست بولای سەرایە بیت ئەوان – ١٧٠ نفری پیشیان‌پی گرتن ١١٠ نفریان لی‌کوهتن ٣٠ أسیریان لی‌گرتن وتلفیاتیکی زوریان لی‌دان‌بەبی ئەوەی یەك‌نەفەریان خوینی لەکە بوی بی .

جەنابی حمە رشیدخان کەچەند وەختە لەوریگایەدا امتحانی خوی داوە هەموی ئەوانە بەلگەییکی زور گەورەن کەجنبشی آزادیخواهی کوردستن بەهوی سیاستی خارجی نەبوەبەلکو هەزیکە لەدلی هەمو کوردیك‌دا موجودە ولەسایەی خودا ئەوهیزەش ئەوەندە بەقوەتە کەدەتوانی دەستی ظالم ببری بەلام میللەتی کوردی زور خاوەنی إنصافو روحمەدیان لەسەر ئەوحالەشەوە کەهیزی مەزور کافیە بو ئەستاندنەوەی ولاتی خومان وتولەستاندنەوەمان لەسەر ئەوەشەوە ئەوا خەریکن کەبەریگیەکی صلح‌و سالمەت حقوقی خومان وەرگرینەوە اگرهاتو هەربەسالمەت لەگەلمان نەهاتن وادعای ئیمەیان قبول نەکرد کەنمایندەی کوردستانی آزاد بوئەو جامە لەتاران مشغولی مذاکرەن ئەووەختی بەهەومیدی خودای بەگشتی عالەم وبەتایبەتی بەدولەتە ظالمەکانی کەولاتمان لی‌داگیر دەکەن نیشان دەدەین کەکورد چەندە بەهیزە ولیبیان معلوم دەکەین کەتولەستاندنەوە چلون دەبی .

لەنیوانی هوراو چەپلەلیدانی تەواوی آغایان واحساساتی گەرمی دانیشتوانی مهاباد فەرمایشاتی پیشەوای معظم تەواوبو ولەلایەن آغای عبدالله آغای بایزیدی بەنوینەری لەلایەن سەرانی ایلی عیوری‌مەنگور لەوەلامی‌حضرتی پیشوادا نطقیکی بەتین ایرادکرا وقولیان‌دا بەگیان‌و مالی تاآخر بوپار یزگاری کوردستان هەول بدەن وچون سەرانی قبایل گشت عارمی سنوور بوون دەسی حضرتی پیشوایان ماچ کرد وخودا حافظیان لیکرد . –

گ... ...وادەی میلتیك نابودو رسوا دەکا

## نامهٔ محمدرشید خان به قاضی محمد
## ۱۲ یا ۱۳۲۵/۲/۱۳

موضوع / تقدیر از شجاعت نیروهای بارزانی

۱- با کمال سربلندی، افتخار و مسرت، عملیات خارق العاده نیروها و افسران بارزانی را بعرض می‌رسانم. هر چند در نامهٔ شماره ۱۴۶ مورخ ۲۵/۲/۱۱ مختصراً اشاره کرده بودم، امّا تشریح آن را برای پیشوای معظم ضروری می‌دانم.

۲- روز ۱۳۲۵/۲/۹ ساعت ۱۱ و ۱۰ دقیقه پیش از ظهر، دشمن، ناگهان در جبههٔ "سرچشمه" و "سرا" بسوی استحکامات "ملقرنی" که زیر نظر "بکر آقا حویزی" بود، هجوم آورد.

دشمن در مسیر "سرا" نیز استحکامات منطقه را که تحت نظارت آقای "میرحاج" بود، هدف قرار داد. مسیر سوم تهاجم دشمن، منطقه فرماندهی آقای "مصطفی خوشناو" بود که کوه "بالوقان" نام دارد. نیروهای بارزانی تحت فرماندهی رهبر خود،بدون هیچگونه ترس، واهمه یا بی‌نظمی، بمانند یک نیروی نظامی کارآزموده، برنامه‌های دفاعی را بموقع اجرا گذاشته چنان موفق عمل نمودند که قلم از بیان آن عاجز است.

۳- فرماندهان بارزانی، آقایان "میرحاج"، "بکرآقا حویزی"، "مصطفی خوشناو" و جناب آقای "وهاب‌آقا"، ما را سرافراز نمودند. حقیقتاً هر چهار تن شایسته تقدیر هستند و آداب نظامی حکم می‌کند مورد توجه بارگاه معظم جمهوری قرار گرفته از شجاعت آنها قدردانی شود.

بهمین مناسبت خواهشمند است شرح عملیات موفق آنها در پرونده‌های نظامی ایشان، ثبت شود. لازم می‌دانم جنابعالی رسماً از این فرماندهان، تقدیر بعمل آورید.

۴- و معاونان فرماندهان مذکور آقایان "محمدامین میر خان"، "مامندی مسیح"، "ساکو" و "خوشروی خلیلی"، کمال میهن پرستی را از خود نشان دادند. تقدیر از این پیشمرگان قهرمان نیز، لازم می‌نماید. لذا درخواست می‌کنم با اعطای درجه به این حماسه سرایان مردانگی، از عملیات آنها تقدیر بعمل آورید.

۵- در این مورد با زعیم محترم، ملامصطفی نیز صحبت کرده‌ام. ایشان نیز با نظر من موافقند.

فرماندهٔ نیروی بوکان و سرا

## پاشبەندی ٢٩

# نطقی حضرتی پیشوا

## راجع بەجەنگی مامەشای سەقز

شەوی ٣٠-٣-١٣٢٥ حضرت پیشوای کوردستان کەلە تەوریز رابو پیرا گە یشتن بەمەلبەندە کانی جبهە تشریفی چووبوو گەررایەوە وبەیانی ساتی ٨ لەعمارتی پیشوائی حاضربوو وبە کارە کانی بەردەستی راگەیشت ولەساتی (١) دوای نیوەروبوبەجی هینانی فریضەی جمعە چوەمز گەوتی سوور دوای نویژ تشریفی بردەسەر مەنبرو نطقی ایراد فەرموو . لەپیشدا حضرت پیشوالەبابەت پەیمانیکەوە کەلەنیوان اذر بایجان وتاراندا بەستراوە گەلیک دوواوپتری موادی پەیمانەکەی تشریح فەرموو وەبەتایبەتی اشارەی بەمادەی ١٣ پەیمان کرد کەدەلی :(دولت موافقت دەکا کە کوردانی نیشتەجی ی اذربایجان لەمزایای ئەمواففقتنامە استفادە بکەن وبەپیی مادەی(٣) ابلاغیەی دولت تا کەلاسی ٥ ابتدائی بەزمانی خویان بخوینن» وەر مووی : لەم مادەیەدا اقراریان بەحقانیت وەموجودیتی ایمە کردوە والبتە ئیمەدەمانەوی تەواوی کوردستان لەم مزایایە ولەازادییکی کەلەسەر تاسەری ایران بەدەستی کوردان بەزوویی بەرقرار دەگریت هموبراکان بهرەمندبن پاشان اشارەی بەشەری روزی ٢٥-٣-٢٤ جبهە فەرموو : کەسوؤ تفاهم بووەهوی روودانی ئەم جەنگە چونکومن دەستوری تلگرافیم دابوو کەریگای بومیردەی وبانەو سەردەشت بکەنەوە کەخواردەمەنی بو سەربازە کانی ایرانی کەلەو مەلبەندانە هەن ببریت نازانم تلگرافە کەدەرنگ گەیشتبوو یااجرانە کرابوو سەرتیپ رزم آرایش کەایستا لەسقزە تلگرافی بو آغای قوام السطنە ناردبوو وموضوعی ریگانە کردنەوەی ولام دابوو قوام السطنەش دەستوری دابوو بەهیزی خویان ریگا آوەلەبکە نەوەلەنتیجەدا .ماوەلەلاپەرە ٢

ماوەی لاپەڕە ١

# نطقی حضرتی پیشواء ..

لەحدودی ٣ هەزار کەس سەرباز کەبە ٨ توپو دوو طیارەو دوو تانك پشتیوانیان لی کراوە بەلامار بو گردی مامەشا دینن وفەرماندەی یوسنی ابمەش لەوی پەیام بوسەر کردەی خوی مصطفی خوشناو دەنیری کە ئەوا هیزی ارتجاع بەلاماری هیناوە چارە چیە ؟ ئەویش دەستور دەدا نانەیتە نیو سەنگەری ابوە دەست مەکەنەوە ئەوانیش کە جمما بە کومو گیکەوە کەلە لایەن سەر کردەی خویانەوە بیلن دەگا دەبنە ٣٩ کەس دەنگ ناکەن تادوزمن دەگاتە نیو سەنگەرەکەیان ئەمجار لی یان دەر دەپەڕن وعدەیکیان لی دەکوژن ویەنجا هەزار فیشەکیان لی دەگرن ودوزمن دەشکی دوای کەمیك دیسان دوزمن بەلامار دینی ئەمجار لەحدودی ٣٠ کەس ئەبولی سەر کردە میر حاج احمد کومەگ بو ئوردە کان دیت وشەریکی روستمانە وقورسیان دەگەل دەکەن وگورهانیکیان لی دییل دەکەن بەلام چونکو پیشمەرگەکانی کوردستان گەرمی شەر دەبن وژمارەیان لە ٧٠ کەس پتر نابیت کەس نابی ئەم دیلانە لیخورری ئەمجاریش دوای لی گرتنی چەندتفەنگ وکوژرا ویکی زور دوزمن دەشکی دیسان جاری سیەم بەلاماری دینن عدەی مەکە وسیلەی هەلگرتنی بریندارەکانیان بوو ناچار بوخویان بریندارەکانیان هەلدەگرن ودەکشینەوە وگردی مامەشا بەجی دیلن ولەسەر بازەکان ٥٠٠ کەس یان کوژراوو ٢٥٠ کەسیان بریندارە دوو تانكو دوو طیارەیان سوتاوو شکاوە .

حضرتی پیشوا فەرمووی : مقرنی ئەم بەلامارە لەو بەری جومیشرا لەدیی خەیدرەوە والەبوسنی میرەدیشرا بەلاماریان بوهیزی کوردستان بردبوو هەر چەند لەجیهەی خەیدر پیشمەرگەکانی ئیمە لەبەر کەمی ئەسلەحەوە لەوە پاشە کشی یان کردووە بەلام سوارانی آغای احمد خانی فاروقی بەهیمداد یانەوە هاتوە بالنتیجە لەهەر دوو جیهەی دوزمن بریك تفەنگو فیشەکی بەجی هیشتوە وعدەیەکی کوژراو داوە وهەلا توون ولە جیهەی میرەدی محمد آغا شقویف شەربەتی شهادەتی چیشتوە .

ئەمجار حضرتی پیشوا هاتە سەر تاریفی ایلی قارەمانی بارزان وفەرمووی : ئەم ایلە آزایەدەگەل وەش کەنیشینگای خوشە وپیشیان بەجی هیشتووە وهەموو لەمالو مندال یان دوورن وگەلی نارەحەتی دیکەشیان هەیە ذرەیەك لەگیانی ئەوان تأثیری نەکردوە وروز بەروز لە نیشتمان پەرستی خویاندا پەتین ترن تەنیا داخی کەهەیانە ئەوە بوو خەیالیان بوو بەلامار بوسقز بەرن وداگیری بکەن بەلام ئەمن منعم کردن ، شەریك کەایلی بارزان کردوویانە لەمیژو دا وینەی نەبوودە گەل آزایی روستەمو اسفندیارو . . . بەرجەوند ناکری ئەسەر ئیمە هەمووومان پیویستە کەبەمالو دارایی مانەوە لەکومەگ بەهەموو ایلی بارزان بەتایبەتی ئەوانەی کەلە جیهەی رای دەبویرن بەتایبەتی ئەوانەی کەلەم شەرەی دواییدا قارەمانی یان نواندوە ولەنیو ئەواندا ئەوانەی لەشەرەیدا بریندار بوون نسبت بە خویانو ژنو مندا یان کوتایی نەکەین وبەلکو ئەوان لە خومانو ژنو مندالی خومان لەپیش تر بزانین .

# نطقی حضرەتی پیشەوای کوردستان لە میتینگی رۆژی ٣١ ر ٢ ر ١٣٢٥

حضرەتی پیشەوا ورە هبەری کوردستان رۆژی ٣١ ر ٢ ر ١٣٢٥ لەمیتینگی نەوروزەدا کەتەواوی سەران وسەرکردان وژنرالان وەزنانی کوردستان وچەندهەزار کەس پیاووژن وفلەخوێوجوتیر حضوریان بوو ئەم نطقەی ژێروی خطاب بە حاضران اراد فەرموو:

برا خۆشەویستەکان معلوم تصدیقی دەفەرموون کەدەگەڵ ئەو هەموو اختلاف دووبەرەکیە کەدەنێو کوردان داهەبوو کەنێوان ناخۆشی وای لی هاتبوو تأثیری دەخانەوادایش کردبوو نێوانی برایێش تێك چووبوو حتی بابو کوریش پێکەوە بەك نەبوون بشرەفتی کارو دانانی تشکیلات چەند مشکل بوو وەلی چونکوو لەمەردان کار عاصی نابن وبیر بەسەر هەر جورە چەوتو چەلەمەیەکدا فایق دەبێ بە هوی رەنجو زەحمەت وحەول دانی چەند کەسی صاحب ایمان وراست تشکیلاتیش ساز کرا ونظمو ترتیبیش دەنێو ملکێدا بەرقەرار کرا ودەمدێکی کەمدا اختلافاتو ناتەبایش دوایی بی درا توخودا کەی چەشاهدو دەلیلێك لەوەی گەورەترە هەر ئەوەندە کەخەبەری خطرێك لە جبهەی سقزی وسەردەشتی وتجاوزی دوژمن بەخاکی کوردستان آزاد بەکوردان گەیشت هەموو پێکەوو لەدوورترین نقاط کوردان خویان گەیاندەحدودی وهەر گاەطرف حکومەتی ملی کوردستانەوە اجازەیان با وەك شیری ژیان دەیەك ساعەتدا تەواوی دوژمنانیان وونجر بەوونجر دە کرد وناشاری کرماشانی وەك هەژدیهای دەمان هەرچی هاتبا پێشیان هەلیان دەلوشی.

وئەگەر ئەودوو بەرەکەی جاران مابا چلون لەبەر بەکری دبان ورا مالەخویان بەجی بیلن وبیست منزل لەمالەخویان دوور کەونەوە دەجا دوژمنان تاکەنگی دەبی چاوی خویان بقووچێنن وتاکەنگی لەسەر نەفامی برون و نەزانی کەتالیستا کورد هەرذلەتو بەدبەختێکی بەسەریاندا هاتبی لەبەر تاریکی وناتەبایی بووە دەنانە گەر کوردێك کەوی وتەبایی کی بیی دەوبری پیمواپە دوژمنانی خارجی دەوەی گیشتون بۆیەواوە جونجول کەوتون ومایان لە دووروەری ناوە بەلا دەستەکی دیکتا تودی تارانی هێندێکیان هێندەیان خوین خواردووە کەبیهوشیکی وادای گرتون امانیش نازانن دنیا چەباسە.

هێندێکیشیان بە نەشئەی تریاك سەرخوشن وعدەیەکیش مستی آرەق وشراب لەگەل دایەرانی مەهوش خەریکی عیش ونوشن ودەلێن:

ملرا بجهان خوشتر ازاین یکدم نیست

کزنیك وبداندیشە وازکەس غم نیست

بەولحجی غیری تارانی مەرکەزی فسادو شرارت وجندەبازی نەوەدی هەموی خراپ بیی هێشتا لەبەرئەو شتانە کە عرضم کردن متوجهی کاری کوردان بەچاکی نەبون دەنا لەباش ئەوەی کە ئەمە استقلالی تامو تەمامی خۆشمان بەدەست هێنا بووەی لە حکومەتی مەرکەزی معلوم بکەین وبەدنیایەش

نیشان بدەین کەئەمە کە ئەو کارانەمان کردوە لەبەر مخالفت لەگەل دەستگای دیکتاتوریەنەبێ بەلکی کورد لەبرایەتی فارسان حاشا بکا یابەبرایەتی خوی افتخاری نەکا بەلائەو دەردەی

ماوە لەلاپەری ٣

**ماوەی لاپەرە ١**

کەدەستگای حکومتی تاران چە لە زەمانی ئەویش رضاخان دا و چە لە زەمانی رضاخانی دا وچە لە پاش رضاخانی داوبەبە کوردان چەنگیزوەئولیش لەگەل کەسی نەکردوە.

کی بی نەی یسنبی کە بەجی قبل و نامەردیکی دە زەمانی نجراندا جعفرآغای شکاك لەئەوریزی کوژرا کشتنی حمزەآغای مەنگور و هەزاران امثالی وایان نە یسنبی؟ کی بی نەیسنبی کە بەجی ناجوانمەردیکی قشونی رضاخانی پهلوی جون دەوەختیك دا کە آراراتسی گەرمی شەری لەگەل تورکان بوون چە پیاوانە و ناجوانمردانە وەئیو زن و مندالی کوردان کەوتن نعوذبالله چیان بە سەر هێنان چیان لی کردن جەلالی چون هەوبار کران وەگەل هەزاران مالی کوردی لای. وان هەر بەکە بوتقطیکی ایرانی بران ئەلانیش بەشی زوریان کەس نەیزانی چیان لی هات و چون تلف بون ئەو دەردی دایان بە کەلیاغیان کە بە زستانی باریان کردن صدها مندالیان دە سەفری دا قربون و پیاوان دستو پی یان سەرمابردی و گەیندرانە شارانی هەرە دووری ایرانی و بە اشدی عذاب بەشی زوریان تلف وو هەتکی ناموسی وبی عفتیکی کە دەوهەموو کارانەدا بەسەر کوردان هات شەرمی دەکەم شەرحی بدەم وتا ئەورو بەشەرنەبکردوە، کاری امنیان جی لی بلیم سەرتاسەری [illegible] دوست و دوژمن شاهدی قبایح وجنایات و هەتکی ناموسی وانە حتی نرضیان بەپیاوان دەکرد شهربانی ونظمیەیان صد لەامنیە خراپ‌تر عدلیە مرکزی تالان وبرو رووناتەوەی خەلکی بوون لە باوان بەنیانی فراری شهربورمانکی کە دەشانی واندا‌هاتوە:

همسر بەسر پشت بدشمن دهیم
از آنکە کەخود را بە کشتن دهیم

هێندە هەوای تکبر وعظمت وگەورەییان لەسەر ایمەلیدەدا بەدرجەی خداوندیش راضی نە بوون وکسری شانیان دەزانی دەتا ادعای الوهیتیان دەکرد و ئەوەی سرتیپ هوشمند بەسەربانە و هەورامان و مەریوانی هێنا دنیا یسویە.

# نطقی حضرتی پیشوای کوردستان

لە بەر ئەوەچاوترساو بون حاضربوین هەموو خومان بە کوشت بدەین و اطاعەتو فەرمانبەرداری ئەو دەزگایە نەکەین دەنا ئەگەریتو آزادی لە ایران دا بەرقەرار بی چەمانیك هەیە ئەوی لە ایرانی‌دا دەژین تیکرادەستی برایەتی بدەن بەیەکتری بزانن شورەوی چل پەنجا دەولەت و ملتن عدالت کردونیە برا امریکا چلو چەند جمهورن سویس دوو سی یکن یەك روح و گیان پیکەوە دەژین بووەی کە ئەمە نیشان بدەین دەوادەی خوماندا راست گوین باوەصفی وەی کە لەگەل ئەتەوانی دیی آذربایجانی هیچ شتیکمان یەك نەبوە چونکو ئەوانیش بونە آزادی‌خوا ودیموکرات هەر دووك بوینە یەك بە یەکتیك کە زبان و مردنمان پیکەوەیە (جەوینەی بادام دو مغز ویەك پوست) وبو وەی کە لە سایری ئەتەوانی دیکەی ایرانیش معلوم بکەین کەبرایەتیمان لەگەل وایش تیك نەداوە دوو نەفەر نمایندەمان معلوم کرد لە بەر دەرك و آستانەی وان حاضربی وبلی خوتان دەکوررن و تشکیلاتو دەکەنە دموکراسی چون ئەنگو دەلین برایەتیو دەکەین و هەرگا خوتان نەگوررن و تشکیلاتیشتان نەکەنە دەو کراسی دیسان ئەمەضدیتیکان لەگەل ئەنگو نیە و برایەتیمان برایەتی کیسەمان جدایەتی ئەمەش سالهای سالە بو آزادی هەولی دەدەین پیاوی چاین چیدیکە بە تانکو توپ و طیارە ایمان تیك مەدەن ئەمەش بەشەرین حقکمان دەبەشەرتندا هەیە چەملتیك [illegible] دە اسارتدا ماوە؟ چیدیکەمان قبل بەچاوەوە مەبن و او کەمان دە کوی‌ی ماختن: ئەوانەی ئەو هەموو کارخانە صاحب عظمتانەیان درست کردوە و ئەو هەموو شتە عجاب عجایبانەوە دەر دەخەن دەمیکی وەك طیری بە حەوایدا دەفرن‌هەر ئەوەندەی چاولیك دەی لەمشرق دەچن بومغرب جاریك وەك ماسی‌ی هەر ئەوەندەی بلی‌ی بەکودوو بە بن دەریایەدا ئەو سەر و ئەوسەری دونیایە دەکەن کیوانیان هەمووبە تونیلان بەررەبەررە کرد وەبری آسندا صدها وەتاق کە شاریکی هەلدەگرن پیاندا ئەو دیو وئەو دیو دەکەن اتوموبیلی بینن و تانکی تەماشا کەن وسەرنج بدەنە رادیو و لە تلگراف و تلیفونی خورد بینەوە کەلە هەزاران منزل ریوە قسە بەیەکتری دەگەیینن و چرا بەرقی چاو لیکەن چون شەوی کردونە روژ.

خلاصە هەر لە ئەلانرا تا سالیکی بەل یەك اختراعاتی ئەوشتانە کە لە سایەی خویندن وصنعت بەدەست هاتوە شرحی بدەم تەواونابی بەلی ئەوانە ئەو عجایباتانەیان هیناوەتە سەر دنیایە ئەوانیش وەك مە بەشەرن بەلا چونکو کاری خویان بەدەست خویانە و غەمی خویان بو خویان دەخون ئەوەی دەیخوین نی‌دەگەن واوەپیش کەوتون لیمان گەررین با ئەمەش تەکانیکی بەخومان بدەین وەدوای خویندن و صنعت کەوین و فلاحت و کیشتو کالی خومان وەك خەلکی لی بکەین و ملتمانی بی دەولەمەندبکەین و کارخانان بینین و ئەو هەمو کانگا و معدنانەمان هەیە باوەرەری خەین و بە منفعتی وانە وەلاتی خومانی بی برازینەوە. و آغای محمدحسین خان نمایندەی مە نیشان یدا کە کورد هێندە لە براکوژی و اختلافی‌خوی دەباریزی کورد کە دە ایرانی دا اکثریتی هەیە بە اقلیتیکی آذربایجانی وەك ارمنی و آسوریان داندران دەنگی نەکرد دیسان حکومەتی تارانی هێندە لە دیتنی منظرەیکە دایك بو کورری کوژراویان قورر وەسەر دەکەن و کەیف دبن و بە پیستی دورو‌ی هەتیو وباب کوژراوان وە دەماغ دەکەون و بە بەچاو کەوتنی خانوی ویران و گرر کرر آیساو شاد دەبن و بە نالە نالی بریندارن وەئەشە دبن و دەخوین تلانەوەی ئەوجەوانان خوشحالیان دەکا کە بەهەمو گوزەشتەی کوردانی اهمیت نەدا نمایندەی مە بە مأیوسی ناردەوە ایستا تکلیف چیە؟ و میللەتی کوردی چلونی بی‌مصلحتە؟ بلین بزانم حقمان نیە بلین ئەی تاران ئەو هەمو قصرو قصورەت کە بەمالی مە دروست کردوە بەست بی با ئەمەش فکریکی بو خانولە گلینەکانمان کە وە غارانی دەورەی سەنگی دەچن بکەین ئەوهەمو خیابانی اسفالت و کوچەی رازاوەوەت کافیە ئەمەش‌دە. کوچانیك‌دا لە بەرتوزی بەوشکانی و لەبەر قورر بەئەروتوشی ناتوانین پیدا بروین با اصلاحاتیکی بکەین ئەوهەمو تجملە دەهەرخانویکی تارانیت‌دا وەخرکرە و خەراجو قیمەتی هەموو وەلاتی کوردانەی‌چە استفادەیکت لی کردوە کە ایدیشت دەوی؟ سینگو بەروکی خانمانو هێندەمزیەو تیکردوە کە دوایرانی دیشی‌پی آوەدان ادەبی ایسدی چت‌دەوی لە کوردی روتاوەوە؛ دیسان دەلیم بلین سەرانی کورد بلین سەرداران بابن بر جوتیرەکان وزەحمەتکیشەکان بلین چەبکەین و تکلیف چیە؟

دوای ئەوەی بیاناتی حضرتی پیشوا لە کاتیکدا تەواوی حاضرین پەنجەرەی دلیان بو حالی بون آوەلە کردبوو و گوی‌یان لەوفەرمایشتانە راگرتبوو لەنیو چەپلە ریزان و هوررا کیشان و بژی کورد و کوردستان تەواوبو وتەواوی گەورەو چکولەی حاضران بەیکدەنگ و یەك آواز هاتنە جواب و لە وەلامی حضرتی پیشوای محبوبدا کوتیان: آوری نیشتمان پەرستی و آزادیخواهی ایمە کوژاندنەوەی بو نیە ایمە مەرامی مقدسی (یامەرگ یا آزادی) مان وەپیش گرتوە و آزادی‌خوشمان‌وەچەنگ هیناوە ایستاش هاسانە کەآزادی خومان زور مەردانە و پیاوانە دەباریزین و رای دەگرین آمادەین آزادی گشت نەتەوکانی دانیشتوی ایرانی تأمین وپایەدار کەین وئەوان لە ژیر زوری دیکتاتورانی خوین مژ و خوین‌ریژ دەربینین و وەك خومان لەآزادی بەشداریان کەین. بژی کورد و کوردستان، بژی آزادی و دیموکراسی بە راستی.

پاشبەندی ٣١



# مصاحبەی نویـنەری

## روژنامەی رەهبەر لەگەل پیشەوای مەز :-ی کوردستان

وەر گیر — قزلجی

روژنامەی رەهبەردەنوسی : پیرەکە سەعات ٦ دوای نیوەرو آغای قرشی ئەندامی هەیئەتی نوسرانی رەهبەر لەو بالای ژمارە (٥) وقع لەدەربەند لە گەل جنابی قاضی محمد رەهبەری حزبی دیمو کراتی کورستان کەدەروز پترە بو گفتگو لە گەل دەولەتی مرکزی هاتونە تاران مصاحبەی کردوە شرحی ئەو مصاحبەیە لە خوارەوە بە نظری خویندەواران دەگا:

جنابی قاضی محمد کوت وشەلواریکی سا کاری لەبەردابو وزور محجوب وبەوقاروبە آبهت دەبیندرا چەندنفرلە متنفذ وگەورە گەورانی کورد کەلەومجلسەدا حاضربون احترامیکی زورنسبت بەرەهبەری حزبی دیمو کرانی کوردستان قایل بون جنابی قاضی دوای ئەوەی لە تقاضای ئیمە راجع بەمصاحبە لە طرف رەهبەروە آگاداربون زور بەمەیل وایشتبا حاضر بون جوابی پرسیارە کانمان بدەنەوە جوابەکانیان کورت ومختصر وصریح ولەروی ایمان وقوەتی قلبەوە بور:

ماوە لەلاپەری ٣

# مصاحبه‌له گه‌ل

## پیشه‌وای مه‌زن . . .

پرسیار - مه‌لبه‌ندو قله‌مروی ایستای نهضتی دیمو- کراتی کوردستان تاکوی‌ده‌روا ؟

وولام - مه‌لبه‌ندی نفوذی حزبیکی که به‌ناو کو- مه‌لیگی زوروزه‌وه‌ندا بلاوبوبینه‌وه زه‌حمه‌ته معلوم بکری . به‌لام نهضتی ایمه‌راسته‌وخو کوردی ده‌وروبه‌ری ماکو . شابور . خوی رضائیه . شنو سندوس . سه‌قزوسه‌رده‌شت که‌نزیکه‌ی حه‌وت سه‌د هه‌شت‌سه‌د هه‌زار که‌سن شاره‌زایی ورهبه‌ری ده‌کا .

پرسیار . هیندی‌له‌سابقه‌ورابردوی تاریخی نهضتی خوتان شرح‌ده‌ وولام حزبی دیمو کراتی کوردستان سه‌ره‌تای‌له‌مظلومی ونارضایتی قدیم‌و کونه‌وه‌یه‌هه‌ر چه‌ندسابقه‌ی‌زوره‌به‌لام‌له‌نومانگ به‌م لاوه‌ده‌ستی به فعالیتی عملی کردوه (کمیته‌ی‌مه‌رگه‌زی‌حزب له‌مهاباده) ده‌ست پی کردنه‌وه‌ی حزبی‌ایمه‌به فعالیت عکس‌العملی زوربوهینانی ده‌وله‌تانی مرتجعه که له‌پیش‌ده‌وله‌تی ایستادا له‌سه‌ر کاربون وده‌یانه‌ویست ده‌گه‌ل‌هه‌مو نهضتیکی لاگیری آزادی‌واستقلالی‌ایران به‌ربه‌ره‌کانی بکه‌ن .

پرسیار - چه‌اقداماتیك تاایستاله‌وناحیه‌و منطقه‌دا كراوه ؟

وولام - کاریکی هه‌ره‌گه‌وره که‌نهضتی‌ایمه‌له مه‌لبه‌ندی ده‌سه‌لاتی‌خوی کردویه ایجادی گیانیکی صمیمیت ویه‌کیه‌تیکی‌بی‌نظیره‌له‌نیوان چه‌ندسه‌د هه‌زارنه‌فر به‌رایانی ایرانی ایوه‌دا .

امنیه‌ت‌و آرامیه کی که‌له‌و مه‌لبه‌نده داهه‌یه قه‌ت‌نه‌بوه‌و ملتی‌ایمه‌له‌خورا له‌ایجادو ابداع وده‌ست کردنه‌وه‌یه‌کی به‌شه‌ره‌فانه‌له جبهت ملتی‌ایران زورشاکاریان کردوه . ده‌گه‌ل‌ئه‌ووخته که‌مه‌ونه‌بونی وسائله‌چاك كر- دنی‌ریگایان - دامه‌زراندنی مه‌دره‌سان دامه‌زراند نی‌چاپخانه وبلاوبونه‌وه‌ی روزنامه‌و گووارو تربیتی سیاسی‌ونظامی گومه‌لیکی زورله‌کو- ردانی هاونیشتمانی ایوه‌به‌ره‌وته‌ره‌قی‌رویشتوه .

پرسیار - آگات‌له‌حالی کوردانی‌جنوبی که‌ری وراست له‌ژیرنفوذی معنوی نهضتی‌ایوه دانین هه‌یه ؟

وولام - له‌وجیگایانه له‌هه‌موجوره بزوتنه‌وه‌یه‌کی دیمو کراتیك پیش گیری کراوه به‌لام‌ایمه‌ده‌زا- نین‌له‌هه‌مو جیگایه‌ك هه‌مو کوردیکی زورلی کراوو عاشقی آزادی لاگیری نهضتی‌به‌ره‌و ترقی‌ایمه‌یه .

پرسیار - وضعی‌ایستای کوردانی دنیابوایمه شرح‌بده .

وولام - بیجگه‌له کوردانی‌ساکنی ایران‌نزیکه‌ی دوملیون ونیو کورد له‌تورکیادارا ی‌ده بوبرن . له‌ترزی بزوتنه وره‌فتاری ایستای ده‌وله‌تی تورکیه‌نسبت به کوردانی ساکنی ئه‌وی خه‌به‌ریکم‌نیه به‌لام‌له‌وه‌پیش کشتاروعه‌زیه‌ت‌و آزاریان ده کردن . وئه‌مه‌ش که‌ده‌وله‌تی‌تورکیه‌ادعا ده‌کا که (مسئله‌ی کوردی له‌وممله‌کته داحل کردوه) له‌لای‌من قابلی‌قبول‌نیه . مه‌گه‌ر پیمان‌وابی که‌ئه‌وحل کردنه به‌باری‌هه‌لکوشین ودامرکاندنی آره‌زوی ملی‌ئه‌واندابوبی . . .

بیجگه‌له‌وه‌ش نزیکه‌ی ملیونیکو دوسه‌ده‌هه‌زار کوردی دیکه‌ش له‌عراقداده‌ژین . آکاروبزو- تنه‌وه‌ی حکومتی عراقیش ده‌گه‌ل ئه‌وان له‌فرارو هه‌لاتنی به‌بول‌و کومه‌لی کوردانی عراق‌بومنطقه ومه‌لبه‌ندی‌نفوذی‌نهضتی دیمو کراتیکی ایمه رونالده‌بینه‌وه ووه‌ده‌رده که‌وی . به‌لام ده‌بی‌بلیم که‌ده‌وله‌تی فرانسه‌ده‌گه‌ل حه‌وسه‌ده‌ه- زار کوردی که‌له‌سوریه داده‌ژین باش‌بوه .

پرسیار - چه‌رابطه‌یه‌کی معنوی‌له‌نیوان نهضتی کو- ردستان‌و آذربایجاندا هه‌یه ؟

وولام - هه‌ردك‌لامان بو آمانجیك که‌آزادی وسه‌ربه‌خویی حقیقی‌وبه‌راستی ایرانه کارده‌که‌ین .

پرسیار - ده‌کری‌له‌گفتو گوی‌تاران یاکلیاتی‌ئه‌و آگادارمان بکه‌ی ؟

وولام - ئه‌من چه‌ندجلسه ده‌گه‌ل آغای مظفرفیروز معاونی‌سیاسی آغای‌قوام‌السلطنه سه‌رگ‌وزیرو آغای سه‌رله‌شکررزم آرا .

وه‌دوجارده‌گه‌ل جنابی‌سه‌روك‌وزیر ، ملاقاتم کردوه نظری آغای سه‌روك وزیرم زور تیکه‌ل به‌حسن ظن‌و چاك نیتی دیوه . داخه‌کم به‌رهه‌لستیکی که‌گفتو گوی ایمه‌ی وه‌دواخست نه‌خوشی جنابی آغای قوم السلطنه بود . له خودام طلبه زوتر چاببته‌وه تامزا کره به‌خیرو خوشی ونفع‌و قازانجی آزادی دوایی‌بیت .

پرسیار - آیا له‌و ناوه‌دا چلوچوبی مرتجع و باشه که‌شه‌کان قابلی توجه‌و لی‌وووریا بون نه ؟

وولام - وه‌ختیکی اراده‌ی ملت‌و ده‌ولتیك له کاریکی صحیح‌و چاکدا ریك که‌وی . هیچ شتی ناتوانی پیشی لی‌بگری . من آیه‌یه‌کی زور چاك تیبینی ده‌که‌م وهیوا دارم ده‌وله‌تی مرکزی بتوانی دیمو کراسی به‌هه‌مو ایران‌دا بلاوی کاته‌وه .

ماوه‌له‌لاپه‌ره‌ی ٤



# نطقی حضرەتی پیشەوای کوردستان

برایانی خوشەویست ئەو سەفرانەی کە
من دەیان کەم ولەوەحتی هاتنە بوەدا
تەواوی اهالی لەرووی احساساتی
نیشتمان پەرەسیەوە احساساتی خویان
دەنوینن وگەوەو حکولەدین بەپیشوا.
زەوە هەمو ماندوو بوون وزحمتیکی
سفرم لەبیر دەباتەوە ئەوەی کەعرضو
دەکەم زحمتی سفر لەبەر ئەوەیە کە
مشهورە زحمتی هەبە دەنا ئەمن هەر
سفری کە کردبیتم یابیکەم هەرچونکو
ڕەریگای ملتی دایە بەمنتهای سعادت
خوشبەختی دەزانم بەلی زحمت نبە
بەلکو لذتە ئەو سفرەی دوایش کەمن
کردم ولە ضمندا شارەکانی وورمی
شاپور خوی وماکوم دیوون کوردو
مەلبندەکانی کوردستان گەررام بونەو
بوو کەبرا کوردەکانی خوم لەنزیکە
وەبینم وە آشنای روحیەی
ماوەلەلاپری ٣

ماوی لاپەڕی ١

# نطقی حضرتی پیشەوای

## مەزنی کوردستان ...

ئەوان آشنابم وبیم گوتن ئێوەبوخوتان دەزانن کەئیمە نهضتی کی گەورەمان کردوە ولەم ریگەیەدا زورمان زحمت کیشاوە و گەلیکمان فداکاری نواندوە ئیستاش ئێوە تەگەرمەم کارەتان لەبەر گرانە هیچ مانیعیکی نیەمکنە کوردی هەرمەلبەندیك دەگەل ئەوشارانەی آزربایجان کەلی یان نزیکە هاو کاری بکەن . مثلا کوردی دەوروبەری وورمی دەگەل وورمی و کوردانی دەوروبەری شاپور وخوی ماکو دەگەل ئەوشارانە هاوکاری بکەن . وئیمە دەگەل آزربایجان هیچ جیاوازیمان نیە .

لەوەلامدا گوتیان ئیمە آلای مقدس سی رەنگی کوردستانمان هەل کردوە کەلە سیەری دا خومان وهەموو کوردیکی دیکە بحەسینەوە هەتا قطرەیك خوین لەبەر بدەنی ئیمە دامای آلای مقدس ابەتابی ئەوی بیت. ئیستاش لەحمدی خوداوە آلای مقدس کوردستان لەتەواوی نقاطی کوردستاندا دەلەریتەوەوهەردەمی بلەریتەوە. ئەو آلایە تەنیاهەر نی ئیمەنیە بەلکو آلای هەموو کوردانە وئەوانیش چاویان لەو آلایەیەو بە هومیدی لەرینەوەی ئەو آلایە دەژین ولەو جیگایانەدا کەدەیبیشدا لەسەرخاکمقدسە کەیان لەراوەتەوە دەبی بلەریتەوە وئەگەر سبنیکیش ناگەورو لەئیمەبیندرابیت لەبەرئەوەیە کەئیمەتا ئەورومدارسمان نەبوە ولەخویندن وشارستانیت دوور کەوتینەوە ولە کاروباری حکومتی تشکیلاتیش بی خبرین . دەنائیمە هەموو کوردی خوین پاکین و گشت لە ریگای کوردیت دا دەمرین . جوابی کوردەکانی ئەوناوچانەیەن ئەوەبو کەعرضم کردن .

ولەم سفرەدا کەمن بە شارەکانی ورمی شاپور : خوی . ماکودا رابردم برایانی آزربایجانی لەهەر ماندارەوە بگرەتا رؤسای ادارات وکارمندان وخەلکی شاری تاچەند فرسخی پیشوازیان لەئیمەکرد وهەرکە گەیشتونە نیوهاری بویشمەرگەخانەی خویان بانگ دەکردین ولەچوون وگەرانەوە داگارد احترامیان لەریکەدابو دادەنابن وئەگەر لـ...

...یش دەهاتین بروین دیسان گاردی احترا... دەناردە د ەری هاری ولە سەر ...کایان درادەگرت بەلام لەم قسمتەدا ئەمن ... دەکردن وپیم خوش نەبو ئەوان زحمت ...شین .لەموو شارەکان توانیم منعیان بکەم بەلام ...اری خویە ئەمن نەمزانی لەوختی حرکتیش ...گاردی احترامیان دانابو احتراماتیکی فوق ...یان بەجی هینا بەراستی لەواحساساتەی ...برا آذربایجانیەکان لەم شارانە نسبت بەئیمە ...ندیان دەتوانم بلیم لەکوردیش ئەواحساساتە ...یندراوە ولەورمیش مهمانی جنابی فرمانداری ...آغای رفیعی کەیەکیك لەاشخاصی نیك سیرت ...اندازە سعی دەکا بونیوان خوشی کوردو ...رمایجانیان بوین زور پزیرا یەکی چاکیان ...ردین لەم سفرەدا کەبرا کوردەکانم چاوپی ...وت موفق بووم کەهیندی اختلافات کەدە...ریاندا بولای بەرم هیندی لەآغایانی هەرکی ...گەل نوری بگی بگزادە بەشەهاتبون چند ...اویك لەبین دا کوژرابو توانیمان ئەوقضیەش ...اموش کەین وریکمان خستنەوە واختلا...تی کونو نویمان حصوله لەنیوان پاك ...کردنەوە .

ولەخوی وورمی آغای پیشەوری ...سدری فرقەی دیموکرات آزربایجانم ملاقات ...کرد آغای پیشەوری راجیع بەبرایەتی کورد ...آذربایجان زوردستوراتی فرمووتی ...حاضرین هەر چی لیمان بخو ازن ...کومەك بەکوردان بکەین وآذربایجانی آمادەن ...لەسەر کوردان خوینی خویان بریزن فقط ...پیشەوری گلایی لەهیندی کوردەکانی اطرافی ...وورمی کرد منیش جوابم دلوە کە کوردانیش ...حاضرن بەگیان ومالیان لەآذربایجان دفاع ...بکەن وفرقیك لەبینی کورد وآذربایجاندا دا...نانین چند مانگە ئیمە قشونمان لەاطرافی سقز ...وبانە وسەردشت ردا گرتبو ئەو لشکرە تەنیا ...بوپاسەوانی کوردستان نەبو بەلکو بوپاراستنی ...سنووری کوردستان .وآذربایجان بو ...والانیش حدوداتی خارجی کوردستان وآذر...بایجان اورو لەطرف کوردانەوە پاس دەکری ...دیسان فەرموی قطعا ئیمەش بو هەمو خزمتیکی ...پیویست بەکوردان آمادە بن ولەبابەت گلەیە ...کانیەوە جوابی لازمم داوە .

وئەمن لەم سفرەداهیندی کارمابو کە جی بە جی یان بکەم بەلام چونکو بیستم کە ٣ نفر لە محصلینی ئیمە کەلەباکو دەخوینین بوسەر دانی وولات هاتونەوە. تالوکەم کرد کە چاوم پی یان بکەویت وانتظاریم هەبو کەلە وەختی هاتنەوەی ئەواندا پیشواز یکی زور چاکیان لی بکری چونکو ئەوانە حصول محصلیکن کەلە کوردان چون بو خارجە ملت دەبی زوریان قدر دانی لی بکا بەلام داخەکەم لەم خصوصەوە وەك پیویستە توجهی لازم وپیشوازی هایانیان لی نەکراوە اومیدمو ارم کەهەموو سالیك موفق بین ژمارەیکی زورلە محصلین بنیرین بوخارجە کەبەحول وقوتی خودا موفق بین بەهوی علم وزانست کەهتی کوردستان بگەیینینە ساحل و خواهیش لەو دانشجو خوشەویستانەی خومان دەکەین کەلە اقامتی خویان لەمهاباد مشاهدانی خویان لەوی بەنوسین و بەگوتن بوخەلکی بلین وبنوسن کە ملت آشنایت کەملتانی دیگە چلون بەقوتی علم وزانست ارض وآسمان سەر دەریا و ژیر دەریابان مسخر کردوە لەوە زیاتر زحمتو نادەم ولەزحماتی ئیوە تشکر دەکەم ولەخوا دەخوازم هەر پیشکەون وهەرپیروزبن .

پاشبەندی ٣٣

# تلگرافیک

## بەمضمونی ژێرەوە لە لایەن جنابی آغای قاضی محمد پیشوا

رەهبەری حزبی دیموکراتی کوردستان مخابرە کراوە

تاران ـ جنابی اشرف آغای قوام ـ رەهبەری جزبی دیموکراتی ایران ، رونووس جنابی آغای دکتور.کشاورز رەهبەری حزبی تودەی ایران ، روونووس جنابی آغای صالح رەهبەری حزبی ایران ، روونووس تبریز جنابی آغای پیشەوری رەهبەری فرقەی دیموکراتی آذربایجان ، روونووس تاران آغای پادگان معاونی صدری فرقەی دیموکراتی آذربایجان ،

فرقەی دیموکراتی آذربایجان ، بەاحترامەوە حزبی دیموکراتی کوردستان آمادەیی خوی بو ائتلاف دەگەل احزابی آزادیخواه (دموکرات ایران تودە ایران ، دیموکرات آذربایجان ( حزب ایران ) رادەگەیێنی وئەم ائتلافە موجبی سعادت وعظمتی ملت ایران دەزانم وبەم وسیلە جنابی آغای صدر قاضی لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانەوە بو گفتوگوی پێویست وامضای ائتلافنامە بەنمایندەیی معرفی دەکەم - رەهبەری حزبی دیموکراتی کوردستان ـ محمد قاضی

# جیژن و پەذیرائی لەفەرماندارى مهاباد بەبۆنەی چل و یەکەمین سالی جیژنی مشروطیت

شەوی دووشەمو ١۴-٥-٢٥ بەبونەی چل و یەکەمین سالی مشروطیتی ایران جیژنیکی مجلل گیرابو لەم جیژنەدا بە پی بەرنامە کەلەپیشدا دیاری کرابوو وبەهوی بانگ هیشتنیك کەلەخەلکی بەعمل هاتبوو وبەترتیبی ژیرووتەواوی طبقاتی اهالی لەم جیژنەدا شرکت و تیکەلی هەبوو :

١ - لەساعەتی ٥-٢٠ تا ٥-١-٢ نونیەرەکانی خارجی وهیئتی مدیرەی انجمنی روابطی فەرهەنگی وخلیفەی ارامنە وجرلەکان ومعاونەکانیان . ئەندامەکانی کمیتە مرکزی وئەندامە کانی هیئتی شاری وئەندامەکانی هیئی یەکەتی جەوانان و سەرۆکەکانی ادارات ، ئەندامەکانی شورای فەرهەنگ ودبیران ودکتوران ومدیرانی چرائد . ئەفسەرانی ارشد ، ئەندامەکانی انجمنی بلدیە ، مهندسین وقضات ، پەذیرابیان لی کرا .

٢ - لەسەعاتی ٥-٢١ تا ٥-٢٢ علما وروحانیان وتجارو اعیان ومالکی واصناف و پیروزبایی حاضربون .

٣ - لەسەعاتی ٢۴ باقی طبقاتی شاری لەفەرمانداری حاضربون وپیروز بای خویان بەفەرمانداری خوشەویست پیشکەش دەکرد ومراسمی مصافحەیان بەجی دەهینا .

لەلایەن آغای ژنرال محمد حسین خانی سیف قاضی فەرماندارى مهاباد وباقی کاربەدەستانی فەرمانداری پەذیرائی گەرم وگورر لەتەواوی انوادی طبقاتی اهالی بەجی هات هەرطبقەی باش پیش کەش کردنی پیروزبایی (وحرف) انواعی میوەوشربت کەلەری وەختداهەلدەستان صندەلی خویان بوطبقەیەکی دی بەجی دەهیشت

ماوە لاپەری ٢

ماوەی لاپەڕی ١

## خیژن و پەذیرانی لـە فەرمانداری مهابادبە بونەی چل و یەکەمین سالی جیژنی مشروطیت

جنابی آغای ژنرال سیف قاضی نطقیکی بـەتـینی راجع بەمشروطیت وقانونی اساسی ایران لەبەرانبەری میکروفون ابراد کرد لە دوای ئەو آغای علی خسر-وی .

آغای ابراهـم نـادری آغای جعفری کریمـی آغای عبدالقادری دباغی هەریەك نـطقیکیان لـە خصوصی مشروطیت و آز-ادی ملتی ایران خویندەوە لەدوای هەمـوان آغـای ابراهیم صلاح فەرماندەی هیزی ناوەندی کوردستان نطقیکی لەبابەت مشروطیت ودیموکراتی لەپیشدا بە کوردی خویندەوە وپاشان عینی نطقە کەی بەانگلیزی تکراری کردەوە .

لەنیهایتی خوشی وشادمانی جیژن لەساعاتی ٢٤ دوایی هات .

## پاشبەندی ٣٥

# نطقی جنابی ژنرال محمد

## حسین خان سیف قاضی لەبەرامبەر میکروفون بەبۆنەی

### چل و یەکەمسالی جەشنی مشروطیت

براکانی خوشەویست بەسلامەتی پیشوای بەرزو براکانی خوشەویست جیژنی چل و یەکەمین سالی مشروطیتی ایران دەکەمەوە و بوهەولین جارلە نیشتمان خوشەویست دابەزمانی دایکی پیروز باییو عرض دەکەم

۴۱ سال لەمەو بەر بەزوری باسکی چاکترین و پاکترین پیارانی ایران بەتایبەتی پیاوانی فداکاری آذربایجان و کوردستان مشروطە دەایرانیدا دامەزرا مجلس شورای تشکیل درا وقانون اساسی نوسرا و بەموجبی ئەم قانونە حقوقی هەرفردیکی ایرانی دیاری کرا وزنجیری دیلیان لەئەستودا ررنا وهەر مزایا یەك کە بوژیانی بشر پیوبستە ئەم قانونە بەملتی عطا کرد بەلام هەر لەدەورەی هەولی مجلسەوە مشروطیت توشی استبداد ودیکتاتوری یەك لەدوو یەك بوو . ئەوانەوشەو ئیمە جیژنی ۴۱ مین سالی مشروطیتمان گرتو ۴۲ سالە ئیمە مشروطەمان هەر بەنیو بوو - ۴۲ سالە نوستوین لەهەولی مشروطەوە ملتی ایران هیندیکی چاو لیك کردەوە بەلام دیوەزمەی بەسامی ارتجاع کوتەکیکی لەسەرداون و بیهوشی کردن ابستا لە سایەی نهضتی مقدسی کوردستان و آذربایجاندا سەرلە نوی وەخبر هاتن مشروطیتمان بەتەواوی معنا لەایراندا دامزراندوە برایان ئەم چەند اصلەی قانون بنەوە وەرگیراوە لەاصلی حەوتەم تااصلی بیست و سییەم لەمهمترین موادی هەلکەو توی قانون اساسی ایرانە .قانون اساسی ایران مهمترین قانون ئیمەیە کەبە هیچ وجیك گوران

ماوە لەلا پەری ٢

### دوو تلگرافی گەیشتوو

### برائی لەفەر

# نطقی جنابی محمد حسین خان سیف قاضی

ماوەلاپەری ١

قبول ناکا وحتی مجلسی شورای ملی، ودولت وپاشاش ناتوانن هیچ یەك لەمواد واصولی ئەو بگورن بوملتی ایران پیویستە ئەم امتیازانەی بنەوە نسبت بەخوی بزانی وورای گری، تا نەچیتە ژیر زوری هیچ کەسێکەوە :

بەهوی قانون اساسی مشروطیت کەم وزور ووجانی پی نادری.

خەلکی مملکتی ایران لە بەرانبەری قانون دەولتیدا حقوقیان وەك یەك وایە .

افرادی خەلکی لەحیث گیان ومال و مسکن وشرف لەهەمو جورە دەست دریژ یەك محفوظ ودەبێتا گیراوون .. ناگری دەست بو کەس دریژ بکری الالەوختی کردنی جنجە وجنایات وتقصیراتی عمدە .

هیچ کەس نابی خیرادەست گیر بکری مەگەر بەحکمی رئیسی محکمەی عدلیە مطابقی قانون ولەمصورتەشدا دەبی گوناهی خطاکار خیرا یامنتهی لەماوەی ٢٤ سەعات دابی ی روابگەیەندری وخبر بدری . هیچ کەسێك نابی لەمحکمە یەك کەدەبی لەبارەی وی حکم بکا بگریتەوە بەزور بی نیریتەمحکمە یەکی دیکە .. حکم واجرای هیچ مجازاتیك نابی الا بەهوی قانون .. منزل ومالی هەرکەسیك لەحفظ وامانداپە کەس ناتوانی بەزور بچیتە هیچ منزلیك هیچ یەك لەایرانیان نابی نفی بلدیامنع لەدانیشتن لەمحل یامجبوربەاقامت لەجیگایەکی دیاری بکری .

داگیر کردنی املاك واموالی خەلکی بەنیوی مجازات ممنوعە تحصیل وتعلیمی علوم معارف وصنایع آزادە تەواوی مطبوعات جگە لەکتبی ضلال ومموادی مضرە بەدینی مبین آزادە وجیا وازی لەواندا ممنوعە انجومەنان واجتماعات کەفتنەی دنیی ولەنیوی پەیدا نەکەن ومحل بەنظم نەبن لەتەواوی مملکت آزادە بەلام نابی ئەو کەسانەی کەکو دبنەوە اسلحەیان دەبی مراسلاتی پستی کلیە محفوظ ولەضبط وکشف مصونن افشایا توقیفی مخابرات تلگراف بەبی اجازە خاوەن تلگراف ممنوعە .

ئەم موادانە لەقانونی اساسی کەبو ایوەم کوت مزایایەکی ئەهم ابتدایین کەبەهوی قانون اساسی بو هەمو فردیکی ملتی ایران داندراوە وئەم مزایایە جگە لەوەی لە ررابردو دابەتایبەتی لەدورەی دیکتاتوری رضاخاندا بەملتی ایران نەدرا کارساتیکی واکرا کەاصلا مواد قانونی بوکایەتی ونەنگ بوو کەلیك لەمقرراتی قانون اساسی تعطیل وتەواوی مقدساتی مشروطیت ومەوربی پان خرا لەکاتیکدا

ماوەی لاپەرە ١

نصی صریحی قانون اساسی دەلیت کەهیچ یەك لەمقرراتی مشروطیت تعطیل بەردار نیە مثال زورە بوتان بینم بەلام وەخت مساعدە ناکا وئەم مثالش کەارتباطیکی تەواوی بەتشکیلاتی ئیمە هەیەبوتان بیان دەکەم نصی صریحی قانون اساسی ضرروتی دامەزراندنی ئەنجومەنانی ایالتی وولایتی لەتەواوی مەلبەندەکانی ایراندا مقرردەکا بەلام لەماوەی بیست سالان داهیچ مشروطە خوایەك هیچ دوژمنی دکتاتوری هیچ قانون خوایەك ، هیچ واعظیکی سیاسی لەووچان بی دانی ئەم مقر رانە حیاتیەقسەیەکی نەدەکرد جونکو وقدیمیان قانونی خواهی بەمشروطە قانونی خوبان گەیشتبوون گەلیکیش قانونو اساسیان نەخویند بووەوە ونەگەر خویند بوشیانەوە علاقە یەکیان بەتی گەیشتن معانی وی نەبوو .

بودەکار هینان وزیندوو بونەوەی قانونی اساسی شیرمردان وژنانیان زوریان هەول دا وگەلیکیان خوینی خویان رژاند ولابەری پرر لەشانازی میژوویان بەخطی سوری خوینین نوسی ( بەافتخاری شهدایەك دقیقەسکوت )

برایان بەدست پیاوان آزاو لاوانی خوین گەرم دستگای ارتجاع تیك روخاو دیسان آزادی لەدەست دەرجووی ایران بەاصولی دموکراسی دامەزراوە .

ماوی لاپری ٤

بەڤ لەمی هەژار

# میتینگی گەورەی

## دەهەزار نەفەری لەشاری مهاباد

گزنیک لە سەرانی دا هیشتاشاری
مهاباد وداوینی کیوەکانی دەورەی
نسی دای پوشیبون کیوەکانم وەك
ئەوحاجە پیرانەدەهاتە پیش چاو کە
بەکەشیدەی زەردەوە وبستاون وچاوە
نوری ئەمری رەئیسی ناحیەی خویانن :
هەرچەند لەوروژەوە کە حزبی
دیموکراتی کوردستان تەشکیلی
بوەهەموسەعاتیکمان بەرجەستەو تاریخین
بەلام روژو وەخت وسەعاتی واش
دین کەفەرقیکی تایبەتی هەیەولە
روژانی دی تاریخی ترن روژی
• ر ٧ ر ١٣٢٥ یش لەوانە
دەژمیرری •

لەوروژەدا لەپینج لای شارەوە
لەهەرلایەی خەلکی ناحیەیەك بەسازی
وبەمسلحی کوبونەوە وەلەباش حاضرو
غایبی کەبەجی هات بەمەشق زور
بەریك وپیکی رویان کردە مەیدانی
عمومی چوارچرا •

تەماشاچیان لەپیاووژن جوان
وپیر کچ و کورهەزارەها وەك کو
لەدەوره یان کوبونەوە هیئەتی ئەنجمەنی
کوردستانیش بەریاسەتی جنابی حاجی
باباشیخ وبەشیکی زورلە گەورە
گەورانی عەشایر لەحەصاری حزب
لەخذمەت پیشەوادا بەصەف راوەستابون

کەهموی شهامەت ومردی ونیشتمان
پەروەری لەسیمایان نمایان بوو –
ویسادەهەزار کەس چەکدار
وی چەك خەلکی شارولاوە چاویان
بریوەتە لای کانگای حزب وتریبونیك
کەزیک بەوی دامەزراوە بلیند
بیژیک کەبوناطقان داندراوە •
گوی یان آمادە کردوە بویستنی ئەمریا
وتارویەندیك کەلەوسەرتریبونەرا پییان
دەلین وبلیندبیژ تحویلیان دەدا • دلیان
حاضر کردوە بوقبولکردنی •

دەستەی موزیکان وسرودی
مندالانی مەکتەب بانک آوازیك بوون
لە تمدنی کوردیان خبردەدا
ماوەلەلاپەرەی ٢

ماوەی لاپەرە ١

# مـــــیتینگی گەورەی دەهەزار نەفـەری

تەواوی سەری سەعات هەشتی بەیانی کەبەسەر وەختی میتینگ داندرابو لەطرف حاجی مصطفی داودی معاونی انجمنی کوردستانەوە میتینگ افتتاح کرا . رجستەتر وارشدو محبوبتر رولەی نیشتمانی کورد حضرتی پیشەوای معظم وە کو فریشتەی رحمت لەسەر تربون خوی نواند بـە چەپلەریزان وهورای زوربەتین واحساساتی زوربەشدت کەلەنیو کەم ملتان وە گیردە کەوی لەلایەن جماعەتەوە پذیرایی لی کرا .

نطقیکی زوربەتین ومتین و پر پەندو آموزکاری ایرادفەرمو کە دلی دوستانی خوش و پرهومید کردو پشت وازنوی خائنانی شکاندو لەرزاند وکوی گرەکان هەرلەلەمابەینی چەند جوملەیەکدا بەهوی چەپلەو هورا اظهار ارادت ومحبت وعرضی رضایتی یان تەقدیم بـە پیشەوای خویان دەکرد

٢ - هەژار مقالەو شعری خویندەوە

٣ - آغای حاجی مصطفی داودی مقالەی خویندەوە

٤ - آغای سرهنگ ٢ مـصطفی خوشناو نطقیکی بەتینی ایراد کرد .

٥ - عبدالرحمن ذبیحی مقالەی خویندەوە

لەمابەینی هەریەك لەونطق و خطابانەدا سرودو موزیکان آگری احساساتی خەلکیان خوشتر دەکرد و آمادەتری دەکردن بو بیستنی ئەوی دی . لەسەعاتی ١١ دوایی میتینگ خەبەردرا ومیتنگ دوایی هات

هیئتی کمیتەی مەرکەزی وروسای دوابرلە پیشەوەو بەتەرتیب ئەهلی هەرپینج ناحیە هەریەکە بەدوی رئیس ناحیەی خویانەوە کە هەموی مسلح و لەچەکاندا خویان رەش کردبو زوربەآرام ومتینی زوربەنەظم و ترتیب بەمشقیکی

سەربازی وبەرزە بەپیش پیشەوای خوشەویستیان داهاتن وبەاندازەیەك شەوق و کـەیف خوشی لەسیمایان دیاربو کە هەرتماشاچیەك چاوی پـی رون دەبووەوبی اختیار فرمیسکی شادی بەسەر رومەتی خویەوە دەدی و دلی هەرغەمدیدیکی دەخستە پیکەنین و خوشیەوە —



ستاد نیروی کردستان
رکن دوم
شماره ۱۹۱۲۵

رضائیه
مورخه ۱۰-۱-۲۶
ساعت ۸

# اعلامیه

از اواخر سال ۲۰ محمد قاضی ــ ابوالقاسم صدر قاضی ــ محمد حسین سیف قاضی در مهاباد دست یک سلسله تحریکات و اقداماتی بر علیه امنیت و انتظام منطقه زده، تدریجاً اعمال جنایت آمیز خود را بسط و توسعه داده که منجر به وقایع اسف انگیز زیادی منجمله حمله بشهربانی مهاباد قتل پنج نفر پاسبان غارت شهربانی و از بین بردن اسناد و مدارک جنایات خود قتل محمودیان تاجر مهابادی و قاضی زاده رئیس آمار که همه قربانی مطامع و جاه طلبی آنها گردید همچنین غارت دهات و سایر وقایع در آن خطه گردید


محمد قاضی بهمدستی برادر خود صدر قاضی (که ظاهراً نماینده مهاباد ولی در معنی عامل و طراح اصلی نقشه های پلید تجزیه قسمتی از ایران بود) و سیف قاضی برای اجرای مقاصد شوم و تمکین خود کلیه رؤسای ادارات دولتی را از مهاباد بیرون کرده از ۲۴ آذر ۲۴ پرچم سه رنگ شیر و خورشید ایران را از فراز ادارات دولتی پائین کشیده و پرچمی بعنوان پرچم کردستان برافراشته روز دوم بهمن ماه ۲۴ محمد قاضی خود را رئیس جمهور کردستان آزاد معرفی و عده از اشخاص خائن و بد سابقه را که از همکاران او بودند به منظور عملی کردن مقاصد شخصی بعنوان وزرای دولت خودمختار کردستان تعیین و برای مقابله با نیروهای دولتی دستجات قوای مسلحی از مهابادی و بارزانی تشکیل مقادیر معتنابهی اسلحه و مهمات در بین اهالی و عشایر تقسیم گردیده و آنها را بسمت سقز و سردشت اعزام حوادث خونینی را فراهم نمودند با آنکه نیروی کردستان چند بار آنها را به اطاعت دعوت نموده نتیجه حاصل نشد همچنین در تهران اولیای معظم دولت سعی کردند آنان را از این افکار ناپسند باز دارند مؤثر واقع نگردید همان خط مشی را ادامه دادند.

در اواسط آذر ۲۵ موقع عزیمت نیروی کردستان به آذربایجان این اشخاص در مجالس و مساجد اهالی و عشائر را به مقاومت در برابر نیروها تحریک و تحریض کرده دستور کتبی برای حمله به ستونهای نظامی صادر کردند لیکن خوشبختانه عشائر به افکار پلید آنها پی برده ترتیب اثر ندادند و ستونهای نظامی با سرعت به پیشروی خود ادامه و کلیه نقشه های خائنانه آنها بی اثر ماند بالنتیجه این عناصر خائن دستگیر و گرفتار سرپنجه عدالت گردیده پرونده این اشخاص بدادگاه نظامی زمان جنگ مراجعه هر سه نفر محکوم به اعدام شدند دادگاه تجدید نظر نیز رأی را ابرام و بتصویب بندگان اعلیحضرت همایون شاهنشاهی رسیده ساعت ۶ روز دهم فروردین در مهاباد به موقع اجرا گذارده شد.

فرمانده لشکر ۴ و نیروی کردستان سرلشکر همایونی

چاپخانه شیر و خورشید [illegible]

ئەم بەڵگەنامەیە لە سایتی کاک حەسەن قازی وەرگیراوە



اداره
دایره
تاریخ ۲۹/۱/۲۳
شماره ۱/۷۵۸/۴۹۱
پیوست
موضوع

در جواب مراسله مرقوم
اعداد میشود که شماره
است را شماره ذکر شود

وزارت کشور
شهربانی کل کشور

وزارت کشور

باستحضار میرساند ، شهربانی مهاباد گزارش میدهد :

۱- حمید باوجی ۲- محمد نانلی ۳- عبداله روشنفکر ۴- رسول نقده
از افسران دمکرات های مهاباد وازدستان محمد قاضی که در
جبهه سردشت وغیره برعلیه قوای دولتی قیام مسلحانه کرده ودر
دادگاه زمان جنگ باعدام محکوم ودرتبریز زندانی بوده اند شب
۲۶/۱/۱۷ بمهاباد آورده وساعت ۲۴ پس از اجرای مراسم
مذهبی ومقرراتی درمیدان روبروی چلوی واقعه درخیابان بچوبه دار
آویخته وصبح ساعت ۸ اجساد را پائین آورده و پس از اجرای آئین اسلامی
مدفون ساخته اند وتشنجات برقرار بوده ...
از طرف رئیس شهربانی کل کشور ـ سرهنگ ...

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۲۹۳ / ۱۲/۱۹۳۲۱ می‌باشد

# وێنەکان





خوێندنگەی حکومی سەعادەت ساڵی ١٣٠٧- ١٩٢٨ دانراوە. ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٢٩ ساڵێک دوای دەست بەکار کردنی ئەو خوێندنگەیە گیراوە. لەم وێنەیەدا مامۆستا و خوێندکارانی ئەو خوێندنگەیە دەبیندرێت. مامۆستاکان نۆ کەسن و لە ڕیزی دووەم دانیشتون و لە ڕاستەوە بریتین لە: ئەحمەد فتوحی، جەلیل فاروقی، خەلیل فەتاحی قازی، یوسف شوجاعی، محەمەد قازی سەرۆکی ئیدارەی پەروەردی مهاباد کە گۆچانی پێیە، میرزا ئیبراهیم قازی، قادر مودەرسی، عەبدوڵا فازلی و ڕەحیم لەشکری. ئەم وێنەیە لە لاپەڕەی ٥٥ی کتێبی "تاریخ و فرهنگ و ادب مکریان"، بەرگی دووەم، نوسینی ئیبراهیم ئەفخەمی وەرگیراوە.





چاپخانەی کوردستان لە کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦، ویلیام ئیگلتن جۆنزی، وەرگێڕانی سەید محەمەدی سەمەدی وەرگیراوە
ڕیزی پشتەوە، ڕاوەستاو: مستەفا ئەیوبی، عەزیز نانەوازادە، ساڵح کاکاغازادە، ڕەحیم یەعقوبی، عەبدوڵا دەباغی و ڕەحیم شەمع ئەفروز.
ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە: ڕەحمان ڕزگەیی، حوسێن فەقێ زادە، سەعید زەرگەیی، موتەلب شێخ محەمەدی، یوسف ئەورامی.
دوو کەس کە لەسەر کورسیی دانیشتوون، لە ڕاستەوە: سەدیق عەلایی، قادر مودەرسی.
دوو کەس کە لەسەر زەوی دانیشتوون لە ڕاستەوە: محەمەد شاپەسند، ئیبراهیم کەریمی.



محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی فەرماندەی هێزی کوردستان و وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان



ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد



ئەندامانی کابینە و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان. پێشەوا قازی محەمەد دانیشتووە. ڕیزی پشتەوەی قازی لە باسکی چەپەوە: عەلی ڕیحانی، کەریم ئەحمەدین، عەبدولرەحمان ئێلخانیزادە، وەهاب بلوریان، محەمەد ئەمین موعینی، ئەحمەد ئیلاهی، خەلیل خەسرەوی، حاجی مستەفا داودی. ڕیزی دوایی لە باسکی چەپەوە: سەدیق حەیدەری، محەمەد یاهو، مەناف کەریمی، سەید محەمەد ئەیوبیان، حوسێن فروهەر و عەبدولرەحمان زەبیحی.



قازی محەمەد لە ژوری کارەکەیدا، لە کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦،
ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە





وێنەی خوێندکارانی کورد لە باکۆ



پەیوەست بوونی مەلا مستەفا بارزانی و جەنگاوەرانی بارزان بە کۆماری کوردستان و وەرگرتنی پلەی ژەنەراڵی بارزانی لە کۆماردا مارسی ١٩٤٦



کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی کۆماری کوردستان لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی
مهاباد: ١٩٤٦



بەرەی سەقز: محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی ئوتۆمبیلە جیپەکە لێدەخوڕێت و میرحاج بە بەرگی کوردیی لە پشت جیپەکەیە و پێشمەرگەکانیش لە بارهەڵگرەکەدان. وێنەی: لە کتێبی کۆماری١٩٤٦ی کوردستان، ویلیام ئیگڵتن وەرگیراوە.



دانیشتوان لە ڕاستەوە : مامۆستا هەژار موکریانی، پێشەوا قازی محەمەد و مامۆستا هێمن بە پێوە لە ڕاستەوە: عەبدولرەحیم جەوانمەردی قازی، جەعفەر کەریمی، محەمەد نانەوازادە، سەدیقی حەیدەری، عەزیزی سەدیقی. لە سایتی weneykk@gmail.com حەسەن قازی وەرگیراوە



پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ مامۆستایان هێمن و هەژار



پێشەوا قازی محەمەد کاتی بەسەر کردنەوەی بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی سەقز



پێشەوا قازی محەمەد لە گەشتێکیدا بۆ تەورێز ١٩٤٦





لە ڕاستەوە: ئەبولقاسمی سەدری قازی، پێشەوا قازی محەمەد و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی. لە کتێبی کۆماری ١٩٤٦ ی کوردستان، نوسینی ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە.



ژمارەیەک لە بەرپرسە زیندانی کراوەکانی کۆماری کوردستان، لە بەهاری ساڵی ١٩٤٧دا. دانیشتوان لە باسکی چەپەوە: سەید محەمەد ئەیوبیان، ئیبراهیم نادری، محەمەد ئەمین شەڕەفی، ئەحمەد ئیلاهی. ئەوانەی ڕاوەستاون لە باسکی چەپەوە: کەریم ئەحمەدین، مەناف کەریمی، حوسێن فروهەر، عەزیز کرمانج، سەید خدری نیزامی و سەید محەمەدی ئیسحاقی. وێنە کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ی ویلیام ئیگڵتن وەرگیراوە.

سەرچاوەکان


١- ویلیام ئیگڵتن جۆنز، کوردستان ١٩٤٦، وەرگێرانی سەید محەمەد سەمەدی بۆ سەر زمانی فارسی.
٢- خەلیل فەتاح قازی، سالهای اضطراب، خاطرات، بڵاوکراوەی "مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، چاپی یەکەم ١٣٧٠.
٣- ڕەحمان قازی، ڕۆژگاری ونبوو، بیرەوەرەییەکانی، ڕەشنوس.
٤- خەلیل فەتاحی قازی، کتێبی تاریخچه خانواده قازی.
٥- گۆڤاری مهاباد، ژماره ٧٧.
٦- یوسفی قازی، روزنامەی تاریخ.
٧- ڕەحیمی سەیفی قازی، بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەمەد ١٩٤١ -١٩٤٧.
٨- ڕۆژنامەی کوردستان ژماره ٤٦، شەممو ٢١ بانەمەر ١٣٢٥- ١١ مارسی ١٩٤٦.
٩- دوکتور کەماڵ مەزهەر، کتێبی بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە.
١٠- ڕۆژنامەی کوردستان ارگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٧٠، لاپەڕەکانی ١و ٢و ٤.
١١- هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، لاپەڕەی ١٧.
١٢- سەعید هومایون، بیرەوەری "پیشوای بیداری".
١٣- بەدرەدین ساڵح، سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا.
١٤- ئیبراهیم ئەفخەمی، "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان.
١٥- راه توده، حیزبی تودەی ئێران، ژماره ٥٦٣- ١٩٩٥/٥/٢١- ٢٠١٦/٨/١١.
١٦- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.
١٧- ئارچی ڕۆزڤێلت، شوق آموختن، وەرگێرانی سەبا سەعیدی، انتشارات اطلاعات تهران ١٣٧١.
١٨- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی حامید گەوهەری.
١٩- حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.
٢٠- حامید گەوهەری، کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢٢/١٧.
٢١- حیزبی دیموکراتی کوردستان، یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی.
٢٢- عەقید بەکر عەبدولکەریم حەویزی، گەشتێک بە کۆماری مەهابادا.
٢٣- تۆرەمەنامەی بنەماڵەی قازییەکان.
٢٤- وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی پێشەوا و چەند کەسایەتی تر.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.

٢- راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.

٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.

٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.

٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.

٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.

٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زارەوەی کرمانجی سەروو

٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.

٩- راستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.

١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی رەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.

١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.

١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.

١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.

١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. کراوە بە فارسی.

١٥- رۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.

١٦- رۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.

١٧- کورد لە سوید- لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا.

١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. کراوە بە فارسی.

١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.

٢٠- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.

٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەلاتی رێزلێنان، بەرگی یەکەم.

٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەلاتی رێزلێنان، بەرگی دووەم.

٢٣- ئەحمەد تۆفیق- سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا.

٢٤- کوردی ئێزدی لە مێژوو کوردستان دا.

٢٥- پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک.

٢٦- قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان.

### ئەو بەرهەمانەی نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە ولاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس. چاپی سێیەم
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.

### ئەو بەرهەمانەی نوسەر کە کراون بە فارسی

١- جمهوری کردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧، حەسەن ماوەرانی.
٢- سراب توطئەها بر ضد ملت کرد: حەسەن ماوەرانی.